

زانا مەهاباد

# زیندانی ئاکرێ

ڕێبوار هەمەوەندی

لە تورکییەوە کردوویەتی بە کوردی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# زیندانی ئاکرێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# زیندانی ئاکرێ

- ناوی کتێب : زیندانی ئاکرێ
- نوسەر : زانا مەهاباد
- وەرگێڕ : ڕێبوار هەمەوەندی
- پێداچونەوە : نیاز حامید براهیم
- بابەت : سەرگوزەشتە ( بەرخودان و ئەشکەنجەی پۆلێک لە زیندانییانی یەکەکە لە زیندانی ئاکرێ )
- بەرگ و دیزاین : هۆگر ئامەد
- نرخ: ٧٠٠٠ دینار
- ساڵی چاپ : ٢٠٢٤
- نۆبەتی چاپ: یەکەم
- ژمارەی سپاردنی نێودەوڵەتی: ISBN: 978-1-7381160-0-3
- مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# زیندانی ئاکرێ

**نوسینی: زانا مەهاباد**

**لە تورکییەوە: ڕێبوار هەمەوەندی**

٢٠٢٤

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ناساندن

لە ساڵی ١٩٩٧دا، پەدەکە لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری تورک، هێرشیان کردە سەر پەکەکە و ئەمەیش لەمێژووی بەرخۆدانی ئازادیخوازی کوردستاندا شوێنێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە لەمبارەیەوە زۆر وتراوە و زۆریش نوسراوە، لێ دەبێت لەبارەی حاڵی بوون لە روانگەی پەیوەندی نێوان تێکۆشانی ئازادیخوازی پەکەکە و پەدەکە باش حاڵی ببین، ئەمە تەنها بۆ گەلی کوردستان نییە، بەڵکو بۆ تێکۆشانی گەلانی چەوساوەی رۆژهەڵاتی ناوینیشە و، بۆ گەیشتنیان بە ئامانجەکانیان و لەبارەی تێکۆشانیان لەپێناو دیموکراسیدا زۆر.. زۆر گرنگە.

لە سەرەتای دەسپێکی ئەم رێپێوانەی رێبەر ئاپۆ، لەوکاتەوە هەتا ئێستا، ئەوە نیوسەدەیەک دەبێت کەلەپێناو ئازادیدا دەستپێکردەوە. دژ بەم رێپێوانە مێژووییەیش، دەوڵەتانی تورک، عەرەب، فارس و هێزە کۆلۆنیاییەکان دژایەتی ئەم بزووتنەوەیان کردووە و لە هاوشانی ئەوانیشدا هێزە کوردییە خۆفرۆش و خیانەتکارەکان رێککەوتنیان لەگەڵ ئەو هێزانە کردووە بۆئەوەی ئەم بزووتنەوە ئازادیخوازە تەسفییە بکرێت و لەگەڵ دوژمنانی گەلی کوردا ئەوەی لەدەستیان هاتبێت کردوویانە. ئەم هەوڵانە یەکێکە لەو ئامرازانەی کە تیکۆشان لە پێناو ئازادیدا نەگاتە مەبەست و یەکێکە لە فاکتەرە هەرە سەرەکییەکان بەرامبەر بە ئەنجام وەرنەگرتن و سەرنەکەوتنی شۆڕشگێڕانی ئەم بزووتنەوەیە و ئازادیخوازانی کوردستانیش.

لەماوەی ئەم ٤٠ساڵەدا، لە زۆرقۆناغدا بەهۆی ئەو فاکتەرانەی کە هەموو ئامانج و بەرنامەیان ئەوەبووە هێرشی سەر خەباتی ئازادی گەلی کورد بکەن، هەربۆیە شۆڕشی ئازادی زیانی بەرکەوتووە. لەهەمانکاتدا چەمکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان وەک فەلسەفە و ئایدلۆژی و کولتوری و لەئاستی سیاسیشدا خەباتێکی بێوچانی کردووە و پێشخستووە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم تێکۆشانە، لەهەمبەر پاوانخوازی پێنج هەزار ساڵەی دەوڵەتگەرایی و پیاوسالاری و دەوڵەت نەتەوەیی رەگەزپەرست کە پێشەوایەتیان کردووە قیتبووەتەوە، هەرهەمان زیهنییەت لەهەمانکاتدا دژ بە خەباتی رێبەرایەتی تێکۆشانی ژنان بوونەتەوە و ئەم شەڕە لە نێوان دووچەمکە، کە هێزی رزگاریخوازی دیموکراتی سۆسیالیزم و خەباتی ئازادیخوازی ژنان و نەتەوەیی دیموکراتی پێشەنگایەتی دەکات.

ئەم کتێبەی بەردەستت، کە ناوی (**زیندانی ئاکرێ**)یە، ئەو دوو چەمکە دەخاتە روو لەنێوان ئەوانەی بەناوی کوردایەتی خەباتی یەکسانی و دادپەروەری گوایە دەیکەن، لەگەڵ پێچەوانەکەیدا، لەهەمانکاتدا ئەم کتێبە، کتێبێکی دۆکمێنتاری مێژووییە.

کە ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە ئەوکاتە لە رۆحی بەرخۆدانی زیندانی ئامەد باشتر حاڵی دەبیت، کەلە ١٢ی ئەیلوول بەهۆی کۆدەتای سەربازییەوە، شۆڕشگێڕەکانیان زیندانی کردبوو، بەرخۆدانی مەزلومەکان، کەمالەکان، خەیرییەکان و {چوار مەشخەڵەکەی زیندانی ئامەد}، کەلە ١٤ی تەمموز زیندانییانی پەکەکە دەستیان بە مانگرتنی هەتا مردن کرد، ئێستایش لەسایەی ئەم کتێبەوە کە باس لە زیندانی ئاکرێ دەکات زیاتر و زیاتر لەو قۆناغە حاڵی دەبین. ئەو تەسلیمییەت و خیانەتکارییەی کە دەوڵەتی فاشیزم تورک لە زیندانی ئامەد دەیویست بەسەر زیندانییەکاندا بیسەپێنێت، لەهەمبەریدا سووربوون لەسەر ناسنامە و سەرفرازی و ئیرادەیەکی تۆکمە و زانایبوون و رووحێکی شۆڕشگێڕانە بوونی هەبوو، بە هەموو ئەمانەوە هەروەکو چۆن زیندانییانی پەکەکە لەهەمبەر ئەم فاشیزمییە سەرکەوتنیان بەدەست خست، هەروەکو چۆن لەسایەی ئەو بەرخودانە رووحێکی یەکگرتووی و رێکخستنی و خولقاندنی کوردێکی نوێ بە بەرهەم هێنرا، بەهەمانشێوەیەش لە زیندانی ئاکرێ گرووپێک لە زیندانییانی گەریلای پەکەکە، لەهەمبەر تەسلیمییەت و رادەستکردنی ئیرادەیان لە دژی دەسەلاتی پەدەکە، بەرووحی بەرخۆدانی زیندانی ئامەدەوە کە لە ١٤ی تەمموز مانگرتنیان راگەیاند، هەمان بەرخۆدانیان دووبارە کردەوە.

کتێبی (**زیندانی ئاکرێ**)، بەسەرهاتی ئەو گەریلایانەیە کەلەساڵی ١٩٩٧ پەدەکە بە هاوکاری تورکیا هێرشی سەر پەکەکەیان کرد و چەندین گەریلا بە دیلی گیرابوون، زانا مەهاباد یەکێکە لە دیلەکانی پەکەکە و لە زیندانی ئاکرێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ماوەتەوە و ئەم سەرگوزەشتەیەی نوسیوەتەوە، هەموو ڕووداوەکانی ناو ئەم کتێبە ڕاستەقینەن، ئەم کتێبە دەقاودەق باس لە ڕووداو و ژیانی زیندانییەکانی زیندانی ئاکرێ دەکات.
ئەو کەسانەی لەم کتێبەدا ناویان هاتووە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانن، تەنها و تەنها خودی نوسەری ئەم کتێبە ناوی زانا مەهابادی وەک نازناو بۆخۆی بەکارهێناوە، لەم کتێبەدا نوسەر وەک دیوارێکی زیندانەکە خۆی پێناسە دەکات و دەستدەکات بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان.

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت:

**(مرۆڤ لەلایەن شێرەوە بکوژرێت باشترە لەوەی، نەکەوێتە داوی ڕێوییەوە).**

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM




WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ١

نێرینەی نەوەی ئادەمیزاد، بوونەوەرێکی سەیروسەمەرەیە، بەمەبەستەوە دەڵێم نێرینەی نەوەی ئادەمیزاد، چونکە دەمەوێت کەمێک ژنان لەم مەسەلەیە بەدوور بگرم. ئەوەی دەمەوێت رووبەڕووی ببمەوە نێرینەی نەوەی ئادەمیزادە. ژنان هاودەردمن و هەڤاڵمن و پارێزەری نهێنییەکانمن، دەتوانم بڵێم قوربانی دەستی دیوارە سەرەکییەکانیشن. هیچ دیوارێک و دیواری سنورەکان و ئەو دیوارانەیشی بۆ رێگری دروستکراون، هیچیان نەیانتوانیوە رێگری لە سێبەری ژنان بکەن و نەیشیانتوانیوە قەتیسیان بکەن. دیوار بناغەکانی خۆیان بە سێبەری ژنانەوە گرێداوە دەیانەوێت وەک ژن تۆکمەبن. نێرینەی نەوەی ئادەمیزادیش دەیانەوێت هەمانشت بکەن، ئەگەر سەرکەوتویش بووبن، بەڵام لە ئاستی گرنگی دیواردا لە ئاکامدا خۆیان نامۆ دەکەن، هەرلە ناکاو و بەبێ هیچ شتێک خۆیان لە گێلیدەدەن. بێشک راستە هەموو بونەوەرێک کەمێک تێکەڵوپێکەڵە، بەڵام نێرینەی نەوەی ئادەمیزاد، ئەو بوونەوەرە نییە بە چەقەنەیەک کێشەکان چارەسەر بکات، دەتوانم بڵێم ئەوەندەی لاولاوێکی سەرشێت گیرۆدەی ماخولانی دەبێتەوە.

لاولاو بە گشتی کە چاویان بەهەر تیشکێک دەکەوێت، پێیوایە هیچ بونەوەرێک و هیچ کەسێک ناتوانێت دەست بە روویەوە بنێت، لەم حاڵەتەدا خۆی بە گەورەترین و باڵا دەست ترینی درەختەکان دەزانێت، لەیادی دەچێت کە تەنها لاولاوێکە و هیچی تر. ئەوەیشی لەیاد دەچێت ئەگەر دەستێک چڵی بگرێت، وشک و پاندەبێتەوە. هەمیشە پێویستی بە خاوەندارێتییە و ئەگەر هانا بۆ سوچێک و پەنایەک نەبات بۆ خۆهەڵواسین، دەکەوێت و، کەسیش ئاوڕی لێناداتەوە. ئایا ئەمە سەیروسەمەرە نییە؟، ئەوکاتەی باڵا دەکات، خۆی بە شتێکی سەرسوڕێنەر دەزانێت و کە بە دیوارێکیشدا هەڵدەزنێت ئەگەر لە خوارەوە چڵێکی بگرن سەرسم دەدات و دەکەوێتە خوارەوە، ئەمەیش مەسەلەیەکی سەرنج راکێشە، هیچ شتێک وەکو ئەوەنییە کە بیرلێدەکرێتەوە، هیچ کەسێک ئەوەنییە کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بیرلێدەکرێتەوە، منیش ئەو دیوارە نیم کە بیری لێدەکرێتەوە. زۆر .. زۆر بەهەڵەدا دەچین و لەهەمانکاتدا بە ئاقاری هەڵەمانیشدا دەبەن. وەک نمونەی لاولاو و شێوازی هەڵخەڵەتاندن و هەڵخەڵەتێنەری لێدێت، لەلایەکی تریشەوە سەرەڕای ئەوەی بێ هەوا و بێ تیشکیش بووم، ماندوو نەبووم لە دەستبەردار بوون، هەرچۆنێک بێت ئەم چەشنانە، ئاو و هەوا بەرگەیان ناگرێت، هەردەبێت وزەی ئەوە هەڵلوشن، کە پشتی پێوەناون، بڵێم چی ئەمەیش گەمژەییە.

من وەک دیوارێک هیچ کاتێک دەستلەملانی لاولاو نەبووم، لەم بارەیەیشەوە غەمگین نیم، بەڵام زۆر پەشیمانیشم، زۆریشم پەشیمان کردەوە، شایەتحاڵی گەلەک هەڵخەڵەتاندن و هەڵخەڵەتێنراو بووم، ئەمەیش مەسەلەیەک نییە شوکری بۆبکەم.

من میوانم، قسەیەک هەیە دەڵێت (ئەزموون، ئاکامی کۆی هەموو هەڵخەڵەتاوییەکانە)، پێموایە ئەم قسەیە واتایەک نییە بە ئاسانی دەستبەرداری ببین.

ئێمەی دیوار، دیلی مرۆڤین، ئەو بوونەوەرەیەن کەبە دەستی مرۆڤەوە خولقاوین، مرۆڤ ئەندازیاری بۆدەکات و شکلی دەداتێ، دیوارێک نییە هەرلەخۆیەوە بوبێت بە دیوار، هەر مرۆڤیشە بەرد لەسەر بەرد دادەنێت و دەینەخشێنێت، لەملاو ئەولا دەشبیستم دەڵێن (ئەوەی بەرد بە سەر بەردەوە ناهێڵێت هەر مرۆڤەکانن)، ئەگەڕێینەوە بۆسەر ئەو دێڕەی تازە نوسرایەوە و کەهێشتا مەرەکەبەکەی ووشک نەبووەتەوە، (شتێک نییە لە نێرینەی ئەوەی ئادەمیزاد زیاتر سەیروسەمەرە تر بێت)، بیر لە ئەندازیاری ئەم مەسەلەیە بکەنەوە، لەلایەکەوە حیساب و کیتاب واتە دیزاینکردن، لەلایەکی تریشەوە تێکدان و روخان و ئەوەی دەهێنێتە بەرهەم خودی ئەقڵی مرۆڤە. دیواری وەک ئێمە، کە زیندانیمان لەناو خۆماندا قەتیس کردووە، بۆئەوەی هیچ نەهێننە زمان، هەربۆیە حیساب و کیتابێکی لەو شێوەیان کردووە.

ئەمە چی بێخەمییەکە، سەرزەنشت دەکەن و دەڵێن (خۆزگە دیوار زمانیان هەبوایە باسیان لە چیرۆکەکان بکردایە)، ئێ باشە، ئەگەر دیوارەکان زمانیان هەبوایە باسی چییان دەکرد؟، بێشک چەلەحانێیان نەدەکرد و باسیان لەوەیش نەدەکرد ئایا حەسەن کەچەڵ بوو، یان کەچەڵ حەسەن بوو، هەروەها باسیان لە مۆدە، دووگۆلی و گەشت و ژنانی سفوریش نەدەکرد، تەنانەت چیرۆکێکیشیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەبوو کە خۆیان هەڵیانبەستابێت. ئەوەی لەم بارەیەوە دەست ڕەنگینە بێشک هەرئێوەی مرۆڤن. چاوەڕێی ئەوە لە دیوار مەکەن هەموو ڕۆژێک چیرۆکی کۆمێدیتان بۆ باس بکات، چاوەڕێی ئەوەیش مەکەن کە وەک لێبوکەکان بێنە سەرشانۆ و بتانداتە پێکەنین. هەرچۆنێک بێت نێرینەی ئەوەی ئادەمیزاد هەموو ڕۆژێک ئەمە دەکات، ئەوان بە هەموو شتێک پێدەکەنن، دەیانەوێت ئێمە بدوێین، بەڵام مەرامیان جیاوازە. مرۆڤ لە ئێمە چاوەڕێی ئەوەدەکەن ئەوە بهێنینە زمان کەخۆیان پێیان ناکرێت و دەیانەوێت لە شتێک بڕوانن کەیفخۆشیان بکات و، کە بێ نرخن، تەنانەت شتێکیان لە ئێمە دەوێت کە پولێکی قەڵبیش ناکات. مرۆڤ هەتا دەتوانێت ئەوەی کردوویەتی کردی و ماڵوێرانی کردووە و هەموو شتێکی نەخوازیاری کردووە، بەڵام نایانەوێت بیهێننە زمان. ئەم کارانەیشیان جۆرە کارێکن کە خوێنی بونەوەری پێووشک دەبێت، چونکە نێرینەی ئەوەی ئادەمیزاد دەستڕەنگینن لەو کارانەی کە خوێنی بونەوەریان پێووشک دەبێت. ئەو بەسەرهاتانەی خوێنیان پێووشک دەبێت ئازار بەخشن. ئەوکاتەی دەیانەوێت باسیان بکات زمانیان گۆناکات، هەربۆیە پەنا بۆ ئەم تێکستە دەبەن (خۆزگە دیوار زمانی دەبوو باسی چیرۆکەکانیان دەکرد).

ئەی نێرینەی ئەوەی ئادەمیزاد، فەرموو ئێوە باسی کردەوەکانی خۆتان بکەن، باسی ئەو کەسانە بکەن کە کردووتانە بە مەزنی خۆتان، من شاهیدحاڵم و دەزانم. ئێوە شێتی مەزنکردنەوەن، ئەگەر کەسێک کەمێک بە شانوباڵتاندا هەڵبدات، دەست و گوێی خۆتانتان پێشکەش دەکەن، ئێوە کارێکتان کردووە، ئەو دەیکات بە دە، بەدرۆ پێتاندا هەڵدەدات و ئێوەیش بەو پیاهەڵدانەدا هەڵدەخەڵەتێن. ئەوەی ڕاستی بڵێت (شاربەدەری دەکەن)، بەردەوام بەدوای یەکێکدا دەگەڕێن کە هەمیشە دەستان بگرێت و فشتان بکاتەوە، هەربۆیە هەمیشە لەناوتاندا لە هەموو قۆناغێک کەستان هەبووە چوارناڵەی کردووە و ملکەچی فەرمان بووە و کاری سۆیتەرێتی کردووە {سۆیتەرێتی ئەو کەسە دەیکات کە هیچی لەدەست نایەت و خۆی بە شت دەزانێت و لەناو کۆمەڵگادا بە کەسێکی نەخوازیار ناسراوە}. ئایا دەوڵەمەندترینتان ئەوکەسانە نین کە بەردەوام درۆدەکات و ڕیاکاری دەکات؟، ئەوان بێنن چیرۆکەکانتان بۆباسبکات کە دەتانەوێت لە دیوارەوە گوێتان لێبێت. زۆر باش دڵنیام کە باس لە چیرۆکەکان بکەن دەبن بە باشترین لێبوک و شانۆکار. وشەکانی سەر زمانیان وەک موسی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ژیلێت دەبریسکێنەوە و لە دەمیاندا بە کۆمەڵ وشەی باقوبریقیان لێدێتە دەرەوە، لە ئاکامدا خۆیان فریودەدەن و ئەوەندە خۆیان بە شەرمەزار نیشاندەدەن هەتا ئێوەیش بدەنە گریان.

ئەو دیوارەی ئێوە باسیدەکەن، ئەی ئەو دیوارە نییە لە بنیدا جرج تێیدا دەنوێت و لە کوونەکانیشیدا مشک و مار جریدبازییانە و جاڵجاڵۆکە بەقەدییەوە ماڵ دروستدەکات و دەبێت بە وێرانە. ئایا دەبێت چاوەڕوانی چی لەو دیوار بکرێت کە هەناوی پڕە لە جرج و مار و مشک و جاڵجالۆکە و شێداری؟، لە ئاکامدا سەرگوزەشتەیەکی ووشک و سارد و پەیکەر ئاسا بە خوێنساردییەوە دەگێڕێتەوە. ئێوە دەتانەوێت دیوار نە بگریت و نەپاڕێتەوە و زەلیل نەبێت و کەلاوەی خۆی نەڕازێنێتەوە و نەڵێت بەمن چی و شانۆ نەکات، ئەمە ئەو کردارەیە کەتۆی نێرینەی نەوەی ئادەمیزاد کەلەمنت دەوێت. ئێوە لەناو خۆتاندا چاوی یەکتر دەربهێنن و لە ناو چواردیواری ئەستوری دەستکردی خۆتان بەرببنە گیان یەکتری و دوایش بڵێن (خۆزگە دیوار زمانی هەبوایە و ئەم چیرۆکانەی باسبکردایە)، ئایا ئەمە رەوایە؟!، بەوشێوەیە نابێت، دەبێت گوێ لە گۆرانییەکەی ئەحمەد قایە بگرن کە دەڵێت (دایکە دیوارەکان قسە ناکەن).

دیوار ئەگەر بیەوێت، دەتوانێت قسە بکات، ئایا بۆ ئەم مەبەستەیش پێویستییەکی بە دووچاو و دوو گوێ نییە؟، ئەگەر بیەوێت قسەبکات دەبێت ئەو چیرۆکانە بهێنێتە زمان کە بینیوێتی و بیستویەتی. مادام چاوەڕێ لە ئێمە دەکرێت قسە بکەین، بۆئەم مەبەستە پێویستیمان بە زمان نییە، کەواتە قەناعەتیشتان بەوە کردووە کە گوێ و چاویش تەواوکەرن، مادام وایلێهات بۆچی نهێنییەکانی خۆتان رادەستی بونەوەرێکی رەق هەلاتووی وەک ئێمە دەکەن؟، ئێوە نهێنییەکانی خۆتان لەناو چواردیواردا دەهێنن و دەبەن، لەوەدەچێت باوەڕتان بەوە هێنابێت کە هەتا ئێستا مادام دیوارێک سنگی خۆی دەرنەپەڕاندووە، هەربۆیە نهێنییەکانی خۆتان لەو چوار دیوارەدا قەتیس کردووە.

ئێوە دەڵێن لە دیوار چەندین پەرستگای شاهانە و مەزارگا و کۆشک و خان و حەمامتان لێدروستکرا و چەندین کارەساتی خۆێناوی لەبەرچاوتان روویاندا، کەچی دیوارێکتان تیاهەڵنەکەوت قسەبکات. بۆ نمونە ئەگەر ئەهرامێک قسەی بکردایە، تەنها باسی لەو گابەردانەی ژێری خۆی بکردایە، ئایا ئەوکاتە کۆشک و خان و حەمامەکان دەمان؟، ئەگەر هەتوانێک هەبوایە بۆ تیمارکردنی ئەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

برینانەی خوێنیان لێدەچۆڕا، ئایا شمشێرێك دەما دەست ببڕێتەوە؟، ئەگەر کلیسەیەک تەنها چیرۆکی ئەو گوناحانەی بگێڕایەتەوە کە گوێی لێبوونە، قەشەیەک دەما لە کلیسە زەنگ لێبدات؟، یان لە مزگەوت ئەو سەرانەی لە سوجدەدان یان ئەو جەستانەی ریزیان بەستووە ئەگەر تەڵەکەبازی ناو مێشکی چەند کەسێکیان ئاشکرا بکرایە، مەلا ناچاردەبوو هەمووجارێک باس لە خێروحەسەنات بکات؟.

لە ڤێرسای فەرەنساوە هەتا کرەملینی مۆسکۆ و لە تۆپقاپییەوە هەتا کۆشکی سپی، ئەوەندە دیوار هەن کە پێویستە قسە بکەن، بەڵام قسەیان نەکرد و لەو باوەڕەیشدانیم هەرگیز قسە بکەن. ئەگەر قسەیان بکردایە ئایا مایکل ئەنجیلۆ باسی داودی نەدەکرد؟، هەرچۆنێک بێت ئەم پەیکەرەی بێ کەموکوڕ بوو. لەبارەی ئەم پەیکەرەوە دەڵێن کە مرۆڤ داینەتاشیوە، وەک دەڵێن ئەی مایکل ئەنجیلۆ لێی نەپاڕاوەتەوە قسە بکات؟، مادام ئەو قسەی نەکردووە کەواتە ئەوەی دادەتاشرێت نابێت قسە بکا. دەڵێن گوایە ئێمە بەردەوام کەللەرەقین و کەیفمان لەشوێن خۆیدایە، دەڵێن هەرچۆنێک بێت دیوار شاهیدحاڵێکی بێ زمان و کوێر و کەڕە. بەردەوامیش گلەیی دەکەن و دەڵێن (خۆزگە دیوار زمانی هەبوایە چیرۆکەکانی بهێنایەتە زمان)، بەردەوامیش لەمبارەیەوە بە ئەندێشەن. بەردەوام دەردی ئەوەتان هەیە ئەی ئەگەر ئەم بێ زمانە و کوێرە، خیانەتی کرد و کەوتە قسە؟!، ئێوە هەتا ئێستا باوەڕتان بەکێ کردووە هەتا باوەڕ بە من بکەن؟!. هەربۆیە هەندێکجار بە قازمە و خاکەناز و بە شۆفڵ دەکەونە گیان ئەم دیوارانە کە دونیا دیدەن. ئێستا مۆدەی ئەوەیشتان داهێناوە دیوارەکان بتەقێننەوە، دەتانەوێت شاهیدحاڵەکان لەناوبەرن، لەوەدەچێت ئاسودە نەبن و ناخی خۆتان بخۆنەوە.

تیایاندا هەڵدەکەوێت کە دەڵێت: (ئەرێ ئەمە کێیە لەوبانەوە لەگەڵماندا قسە دەکات؟)، دەڵێن (دیوارێک کە ئێمە دروستمانکردبێت و ئەندازیاریمان بۆکردبێت و بانیشمان گرتبێت ئێستا لێپرسینەوەمان لەگەڵدەکات؟)، ئەی بۆ نەیکات!. ئەی ئێوە ناڵێن ئاسەوارەکان ئاسەواری چەندین سەدەن و وێرانەن؟، کەواتە درۆ دەکەن، ئەگەروانییە بۆ نەبن بە لێکۆڵەوەر؟. ئەگەر لە بەرژەوەندیتان بێت دەڵێن (ئەو دیوارانەی کە شایەتحاڵی رووداوەکانی هەزار ساڵەن)، هەوڵی شیکار و دۆزینەوەی واتاکانی وێنەکانی دیوارەکانی ئەشکەوتەکان دەدەن. هەتا ئێستا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دیوارێک قسەی نەکردووە، ئایا ئێستا دیوارێک ڤیت ببێتەوە قسە بکات زۆر سەیر نییە؟. سەرسوڕمانی لەوەدانییە دیوارێک قسە بکات، سەرسوڕمانی لەوەدایە کە نێرینەی نەوەی ئادەمیزاد نایەوێت کەسێک قسە لە قسەی بکات و رووبەڕووی دەستکردەی خۆی ببێتەوە. من ئەو دەمپیسانە دەناسم، کە پشت لە راستییەکان دەکەن و تەنانەت خۆلەگێلدان، بە مەعریفە دەزانن. قسەیەک هەیە دەڵێت بە راستییەکان دەڵێن عینادچی، قسەیەکی نەستەقی کوردی هەیە دەڵێت (گیا هەتاهەتایە لەژێر بەرد نامێنێتەوە)، رێیەک دەدۆزێتەوە و سەری خۆی دەردەهێنێت و سەوز دەبێتەوە، تیاشیاندا هەیە دیوارێکی وەکو من دەکات بە مەنزڵی خۆی.

من دیواری زیندانییەکم، ئەشکەنجەم دی و گەمەکردن بە شەرەف چاوپێکەوت و سەپاندنی تەسلیمییەتم دی و خیانەتم بەرچاو کەوت و مردنیشم بەچاو خۆم بینیەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بوومە بە شاهیدحاڵی بەرخودانیش کەلەهەمووی گرنگتر بووە. هەڵبەت کەمپی {ئاوشویتز}ی نازییەکان نیم، من وەک دیوارێک زۆر لەوە دوورم کە ببم بە پارچەیەک لە کەمپەکەی نازییەکان، لەو کەمپەدا مردنیان بەسەر هەموو دیلێکدا سەپاندبوو، لەوێدا یاریکردن بە مردنەوە دەکرا و لەوێدا مردن سەرچاوەی سەرخۆشی و کەیفوسەفای نازییەکان بوو. لەهەمان کاتدا بیردەکەمەوە نایشبم بە زیندانەکەی {سایگۆن} لە ڤێتنام. نەدەیشبم بەو دیوارانەی کە شانازییان بە {رۆبی ساندس}ەوە دەکرد لە زیندانی ئینگلیزەکان، نە وەکو دیوارە بەدبەختەکانی نازییەکانیش دەبم کە زیندانییانی سوپای سوورە شۆڕشگێرەکانیان لەناویدا زیندانی دەکرد.

بەتایبەتی هەرگیزا و هەرگیز نابمە دیوارێکی زیندانی ئامەد، ماوەیەکی دوورودرێژە باسیان لە سێ دەنکە شقارتەکەی مەزلوم دۆغانیان کردووە، باسیان لە {چوار مەشخەڵەکەی زیندانی ئامەد} کردووە، باسیان لە بەرخۆدانی مانگرتنی ١٤ی تەموزیان کردووە. ئای دونیا ئەمە چی ئیرادە و سەبرێکە کە ئەو زیندانییانە هەیانبووە، من دڵنیام دیوارەکانی ئەو زیندانە ناتوانن سەرگوزەشتەی ئەشکەنجەکانی ئەوێ بگێڕنەوە، ئەی باسی ئەو کێبڵانەی دەکرانە ناو گوواوە و بە زیندانییەکانیان دەڵێسایەوە؟، ئەی ئەو جگەرانەی بە گڕی تووکەبەر دادەگیرسان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دیوارێک چۆن دەتوانێت ئەو ئەشکەنجانە بگێڕێتەوە کە مێشک قەبوڵی ناکات؟!، چەند بەسەرهاتێکم لە زیندانییەک بیست. چیرۆکێکی نوسەری تورک عەزیز نەسین باسی لەو بەسەرهاتانەی دەکرد کەلە دیوارەکانی زیندانی نامەد نوسرابوونەوە. دوای ئەوەی گوێم بۆ چیرۆکەکەی عەزیز نەسین گرت، دوایش وتی:: (هزر و خەیاڵ و مێشکی کورد گەشەیکردووە)، بەڵام ئەو نەیدەزانی کە ئەشکەنجەچییەکان هۆکاربوون کە کورد هزر و خەیاڵ و مێشکیان گەشەبکات، ئەشکەنجەچییەکان ئەم ئەشکەنجەدانەیان بە گەمە دەزانی و کەیفیان وەردەگرت. هەربۆیە زیندانی نامەد شاهیدحاڵی سەخترین و زاڵمترین جۆری ئەشکەنجەیە و شاهیدحاڵی قێزەوەنترین جۆری خیانەتە و لەهەمانکاتیشدا شاهیدحاڵی بە شکۆترین جۆری بەرخودانە.

من دیواری زیندانی ناکرێم، دەمەوێت باسی ئەو شتانە بکەم کە بیستوومن و بینیومن و شاهیدحاڵیان بووم، شاهیدحاڵی زوڵم و خیانەت و بەرخۆدان بووم. لە بەرخودانڤانێکم بیست کە دەیوت (پێویستە رۆژێک بەسەرهاتەکانی ئێرە بگێڕدرێنەوە)، نمونەی بەرخۆدانی خەیری دورمووشی دەهێنایە زمان، ئەویش وەسێتی کردبوو (دەنگمان بگەهێننە دەرەوە، هاواری ئەم مرۆڤانە لەیادمەکەن)، دیارە ئەو درکی بەوە کردبوو کە نێرینەی ئەوەی ئادەمیزاد لەهەمبەر ئەو هەموو نەهامەتییانەدا خۆی لە گێلی دەدات و بێ خەمە.

رۆژێکیان کەسێکیان هێنا بۆ ناو دیوارەکانی زیندانەکە کە ناوی رەمەزان چیچۆ بوو، ناسیمەوە، هاوسێم بوو، من و دیوارەکانی ماڵیان شانبەشانی یەک بووین، ئەوکاتەی چووە سەربان، چاوی بە زیندانییەکان کەوت کەلە ساحەی زیندانەکە پیاسەدەکەن، ئەوکاتەی لەسەربان لەگەڵ دوو ژنەکەی و منداڵەکانی دەنوستن دەمبینی، گوێم لە گریان و سەرکێشییەکانی منداڵەکانی دەبوو، ئەو هیچ کاتێک مەراقی ئەوە نەبوو لەناو ناخی مندا چی دەگوزەرێت. رۆژێک لە رۆژان بەبیانوی ئەوەی سیخوڕی رژێمی سەدامە، کەهێنایان بۆ زیندانەکە، چەندین مانگ سەری خۆی لە دیوارەکاندەدا و دەیوت (من کەسێکی زۆر گێل و بێ خەم بوومە)، کەسێک نەبوو لە زیندانییەکان پێیبڵێن حاشا. دوای ماوەیەک ئازادییان کرد، بەهەمانشێوە بەردەوام بووەوە لە بێخەمی خۆی. قسەیەک هەیە دەڵێت (هێشتا کەرێتیت ماوەتەوە)، ئەمە قسەیەکی گونجاو بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێستا حەق بەوانە دەدەم کە دەڵێن (پێویستە بەسەرهاتەکانی ئێرە لەیاد نەکرێن، ئەم مەیدانە کە خیانەت و بەرخۆدان تێیدا رووبەڕووی یەکتر بوونەوە دەبێت باس لە سەرگوزەشتەکەیان بکرێت)، ئومێدێکی زۆرم هەبوو کە کەسێک قیت ببێتەوە بەسەرهاتەکان بگێڕێتەوە، وەکو دوێنێ لەیادمە کە دوو زیندانی بەناوی دەنیز و چەکدار باسیان لەوەدەکرد بەسەرهاتەکانی ئێرە بەزمانی رۆمان بگێڕنەوە.

بەرەو کۆتایی ساڵی ١٩٩٩بوو، لە سێیەمین ساڵیاندا زیندانییەکان لەنێوان رەوشی نادیاری و دوودڵیدا دەهاتن و دەچوون. ئێوارەیەک نازانم چەندینجاریبوو جارێکی تر باسی لە یادەوەرییەکانی کرد. هەڵبەت کە دەڵێم یادەوەری شتێکی کەم نییە. ئەگەر یادەوەرییەکان نەهێنرێنە زمان و لە هزردا سەرکوت بکرێن، بەرخۆدان ئاسان نییە. زۆر کەسم بینی بەهۆی یادەوەرییەکانییەوەی لەسەرپێ مابووەوە. ئەوانەی خۆیان بە یادەوەرییەکانەوە گرێدابوو، دیارنەبوو کام یادگارییانبوو کاریگەری لە چەکدار کردبوو، هەربۆیە بە دەنیزی وت (هەڤاڵ دەنیز، پێویستە بەسەرهاتەکانی ئێرە بکرێت بە کتێب، کە ئازادبووین هەموو سەرگوزەشتەکانمان دەنوسینەوە، خۆت دەزانیت نازانین سبەی چیدەبێت، دەمەوێت لەگەڵ تۆدا پەیمانێک ببەستم، کاممان دوای بەرخۆدان لەپێش ئەوەیترمان ئازاد بوو ئەو یادەوەرییەکان بنوسێتەوە).

دەنیز ئامادەبوو بۆ هەموو شتێک بڵێت بەڵێ، بەڵام کە مەسەلە دەهاتە سەرنوسین، بەتایبەتی نوسینەوەی رۆمان موچڕکە بەلەشیدا دەهات. چەکدار تازە ببوو بە ٢٠ساڵ و دوو ساڵە زیندانییە، کاتێک دەنیز ئەم میهرەبانییە و جۆشوخرۆشییەی چەکداری بینی حەزی نەکرد دەست بنێت بەڕوویەوە و بڵێت نەخێر. نوسینەوەی بەسەرهاتەکانی ئێرە شتێکی خراپ نەبوو. رووی راستەقینە و قێزەوەنی جاشایەتی و تەسلیمییەت و خیانەت لەم زیندانەی ئاکرێیەدا بوو. بەرخۆدانیشیان بەردەوام بوو، بڕیاری موتڵەقی خۆیاندابوو هەتا سەر دەستبەرداری بەرخۆدان نەبن. لەمبارەیەوە بەهیچ شێوەیەک دوودڵ نەبوون. ئەی ئەگەر ئەرکی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان بکەوتایەتە ئەستۆی دەنیز؟، ئەم توانایەی لەخۆیدا نەدەبینی. لەبارەی بەڵێندانی دوودڵ بوو. دوایش بیریکردەوە بەڵێندان لەبارەی بەسەرهاتێکی راستەقینەوە شتێکی گران نییە. دەنیز لە ئەختیارێکی کوردەوە پەندێکی پێشینانی گوێلێ ببوو کە دەیوت (قسەوباسی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێواران، دەمێننەوە لە کوونی داران)، دیاربوو قەناعەتی بەو پەندە هێنابوو کە راستە، هەربۆیە بە چەکداری وت (باشە)، ئەم قسەیەی دەنیز منیش وەک دیوارێک گوێم لێبوو. هەردووکیان لەبارەی ناوی کتێبەکەوە گەنگەشەیان کرد، درۆی چیتان بۆبکەم، ئەم مەسەلەیەی دەنیز و چەکدار وەکو ئەوەوابوو کە کابرا کوڕی نەبوو کڵاوی بۆدەدووری، کە ئەمەیش دڵی منی خۆشکردبوو. بەباشە و بە خراپە، ئەمجۆرە قسە خۆشانە وەک مۆڕاڵبەخشینی بە بەرخودانەکەیان دەهاتە بەرچاوم. هەر خەیاڵێک زیندانییان لە هزری خۆیان دروستیان بکردایە کارێکی باش بوو. ئەگەر هەڵە نەبم لەبارەی کتێبەکەوە ناوی (ئەو چیرۆکەی لە لۆلانەوە دەستی پێکرد)، یان لەسەر ناوی (ئاکرێ)، رێککەوتن.

بەگوێرەی بیروبۆچی دەنیز، هەردووکیان تادوا هەناسە بەرخۆدانیان دەکرد، بەڵام مانای بەرخۆدان بەمانای مردن لە چاوگرتنیش دەهات. لەوانەبوو لەم دۆزەخەدا رزگاریان نەبوایە. ئەم بەڵێن و رێککەوتنەیان وەکو وەسێتێکی لێدەهات بۆئەو کەسەی لە ژیان دەمایەوە. هەردووکیان غەمگین ببوون، ئەوەی وەسێتەکەی بەجێدەگەیاند، لە کەناری ناوی لۆلانەوە دەستی دەکرد بە نوسینەوەی رۆمانەکە، چونکو هەردووکیان لەکەناری ناوی لۆلان دیلگیرابوون، هەرلەوێش یەکترییان ناسیبوو. چیتان لێبشارمەوە ئەو رۆژە من خۆیشم ناوی کتێبەکەم بەدڵ نەبوو چونکو سەرنج راکێشەر نەبوو. لەوانەبوو من نەموسیتبێت ئەم چیرۆکە بەهەردووکیانەوە گرێبدەم، لەوانەیش بوو حەسادەتم بە ئازادبوونەکەیان کردبێت. چەندین نوسەری چیاکان و زۆزانەکان و چەمەکان هەبوون، تەنانەت لەبارەی قوڵایی گەردوونیشەوە چەندین ئەدەبیاتیان نوسیوەتەوە. ئەوانەی زاڵ دەبوون بەسەر سەختی زینداندا و ئازاد دەبوون بە پەنجەی دەست دەژمێردران. تاکو ئێستا دەنیز و چەکدار هیچیان نەنوسی بوو، لەبەرئەوەی هێشتا هەردووکیان لە ژیاندابوون، قسەی ئەم ئێوارەی نێوانیان بەڕاستی تەنها لە کوونی دیوارەکەم دەمایەوە کە ماڵی مشک بوو. درکم کرد ئەمکارە تەنها بەمن دەکرێت.

شارەکەم ئاکرێ، وەکو ئەوەی ئەم زیندانە لە دڵی دروستکرابێت وابوو، دەستەوئەژنۆ بە قەدەری خۆی رازیببوو. ئاکرێ کەسانێکی لەدڵی خۆی جێگیرکردبوو کە وەک کەسایەتییە گرنگ و دێرین و مێژووییەکان وابوون. خۆزگە ئەم دوو زیندانییە شتێکیان لەبارەی ئاکرێوە بنوسیایە. ئایا چەند کەس لەیادێتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کە ڕۆژانێک ئاکرێ مەڵبەندێکی گرنگی میرانی بادینان بووە؟، لەناو ئەو دیوارانەی پاشماوەی ئەو سەردەمەن تێیاندا هەیە نایانەوێت ئەو ڕۆژگارە لەیاد بکەن. ڕۆژانێک ئاکرێ ببوو بە سەرچاوەی ئیلهامی دونیای مەڵبەندی سلێمانی و میری سۆران. موقەدەم عەزیز ئاکرێی و کەمال ئاکرێی و میدار ئاکرێی و هونەر سەلیم نمونەی کەسانی ئەدەبیات و سیاسەتمەدار و هونەرمەندی ئەم شارەن. حەزم دەکرد بەوانەوە شانازیم پێبکرایە. کەسانی ناو عەشیرەتەکانی زێباری و هەرکی و سورچی کەچۆن لەبارەی سیاسەت و ئابوری و کولتورییەوە خزمەتیان بەم شارە کردووە و توانیویانە لەگەڵ کەمایەتی سوریانییەکان شانبەشانی یەک بژین، خۆزگە دەکران بە ڕۆمان. هەرهیچ نەبێت ئاوڕێک لە مێژووەکەی بدرایەتەوە. نەخێر بە ڕۆمانکردنی هەموو ئەمانە کاری چەند زیندانییەک نییە کەلەم زیندانەی ئاکرێ دەمێننەوە.

ئێرە شوێنی خۆیەتی کە دەمەوێت بڵێم یەکێک لە سەیرو سەمەرەی نێرینەی نەوەی ئادەمیزاد ناوەکانیانە. بەناوی باوکیانەوە سنگی خۆیان دەردەپەڕێنن، ناوی باوکی لەکوێ هاتبێت، ئیتر ئەو شوێنە بە موڵکی خۆی دەزانێت، زۆر بەختەوەرم لەبارەی ناوی ئاکرێ کەس نەیتوانیوە وەکو ناوی باوکی خۆی دەستبگرێت بەسەریدا. مەسەلەی میراتی باوک هێشتا لە ئارادایە، ئەگەر نمونە وەربگیردرایە بێشک پێویستی بە تاقیکردنەوە {دی ئێن ئەی} دەکرد، ئەگەر ئەمە ئەنجام بدرایە دەبوایە چەندین ساڵ هاتووچۆی دادگات بکردایە. دڵنیام هەر ئەنجامێکی پێچەوانە لەو تاقیگەیە دەربچوایە قەبوڵ نەدەکرا. هەرچۆنێک بێت مێژوو بەڵگەی ڕاست و دروستی هەیە. بەگوێرەی هەندێک لە مێژووزانان دەڵێن گوایە ناوی ئاکرێ بەناوی یەکێک لە باوکەکانی ئاشورییەکانەوە ناونراوە، ئاکرێ بە زمانی ئاشوری واتا نەزۆکی، دوایش ئەم ناوە بووە بە {ئاقرێ}، ڕووتەڵەیی چیای ئاکرێ بووە بە سەرچاوەی ناوەکەی، ڕاستە چیای ئاکرێ ڕووتەڵەیە و بەدار دانەپۆشراوە، بەڵام بڵند و سەختە.

بەگوێرەی هەندێک کەس ناوی ئاکرێ لە (ئاگر)ەوە هاتووە، من بەمە دەڵێم لۆژیکی کورد. ئەم لۆژیکە بە باوەڕی زەردەشتی و جەژنی نەورۆزەوە گرێدەدەن. دەوترێت یەکەم ئاگری پیرۆزی زەردەشتی یەکەمجار لەسەر چیای ئاکرێ داگیرساوە. لەبارەی نەورۆزیشەوە زۆرجار گوێم لەم ناوەبووە، لەبارەی نەخۆشییە کوشندەکەی زوحاکی زاڵمەوە، پێشنیاری ئەوەدەکرێت بۆ دەرمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مێشکی گەنجان بەکاربهێنرێت، زوحاکی زاڵمیش هەموو رۆژێک دوو گەنج دەکوژێت و مێشکیان وەک دەرمان بەکاردەهێنێت، کاوەی ئاسنگەریش کۆمەڵێک گەنج ئازاد دەکات و مێشکی ئاژەڵ دەبات بۆ زوحاک، ئەو گەنجانەی کاوەی ئاسنگەر ئازادییان دەکات، دەیانبات بۆ چیای ئاکرێ و بە رێکخستنیان دەکات، ئەگەر کاوەی ئاسنگەر بتوانێت زوحاک بکوژێت ئەچێتە سەر کۆشکی زوحاک و ئاگر دەکاتەوە و گەنجانی سەر چیای ئاکرێش دوای ئەوەی ئاگرەکە دەبینن دەچن بە هانایەوە، هەربۆیە دەڵێن چیای ئاکرێ جێی یەکەمین بە رێکخستن و کردنەوەی ئاگری شۆڕشە.

ئینجا وەرە ئەم مەسەلەیە نەبێتە مایەی شانازیت، رێک لە پشتەوە زیندانی هەبێت و بە ئەندێشەوە دەبێت بیر لەم مەسەلەیە بکەیتەوە. ئەم هاوشارییانەم گوێ بەمە نادەن. وەکو ووتنە کۆنەکان رەفتار دەکەن. ئەگەر لەمن بپرسیت دەڵێم ئاگری هەرە بلێسەداری نەورۆز لەسەر ئەم چیایە هەڵدەکرێت. ئاگر کردنەوەی خەڵکی تاموچێژی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو ئاگرەی دەیکەنەوە تەنانەت گڕو تینەکەی لە نەینەوایش دەبینرێت. نەبینینەکەی ئەوەندە زەحمەت نییە. لە شەوی نەورۆز لە ئاکرێ بڕوانن، دیمەنی چیایەکی بورکانی لەخۆ دەگرێت. لەوانەیە بەم هۆیەوەبوبێت پێیدەڵێن چیای ئاگری. وشەی ئاگری بەدێرزەمانەوە بووە بە ئاکرێ. ئەمەیش لە لۆژیکەوە نزیکەوە.

کارێکی باشە کەلەبارەی ناوی باوک و ناوە دێرینەکانەوە من ناکەن بە ناوبژیوان. زۆر دڵنیام لەوەی کە نابمە ناوبژیوانێکی باش. من ناوبەری خۆم لەگەڵ نێرینەی نەوەی ئادەمیزاد بەدوور گرتووە، بەهیچ شێوازێک نییەتی ئەوەم نییە تەقلیدی فشە بکەمەوە. هەرچۆنێک بێت شتێکیش نییە بەناوی هاوشێوە و یەکسانی. هەرکەسێک وتی: هاوشێوە و یەکسانین، راستەوخۆ دەکەومە گومانەوە و بیرلەوە دەکەمەوە ئایا بەنیازی چی تەڵەکەبازییەکە. لەڕاستیدا نێرینەی نەوەی ئادەمیزاد دەردی باوکایەتی نییە، وشەی ئاقرە کە {ئەزۆک}ە و ئاگریش هەردووکیان بۆمن واتادارن. هەردووکیان خاوەن مێژوویەکی دێرینن.

بناغەی دروستکردنی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان، لەوانەیشە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئەوانیش. شێواز و شوێنی دروستکردنی ئەم شارە، وادەبینرێت کەبە مەبەستی خۆپاراستن دروستکرابێت، لە سەردەمی چاغی سەرەتاییدا، دەبینرێت بۆ خۆپاراستن چیا سەرکەشەکانیان بەکار هێناوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قەڵای ئەم شارە کە ئەمڕۆ وێرانەیە، لەوەدەچێت کە چەندین سەدە بەرگری لە هێرشی ناحەزان کردبێت. چیای ئاکرێ کە سەربڵندترین شوێنە لە چاو موسڵ و هەولێر و دهۆک و ئامێدییە، بۆیە دەگونجێت بوترێت بە مەبەستەوە ئەم شوێنەیان بۆ بەرگریکردن هەڵبژاردبێت. دەشتاییەکانی نەینەوا، لە باکوریدایە و رووبارێک لە باوەشی خۆی دەگرێت، رووباری ئەم پێدەشتە دەگاتە چیای ئاکرێ.
هەولێریش دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئاکرێوە و دهۆکیش دەکەوێتە رۆژئاوایەوە.
لە ئاشورەوە بگرە هەتا سەردەمی مادەکان و تادەگاتە سەردەمی ساسانەکانیش، هەر هێزێکی تر کە لەم ناوچەیە باڵا دەست بوونە، درکیان بە ستراتێژییەتی ناوچەی ئاکرێ کردووە. ئەو ئاگری شۆڕشگێڕییەی لەسەر چیای ئاکرێ جۆشدرابوو، کۆتایی بە سەردەمی ئاشورییەکان هێناوە. لەکاتی فتوحاتی عەرەبی ئیسلامیشدا، درێژترین بەرخۆدان لەهەمبەریاندا لە چیای ئاکرێ هاتۆتە ئاراوە. داگیرکردنی قەڵای بەرخۆدانی ئاکرێ لەگەڵ خۆیدا کۆتایی بە ساسانییەکان هێناوە. نێرینەی نەوەی ئادەمیزاد، هەموو ئەم بەرخۆدانەیان لە مێژووی خۆیان نەنوسیوەتەوە. ئەم مێژووەیان لەهەناوی چیای ئاکرێ بە خۆی و قەدەرییەوە جێهێشتووە. بەهیچ شێوەیەک باسیان لەو تونێلانە نەکردووە کەلە سایەیدا ئاویان هێناوە بۆ قەڵای چیاکە. ئەو پرسیارەی کەلە دێرزەمانەوە بە شێوەیەکی غەمگینانە کراوە و وەڵامی دراوەتەوە ئەمەیە کە (هەتا مردن پشتیان تێکردوون)، پێموابێت چارەنوسی منیش بەهەمان شێوە دەبێت. لەحاڵەتی سیستەمی جێنشینی یەکەم شۆفڵ ورگی ئەم چیایە دەدرێت.
شاری ئاکرێ پشتی خۆی ناوە بە چیاکەوە. باوەڕ بوون بە چیا و پشتبەست بە چیا لە دێر زەمانەوە بووە بە قەڵای بەرگری گەلی کورد. وەک دەزانن بێگانەکان بە کورد دەڵێن (گەلی چیا، زارۆکەکانی چیا)، کوردیش گوند و شارەکانیان بۆ پاراستن لەخۆیان رادەستی چیاکان کردووە. خەڵکی ماڵەکانی خۆیان بەقەد چیای ئاکرێوە بەسەریەکەوە هەڵچنیوە. دەرگای ماڵی سەروو لە سەربانی ماڵی خوارەوە دەکرێتەوە. سەربانی ماڵێک حەوشەی ماڵێکی ترە. شێواز و ئەندازیاری ماڵەکان وەکو دوو برا و دەستە خوشک بە بەردی چیای ئاکرێ هەڵچنراوە. ماڵە کۆنەکان بەگشتی یەک نهۆمن. سەربانیان تەختە و پەنجەرەکانیان بچوکە. بچوک بوونی پەنجەرەکان لەوانەیە بەهۆی رەشەبا و باهۆزی چیاکەوە بوبێت. ئاکرێ لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەمانکاتدا چیا و پێدەشتیشی هەیە. وەرزی زستان ساردییەکی وشکە، لە وەرزی هاوینیشدا بەهۆی گەرمایی پێدەشتەکەیەوە زۆر گەرمە.
من وەکو دیوار دروستکراوەیەکی نوێم، کاتێک لە مەسیف سەلاحەدینەوە دێیت راستەوخۆ دەگەیتە من، لە سەردەمی سەدامدا ئەم زیندانییە بارەگای سەربازی بوو. هەر لە سەردەمی دروستکردنمدا دەتوانم بڵێم ئەوکاتە من منداڵ بووم و لەوکاتەوە تەنیام. بەگوێرەی ئەندازیارییەکەی ئەم باڵەخانەیە، ئێرە دەکەوێتە دەرەوەی شار. هێشتا بەرەی بەری رۆژهەڵاتم بەتاڵە. لە رۆژئاوامەوە ماڵی رەمەزان چیچۆ دەستپێدەکات و هاوسێیەکی زۆرم هەیە. لە باشورمەوە رێگەی سەرەکی هەیە، بەدرێژایی کەناری رێگە سەرەکییەکە دوکانی کارسازی و دوکانی تری جیاواز دروستکراون. بەرەی باکوریشم شوێنی مۆڵگەی سەربازییە. هاوسێیەکەم لە سەربانەکەی خۆی قلوبەیەکی(قەفەسێکیَ) چاودێری دروستکردووە. ناویانناوە {گردی پاراستن}، سەرەڕای هەموو ئەمانەیش هێشتا تەنیام. ئەگەر بیر لەوە بکەمەوە کە نزیکترین هاوسێم لەوانەیە درک بە بونیشم کردبێت، بەڵام بەردەوام هەر تەنیا بوومە.
سەردەمی منداڵیم وەک بارەگای سەربازی بەسەربرد. وەکو بیناسازی زۆر پتەوبوو. هەرچواردەورم بە دیواری تۆکمە پارێزراوبوو. دەروازەکەی، دەکەوێتە بەرەی باشورەوە، ئەوکاتەی ئێرە بارەگای سەربازی بوو پێیاندەوت دەروازە ئینزیبات. لە تەنیشتییەوە ژوور دروستکرابوون بۆ جێی حەوانەی ئەفسەری باڵا. ئەوکاتەی ئەوان نەمان، کە بوو بە زیندانی ئاکرێ، هەمان ئەو ژوورانە بوون بە ژووری بەڕێوبەرایەتی زیندان. هەرلێرە ناویان نام بەشی بەڕێوبەرایەتی. چەند مەترێک لەولا باڵەخانەی بەرێوبەرایەتی و دوو قاوش هەبوون، ناویان نابوو قاوشی یەک و دوو. چەند مەترێک دوور لەم قاوشانە، لەبەرەی رۆژهەڵاتیانەوە بەیەک ریز، حەمام و تەوالێت و حوجرەی سزادان و حانووت هەبوون، هەروەها سێیەم و چوارەم قاوشیش لەوێبوون. لەهەمبەر ئەمانەیشدا چێشتخانە و دوو ژووری تریش هەبوون کە سەربازەکان بۆ کات بەسەربردنیان بەکاریان دەهێنا. ئەم ژوورانە کاتی خۆی تێنسی تیدابوو لەگەڵ جۆرەکانی تری ئامرازی خۆشگوزاری. ئەوکاتەی ئەم ژوورانەیان کرد بە ژووری زیندانی، کردییان بە شوێنی سەردانکەران، لەبەشی باکور قاوشەکانی ٦و ٧ ، روویان وەرگێرا بۆ قاوشەکانی ١و٢. هەرقاوشێکیان ٦مەتر پانن و ١٠ مەتریش درێژن. بەشەکانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

باڵەخانەکان، بەهۆی هۆکاری سەربازییەوە، بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە، ناوبەریان بۆ دروستکراوە. ئەو بۆشاییەی لە نێوان باڵەخانە و بەشەکاندا ماوەتەوە، بۆ مەشقی سەربازی و بۆ وەرزش بەکارهێنراوە. کە بووم بە دیوارێکی ئەم زیندانە، هەمان بۆشایی کرا بە شوێنی پیاسە و وەرزش و زیندانییەکان، ژووری زیندانییەکان لە پەنجەرەکانی خۆیانەوە دەیانتوانی لە ساحەکە بڕوانن. دوایش پەنجەرەکانیان گۆڕی، ئەو ئاسنانەی لەم بارەگایە مابوونەوە، دوایی بەکاریان هێنان بۆ پەنجەرەکان، واتا دەیانویست پەنجەرەکان قایم تر بکەن.

نامەوێت لێرە باسی منداڵی خۆم بکەم، ئەوکاتەی منداڵ بووم، گوێم لە جوێنی ناشیاوی سەربازی سەدام و فەرمانەکانی ئەفسەرە باڵاکان دەبوو کە زۆر غەدارانەبوون، گوێم لە شۆخی و قسەی قۆڕ و گوێم لە جوێنی ناشرین دەبوو، لەهەمانکاتدا بۆنی گوواوی و بۆنی شەهوەتی پیاوانم دەکرد. نازانم چۆن باسی ئەم مەسەلەیەتان بۆبکەم. هەرزەکاریم لە ساڵی هەشتاکاندا بوو، بە بڕیارێکی کتوپر بووم بە ساڵۆنی کاراتی، بە دیوارەکانمدا وێنەی بروسلی دادەپۆشرا، لەهەمانکاتیشدا ئامرازێکی زۆری وەرزشی کاراتی و پۆستەری تریشیان هێنابوو. سەربازەکان بە دوو جوڵانی کاراتی خۆیان بە شتێک دەزانی. بەهۆی ئەم کارانەوەیان خۆیان بە موهیم و بە شتێک دەزانی. تەماشای فلیمیان دەکرد، بەدەم فلیمی کارتۆنی تۆم و جێرییەوە پێدەکەنین. ئەو پۆستەرانەی هەڵیانواسیبوو چەن ساڵێک بەقەد ئێمەوە مانەوە. من هیچ بیرەوەرییەکی ئەوتۆی گرنگ و سەرنج ڕاکێشەرم نییە لەگەڵ ئەو ڕۆژگارەدا کە ئێستا بیهێنمە زمان.

لە دوای سەرهەڵدانی ساڵی ١٩٩١ گەلی کورد دەزگاکانی سەدام حوسێنیان لە کوردستان ڕاونا. گەل دەستیان گرت بەسەر ئەو باڵەخانە سەربازییانەی کە پاشماوەی ڕژێمی سەدام بوون. لەدوای ساڵی ١٩٩٤وە پەدەکە ئەم باڵەخانەیەی وەک زیندانێک بۆخۆی بەکارهێنا، ئەوەی ڕاستی بێت ئێستا لە حاڵی خۆم مەمنون نیم، چیرۆکەکانی دوای بە زیندانکردنی ئێرە منیان بەختەوەر نەکرد، دەیشتوانن گوێ لەوانە بگرن کە بەم حاڵەی خۆیان بەختەوەر بوونە. لێرەوە سەرگوزەشتەی ئەم کتێبە لەزاری منی دیوارەوە دەست پێدەکات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٢

# بەڕێوبەرایەتی گشتی زیندانەکە

کاتێک لە زیندانی ئاکرێ بووم، ئەو رستەیەی بەردەوام گوێم لێدەبوو، ئەمەبوو (ئەگەر دەتانەوێت بزانن وڵاتێک چۆن دەبرێت بەڕێوە، تەماشای رەوشی زیندانەکانیان بکەن). گروپێک لە زیندانییانی پەکەکە، بەردەوام لەناوخۆیاندا گەنگەشەی ئەم مەسەلەیەیان دەکرد. دەیانویست حاڵی ببن ئەم زیندانە کێ دەیبات بەڕێوە و چۆنیشی دەبەنبەڕێوە. ئەوان لە رێگەی پێشمەرگەیەکی دێرینەوە، کە ئەویش زیندانی بوو، دەیانویست لەبارەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە و لەبارەی چۆنییەتی پەیوەندییەکانەوە زانیاریان دەست بکەوێت. ئەوان بەگوێرەی بۆچونی خۆیان دەیانویست بەهۆی چاودێریکردنی مەسەلەکان، ئەو زانیارییانەی بەدەستیان دەخست، دەیانویست دەرەنجام بەدەست بخەن و دەیانویست لە رووداو و کەسایەتییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە حاڵیببن.

یەکێک لەناو گروپی زیندانییانی پەکەکە، ناوی حەسەن بوو، قسەکانی ئەو هەمیشە بە نرخ بوون و کەسێکی بەڕێزیش بوو. تەمەنی لە سەرووی ٣٠ ساڵییەوە بوو، چاوەکانی کز بوون، ئەوکاتەی بە دیلی دەگیردرێت، پێشمەرگەکانی پەدەکە بۆ قەشمەرپێکردنی چاویلکەکەی دەشکێنن و هەربۆیە دوو مەتر پێش خۆی نەدەبینی. لەم زیندانەیشدا چاویلکەیان بۆ پەیدانەدەکرد. هەموو هەڤاڵەکانی خۆشیان دەویست، لە تەمەنی خۆی گەورەتر دەبینرا و زۆریش بە رێز و بە حورمەت بوو. ئەو یەکێك بوو لە ئێزیدییەکانی باکوری کوردستان، لە گوندێکی سەربە شارۆچکەی بەشیری سەربە شاری باتمان هاتبووە دونیاوە، بەڵام لە ئەڵمانیا گەورە ببوو. لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٨٨ بەشداری چالاکییەکانی پەکەکەی کردووە، هەرلەوێش لەگەڵ کەسانی ناوداری ناو پەکەکە کاریکردووە کە ئەمانەن، سەلچوک شاهان، ئەنوەر پۆلات لە گۆڤاری سەرخۆبوون، غوربەتلی ئێرسۆی کە ناسراوە بە زەینەب لە رۆژنامەی نوزگور گوندەم واتا (رۆژەڤی ئازاد). ئەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شوێنەی پێیدەوترێت گۆڕەپانی سەرۆکایەتی، لە ساڵی ١٩٩٥ چووە بۆ ئەوێ و خولی پەروەردەی سیاسی دەبینێت و لەوێشەوە دەچێت بۆ گارێ و پاشان کاروباری رۆژنامەگەری دەکات و پاشانیش بۆ کاروباری رێکخستنی ناو جەماوەر رەوانەی هەولێر دەکرێت. لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٩٧، لەگەڵ گرووپێک لە هەڤاڵەکانی بە دیلی دەگیردرێن، هەڤاڵەکانی دەیانوت ئەم هەڤاڵەمان لەبارەی شرۆڤەی سیاسی و بۆچونی تیۆرییەوە توانایەکی زۆرباشی هەیە. شتێکی زۆر روون و ئاشکرابوو ئەم حەسەنە کتێبێکی زۆری خوێندووەتەوە. کەسێکی لەسەرخۆ بوو، بەشێوازێک قسەی دەکرد کە چواردەورەکەی حەزیان دەکرد گوێی لێبگرن. زۆرجار لەبارەی قسەکانییەوەی حاڵی بوون زەحمەت بوو. بۆ نمونە کە باسی لە زیندان دەکرد، قسەی نوسەرێکی فەرەنسی بە نمونە دەهێنایەوە، ئەو دەیوت ئەو نوسەرە کتێبێکی هەیە بەناوی (لەدایک بوونی زیندان)، بەگوێرەی حەسەن گوایە ئەم نوسەرە باشترین نوسەرە کەباسی لە زیندان کردبێت. مایەی سەرنج بوو جگە لە حەسەن کەس نەیدەتوانی ناوی ئەو نوسەرە فەرەنسییە بەتەواوەتی بهێنێتە زمان. نوسەرە فەرەنسییەکە لە کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردووە گوایە، دەسەڵاتی فەرەنسا گەلیان بەرەو ئاقاری خراپ بردووە، هەربۆیە کاتێک لێکۆڵینەوە لە زیندانەکان دەکات، دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ناکرێت زیندان لە سیستەمی دەسەڵات جیابکرێتەوە، هەربۆیە دەوترێت زیندان سیستەمی تایبەت و خۆڕسکی خودی دەسەڵاتە.

حەسەن وشەیەکی بەکاردەهێنا کە بریتی بوو لە (پرۆتۆتیپ) واتا (یەکەمین نمونە)، هەربۆیە منیش لە ئاستی رووداوەکانی نێوان چوارچێوەی دیواری ئەم زیندانەدا یەکەمین پرۆتۆتیپی زهنییەتی پەدەکە بووم، بەمەیشی دەوت (ئەپۆتیزم) واتا (جوداخوازی نێوان خانەوادە)، ئیتر ئەم زیندانە ببوو بە شوێنی تاقیگەی ئەپۆتیزم. ئەم وشانە لە ژیان و تەمەنمدا یەکەمجارم بوو بیانبیستم. لەناوماندا تەنها عومەر سەری بانەدا و خۆی وانیشاندەدا کەلەم دەستەواژانە حاڵی بووە. مەحمود، جەمال، کەمال، زیاد و مام خدر لەهەمبەر ئەم وشانە هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو. حەسەن وشەی ئەپۆتیزمی وەک جوداخوازی ناو خانەوادە پێناسە دەکرد، هەربۆیە مام خدر خۆی پێڕانەگیراو وتی: (من پرۆتیپ و مرۆتیپ و ئەپۆتیزم و مێگاتیزم نازانم، تەماشای بەڕێوەبەر محەمەد ئەمین سورچی بکەن، ئەوکاتە لە هەموو شتێک تێدەگەن)، ئەو ناوەی مام خدر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێنایەزمان محەمەد ئەمین سورچی، باڵای مەترێک و ٩٠ سانتیم دەبوو، بەهۆی مەشروب خواردنەوەیەکی زۆرەوە ورگێکی گەورەی هەبوو، بەهۆی ورگەکەیەوە پێشی خۆی نەدەدی و تەمەنی لە سەرووی ٦٠ ساڵی دەبوو. ئەم پیاوە سەربە عەشیرەتی سورچی بوو، بێگومان لە باشوری کوردستان و عێراق، بەکارهێنانی ناوی عەشیرەت و بەناوبانگ بوون بەو ناوەوە شتێکی نەریتییە. عەشیرەتی سورچی لە شاری ئاکرێ عەشیرەتێکی کۆن و ناودارن، مەخابن زۆربەیان لەجیاتی ئەوەی ببن بە شۆڕشگێر و نیشتیمان پەروەر، کاتی خۆی ببوون بە جاشی سەدام.

لەچاو خەڵکیدا میراتێکی باشیان بۆخۆیان جێنەهێشتووە، لەلایەکی تریشەوە هاوشارییەکانم لە ئاکرێ خۆیان لە بارزانییەکان نزیک ناکەنەوە. سورچی، زێباری و سوریانییەکان هەروا بە ئاسانی نەدەبوونە پێشمەرگەی پەدەکە. لەنێوان بارزانییەکان و زێبارییەکان ناحەزییەکی کۆن لەنێوانیاندایە، هەندێکجار سورچییەکان رووبەڕووی بارزانییەکان بونەتەوە و شەڕ لە نێوانیاندا هاتۆتە ئاراوە. لە ساڵی ١٩٩٦ لە نێوانیاندا شەڕێکی خوێناوی هاتەئاراوە، بەڵام لە ئاکامی ناوبژێکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە شەڕەکە خامۆش بووەتەوە. لەناو خەڵکی ئاکرێ کەس هەیە خۆی بە خاڵۆی مەسعود بارزانی ئەزانێت و شانازیشی پێوەدەکات. دایکی مەسعود بارزانی لە عەشیرەتی زێبارییە. جگە لە هۆشیار زێباری و دەوروبەرەکەی، خەڵکی تری زێباری لەلای مەسعود بارزانی نین. بەگوێرەی قسەکانی مام خدر، پەیوەندی و ناکۆکییەکانی عەشیرەتەکان وەک کۆن نییە، لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١وە، مەسعود بارزانی بە هاوکاری ئەمریکا و تورکیا، خۆی کردووە بە سەرکردەی یەکەمی گەلی کورد، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٩٢ هاوشانی تورکیا هێرشی سەر پەکەکە یان ئەنجامدا، لەهەمانکاتدا هێرشی کردووەتەسەر ئەو عەشیرەتانەیشی کە سەرکردایەتییەکەی مەسعود بارزانییان قەبوڵ نەبووە. ئەم هێرش و زۆربۆهێنانەی مەسعود بارزانی زۆر بێدەنگانە و گشتی بووە. مەسعود بارزانی شێوازی پیاوکوشتن و کڕینی خەڵکی بە بنەما گرتووە. ئەوەی کۆنی عەشیرەتەکان پابەند بوون بە نەریتی عەشایرییەوە و هەستی وڵاتپارێزییان بەهێز بووە، هەربۆیە مەسعود بارزانی سەرەتا ئەمجۆرە کەسانەی کردووە بە ئامانج. مام خدر دەیوت (ئێستا ئێمە دەستبەرداری نەریتی کۆنی خۆمان بوینە)، نەریتی کۆنی عەشیرەتەکان دەبووە مایەی زیانلێخستن لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەسعود بارزانی و بنەماڵەکەی. هۆکاری نزیک نەبوونەوەی عەشیرەتەکان لە مەسعود بارزانی و بنەماڵەکەی نەریتە کۆنەکەیان بوو، هەرنەوانیش شارەزاییەکی باشی رابردووی پارتەکەی مەسعود بارزانین.

نەوەی نوێی ئەم عەشیرەتانە بۆنەوەی بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن، بەشێوەیەکی ژیرانە سوود لە دەسەلاتەکەی مەسعود بارزانی وەردەگرن. بەڕێوبەرایەتی هەرێم لەژێر چەتری هێزی چەکوشی نێودەوڵەتی دەرفەت بۆ هەموو کەسێک دەڕەخسێنێت و هەموو کەسێکیش ئەم دەرفەتە بەکاردەهێنێت، بەمشێوەیە پارتەکەی مەسعود بارزانی درک بەوە دەکەن کەسانێک هەن دەیانەوێت دەرفەتیان دەست بکەوێت. مەسعود بارزانی بە پارە و بەدانی پلەوپایە عەشیرەتەکانی بەلای خۆیدا راکێشاوە. دوای بە بەرهەم هاتنی ئەم ئامانجەیان، کەزانیان خەڵکییان خستووەتە ژێر رکێفی خۆیانەوە و ئەوانەیشی نەهاتونەتە ژێر رکێفیانەوە هێواش..هێواش کوشتویانن. ئەم رەوشە بووە هۆکار کە هەموو کەسێک بۆنەوەی بەرپرسیارێتییەک و دەسەلاتێکی دەست بکەوێت لەگەڵ پارەدا، لە دەرگای پارتەکەی مەسعود بارزانییانداوە. بێشک هۆکاری نەداری و هەژاریش هەیە. ئەو سەردەمە ئابلۆقەی نێودەوڵەتی بۆسەر عێراق، هۆکارێکی سەرەکی ئەم رەوشەبوو. کاتێک بنەماڵەی بارزانی دەوڵەمەند بوون و دەسەلاتیان زیاتر فراوانبووەوە، لەهەمانکاتدا بە پێچەوانەوە خەڵکی هەژارتر دەبوون، تەنانەت وایلێهات کە خەڵکی لەپێناو تێرکردنی سکی برسی خۆیان بوونە سەپانی بەردەرگای بنەماڵەی بارزانی. لەرەوشێکی ئاوادا، گەندەڵی و بەرتیل و دزی دێنە ئاراوە و خەڵکەکە دەیانەوێت بەوشێوەیە خۆیان دەوڵەمەند بکەن، هەربۆیە لە ئاستی گشتی و عەشیرەتەکانیشەوە بەگوێرەی ئەو رەوشە تازەیەی هاتبووە ئاراوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، خۆیان بەو سیستەمەوە گرێدا.

کاتێک مام خدر باسی ئەم مەسەلانەی دەکرد، عەشیرەتی سندی بە نمونە دەهێنایەوە. دوای ئەوەی مام خدر ئازاد کرا، جاسم سندیان هێنا بۆناو زیندانەکە. کاتێک جاسم سندی باسی خۆیدەکرد، ئەوکاتە زیاتر بۆماندەردەکەوت کە مام خدر مەبەستی چیبووە. نازانم لەناو زیندانییەکان کامیان جاسم سندیان لەیادماوە، بەلام من لە یادمە کە جاسم سندی کەسێکی سادە و بێدەنگ و بە رەوشت بوو. کەم قسەی دەکرد و لەسوچێک دادەنیشت و بەردەوام بیری دەکردەوە. کە قسەیشی دەکرد، زوو..زوو پرسیاری دەکرد و دەیویست مۆڕاڵ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بدات بەو کەسانەی کە قسەی لەگەڵدا دەکەن و دەیویست وورەی چواردەوری بەرز بکاتەوە. درک بەوە دەکرا کە باسی جاسمت بکردایە شەرمی دەکرد. رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر خۆی گۆشەگیر دەکرد، زۆرجار دەیوت (من ئاخ بۆ دیلکردنم هەڵناکێشم، بەڵکو ئاخ بۆ ئەو ساڵانەم هەڵدەکێشم کە پێشمەرگەی پەدەکە بوومە)، بەگوێرەی قسەکانی، لە زاخۆ چەندین ساڵ پێشمەرگەی پەدەکە بووە، تەنانەت بووە بە فەرماندەیش. بەواتایەک جاسم سندی چاوی لە بەرزبونەوەی پلەوپایە بڕیوە و وەکو نوێنەری نەوەی ئەمڕۆ خواستی دەوڵەمەند بوونی زیاد بووە. بە خاوەن حەز و ئارەزوو و جۆشوخرۆشییەوە کەوتووەتە بەرچاوان، بەڵام کە کاتەکەی تەواو دەبێت، ناتوانێت لەهەمبەر وەلانان و کەوتن خۆڕاگری بکات.

جارێکیان حەسەن چاوی لە بێدەنگییەکەی جاسم سندی بڕیبوو، هەربۆیە جودیش بەشێوەیەکی فەلسەفیانە بە حەسەنی وت (ئازارە گەورەکان بێدەنگن)، دڵنیام ئەم قسەیەی لە دوتۆی کتێبێکدا خوێندووەتەوە. گەورەیی ئازار ئەو قەنناسەیە کە دەبێتە کلیلی دەرگا داخراوەکان، بەختەکەیشی دوای کوشتنی سادق عومەر سندی کرابووەوە. جاسم سندی دەیوت (لەجیاتی ئەوەی تۆڵەی خوێنی سادق عومەر سندی بکەمەوە، کەچی بووم بە پێشمەرگەی پەدەکە)، کاتێک ئەم قسەیەیشی دەکرد، شەرمی لەخۆی دەکرد. سادق عومەر سندی کەسێکی چاونەترس و جوامێری ناو عەشیرەتی سندی بوو کە ناوبانگی دەرکردبوو، هەستی وڵاتپارێزی ئەم پیاوە ببووە هۆکار کە تێکەڵاوی عەشیرەتی بارزان نەکەن. ئەو زۆر بە روونی و چاونەترسانە هەمیشە باسی خیانەتەکانی بنەماڵەی مەسعود بارزانی کردووە و رەخنەی دەکردن. کاتێک لە ساڵی ١٩٩٢ یەنەکە و پەدەکە شانبەشانی سوپای تورکیا هێرشیان دەکردە سەر گەریلاکانی پەکەکە، سادق عومەر سندی تانە و رەخنەی ئەم کارانەیانی دەکرد، تەنانەت دەچێت بۆ بیقاع و چاوی بە رێبەر ئاپۆ دەکەوێت و بە ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ پەکەکە رادەگەهێنێت، هەربەهۆی ئەم کردەوانەی سادقەوە گەنجانی ناو عەشیرەتەکەیان دەچنە ناو ریزەکانی گەریلاوە. یەکێک لەوانەیش کوردستان سندییە.

ئەم رەوشە لە باشوردا سەدا دەداتەوە، رێبەر ئاپۆ درکی بەوە کردبوو بارزانییەکان چاوپۆشی لەمە ناکەن، هەربۆیە هۆشداری دەداتە سادق عومەر سندی کە وریای خۆی ببێت. رێبەر ئاپۆ پێیدەڵێت لە باشور نەمێنێتەوە، ئەگەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەشمێنێتەوە زۆر وریای خۆی ببێت، سادق عومەر سندی باش دەزانێت پارتەکەی بنەماڵەی بارزانی لە کاری گەلەکۆمە زۆر شارەزان، بەڵام دەڵێت کوردستان خۆ موڵکی ئەوان نییە، پێیوابووە مادام خانەوادە و عەشیرەتەکەیان لەوێن هیچی بەسەر نایەت، هەربۆیە شوێنی خۆی چۆڵناکات و لە زاخۆ ماوەتەوە. ئەوەی لێیدەترسا هاتەدی، بەرپرسیارانی پارتەکەی بنەماڵەی بارزانی، بە مەبەستی چاوپێکەوتن داوا لە سادق سندی دەکەن بێت بۆ هەولێر، کە دەچێت لە رێگە، خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدابوون دەکرێنە ئامانج و لێیان دەدەن، بێشک یەکەم گومان لە پاراستنی پەدەکە کرا. دوای کوژرانی سادق عومەر سندی پەدەکە ئیدانەی ئەم کارەی کرد و وتیشیان بۆ گرتنی بکوژان ئەوەی لە دەستیان بێت دەیکەن، هەربۆیە ئازارە گەورەکەی جاسم سندی ئەم رووداوە و نهێنی رووداوەکە بوو کە بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی رووداوەکە چاوپۆشی کراوە.

جاسم بە بیانوی ئەوەی ئەندامی موخابەراتی سەدامە گیرابوو، لێرە چاوی کرایەوە و لێرەیش درکی بە قورسایی ئەم کوژرانەی سادق سندی کرد، هەستی بە رووخانی دەروونی دەکرد لە ئاستی ئەم کوژرانە، ناخی خۆی دەخواردەوە و زوخاوی هەڵدەهێنا. ئەوکاتەی زیندانیش کرا، عەشیرەتەکەی پشتیان تێنەکرد و هاوکارییان دەکرد، زیندانییانی یەکەکەیش زوو..زوو باسیان لە جوامێری سادق عومەر سندییان دەکرد و مۆراڵیان دەدا بە جاسم سندی. ئەم هاوکاری رۆحی و مەعنەوییە وایلە جاسم سندی دەکرد زیاتر و زیاتر ویژدانی ئازاری بدات، هەربۆیە خۆی گۆشەگیر دەکرد. لە زۆربەی قسەکانی دەیوت (درەنگ چاوم کرایەوە، برینم قوڵە، لە جیاتی ئەوەی حیساب لە پەدەکە بپرسمەوە کەچی بووم بە پێشمەرگەیان)، بەڕای من جاسم سندی هەموو شتێکی باسنەدەکرد، بێشک زۆر شتی دەزانی و بەڵام نهێنییەکانی دەپاراست و بەکەسی نەدەوت. شتێکی گرنگ هەبوو کە نەیدەهێشت گرێ کوێرەی زمانی بکاتەوە، لەوانەبوو پەدەکە بۆ کاری خراپ و ڤێزەوەن جاسمیان بەکارهێنابێت. بەدرێژایی تەمەنی پەدەکە نەیاندەهێشت ئاسودە ببێت و وازیان لێنەدەهێنا، دیارە پەدەکە وایان بە گونجاو بینیبوو کە زۆر بێدەنگانە لەناوی بدەن.

پایزی ساڵی ٢٠٠١ بوو، جاسم لەگەڵ زیندانییانی یەکەکە لە قاوشی ژمارە (٥) دەمایەوە و لەناکاو بانگیانکرد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی، زیندانی هەبوو لە پەنجەرەوە کە جاسمی بینیبوو لە رێڕەوەکەوە براوەتە ناو ژووری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڕێوبەرایەتییەوە، پێنج خولەک دوای ئەوەی لە ژووری بەڕێوبەرایەتی دەمێنێتەوە، تەرمەکەی لەناو بەتانییەک لەبەردەم ژووری بەڕێوبەرایەتی دادەنێن، بە خانەوادە و عەشیرەتەکەیان وتووە گوایە بەهۆکاری جەڵتەی دڵ مردووە، خانەوادەکەی دەستبەرداری لێپرسینەوە نابن، زیندانییانی پەکەکە دوای ئەوەی غەمگینی خۆیان دەهێننە زمان و سەرەخۆشی لە خانەوادەی جاسم دەکەن، لەهەمانکاتدا پێیاندەڵێن جاسم هیچ نەخۆشییەکی نەبووە.

بۆئەوەی شارەزای چۆنییەتی بەڕێوبەرایەتی دەسەڵاتێک ببیت، ئەگەر لە ڕەوشی زیندانەکەیان بڕوانیت، بەڕای من ئەم کوشتارانەی ئەنجامیاندەدا ناوێنەیە بۆ بینینی ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵات. بە ئەنجامدانی ئەم شێوازی کوشتارانە دەیانویست بڵێن ئەوەی کێشە دروستدەکات ئەنجامەکەی وەک جاسم سندی دەبێت و پەیامیشیان بۆ زیندانییەکان ئەوەبوو دەست بگرن بە کڵاوی سەرتانەوە (با) نەیبات. خانەوادەکەیان لەناو ئەندێشە هێشتەوە و بەمشێوەیە کارە چەپەڵەکەیان پەردەپۆش کرد. کوشتار و هەڕەشە و مل داچەمینەوە و پەردەپۆشکردنی کارە قێزەوەنەکان بەرد بوون و دیواری زیندانەکەیان پێهەڵدەچنی. محەمەد ئەمین سورچیش بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە پاڵەوانی یەکەم بوو.

محەمەد ئەمین سورچی، لە سەردەمی حوکمی سەدامدا، لە ئەمنییەتی موسڵ بەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە بوو، واتا (تەحقیق ئەمن)، ئەو سەردەمە ئەم زاتە ئەشکەنجەیەکی زۆری پێشمەرگە دێرینەکانی کردووە بۆ ئەوەی هەموو شتێک بدرکێنن، بەڵام ئێستا هەروەکو جارانی، بەڵام لە سەنگەرێکی تردا ئەوانە ئەشکەنجە دەکات کە لایەنگری یەکێتی نیشتیمانین و هاوسۆزی پەکەکەن و ئەوانە ئەشکەنجە دەکات گوایە سیخوڕی بۆ بەعس دەکەن، بەڵێ پارتەکەی بنەماڵەی بارزانی ئەم پیاوەیان کردبوو بە بەڕێوبەری زیندانی ئاکرێ. کەسانی پێشمەرگەی دێرینی وەک مام خدر، حەیفیان لەم ڕەوشە دەخوارد، چونکە محەمەد ئەمین سورچی تەنها نمونە نەبوو. لە هەموو بەشەکانی بەڕێوبەرایەتی دەسەڵاتی هەرێم، لە زۆربەی بەشەکانیان کەسانێکی زۆر کاریان دەکرد کە کاتی خۆی جاش یان بەعسی بوون، یان ئەفسەری سوپای سەدام بوون، یاخود پۆلیس بوون. دەتوانین بڵێین جاش، پیاوکوژ، سیخوڕ و بەعسی سەربە سەددام ئیدارەی بەڕێوبەرایەتییەکانی هەرێمی باشوری کوردستانیان دەکرد. بەگوێرەی قسەی مام

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خدر، کەسانی وەک خودی خۆی جەفای دۆخەکان دەکێشێت و ئەوانەی وەک محەمەد ئەمین سورچیشن خۆشبەختییەکەی.

محەمەد ئەمین سورچی کەسێکی خۆپەرست بوو، زۆر حەزی لەخۆی دەکرد، هەمیشە چاکەت و پانتۆڵەکەی ئوتوکراوبوو، بەگوێرەی رەنگی کراسەکەی بۆینباخی دەبەست، بۆینباخەکەی بەسەر ورگییەوە شۆڕدەبووەوە، جلوبەرگەکانی بە گشتی ئەوروپییانە بوون، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی هەبوو، بەردەوام بۆنەوەی خۆی قەشەنگ نیشانبدات قژ و سمێڵی بە رەنگی رەش بۆیاخ دەکرد، بەردەوامیش جێڵی لە قژی دەدا. دوو ژنی هەبوو، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی لەسەروی ٦٠ساڵیدابوو، بەڵام کە سێیەمین ژنی هێنا کچێکی ١٨ ساڵان بوو.

من و زیندانییەکانی تری ناو ئەم دیوارانە کاتێک ئازارمان دەچێژا، کەچی محەمەد ئەمین سورچی لەدەردی خۆجوان کردن و خۆ قۆزکردندا بوو، ئەو تەنها دەردێکی هەبوو، ئەویش پڕکردنی گیرفانەکانی بوون بە پارە. بۆ ئەم مەبەستەیش بە گوێرەی پیلانی خۆی کاری بۆ دەوڵەمەندبونی دەکرد. ئەو بەرتیل و پارە خواردنەی ئەوەندە بە شارەزاییانە دەکرد کەس درکی پێنەکات، هەتا لێرە لەسەر ئەرکەکەی ببوایە، کەس درکی بە کارە قێزەوەنەکانی نەدەکرد. هەتا دڵی بنەماڵەی بارزانی خۆشبکردایە لەکارەکەی دەرنەدەکرا. جگە لەچەند زیندانییەکی پەکەکە کەمایەی سەرئێشەی محەمەد ئەمین سورچی بوون، ئەوانیتر کێشە نەبوون. لەڕاستیدا ئەم پیاوە بە میکانیزمێکی رێکوپێکانە کارەکانی خۆی ئەنجامدەدا. کوڕێکی محەمەد ئەمین سورچی کە ملازم بوو، بەناوی جاسم جێگری باوکی بوو، هەروەها قادریش برازای بوو، کە ئەویش یاریدەدەری بوو، ئاشوریش بەرپرس بوو کە کادێری سیاسی پەدەکە بوو. زیندانییەکان لەبارەی کوڕەکەی محەمەد ئەمین سورچییەوە کە ناوی جاسمە دەیانوت (بێ رەوشت و چاوچنۆکە)، جاسم کوڕی ژنی یەکەمی محەمەد ئەمین سورچی بوو کە دەکاتە کوڕە گەورەی. هەربە زکماکی ئەو کاتەی جاسم لەدایک دەبێت بەشی چەپی جەستەی لەچاو بەشی راستی خواروخێچتر بوو، کەڕێی دەکرد بەشی راستی جەستەی زاڵتر بوو لە بەشی چەپی جەستەی، واتا خواروخێچ رێیدەکرد. کە جودی یەکەمجار چاوی بەم جاسمە کەوت، لەقەبێکی بۆدانا، پێیدەوت (چەوتۆ)، واتا خواروخێچ. جاسم کەم بینابوو، چاویلکەیەکی شوشەداری ئەستوری لەچاو دەکرد، دەموچاوی شوێن زیپکەی قۆناغی هەرزەکاری پێوەمابووەوە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەموچاوێکی زیپکاوی هەبوو، وادیارە لەکاتی خۆی زۆر دەستکاری زیپکەکانی کردبێت هەربۆیە پەڵەی زیپکەکانی پێوەدیاربوون. سەرەڕای هەموو ئەمانەیش دەنگێکی زۆر ناخۆشی هەبوو، کە گوێت لە دەنگی دەبوو، موچڕکە بە لەشتدا دەهات. قسەیەک هەیە دەڵێت (پێویست ناکات بەها بدەیت بە رووکەشی، ئەوەی گرنگە دەنگی ناخە)، لەوانەیە کەسێک بە رووکەش ناشرین بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە پاکوخاوێنێتی ناخێتی. لەمبارەیەوە دراما و فیلمێکی زۆرهەن، یلماز گونەی کە خاوەنی فیلمی (دیوار و مێگەل)ە، لەقەبەکەی (پاشا ناشرینەکە)یە، هەروەها لە رۆمانەکەی ڤیکتۆر هۆگۆیشدا (ناترادامە) قەمبورە، خواروخێچی جاسم کەمێک قەمبورییەکەی (زانکۆچ)ی وەبیردەهێنایەوە، واتا پیاوە قەمبورەکەی کلیسە، بەڵام قسە شیرین و دڵپاشییەکەی و ئازایەتییەکەی (زانکۆچ) لە جاسمدا بەدینەدەکران، جاسم کەسێک بوو ناخ پیس و نییەت خراپ. لەوەدەچوو داخی دڵی بۆ قەمبورێتییەکەی بە خەڵکی تر بڕێژتایە، کەسێک بوو بێویژدان و بێ رەوشت و چاوچنۆک کە هەموو کەسێک ئەمەی دەزانی. ئەوەی دەیناسی بەدڵنیاییەوە لە دڵی خۆیدا دەیوت (خوایە ئەولادی وامان بە نەسیب نەکەیت)، بەم حاڵەی خۆیەوە قەشمەری بە زیندانییەکان دەکرد، بە قەشمەریکردنەوە لە زیندانییەکانی دەدا و ئەشکەنجەی دەکردن. نازانم هۆیەکەی چیبو عەزییەتێکی زۆری پێشمەرگە دێرینەکانی دەدا کە کاتی خۆی لە دژی سەدام شەڕیان کردبوو. کاتێک لێیانیدەدا و جوێنی ناشرینی پێدەوتن و کەسایەتییانی دەڕوشاند، زەوقێکی زۆری لەمکارەی دەبینی. زۆرم بیست لەو پێشمەرگانەی کە رووبەڕووی ئەم حاڵەتە دەبونەوە، دەیانوت (ئێمە ئەوەندە ساڵ لەسەر شاخ شەڕی ئازادیمان نەکرد بۆئەوەی ئێستا سوکایەتی و عەزیەتمان بدەن؟!).

ئامۆزاکەی جاسم کە ناوی مولازم قادر بوو، کەسێکی هێمن تربوو، کاری ئەو زیاتر ئیداری بوو، واتا ئامادەکردنی ئەوراقی فەرمی و نوسینەوەی راپۆرت بوو. کەسێک بوو دەیویست بەبێ ئەوەی ئەملاوئەولا بکات رۆژی خۆی بەسەربەرێت، کچی مامەی خۆی هێنابوو، واتا کچی محەمەد ئەمین سورچی و ببوو بە زاوای بەرپرسی یەکەمی زیندانی ئاکرێ، ئەویش وەکو مامی حەزی لەخۆی بوو، بەردەوام دەستی بەخۆیدا دەهێنا، بە جلوبەرگ و قسەکردن و رۆشتن و رێکردنەکەی دەیویست نیشانی بدات کەسێکی پێشکەوتووە. ملازم ئاشوریان کە کادێری سیاسی زیندانەکە بوو، چاوساغێکی باشی پەدەکە بوو، جگە لە ئەرکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مولازمییەکەی ئەرکی تریشی هەبوو، ئەرکەکەی تری ئەوەبوو کەسایەتی سورچییەکان بخاتەژێر چاودێرییەوە و هێڵی سووری بنەماڵەی بارزانی بپارێزێت. بەهیچ شێوەیەک موداخەلەی بەرتیل خواردنەکەی محەمەد ئەمین سورچی نەدەکرد، خۆی لە گێلیدەدا. زیاتر ئەشکەنجەی ئەندامانی عەشیرەتی سورچی و پێشمەرگە دێرینەکانی دەکرد، وەکو جاسم کوشتاریان دەکرد و پەردەپۆشیشیان دەکرد، بەمشێوەیە دەیویست بنەماڵەی بارزانی لەکەدار نەکات. بۆ ئەمکارە ملازم ئاشور زۆر بە پیلانبوو، هەروەها بە میکانیزمی باش کاریدەکرد. ئەو کێشانەی رووبەڕووی دەبووەوە دەیویست لە رێگەی قەناعەت پێکردنەوە چارەسەریان بکات. واخۆی نیشاندەدا کە کوردپەروەرێکی ٢٤ عەیارییە، بۆنمونە جگە لە جلوبەرگی کوردی جلی تری لەبەرنەدەکرد، هیچ رۆژێک نەبینرا پانتۆڵ لەپێبکات. دوو قات جلی کوردی هەبوو، خۆی کەسێکی باڵا کورت بوو، کە جلی کوردیشی لەبەردەکرد ئەوەندە باڵا کورتر دەبووەوە، هەمیشە جامانەی سووری لەسەردابوو کە بەشێوەی بادینی دەیبەست و کە گوایە بووە بە سەمبولی بارزانییەکان. نیوەی تەمەنی ٣٥ ساڵەی خۆی بە پێشمەرگایەتییەوە بەسەربردبوو، باوکی لەکاتی پێشمەرگایەتیدا هاوسەنگەری مام خدر بووە. لە شەڕێکی سەدامدا باوکی پێکراوە و کوژراوە. ئەو ئەرکەی پێیاندابوو نیشانەی ئەوەبوو کە کەسێکی چەند باوەڕپێکراوە، لەبارەی مەسەلەی زیندانییەکانەوە لە بەرپرسی یەکەم زیاتر دەستی دەڕۆیی، بەتایبەتی لەبارەی دۆسیەی زیندانییانی یەکەکەوە، لەمبارەیەوە خاوەن سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی بوو. ئەو راستەوخۆ لە پاراستنەوە فەرمان و رێنماییەکانی وەردەگرت و راپۆرتیشی بۆئەوان دەنوسی.

هەموو بەرپرسیارێتی و پاراستنی زیندانەکە لە ئەستۆی پێشمەرگە بوو، هەندێکیان چواردەوری زیندانەکەیان دەپاراست، هەندێکیشیان ئەرکی گەردییانی ئاساییان دەبینی، هەندێک لەم پێشمەرگانە بەتەمەن بوون، تەنها بە ئامانجی موچە وەرگرتن ئەم کارەیان دەکرد، بێگومان پێشمەرگەی گەنجیشیان تێدابوو کە بەهۆی بێکارییەوە ببوون بە پێشمەرگە، شیمال یەکێک بوو لەوانە، زۆربەی ئەوانی تر خزمی نزیکی محەمەد ئەمین سورچی بوون. هەندێکیشیان برازاکانی خۆی بوون. خزمەکانی محەمەد ئەمین سورچی لە زیندانەکە کاریان ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان و بەرتیل وەرگرتن بوو، بەڵێ ئەمەیش نمونەی نێپۆتیزم بوو کە حەسەن باسی لێوەدەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گرووپی ئەشکەنجەدان پێکهاتبوون لە حامید، حاتەم و سەیفۆ کە هەرسێکیان برابوون، برایەکی تریشیان هەبوو بەناوی دکتۆر ئەحمەد، ئەو پارەی بەرتیلەکانی کۆدەکردەوە، برایەکی تریش بەناوی مەجید هۆکارەکەی نازانم، بەڵام لە براکانی دوورەپارێز بوو. باوکی ئەم پێنج برایە برا گەورەی محەمەد ئەمین سورچی بوو، ئەویش سێ ژنی هێنابوو، حامید و حاتەم لە ژنی یەکەمیان بوو، مەجید و ئەحمەد لە ژنی دووەمیان بوو، سەیفۆشیان لە ژنی سێیەمیان بوو. حامید و حاتەم لە دڵڕەقی و بێویژدانی و بێ بەزەییدا ناویان دەرکردبوو، سەیفۆ بەپێچەوانەی ملازم جاسم، کەسێک نەبوو کە رووی ناوەوە و دەرەوەی وەکو یەک بێت، کەسێک بوو بە رووکەش بە کەسێکی باش دەبینرا، گورگ بوو لە پێستی مەڕدا، کەسێکی زۆر..زۆر قۆزبوو، باڵای بەرز بوو، ناوشانەکانی پان بوون و قژێکی خاوی جوانی هەبوو کە بەلادا دایدەهێنا و زەردیش بوو، لووت و دەمی بچوک و زۆر رێک بوون، چاوەکانی زۆر جوان بوون کە حەزت دەکرد تەماشایان بکەیت، بەڵام مەخابن یەک تۆزقاڵ عەقڵ و ژیری نەکەوتبووە ناو مێشکی ئەم گەنجە قۆزەوە. جگە لە ملکەچیکردنی بۆ مامەیی و براکانی شتێکی تری لەدەست نەدەهات، بەبێ هیچ پرسیارکردنێک ئەکەوتەسەر ئەو ئامانجەی کەبۆی دیاریدەکرا، ئەگەر بیانوتایە ئەو کەسە بکوژە، بەبێ چاوپروکان و پرسیارکردن دەیکوشت. یەکێک لە زیندانییەکان بەناوی مەحمود ناوی لەم گەنجە نابوو (کەرە زەردەکە)، هەرچۆنێک بێت ئەویش وەکو کەر جووتەی دەهاویشت.

لە هەموو کاروبارەکانی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بەرتیلی تێدابوو. زیندانییەکان و خانەوادەکانیان بۆ پەدەکە ئامرازی سیاسی بوون و بۆ سەرۆکی زیندانەکە و دەوروبەرەکەی خێروبەرەکەت بوون. خانەوادەی زیندانییەکان، بۆئەوەی کوڕەکانیان یان برا و باوکیان لە زیندانەکە ئەشکەنجە نەدرێن و زەحمەتی نەچێژن بەرتیلیان دەدا بە بەرپرسیارانی زیندانەکە. خەڵکی ئەم نیشتیمانەی من، لەژێر دەسەڵاتی ئەرێنی دەرەبەگایەتین، هەربۆیە هەروا بەئاسانی تەعویز نادەن. ئەگەر لە زیندان بیت و لەلایەن پێشمەرگەیەکی گەنجەوە سوکایەتیت پێبکرێت، یان زلەیەکت لێبدرێت، ئەمە بۆ کەسێکی فیوداڵ مایەی قەبوڵکردن نییە و لە مردن خراپترە، هەربۆیە بۆئەوەی رووبەڕووی ئەم کارەساتانە نەبنەوە بەرتیلیان دەدا. بۆناردنی هەر شتێکی پێویست بۆ زیندانییەک ئەوەی بویستراپە لە بەرتیل دەیاندا. هەربۆیە حانوتی زیندانەکە پارەیەکی باشی پەیدادەکرد، لێرە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

به نرخێکی دووقات و سێ قات زیاتر له بازاڕ شتیان به زیندانییەکان دەفرۆشت.

دەرمانیش بەهەمان شێوەبوو، دکتۆر ئەحمەد لەمکارەدا قازانجێکی باشی دەکرد، ئەم پیاوە دکتۆریش نەبوو، تەنانەت شارەزایی دەرمانیش نەبوو. هەرچۆنێک بێت کەسیان گوێیان به نەخۆشکەوتنی زیندانییەکان نەدەدا. شتێک نەبوو نەخۆشبکەوتیتایه بتیان بردایه بۆلای دکتۆر یان بۆ خەستەخانە. ئەگەر بەرتیلێکی باشت بدایه لەوانەبوو ئەمەیان بکردایه. هەموو شتێک لەژێر بەزەیی دکتۆر ئەحمەد بوو. دەرمانەکانی به نرخێکی زۆرگران دەفرۆشت به زیندانییەکان، ئەوەی له دەرمانخانەکەی دکتۆر ئەحمەد بوو تەنها حەبی ئازار و حەبی خەوتن بوو، ئەو دەرمانانەی دکتۆر ئەحمەد به زیندانییەکانی دەفرۆشت ئەو دەرمانانە بوون که نەتەوە یەکگرتووەکان به خۆڕایی دەیدا به هەرێمی کوردستان. ئەو دەرمانانەی به بەلاش وەریاندەگرت به پارە دەیانفرۆشت و دووقات و چوارقات پارەیان پێیەیدا دەکرد. ئەوەی مایەی سەیروسەمەرەبوو دەرمانەکان هیچ سودێکیان به نەخۆش نەدەگەیاند. بۆنمونە زیندانییەکیان هێنا بەناوی سەلمان که تەمەنی هەر ٣٥ ساڵێک دەبوو، بەردەوام ناوگەڵی دەخورا، وابزانم توشی گەڕی هاتبوو، دکتۆر ئەحمەد کۆمەڵێ دەرمانی به سەلمان فرۆشت کەهیچ پەیوەندییەکی به نەخۆشییەکەی سەلمانەوە نەبوو. سەلمان تازە به تازە ژنی سێیەمی هێنابوو، لەبەرئەوەی ژنی سێیەمی زۆر گەنج بوو له ئاستیدا ئەندێشەی هەبوو، چونکو تازە زاوابوو لەوانەبوو ئەم نەخۆشییەی ژیانی زاوایەتییەکەی سەروبن بکردایه، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە چەندێک پارە بویسترایه سەلمان ئامادەبوو بۆ چاکبونەوەی نەخۆشییەکەی بیدات. مەخابن دەرمانەکانی دکتۆر ئەحمەد هیچ سوودێکی به سەلمان نەگەیاند. ئەمجارەیان لەجیاتی دکتۆر ئەحمەد، ساڵحە قەرەج هاتبووە ئاراوە. بەگوێرەی گێڕانەوەکان بێت، ئەم ساڵحە ئەوکاتەی راپۆرت دەبات بۆ دائیرەی ئیستیخباراتی سەدام، به راپۆرتەکەوە دەگیردرێت، ساڵح گەرەنتی به سەلمان دەدا ئەگەر توتن و خوێ تێکەڵ بەیەک بکات و کەمێک ئاو بەسەریاندا بپرژێنێت و بیانکوتێتەوە و بیانخاتەسەر شوێنە گەڕییەکەی ئەوا به تەواوەتی چاک دەبێتەوە.

رۆژی چوارشەممە خانەوادەی سەلمان دێنە دیدەنی کوڕەکەیان، دوای ئەوەی گەڕایەوە ناو قاوشەکە وتی: ساڵح چۆنی بوێت ئەو ئەوەدەکات، لەهەمانکاتدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەلمان زۆر بەختەوەر بوو، چونکو چاوی بە ژنە تازە و گەنجەکەی کەوتبوو. سەلمان بەگوێرەی رێنماییەکانی ساڵح هەموو کارەکانی کرد و دوای ئەوەی هەموو ئامادەباشییەکی کرد لە شێوەی مەڵحەم خستییە سەر شوێنی گەرێیەتییەکەی. دوای ماوەیەک لە ئەنجامدانی ئەم کارە، سەلمان درکی کرد ئەو شوێنانەی کە گوایە مەڵحەمی لێداون دەسوتێنەوە، برژاندن و خورین و ئازار دەستیان پێکرد، دوای ئەوەی ئازارێکی زۆری بۆهات سەلمان بورایەوە، ئەوکاتەی زیندانییەکان، پاسەوانەکانیان ئاگادار کردەوە، کە سەلمان بوراوەتەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک باسیان لە مەڵحەمەکەی ساڵح نەکرد، بە پاسەوانەکانیان وت لەوانەیە بەهۆی تەمەن و هەیەجان و جۆشوخرۆشییەوە بورابێتەوە. دوای ئەوەی شوێنی مەڵحەمەکە دەشۆرن ئیتر ئازارەکەی کەمدەبێتەوە و بەسەرووی هەموو کەسێکەوە ساڵح هەناسەیەکی ئاسودەی هەڵکێشا.

مەسەلەی بەرتیل هەمیشە بەردەوام بوو. محەمەد ئەمین سورچی نەیدەویست ناوی لەکەدار ببێت، چەندێک خۆی خۆشدەویست ئەوەندەیش دەیویست کەسایەتی نەڕوشێت. بۆچی نەیدەویست کەسایەتی نەزرێت؟، بێشک ترسی تەواوی لە پەدەکە هەبوو. هەمیشە هەوڵیدەدا پارە پەیدابکات و کەسیش پێینەزانێت کە بەرتیل خۆرە. زیندانییانی پەکەکە لەبەرئەوەی تەرازووی محەمەد ئەمین سورچییان تێکدەشکاند و لەهەمبەریدا رووی راستەقینەیان ئاشکرا دەکرد و ئەو کەسە ئیدارەچییەی کە گوایە محەمەد ئەمین سورچی دونیاکەی دروست کردبوو، ئەمان رووی راستەقینەیان ئاشکرا دەکرد، هەربۆیە لەم مەسەلەیە نیگەران بوو. ئەو دونیایە کەبە شێوەیەکی هێمنانە کە وەک جاڵجاڵۆکە دونیاکەی دروست کردبوو، کەچی ئەم زیندانییانەی پەکەکە بەهۆی عینادی و بەهۆی گوێ نەگرتنیان بۆ محەمەد ئەمین سورچییەوە دونیاکەیان سەروبن دەکرد.

هەموو جۆرە ئەشکەنجە سەختەکانی ئەم زیندانە کاریگەرییان لە زیندانییانی پەکەکە نەدەکرد، ئەوکاتەی بەگوێرەی حیساباتی سیاسەتی خۆیان کە پێویستییان بە سیاسەتێکی نەرمونیانتر ببوایە و بیانویستایە زیندانییانی پەکەکە هێور بکەنەوە، ئەوکاتە دەستبەرداری ئەشکەنجەی سەخت دەبوون. ئەم زیندانییانەی پەکەکە نە پارەیان هەبوو، نە کەسیش دەهات بۆ دیدەنییان، تەنانەت نەیاندەتوانی لە حانوتەکە هیچ شتێک بکڕن. بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بوتڵەغازی بچوک و شەکر و چایان نەدەدا بە زیندانییەکان، زیندانییەکان ناچاردەبوون لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حانوتەکە چای بکڕن، کەلەناو پەرداخێکی پلاستیکدا دەیان هێنا. چایەکەیش چایەکی زەرد و بێتام و شەکری کوڵویان تێدا دەتوانەوە و تەنانەت دەتوانم بڵێم چای حازری بوو نەک کوڵاوی ناو قۆری. دوای نانخواردنی ئێوارە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە چای بە زیندانییەکان دەفرۆشت. ئەو زیندانییانەی چایان دەویست دەبوایە پارەی پێشەکییان بدایە ئینجا چایان بۆدەهێنرا. پارەی حانوتەکەیش ڕێک دەچووە گیرفانی محەمەد ئەمین سورچییەوە.

ئەو چێشتلێنەرەی خواردنی دروست دەکرد بێشک لەژێر چاودێری پێشمەرگە بوو، ئەوکەسەی چای بەپارە دابەشدەکرد بێشک مام ڕەجەب بوو. مام ڕەجەب کەسێک بوو لەناو دونیای خۆیدا دەژیا، دڵی پاک بوو، کەسێکی خۆشەویست بوو. بەدرێژایی تەمەنی جگە لە چێشت لێنان کارێکی تری نەکردووە. بەدرێژایی ژیانم لەم زیندانە ئەوم دەناسی. کەسێک بوو دەست بە نزا و خریلە و قژیشی لوول بوو، هەردوکیشمان هاوشاری بووین. هەروەکو کەسانێکی زۆری تر ئەویش حەزی بەچارەی پەدەکە نەبوو، مام ڕەجەب تەداخولی هیچ کەسێکی نەدەکرد و لە هیچ حیزبێکیش نزیک نەدەبووەوە. ئەو ئەزمونەی لە چێشتخانەکان لەئاکامی چەندین ساڵە بەدەستی خستبوو ئێستا لێرە بەکاریدەهێنا. ئەو بەشێوەیەک ڕەفتاری دەکرد کە گوێ بەوەنادات ئەو چایانەی دەیانفرۆشێت پارەکانی بۆکوێ و بۆکێ دەڕوات. زۆرجار مام ڕەجەب دەچووە ژێر پەنجەرەی ئەو ژوورەی زیندانییانی پەکەکەی لێبوون، پێیدەوتن هەڤاڵان پەرداخەکانتان بهێننە دەرەوە چایتان بۆتێدەکەم. ئەو پەرداخانەی بە بەتاڵی بۆیان درێژدەکرد پڕی دەکردن لە چای، بەشێوەیەک ئەوەی دەسەلماند کە حەزو ئارەزووی بەلای ئەوانەوەیە کەلە زیندانەکەدا خۆڕاگری و بەرخۆدان دەکەن.

بەرپرسی زیندانەکە محەمەد ئەمین سورچی، کاریگەری بەرخۆدانی زیندانییانی پەکەکەی بەسەرەوەبوو، بەڵام بە پێچەوانەوە، زوو..زوو بە زیندانییانی پەکەکەی دەوت (ئێوە کەسایەتی منتان خستووەتە ژێر پێ، ئایا بەرپرسی ئەم زیندانە منم یان ئێوە؟، ئێوە دەتانەوێت هەموو داخوازییەکانتان جێبەجێ بکەم؟!)، بۆئەوەی دڵی ئەوان ڕازی بکات، دەیوت (ئێمە هەموومان کوردین و براین!)، ئەوکاتەی باسی لە برایەتی دەکرد، کاتێک برینەکانی جودی ئازاریان پڕاوپڕ دەبووەوە، ئەوکاتەی کە شیمال لەباوەشی چەکدار دوا هەناسەی دەدا و ئەوکاتەی دەنیز سەرقاڵی تیمارکردنی برینەکانی سەری بوو کە شکاندبویان، لەهەمانکاتدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەستم بە خڕمەی شکاندنی ددانەکانی مام خدرم دەکرد، لێرەدا لەم زیندانەدا شتێک نەبوو بەناوی برایەتییەوە کە هەست و درکی پێبکرێت.
ئەم وڵاتە کەناوی کوردستانە لێرەدا لەم زیندانەدا بە زمانێک قسەی دەکرد کە کوردستان وڵاتی کورد نییە، چونکو هەمیشە دەوترا کوردانی تورکیا و کوردانی عێراق و ئێران و سوریا، لەهەمانکاتدا ئەمە زمانی فەرمی پەدەکەیش بوو. بە زیندانییانی پەکەکەیان دەوت (ئێوە کوردی تورکییان)، لەهەمانکاتدا لێرەدا نرخ و بەهای کوردبوون نەبوو. محەمەد ئەمین سورچی کە باسی لە کوردایەتی دەکرد، زیاتر و زیاتر مەبەستی لە قودرەتی خۆی بوو، ئەمەیش ببووە مایەی ئەوەی ئایا کەسایەتی محەمەد ئەمین سورچی کەسایەتییەکی کوردایەتییە یاننا؟!.
کاتێک هاوشارییەکی ناکرێیم ئەم دیوارە پۆڵاییانەی بڕی و لەم زیندانە فیراری کرد دوایش چی بەسەرداهات؟، لێرەوە حاڵی دەبین کە دوای ئەوەی جارێکی تر زیندانی کرایەوە محەمەد ئەمین سورچی لەبارەی ئیعتیبارەوە چۆن هەڵسەنگاندن دەکات.
پایزی ساڵی ٢٠٠١ بوو، ژیانی ناو زیندانەکە ئاسایی بوو. ئەوکاتە زیندانییانی پەکەکە لە قاوشی ژمارە پێنج دەمانەوە، بە نۆبە دەچوونە تەوالێت و ناو ساحەکە. هەندێکییان لە تەوالێت بوون و هەندێکیشیان نۆبەیان گرتبوو بۆ تەوالێت و بەدەم پیاسەوە قسەیان لەگەڵ هەڤاڵەکانی خۆیاندا دەکرد. لەناکاو دەنگی تەقە بیسترا، ئەوانەی لەناو ساحەکەدا بوون، وەکو کارێکی گەریلایانە خۆیان لەسەر زەوییەکە درێژ کرد. پێشمەرگەکان شڵەژاو ببوون و بەچواردەوری خۆیان تەقەیان دەکرد، دەیانویست ئەوانەی لە ساحەکەن بە زووترین کات بچنەوە قاوشەکانی خۆیان. زۆربەی زیندانییەکان بۆنەوەی فیشەکیان بەرنەکەوێت بە زوویی خۆیان گەیاندە قاوشەکانیان. لەناوخۆیاندا پرسیاریان دەکرد ئایا چیبووە؟!. هەموویان بەچاوی خۆیان ڕووداوەکانیان بینیبوو. مەراقیان لە ڕووداوەکان بوو، لەناوخۆیاندا بەگوێرەی توانستی خۆیان هەڵسەنگاندنی مەسەلەکانیان دەکرد، لەئاکامدا زانرا یەکێک یان چەند کەسێک فیراریان کردووە، بەڵێ یەکێک لە هاوشارییەکەم کەبە تۆمەتی دزی زیندانی ببوو لە زیندان هەڵاتبوو.
فیرارکردن خەوی هەموو زیندانییەک بوو، زیندانییەکان ئەگەر بیانەوێت هەڵبێن، لەمبارەیەوە پیلان دادەڕێژن و گەنگەشەی دەکەن. بەدرێژایی زیندانیبونیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەناو خۆیاندا بەباشی و خراپی و ژیری و نەژیرانە، پیلانی هەڵاتنیان گەنگەشە دەکەن. هاوشارییە دزەکەم پیلانی هەڵاتنەکەی زۆر بێدەنگانە و بەبێ ئەوەی ئەم مەسەلەیە لەلای کەس باسبکات ئەنجامی دابوو.

ئەوەی فێراری کرد لە عەشیرەتی سورچی بوو. جەستەیەکی پتەو و بەخۆی هەبوو. ماوەی ٢ هەفتەبوو هێنابویان بۆ ئەم زیندانە. لەبەرئەوەی باشیان دەناسی چەندێک زۆرزانە، هەربۆیە کردبویانە حوجرەی تاکە کەسییەوە. ئەوکاتەی بەناوی ئەوەی پێویستە بچێت بۆ توالێت، دەرگای حوجرەکەی دەکەنەوە، ئەو ئەمەی بە هەلێکی زێڕین بینیبوو. کە دەرگاکە دەکەنەوە بەهەر شێوەیەک بێت لەناو زیندانەکە دێتە دەرەوە و بەڕاکردن خۆی دەگەهێنێتە دیوارەکە و دەچێتە دەرەوەی زیندانەکە. پاسەوانی سەر سەربانەکە کە درکی پێدەکات، تەقەی لێدەکات، بەڵام هیچ فیشەکێکی بەرناکەوێت. هەرچەندە بەدوایدا پاسەوانەکان رایانکردبوو، بەڵام فریای نەکەوتبوون. گورجوگۆڵی و قەدبارییەکییەکەی و خێراییەکەی و هەروەها کاتەکەیشی هۆکاربوون بۆ رزگاربوونی، کە مایەی دەستخۆشی و سەرسوڕمان بوو. زیندانییەکان ئافەرینیان لێدەکرد و نزایان بۆدەکرد جارێکی تر نەیگرنەوە. رۆژ کورت دەبووەوە و دونیا زوو تاریک دادەهات، لەبەرئەوەی دونیا زوو تاریک دادەهات، ئەوکاتەی هەڵات ئەگەر هەتا دونیا تاریک دادەهات نەگیردرایەتەوە ئەوا دەیتوانی سوود لە تاریکی وەربگرێت و خۆی وون بکات. هەمووومان مەراقی ئەومان بوو، پێشمەرگەیەک کە پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا باش بوو، لەبارەی مەسەلەی ئەم هەڵاتنە، پرسیارمان لێکرد، ئەویش وتی: (هێشتا دەستگیر نەکراوەتەوە)، بەگوێرەی ئەوەی ئەم هەڵاتووە کە خەڵکی ئاکرێیە و دزێکی باشیشە، باش دەزانێت بۆ کوێ دەڕوات و بۆ کوێ ناڕوات.

ئەو ئێوارەیە داهات کە زیندانییەکان بە گەرمییەوە چاوەڕێی بوون. پەیتا..پەیتا خۆر دەچووە پشتی چیاکەوە. تیشکە زەردباوەکەی خۆر وون بوو. بەرپرسی زیندانەکە محەمەد ئەمین سورچی، لە داخاندا خەریک بوو شەق بەرێت. یەکێک لە ئەندامانی عەشیرەتەکەی کە دزیشە لەژێر دەسەڵاتی ئەمدا لە زیندانی ئاکرێ هەڵاتبوو. سەرەڕای ئەوەی پەدەکە لە ئاکرێ و دەوروبەری رەوشی نائاسایی سەرتاسەرییان راگەیاندبوو، کەچی پێیاندەستگیر نەکرابوو. ئایا دزێک لە زیندان هەڵاتبێت کەسایەتی بەرپرسی پێنەدەڕوشا؟. ئەگەر دەستگیریان نەکردایەتەوە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەبوو بە پەڵەیەكی ڕەش بەنێوچەوانی محەمەد ئەمین سورچییەوە. ڕۆژی دواتر كە خۆرهەڵات، لەكە ڕەشەكەی نێوچەوانی محەمەد ئەمین سورچی زیاتر ڕەش بووەوە. هێشتا گۆڕانكارییەك نەهاتبووە ئاراوە هەتا حورمەت و بەرپرسیارێتییەكەی خۆی پێڕزگار بكات.

ئیتر ئێمە زانیمان دەستگیریان نەكردووە. بەتەواوەتی خۆی وون كردبوو. بەمشێوەیە پەدەكە نەیدەتوانی دەستگیر بكاتەوە، چونكە خۆی گەیاندبووە سلێمانی كەلەژێر كۆنترۆڵی یەكێتی نیشتیمانیدا بوو. بێشك ئیعتیباری كەسایەتییەكی مەزنی وەك بەرپرسی زیندانەكە قەبوڵی نەدەكرد دزێك بیروشێنێت. ئەوەی هەڵاتبوو لەهەمان عەشیرەتی بەرپرسی زیندانەكە بوو. خەڵكی گوندێكی نزیك بە گوندی بەرپرسەكە بوو، هەروەها خزمیش بوون. لەوانەبوو وابیربكرێتەوە كە چاوپۆشییان لەم هەڵاتنە كردبێت، لەهەمانكاتدا هۆشدار كراونەتەوە كە چاویان بەسەر ئەم دزەوەبێت و چاوپۆشی لێنەكرێت. بەڵێ بەمشێوەیە ئومێدی دەستگیركردنەوەیان نەما. بەدرێژایی یەكەم شەوی ئەم هەڵاتنە، محەمەد ئەمین سورچی خەو نەچووە چاوەكانییەوەی. زۆر بێچارانە بیری لەم مەسەلەیە دەكردەوە. ئەوەی فیراری كردبوو دەستگیر نەكرابووەوە. دەبوایە بۆ دەستگیركردنەوەی شتێكی بكردایە. بیریان لە پیلانێكی كلاسیك كردەوە كە بتوانن هەڵاتووەكە دەستگیر بكەنەوە، ئەویش ئەوەبوو خانەوادەی هەڵاتووەكە دەستگیر بكەن، بەمشێوەیە هەڵاتووەكە ناچاردەبێت خۆی رادەست بكاتەوە.

محەمەد ئەمین سورچی، ئەم پیلانەی خۆی بۆ قایمەقامی ئاكرێ ئاشكرا دەكات، قایمەقامیش ڕاستەوخۆ قەبوڵی دەكات. بۆسبەی ئێوارە باوكە بەتەمەن و هەژارەكەی و لەگەڵ برایەكی دەستگیر دەكەن و هێنایانن بۆ زیندانی ئاكرێ، بەمشێوەیە محەمەد ئەمین سورچی گەورەیی و توانا و بەهێزی خۆی ئیسپات دەكات. ئەم ڕەوشە بۆ حامید و حاتەم و سەیفۆ دەبوو بە مەشقێكی ئەشكەنجە، لەبەرچاوی هەموو زیندانییەكان كەوتنە تێهەڵدانی باوك و برای هەڵاتووەكە. زیندانییەكانیش بە سەرسوڕمانەوە لەم لێدانی باب و برای هەڵاتووەكەیان دەڕوانی. هەندێك لە زیندانییەكان چاوی خۆیان دەگرت بۆئەوەی ئەم دیمەنە نەبینن. تیاشیاندا هەبوو لەبەردەم ئەم دیمەنە دەگریان و تیاشیاندا هەبوو لە داخاندا لێوەكانی خۆی دەگەزی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەموو زیندانییەکان داخی ئەوەیان هەڵدەکێشا کە نەیاندەتوانی موداخەلەی ئەم مەسەلەیە بکەن. سێ برای زاڵم باوک و کوڕێکیان خستبووە ژێر پێی خۆیان و ئەشکەنجەیان دەکردن. ئەوان تەنها وەکو پیشە ئەشکەنجەیان نەدەکردن، بەڵکو بۆ تۆڵە سەندنەوە ئەمکارەیان دەکرد. دایکی هەڵاتووەکەیان ناردبوو بۆ سلێمانی. ئەگەر کوڕەکەی ببینیایە داوای لێدەکرد خۆی رادەست بکاتەوە، ئەگەر خۆی رادەست نەکاتەوە ئەوا باوک و براکەی هەتا مردن لە زیندانی ئاکرێ ئەشکەنجە دەکرێن.

دوای هەفتەیەک محەمەد ئەمین سورچی وەک کەڵەشێرێکی براوە لە ساحەکە خۆی دەرخست. لە پشتی ئەم کەڵەشێرەوە هەڵاتووەکەیان هێنا کە زۆریان لێدابوو، هەروەها بە زنجیریش بەستبویانەوە. هەڵاتووەکە دیاربوو بیری لە باوکە بەتەمەن و هەژار و براکەی کردبووەوە، بێشک لەگەڵ دایکیشی. لە ساحەکە هەرهەمان سێ براکە حامید و حاتەم و سەیفۆ هەمانکاری خۆیان دەکردەوە. ئەمجارەیان لەگەڵ زیندانییەکاندا باوک و برای هەڵاتووەکە، باوک تەماشای کوڕ و برایش تەماشای برای دەکرد کە چۆن ئەشکەنجەی دەکەن. لەوەدەچوو هەڵاتووەکە خۆی بۆ ئەم ئەشکەنجەیە ئامادە کردبێت و بە قەدەری خۆی رازی بوبێت. خۆی لە تێهەڵدانەکان دەپاراست و هیچ ئاخونۆفێکی نەدەکرد. باوک و براکەی و زیندانییەکانیش بێ چارەبوون و نەیاندەتوانی هیچ بکەن. زیندانییەکانی پەکەکە بە هەستکردن بە ئازار و بە قینەوە لەم دیمەنەیان دەڕوانی.

هەتا هەڵاتووەکە نەبورایەوە وازیان لە تێهەڵدان و ئەشکەنجە نەهێنا، دوایش قاچیان راکێشا و خستیانە ناو حوجرەوە. باوک و برای هەڵاتووەکە ٢٠ رۆژ لە زیندانەکە هێشتیاننەوە و هەموو رۆژێک چاویان بە ئەشکەنجەی زیندانییەکان دەکەوت کەلەلایەن حامید و حاتەم و سەیفۆ نمایشیان دەکرا. محەمەد ئەمین سورچی لەسەر دڵڕەقی و بێ بەزەیی خۆی بەردەوام بوو، تەنانەت لە حوجرەکەیش دەست و قاچی هەڵاتووەکەیان بە زنجیر بەستبووەوە. رۆژی یەکجار خواردنیان پێدەدا، یەکجاریش دەیانبرد بۆ تەوالێت، سەرەڕای ئەوەی کەشوهەوا ساردیش بوو، کەچی هەڵاتووەکە بە زنجیر بەسترابووەوە و نیوەرووت بوو، هەروەها بە برسێتی دەیانهێشتەوە. بەتەواوەتی لاواز ببوو، بەردەوامیش ئەشکەنجەیان دەکرد. لەبەرئەوەی تەراشیان نەکردبوو بەتەواوەتی ریش و قژی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تێکەڵ بەیەک ببوون، بەشێوەیەک گۆڕابوو دڵنیام ئەگەر دایکیشی ببیبنیایە، نەیدەناسییەوە.

دوای ٦ مانگ محەمەد ئەمین سورچی دڵی داکەوت و هەڵاتووەکەی لە حوجرەکە دەرکرد و خستییە ناو قاوشی ژمارە یەک. مەخابن بەهۆی ئەشکەنجە و مانەوەی لە حوجرە تاڕادەیەک ئەقڵی لەدەستدابوو، تەنانەت توانای قسەکردنیشی نەمابوو. محەمەد ئەمین سورچی بەهۆی ئەم ئەشکەنجەدانەی ئەم هەڵاتووە دەیویست قودرەتی خۆی بسەلمێنێت. چاوی زۆر کەسی ترساندبوو، زۆرینەی زیندانییەکان شەرمیان لەم رەوشە دەکرد و قێزیان لێدەکردەوە. دوای ئەم مەسەلەیە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە پاسەوانیان زیاتر کرد و تەنانەت لە نێوان قاوشەکانیشدا چاودێریان دانا. ئەمانە پێیاندەوترا موراقیب، ئەم موراقیبانە کەسانی سەر بە پەدەکە بوون و کەسی نزیکی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بوون. موراقیبەکان ئەرکیان ئەوەبوو ئارامی و زیندانەکە بپارێزن. سەرژمێرییان دەکرد و لەبارەی رەوشی زیندانەکەوە راپۆرتیان دەدا بە بەڕێوبەرایەتی. هەرچییەکیش لە قاوشەکان روویانبدایە ئیدارەیان ئاگەدار دەکردەوە. کاغەز و قەڵەم تەنها بە موراقیبەکان بوون، ئەو زیندانییەی بیانویستایە لەگەڵ ئیدارە قسەبکەن، دەبوایە بە موراقیبەکانیان بوتایە، تەنها ئامراز کە زیندانییەکان بیانتوانیایە لەسایەیدا گوێداری گۆڕانکارییەکانی دەرەوە بونایە، تەنها رادیۆ بوو کە بەدەستی موراقیبەکانەوەبوو. رۆژنامەیان بۆ زیندانییەکان نەدەهێنا، تەلەفزیۆنیش لە قاوشەکان نەبوو، کەی، چۆن، چەنێک زیندانییەکان بۆیان هەیە گوێ لە رادیۆ بگرن ئەمەیش بەدەستی موراقیبەکان بوو، بەگشتی گوێیان لە رادیۆی پەدەکە دەگرت، بەمشێوەیە موراقیبەکان بەشێوەیەکی گشتی چاوساغی زیندانی ئاكریێ بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٣

# ژیانی یەک رۆژە

بەردەوام گوێم لەو قسانە دەبوو کە دەستەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە لەناو خۆیاندا دەیانکرد. بە زیندانییەکانیان دەوت (دوژمن)، هەربۆیە بە گوێرەی زهنییەتی ئەوان دەبوایە دوژمن لە دوژمنایەتی بخەیت هەتا دوژمنایەتی نەکات. بۆ پێکانی ئەم ئامانجەیش دەبوایە ئیرادە بشکێنن و ئەگەر ئیرادەیان بشکێنن، روبەڕوت نابنەوە و نایشتوانن جارێکی تر پەنجە رابوەشێنن و ئەسیری خۆتیانی دەکەیت. بۆ ئەم مەبەستەیش کاریاندەکرد کە تێهەڵدان نەرمترین شێوازی ئەشکەنجەیان بوو. زیندانییەکان لە زیندانی ئاکرێ بە گڕ پەدەکە دەهاتنەوە، روبەڕویان دەبونەوە و پابەندی بڕیارەکانیان نەدەبوون، هەربۆیە لەچاو بەرپرسیارانی زیندانەکە ئەم زیندانییانە موستەحەقی هەموو شتێک بوون کە لێیان بکرێت. کاتێک زیندانییانی پەکەکە لە زیندانی پەدەکە بوون، بەڵام هەڤاڵەکانیان لەسەر چیاکان بەشێوەیەکی قارەمانانە بەرپەرچی هێرشەکانی پێشمەرگەکانی پەدەکەیان دەدایەوە و زیانێکی زۆریشیان پێدەگەیاندن. بێشک دەبوایە پەدەکە لێرە کارێکیان بکردایە کە ئازاریان کەم بکاتەوە و خەمیان برەوێنێتەوە و دڵی خۆیشیان بدەنەوە.

دەبوایە لە تۆڵەسەندنەوەدا ئەوەی لەدەستیان بهاتایە بیانکردایە. لەمبارەیەوە محەمەد ئەمین سورچی خاوەن ئەزمون بوو. هەرچۆنێک بێت لەناو سیستەمە دڕندەکەی سەدامەوە هاتبوو کە دەیزانی چۆن رەفتار لەگەڵ زیندانیدا بکات. لەهەمانکاتدا لەسەردەمی سەدامدا کەلەسەر کاربوو، وەکو ئێستای خاوەن دەسەلاتێکی رەهایش نەبوو، بەڵام ئێستا فەرمانبکات ئەو کەسە بکوژن، دەکوژرێت و بۆ ئەنجامدانی ئەمەیش کورەکانی خۆی و برازاکانی لە خزمەتیدا بوون. بۆئەوەی حەقیان نەخۆین، ئەم کارانەیان زۆر بە زەوقەوە دەکرد. هەموو ئەندامانی دەستەی بەڕێوبەرایەتی زیندانی ئاکرێ، ئەو ئەرکەی وەریانگرتبوو، ئەمەیان وەکو هەلێکی زێرین دەبینی. بۆنمونە بەرپرسیارێتی موتڵەق درابوو بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

محەمەد ئەمین سورچی كە پەروەردەی دەستی بەعسییان بوو. ئێستا دەست رەنگینی و لێزانی خۆی لەم زیندانە تاقیدەكردەوە، بۆئەوەی دڵسۆزی خۆی بۆ بنەماڵەی بارزانی بسەلمێنێت و پلەوپایەی خۆیشی گەورەتر بكات، لە هەمانكاتیشدا كەسە نزیكەكانی خۆی پلەوپایە بەدەست بخەن، ئەوەی لەدەستی بهاتایە بە زیادەوە دەیكرد، كە ئەمەیش ئێستا هەلێک بوو بۆ ئەو. ئەو هەلانەی بەردەستی كەوتبوون، بەشێوازی خراپ بەكاریانی نەدەهێنا. یەكێک لە هەلە زێڕینەكان، ئەوەبوو كوڕەكانی و برازاكانی بەشێوەیەكی ئەبەدی بە پلەی بەڕێوبەرایەتی بیانهێڵێتەوە و لەگەڵ قۆناغەكاندا بیان گونجێنێت و لەهەمانكاتیشدا لەڕێی بەرتیلەوە خۆیان دەوڵەمەند بكەن. لەڕاستیدا خۆی و كوڕەكانی و برازاكانیشی لە ئەنجامدانی ئەم كارانە زۆر لێزان بوون. مولازم ئاشوریشیان چاوی لە پلەوپایە بڕیبوو. ئەو بێدەنگانە و بە قوڵی و بە پیلان كاریدەكرد. ئەو لەڕێی كارەكانی زیندانی ئاكرێوە، وای لە سورچییەكان كردبوو كە بەرتیل بخۆن و ئەشكەنجەی خەڵكی بكەن و لە ئاستیاندا چاوپۆشی دەكرد، پاشان ئەم شێوازی كارانەی سورچییەكانی بگەهێندایە بەگوێی بنەماڵەی بارزانی، ئەوە لەوانەبوو خۆی خۆشەویست بكردایە و زیاتر لێیان نزیک دەبووەوە. بەواتایەک بەڵگەی كۆدەكردەوە و ئەگەر كاتی بهاتایە و مەبەستی ببوایە لەهەمبەر سورچییەكان بەڵگەكانی بەكاردەهێنا، بەمشێوەیە ئەوانی بێكاریگەر دەكرد و دووریانی دەخستنەوە. ئەو بەگوێرەی پیلانی خۆی، ئەگەر ئەم خراپەكارییانەی سورچییەكانی ئاشكرا بكردایە و لووتی یەكێتییەكانی ناو زیندانەكەی بشكاندایە و بیتوانایە پشتی زیندانییانی پەكەكە بشكاندایە و لەناو خەڵكدا پەكەكەی بێكاریگەر بكردایە، ئەگەر لەمانەدا سەركەوتنی بەدەست بخستایە، ئەوا لەناو پەدەكەدا دەبوو بە قارەمان و دەبوو بە دەستە راستی بنەماڵەی بارزانی و كەسیش نەیدەتوانی لەو پلەوپایەی پێیدەبەخشرا هەڵیتەكێنێت. ئەو كەسێک بوو خۆی بەم پیلانانەوە سەرقاڵ كردبوو. دركی كردبوو كە دەبێت كارەكانی زۆر بە جدییانە ئەنجام بدات. ئەم سیستەمەی ناو زیندانی ئاكرێ، رێخۆشكەربوو بۆ ئەم پیلانە قێزەونانە و لەم بارەیەشەوە ئەم زیندانە هەلی دەخستە بەردەمیان.

ئەوكاتەی بە كۆستەر زیندانییان دەهێنا بۆ زیندانی ئاكرێ، بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە بە جۆشوخرۆشییەكی زۆرەوە پێشوازییان لێدەكردن. ئەو زیندانییانەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

که پێشوتر لەلای پاراستن و ئاسایشی پەدەکە گیرابوون، لەوێ ئەشکەنجە کرابوون و بێ ناو و بێ نانیان کردبوون. بێگومان ئێستا موستەحەقی ئەوەن کە بە جوانی پێشوازییان لێبکرێت. کاتێک دەبیسترا زیندانییەکان دەهێنرێن بۆ زیندانی ئاکرێ، بەرپرسیارانی زیندانەکە بەشێوەیەکی زۆر جوان لە پێشوازییاندا بوون. ئەوکاتەی دەرگای زیندانەکە دەکرایەوە، کۆستەر و پیکابەکان خۆیان دەکرد بە زیندانەکەدا، ئەوکاتە جۆشوخرۆشی پێشوازییەکە زیاتر گڕی دەگرت. پاسەوانیان تێدابوو خۆی ئامادە دەکرد و دەستەکانی لەیەک دەخشاند و تیایاندا هەبوو لە خۆشییاندا کێبڵەکەی لەناو لەپی خۆی دەدا و تیاشیاندا هەبوو تێلاکەی ئەدا بە زەوییەکەدا و ئامادەباشی خۆیان دەکرد. مولازم جاسم کە پێیاندەوت چەوتۆ سەرچۆپی ئەم پێشوازییەی نەدەدا بە کەس. حامید و حاتەم و سەیفۆیش لە خۆشییاندا چاوەکانیان ئەبلەق ببوو، ئەوانیش دەیانویست پێشوازییەکی گەرمی زیندانییەکان بکەن. کە دەرگای کۆستەر دەکرایەوە، هەموو پاسەوانەکان لە یەککاتدا پێشوازییان دەکرد. زیندانییەکانیان یەک..یەک دادەگرت و حەسیرمەیدانیان دەکردن. دوای ئەوەی تێهەڵدانێکی باشیان دەکردن، ئینجا تاک..تاک لە سووچێک دایانیاندەنان. بەشێوەیەکی زۆر سەروبنانە بە کێبڵ و تێلا و بە دار دەکەوتنە سەروگێلاکی زیندانییەکان. برا و ئامۆزاکان لەناو خۆیاندا بۆ دەستوەشاندن و ئەشکەنجەکردنی زیندانییەکان پێشبڕکێیان دەکرد.
دابەزینی زیندانییەکان و تێهەڵدانیان جێمی یەکەمی گەمەکە بوو، دووەمیان وەجبەی تێهەڵدان ئەوکاتە بوو کە دەبران بۆ قاوشەکان. کاتێک هەرکەسێکیان دەبرد بۆ ئەو قاوشەی بۆیان دیاریکردبوو، هەتا دەخرایە شوێنەکەی خۆیەوە لێدانی دەخوارد. ئەوانەی پێیاندەوترا دیل یان زیندانی و بۆ ئێرەیان دەهێنان، زۆربەیان تەمەنیان مامناوەندی بوو، هەروەها پێشمەرگەیش بوون. لەناویاندا هەبوو پێشمەرگە بوو، بەڵام بەدیلی کەوتبووە دەستی پەدەکە، زۆرینەیان دوای ئەوەی لە پاراستنی پەدەکە لێکۆڵینەوەی چڕیان لەگەڵیاندا دەکرا و ئەشکەنجەیان دەکردن، ئینجا دەیانهێنان بۆ زیندانی ئاکرێ. هەموویان لاواز ببوون و بێ ناو و بێ نانیان کردبوون، وایانلێهاتبوو حەوسەڵەی هیچیان نەمابێت. زۆریان هەبوو کاتێک لە ساحەکە لێدانی دەخوارد، دەبورایەوە و لە سوچێک فڕێیاندەدا. براکان و ئامۆزاکان لە ئاستی ئەم دیمەنانە خۆیان لە گێلیدەدا و هەربۆیە لە ئەنجامدانی کارەکانیان سارد نەدەبوونەوە. بەتایبەتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگە دێرینەکان و ئەو کەسانەی کە تەمەنیان هەبوو، ئەوانەی لێیانیاندەدا کەلە تەمەنی کوڕەکانیان بوون، بەم حاڵە زۆر شەرمیان دەکرد و ئاخیان هەڵدەکێشا و ئەمەیان بە شەرم و کەموکوڕیی دەزانی.
ئەم شێوازی هەستی تەریق بوونەوە، چەوتۆ درکی پێدەکرد، چەوتۆ ئەوانەی لەژێر فەرمانی ئەمدابوون، گاڵی دەدایە گیانیان. زۆر لە زیندانییەکان بۆئەوەی زیاتر لێدان نەخۆن، هەبوو خۆی دەبورانەوە و تیاشیاندا هەبوو ئاخۆئۆفێکی زۆریدەکرد تاکو بزانن ئازارێکی زۆری چێژتووە، بەڵکو وازیلێبهێنن. ئەو حاڵەتانە ئەوکاتانە بوون کە کەرە زەردە پێیشاد دەبوو. ئەمجۆرە کەسانە ئەوکاتەی بە تێلا و بە کێبڵ لە یەکێکیان دەدا و دوایش وازیان لێدەهێنا و کە گوێیان لە نوزە و ئاخوئۆفو هاواریان دەبوو، لە خۆشییاندا دەگەشانەوە. بەتایبەتی لەم حاڵەتانەدا قەشمەرییان دەکرد. کاتێک دەیانبینی زیندانییەکان ترساون و ئیرادەیان تێکشکێنراوە، بەختەوەر دەبوون. ئەوانەی بێ ئیرادە و ترسنۆک بوون، هێشتا لە ئاستیاندا کێبڵ بەرز نەبووەوە، دەپاڕانەوە و دەگریان. بۆئەوەی گریان و پاڕانەوە و ئاخوئۆفیان زیاتر ببیسترێت حامید زیاتر دەستی دەوەشاند.
هەموو زیندانییانی قاوشەکان کەلە پەنجەرەکانیانەوە تەماشای ساحەکەیان دەکرد، بە تەواوەتی دیمەنەکانیان دەبینی و هاوارەکانیش دەگەیشتنە گوێیان. هەرچەندە ئەوکاتەی کە دەنگی کۆستەرەکان دەهاتن، مولازم جاسم، گرووپەکەی دەخستە دوای خۆی و بە پەنجەرەی قاوشەکان دەگەڕا و پێیانیدەوت کەس لە پەنجەرەکانەوە تەماشای دەرەوە نەکات، لەڕاستیدا بە ئەنقسەت ئەمەی دەکرد، چونکە بۆچاوترساندنی زیندانییەکان دەیویست ئەم ڕووداوانە ببینن و گوێیان لە هاوار و گریانەکان ببێت تاکو چاوترسیان بکات. مولازم جاسم باشی دەزانی کە زیندانییەکانی ناو قاوشەکان مەراقیان بوو کە بزانن لە دەرەوە چی ڕوودەدات، ئەی مەبەستیان ئەوەنەبوو کە ئیسپاتی قودرەتی کونفەیەکونی خۆیان بکەن؟!.
ئەوکاتەی زیندانییەکانیان دەهێنایە قاوشەکانەوە، فەسڵی ئەشکەنجە تەواو نەدەبوو.هەر ڕۆژێک و سەعاتێک بیانویستایە زیندانییەکیان دەردەهێنا و ئەشکەنجەیان دەکرد، بۆ ئەم مەبەستەیش وەکو زیندانەکانی سەدام لەژێر زەمینی زیندانی ئاکرێ، شوێنی کۆگا و خۆپاراستنیان کردبوو بە ژووری ئەشکەنجە. ئەشکەنجەی ئێرە وەکو ئەشکەنجەی ساحەکە بە هەراوهۆریا نەدەکرا، لێرەدا ئەشکەنجەدان بە میکانیزم و بە پیلان بوو. ئەشکەنجەی زیندانییەکانیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆر بە کاوخۆ دەکرد و کەیفیان پێدەهات. سەیفۆیان وەکو ئەوەی یاری بە بووکەشوشە بکات، بەوشێوەیە گەمەی بە زیندانییەکان دەکرد. لەکاتی ئەشکەنجەدا سەرەتا قژ و سمێڵیان دەتاشی و ئەوەیشی سەقەت بوایە گاڵتەیان بە سەقەت بوونەکەیان دەکرد، بەمشێوەیە ئەم ئەشکەنجەدانە ببووە مایەی کەیفخۆشی ئەوان. ئەوەی دەهێنرا بۆ قاوشەکان تووشی شۆک دەبوو، ئەو شوێنەی کە چەند مەترێک بوو، کەلەوانەیە ٢٠بۆ٣٠ کەسێک جێی تێدانەبوایەتەوە، بەڵام ٨٠بۆ٩٠ کەسێکیان تێداخزاندبوو، بەمەیشیان دەوت قاوش.

هەموو زیندانییەکان لەسەر زەوییەکە دادەنیشتن و دەنوستن. زەوییەکە چیمەنتۆ بوو، بەتانی عەسکەرییان هێنابوو کە هەمووی کۆن و چڵکن بوون. بەیانیان کە هەموو کەس لە خەو هەڵدەستا، بەتانییەکانیان قەد دەکرد و لە سوچێک دادەنران. شتومەکی تایبەتی وەک جل، فلچە و مەعجونی ددان دەخرانە ناو بوخچەیەکەوە و بە دیوارەکەدا هەڵیان دەواسی. لەلای دەرگای قاوشەکە شوێنێک تەرخانکرابوو بۆ شوێنی قاپوقاچاغ، هەرلەهەمان شوێندا بۆرییەکی ئاو هەبوو، ئەم ئاوە لە تانکی سەربانەکەوە دەهات کە هەموو زیندانییەکان بۆ دەموچاو، قاپوقاچاغ و جلوبەرگ شۆرین بەکاریان دەهێنا و لەهەمانکاتیشدا دەیانخواردەوە. کێشەی گەورەی زیندانییانی قاوشەکە بێشک تەوالێت و خۆشۆرین بوو. ئەوکاتەی دیواری سەربازەکان بووم، ئەوکاتە دەرگای قاوشەکان کراوەبوون، ئەوەی دەیویست بچێت بۆ تەوالێت بە ئاسانی لە قاوشەکە دەچووە دەرەوە و دەچوو بۆ تەوالێت. هەر لەم شوێنی تەوالێتەدا شوێنی دەستنوێژ و حەمامیش هەبوو، بەڵام زیندانییانی ئەم زیندانە ئەوکاتەی دەرگای قاوشەکانیان دادەخرا، لە هەموو ئەمانە بێبەش دەبوون.

بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە لە زستاندا دووجار و لە هاوینیشدا سێجار دەیانبردی بۆ تەوالێت. ئەوکاتەی دەردەکرایت بۆ تەوالێت لەبەرئەوەی بەیەکجار ژمارەیەکی زۆریان دەردەخست، پاڵەپەستۆ روویدەدا. کۆمەڵێک پاسەوان لە نێوان قاوش و تەوالێتەکە پاسەوانییان دەکرد. بەدەلی بەکارهێنانی تەوالێت هەبوو. پێویست بوو بەبێ ئەوەی خۆت دوابخەیت بەخێرایی بێیتە دەرەوە. ماوەی دوو خولەکیان بۆدانابویت. زیندانییەکان بۆئەوەی لێدان نەخۆن، بەخێرایی خۆیان دەگەیاندە تەوالێتەکە و ئیشی خۆیان بەخێرایش تەواو دەکرد. تەنهاوتەنها زیندانییانی پەکەکە پەلەیان نەدەکرد. ئەوکاتەی پاسەوانەکان دەیانویست هێرش بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زیندانییانی پەکەکە بەرن، ئەوانەی لەوێ بوون و بەتەمەن بوون خۆیان دووردەخستەوە. زیندانییانی هەرزەکار و بەتەمەن و نەخۆشی تێدابوو. بەهۆی ئەو خواردنەی دەخورا ئێڵنجیان دەدا و مەعیدەیان دەبرژایەوە. ئاویان دەخستە ناو مەتارەوە و هەمان مەتارە بۆ خواردنەوە و تەوالێتیش بەکار دەهێنرا. بێشک ٨٠بۆ٩٠ کەسێک کرابێتە قاوشێکی بچوکەوە، دەبێت حاڵیان چۆن بێت. دوو زیندانی بەتانییەکی کۆنیان بەرز دەکردەوە و یەکێک دەچووە پشت بەتانییەکە و تەوالێتی دەکرد. لەپشت بەتانییەکە دەنگی تڕ و تس دەهات و بۆنی گویش بە قاوشەکەدا بڵاودەبووەوە. ئەوەی ئەو تەوالێتەی دەکرد، کە تەواودەبوو زۆر..زۆر شەرمی دەکرد و شەرمەزاری قاوشەکە دەبوو. ئەوەی مایەی سەرنج بوو کونەکەبوو، ئەو کونەی بۆ تەوالێت بەکار دەهێنرا هەمان بۆڕی بوو کە قاوشەکانی تریش بەکاریان دەهێنا و بەڕاستی بۆنێکی زۆر ناخۆش لە بۆڕییەکانەوە دەهاتە دەرەوە. لەچی قاوشێکەوە تەوالێت بکرایە، ئەگەر کەمیش بوبێت لە کونەکانەوە بۆنەکەی دەگەیشتە قاوشەکانی تر، بەتایبەتی لە هاویندا ئەم مەسەلەیە زۆر ناخۆشبوو. ئەو زیندانییانەی بەسەریەکەوە کەڵەکە کرابوون، بۆ ئەوەی تینوێتیان بشکێنن، کێشەیەکی گەورەیان هەبوو. لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا هەڵسان و خۆگەیاندنە لای جلیکانەکە، ئەشکەنجەبوو. پەڕینەوە بەسەر زیندانییەکاندا ئەوانی نارەحەت دەکرد. ئەم هاتووچۆیە دەبووەوە هۆکاری ئەوەی کە قاچ بنێیت بەسەر دەست و قاچی خەڵکییەوە، ئەمە جگەلەوەی بۆئەوەی نەکەویت خۆت بە ملی خەڵکییەوە دەگرت. بۆئەم مەبەستە هەڵسان بە شەو باشترین شت بوو. لە هاویندا نەیاندەهێشت زیندانییەکان خۆیان بشۆن، لە زستاندا یەک یان دووجار خۆشۆرین هەبوو. حەمامەکە نزیک بە تەوالێتەکە بوو، ئاوەکە لەناو مەنجەڵێکی گەورەدا بوو بە پەرەمێز گەرمیان دەکرد.

زیندانییەکانیان بە گرووپی ٢٠ کەسی دەهێنا. بەهەر زیندانییەک دوو جلیکانە ئاو و سابونێکیاندەدا. بۆخۆشۆرین خۆیان رووت و قوت دەکردەوە. خەڵکی تێدابوو شەرمی دەکرد لەناو ئەو هەموو خەڵکە خۆی رووت و قوت بکاتەوە. بۆنمونە زیندانییانی پەکەکە خۆیان رووت و قوت نەدەکردەوە. کاتێک دەیانبردن بۆ حەمام تەنها بە ئاوی گەرم سەریان دەشۆری و دەگەڕانەوە. لەکاتی بردنیان بۆ تەوالێت بە ئاوی سارد خۆیان دەشۆری، ئەمەشیان بۆیەدەکرد تاکو لە حەمامەکە لەبەرچاوی خەڵکی خۆیان رووت و قوت نەکەنەوە. لە ساحەکەدا کاتی تەوالێت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و پیاسەکردن یەک کات بوو، کە دەچونە ساحەکەوە ئەوانەی دەچوونە تەوالێت، ئەوانەیشی لە ساحەکە دەمانەوە چاوەڕێی دەرچونی ئەوانیان دەکرد تاکو خۆیشیان بچنە تەوالێت. لەڕاستیدا تەنها بۆئەوەی ڕێگری لە پیاسەی ناو ساحەکە بگیردرێت، هەربۆیە کاتی تەوالێتیشیان لەهەمانکاتدا دانابوو. هەرلەکاتی هاتن بۆ ناو ساحەکە دەبوایە لەهەمانکاتدا تەوالێتت بکردایە و فریابکەویت بە جلیکانیش ناو بەریت بۆناو قاوشەکە. زیندانییەکان لە بەلوعەی ناوی ساحەکە دەموچاویان دەشۆری و هەشبوو دەستنوێژی دەگرت.

ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆیی. ئەوکاتانەی زیندانییەکان لە قاوشەکانیان بوون، ڕۆژانە دەستیان دەکرد بە ئۆپەراسیۆنی دژ بە کێچ و ئەسپێ. ئەو ژیانە پۆخڵ و پیسەی تێی کەوتبوون، خۆیلەخۆیدا ئەسپێی دروستدەکرد. زیندانییانی پەکەکە کەلە قاوشی ژمارە ٧ بوون، هەڤاڵێکیان هەبوو بەناوی بورهان، ئەو فەرماندارێتی ئۆپەراسیۆنی دژ بە کێچ و ئەسپێکانی دەکرد. بورهان لە ناو شار بەشداری ڕێکخستنەکانی پەکەکەی کردبوو. تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو، کەسێکی قسەخۆش و بەزەوق بوو. خەڵکی باشوری کوردستان بوو. هەموو هەڤاڵەکانی چاوەڕێی فەرمانی بورهان بوون. کاتێک دەیوت هەڤاڵان دەست بە ئۆپەراسیۆنی کێچ و ئەسپێ بکەن، ئەوکاتە هەڤاڵەکانی دەستیان دەکرد بە کێچ و ئەسپێ کوشتن. لەدوای ئەم فەرمانە، زیندانییەکان سەرەتا کراسەکانیان دەردەخست، دوایش دەستیان دەکرد بە کوشتنی ئەو ئەسپێیانەی کەلەناو دەرپێ کورتەکانیاندا بوون، دوایش ئەسپێی شەرواڵەکانیان دەکوشت.

بەتانییەکانیان دەخستە سەرخۆیان و دەرپێ کورتەکانیان دەردەخست. ئەسپێکان زیاتر حەزیان لە شوێنی چەوری و شیرینی دەکرد. دوای ئەوەی ئۆپەراسیۆنی فانیلە عەلاگەکانیش تەواودەبوو، هەروەها دوای ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکە تەواودەبوو، بورهان کاغەز و قەڵەمی لەدەست دەگرت و یەکبەیەک لە زیندانییەکانی دەپرسی چەند ئەسپێی کوشتووە و ژمارەکەی دەنوسییەوە. دوای تەواوبونی ئەم سەرژمێرییە ئینجا ئاکامی ئۆپەراسیۆنەکەی ڕادەگەیاند، ئاکامەکەیش لە نێوان ڕۆژەکاندا دەگۆڕدرا. بەردەوام ڕۆژانە ٢٥٠بۆ٤٠٠ کێچ و ئەسپێی خائین و دوژمن دەکوژران. ئەگەر ڕۆژانە ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەنجام نەدرایە مەحاڵ بوو بتوانرێت بەسەر ئەم کێچ و ئەسپێیانە زاڵ ببیت. دوای ئەوەی خاچی سوور تراکسوتیان هێنا، ئیتر شەرواڵەکانیان لەناو لایلۆنێکدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەدیوارەکەوە هەڵواسی. دوای ماوەیەک لەسەر ئەم تراکسوتانەیش ئۆپەراسیۆنی کێچ و ئەسپێ دەستیان پێکردەوە.
بەڕێوبەرایەتی سەرژمێری دەکرد، ئەو مولازمەی دەهاتەلای پەنجەرەی قاوشەکەوە، سەرژمێری قاوشەکەی لە موراقیبەکە وەردەگرت. ئەو ڕۆژە کام لە مولازم ئەرکدار بوایە ئەو دەهاتە لای پەنجەرەکەوە، بەبێ ئەوەی تەماشای قاوشەکانیش بکات، وەرەقەی سەرژمێرەکەی لە موراقیبەکە وەردەگرت و دەڕۆیی. دوای سەرژمێری بەیانی، خواردنی بەیانیان دابەشدەکرد. دووجۆر خواردنی بەیانیان هەبوون کە پێیدەوترێت قاواڵتی. یەکێکیان هاوینە و ئەویتر زستانەبوو. قاواڵتی زستانە قاپێک نسیک بوو، بەڕاستی لە شۆربای نیسک نەدەچوو، هەربەناو پێیاندەوت شۆربای نیسک. کەمێک نیسکیان لەناو ئاوێکی زۆردا دەکوڵاند. قاواڵتی هاوینیش هەر زیندانییەک پێنج کەوچک ماستی وەردەگرت، هەروەها لە زستان و هاویندا لەگەڵ قاواڵیتدا لەناو پەرداخی پلاستیکدا چایان وەردەگرت. ئەمچایەیش بەڕاستی دەتوت ئاوی دەباغانەیە.
مافی چوون بۆ تەوالێت کەوتبووە نێوان کاتی قاواڵتی و نانی ئێوارەوە. دوودانە تەوالێت هەبوو، یەکێکیان ٦ ئاودەستی هەبوو، ئەویتریان ٧ ئاودەستی هەبوو. بۆ هەردوو ئەم بەشی تەوالێتە ٢ قاوشیان بەیەکجار دەبرد. یەکێک لە قاوشەکان لە بەشی چەپی ساحەکە ریزییان دەگرت بۆ تەوالێت، قاوشەکەی تریش لە بەشی راستی ساحەکە بۆ تەوالێت نۆبەیان دەگرت، ئەوکاتەیشی زیندانییەکان لە ساحەکەدا پیاسەیان پێدەکرا، قەدەغەبوو بەیەکەوە قسەبکەن. خواردنی نیوەڕوان زۆر بێتام بوو، بێ خوێ و بێ تام بوو. خواردنی نیوەڕوان بەردەوام نۆک یان کولەکە یاخود بایجان یان پەتاتەبوو. هەرگیز گۆشت و شیرینی و میوەیان نەدەدا. خواردنی ئێوارەیش یەک جۆربوو، زۆربەی خواردنی ئێواران لە نۆک پێکهاتبوو. زیندانییەکان ئاوی نۆکەکەیان دەڕشت و نۆکەکەیان ئەجنی و خوێیان پێوەدەکرد و لە شێوەی لەفە دەیانخوارد. ئەو زیندانییانەی پارەیان هەبوو، یان ئەوانەی ئەوکاتەی خانەوادەیان دەهاتن بۆ دیدەنییان، لەگەڵ خۆیاندا خواردنیان بۆدەهێنان. بەمشێوەیە لە ڕێگەی خانەوادە و کڕینی پێویستی لە حانوتەکەوە پێداویستییەکانیان ئەگەر کەمیش بوبێت بەدەست دەخست. بێشک هەندێکجار ئەوانەی پارەیان هەبوو کە شتیان لە حانوتەکە دەکڕی، یارمەتی زیندانییەکانی تریان دەدا. ئەوەی دوێنێ پلەوپایەی هەبوو، کە ئەمڕۆ لەم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زیندانەبوو، یەکسان بوو بە زیندانییەکانی تر و بەمشێوەیە یەکسانی دەهاتە ئاراوە.

مافی بەکارهێنانی تەوالێتی بەشی دووەم، ئێواران بەکار دەهێنرا. بۆ بەکارهێنانی تەوالێت ئێوارە دەهاتنە ساحەکەوە و لەو ماوەیەدا دەتوانی پیاسە بکەیت و جگە لەم کاتانە بە درێژایی شەو و رۆژ لە قاوش دەمایتەوە. بەگشتی قاوشەکان پڕاوپڕبوون لە مرۆڤ و شوێنێک نەبوو پێی پێدابنەیت. بەدرێژایی مانەوە لە قاوشەکاندا زیندانییەکان دادەنیشتن و کاتی خۆیان بە دۆمینە و دامە و تاوڵە و شەترەنجەوە دەبردەسەر. کاتێک ئێوارە درەنگ دادەهات، یارییەکانیان کەم دەبووەوە، چونکە تیشکی گڵۆپەکان زۆر کز بوون، تەنانەت ٢٤ کاتژمێر کارەبا نەبوو، بەڵکو ناوبەناو کارەبایان دادەگیرساند. ئەوکاتەی کارەبای نیشتیمانی دەبڕا، مۆلیدە دەکەوتە کار و ئەم کارەبایەیشیان کاتژمێر ١١ی شەو دەبڕی. دوای ئەوەی ١١ی شەو کارەبایان دەبڕی ئیتر لە قاوشەکان چرا هەڵدەکرا.

خەریک بوو لەیادم بچێت. هاوینی ئاکرێ زۆر گەرمە، بەتایبەتی لە هاویندا لەناو قاوشێکی بەوشێوەیە قەڵەباڵغ و بێ هەواو بێ پانکەبێت، هەراسان دەبیت. زۆرجار بینیومە خەڵکی بوراوەتەوە. ئەوانەی رەوشی تەندروستییان خراپ دەبوو دەیانبردە دەرەوە و لەبەردەم قاوشەکە دەموچاویان دەشۆری و ١٠بۆ١٥ خولەکێک دەیانهێشتەوە هەتا دەهاتەوە سەرخۆی. گەرمی و بێ هەوای قاوشەکە زیاتر کاریگەری دەخستە سەر پیرەمێردەکان.

ئەسپێی زستان، لەگەڵ ئەسپێی هاوین دەستیان دەخستە ناو دەستی یەک و گەرمایش نەیهێشتایە بخەویت، بەڵام شوێن نوستنی ئەوان دیاربوو کە ناو قژ و ناو دەرپێ و کراس و شەرواڵەکان بوون. هەرزیندانییەک لەکوێ دابنیشتایە شوێنی نوستنی ئەوێ بوو، زیندانییەکان زیاتر لەسەر چیمەنتۆکان دەنوستن و بەتانییە کۆن و چڵکنەکانیشیان دەدا بەسەر خۆیاندا. بۆئەوەی شوێن ببێتەوە ناچاربوون لەسەر لا بخەون. هەموو زیندانییەکان کە دەنوستن دەبوایە قاچێک بەسەر ملی بوایە یان لەبەر لووتی و کەس نەیدەتوانی لەسەر پشت بخەوێت، چونکە شوێن نەبوو. شێوازی نوستن لەسەر پشت یان لەسەر دەم، ئارەزوویەکی گەورەی زیندانییەکان بوو کە نەدەهاتە دی. هەرچەندە بویسترایە زوویش بخەویت، بەڵام درەنگ خەو میوانداریتی چاوەکانتی دەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شوێنی چیمەنتۆ رەقە، شوێنیان تەنگ بوو، قاوش بێ هەوا بوو، پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەئارادابوو، شوێنی ئەشکەنجە نازاری هەبوو، گەرما و بۆگەنی ئەو پێیەی کە دەهاتە بەرلووتت، هەموو ئەمانە دەبوونە هۆکار کە نەتوانیت بە ئاسودەیی بخەویت. لەلایەکی تریشەوە ئەوەی خەوی لە چاوان دەتۆران حەسرەتی کەسوکار و نەزانینی چارەنوس بوو. سەرەڕای ئەمەیش زیندانییەکان بە نۆبە ئێشکگرییان دەگرت و ئەمەیش بۆئەوە دەکرا کە نەبایەکێک پێویستییەکی کتوپڕی دەربکەوێت و یان یەکێک نەخۆشبکەوتایە، یاخود خەونێکی دیوزمە ئاسای ببینیایە و بەئاگای بهێنایەتەوە، یان یەکێک بەتانییەکەی لەسەر لابچوایە و دوایش بەوهۆیەوە نەخۆشبکەوتایە یان رروداوێکی نەخوازیار روویبدایە.

زیندانییەکان لەکاتی لێکۆڵینەوە لە پاراستنی پەدەکە و هەتا گەیاندنی بە قاوشەکە، ئەشکەنجەدانیان بەردەوام بوو، دوایش لە قاوشەکان لەسەر چیمەنتۆکان دایانیان دەنان و بەتانییەکی کۆنیان دەدا بەسەر خۆیاندا. رێگری لە بەکارهێنانی توالێت و گەرماو دەکرا. خواردنی باشیان نەدەدا. ئاو هەبوو، بەڵام قەوزەی گرتبوو، بۆنێکی ناخۆشی هەبوو. دەبوایە ٢٤ کاتژمێر ئەو بۆنە ناخۆشە هەڵمژیت. قاوشەکان بێ هەوابوون، لەناو قاوشەکە جگەرە دەکێشرا، کێچ و ئەسپێ و بێ خەوی بێحەوسەڵەیان دەکردیت، کە لە ماوەی چەند مانگێکدا لە پەلوپۆی دەخستی. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا نەخۆشی پەتا و کولێرە لەناو زیندانییەکاندا سەریان هەڵدابوو. بەڕێوبەرایەتییەکەی دەسەڵاتی پەدەکە لەهەمبەر هەموو ئەمانەدا مێش میوانیان نەبوو. ئەوانەی توشی نەخۆشی پەتا و کولێرە دەبوون، دەسەڵاتدارانی زیندانەکە هیچیان بۆنەدەکردن.

ماوەیەک رەوشی سەختی زیندانەکە و نەرمبونەوەی دەستەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە لە ئاستی زیندانییەکاندا، بەهۆی خاچی سوورەوە بوو. نازانم کامیان بوو یەکێک لە زیندانییانی پەکەکە، جارێکی تر زانایی و فەلسەفەی خۆی نواند و وتی: (خاچی سوور مردن درێژدەکاتەوە و ئیدامە بە ئەشکەنجە دەدات)، لەوانەیش بوو ئەم قسەیە راست بوایە. ئەم خاو بونەوەیان بەتەواوەتی دەبووەوە هۆکار کە مردن درەنگ تر بگات. گرووپی خاچی سوور، دوو مانگ جارێک دەهاتن و بەهەر زیندانییەک ١دانە فلچەی ددان و ١دانە مەعجونی ددان و فانیلە و دەرپێی کورت و ٢ پاکەت جگەرە و ٢ تراکسوت کە یەکێکیان زستانە و ئەویتر هاوینی بوو دەدا بە زیندانییەکان. کاتێک دەبینرا قژی زیندانییەکان سفر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کراون ئیتر گرووپی خاچی سوور خەمی تریان نەدەما. بێشک گرووپی خاچی سوور ئەرکیان تەنها هێنانی کارتۆنی پڕ لە هەدیە نەبوو. ئەرکی ئەوان دەبوایە پاراستنی گیانی مرۆڤیش بێت. دەبوایە یەکێک لە زیندانییەکان کەلە ژێر ئەشکەنجەدا دەیانکوشت، چارەنوسیان لە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بپرسییایەتەوە. ئەگەر ئەمەیان بکردایە ژیانی زۆر کەسیان رزگار دەکرد.

بەگوێرەی ئەو رێککەوتنانەی لە نێوان دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکاندا واژۆ کرابوو، رێگە بە خاچی سوور دەدرا لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ و چاودێری جدی زیندانەکانی هەرێمی کوردستان بکەن. خاچی سوور ناوبەناو دەهاتن بۆ زیندانی ئاکرێ. بە قاوشەکاندا دەگەڕان، لەگەڵ زیندانییەکاندا قسەیان دەکرد، ئەگەر سکاڵا هەبوایە گوێیان لێدەگرت، بەڵام مەخابن زیندانییەکان نقەیان نەدەکرد، خۆم شاهیدحاڵ بووم ٢٤کاتژمێر ئەشکەنجەی زیندانییان کردووە، تەنانەت ئەویش نقەی نەدەکرد، نەباسی کێبڵ و تێڵای چەوتە و کەرە زەردەی دەکرد و نەباسیشی لە کێچ و ئەسپێ دەکرد. هەموو کاتێک دەهاتن خوازیاربووم زیندانییەکان باس لە نەخۆشییەکانی خۆیان بکەن کە پەتا و کولێرە بوون، بەڵام نەیاندەکرد. بێشک ئەمەیش هۆکاری خۆی هەبوو، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە پێش ئەوەی خاچی سوور بێت، بە قاوشەکاندا دەگەڕان و بە زیندانییەکانیان دەوت (ئەم گرووپە کاتین و دێن و دەڕۆن، بەڵام ئێمە بەردەوام لێرەین، بەگوێرەی ئەوە ئەقڵی خۆتان بەکاربهێنن!). ئەمەیش پیلان و بەرنامەیەکی تری تایبەتی پەدەکە بوو لە زیندانەکە. لەوانەیە لە روانگەی خۆیانەوە لەسەر حەق بن، لەمبارەیەوە زیندانییانی پەکەکە جیاواز بوون، کە گرووپی خاچی سوور دەهاتن، زیندانییانی پەکەکە زۆر بە روون و ئاشکرایی باسی ئەشکەنجە و نەبوونی خواردن و هەرکێشەیەکیان هەبوایە دەیانهێنایە زمان، هەربۆیە محەمەد ئەمین سورچی بە زمانێکی شیرین بە زیندانییەکانی پەکەکەی دەوت (ئێمە براین، بۆچی لەلای بێگانە سکاڵامان لێدەکەن، دەتوانین کێشەکان لە نێوان خۆماندا چارەسەر بکەین)، بەڵام زیندانییانی پەکەکە گوێیان بۆ ئەم قسانە شل نەدەکرد.

زۆرینەی کارمەندانی خاچی سوور، پێکهاتبوون لە خەڵکی وڵاتانی وەک ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپی، بەڵام خەڵکی سوید و نەرویج و فیللەندا زۆرینە بوون. ئەوانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوین بوون، روانگەیان بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەچاو ئەوروپییەکان جیاواز تربوون، لەوەدەچوو ئەم رۆژهەڵاتی ناوییناناه بەم دیمەن و رەوشانە راهاتبێتن هەربۆیە بە جدی مەسەلەکانیان وەرنەدەگرت. بیروبۆچوونی ئەو ئەندامانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوین بوون، دواکەوتووانە و لەدوای بیروبۆچوونە مۆدرێنەکانی ئەوروپاوە بوون. ئەوروپییەکان کە مۆدێرینەتر بوون، دەستی دۆستایەتییان بۆ درێژدەکردی، هەر رۆژهەڵاتییەکان بوون ببوونە هۆکار کە ئەوروپییەکان ئاوڕێکی مرۆڤ دۆستانە لە پەکەکە نەدەنەوە، چونکە بەباشی باسی پەکەکە یان بۆنەکردبوون. ئەوان لەڕوانگەی چاوی دەوڵەتەوە لە پەکەکە یان دەڕوانی. بەگوێرەی ئەوان گەریلا لە دەرەوەی بازنەی کوردە و رێکخراوێکی بێ ویژدانە، بەڵێ بەوشێوەیە پێناسەی پەکەکە یان بۆ ئەوروپییەکان کردبوو، بەڵام زیندانییانی پەکەکە بەبێ ئەوەی هیچ سڵبکەن و بترسن، رەوشی زیندانەکەیان بە هەموو شێوازییەکییەوە بۆدەگێرانەوە و هەوڵیاندەدا سەرنجیان بۆسەر رووداو و مەسەلەکان رابکێشن. کاتێک هەموو زیندانییەکان سوێندی بێ دەنگییان خواردبوو لە ترساندا، بەڵام زیندانییانی پەکەکە هەموو خراپەکاری و پێشێلکارییەکانی پەدەکەیان دەخستە بەرچاویان و داوای هەلومەرجی مرۆڤانەیان دەکرد. سەرەڕای ئەمەیش زیندانییانی پەکەکە کەباسیان لە رەوشی خراپی زیندانەکەیان دەکرد، تەنها باسی خۆیان نەدەکرد، بەڵکو دەیانویست زیندانییەکان بە گشتی ئاسودە ببن و رەوشی ژیانیان باشتر بێت. ئەوان هەرچییەکیان لە زیندانەکە ببینیبێت زۆر بە ووردی بۆ خاچی سووریان دەگێڕایەوە.

داخوازییەکانیان تەنها بەخۆیانەوە سنووردار نەبوو، زیندانییانی پەکەکە بە گرووپی خاچی سووریان دەوت لێرە کاتێک زیندانی رۆژی دووجار دەبرێن بۆ سەرئاو، لێدەدرێن و بێڕێزییان پێدەکەن. پێیانیان دەوت بەڕێوبەرایەتی هەرکاتێک بیانەوێت زیندانی لە قاوشەکە دەردەکەن و دەیبەن بۆ ژێرخانەکە و ئەشکەنجەی دەکەن. پێیانیان دەوت قاوشەکان پڕن لە مرۆڤ و جێنەماوە و زیندانییەکان بەسەر یەکەوە دەنوون. پێیانیان دەوت کێچ و ئەسپێ لێیانیانداوە و تووشی نەخۆشی پەتا و کولێر بوونە، دەیانوت و دەیانوت و دەیانووووتتتت. هەموو ئەمانە نەک تەنها کێشەی زیندانییانی پەکەکە بوبێت، بەڵکو کێشەی سەرەکی هەموو زیندانییانی زیندانی ئاکرێ بوو. ئەم هەڵوێستەی زیندانییانی پەکەکە لەناو گرووپی خاچی سووردا بە رێزەوە پێشوازی لێدەکرا و کەمێکیش

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بوبێت هەڵوێستیان لەهەمبەر پەکەکە دەگۆڕدرا، ئەم ڕێزەیش چاویانی کردەوە و بوو بە هۆکار کە گرووپی خاچی سوور لەبارەی زیندانەکەوە هەندێک شت بکەن. گرووپی خاچی سوور کەمێک چاویان کرایەوە، ئیتر کە دەهاتن بۆ زیندانەکە، سەرەتا سەردانی زیندانییانی پەکەکەیان دەکرد. گوێیانیان بۆدەگرتن و قسەکانیان دەنوسییەوە. نوسینەوەکانیان دەکرد بە راپۆرت و دەیانبرد بۆلای بەرپرسیارانی پەدەکە و دەیاندا بە نەتەوە یەکگرتووەکان. بێشک ئەم گۆڕانکارییانە تەنها بە گۆڕانکاری ناو زیندانەکە نەدەبەسترایەوە، بەڵکو مەسەلەی ئایدیۆلۆژی و تێکۆشانی پەکەکە پشی دەخستە ژێر لێکۆڵینەوە و باسکردن و گەنگەشەکردنیان. لەئاکامی هەموو ئەمانەدا، گرووپی خاچی سوور بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پەکەکە، دەچوون قسەیان لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە دەکرد کەلەلای پەکەکە دیلبوونە و پرسیاریان لێدەکردن کە پەکەکە چۆن مامەڵەی لەگەڵ کردوون، بەڵام لەمبارەیەوە یەک ووشەی مامەڵەی خراپی پەکەکە یان گوێ لێنەبوو کە لەهەمبەر دیلە پێشمەرگەکان کردبێتیان. هەرچۆنێک بێت پەکەکە لەماوەیەکی کورتدا بەبێ هیچ بەرامبەرییەک دیلەکانی لای خۆی ئازاد دەکرد.

کاتێک تێڕوانینی گرووپی خاچی سوور لە ئاستی پەکەکە گۆڕدرا، ئەم ئەنجامانە دەرکەوتن. دەیانوت (**بەردەوام پەکەکە یان وەکو گرووپێکی تیرۆریست بە ئێمەیان دەناساند، هەتا ئێستا زۆرجار لەگەڵ پەدەکە و یەکێتی و پارتەکانی تری کوردی دانیشتنمان کردووە، پەکەکە هیچ لەو حزبانەی تر ناچێت، ئێوەی ئاستی کولتوریتان و پێناسەی ئازادیتان و هزری یەکسانیتان لەوانی تر زۆر جیاوازە، بەتایبەتی تێکۆشانی ژنانتان بۆ ئازادی و یەکسانی مایەی سەرسوڕمانە**). ئەم دانپێهێنانەی گرووپی خاچی سوور، بۆ زیندانییانی پەکەکە بوو بە مۆڕاڵێکی بەرز. لە نێوان ئەوان و ئەماندا باوەڕییەک خوڵقا، تەنانەت زۆرجار دەیانویست چاکە لەگەڵ زیندانییانی پەکەکەیش بکەن، بۆنمونە کە دەهاتنە ناو قاوشەکەیانەوە کاتێک لەسەر بەتانی دادەنیشتن، کاتێک کارتۆنی جگەرەکانیان دەکردەوە، بە دزییەوە پاکەتێکی زۆریان لەژێر بەتانییەکە بۆ زیندانییانی پەکەکە بەجێدەهێشت.

ئەگەر گرووپی خاچی سوور راپۆرتیان ئامادەبکردایە، ئایا چی دەبوو؟!. بێشک گرووپی خاچی سوور میکانیزمێکی سزادانیان نەبوو، لە ئاکامدا لە زیندانەکە هیچ گۆڕانکارییەک نەدەکرا. پەدەکە نییەتی ئەوەی نەبوو کە راپۆرتی خاچی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سوور بخوێنێتەوە و گوێ بە ڕێنماییەکانیان بدات و بە سەرنجەوە لێیبڕوانێت، بێشک بەرپرسیارانی پەدەکە، بۆئەوەی خۆیان بەرامبەر ئەوروپییەکان شیرین نیشانبدەن، کە باسیان لە مامەڵەی خراپی زیندانەکە و ئەشکەنجە و ڕەوشی ژیان و سوکایەتیکردن بە زیندانیان، کە گوێیان لەم قسانە دەبوو بێگومان تەنها و تەنها دەڵێن مەخابن. ئەگەر زۆریان لێبکرایە لەوانەبوو چەند هەنگاوێکی کاتی بەرچاوییان بنایە، بۆ نمونە چییان کرد، زیندانییەکی پەکەکە کە ناوی سیپان ڕۆژهات بوو، کە توشی نەخۆشی پەتا هاتبوو، درا بە گرووپی خاچی سوور و بردیان بۆ سلێمانی و ڕادەستی پەکەکە یان کردەوە. دوای هەوڵی خاچی سوور، بەتانییەکانی زیندانەکەیان هەمووی شۆری، تەنانەت لە زیندانەکە کتێبخانەیشیان دروستکرد، بێشک لەهەمبەر ئەم گۆڕانکارییانە پەدەکە لەهەمبەر گرووپی خاچی سوور، بێدەنگ نەمایەوە. لە مەرکەزی سەرەکی سکاڵایان لەم گرووپی خاچی سوورە کرد، ئازادکردنی ئەندامێکی پەکەکە یان وەک کارت لەهەمبەر گرووپە بەکارهێنا، هەربۆیە مەرکەزی سەرەکی بانگی گرووپەکەی خۆیانکرد و توانجیان لێدان. زیندانییەکان جگە لە پەیوەندییان بە گرووپی خاچی سوور، تەنها هاتنی خانەوادە و موراقیبەکان و ڕادیۆکەیان بوو. دوای چەندین ساڵ لە قاوشەکان بڵندگۆیان داناو توانرا قاوشەکان تێکرا گوێیان لە ڕادیۆ ببێت. دوای ماوەیەک تەلەفزیۆنیان هێنا بۆ قاوشەکانیش، بەڵام تەنها کەناڵی پەدەکەی نیشاندەدا.

ڕۆژی چوارشەممە ڕۆژی سەردانی خانەوادە بوو، لەم ڕۆژەدا زیندانییەکان لەگەڵ خانەوادەیان دادەنیشتن و ماوەی کاتژمێرێکیش بوو، هەرچۆنێک بێت ئەم زیندانە شوێنی ئەوەی نەبوو کەلە پشت موحاجەرەوە کەسوکارت ببینیت. شوێنی ئەم یەک بینینەیش دوو ژوور بوو، لە پەنای موبەقەکەدا بوو. ئەو زیندانییانەی خانەوادەیان دەهات، بەیەکەوە دەهێنرانە دەرەوە، ئەوانەی دەهاتن بۆ بینینی گیراوەکان لە گۆڕەپانەکە کۆدەکرانەوە. لە پەنجەرەی قاوشەکانەوە دەتوانرا بە ئاسانی خەڵکەکە ببینرێت. ئەو زیندانیانەیان لە قاوشەکان دەردەکرد کە کەسوکاریان هاتبوو، خەڵکەکەیان بە درێژی ٢٠بۆ٣٠ مەترێک ڕیز دەکرد، زیندانییەکانیان دەپشکنی و دوایش ڕیزیان دەکردن، دوایش دەیانبردن بۆ شوێنی دیدەنی کە بەتانی کۆن و پیسیان لێڕاخستبوو. لێرەدا ئەوەندە قەڵەباڵغی دەهاتە ئاراوە، دەرزیت فڕێبدایە نەدەکەوتە سەر زەوی. ئەوەندە قەڵەباڵغ دەبوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاسەوانەکان نەیاندەتوانی لەوێ رابوەستن. لە ژوورەکە دەچوونە دەرەوە و لە پەنجەرەکەوە چاودێرییانیان دەکردن. ئەوتاکە شتەی دەیانبینی گریانی دایک و هاوژین و منداڵەکان بوون، زۆرجاریش زیندانییە بەتەمەنەکان لەهەمبەر ئەم دیمەنە خۆیان پێڕانەدەگیرا و دەگریان. کاتێک ئەم یەک کاتژمێری دیدەنییە تەواو دەبێت و زیندانییەکان دەگەڕێنەوە قاوشەکانی خۆیان، هەرچی هەواڵی دەرەوە هەیە بەناو قاوشەکاندا بڵاودەبێتەوە. لە ژووری زیارەت ئەوانەی لە قاوشی جیاواز بوون، هەلیان بۆ دەڕەخسا قسە لەگەڵ یەکدا بکەن. هەواڵی یەکترییان دەپرسی و هەواڵی قاوشەکانیان بەیەک دەووت.
کەس نەدەهات بۆ دیدەنی زیندانییانی پەکەکە، مافی دیدەنی کەسوکاریان گرێدراوبوو بە مەرجی تەسلیم بوونیان. زیندانییانی پەکەکە بۆ ئەوەی کەسوکاری خۆیان ببینن مەرجی ئەوەیان بۆ دانابوون کە دەستبەرداری پەکەکە ببن. دەبوایە خانەوادەکەیشیان پەیمانی ئەوە واژۆ بکەن کە رێگە نادەن جارێکی تر کوڕەکەیان پەیوەندی بە پەکەکە وە بکات، ئەم پەیمانەیش بەمشێوەیە بوو، ئەگەر خانەوادەی زیندانییانی پەکەکە بەڵێنی خۆیان جێبەجێ نەکەن، ئەوا ناچارن مەبلەغێکی زۆر گەورەی پارە وەک سزا بدەن بە پەدەکە یان بە ئاسایشی پەدەکە. هەربۆیە زیندانییانی پەکەکە نەیاندەویست تێکەڵی لەگەڵ خانەوادەکانیان دروست بکەن، هەربۆیە لە پەنجەرەی قاوشەکانیانەوە لە زیارەتچییەکانیان دەڕوانی. سڵاویان لێدەکردن، بەڵام لە شوێنی دیدەنیدا خەڵکەکە زیاتر باسیان لە زیندانییانی پەکەکەیان دەکرد. ئەو زیندانییانەی دەچوون بۆ دیدەنی کەسوکاریان، باسی زیندانییانی پەکەکەیان بۆ کەسوکاریان دەکرد و ئەوانیش هەواڵی زیندانییانی پەکەکەیان دەگەیاندە کەسوکاری زیندانییانی پەکەکە. بێشک زیندانییان و کەسوکاری زیندانییان بەگوێرەی نەریتی کۆمەڵایەتی ڕەوشی زیندانییانی پەکەکەیان لەناو خەڵکدا گەورەتر و گەورەتر دەکردەوە، من دڵنیام هەموو کەسێک نییەت باش نییە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٤

# بەڵێنی خانی

مادام ئێمە دەڵێین بۆئەوەی بزانین دەسەڵات چۆن وڵات بەڕێوەدەبات و بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە تەماشای ڕەوشی زیندانەکانیان بکەین. پێویستە لەوەیش بزانین کێ زیندانی دەکەن و بۆچی زیندانی کراون، ئەمەیش مژارێکی گرنگە. من وەکو دیوارێک لە ناو زینداندا گوێم لە زۆر سەرگوزەشتەی زیندانی بووە، هەربۆیە دەڵێم، ئەگەر بزانین کێ و بۆچی زیندانی کراوە، ئەوکاتە گرێکوێرەی سیستەمی ئەو حکومڕانییە دەکەینەوە. ئەگەر ئەمەیش بکەم، ئەوا خۆیشم کەشف دەکەم. ئەگەر لە زیندانی پەدەکە بیت، ئەوا ئەو کەسانە لە زیندان دەناسیت کە دژبەری پەدەکەن. کەشکۆڵی بیرەوەرییەکانم پڕە لە یادەوەری و سەرگوزەشتە، خەیاڵ، ئازار و بەرخۆدانی زیندانییان.

هەموو شوێنێکی دیوارەکان، شوێن پەنجەی زیندانییەکانە. من لەگەڵ میوانەکانی تری ئەم زیندانە تەمەنم بردەسەر. لەوانەیە قورساییەکی زۆر هاتبێتە سەرشانم، وەک دەزانرێت سیاسەت دەریایەکی بێ بنە. درۆ و تەڵەکەبازی هێشتا لەدایک نەببوون، بەڵام لە نێوان ئەم چوار دیوارەدا دەژیان. کاتێک بەدرێژایی ساڵ، ئازار و مەینەتی دەبینین و درۆ و تەڵەکەبازی دەبینین و ماوستاوچی و بوختانکەر دەبینین، خۆڕاگرتن لەهەمبەر ئەمانەدا ئاسان نییە. ئاسان نییە کاتێک کەسێکی گەنج یان داپیرەیەک دەبینیت لە ژێر بەتانییەکی پڕ لە ئەسپێ و پۆخڵ و کۆندا دەگری. ئەوەی چیرۆکی سیزەر بزانێت، دەزانێت بە خەنجەر نەمرد، چی کاتێک ئەوکەسەی بینی بە خەنجەر لێیداوە و ناوی بروتوس بوو کە باوەڕپێکراوترین کەسی خۆی بوو، ئەوکاتە لە ئەژنۆ کەوت و بەلادا هات. قسەیەک هەیە دەڵێت (باوەڕم بەو شاخە کرد، لێ مەخابن بەفری لێباری)، ئەمە هەرەس بە مرۆڤ دەهێنێت. بەمەیش دەڵێن هەرەسی دەروونی. بێشک هەموو بومەلەرزەیەک ماڵوێرانی ناهێنێت، بەڵام دەتوانێت درز بکاتە ناو دینگە و دیوارەوە. ئەم درز بوونە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خانووەکە دەڕوخێنێت. لەڕاستیدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خودی خۆم چەندین بومەلەرزەی گەورە و بچوکم بینیوە، لە ناخمدا دیوارم هەیە درزیان تێکەوتووە. سەرسامم بەخۆم کە هێشتا هەرەسم نەهێناوە.
ئەوکاتەی کەوتمە زیندانەوە، لەهەمبەر سیاسەتدا سەرسام بووم. سەرم لە کێشمەکێشەکان دەرنەدەچوو، بەڵام بەردەوام سیاسەت لە چواردەورمدا ماخولانی بوو. بۆئەوەی ئاکرێ و چیای ئاکرێ کۆنترۆڵ بکرێت، بە درێژایی مێژوو بەردەوام سیاسەت شەڕی خۆی کردووە. لەمبارەیەوە ئەوا باسی ئاشوری، فارس، ساسانی و ئەمەوییەکان هەرناکەم. تەنانەت ئینگلیزەکانیش لە شەڕی جیهانی یەکەمدا، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم شارە، شەڕیان کردووە و مامەڵەیان پێوەکردووە. بەگوێرەی چیرۆکەکان بێت، لەناو ئەوانەی لەهەمبەر ئینگلیزەکان لەمبارەیەوە شەڕی کردبێت، برا گەورەی مەلا مستەفا شێخ عەبدولسەلامی تێدابووە. وەکو دەڵێن ئەوکاتە، مەلا مستەفا تەمەنی ١٥ ساڵ بووە. بێشک ئەویش لەوکاتەدا فیشەکی تەقاندووە. لەم وەڵاتەی ئێمەدا، نەریتێکی باوە کە هەموو گەنجێک چەک بەکاربهێنێت. هەر هەرزەکارێک چەک بخاتە سەرشانی مانای وابووە ئیتر بووە بە پیاو، بەڵام کاتی هاتنی بوون بە پیاوی هاوشارییەکانم تراژیدیایە. کورد هەرگیز بێ چەک نەبووە. چەک هەڵگرتن بەمانای پیاوکوشتن، دیلبوون و دیلگرتن دێت. ئەم سیاسەتەی لە چواردەورمدا ماخولانیانە، لەم زیندانییەی ئاکرێ بە هەموو دڕندایەتی خۆیەوە هەناوی داگیرکرد. ئەو زیندانییانەی تازە هاتبوون، لەگەڵیاندا دەکەوتمە قسە، باسیان لە ئەمریکا، بەریتانیا، ئیسرائیل، تورکیا، عێراق، ئێران و سوریایان دەکرد، لەناو گەنگەشەکاندا زیاتر باس لە بووش، خومەینی، سەدام، تورگوت ئۆزال، حافز ئەسەد، چیللەر، ئەجەوید و موبارەکیان دەکرد. سەرەتا وامدەزانی ناو و کەسایەتی ئەو سیاسەتمەدارانە دەزانم کە ناویان دەهێنان. بە زیندانییەکانم دەوت (لەمبارەیەوە هیچم نەدەزانی و دوایی بە تێپەڕبوونی کات شتەکانم زیاتر بۆ روون بووەوە).
لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٤و١٩٩٧ بە دەگمەن خەڵک دەهاتن بۆ دیدەنیم. ماوەیەکی زۆر بە تەنیا مامەوە. بە دەسپێکی ساڵی ١٩٩٧ زیندانییەکی زۆریان هێنا. ماوەیەک ژمارەی زیندانییەکان گەیشتە ٦٠٠کەس، لە راستیدا لەو ساڵەدا ئەم زیندانە وەکو کەمپی پەنابەری لێهات. هەر ئەو ساڵەش چاوەکانم کرانەوە و زۆرشت فێربووم. ئەو سەردەمە کەلە خۆمم دەپرسی ئەرێ بۆئەوەندە خەڵکیان هێناوە بۆ ئێرە؟، وەڵامی ئەم پرسیارەم لەلا نەبوو، بەڵام ئێستا دەتوانم بڵێم ئەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەردەمە ناکۆکی و شەڕێکی سەخت لە ئارادابووە. لەناو ئەم ناکۆکی و شەڕەدا، تەنها زیندانییانی یەکەکە وەکو یادگاری لەلام ماونەتەوە. لەکاتی گەنگەشەدا زۆر لەسەرخۆیانە تەنها سێ وشەیان بەکاردەهێنا کە هەموو واتایەکیان هەبوو. ناکۆکی و شەڕ بەردەوامیش بوون. دیواری ماڵ نهێنی خاوەن ماڵەکە دەپارێزێت، ماڵ شوێنی باوەڕی مرۆڤە. تورکەکان دەڵێن (هیچ شتێک وەکو ماڵی خۆتان نابێت)، کوردیش لەهەمبەر ئەم قسەیە پەندێکیان هەیە دەڵێت (دیوار و بێ عەیب و بێ شەرم و کەموکوڕیی)، شتێک نییە پێبوترێت لەناو دیواری ماڵی خۆتدا خۆت بشاریتەوە. دیواری ماڵەکەت نابێتە مایەی شەرمەزاری تۆ. ئەوەی لەناو ماڵ روودەدات، دیوارەکان لە ئاستییاندا چاویان کوێرە و گوێچکیشیان کەرە، بەڵام دیوارەکانی زیندان باوەڕپێکراو نەبوون. نابنە دەنگی بڵندی خاوەنەکەیان. خاوەنی ئەم دیواری زیندانە، بە گومانەوە لە دیوارەکە دەڕوانێت. ئەو دیواری خۆی درووستی کردووە، لە ناخیدا دەگەڕێن بۆ کەموکوڕییەکانی. دیواری زیندانەکە لەچاو خاوەنەکەی باشترین پەیوەندی دەبەستێت لەگەڵ زیندانییەکانیدا. دیوارەکان نهێنییەکان ئاشکرا دەکەن و درزەکان ئاشکرا دەکەن و دەبنە سەدای دەنگی زیندانییەکان. هەندێکجاریش ئەو دەنگە قوتدەدات کە زیندانییەکان نایانەوێت کەس گوێی لێببێت. لەئاستی فیراریدا بێدەنگ دەبێت، لەکاتی تونێل درووستکردندا نەرم و نیان دەبێت و دەبێت بە هاوڕێیەکی پتە و نهێنی پارێز. ئەوانەی ناو ئەم دیوارانە چاوی دیوارەکان دەکەنەوە و لەگەڵ خۆیدا پێیدەگەهێنێت کە ئەمە چیرۆکی منیشە.

سوپاسی ئەو زیندانییانە دەکەم کە هاتن و چوون لەگەڵ ئەواندا چاوەکانم کرانەوە، شانازی بە ئازار و بەرخودانەکانیان دەکەم، لەوانەیە هیچ کەس لەوانە لە ژیاندا نەبن و ئەم سەرگوزەشتەیە نەخوێننەوە. لەوانەیشە کەسانێک لە ژیاندا بن، بەڵام ئەم سەرگوزەشتەیە ناخوێننەوە، یان لەوانەیە یەکێکیان بیخوێنێتەوە، ئەوانەی ناوی خۆیان لەسەر مندا نوسیەوە نزایەکی زۆر دەکەن لەوکەسانەی ئەم دیوارانەیان هەڵچنیوە و بە نەفرەتیان دەکەن، بێشک لەسەر حەقن. جگە لەوانەی خیانەتیان کردووە، نزای خێر بۆ هەموویان دەکەم. من بەدەم تراژیدیا و سەبر و عینادییەکانی ئەوانەوە گەورەبووم. ئەوانەی زیندانی دەکرێن، بێشک لەگەڵ خۆیدا موحاسەبەیەک دەکات. مام خدریش لە زیندانەکەدا بوو، کە تەمەنی لە سەرووی ٦٠ ساڵیدابوو. ئەو نەک تەنها خودی خۆی، بەڵکو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

موحاسەبەی دونیاشی دەکرد. تراژیدیایەکەی بەمشێوەیە بوو: ئەو ٣٠ ساڵ پێشمەرگەی پەدەکە بوو، ئێستایش لەلای پەدەکە دیلە، ئەو بە بیانوی ئەوەی هاوکاری پەکەکەی کردووە زیندانی کرابوو، ئەو پێشمەرگانەی کەلە تەمەنی ئەوەی ئەم بوون، بێڕێزییان بەرامبەری دەکرد و بە کێبڵ و دار لێیاندەدا. چۆن دەکرێت ئەمە روویبدایە؟!، ئەو هەموو زەحمەت بینینە و شەڕانەی کردی لەخۆڕایدا بوون؟!، کاتێک حامید و حاتەم و سەیفۆی دەدی، چاوەکانی دەچوونە پشت سەری. بەتایبەتی ئەو جاسمەی کە پێیاندەوت چەوتۆ، کە دەیبینی لەداخاندا خەریک بوو شەق بەرێت، زۆرجار دەیوت زۆر بەختەوەرم کە کچەکانم بە گەنجی بە گەنجانی تر هەڵنەخەڵەتان و چوونە ناو ریزەکانی پەکەکەوە. مام خدر سێ کچی ببوو بە گەریلا، هەموو کات دەیوت خۆزگە دەمردن بەس شوو بە پێشمەرگە نەکەن. کە ئەم قسانەی دەکرد، لە یادیشی نەدەکرد کە رۆژێک لە رۆژان خۆیشی پێشمەرگە بووە. ئەو تەمەنێکی ٣٢ ساڵەی بە پێشمەرگایەتییەوە بەسەربردبوو، لە ساڵی ١٩٦٠ تاکو ساڵی ١٩٩٢ بەبێ دابڕان پێشمەرگە بووە. لەناکاو ئەیوب کە ئەویش زیندانی بوو دەچێتە پەنایەوە و پێیدەڵێت مامە گیان خەم مەخۆ، ئێمە کوردستان رزگار دەکەین. ئەویش بەدەم ئاخێکەوە دەڵێت ئەو کوردستانەی ئازادی دەکەن من نایبینم. مام خدرێک کە ٣٢ ساڵ پێشمەرگە بوبێت و قەندیل و گارەی بینیبێت و لە پێناو کوردستاندا شەڕی دەستەویەخەی کردبێت و پێکرابێت و دەستی وەشاندبێت و گەرما و سەرمای چێژتبێت، ئێستا وایلێهاتووە ئەو کوردستانەی کەلە پێناو ئازادییەکەیدا تەمەنی خۆی بۆدانا، ئێستا ئەگەر ئازادیش بکرێت ئەم نایەوێت، ئایا بۆچی؟!. ئێستا گەنج بوایە خۆی دەگەیاندە هەفتانین و لەوێوە بۆ مەتینا و ئافاشین و لەپێناو دۆزەکەیدا تێدەکۆشا، ئەو لەپێناو داستانی قازی محەمەد و شێخ سەعیدی پیران تێدەکۆشا کەلە باوباپیرانییەوە بۆیگێڕدرابووەوە، بەڵام جەفا رێینەدا. ئێستا لەدەمی پێشمەرگەی وەک سەیفۆ و کەرە زەردە گوێی لە جوێن دەبێت و بەتایبەتی کە گوێی لە زیندانییانی پەکەکە دەبوو کە دەیانوت پەدەکە لەهەمبەر تێکۆشان بۆ ئازادی کوردستان رێگرە، بەمە شێتوهار دەبوو، ئاخی هەڵدەکێشا، کەواتە ٣٢ ساڵی تەمەنی پێشمەرگایەتییەکەی بەفیڕۆ چووە؟!.

مام خدر گومانی لە پەدەکە هەبوو، هەربۆیە وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا. دوای ئەوەی پەدەکە پەلاماری پەکەکەیدا، مام خدر وتبووی من رووی چەکی خۆم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناکەمە رۆڵەی ئەم نیشتیمانە. بەڵێ مام خدر بەم شەڕەی دەوت شەڕی خیانەت. دەیوت شەڕی براکوژی. خەڵکیش بە شەڕەکەیان دەوت شەڕی خیانەت. مام خدر دەیوت پەدەکە خزمەت بە دۆزی رەوای گەلی کورد ناکات. مام خدر کە بیری لە گەنجێتی خۆی دەکردەوە، باسی لە راپەڕینی ساڵی ١٩٦١ی دەکرد کە بەشداری تێداکردووە. دوای ئەوەی مەلا مستەفا لە رووسیا دەگەڕێتەوە، شۆڕشی بەرپاکرد، لەهەمبەر ئەم شۆڕشە دەوڵەتی عێراق جەنگا و هەندێکجاریش ئاگربەست هاتۆتە ئاراوە و دەوڵەت هەمیشە ویستویەتی رەوشەکە کۆنترۆڵ بکات. بەگوێرەی حەسەن، ئەم شەڕ و ئەم دانوساندنەیەیش پەنجەی رووسیا و ئێرانی تێدابووە. مام خدر گوێی بەوەنەداوە کێ پەنجەی لەم کارانە هەبووە و ئەو سەردەمە سەری خۆی بەم مەسەلانەوە نەهێشاندووە. ئەوەی درکی پێکردووە، ئەوەیە کە مەسەلەی ئاگر بەستی پەدەکە لەناو پارتەکەدا نارەحەتی خوڵقاندووە و جیابوونەوە هاتۆتە ئاراوە. ساڵەکانی ١٩٦٠بۆ ١٩٧٠ جیابونەوەیەکی بەرچاو روویداوە. سەرەڕای هەموو شتێک لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ شۆڕش لەگەڵ حکومەتی عێراق واژۆی حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) کرد. بەهۆی ئاگربەستەوە، ئەوانەی نارەزاییان نیشاندابوو، لە پەدەکە جیاببوونەوە، گەڕانەوە ناو پەدەکە. کەشوهەوایەکی یەکرێزی هاتبووە ئاراوە، بەڵام دوایی حکومەتی عێراق پابەندی رێککەوتنەکەی نەبوو، هەربۆیە جارێکی تر لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ هاتەئاراوە. بەمشێوەیە شۆڕشی کورد هەرەسی هێنا. ئەمجارەیان حەسەن ئەم هەرەسەی بەوەوە گرێدەدا کە ئەمریکا و ئێران پەنجەیان لەم مەسەلەیەدا هەبووە. ئەم موداخەلانە شۆڕشەکەی پارچە.. پارچە کردووە. ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی جیابوونەوە، مەحمود عوسمان و سامی عەبدولرەحمان جیابوونەوە و هەریەکەیان بۆخۆیان حزبیان دروستکرد. کاتێک مەلا مستەفا لە سەرەمەرگ دەبێت، نامەیەک بۆ سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا دەنوسێت و دەڵێت (من ئومێدی گەلەکەمم، ئێوەیش ئومێدی منن)، لەهەمان سەروبەندا سەدام حوسێن لەهەمبەر گەلی کورد ئۆپەراسیۆنی دەستپێکرد و کۆمەڵکوژی ئەنجامدا. لە ساڵی ١٩٨٨ لەهەمبەر شاری هەڵەبجە کیمیایی بەکارهێنا، ئەمە گەورەترین کۆمەڵکوژی سەدام بوو لەگەڵ پرۆسەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال. مام خدر خۆی بە یەکێک لەناو ئەو رووداوانە دەزانی، مام خدر بە دڵ و بە گیان خزمەتی گەل و نیشتیمانەکەی کردووە. لەمەیشدا هیچ گومانی نەبوو. ئەی باشە ئەنجامەکان چیبوون؟!، کورد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەنێوان خۆیان پارچە..پارچە ببوون، رووبەڕوی کوشتار ببوونەوە، خیانەتکارانی دوێنێ ئەمڕۆ پلەوپایەیان پێبەخشراوە، بەمشێوەیە بەگوێرەی مام خدر تێکۆشانی ٣٢ ساڵەی هیچ مانایەکی نەبووە. مام خدر هەندێکجار کە لەگەڵ زیندانییانی پەکەکە گەنگەشەی دەکرد، ئەگەر قسەکانی ئەوانیشیانی بە دڵ نەبوایە، هەرپێیخۆش بوو قسەیان لەگەڵدا بکات. سەری بەوە سوڕمابوو چۆن حەسەن دەزانێت کێ و چۆن پەنجەیان لە مەسەلەکان وەرداوە!. حەسەن دەیوت لەمبارەیەوە کتێبی خوێندووەتەوە، ئەحمەد و مستەفا لەکاتی لاوێتییاندا پەنایان بردووە بۆ تورکیا و دوای ئەوەی مەلا مستەفا پشتگیری کۆماری مەهابادی کرد و جێهێشتنی مەهاباد و پەنابردن بۆ رووسیا و ساڵانی دوور و درێژی ئاوارەیی و چوونی بۆ میسر و پەیوەندییەکانی لەگەڵ شای ئێران و پەیوەندییەکانی سامی عەبدولرەحمان لەگەڵ ئیسرائیل و بەریتانیا هەموو ئەمانە ئەوە نیشان دەدەن کە کێ پەنجەی لە مەسەلەکاندا هەبووە. مام خدر زیاتر لەگەڵ جودی بەینی خۆش بوو، جودی بەتوانابوو، دەتوت کتێبە و قسەدەکات. هەرچۆنێک بێت جودی لە قسەکانیدا حەقی هەڤاڵانی و مام خدریشی دەدا، لەهەمبەر نارەزایی مام خدر و ئاخوئۆفەکەی، جودی دەیوت هیچ کەسێک ئەوەندەی تۆ پەدەکە ناناسێت. مەسەلە ئەوەندە نەبوو کە پێشمەرگە بەشێوەیەکی قارەمانانە تێدەکۆشان، ئەوانەی تێدەکۆشن مرۆڤی سەرڕاستن و فیداکار و چاونەترسن، تێکۆشەران ئەو کەسانەن کە لە پێناو نیشتیمان و گەلەکەی مردنیان لەچاو گرتووە. مەسەلە نزیک بونەوەی بنەماڵەی بارزانی بوو لە ئاست ئەو قارەمان و فیداکارانە. لەسەر ئەو هەموو خوێنەی رژابوو، بنەماڵەی بارزانی سەڵتەنەتی خۆیان درووستکرد بوو، ئەگەر ئەمە میوە بێت، پێویستە تۆوەکەی بدۆزرێتەوە.

مام خدر دەیوت (جودی تەڵەکەبازی و درۆ و چەواشەکارییەکانی بنەماڵەی بارزانی باش دەزانێت)، کە دەیپرسی بۆچی ئەو هەموو تەڵەکەبازی و درۆ و چەواشەکارییانە هەن؟. مام خدر لەژێر چاوەوە لە حەسەنی دەڕوانی، دوو رۆژ لەمەوبەر حەسەن بە مام خدری وتبوو (پەدەکە حزبێکی فیوداڵ و پیلانگێڕە)، مام خدریش نارەزایی نیشاندا بوو، بەڵام بە دڵ و بە گیان گوێی لە جودی دەگرت، لەمبارەیەوە جودی وتی:: (هیچ کاتێک بنەماڵەی بارزانی باوەڕیان بە گەل نەبووە، پشتیان بە گەل نەبەستووە، هەمیشە چاوەڕێی ئەوەبوونە دەوڵەتەکان هاوکارییان بکەن، رۆژێکیان بوون بە کلکی وەڵاتێک و رۆژێکی تر بوون بە کلکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەڵاتێکی تر، بەگوێرەی بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەیش هەڵسوکەوت دەکەن، کە پارتیش دامەزرا، بەرنامە و پەیڕەوی ناو خۆیان نەبوو، لەبەرئەوەی باوەڕیان بە هاوکاری سۆڤییەت بوو، خۆیان بە مارکسی و لینینی زانیوە، مەلا مستەفا کەزانی لە عێراق کودەتایەکی نزیک لە سۆڤیەت دێتەئاراوە، لە ساڵی ١٩٥٨ دوای ١١ ساڵ ئاوارەیی گەڕایەوە، کە گەڕایەوە پشتگیری کۆمەڵکوژی تورکمانەکانی کرد لە کەرکوک، کەلەلایەن عەرەبە شۆڤینییەکانەوە ئەنجامدرا، کاتێک ئەمریکا ویستی کاریگەری سۆڤیەت لە عێراق نەهێڵێت، رۆحی نەتەوەیی خولْقاند، لە ساڵی ١٩٦١ باوەڕی بە ئێران هێنا، بۆ شۆڕشی ساڵی ١٩٧٤یش باوەڕی بە ئێران هەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ ئەمریکا، ئێران و عێراقی لە جەزائیر ئاشتکردەوە، کە ئێران هاوکاری لە بنەماڵەی بارزانی بڕی، شۆڕش هەرەسی هێنا، سەرەڕای ئەمەیش، لەبەرخاتری ئێران پارتی دیموکراتی ئێرانیان لەناودا، هەرلەبەر خاتری تورکیایش هەوڵیدا پارتی دیموکراتی تورکیا لەناو بەرێت، لەهەمانکاتدا پارتی دیموکراتی سوریاشیان هەڵوەشاندەوە، لەبەرخاتری ئێران شەڕی یەکێتی نیشتیمانیان کرد، ئاکامی ئەم شەڕەیەیش ئەوەبوو کە باشوری کوردستان بەسەر بادینی و سۆرانیدا دابەش بوو، لەپێناو تورکیا پەلاماری پەکەکە دەدات، باشە پرسیار ئایا بنەماڵەی بارزانی لەپێناو گەلی کورددا لەگەڵ کێدا شەڕیکردووە؟!). لە ئاکامدا مژارەکە بە پرسیارێک گرێدرایەوە، لەم حاڵەتانەدا دەنیز بە کوردییە شڵۆقەکەی خۆیەوە دەکەوتە قسەکردن، دەنیز دەیوت (بنەماڵەی بارزانی رێگرن لە هەمبەر سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئازادی)، دەنیز بنەماڵەی بارزانی وەک ڤایرۆس ناوزەند دەکرد، لەهەمبەر ئەم قسەیەدا مام خدر دەیوت (چاوەکەم ئەم ڤایرۆسە چییە؟)، پێیاندەوت جۆرە نەخۆشییەکەی کوشندەیە. ئەو ڤایرۆسەی دەنیز باسی دەکرد، مەبەستی لە تێکشکانی ئەو شۆڕشانە بوون کە میرەکان سەرکردایەتییان دەکردن و ئەو رووخانی روحییەی کە هەر ئەو میرانە هۆکاربوون و هۆکاری تێکشکاندنی شۆڕشەکانن، بناغەی ئەم هەرەسانەیش تەریقەتی نەقشبەندی و شێخەکانی ترن، لەڕاستیدا نەگونجاندن و کێشەی نێوان زێباری و برادۆستییەکان هۆکارەکەی دەسەڵاتدارییە، چەندینجار لەگەڵ بارزانییەکان شەڕیان بووە.

هەرلە سەرەتاوە بارزانییەکان لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان تێکۆشاون، بەڵام ئەم شەڕانەیان بە سیاسی کردووە، لەژێر سێبەری کوردایەتی و ئازادی و بەناو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دیموکراسییەوە هێزیان پەیداکردووە. هەروەکو چۆن لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان لەژێر سێبەری ئەو ئامرازانەوە خەڵکیان بۆخۆیان بەکارهێناوە، لەهەمانکاتدا رێگرییان لەوانەیش کردووە کەبە شێوەیەکی جدی لەپێناو ئازادیدا تێکۆشاون. بارزانییەکان بەو ئامرازانەوە توانیان بەرگری لە خۆیان بکەن. بەدەر لە ئیبراهیم ئەحمەد و مەحمود عوسمان، کەسانێکی زۆر لەژێر دەستیان هەڵاتن. عوسمان سەبری و جگەرخوینیان ساڵێک بە بارمتە گرت، بە سەعیدی ئەلچی توانیان سەعید قرمزی تۆپراک واتا دکتۆر شڤان بدەن بە کوشت، دوایش سەعید ئەلچی و هاورێکانی دکتۆر شڤانیان گوللەباران کرد. ئەوکاتەی پەکەکە سەریهەڵدا، ئەو گرووپانەی گرێدراوی بنەماڵەی بارزانی بوون، پێیانیان وتن ناهێڵین لە کوردستاندا بژین، بە گەریلاکانی پەکەکە یان دەوت (ئەگەر بێنە هەرێمی بۆتانەوە، قاچەکانتان دەشکێنین)، ئەوان پەنجەیان هەیە لە کوشتنی محەمەد قەرەسونگور و ئیبراهیم بیلگین کە هەردووکیان کادێری پێشکەوتووی پەکەکە بوون، هەربۆیە دەڵێن پەدەکە تەنها ئامرازە کە بەرژەوەندی بنەماڵەی بارزانی دەپارێزێت. کاتێک گەنگەشەکان بەردەوام دەبوون، جارناجارێک مەحمودیش دەکەوتە بەینەوە و قسەی دەکرد، دەیوت (پێویست ناکات بگەرێینەوە بۆ رابوردوو، بۆچی پەدەکە ساڵی ١٩٩٢ هێرشی بۆ پەکەکە هێنا؟، ئەی ساڵی ١٩٩٦ بە هاوکاری هێزی سەدام هێرشی نەهێنا بۆسەر یەکێتی؟، ئەی ئایا ئێستا هاوشانی تورکیا شەری پەکەکە ناکات؟).

مام خدر مێژووی بەسەرهاتەکانی دەزانی کە دەیانگێرایەوە. زیندانییانی پەکەکە بەویاندەوت (مێژووی زیندوو)، مام خدر لەناو مێژوودا ژیابوو، هەروەها شاهیدحاڵیش بوو، کاتێک بەگیردەما دەیوت (من لەپێناو گەلەکەم خەباتم کرد نەک بۆ بنەماڵەی بارزانی)، لە هەمانکاتدا ئەو خەو و خەیاڵەی بە کەسایەتی مەلا مستەفاوە گرێیدابوو نەیدەشاردەوە. ئەو وەکو حەسرەتەکەی یەکرێزی گەلی کورد کە ئەحمەدی خانی باسیدەکرد و ئاواتی بوو، بەو چاوەوە لە مەلا مستەفای دەروانی. مام خدر لەبارەی هاوسەرگیرییەکەی مەلا مستەفا لەگەڵ کچێکی عەشیرەتی زێباری پێیوابوو ئەمە فیداکارییەکی مەلا مستەفایە بۆ یەکرێزی نەتەوەی کورد، لەهەمانکاتدا مام خدر دەبوایە درکی بە پەیوەندییەکانی مەلا مستەفا لەگەڵ تورکیا، ئەمریکا، ئیسرائیل و سەدامدا بکردایە، کەلەچی ئاستێکدا بوون و بۆچی بوون. ناکۆکی و گرژی و شەری نێوان عەشیرەتەکان لەسەردەمی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەحمەدی خانیدا، ئێستا وەرچەرخاوە بۆ حیزب و شەڕی یەکتر دەکەن. تورک، عەرەب و فارس ئەو حیزبە کوردییانەی کە توانیویانە دەستیان تێوەربدەن، بەکاریان دەهێنن و شەڕی یەکترییان پێدەکەن. بەتایبەتی مەسعودی کوڕی مەلا مستەفا، سەرقاڵی بەختەوەرکردنی ئەو دەوڵەتانەیە کە دوژمنی کوردن. لەناو خەڵکیدا دەوترێت مەسعود بارزانی لە پێناو دەسەڵاتی خۆی برای خۆیشی لەناوداوە. خواست و شێتوهاری دەسەڵات ئومێدی ئازادی گەل لەناو دەدات. ئیتر خەڵک وەکو جاران باوەڕیان بە سەرکردە و ئازادی نەماوە. مام خدر درکی بەم شتانە دەکرد، مام خدر کە زوو..زوو باسی لە مێژووی خۆی و دەردەسەری خۆی دەکرد، باسی لە ئەحمەدی خانیش دەکرد. ئەحمەدی خانیش بێ ئومێد ماوەتەوە و داستانی مەم و زینی بەناو (هاوار)ەوە دەگێڕێتەوە. مام خدر لە قاوشی زیندانەکە جارناجار مرەمرێکی دەکرد و دەیوت:

**ئەی دۆست دڵ بە یارێ قەنجان**
**یا قەنە ببە نەیارێ قەنجان**
**ئەو قەنج ن و قەنجییە دزانن**
**ئەو خەیری ژی قەنجییە نزانن**
**هندی کو ب وان بکی جەفایێ**
**ئەو دێ بکرن ب دل وەفایێ**
**زنهار مەبە موحیب خرابان**
**نە دۆست نە دژمنێ کلابان**
**گەر دۆست بی دێ بکن تە موردار**
**وەر دژمن ی دێ بکن بریندار**
**ئەڤ هممەتە خاش ئاشقانە**
**ئەڤ مەریەتە راهی شادقانە.**

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مام خدر خەمی ئەوەی هەبوو کە کاتی خۆی گوێنەدراوەتە ئامۆژگارییەکان. درەنگ درکی بە خراپەکاری کردبوو، رەنج و تێکۆشانی پێشمەرگایەتییەکەی برینداری کردبوون. لەوانەیش بوو ئەم دەردەی ببوبێت بە زوخاوی. ئەم نەخۆشییە زوخاوەی بەهۆی هاوکاری زیندانییانی پەکەکە وە کەمێک باشکرابوو. مام خدر ماوەیەکی زۆر لە زیندان نەمایەوە، لەساڵی ١٩٩٩ ئازاد کرا. کە رۆیی ئامۆژگارییەکانی ئەحمەدی خانی بۆ زیندانییەکان وەک وەسییەتێک بەجێهێشت، دەیوت (ناکرێت ئێمەی کورد دوای رووداوەکان ئەقڵمان بهێنینەوە سەرخۆمان). دوای رۆیشتنی لەناو زیندانەکەدا مام خدر بەوە یاددەکرایەوە کە ئەوکاتەی پێیاندەوت گوێبدە بە ئامۆژگارییەکانی ئەحمەدی خانی، کە جودی و مەحمودیش پێیاندەوت (باشە بۆچی کەتۆ پەدەکەیشت نەدەناسی، بۆچی کەوتنە دوای دەوڵەتەکانەوە؟)، ئەویش بەم قسانە غەم دایدەگرت.

بێهودەیی مام خدر لە ئاستی پەدەکەدا، وەک نەخۆشی پەتا بوو. ئەم پەتایە محەمەد ئەلفیشی گرتبووەوە کە سەر بە یەکێتی نیشتیمانی بوو. ئەو زۆر لایەنگری ئیبراهیم ئەحمەد بوو، زۆرکەس دەیانوت یەکێتی زرکوڕی پەدەکەیە. مەلا مستەفا بەبێ ئەوەی راوێژ بەکەس بکات، لە ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراقدا ئاگربەستی کرد. محەمەد ئەلفی ئەمەی بە گرێ جیابوونەوە و دووبەرەکی ناودەبرد. بەهۆی ئەم ئاگر بەستەوە، چەند کەسێکی دەستەی مەکتەبی سیاسی ئەوکاتەی پەدەکە بەم کارە ناڕازی بوون و بۆ ئەم مەبەستەیش کۆبونەوەیان ئەنجامداوە. لە ئاکامی ئەم کۆبونەوەیەدا مەلا مستەفایان لە سەرۆکایەتی لاداوە و ئیبراهیم ئەحمەدیان لە شوێنی ئەو هەڵبژاردووە. لەسەر ئەم گۆڕانکارییە، ئیدریس مەلا مستەفا، بە دەمانچەوە چووتەسەر دەستەی مەکتەبی سیاسی و بڕیارەکانی قەبوڵ نەکردووە. ئیدریس بارزانی کۆنگرەیەکی سازدا و جارێکی تر باوکی کردەوە بە سەرۆکی پەدەکە. جەلال تاڵەبانی کە زاوای ئیبراهیم ئەحمەد بوو، کرا بە سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی. بنەماڵەی بارزانی بەمانەیان دەوت (جاش)، ئەوانیش بە بنەماڵەی بارزانییان دەوت (دواکەوتوو، خێڵەکی و پیلانگێڕ).

کاتێک لەناو پەدەکەدا گرژی و ئاڵۆزی لە ئارادابوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە بەتەواوەتی پەتی ئەم گرژییانە پچڕا. لە ساڵی ١٩٧٦ چوونە ناو شەڕێکی دژوارەوە. پەنەکە ناچارکران پەنا بۆ ئێران بەرێت. پەنەکە سیاسەتێکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەیڕەودەکرد کە مەیلداری ئێران بوو. رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و لە ساڵی ١٩٩٠دا موداخەلەی ئەمریکا بۆسەر عێراق و راپەڕینی جەماوەر هۆکاربوون کە یەنەکە رەنگی حزبەکەی خۆی بگۆڕێت. بە جەلال تاڵەبانییان دەوت (کەسێکە دەتوانێت بە گوێرەی گۆڕانکاری قۆناغەکان خۆی هەڵسوڕێنێت)، بەتەواوەتی پێچەوانەی چەپ کەوتەکار. بەهۆی هێزی چەکوشی نێودەوڵەتییەوە، خۆی لە ئەمریکا و تورکیا نزیککردەوە. لەو قۆناغەدا بە پەکەکەی دەوت هەڤاڵ و رێگری نەدەکرد لە بەهێزبوونی پەکەکە لە هەرێمەکەدا. بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا، ئەوکاتە ئەمریکا و تورکیا باوەڕییان بە یەنەکە نەبوو.

محەمەد ئەلفی لە یەکێتی جیابووەوە و وازی لە پێشمەرگایەتی هێنابوو. محەمەد دەیوت: (کچێکی قارەمان چاوەکانمی کردەوە). بێشک تەنها چاوەکانی نەکردبووەوە، بەڵکو هزر و نەستیشی گۆڕیبوو. دڵی خۆی لە ئاستی پەکەکە والاکردبوو. پەکەکەی خۆشدەویست، دوو کچیشی ببوون بە گەریلا. بەوم دەوت (پیرە دڵ گەنجەکە)، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی هەبوو، بەڵام گورجوگۆڵ بوو، بەردەوامیش بە کەیف بوو. قسەی خۆش و شۆخییەکانی کردبوو بە خوو. رۆژانە ٣بۆ٤ پاکەت جگەرەی دەکێشا، هەروەها زۆر حەزیشی لە یاری دۆمینە بوو. ئەو رێگرییانەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ئەنجامیاندەدا، لە ئاستییاندا وورەی نەدەڕوخا و دەستبەرداری شۆخی و قسە خۆشەکانی نەدەبوو. لەمبارەیەوە دەیوت (چاوەڕێی هەموو شتێکی خراپە لەمانە دەکرێت)، بەردەوام دەتبینی جگەرە دەکێشێت و سەرقاڵی دۆمینەیە. بەردەوام دەیوت (چاوەکانم کردنەوە، نەخێر..نەخێر چاوەکانم لە ئاستی دونیایەکی تازەدا کرانەوە). دەیوت لە ئاستی ئازادی و پێشمەرگایەتی و تەنانەت تێڕوانینی بۆ مزاری پیاوەتی خۆمیش گۆڕانکاریم کردووە. کاتێک باسی لە یادەوەرییەکانی خۆی دەکرد، غەمبار دەبوو، هەندێکجار لە ئاستی یادەوەرییە تاڵەکانیدا دەستی دەکرد بە گریان. بەداخەوە دەیوت (لە ساڵی ١٩٩٢دا، ئێمە وەکو یەنەکە و پەدەکە هاوشانی هێزی تورکیا پەلاماری پەکەکەماندا)، کە ئەم قسانەی دەکرد لەخۆیشی زویر دەبوو. ئەوکاتەی هێزی سەربازی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٢ بە تانک و تۆپ و کۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی هاتنە باشوری کوردستانەوە، محەمەد پێشمەرگە بوو. لە چوارلاوە گەریلایان گەمارۆدا بوو. محەمەد چاوی بە شەڕەکانی زاپ، هەفتانین، خنێرە، خواکورک، ئاڤەشین و باسییان کەوتبوو. محەمەد دەیوت (ئەو سەردەمە سەرتیپ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بووم، ئەو سەردەمە تیپ هێزێکی جەربەزەی یەنەکە بوو). ئەو سەردەمە محەمەد پەکەکەی نەدەناسی و نەیشیدەزانی بۆچی ئەم شەڕە دەکات. (بە ئێمەیان دەوت ئەم شەڕە بکەن و ئێمەیش ئەم شەڕەمان دەکرد. پێیانوتم دەبێت بە خۆم و هێزەکەمەوە بچین بۆ خواکورک. ئەوکاتەی گەیشتم شەڕ دەستی پێکردبوو. پەدەکە لە شەڕەکە دۆڕابوو، پێشمەرگەکانی پەدەکە لەهەمبەر گەریلا خۆیان پێڕانەدەگیرا. هۆکاری هاتنی ئێمە بۆ خواکورک دۆڕاندنی پەدەکە بوو. کە گەیشتین، چوینە ناو شەڕەکەوە. چەندین رۆژ شەڕ بەردەوامی کێشا. ئەو گردانەی بەدەستی گەریلاوەبوون، چۆڵیان نەدەکردن. نەماندەتوانی ئەو گردانانەیان لێوەربگرینەوە. لە ئاکامدا بەهێزێکی زۆری پێشمەرگەوە هێرشێکی فراوانمان ئەنجامدا. سەرەڕای ئەمەیش نەمانتوانی گردەکان بگرین. لەسەر گردێکیان کچێکی گەریلا هەبوو، چواردەوریان گرتبوو، زۆر قارەمانانە شەڕی دەکرد. هەتا دوا فیشەکی شەڕیکرد، ئەوکاتەی فیشەکی پێنەما، پێشمەرگەکان هاواریان بۆکرد و پێیانوت {تەسلیمبە، مەترسە هیچت لێناکەین}، ئەو لەناو سەنگەرەکەی خۆی هەستایە سەرپێ، هەمووومان لەومان دەڕوانی. بەکاوەخۆی لە گردەکە هاتەخوارەوە. قۆڵەکانی کردەوە، بەدەم راکردنەوە باڵەکانی کردەوە و وەکو ئەوەی بیەوێت بفڕێت پێیەکانی لە زەوی بەرزکردەوە. کە ئەم دیمەنەم بینی، سەرسام بووم. کچە کوردێک رادەست بوون قەبوڵ ناکات و خۆی بەردایەوە ناو تاشە بەردەکانەوە. هەموو جەستەی تێکشکان، ئەمە چۆن چاونەترسییەکە؟!، ئەمە چۆن پابەندییەکە بە ئازادییەوە؟!، ئەمە چۆن بیروباوەڕییەکە؟!. ئێمە لەگەڵ کێدا شەڕمان دەکرد؟!. دەمانویست کێ و بۆچی دیل بگرین؟!. پێشوتر ژیانی لەیلا قاسمم خوێندبووەوە. کەم یان زۆر چاودێری گۆڕانکارییەکانم دەکرد. خۆمانمان لە پێشەوە دەدی و پەدەکەیش لەدواوە، بەڵام هەردوولامان بەیەکەوە زەختماندەکرد کچە کوردێک دیل بکەین کە دێوانەی ئازادی بوو. ئەو نەک ئێمە بەڵکو مردنی هەڵبژارد، لەگەڵ ئەمەیشدا شەرمەزاری و مردنیشی خستە پێش ئێمە. بەخۆمم ووت {شتێک هەیە لەناو ئەم شتەدا}، بە پێشمەرگەکانم وت کۆببنەوە پاشەکشێ دەکەین، شەڕ ناکەین و یەک فیشەک ناتەقێنین. پێشمەرگەکانم کۆکردنەوە و گەڕاینەوە بۆ هەولێر. کە گەڕامەوە بۆ هەولێر راستەوخۆ وازم لە فەرماندەیی پێشمەرگایەتی هێنا. شەرمم لەخۆم دەکرد. دەمویست بەم دەست لەکار کێشانەوەم خۆم بکرمەوە، بەڵام دەستبەرداری ئەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەسەلەیە نەبووم. لێکۆڵینەوەم لەو کچە قارەمانە کرد. زانیم کە پێیدەڵێن {بێریتان}، کەناوی خۆی گوڵناز قەرەتاشە. لێکۆڵینەوەم لەسەر پەکەکە کرد، هەتا زیاتر بمناسییانیانە لایەنگریم زیاتر دەبوو. بەخۆمم دەوت ئەگەر کورد شتێک بەدەست بخەن و قازانج بکەن، تەنها بەدەستی ئاپۆ بەدیدێت. ئەوانی تر ناخ بۆشن، ئێستا دوو کچم لەسەر چیاکان گەریلان. شانازییان پێوەدەکەم).

محەمەد ئەلفی، بەردەوام قسەکانی خۆی دەهێنایە زمان. کە باسی ئەم مەسەلانەی دەکرد جۆشوخرۆشی دایدەگرت. زۆرجار کە قسەی دەکرد، بە شانازییەوە دەیوت ناوی کچێکی کچەزام ناوە بێریتان. هەندێکجاریش باسی ئەوەی دەکرد کە پێویستە ژنانیش شانبەشانی پیاوان بۆ ئازادی بجەنگێن. دەیوت لە هەموو تێکۆشانەکاندا ژن بونیان هەبووە. بۆنمونە قەڵای دمدم، لە دەرسیم زەریفە و بەسێ، لە ئاگری یەشار خانم، لەیلا قاسم، ئەوان بوونە بە قارەمانی مێژوو. لە شیعر و ستران و حەیرانەکاندا ناویان هاتووە. بەگوێرەی محەمەد ئەلفی، ئەو پروپاگەندانەی دژ بە پەکەکە کراون، بستێک تێنەپەڕیوە. نە پەدەکە و نە یەنەکە و حزبەکانی تریش دەستیان بۆ مەسەلەی ژن نەبردووە. پەکەکە توانیوێتی ئاگر و باروت لەیەک نزیک بکاتەوە، کە ئەمەیش لەلای یەنەکە و پەدەکە بەچاوێکی سوکانەوە لێیدەڕوانرێت، دەڵێن ژیانی گەریلای کچ لەسەر چیا سەختە و لەم بارەیەوە تۆمەتی ناشیاو دەخەنە پاڵیان. محەمەد مەبەستی خۆی و مام خدر بوو، دەیوت بڕوانن ئێمەمانانێک کە رۆژگارێک پێشمەرگەبووین، ئێستا کچەکانمان بوونە بە گەریلای ناو پەکەکە، زۆربەی نازناوی گەریلاکان بوونە بە بێریتان. محەمەد ئەلفی هەتا ئەوکاتەی بەهۆی دیل گۆڕینەوەی یەنەکە و پەدەکە کە ئازاد کرا، بەردەوام باسی لە تێڕوانین و بەسەرهاتەکانی خۆی دەکرد.

قسەیەکی نەستەقی کوردی هەیە دەڵێت :

**(خۆری سبەینیان پارە ناکات، خۆری ئێوارانیش پارە ناکات).**

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM




WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەولێر

هەولێر لۆرکی دایکان

هەولێر ڤێرینە زارۆکان

هەولێر کلێ چاڤێ بوکان

هەولێر بە خوینە شەهیدان

هەولێر .. هەولێر

ئاگری سەرهەڵدانە

قەلای بەرخودانە

هێلینا عەگیدانە.. هەولێر

هەولێر ژبۆ مە دایک بوو

هەولێر بە پیت و ئاگر بوو

ئاگری دڵی خورتان و کچان

ناڤێ مردنی کرد بە ژیان

ناڤێ مردنی کرد بە ژیان.. هەولێر

هەولێر نامێنی وەک جاران

ببێتە گۆڕێ خائینان

بە خوینا هێلین و سالیحان

گەش دبن چیچەک و سەرگولان

گەش دبن چیچەک و سەرگولان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٥

# هەواڵی ناوەخت

لە سەرەتای مانگی مایسی ساڵی ١٩٩٧، پەیتا..پەیتا دیلەکانی پەکەکەیان دەهێنا بۆ زیندانی ئاکرێ. ئەوانەی سەرەتا هێنابوییانن، پێکهاتبوون لە جەمال، سەیفی، سەلیم، گێزمش و زیاد. دوای ئەوانیش ئەو وەڵاتپارێزانەیان هێنا کە گوایە هاوکاری و پشتگیری پەکەکە یان کردووە. لە کۆتایی مانگی مایسیشدا جودی، مەحمود، عومەر، حەسەن، ڕێبوار، مام خدر، دەمهات، بەهار و هاجەریان هێنا. دیلە کچەکانیان برد بۆ حوجرەکان و پیاوەکانیشیان برد بۆ قاوشی ژمارە ٧. بەمشێوەیە ژمارەی قاوشی ٧ بوو بە ٧٠ کەس.

ئەو گرووپانەی دەهێنران، لەلایەن تێلا بەدەستەکانەوە پێشوازییان لێدەکرا. لەکاتی چونیان بۆ تەوالێت دارکاری دەکران و هەروەها شەوانەیش پێشمەرگەکان چەند دانەیەکییانیان لە قاوشەکانەوە دەردەکرد و بە کێبڵ لێیانیان دەدا و ئازاریان دەدان. ئەوانەی زوو..زوو بانگدەکران بێشک مەحمود، سەیفی و عومەر بوون. هەر زیندانییەک بەگوێرەی خۆی لێکۆڵینەوە و موحاسبە دەکرا. لە هەموویان وورد دەبوومەوە. جودی لەناو دوا گرووپدا بوو کە هێنابوویان. سەرنجم لەو دەدا. ئەو بەردەوام دەچووە بەردەم پەنجەرەکەوە و تەماشای ساحەکەی دەکرد و لەو زیندانیانەی دەڕوانی کەلە کاتی بردنیان بۆ تەوالێت لێدانیان دەخوارد و لەوانەی دەڕوانی کەلە ساحەکە پیاسەیان دەکرد و لەوانەی دەڕوانی کەلە ساحەکە لە بەلوعەکە ئاویان دەخواردەوە و دەموچاویان دەشۆری. لەوانەی دەڕوانی کە جلیکانەکانیان پڕ لە ناو دەکرد و تەماشای شوێنی ئێشکگری پاسەوانە پێشمەرگەکانی دەکرد و لەو خانووانەی دەڕوانی کە پشتی خۆیان نابووە قەدپاڵی چیای ئاکرێوە و بە قوڵی بیریدەکردەوە و هەمیشە جگەرەیشی بەدەستەوە بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جودی تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو، باڵا بەرز بوو، کەسێکی لاواز و حەزی لە شۆخی بوو. شۆخی لەگەڵ دەوروبەری دەکرد و ئەوەیشی شۆخی بەو بکردایە بە چاوی ڕێزەوە لێیدەڕوانی. ئەگەر لە دەرەوە دونیا وێران بوایە خۆی وانیشاندەدا کە گوێشی ناداتێ، بەڵام ئەویش هەروەکو هەموو کوردێک هەستیار بوو. دڵنیابووم کە ئەویش هەموو خەم و ئازار و مەینەتییەکانی لەناو قەفەزەی سنگیدا هێشتووەتەوە و نەیدەدرکاند. جودی لە هەولێر لەدایک ببوو، لە هەولێریش گەورە ببوو. ماوەیەک بەهۆی گوشارەوە بە خۆی و خانەوادەکەیەوە چوبون بۆ ئێران و گەڕابونەوە. جودی قژێکی پڕی ڕەش قەترانی هەبوو، بەڵام مووی ریشی زەرد بوو. ئەمەیش سەرنجی هەموو کەسێکی بەلای خۆیدا رادەکێشا، قژ ڕەش و ریش زەرد. ئەو سۆران بوو، ئاخافتنیشی خۆش بوو، هەروەها بە زاراوەی کرمانجیش قسەی دەکرد، هەروەها زمانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی و تورکیشی دەزانی. لە بارەی هەموو مژارێکەوە تێروتەسەل قسەی دەکرد.

جودی بەم زیندانیکردنەی ئەمە دووەمجاربوو کەلەلایەن پەدەکەوە زیان ببینێت. بەگوێرەی گێڕانەوەی خۆی، ساڵێک پێش هێنانیان بۆ زیندانی ئاکرێ، لە هەولێر لەگەڵ برا بچوکەکەیدا لەلایەن پەدەکەوە بۆسەی بۆدادەنێن. لەم بۆسەیەدا برا بچوکەکەی دەکوژن و خۆیشی بریندار دەبێت. کوژرانی براکەی لەبەرچاوی جودی و نەتوانینی هاوکاریکردنی براکەی و بەجێهێشتنی تەرمی براکەی ئازارێک بوو نیوەی تەمەنی بردبوو. لە سکیدا ئاسەواری شوێن فیشەک هەبوو. نەیدەزانی چەند ڕۆژ بێ هۆش ماوەتەوە. مانەوەی لە ژیاندا موعجیزە بوو. کەهۆشی دێتەوە سەرخۆی دەبینێت نیوەی گیپاڵی نەماوە. بۆنەوەی بەئاسانی توالێت بکات و پارچەکانی گیپاڵی بەیەکەوە گرێبدرێت، سۆندەیان بۆدانابوو. لەوانەبوو دکتۆرەکان هەموو هەوڵێکی خۆیان دابێت، لێ مەخابن کارێکی باشیان بۆنەکردبوو. سکی وەکو میزڵدان دەپەلی. بەهۆی نان نە خواردنییەوەی لاواز ببوو. ئەوکاتەی لە زیندان بوو، لەبەرئەوەی خواردنی باش و بەسوودی نەدەخوارد، زۆر..زۆر لاواز ببوو.

ئەم بۆسەیە تەنها نیشی پێشمەرگەی پەدەکە نەبوو، بەڵکو گرووپی کۆنترا گەریلای تورکیا بەشداری تێداکردبوو. سەرەڕای ئەوەی جودی و براکەی بێچەک بوونە، بەڵام بەدەیان فیشەکیان پێوەناون. خانەوادەی جودی بە ئاشکرا لایەنگری پەکەکە بوون و ئەمەیشیان نەدەشاردەوە. برا گەورەکەی جودی کە ناوی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جەنگاوەر بوو، لە ساڵی ١٩٩٠ ببوو بە گەریلای پەکەکە، تەنانەت هەتا ئاستی پلەی ئەندام مەرکەزیش بەرز ببووەوە. برا گەورەکەی تریشی لە ئەوروپا کاری رێکخستنی پەکەکەی دەکرد. ئەوانەی نەیاندەتوانی تۆڵە لە برا گەورەکەی جودی بکەنەوە، پەلاماری جودی و برا بچوکەکەیان دابوو. ئەم سزایە و تۆڵەسەندنەوە، تەنها و تەنها کاری پارتەکەی بنەماڵەی بارزانی بوو. ئەی باشە کێ ئەم کۆنتر گەریلایانەی تورکیایان هێناوە و کێ چاوپۆشی لەم بۆسەیە کردووە و رێی بۆخۆشکردوون؟. مام خدر لەگەڵ حەسەن و مەحمود گەنگەشەی پەدەکەیان دەکرد، دەنگیان دەگەیشتە جودی. دەزانرا کە مام خدر لە سەداسەد ناحەق نییە، مژی لە جگەرەکەی دەدا و دوکەڵەکەیشی بەرەو چیای ئاکرێ توڕدەدا. بەهۆی بێبەختییەکەی مانگی نیسانەوە، لەگەڵ خۆیدا گەنگەشەی دەکرد. مام خدر زۆر تکای لە حەسەن و مەحمود کردبوو کەلە ماڵەکەی دەرنەچن. مام خدر درکی بەشتێکی خراپ کردبوو. دەیزانی مرۆڤەکان گۆڕاون و پەدەکەیش سەرقاڵی پیلان دانانە. لەوماوەیەدا سەرگوزەشتەیەک باسدەکرا، باسیان لە باوکی مام خدر دەکرد کە گەنجێک بۆنەوەی پلاتینەکانی قاچی بدزێت، کوشتویەتی. مام خدر زۆریلێکردبوون چەند رۆژێکی تریش حەسەن و مەحمود لە ماڵیان بمێننەوە. مەحمود نەک باوەڕ بە ئەزمونی مام خدر بکات، بەڵکو باوەڕی بە دەمانچە و رووماندکەی خۆی کردبوو، مام خدر دەیوت مەحمود دەستی دەنا بە قەد دەمانچەکەیەوە و دەیوت (مام خدر بێ خەم بە)، بە مام خدریان وتبوو پەیوەندیمان لەگەڵ کەسێکدا هەیە و پێویستە چاومان پێبکەوێت. جودی لە نێوان دوو دەرددا مابووەوە. هەولێر هەولێرەکەی جاران نەبوو. درکی دەکرد پەدەکە دەیەوێت پیلانگێڕییەک بکات. ئەگەر بیوتایە {کێشە نییە با نەچین بۆ ئەو یەکتر دیتنە}، لەوانەبوو بیانوتایە ئەندێشەی کەسایەتی خۆی هەیە، هەرچەندە چەندجارێک لەبارەی باوەڕبەخۆبوونی مەحمودەوە قسەیشی کردبێت، بەڵام سوودی نەبوو. نەدەکرا ئەو بەیانییە لەلای مام خدر گەنگەشەی ئەم مەسەلەیان بکردایە، هەربۆیە لەوێدا پشتگیری مەحمودی کردووە و مام خدری هێور کردۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی قەناعەتیان بە مام خدر نەکردبوو، بەڵام بەناچاری رێگەی پێدابوون. دوای ئەم جیابوونەوە، جارێکی تر لە زیندان چاویان بە مام خدر کەوتبووەوە. لێرە بەدواوە چەنێک ئاخیشیان هەڵکێشابێت، بێ چارەبوو، لە ئاکامدا بەکارنەهێنانی ئەقڵ، زیندانی هێنایە ئاراوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جودی داخێکی گرانی هەبوو، گازندەی خۆی دەکرد. دەیزانی مەحمود کەسێکی ماجەرا پەرستە و سەرەڕای ئەوەی دەیزانی سەرشێتە، بەڵام ئەو ڕۆژە ڕێگری لێنەکردبوو. زۆرجار لەگەڵ مەحمود کاروبار و چالاکی گرنگ و دژواریان ئەنجامدابوو. هۆکاری بۆسەدانان و لێدان لە جودی کە ساڵێک لەمەوبەر ڕوویدابوو، هەر ئەو چالاکییانەبوو. ئەو ڕۆژە مەحمودی ووشیار نەکردبووەوە. پێیوابووە ئەگەر ووشیاریشی بکاتەوە، گوێی لێناگرێت و بە قسەی ناکات. لەوانەبوو تورەیی و عینادییەکەی مەحمود هۆکار بوبێت کە هیچی بە مەحمود نەوتووە. لە هەموو ڕەفتارەکانی مەحمود وێنەی ڕابردووی منداڵێتی پێوەدیاربوو. بەهۆی دوژمنداری خانەوادەکەیەوە لە مێردینەوە کۆچیان کردووە بۆ لوبنان. باوکی مەحمود لە لوبنان دەچێتە فەڵەستین و هاوشانی خەباتی گەلی فەڵەستین دژ بە ئیسرائیل جەنگاوە. باوکی مەحمود بووە بە فەرماندەی کەرت، ئەوکاتەی بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیلەوە کە پاشەکشێ دەکرێت، ئەوکاتەی دەیەوێت بە ماشێن خێزانەکەی ڕزگار بکات، تۆپ بەریاندەکەوێت. لەبەرچاوی مەحمود باوکی گیاندەدات. دایکیشی بریندار دەبێت. کۆرپە ساواکەی ناو باوەشی دایکیشی پارچە پارچە دەبێت، ئەوکاتە مەحمود تەمەنی ٦ ساڵ دەبێت و ئەم کارەساتە کاریگەرییەکی زۆری لێدەکات. تەنانەت باڵا نەکردنی و بچوکییەکەیشی بەم ڕووداوەوە گرێدەدا. لەوانەیش بوو ڕاستی بکردایە. باڵای مەتر و نیوێک بوو. زۆرجار جودی لەبارەی باڵا کورتییەکەی و جەسارەتییەوە شۆخی پێدەکرد.

جودی تەماشای قەدوباڵا کورتەکەی مەحمودی دەکرد، مەحمودیش سەرقاڵی جگەرە دەرکردن بوو لە پاکەتەکەی بەردەمی. حەسەنیش لەبارەی ڕەوشی پەدەکەوە هەڵسەنگاندنی دەکرد. جودی کە جگەرەکەی تەواوبوو لەناو تەپڵەکەکەی خۆی کوژاندییەوە. جودی هێشتا لەژێر کاریگەری کات و ساتی دەستگیرکردنەکەیدا بوو. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەنیاز بوو ئەم مەسەلەیە لەگەڵ مەحمود باسبکات، بەڵام پەشیمان بیووەوە. بەدەستی خۆی بە نەزانی خۆیان کەوتبوونە ناو ئەم ڕەوشەوە و ساڵحیان بە تەنیا هێشتبووەوە. ڕێبوار کە تازەبەتازە ١٦مین ڕۆژی بوو لە حوجرەدا، بەدەم گریان و لیکی دەم و ئەو چڵمانەی لە لووتییەوەی دەهاتنە دەرێ، کە هەناسە سواری کردبوو، باسی لەو ڕووداوانە دەکرد کە بەچاوی خۆی بینیبووی. کاتێک قسەی دەکرد، لە حوجرەکەی تەنیشتییانەوە گوێی لە گریانی بۆتانی برای بووە کە تەمەنی ٦ مانگ بوو. هەوڵی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دایکی بۆتان بۆ ژێربونەوەی کۆڕپەکەی بێ سوود بوو. ووردەکاری ڕووداوەکە لەم حوجرەیەدا لە نێوان ئەم چوار دیوارەدا حەسەن و عومەریش گوێیان لێبوو. هەرچەندە جودی هەست و سۆزی خۆی دەرنەدەخست، بەڵام حەسەن و عومەر بەم ڕووداوانە هەستیان بزوابوو. جودی لەخۆی دەپرسی (نازانم ئێمە لە بەهاری ساڵێ ١٩٩٧ ئایا کوێر ببوین؟)، نەخێر.. نەخێر، بۆچی کوێر بوبێتن!، ئەی ئایا لە سەرەتای مانگی ئاداردا لەگەڵ ساڵح، هێلین، دیجلە و مەحموددا کۆبونەوەیان نەکردبوو؟!، ئەی ئایا پێرسپێکتیفی پەکەکە یان نەخوێندبووەوە؟!، کەباسی لە موداخەلەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکرد بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین!. لەم پیلانەیانەیانیشدا باس لەو ئەرکانە کرابوون کە بۆ ئەنجامدانیان درابوون بە تورکیا و پەدەکە. لە ڕاپۆرتەکەیاندا پێشبینی شەڕ کرابوو. لەم شەڕەدا پەکەکە ئامانج بوو. نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی ئەم شەڕەبوو، لە هەمانکاتیشدا بۆ لەناودانی کرابوو بە ئامانجیش. پەدەکە دەیویست لەڕێی ئەم شەڕەوە عەسکەرتارییەتی خۆی ڕابگەهێنێت. ڕێخۆشکەری بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات و بەمشێوەیە خۆی لە قاڵبی حزبایەتی کلاسیک و خۆی لە پەکەکە و یەنەکە بە جیاوازتر نیشان دەدات و بەمشێوەیە لە کوردستان پێگەی خۆی قایم دەکات و لە کوردستان دەبێتە تاکە هێز.

پەدەکە لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ بە پشتیوانی و هاوکاری سوپای سەدام حوسێن هێرشی بۆسەر یەنەکە ئەنجامدا. لەم هێرشەدا سەدام هێرشی کردە سەر ئەو ئامادەباشییانەیشی کە هێزی نێودەوڵەتی دەیانویست ئەنجامی بدەن و لە چواردەوری هەولێر جێگیر ببوون. بەهۆی دژایەتیکردنی ئێران لەلایەن سەدام و پشتکردنە ئێران لەلایەن پەدەکەوە، ئەمریکا و ئیسرائیل لەهەمبەر ئەم هاوپەیمانییەی سەدام و پەدەکە بێدەنگ مانەوە و ئەوکاتەی هێزە هاوپەیمانەکانی ئێران زیانیان دەبینی زل هێزەکان تەنها وەک تەماشاکار لە ڕووداوەکانیان دەڕوانی. ئەو سەردەمە پەکەکە لە هەولێر مەڵبەندی کولتوری و نەخۆشخانەی درووستکردبوو، هێشتا سەرەتای دەستپێکردنی کارەکانی پەکەکە بوو، پەدەکە کادیرێکی پێشکەوتوی پەکەکەی کوشت بەناوی دکتۆر سیروان، بەڵام پەدەکە ئەم کوشتنەی لە ئەستۆی خۆی نەگرت. پێشمەرگەکانی یەنەکە ئەوکاتەی سەدام هێرشی بۆکردن، هەموویان ڕوویان لە ئێران کرد. پەدەکە دیلێکی زۆری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەنەکەی گرت کە پلەوپایەیان هەبوو، بەتایبەتی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و دکتۆر فوئاد مەعسوم کە ببوون بە دیلی پەدەکە.
سەرۆکی پەکەکە لەمبارەیەوە وتبووی (پێویستە دیلەکانمان بە زووترین کات ئازاد بکرێن، بەپێچەوانەوە پەدەکە زیانی زۆر خراپ دەبینێت)، دوای کشانەوەی پێشمەرگەکانی یەنەکە، گەریلاکانی پەکەکە سەرلەنوێ خۆیان کۆکردەوە و کەوتبوونە ئامادەباشییەوە، لەئاکامدا پەدەکە چەند دیلێکی ئازاد کرد و لە هەولێریش سنوری بۆ چالاکییەکانی پەکەکە دانا. تورکیا لەسەر ئەم گۆڕانکارییە توشی شۆک هاتبوو. پەدەکە بە ئەنجام وەرنەگرتنی ئاکامی باش و سەرنەکەوتنەکانی لەهەمبەر یەنەکە، پەکەکەی بە هۆکار دەزانی. کاری هاوبەشی پەدەکە لەگەڵ سەدامدا، کێشەی بۆ درووستکردبوو، هەروەها جەماوەریشی لەدەستدا بوو. لەماوەی چەند مانگێکدا لە هەولێر زیاتر لە هەزار گەنج چوبوونە ناو ریزەکانی پەکەکە وە. خانەوادەی واهەبوون بەدەستی خۆیان رۆڵەکانیان رادەستی پەکەکە کردبوو. پەدەکە هەوڵیدەدا رێگری لەم گۆڕانکاریانە بکات. پەدەکە بە نیازبوو ببێت بە تاکە هێزی باشوری کوردستان. ئەگەر بواری بۆ برەخسایە، پەدەکە دەیویست لەبەردەم لووتی ئێران ئیسرائیلێکی بچووک دابمەزرێنێت. دەیانویست لەگەڵ سەدامدا بەتەواوەتی دەستبەرداری هێڵی٣٦ی هێزە هاوپەیمانەکان ببن. سەرکردایەتی پەکەکە لە راپۆرتەکەیاندا باسی ئەم مەسەلەیان کردبوو. سەرۆکی پەکەکە لەمبارەیەوە دەیوت (ئەگەر هێرش و زۆربۆهێنانەکان ڤالا دەربخرێن، ئەوا تورکیا ناچار دەبێت لەبارەی کێشەی کورد و ناوچەکەوە بەرەو چارەسەری هەنگاو بنێت)، هەربۆیە وتبووی (ساڵی ١٩٩٧ ساڵی ئەنجام وەرگرتنی کۆتایی مەسەلەکانە بۆ ئەنجام وەرگرتنی سەرتاسەری، بەشداری بوون لە چالاکییەکانی شۆڕش مەرجی سەرەکییە). لە کۆبونەوەی ناوخۆیاندا، گەنگەشەی هەموو رێنمایەکانی سەرۆکایەتی پەکەکەیان کردبوو. ساڵح پێیانیوتبوو پێویستە هەموو کەسێک زۆر بە دیقەتەوە کاروبارەکان ئەنجام بدات. ئاکام و وووریابوون و سەرنجدان و بە دیقەت بوونی ساڵی ١٩٩٧ ئەمانە بوون. باشە بەو شێوەیەی لێهات کە دەخوازرا؟!. ئەو رۆژە لە رۆژانی مانگی نیسان سەرنج راکێشەرە. ئەو بەیانییە مەحمود کراسێکی خۆڵەمێشی و پانتۆڵێکی شینی لەبەردابوو. دەمانچەکەی لە پشتی پانتۆڵەکەی گیرکردبوو. بەبێ ئەوەی گوێبداتە ئامۆژگارییەکانی مام خدر، بۆ بینینی ئەو کەسەی مەبەستی بوو لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ماڵەکە هاتبوونە دەرەوە. هەرچەندە هەوڵیان دابێت کەس درکیان پێنەکات، بەڵام دەمانچە و رووماەنەکانیان لە دوورەوە درکیان پێکرابوو. زۆر بێخەمانە رەفتاریان کردبوو. رەوش و رەفتاریان مایەی پێکەنینیش بوو. لە ئاستی باڵا بەرزییەکەی جودی، مەحمود وەک جوجەڵە دەبینرا. ئەوکاتەی لەبەردەم بارەگای پەدەکە تێدەپەڕن، فەرماندەیەکی پەدەکە رێگەیان پێدەگرێت. خۆی زۆر بە کەسێکی شیرین و نیازپاک نیشان دەدات و بانگێشیان دەکات بۆ چای خواردنەوە. دوای ماوەیەک لە دوودڵی داخوازییەکەی قەبوڵ دەکەن. بەگوێرەی یاسا نەدەبوو کەس بە چەکەوە بچێتە ناو بارەگاکەوە، کاتێک دەمانچە و رووماەنەکانیان رادەستی ئۆفیسی پرسگە دەکەن، پێشمەرگەکان پەلاماریان دەدەن. ئەوەی لە دەستیان هاتبوو کردبوویان بۆئەوەی خەڵکی بزانن کە گیراون، هاواریان کردبوو (ئێمە گەریلای پەکەکەین)، پێشمەرگەکان بەدەم تێهەڵدانەوە ئەوانیان بردبووە ژێر زەمینەکەوە. هەڤاڵ ساڵحیان هاتبوو پرسیاری هەڤاڵەکانی لە بارەگاکە کردبوو، کە وتبویان هەڤاڵەکانی تۆ لێرەنین، هەڕەشەی کردبوو. کاتێک لە کۆتایی مانگی نیسان ئەمان خرانە حوجرەی زیندانەوە، ئەو دەنگەی لە دەرەوە بیستیان لە سەرەتای مانگی مایسدا لە هەولێر دەنگی تەقەبوو کە سەدایەکی زۆری دایەوە. مەحمود گازندەی خۆی دەکرد و جوێنی بەخۆی دەدا، دەیوت (گەمژەی کوڕی گەمژە، ئەگەر بێ ئەقڵ نەبومایە بە دەستی خۆم چۆن دەمانچە و رووماەنەکانم ئەدا بە پێشمەرگەکان؟!)، خۆی زۆر بە بێ مێشک دەزانی، مەحمود خۆی کەسێکی عەسەبی بوو، لە خودی خۆی زۆر توڕەبوو، نەفرەتی لەخۆی دەکرد، خۆی دەیوت (من وام دەزانی کەسێکی چاو کراوە و زۆرزانم، کەچی بەوشێوەیە سادەیە راوکرام، ئێستا شایەنی ئەوەم بەخۆم پێبکەنم)، ئەو پێیوابوو لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا هەڤاڵانی دێن و ئازادی دەکەن. هەرچەندە ساڵح چووبوو بۆ بارەگاکە و سۆراغی هەڤاڵەکانی کردبوو، بەڵام فەرماندەی بارەگاکە هەزار سوێندی خواردبوو کەسیان دەستگیر نەکردووە. کە دوو رۆژ لە حوجرەی زیندانەکە دەمێنێتەوە، بەخۆی وتبوو (پەدەکە ناتوانێت ئێمە لێرە بهێڵێتەوە، ئەو غیرەتەیان نییە زەختمان بۆ بهێنن)، کاتێک جگەرەیەکی داگیرساند، بەدەم خۆیەوە وتی: (غەفڵەت ئەم ئاکامەی لێدەکەوێتەوە!)، دوای ماوەیەک لە مانەوەی لە حوجرە، دەنگی پێ هۆشیاری کردەوە، حاڵی بیوون ئیتر کاتی لێپرسینەوەیە. لە نێوان خۆیاندا هەوڵیاندابوو قسەکانیان بکەن بەیەک،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێککەوتبوون مەحمود بڵێت (من خەڵکی ئامەدم، گەریلام، لەبەرئەوەی برینداری هاتووم تیمار بکرێم). جودیش دەیوت من خەڵکی شاری باتمانم، ئەویش بووە بە گەریلا و بریندارە و بۆ چارەسەری هاتووە بۆ باشوری کوردستان. هەردووکییان شوێنی برینداربونیان پێوەبوو، بەمشێوەیە گوایە بڕوایان پێدەکەن. دەبوایە پەدەکە ناسنامەی جودی بە هیچ شێوەیەک نەزانیایە، ئەگەر ئاشکرا بوایە کە کێیە، لەوانەیە دەستبەجێ بیانکوشتایە. بەگوێرەی بۆچونی مەحمود، ئەگەر جودی ئاشکرابوایە کە کێیە، ڕاستەوخۆ دەیانکوشت. هەردووکیان پێیانوابوو لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، هەربۆیە قسەکانیان کردبوو بەیەک. جودی کە ئەوکاتانەی دەهاتەوە خەیاڵ، دەیوت (ئێمە زۆر تامەزرۆی خۆهەڵخەڵەتاندنین)، مەحمودیش دەیوت (پەدەکە ئەو غیرەتەی نییە پەلامارمان بدات، گەل ڕێگە نادات، ئێمە وەکو یەکێتی نیشتیمانی و پارتەکانی تر پارووی بچووک نین)، لێرەدا لەم زیندانەدا بۆیان دەرکەوت پەدەکە چی غیرەتێکی هەیە. بۆچی پەدەکە غیرەتی هەیە؟، چونکە پەدەکە لە ١٤ی مایسدا هاوپەیمانی لەگەڵ تورکیا کرد و ئۆپەراسیۆنی ساندویچی ئەنجامدا. پەدەکە لە هەولێریش لە مانگی نیساندا، کۆمەڵکوژییەکی گەورەی ئەنجامدا، ئەم کۆمەڵکوژییە و ئەم هێرشەی پەدەکە لە هەولێر، سوودی بە جودی بەخشی. جودی پێیوابوو هەڵەکانی پەدەکە و ئەو باوەڕێتییەی بەخۆیانە، لە ئاکامی بێ ئاگاییانەوە بووە. جودی خۆی هەڵدەخەڵەتاند، ئاخر نەدەکرا براکەیان لەبەرچاوی خۆی کوشتبوو، سپڵەکانی ڕژابوونە سەر زەوی، هێشتا پەدەکەی نەناسیوە چی بەشەرێکن، بەڵێ سرووشتی مرۆڤ وایە، هەموو شتێک بەچاوی خۆی دەبینێت، بەڵام زۆرجار لە بیریان دەکات.

لەنێوان خۆیاندا کۆبونەوەیان ئەنجامدا بوو تاکو دەرەنجامێک بەدەست بخەن. حەسەنیان دەیوت لەلایەن حزبەکەیانەوە ڕێنمایی تازە هاتووە، حزبەکەیان بڕیاریدابوو ئەو هەڤاڵانەی لە دەرەوەی بازنەی ئەنجامدانی چالاکین، پاشەکشێ بکەن. لەبەرئەوەی پێیانوابووە کە ڕاستەوخۆ شەڕ نایەتە ئاراوە، مەسەلەکانیان بە سادەیی وەرگرتبوو. هەرئەم هۆکارەیش بوو جودی زۆر لە حەسەن بەداخ و ناڕازی بوو. ئەم دوورکەوتوییە و ئەم خەم ساردییە زیانی گەورەی لێدەکەوتەوە. پێشمەرگەکانی پەدەکە چەمبەری خەستەخانەکەیان گرتبوو، دوای ئەوەی گەریلاکانی ناو خەستەخانەکە ئامادە نەبوون خۆیان ڕادەستی پەدەکە بکەن،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەموویانیان کۆمەڵکوژ کرد. هێلین و دیجلە لەماڵێکدا چواردەوریان گیرابوو، کە داوای رادەستبونیان لێدەکەن، هەتا دوا فیشەکیان شەڕیان کردبوو. ساڵحیش لە ماڵی ڕێوبار چواردەوری دەگیردرێت، داوای خۆڕادەستکردنی دەکرێت، ئەویش بە پێشمەرگەکانی پەدەکە دەڵێت بە مەرجێ تەسلیم دەبم سفیلەکانی ماڵەکە بێنە دەرەوە و هیچیان لێنەکرێت، بەڵام دایکی ڕێوبار خواستی ئەوەبووە لە ماڵەوە بمێنێتەوە، بەڵام ساڵح بەهەرشێوەیەک بێت قەناعەتی پێدەکات و ماڵئاوایی لێدەکات و لە ماڵەکە دەری دەکات. ڕێوبار لەگەڵ دایکی و برا ٦ مانگەکەیدا لە ماڵەکە دێنەدەرێ، پاشان ساڵح دوا ڕوومانەکەی فڕێدەداتە ناو پێشمەرگەکانی پەدەکە و شەڕ دەست پێدەکات، پاشان دەمانچەکەی دەردەکات و بەرەو پێشمەرگەکان هەنگاو دەنێت. دوای کوشتارەکەی خەستەخانەکە و دوای شەهیدبوونی هێلین و دیجلە و ساڵح، حەسەن و عومەر، بەهار و ڕەیحان بەبێ ئەوەی یەک فیشەک بتەقێنن تەسلیم دەبن، یەکێکی تریان بەناوی هاجەریش خۆی رادەست دەکات. جودی غەمگین بوو بەوەی کە زۆر بە سانەیی گیرابوون و هەروەها ناڕەزابوو بەرامبەر بە هەڵوێستی حەسەن. ئەوان ساڵحیان بە تەنیا هێشتبووەوە.

پێشمەرگەکان کاتی پاسەوانیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەو زیندانییانەی کاروباری تەوالێتیان تەواوکردبوو، لە ساحەکەدا پیاسەیان دەکرد. هەندێک زیندانیش لە بەلوعەکە جیلیکانییەکانیان پڕکردبوو لە ناو. جودیش تەماشای چیای ئاکرێی دەکرد و ئاخی هەڵدەکێشا. بەردەوام ساڵحی دەهاتە بەرچاو، لەماوەی دوو مانگی زیندانیدا زیاتر لە ساڵح تێگەیشتبوو، لە ڕاستیدا لەبارەی ساڵحەوە لە عومەرەوە گوێی لە زۆر شت ببوو، هەربۆیە زیاتر ساڵحی ناسی.

لە کۆبونەوەکان و چالاکییەکاندا ئەوەی ئاگاداری گۆڕانکارییەکان بوو، ئەوەی هەڵسەنگاندنی قوڵی بۆ مەسەلەکان دەکرد، فیداکار و ڕەنجدەر و موتەوازی و هەڵۆ ئاسابوو بێشک ساڵح بوو. هەموونەمانە، هەر لە سەرەتای ئەم ڕێپێوانەی حەسەن کەلە هیلڤانەوە دەستی پێکردبوو دەزانی، حەسەن دەیگێڕایەوە و دەیوت (هەڤاڵان، ئەم ساڵحە هەر لە هیلڤانەوە یەکەمین خانەوادەن دەرگەیان بۆ هەڤاڵان کردۆتەوە)، برا گەورەکەی ساڵح کە ناوی ئەحمەد بوو، لەناو ریزەکانی تێکۆشەرانی هیلڤان و سیڤەرەک بوو، لەهەمبەر ئاغاکانی وەک سلێمان و عەشیرەتی بوجاک کە جاش بوون، بەرخۆدانی کردووە و مەخابن لە ساڵی ١٩٨٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەهید بوو. برا گەورەکەی تریشی بە دیلی دەگیردرێت و لە زیندانی ئامەد ئەشکەنجەیەکی زۆری دەکەن و سزای لە سێدارەدانی بۆدەردەکەن. دەوڵەتی تورک لەبارەی یاساوە گۆڕانکاری دەکات و برا گەورەکەی سالّح حوکمی زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا دەسەپێنن. برا بچوکەکەیشی لە ساڵی ١٩٩٠ ببوو بە گەریلا، ناوی سالّحی کاکی وەکو نازناو بۆخۆی بەکارهێنابوو، لە ساڵی ١٩٩٢دا لە هەرێمی گاپ شەهید دەبێت، لەناو جوزدانەکەیدا وێنەی سەرۆک ئاپۆ و وێنەی براکەی و منداڵەکانی هەڵگرتبوو. لەبارەی حەسەنی برای، دەیوت (زۆر زوو بەشداری شۆڕشی کردووە)، دوای ساڵەکانی ١٩٨٠ بەشداریکردن لەناو شۆڕش زۆر چڕوپڕ بووە، سیاسەتی یاسایی و کاری راگەیاندنیشی کردووە. لە ساڵی ١٩٩١ کاندیدی پارتی (هەپ) بووە واتا (پارتی رەنجی گەل) لە شاری ئورفە. بە ژمارەیەکی زۆر کەم هەڵبژاردنەکەی لەداستدابوو، کە دەوڵەت درکی پێدەکات بۆ پەکەکە کاردەکات، ناچار هەڵدێت و خۆی دەگەهێنێتە هەرێمی گاپ. لە ساڵی ١٩٩٢ لەسەر داخوازی سەرۆک ئاپۆ دەچێت بۆ شام، دوایش دێت بۆ باشوری کوردستان و پێویستی بە ئەزمونی شۆڕشگێڕایەتی دەبێت.

باسکردنی حەسەن وای لە جودی کرد، سالّح باشتر بناسێت. جودی بیریدەکردەوە و دەیویست گۆڕانکارییەکان هەڵسەنگێنێت، دەیوت (وادیارە هەر لە منداڵییەوە لەهەمبەر سیستەمی دەرەبەگایەتی و خیانەتکاراندا هەڵوێستەی هەبووە کە هەتا ئێستایش پێوەیدیارە)، ئازاری کاکەی و براکانی و یادەوەرییەکانی یەخەیان بەرنەدەدا، هەربۆیە بە هەموو تواناى خۆیەوە تێدەکۆشا. کەسایەتی دانسقە و ئەزمونی پێوەدیار بوو، زۆرجار وتبووی پەدەکە بەدوای هەل دەگەڕێت هەربۆیە پێویستە ئاگامان لەخۆمان بێت، بەگوێرەی قسەی حەسەن، دوای ئەوەی جودی و مەحمودییان زۆر بە نهێنی دەستگیرکرد، سالّح هەموو هەڤاڵەکانی هۆشیار کردبووەوە، هەولّیدابوو ئەو هەڤالانەی لەناو تیمی چالاکیدان بیاننێرێتە دەرەوەی هەولێر، بەڵام کاتی تەواوی بەدەستەوە نەبوو.

ئەم زەمانە شتێکی چۆنە؟، نازانرێت کاتوساتی دیلی چۆن بەسەر دەبرێت. بۆچی کات تەواوکەر نەبوو؟، ئەگەر کات بەفیرۆ نەدرایە بەشیانی دەکرد. دوای شەڕی یەنەکە و پەدەکە، خەڵکی لەم دوو حیزبە وەڕەس ببوون و لێیان دوورکەوتبوونەوە، خەڵکی رووی خۆیان لە پەکەکە وەرگێڕابوو. گەنجێکی زۆر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چوبوونە ناو پەکەکەوە کە مایەی دڵخۆشی بوو، بەڵام نەتوانرا ئەم دەرفەت و هەلە زێڕینانە بقوازرێتەوە، بەتایبەتی لەمکاتەدا بوونی کەسێکی وەک ساڵح کە مایەی باوەڕی و پشتبەستنە، هەڤاڵێکە کە رێ نیشاندەرە، ئیتر شتێک نەدەمایەوە مایەی نیگەرانی بێت. کەواتە مەسەلە تەنها بێ بەرنامەیی نەبوو، کەواتە مەسەلە مەسەلەی بێ خەمی و بێ بەرپرسیارێتی بوو. زلکردنەوەی باوەڕبوون بە خودی خۆیان و مەستی هەستکردنی سەرکەوتن بوو. ساڵح دەیوت ئەگەر بتوانین هەولێر بکەین بە قەڵای تێکۆشان، هەروەکو چۆن سۆران و بادینان قازانج دەکەین، بەهەمانشێوە تورکمان و ئاسوری و عەرەبیش بەلای خۆماندا رادەکێشین و ئەوکاتە پشتمان لە زەوی نادات. کە ئەم قسانەی دەکرد بۆ چواردەورەکەی، بەبێ درککردنیان بە هەستیاری مەسەلەکە تەنها چەپڵەیان بۆلێدابوو. لە راستیدا ئەوکاتە نەیاندەزانی مانای قازانجکردنی هەولێر چەندێک بە نرخ و بە واتا و گەورەیە، تەنها و تەنها چەند چالاکییەک ئەنجامدەدرا و هیچی تر. کە جودی بیری لەم شتانە دەکردەوە، جارێکی تر دەگەڕایەوە سەرهەمان خاڵ و دەیوت (ساڵحمان بە تەنیا هێشتەوە، ساڵح، هێلین، دیجلە و ئەو هەڤاڵانەی برینداریش بوون، خۆیان رادەست نەکرد و هەولێریان کرد بە قەڵای بەرخودانێکی گەورە. هەربۆیە دەبێت لەم زیندانە ئێمەیش زیاتر خۆمان بە رێکخستن بکەین، بەڵام چۆن؟!).

جودی دەستبەرداری تەماشاکردنی چیای ناکرێ بوو، ئیتر خۆی گەڕاندەوە ناو قاوشەکە. لەماوەی چەند مانگێک ژمارەیان زیادی کردبوو، گەیشتبوونە ٧٠ کەسێک. ٧بۆ٨ کەسێکیان کادێری پەکەکە بوون، جگە لەوان هەموویان لایەنگر و وەڵاتپارێزی سەر بە پەکەکە بوون. جودی نەک کادێر، خۆی بە وڵاتپارێز ناوزەند دەکرد. ئەو گرووپەی پێش جودی هێنرابوون بۆ زیندانی ناکرێ، کەسێکیان ناوی زیاد بوو کەلە کەمپی ئەترووش دەمایەوە. جەمال و سەیفی کە تەمەنیان لە ٤٠کاندا بوو، ٧ساڵی تەمەنیان بە گەریلایەتی بەسەربردبوو. سەلیم و گێزمش ماوەی ٣ساڵ ببوو ببوون بە گەریلا، عومەریشیان بەهەمانشێوە بوو. حەسەنیان لە ساڵی ١٩٨٨وە لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا بوو. شاهان دوای ئەوەی غوربەت ئەللی و ساڵح دەناسێت لە ناو رێکخستن دەکەوێتە کار، دەچێت بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی و خولی پەروەردە دەبینێت، لە راستیدا خاوەن زانیارییەکی گشتی بێ وێنە بوو. مەحمودیان دەیوت هەرکە هاتمە دونیاوە بە رۆحی پەکەکەوە چاوم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

به دونیا هەڵهێنا. ئەوەی پێویست بوو بەناوی پەکەکەوە لەم زیندانە بدوێت و چالاکی رێکبخات هەر ئەمان بوون. هۆکاری چیبوو نازانم لەمبارەیەوە هەنگاویان نەدەنا!. بۆنمونە دەیانتوانی تەسلیمبوونی زۆرەملێیی پەدەکە رەدبکەنەوە، یاخود دەیانتوانی بەشێوەیەکی خۆسەپاندن بیانوتایە ئێمە پەکەکەین، یان نەترسانایە لەو لێپرسینەوەی کەلە گەڵیان دەکرا، هەروەها دەیانتوانی ئەوکاتەی لەلایەن حامید و حاتەم و سەیفۆوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرا و ئەشکەنجەیان دەکردن، نەپاڕانایاتەوە، یاخود دەیانتوانی کە گرووپی خاچی سوور دەهاتن بەشێوەیەکی ئازایانە باسیان لە هەلومەرجی زیندان و بەشێوەیەکی روون باسی رەوشەکەیان بۆبکردنایە، هەموو ئەمانە بەس بوون بیانکردایە. خۆڕاگری تەنها بەو مەسەلانەوە گرێدرابوو. ئەم هەڵوێستانە بە دڵنیاییەوە کاریگەری دەکردە سەر لایەنگر و وەڵاتپارێزان و زیندانییەکانی تریش. ئەمە کارێکی گرنگە، بەڵام جودی پێیوابوو کارەکان بەوشێوەیە نارۆن بەڕێوە!. مانەوەیان بەوشێوەیە ئەو دەرەنجامەی نیشاندەدا لەهەمبەر زۆربۆهێنانەکان رازی بوونە، هەربۆیە پێویست بوو ئەو سنورە ببەزێنن. هەڤاڵەکانی خۆیان چاوەڕێی ئەوەبوون کەسێک پێشەوایەتیان بکات. حەسەن بێکاریگەر بوو لەهەمبەر رووداوەکان، تەنها تەماشاکەر بوو. جەمال، سەیفی و سەلیم خەڵکی رۆژئاوای کوردستان بوون. گێزمشیان خۆی گۆشەگیر کردبوو، هەرچەندە مەحمود بەشێوەیەکی سرووشتی خۆی وەکو پێشەوایش نیشاندابێت، بەڵام تواناى ئەوەی نەبوو رابەرایەتی بکات. جودی دەیوت (من وەڵاتپارێزم، بائەوانی تر رابەرایەتی بکەن)، بەمشێوەیە خۆی لەقەرەی مەسەلەکان نەدەدا، لەهەمانکاتدا بە دەنگی بەرز ئەندێشەکانی دەهێنایە زمان.

جودی هەفتەیەک لەمەوبەر بە مەحمودی وتبوو (ناکرێت بەرخۆدان بەوشێوەیە بکرێت، پێویستە لەناوخۆمان رێکخستن درووستبکەین و پێویستە لەهەمبەر ئەشکەنجەکاندا خۆڕاگری بکەین و رەدی کارەکانیان بدەینەوە و زۆریان بۆ بهێنین هەلومەرجی زیندانەکە بگۆڕن)، وەڵامێکی چاوەڕوان نەکراوی لە مەحمود وەرگرت. بەگوێرەی مەحمود پەدەکە ناتوانێت لەهەمبەر پەکەکە خۆی رابگرێت، هەربۆیە بۆ دانوساندن و رێککەوتن رێگەچارە دەدۆزنەوە و هەموویشیان ئازاد دەکرێن. ئەی باشە مەحمود لەگەڵ کێدا رێکخستنی ئاوا دەکرد؟، هەر هەموویان لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی خۆیان لەگەڵ ژیانی رێکخستندا بگونجێنن نارەحەتیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ درووست دەبوو، لە دەرەوەیش ئەم هەڤاڵانە ئەو هەڤاڵانە بوون کەلە گۆڕەپانی چالاکییەکاندا لەبەرئەوەی پابەندی ژیانی ڕێکخستنی نەبوون پاشەکشێیان پێکرابوو. خودی مەحمود و گێزمشیش چاویان لە دەستدابوو، سەلیمیش قاچێکی. جەمال و سەیفی لەبەرئەوەی بە جەستە نارەحەتییان دەچێژا کاروباری گواستنەوەی ئازوقەیان پێدابوون. حەسەن جگە لە قسەکردن هیچی تری نەدەکرد، عومەریان بێزار بوو لە بیانو دەگەڕا. بەڕای ئەو تەنها دەستبەرداری پەکەکە مەبە ئیتر تەواوە.

جودی کێشەیەکی تەندرووستی جدی هەبوو، شەوی رابردوو بەهۆی ئەو لێدانەی بەدەستی پێشمەرگەوە خواردبووی بورابووەوە، مەحمودیش هاواریکردبوو (هەڤاڵەکەی ئێمەتان کوشت)، مەسەلەکەی گەورە کردبووەوە، پێشمەرگەکانیش شڵەژابوون، لەبەرئەوەی جودی بورابووەوە ئیتر غیرەتی ئەوەیان نەکردبوو زیاتری لێبدەن، بەڵام کێشەکە تەنها ئەمە نەبوو. ئەو سەیفۆیەی دەتوت ورچە ملی مەحمودی گرت و سوڕانی و سوڕانی هەتا دایبەئەرزدا، ئەوان لەناو خۆیاندا شۆخییان بەیەکتر نەدەکرد؟!، سەیفی بە سمێڵەکانی سەلیم پێدەکەنی، ئەی ئەو قەشمەریاتییەی کەبە کەسێکی بەساڵاچووی وەکو مام خدر دەکرا!، ئەی ئەو مولازمانەی ببوون بە پاسەوان بەسەریانەوە وەک دوو برا مولازمەکەی کە ناویان وەحید و وەهاب بوو، رادیۆ و کاغەز و قەڵەم بەدەستی ئەوانەوەبوو، سیخوڕی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بوون، ئەوان ئیدارەی هەموو قاوشەکانیان دەدا، زیندانییەکان وایان لێهاتبوو کە قسە بە فسکە فسک بکەن.

کێشەکە ئەوەنەبوو کە چەندێک لە زیندانەکە دەمێننەوە، کێشەکە ئەوەبوو ئایا لەهەمبەر رووداو و کێشەکاندا چەندێک بێ دەنگانە و بێ هەڵوێستانە دەبن. کێشەکە کێشەی خەیاڵی ساڵح بوو، ساڵح دەیویست لە باشوری کوردستان بەرخۆدانی ئاپۆچییەکان شکۆدارانە بکات، بۆ ئەم مەبەستەیش هەوڵیدابوو. ئەو پێیوابوو چۆن دەکرێت ئەوانەی بەلای کەمەوە ماوەی ٣ ساڵە گەریلان لەیەک نزیک نابنەوە و ڕێکخستن پێکناهێنن!. ئەی باشە هەریەکەیان بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە مردنیان لەچاو نەگرتبوو؟، هەربۆ ئەم کارە تەقەیان لێکرابوو ئەی تەقەیشیان نەکردبوو؟!، هەریەکەیان کاکەیان یان برا و خوشکیان گەریلا نەبوو، یان شەهیدیان نەدابوو؟!. ئەی عومەر بۆ ئەمکارە پیرۆزە هەموو خانەوادەکەی بەشداری شۆڕشیان نەکردبوو؟، خوشکە گەورەکەی شەهید نەببوو؟، برا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەورەکەی هێشتا گەریلا نەبوو؟. راستە عومەر لە هەلومەرجی چیا جەستەی نەیدەتوانی خۆڕاگری بکات، بەڵام خاوەن زانیاری و ئەزمون بوو. دەیتوانی بە ئاسانی تێکەڵی لەگەڵ مرۆڤ بکات، بە ئاسانی دەیتوانی قەناعەت بە بەرامبەرەکەی بکات، هەرچەندە خۆیشی نارەزایی لەهەمبەر خۆی نیشاندەدا لە شەڕدا دیل گیراوە، بەڵام هێشتا نەدەکرا بوترێت (رێکخستن لەگەڵ ئەمانەدا ناکرێت). کە دەوترا (بەرەی پشتەوە)، مەحمود بە دڵی نەبوو، زۆرینەی کارەکان کاری رێکخستنی بوون، ئایا دەکرا لەگەڵ کێدا گەنگەشە بکرێت؟، ئایا دەکرا لەگەڵ جەمال و سەیفی گەنگەشە بکرایە کە پێیاندەوتن دوو شۆفێرەکە؟، هەردووکیان لە تەمەنی ٤٠ساڵیدابوون، هەردووکییان خەڵکی رۆژئاوای کوردستان بوون و لە ساڵی ١٩٩٠وە لەناو ریزەکانی پەکەکە دابوون، لەبەرئەوەی لەسەر چیا نارەحەتی جەستەییان هەبوو، هەربۆیە ناردبویانن بۆ ئەنجامدانی کاروبار و چالاکی پشت بەرەی شەڕ. پێش پەلامارییەکەی ١٤ی مایس یەکێکیان لەگەڵ سەلیم و ئەویتریان لەگەڵ گێزمشدا لە پشت پیکابەکەیشیاندا کە ئەشیای زیادی تێدادەبێت و کە دەیانەوێت تەقەمەنی بەرن بۆ زاپ، لە نزیک ئاکرێ پرسگەیەکی پێشمەرگەکانی پەدەکە رایاندەگرن، پێیانیان وتبوو ئەمە کۆنترۆڵێکی رۆتینییە و دوایش بەڕێی خۆیاندا دەڕۆن، بەڵام کەلە پیکابەکە دایاندەگرن، راستەوخۆ دەستبەسەریان دەکەن و دەست دەگرن بەسەر تەقەمەنییەکاندا. لەبارەی بە رێکخستنەوەی هەڤاڵان لە زیندانەکە جودی بە نیاز بوو لەگەڵ سەیفی قسە بکات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٦

# ئۆزان

دوای رۆژێک، دوای ئەوەی پێداویستی سەرئاویان ئەنجامدا و لە ساحەکە پیاسەیان دەکرد. جودی چەند شتێکی چرپاندە گوێی سەیفی. پێیوت پێویستیان بە سەرلەنوێ بە رێکخستنەوە هەیە. ئەو وەڵامەی لە سەیفییەوە وەریگرت لەوەی مەحمود جیاوازتر نەبوو. سەیفی پێیوتبوو (شەڕ لەگەڵ پەدەکە درێژە ناخایەنێت، لەم زیندانە کە دڵێی تەویلەیە زۆر نامێنینەوە، مەحاڵە رێکخستن لەگەڵ کەسانی بە ساڵاچووی ناو ئەم زیندانە بکەیت، باشە لەگەڵ کێ رێکخستن ناوا بکەین؟، ئەگەر باسی مەحمود بکەین کەسێکی عەسەبییە و بێ قوڕاڵە، حەسەن و عومەریش لاوازن و کەسایەتییان دروستکەر نین، گێزمیش لە مێژەوەیە رووخاوە، جەمال و سەلیمیش ناتوانن بێنەژێر ئەمبارەیەوە، زیادیش وەڵاتپارێزێکی سەربەخۆیە، بەڕای من تەنها دەتوانین ئەوەبکەین کە دەستبەرداری پەکەکە بوونمان نەبین). جودی بەم قسانە غەمگین ببوو، هەربۆیە بڕیاریدا جارێکی تر لەمبارەیەوە لەگەڵ سەیفی قسە نەکات.

دوای دوو رۆژ، دیلێکی تری پەکەکەیان هێنا بەناوی کەمال ئورفە. جودی لە دڵی خۆیدا وتی: لەوانەیە لەگەڵ ئەم هەڤاڵە شتێک بکرێت، هەربۆیە بەردەوام لێیووردەبووەوە. تەمەنی کەمال لە سەرووی ٣٠ ساڵەوە بوو، کەمێک قژەکانی ماشوبرنجی بوو. سمێڵە قەوییەکەیشی کەمێک سپییان تێکەوتبوو. هەرلە دوورەوە دیاربوو کەسێکی کادێرە. لە ساڵی ١٩٨٩وە لە ئەڵمانیاوە بەشداری رێکخستنەکانی پەکەکەی کردبوو، هەمان ساڵ دەچێت بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی و خولی پەروەردە دەبینێت، لەوێشەوە دەچێتە سەر چیا سەرکەشەکان و دەبێت بە گەریلا. هەربۆیە پێوەی دیاربوو ئەزمونێکی باشی گەریلایەتی هەیە.

کەمال سەرنجی منیشی بەلای خۆیدا راکێشابوو، منیش لێرە ئەزمونم بەدەست خستبوو، دەمتوانی مرۆڤ بخوێنمەوە. من لێرە وەکو جاران تەنها دیوار نەبووم، مەراقم زیادیان کردبوو، مەراق..مەراق. گوێم بۆ هەموو قسەکان دەگرت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەتامەزرۆوە گوێم بۆ رووداو و چیرۆکەکانی زیندانییەکان رادەگرت، هەتا گوێم لێیان بگرتایە وامهەست دەکرد ئەزمونی ژیانم زیاتر دەبێت. ئەگەر ناسنامە نەبێت ئەزمون بەمن چی، لێرە ئەوە فێربووم مرۆڤ بە ئەزمونەکانییەوەی ناسنامەی خۆی زیاتر دەناسێت. رەوشت ئاوێنەی کەسایەتی مرۆڤە، ئەو یادەوەریانەی لە مێشکدا خەزن دەکرێن، دەبێتە ئەو ئاوێنەیەی کە دەتوانرێت لە سایەیدا ئەو مرۆڤە باشتر بناسێت. من لە قاوشەکە کە زۆر بێدەنگ دەمامەوە، بەڵام چواردەورەکەم لەناو گفتوگۆ بوون، باسیان لە مەینەتی و کاتی خۆشی خۆیانیان دەکرد و نەهامەتییەکانیان دەگێڕایەوە کە ئەمەیش بۆ من ببوو بە فێرگەیەکی وەک مامۆستا.

ئەوەی کەمالی لە هەموو ئەم شتانە جیادەکردەوە ئەوەنەبوو کەلە شاری ئورفەوە چوبێت بۆ ئەوروپا و لە چیا تەقەی کردبێت و یاخود کەسێکی سەنگین بێت و کەم دوویەکەیشی نەبوو، بەڵکو جیاوازییەکەی ئەوەبوو کە لەگەڵ ئۆزان{عومەر ئۆزسۆکمان}دا کارکردنەکەی بوو. زیندانییەکان زۆر بە مەراقەوە گوێیان بۆ سەرگوزەشتەی ئۆزان گرتبوو، بێگومان منیش هەروەکو ئەوان وابووم. ئەو سوودەی حەسەن لە ئاکامی ئەزمونەکانیدا بەدەستی خستبوو، ئێستا لێرە بەرچاو دەکەوت، ئەمەیش لەوانەبوو لەبەرئەوەی لە راگەیاندن کاری کردبوو ئەم سوودانەی بەدەست خستبوو، ئەو چیرۆکانەی بە ئاتەواوی دەیانگێڕایەوە ئەم پڕیانی دەکردەوە و دەتوت فەرهەنگە.

زۆربەی زیندانییەکان بەناوی ئۆزان ئاشنابوون، لەملاوئەولا لەبارەی ئۆزانەوە شتیان بیستبوو، کەمال دەیوت ئۆزان باڵای مامناوەند بووە و قژەکانی پێش سەری رووتابونەوە و هەمیشە دەم بەخەندە بووە، ئۆزان کەسێکی رەنجدەر و خەباتکار و فیداکار بووە. ئۆزان وازلە چەپی تورک دەهێنێت و دەچێتە ناو پەکەکەوە و لەکاتی کودەتا سەربازییەکەی تورکیا کە لە ١٢ی ئەیلوول ئەنجامدرا دەستگیر دەکرێت و ١٠ساڵ زیندانی دەکرێت، دوای ئازادبوونی دەبێت بە گەریلا و لەدیانەی نزیک خواکورک چالاکی سیاسی و کاری دیبلۆماسی ئەنجام دەدات و دەبێتە بەرپرسیاری بەشی لۆجیستی خواکورک بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی گەریلاکانی ئەو ناوچانە.

بەگوێرەی گێڕانەوەی کەمال، ئۆزان پێیانیوتبوو (پەدەکە هێرشمان بۆدەهێنێت، دەبێت دەستوبرد بکەین و پێویستە ئازووقەیەکی باش بۆ هەڤاڵان دابینبکەین)،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دواجار له ١٦ی مایسی ١٩٩٧ لۆرییەکی پڕکردبوو له ئارد، شەکر، رۆن، بەرنج و پێداویستی تر. کەمال لەناو لۆرییەکە دەبێت و ئۆزانیش به سەیارەیەکی تر به دواياندا دێت. ئەمە دوا کاریان دەبێت له دیانە. ئۆزان وتبووی (دەستپێکردنی شەڕ له کاتوساتدایە، لەکاتی شەڕدا پێویستە لەسەر چیا بمێنینەوە)، له شوێنی دواخاڵی دیانە پێشمەرگە لۆرییەکە رادەگرن، کەمالیان کەلەپچە کردبوو، لەوکاتەدا کەمال گوێی له تەقینەوەیەک دەبێت، دوایش ئەوکاتەی کەمال دەستگیردەکەن و پێشمەرگەکان لەناو خۆیاندا قسە دەکەن، پێشمەرگەیەک وتبووی (ئەو لەناو سەیارەکەدا خۆی تەقاندەوە)، پێشمەرگەیەکی تر وتبووی (ئەم گەریلایانە زۆر چاونەترسن، پێویستە خۆتان لێیان نزیک نەکەنەوە)، پێشمەرگەیەکی تر وتبووی (ئێمە هەڵەمانکرد کەلە ساڵی ١٩٧٠کاندا ئۆزانمان ئازادکرد، وتبوویان هێشتا منداڵە، ئازادییان کردبوو، ئەگەر من لەوێ بومایە گوێم به بچوکی و موچوکی نەدەدا دەستبەجێ لەوێدا دەمکوشت). یەکێک له جەلادەکان به کەمالی وتبوو (بڕوانە کەمال، ئاپۆ جگە له مردن هیچی تر به ئێوە نادات، هەمووتان بەرەو مردن دەبات، ماوەی ٣٠ساڵ ئۆزان دەیویست ئێمە لەناوبدات، لەئاکامدا روومانەی بەخۆیدا تەقاندەوە، ٥پێشمەرگەیەکی لەگەڵ خۆیدا کوشت، تەنهاوتەنها ئەوەی پێکرا، بەمکارە مەسعود بارزانی هیچی لێنایەت، مێشکت بەکاربهێنە، واز له ئاپۆ بهێنە و وەرە ناو ئێمەوە، نیشمان بۆ بکە، هەموو دەرفەتێکت پێشکەش دەکەین)، بەمشێوەیە ویستوبویان کەمال تەسلیمییەت قەبوڵ بکات، بەڵام کەمال ئەمەی رەتکردبووەوە. ئەوکاتەی دەستی کەمالیان کەلەپچە کردبوو له هەمانکاتدا گوێی له تەقینەوەکە ببوو، کەمال درکی به نهێنی مەسەلەکە کردبوو، لەمبارەیەوە له مێشکی خۆیدا سیناریۆی داڕشتبوو، له دڵی خۆیدا وتبووی (پێشمەرگەکان چواردەوری سەیارەکەی ئۆزانیان گرتووە و ئەوکاتە ئۆزان رووماەنەکانی تەقاندووەتەوە، لەوەدەچێت خۆی بۆ ئەم کارە ئامادەکردبێت، من دڵنیام پێش ئەوەی خۆی بتەقێنێتەوە وتوویەتی بژی سەرۆک ئاپۆ و بژی پەکەکە، بمرێت خیانەت)، کەمال مەسەلەکانی بەوشێوەیە دەگێڕایەوە. ئەو پێشمەرگەیەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کەمال کردبوو، کەسێکی سەر به پاراستنی پەدەکە بووە. کاتێک وتبووی دەبوایە به منداڵی ئۆزانمان بکوشتایە، ماوەی ٣٠ساڵە هەوڵ بۆ لەناودانی ئێمە دەدات، ئەم قسەیە حەسەن شیکاری بۆدەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرەڕای ئەوەی کەمال لەگەڵ ئۆزان کاروخەباتی دەکرد، لەبەرئەوەی دەیانووت ئۆزان لەناو چەپی تورکەوە هاتۆتە ناو پەکەکە، پێیوابوو ئۆزان تورکە، بەڵام لەمبارەیەوە حەسەن وتی: (ئۆزان خەڵکی شاری ئورفەیە و بنەماڵەیەکی ئەرمەنین)، لەمبارەیەوە کەمالیش وەکو زیندانییەکانی تر سەرسام ببوو. بنەماڵەی ئۆزان ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩١٥ لە تورکیا کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکانیان کرد، ئەمان ناسنامەی خۆیانیان شاردبووەوە و خۆیان وەک موسڵمان نیشاندابوو. ئۆزان کە دەگاتە ١٨ساڵی، بە رێککەوت گوێی لە خانەوادەکەی دەبێت کە دەڵێن ئێمە بە رەگەز ئەرمەنین. ئەو وەکو کوردێک لەدایک دەبێت و هەستێکی کوردانەیشی هەبوو. لە ساڵی ١٩٦٦کاتێک لە قۆناغی ناوەندیی شاری ئورفە دەخوێنێت، گوێبیستی خەباتی باشوری کوردستان دەبێت و بە جەلال تاڵەبانی سەرسام دەبێت، هەربۆیە پێیوابووە کە دەبێت لە باکوری کوردستانیش خەباتی چەکداری ئەنجام بدرێت. هەرزوو بەشداری کاروباری رێکخستنی سیاسی دەبێت. سەرەتا لە ئیستەنبوڵ پەیوەندی بە {ددکد-DDKD} دەکات واتا {کۆمەڵەی دیموکراتی شۆڕشگێرانی کورد}، بەمشێوەیە لەناو خۆیاندا باس لە رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، ئەو سەردەمە هێنانە زمانی ئەوەی کە کوردستان داگیرکراوە، کارێکی هەروا ئاسان نەبوو.

مەسەلەیەکی تر کە زیندانییەکان پێیانسەیر بوو ئەوەبوو کە ئۆزان لە ساڵانی حەفتاکان سەرۆک ئاپۆی ناسیوە. لە ساڵی ١٩٧٦سەرۆک ئاپۆ لە ژووری بیناسازانی کۆمەڵەی ئەندازیاران لە ئەنقەرە سیمینارێک دەدات، لەم سیمینارەدا سەرۆک باس لە ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کوردستان دەکات. ئەم بەسەرهاتانە زیندانییەکان لە حەسەنەوە گوێیان لێدەبوو. حەسەن دەیوت (ئۆزانیش بەشداری ئەو سیمینارە بووە)، ئەو سەردەمە ئۆزان کار لەگەڵ سەعید قرمزی تۆپراک دەکات کە ناسراوە بە دکتۆر شڤان، دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا. بەرنامەی دکتۆر شڤان ئەوەبووە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی پێویستە شەڕی چەکداری بکرێت، کەسێکی وەک ئۆزان کە کاریگەری تێکۆشانی شۆڕشی لاتینی ئەمەریکای بە سەرەوە دەبێت، بێگومان بیروبۆچونەکانی دکتۆر شڤانی لەلا پەسەند دەبێت. دکتۆر شڤان ئامانجی ئەوەبوو ئەزمونی شەڕی چەکداری باشور بگوازێتەوە بۆ باکوری کوردستان و هاوکاری لە باشور بەدەست بخات و شەڕی چەکداری لە باکوری کوردستان بەرپا بکات. ئەوکاتەی دکتۆر شڤان بە گرووپێکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣٥کەسییەوە دەچێت بۆ باشور، ئۆزانیشیان لەگەڵدا دەبێت، کاتیک گوایە دکتۆر شڤان دەست لە سەعید ئێلچی وەشاندووە، ئەمە دەکەن بە بیانوو، لەناکامدا دکتۆر شڤان و دوو هاوڕێی گوللە باران دەکرێن. سەرەتا پەدەکە بانگهێشی دکتۆر شڤان دەکەن بۆ بامەڕنی و لەوێ دەستبەسەری دەکەن. گرووپەکەی دکتۆر شڤان ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نین و پەدەکە لە نوتێلێک دایاندەنێن. بۆ رۆژی دوایی گرووپەکەیش دەستبەسەر دەکەن. پێیاندەڵێن ئێوە تاوانبارن. لەناکاو جودی هەڵیدایە و وتی: (پەدەکە ئێمەیان بانگهێشکرد بۆ چای خواردنەوە)، لەناکاو روبەڕووی مەحمود بووەوە، کاتێک بینی مەحمود و هەڤاڵەکانی سەرنجیان لەسەر حەسەن داناوە، پێیباش نەبوو قسە بکات. هەرچۆنێک بێت کەشوهەوایەکی وا لە ئارادا نەبوو کە جودی مژارەکە بگۆڕێت. حەسەن چەند ووردەکارییەکی باسەکەی لە مێشکی خۆیدا هەڵگرتبوو، جارناجارێک دەیدرکاندن.

حەسەن باسی دیتنی ئۆزانی دەکرد لەگەڵ سەرۆک ئاپۆدا کەلە ساڵی ١٩٩٢ روویداوە. ئەمەیشی بەهۆی کاری رۆژنامەگەرییەکەیەوە زانیبوو کە چاوپێکەوتنەکە نوسرابووەوە و ئەمیش لە ئەوروپا پێداچونەوەی بۆکردبوو. لەم دیمانەیەدا ئۆزان وتبووی (لە ساڵی ١٩٧٠بنەماڵەی بارزانی لەگەڵ میت و ساڤاک کاریان کردووە و هەروەها کاریان بۆ {سی ئای ئەی} ئەمریکیش کردووە، ئەمەیشی بۆ زۆر برادەر باسکردبوو}. ئەوکاتە برادەرەکانی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا بە ئۆزانیان وتبوو {بۆ بێڕێزی بەرامبەر بە رابەرایەتییەکی نەتەوەیی دەکەیت}، ئۆزان لە کەمپەکەیان لە باشوری کوردستان زۆر بە ئاشکرا و بەبێ هیچ سڵمینەوەیەک پیاوانی موخابەراتی ئێرانی بینیبوو لە کەمپەکەیان کە بەردەوام هاتوچۆیان کردووە. ئۆزان بە چاوی خۆی بینیبووی دکتۆر شڤانیان تەسفییە کردووە و خواستی شۆڕشەکەیان بەکاری تیرۆری ناوزەند کراوە و دەروێش سادۆ کە سەربە میتی تورک دەبێت، ئەم بەرنامەیەیان بە ئەنجام گەیاندووە. سەرۆک ئاپۆ لەم دیمانەیەدا بە ئۆزان دەڵێت دەبێت ووردەکاری ئەو قۆناغە بنوسیتەوە، ئەمە داڕمانێکە کە پرۆژەی میت و سی ئای ئەیە ئەنجام دراوە، لە راستیدا کەس بەباشی ووردەکاری ئەم مەسەلەیە نازانێت، هەربۆیە دەبێت تۆ بینوسیتەوە)، حەسەن نەیدەزانی ئایا ئۆزان نوسی یاننا.

بەگوێرەی قسەکانی حەسەن، ئەوانەی لە گرووپی دکتۆر شڤان مانەوە، هەندێکیان گەڕانەوە بۆ تورکیا، هەندێکیشیان چوون بۆ سوریا، ئەوانەیشی چوون

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سوریا هەندێکیان چوون بۆ ئەوروپا. ئەو شۆڕشگێڕەی کە ناوی جەلال تاڵەبانی بوو، کە ئۆزان بە ئەفسانە و قارەمانی دەزانی، ئەوکاتە لە بەیروت نوێنەری مەلا مستەفا بوو. پەدەکەیش سەرقاڵی تەسفییەکردنی نەیارەکانی بوو. ئۆزان دەچێت بۆ کەمپی فەلەستینییەکان، لەهەمبەر ئیسرائیل شەڕ دەکات، لەهەمانکاتدا نەجمەدین بویوکقایە لەگەڵ چەند کەسێک لە هەوڵی ئەوەدان ڕێکخراوێک درووست بکەن. ئەوان هیوایان بەو ڕێکخراو و پارتانە نەمابوو کە لە مەیدانەکەدا بوون. بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ ئامادە دەکەن. جگە لە نەجمەدین کەس دەست بۆ ئەم کارە نابات. ئۆزان لە شام چاوی بە تەسلیم تۆرە دەکەوێت و دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا و دەچیتە ناو خەباتی شۆڕشگێڕانەی تورکیا. دەبێت بە ئەندامی سەرکردایەتییان، لە کودەتا سەربازییەکەی تورکیا لە ١٢ی ئەیلوول دەستبەسەر دەکرێت و ئۆزانیش لە زیندانی شاری مەتریس. لە ١٥ی ئابی ساڵی ١٩٨٤ پەکەکە لەهەمبەر دەوڵەتی تورک شەڕی چەکداری ڕاگەیاند، ئەم هەواڵە جۆشوخرۆشییەکی مەزن بە ئۆزان دەبەخشێت. ئەگەر بەهۆی نەبوونی و دەرفەتیشەوە بوبێت، بەڵام کەم یان زۆر هەواڵی پەکەکەی پێگەیشتووە. ئەو ئاوات و خەیاڵەی لە ساڵی ١٩٧٠دا خەونی پێوەدەبینی ئێستا هاتەدی. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٨ئازاد دەبێت، دەستبەجێ دەچێتە ناو ریزەکانی پەکەکەوە، ئەوکاتەی دیمانە لەگەڵ سەرۆک ئاپۆ ئەنجام دەدات، ئۆزان دەڵێت: (من ئەم پێشکەوتنەی پەکەکە وەکو قودسییەتێک نابینم، بەڵکو پێوستییەکی مێژووییە، من دەمەوێت چالاکی شۆڕشگێڕانە ئەنجام بدەم، هەرچۆنێک بێت کەسێکم لەوانەیە پێویست نەکات خۆتان بە منەوە سەرقاڵ بکەن).

حەسەن دوای ئەم قسەیەی ئیتر بێدەنگ مایەوە، گوێگرانیش بێدەنگ مانەوە و تاماوەیەک کەس قسەی نەکرد. جودی شوشەی بێدەنگی نێوانیانی ووردوخاش کرد، وتی: (ڕاستە من گوێم لەناوی هەڤاڵ ئۆزان بووە، بەڵام ئەم هەموو شتانەم نەدەزانی، تازەبەتازە حاڵی دەبم کە هەڤاڵێکی زۆر بە نرخمان لەدەستداوە، لە ژیانی هەڤاڵ ئۆزان شتێک هەیە کە دەیەوێت بە ئێمە بڵێت، ئەویش ئەوەیە بەردەوام تێکۆشان، بەردەوام خەبات، وادیارە لە کوێ تروسکایەتییەکی شۆڕشی بینیبێت رووی تێکردووە). حەسەن و مەحمود پێکەوە وتیان ڕاست دەکەیت هەڤاڵ. کەمال و جەمال و سەیفیش بەڵێیان بۆ قسەی جودی کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جودی جارێکی تر وتی: (دەبینن هەڤاڵ ئۆزان لە هیچ هەلومەرجێکدا و لە هیچ نواندنی هەڵوێستدا بەشدارییەکی سانایی قەبوڵ نەکردووە، ئەو لە هەلومەرجێکدا کەبە هەموو کەسێک قەبوڵ ناکرێت بە ئیرادەیەکی مەزنەوە و بە بڕیارێکی موتڵەقەوە بەشداری شۆڕشی کردووە بەبێ ئەوەی هەلومەرجەکان هەڵسەنگێنێت، تەنانەت بۆ خولەکێکیش بووبێت نەیویستووە لە بەرخۆدان دابپڕێت، بەردەوام بۆ بە ڕێکخستنی ئەم شۆڕشە هەوڵی جدی داوە)، کەمال وتی: (ڕاستە هەڤاڵ، ئەو وابوو)، حەسەنیش وتی: (ئەوەی پێویست بوو هێنامە زمان). مەحمود دەستیکرد بە جگەرە پێچانەوە، جەمالیش بەناوی ناو خواردنەوە شوێنەکەی خۆی چۆڵکرد. سەیفی و عومەریش گلەییان لە تینی گەرما دەکرد. کەس لەسەر قسەکانی جودی شتی نەووت، چونکە باسەکە هاتبووە سەر خۆبەڕێکخستن. لەناچاریدا جودیش جگەرەیەکی داگیرساند. لە دڵی خۆیدا وتی: (هەموو هەڤالان بێ خەمن و باسکردنی هەڤاڵێکی وای هێژا دەبوایە بە جۆشوخرۆشییەوە باسبکرایە).

ئێوارەی ئەمڕۆ لەوەدەچوو گەریلا دەستێکی باشیان لە پێشمەرگەکانی بنەماڵەی بارزانی وەشاندبێت هەربۆیە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بانگی موحمود، حەسەن، سەیفی و عومەریان کرد. هەتا نیوەی شەو جەلادەکان کەلە حامید، حاتەم و سەیفۆ پێکهاتبوون، لێیانیاندان. ئەو شەوە پێشمەرگەیەکی تریش بەناوی شیمال لەم لێدانەدا هاوکاری جەلادەکانی تری کردبوو. کاتێک گەڕانەوە، حەسەن لەبارەی شیمالەوە وتی: (ئەم کابرایە لەکەسی سورچی ناچێت!، وادیاربوو لە ناچاریدا ئەو شەوە لەوێ بوبێت. ئەو بە تین و هێزەوە لێمانی نەدەدا، کە لێشمانیدەدا بە دزییەوە دەچەمایەوە و لە پەنا گوێماندا دەیوت داوای لێبوردن دەکەم)، لە نێوان زیندانییەکان و شیمالدا باوەڕییەک درووست ببوو، شیمال بەدزی سورچییەکانی ترەوە هەواڵەکانی بە زیندانییەکان دەوت و هەندێکجاریش چاکەی بچوکی لەگەڵدا دەکردن، هەندێکجاریش دەیوت ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێت واز لە پێشمەرگایەتی دەهێنێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ۷

# ئاڤەشین

وەرزی هاوین شەڕوپێکدادانەکان بە سەختی بەردەوام بوون. پەیتا..پەیتا وەرزی هاوین ئەم ڕەوشە دژوارەی ڕادەستی وەرزی پایز کرد. ڕادیۆ و ئەوانەیشی دەهاتن بۆ دیدەنی زیندانییەکان، باسیان لە گەرمی شەڕوپێکدادانەکان دەکرد. هەواڵەکان دەیانوت لەهەمبەر هاوکاریکردنی بنەماڵەی بارزانی بۆ تورکیا، لە باشور و باکوری وڵات ڕێککەوتنێک بە پێشەوایەتی پەکەکە و یەنەکە لەگەڵ چەند پارتێکی تری بچووک پێکهێنراوە، هەربۆیە شەڕەکە بووە بە دوو بەرەوە. لە هەواڵەکاندا دەوترا حاجی عومران و چۆمان و سیدەکان لە ژێر دەسەڵاتی پەدەکە دەرهێنراون. لەوەدەچوو ڕزگارکردنی سیدەکان لە دەستی پەدەکە سەدایەکی زۆری دابێتەوە. بەگوێرەی جودی هۆکاری ئەم سەدا دانانەوە بەهۆی نزیکایەتی سنورەوەیە کە قاچاخچێتی لێدەکرێت و داهاتەکەیشی گەلێک زۆرە. لە سیدەکان ڕۆژانە بارهەڵگر لە ڕێی قاچاغەوە باردەهێنن و بار دەبەن بۆ ئێران و عێراق. دەروازەیەکی پڕ لە خێروبەرەکەتە. ئەوەی ئەوێی بەدەستەوە بێت، سەرەڕای ئەوەی پارەیەکی باشی دەستدەکەوێت، لەهەمانکاتدا دەتوانێت چەکێکی زۆریش بۆخۆی پەیدا بکات.

هاتنی خەڵکی و کەسوکاری زیندانییەکان لە ناو زیندانەکەدا جۆشوخرۆشی دەهێنایە ئاراوە. گۆشەگیرکردنی پەدەکە و نیشانەدانی بەرگرییەکی جدی، دەبووەوە مایەی بەرزبونەوەی مۆڕاڵی زیندانییەکان. ئەوکاتەی لەکاتی بردنی زیندانییەکان بۆ پێداویستی تەوالێت و بێڕێزی پێکردنیان و لێدانیشیان ئیتر کاریگەری ئەوتۆی نەبوو. دوای ماوەیەک بیستمان پەدەکە ناچاربووە خەڵکی دەم سپی بخاتەناوبەرەوە و ئاگر بەست ڕابگەهێنرێت، ئەمەیش بوو بە ئومێدی زیندانییەکی زۆر، لەوانەیش بوو ئاڵوگۆر بە زیندانییەکان بکرایە. لەمبارەیەوە حەسەن دەیوت لەوانەیە ئەمە گەمەیەک بێت بۆ قازانجکردنی کات. مام خدر و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

محەمەد ئالفی دەیانوت پەدەکە بەدوای پیلانگێڕیدایە، دەەیانوت ماری رەش هەرگیز سپی نابێتەوە. لە کۆتایی مانگی ئەیلوولدا دەرکەوت ئەندێشەکانی ئەو هەڤاڵانە راست دەرچوون. رادیۆی پەدەکە بانگەشەی ئەوەی دەکرد هێزەکانی پارتییان لەگەڵ سوپای تورک دژ بە گەریلاکانی پەکەکە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان دەست پێکردووە کە ناویان ناوە ئۆپەراسیۆنی ساندویچ. ئەوانەی دەهاتن بۆ دیدەنی زیندانییەکان ئەم هەواڵەیان پشتڕاست دەکردەوە. دەیانوت (هەروەکو چۆن پەدەکە لە ساڵی ١٩٩٦هێزی سەدامی هێنا بۆ لێدانی یەنەکە، ئێستایش سوپای تورکی هێناوە بۆ لێدانی پەکەکە)، سوپای دەوڵەتی تورک بە تانک و تۆپ و فڕۆکە و کۆپتەر و جەندرمەوە هاتنە باشوری کوردستانەوە. لەمکاتەدا پەکەکە بۆئەوەی خەڵکی سڤیل زیانیان پێنەگات، شارەکانیان چۆڵکرد و روویان لە شاخەکان کرد، بەڵام پەدەکە ئەم پاشەکشێیەی پەکەکەی بە سەرکەوتن بۆخۆی ناوزەند دەکرد. ئەم ئۆپەراسیۆنە کە دوای ئۆپەراسیۆنی ساندویچ ناویاننا ئۆپەراسیۆنی گزنگ، ئامانجیان ئەوەبوو هەموو خەتە ستراتیژییەکانی زاگرۆس بگرن. بەختەوەری و خەیاڵی ئەوەی لەوانەیە ئاڵوگۆڕ بە زیندانییەکان بکرێت، غەم شوێنی گرتنەوە. منیش وەکو دیوارێک لەم زیندانە ئەندێشەم زیاتری کرد، بەخۆمم دەوت (چڕبونەوەی ناکۆکی و شەڕوپێکدادانەکان، ژمارەی زیندانییەکانم زیاد دەبن و باری سەرشانم زیاتر قورس دەبێت).

لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەم، جودی بۆ مەسەلەی سەرلەنوێ بە رێکخستنبوون جارێکی تر لەگەڵ مەحمود قسەی کردەوە. هەواڵی شەڕەکان ئەوەیان نیشاندەدا بەم زووانە ئەم شەڕوپێکدادانانە تەواو نابن. لە ئاسۆدا رێککەوتن بەدینەدەکرا، ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو چاوەکانیان لە ئاستی گۆڕانکارییەکاندا بکەنەوە. ئەگەر قسەی لەگەڵ مەحمود، حەسەن و سەیفی بکردایە، دەیانتوانی رابەرایەتی ئەمکارە بکەن. دەیانتوانی بەداخوازی ئەوەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دەبێت دەستبەرداری ئەشکەنجە ببن و لەهەمبەر ئەمکارانە بێدەنگ نابن، دەستیان بە چالاکی بکردایە. نەدەتوانرا ئیتر بەرگەی لێدانی پاسەوانەکانی زیندانەکە بگیردرێت. لە راستیدا تەحەمولی ئەوە نەدەکرا کە ئیتر هەر ئەوکاتەی زیندانییان دەهێنا هەرلە دەرگاکەوە ئەشکەنجە دەستی پێدەکرد و هەرکاتێک و ساتێک بیانویستایە زیندانییان لە قاوشەکە دەردەکرد و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەیانبرد بۆ ئەشکەنجەدان و ئەگەر بیانتوانایە ڕێگرییان لەمە بکردایە ئەوە دەیانتوانی مەسەلەکانی تریش بووروژێنن.

لەوەدەچوو مەحمود قسەکانی جودی پشتڕاست کردبێتەوە، ئەوانەی ئەشکەنجەی زیندانییەکانیان دەکرد، لە تامیان دەرکردبوو، بەڵام مەخابن هەلومەرجێکی والەبەردەستدا نەبوو کە ڕێکخستنەوەیەکی وابکرێت کە جودی دەیویست. لەهەمبەر زۆرەملێی بۆ تەسلیم بوون، دەبوایە بەرگری بکرایە، بەڵام لەگەڵ کێدا ئەم ڕێکخستنیە دەکرێت؟. هێشتا هەفتەیەک بەسەر ئەم قسانەدا تێنەپەڕی بوو، هێشتا زیندانییەکان خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە ئامادە نەکردبوو، لە نیوەی شەودا زیندانییەکان بە دەنگی ئەو کۆستەرانە بەئاگا هاتنەوە کە خۆیان کرد بە ناو زیندانەکەدا. ئەوانەی دەیانزانی چی ڕوودەدات و هەمیشە چاوکراوەبوون، چوونە بەردەم پەنجەرەکانەوە. جەلادەکان هەروەکو هەمووجارێک ئامادەی ئەم پێشوازییە بوون. هەموویان کێبڵ و دار و تێلایان بەدەستەوەبوو، چاوەڕێی دابەزینی دیلەکانیان دەکرد. کەمێکی تر کۆستەرەکان دێنە ژوورەوە و پێشوازییەکی گەرمی دیلەکان دەکرا. ئەم دیمەنەیە ئەو دیمەنە بوو کە زیندانییەکان نەفرەتیان لە دووبارە بونەوەکەی دەکرد. لەناو ئەوانەی هێنابویانن خەڵکی تیابوو جلوبەرگی گەریلایەتی لەبەردابوو. ئەمانە ٣کچ بوون، بەمشێوەیە ژمارەی دیلە کچەکان بوون بە ٧کەس. ئەو ٤کوڕەی کە ئەوانیش جلوبەرگی گەریلایەتییان لەبەردابوو، هێنایانن بۆ قاوشی ژمارە٧. بەم نیوەشەوە مەسەلەی یەکترناسین درێژ نەکرایەوە، مەسەلەی یەکتر ناسینیان هەڵگرت بۆ ڕۆژی دوایی. بەگشتی ئەوانەی تازە دەهێنرێن سەرەتا بێ دەنگن. پرسیار ناکەن. وەڵامی کورتیش بۆ پرسیارەکان دەدەنەوە. لە ڕووخساریاندا ئەندێشە هەیە لەگەڵ بێباوەڕی. هەرچۆنێک بە ڕواڵەت ببینرێت کەسێکی سادەیە، بەڵام لەناخیدا ناڕەزاییەک هەیە. دیلبونیان پێهەزم ناکرێت. مێشکیان بەوە جەنجاڵ دەبێت چۆن خۆم ڕزگار بکەم. ئەو ٤دیلەی تازە هێنرابوون، لەبەرچاوی من وادیاربوون کەسانێکی زۆر بێ دەنگن و کەمدوون. لەوەدەچوو شۆک بوبێتن. ئایا دەکرێت زۆر ترسابێتن؟. ئەوانەی تازەهاتبوون گەنجترینیان ڕێناس گەڤەر بوو، بەڕاستی هەرزەکار بوو. باسیکرد کە شەوێکیان گەریلا هاتوون بۆ گوندەکەیان لە گەڤەر و بەناوی یاسای نوێی سەربازییەوە ئەمیان کردووە بە گەریلا. خستبویانە ناو گرووپی تەندرووستییەوە، لە نەخۆشخانەی ئاڤەشین خولی ڕاهێنان و پەروەردەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەندرووستی بینیوە و بووە بە جێگری دکتۆر بۆ موداخەلەکردنی برینپێچی و تەداوی برین. ئەوانەی لەگەڵیان هێنابویانن کە ناویان سەبری مەراش و شۆڕش ئامەد و ئەحمەد دێرالۆک بوو، لەگەڵ ئەو ٣ گەریلا کچە دیلانەی تر ئەو بریندارانە بوون کە ڕێناس تیماریانی دەکرد، هەتا ڕێناس قسەی بکردایە باشتر لە بێدەنگی ئەوانی تر حاڵی دەبووین. لە ئاڤەشین وەکو کۆمەڵکوژییەکی هەولێر لەویش هەمان کۆمەڵکوژی ئەنجام درابوو. ڕێناس بە پارچە..پارچە و بەدەم کاتوساتی جیاوازەوە ڕووداوەکانی دەگێڕایەوە. هەتا بەسەرهاتەکانی بگێڕدایەتەوە پێیوابوو لەژێر کاریگەرییان ڕزگاری دەبێت.

ئەوەی لەوەوە دەبیسترا بەڕاستی زیادە بوو زیادە!. لەم حاڵەتانەدا مام خدر دەیوت (زینهار مەبە بە محبوبی خراپان، نەدۆست و نە دوژمنی کولانم)، بەڵێ ئەمە قسەیەکی بەجێبوو. عومەریش تانەی لەم قسەیە دەدا، دەیوت (دەتوانی دۆست هەڵبژێریت، بەڵام ناتوانیت دوژمن هەڵبژێریت، ئەو بەڵایە دێت و دەتدۆزێتەوە، مەسەلە بێتەسەر مەسەلەی کورد، دوژمن پێویستی بەوە نییە زۆر بەدواتدا بگەڕێت، جوانی کوردستان و بەروبومەکەی و شوێنە ستراتیژییەکەی خۆی لەخۆیدا بەڵای سەری کوردن، بێشک هەموو هێزێک چاوی لە کوردستان بڕیوە، ئەو زلهێزانەی دەیانەوێت بگەن بە مەرامی خۆیان، باشترین ڕێگە بێشک پەدەکەیە، پەدەکە وەکو مەیمونێکی دوژمنانە، ئەم مەیمونە ڕۆژێکیان بۆ ئێران سەما دەکات و ڕۆژێکیان بۆ عێراق و ڕۆژێکی تریش بۆ تورکیا، کەس ناتوانێت بڵێت باگرەو بکەین کە ڕۆژێک دادێت پەدەکە لە سنوری کوردستان لەهەمبەر داگیرکەرانی کوردستان شەڕی سنور دەکات، چونکە دەزانێت گرەوەکە دەدۆڕێنێت). بەگوێرەی جودیش (ئەو دوژمنایەتییەی پەدەکە لەهەمبەر پەکەکە دەیکات، هەرگیز بەرامبەر هێزێکی دەرەکی نەیکردووە، چونکە پەکەکە نییەتە گڵاوەکانی پەدەکە ئاشکرا دەکات و سنوور بۆ ماسکەکەی دادەنێت).

ئەوەی من پێیبزانم ئەو جۆرە پەیوەندییانەی کە دیالۆگ درووست دەکات، مرۆڤ ئاسودە دەکات، لەوانەیە ئەمەیش شێوازێک بێت لە شێوازەکان، من شێوازێکی لەوجۆرەم نییە، من دیوارێکی ئەوەندە ڕەقم کە ئەم جۆرە بەسەرهاتانە ئەرمم ناکەنەوە، هەربۆیە ئەمجۆرە پەیوەندییانە هیچ سودێکیان بەمن نەدەبەخشی، بە پەدەکەیان دەوت بەرانی خائین، یان پێیاندەوت لێبوک، یان پێیاندەوت کرمی دار. هیچ کاریگەری لەمن نەدەکرد. بەسەرهاتەکان خوێنی لەشیان نەدەبەست و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نه جوڵەیشیان پێدەکرد. من تەنها گوێم دەگرت و بەسەرهاتەکانم لە مێشکمدا تۆمار دەکرد.

رێناس دەیوت (پێش ئەوەی ئۆپەراسیۆنی گزنگ دەستپێبکات، هەڤاڵان لەناوچەی ئاڤەشین شوێنێکیان بۆ هەڤاڵانی بریندار دروستکرد)، ئەوەی ئەوێی نەبینیبوو رێناس پێناسەی قوڵایی و شوێنە سەختەکانی ئاڤەشینی بۆدەکردن. هەروەکو چۆن زاگرۆس دۆڵوشیو و بەرزایی سەختی تیایە، ئاڤەشینیش بەهەمان شێوەیە، زاگرۆس بەهۆی چەتوونی بەرزاییەکانییەوەی ئەوەندە قوڵایی هەیە، ئەگەر پێیبگەیت هاتنە سەرەوەت مەحاڵە. بەرزاییەکانی زاگرۆس کۆمەڵە شوێنێکی سرووشتین بۆ خۆپاراستن. دوژمنانی زاگرۆس ئەو غیرەتەیان نییە بتوانن بە ئاسانی بە دامێنەکانی زاگرۆس هەڵزنێن، بەڵام گەریلا چاونەترستر لە ئەسکەندەر و توانیان خۆیان بگەهێننە ئەوێ و کەمپی لێدروست بکەن، لەهەمانکاتدا توانیویانە خۆیان بگەهێننە قوڵاییەکانی ئاڤەشین، خەستەخانەکەیشیان لەوێ دروستکرد. بریندار و نەخۆشەکانیان لەو قوڵاییە دانابوو کە سەرکەوتنەوەی زۆر مەحاڵ بوو. باشە ئەمەکاری ئەقڵە؟، قوڵاییەکەی کاریگەری بۆردۆمانی فڕۆکەی کەمدەکردەوە، نەدەتوانرا لە ئاسمانەوە ئەمان بدۆزرێنەوە و بۆردۆمانیان بکرێت. رێناس دەیوت (پێش ئەوەی شەڕوپێکدادانەکان بێنەئاراوە، نزیکەی ٤٠گەریلای بریندار لە نەخۆشخانەکەی ئاڤەشین بوون)، وەک دەیوت زۆربەیان ئەو گەریلایانە بوون کە قاچێکیان لەئاکامی تەقینەوەی لوغمەوە لەدەستدابوو، دەرمان و ئازوقەیش کەمبوون، ماوەی ٢٠رۆژ بەرگەی بێخواردنی و بێدەرمانیان گرت و مۆڕاڵیان بەیەکتری دەدا. لە رادیۆوە گوێیان لێبوو دەڵێن پەیتا..پەیتا پاشەکشێ بە هێزەکان دەکرێن، بەخۆیان دەڵێن مادام پاشەکشێ بە هێزەکان دەکرێت با لە حەشارگاکەمان بێینە دەرەوە و هەوایەکی ئاسودە هەڵمژین. مادام لەو حەشارگایە دێنەدەرەوە ئاگریش دەکەنەوە و ئەو نۆکەیش لێدەنێن کە دوا ژەمیانە و چایش دەکوڵێنن. بەڕاستی ئەمە کۆتاییان بوو.

بەڵام وەکو ئەوەی ئەوان مەزەندەیان دەکرد پاشەکشێ نەکرابوو. ئەو دوکەڵەی لەئاکامی ئاگرەکەیانەوە بەرز ببووەوە و لەلایەن دوژمنانیانەوە درکی پێکرابوو، ئاشکرایانی کردبوو. سەربازەکانی تورک غیرەتی ئەوەیان نەکردبوو بچنە قوڵاییەکەوە، هەربۆیە هەتا مەقاش هەبێت دەستی خۆیانیان نەسوتاندبوو،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەربۆیە پێشمەرگەکانی بنەماڵەی بارزانییان ناردبوو. ئەگەر پێشمەرگە ئەمجۆرە کارانەیان بکردایە، لەلایەن فەرماندەکانی سوپای تورکەوە ئافەرینێکی باشیان وەردەگرت. ئەم گەریلا بریندارانە کە ماوەی ٢٠ رۆژە لە حەشارگەدان و ئێستا بێخەمانە هاتوونەتە دەرەوە، بەهیچ شێوەیەک درکیان بە دوژمن نەکرد کە پێشمەرگە زۆر بەکاوەخۆیان بەرەو ئەوان دەچن.

رێناس کەباسی لە هاتنی پێشمەرگەکان دەکرد، قورگی پڕدەبوو لە گریان. چاوەکانی وەکو چاوی منداڵێکی گرینۆک فرمێسکیان لێدەباری. مام خدر و محەمەد ئالفی بەبێ ئەوەی هیچ بڵێن سەریان نەویکردبوو، ئیتر نەیاندەزانی چی پێناسەیەک بۆ پێشمەرگە بکەن. ئایا ئەم چیرۆکانەی ئەم هەرزەکارە راستن؟، بەگوێرەی ئەوەی سەبری، شۆڕش و ئەحمەد وتیان قسەکانی راستن، ئیتر دەوروبەریش باوەڕییان پێهێنا. هێشتا خەمی کۆمەڵکوژییەکەی هەولێر نەڕەوییبووەوە، کۆمەڵکوژییەکی تر هاتەئاراوە، ئامانجی ئەمجارەیشیان هەروەکو هەموو جارێکیان بریندار و نەخۆش و گەریلا بێ چەکەکان بوو. سەبری مەراش کەوتە قسە و باسی لەوەدەکرد هەڤاڵانی ئەوێ بێ خەمانە و بێ ئەوەی تەدبیری خۆیان وەرگرن هەڵسوکەوتیان کردووە و پێیانوابووە کە هێزی دوژمن ناتوانن بێنە شوێنەکانی ئەمانەوە. مام خدر ئەگەر پێیبکرایە دەیویست بڵێت (دوای روودانی کارەسات ئەقڵیان دێتەوە سەرخۆیان)، بۆسەلماندنی قسەکانی مام خدر، حەسەنیش دەیوت (یەکەم هەڵە لە شەڕدا، دوا هەڵەیە)، لەمبارەیەشەوە بێشک جودی، عومەر و جەمالیش دەیانویست شتێک بڵێن، بەڵام ئێستا سەری خۆیان نەویکردووە و چاویان لە چەقێک گیرکردووە و تەنهاوتەنها گوێیان بۆ رێناس گرتبوو.

پێشمەرگەکان بەبێ ئەوەی رووبەڕووی هیچ رێگرییەک ببنەوە، دەگەنە شوێنی مەبەست کە گەریلاکان پێیانوابووە دوژمن ناتوانێت بگەنە ئێرە. سەرەتا دەست لە ئێشکگرەکان دەوەشێنن. ئەو گەریلایانەی قاچیان لە دەستداوە و ناتوانن ئەوێ بەجێبهێڵن، پێشمەرگەکان تەنانەت بواریشیان نادەن خۆیان رادەست بکەن. ئەوانەی دەیانگرن دەیانخەنە ناو ئاوی ئاڤەشینەوە. زۆربەیان بەهۆی گابەرد و بەردەکانەوە ئێسکیان دەشکێت و شەهید دەبن، تیایاندا هەیە خنکابوون. ئەوانەیشی رەوشیان کەمێک باشبوو هەوڵیاندەدا خۆیان رزگار بکەن، بەڵام پێشمەرگەکان بەدوایانەوە بوون. ئەوانەی دەیانگرتن لێیانیان دەڕوانی تاکو بزانن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەتوانن رێبکەن یاننا. ئەوانەی دەیانتوانی رێبکەن، بە دیلی دەیانگرتن و ئەوەیشی نەیدەتوانی رێبکات دەستبەجێ دەیانکوشتن. قادر و فەرهاد کۆبانێ کە تەمەنیان ١٧ساڵ دەبوو، هەردووکیان قاچیان پەڕیبوو، لەگەڵ چەند گەریلایەکی تر کە مەخابن رێناس ناوەکانیانی لەیاد نەبوو، لەبەرئەوەی لە حەشارگاکە ناتوانن بێنە دەرەوە، بۆئەوەی بە دیلی نەکەونە دەست پێشمەرگەکانی بنەماڵەی بارزانییەوە، کە پێشمەرگەکان لێیان نزیک دەبنەوە، پیمی رووماننەکانیان رادەکێشن و خۆیان دەتەقێننەوە. هەڤاڵ ئەکینیان کە قاچێکی نەبوو، خەڵکی دەرسیم بوو، دەتوانێت ماوەیەک شەڕ بکات. لەبەرئەوەی تەقەمەنییان کەمبوو، زوو فیشەکی تەواو دەبێت. مەخابن دیل دەکەوێت. پێشمەرگەکان حەبل دەکەنە ملی و رایدەکێشن هەتا شەهید دەبێت.

بە مام خدر و محەمەد ئالفیشەوە ئیتر کەس نەیدەتوانی فرمێسکەکانی چاوەکانیان بشارنەوە. دوای دوو مانگێک کە دەنیز، چەکدار و دەلیلیشیان هێنا بۆ زیندانەکە لەگەڵ گرووپێکی تریشدا، کە ئەوانیش باسی کوشتاری پێشمەرگەکانی بنەماڵەی بارزانیان کرد، ئیتر هەموو کەسێک بۆیدەرکەوت ئەم کۆمەڵکوژییانە بێ سنوورە. سەید رەزا کە ناوی خۆی {سەردار مۆرسومبول}بوو، کە یەکێک بوو لە برینداری ناو خەستەخانەکە، باس لەوەدەکات کەلەسەر چەرپاکەی کەوتووە و لەسێ شوێنەوەی پێی شکاوە. ئەو توانیوێتی لە کۆمەڵکوژییەکە رزگاری ببێت، دوایش خۆی دەگەهێنێتە گرووپێکی تری گەریلا بە فەرماندارێتی ئامەد مەلازگرت. لەوێ ئەوەی بەچاوی خۆی بینیبووی بۆیانی باسکردبوو. سەید رەزا باسی ئەوەی کردبوو جگە لەخۆی هەموو هەڤاڵەکانی شەهید بوونە، مەخابن سەید رەزا لەساڵی ٢٠٠٥ لە دەرسیم شەهید بوو.

کاتێک دەنیز چاوی بە سەبری، شۆڕش، ئەحمەد و رێناس دەکەوێت، پێیسەیر دەبێت و لە هەمانکاتدا بەختەوەریش دەبێت. دەنیز ووردەکاری ئەو کۆمەڵکوژییە لەسەر زاری سەید رەزا دەگێڕێتەوە، دەیوت (هەڤاڵ سەید رەزا درک دەکات پێشمەرگەکان لە کەمپەکەیان نزیک بوونەتەوە، دەستبەجێ لە نێوان دوو گابەردا خۆی دەشارێتەوە، کەمێک لەولایەوە هەڤاڵ ماهیر دەبینێت کەخۆی شاردووەتەوە و کە ئەویش قاچێکی پەڕیبوو. پێشمەرگەکان هەڤاڵ ماهیر دەبینن، ماهیر بێ چەک بوو، بەدیلی دەیگرن، هەرلەوێدا بۆئەوەی شوێنی هەڤاڵەکانی ئاشکرا بکات ئەشکەنجەی دەکەن. ماهیر دەڵێت بە تەنیایە، پێشمەرگەکان کە دەبینن قسە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناکات، بە بەرد سەری پاندەکەنەوە و شەهیدی دەکەن. پێش شەهید بوونەکەی ئەو هەموو ئەشکەنجەیان کرد، بەڵام یەک وشەی نەدرکاند. هەڤاڵ سەید ڕەزا کە ئەم دیمەنە دڵتەزێنەی بینیبوو، تاکو ماوەیەکی زۆریش لەژێر کاریگەرییەکەی مابووەوە. باری دەروونی تێکچوبوو، هەروەها سەید ڕەزا پێیوابوو کە ئێوەیشیان شەهید کردووە).

ئەوانیش پێیانوابووە سەید ڕەزا شەهید بووە. بەزانینی ئەوەی لە ژیاندایە بەختەوەر بوون. لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا دەنیز لە یادێتی کە باران پالو لەگەڵ ئامەد مەلازگرت لە ڕێی بێتەلەوە قسەیان کردووە. ئەی چی بەسەر ئەو هاتبوو؟، لەمبارەیەوە سەبری مەراش دەڵێت باران پالو لەگەڵ سەید ڕەزا مەراقی هەڤاڵەکانیان بوون، کانیش کەلە گەڵیانبوو کەناوی خاتو {ئیڤا جونکە}یە و کەلە ئەڵمانیاوە لەگەڵ گرووپێکی سەربە {راف}کە فیدراسیۆنی سوپای سوورە، لەگەڵ دژوار قەیسەری کەلە چەمچۆ دیل دەکرێن، رادەستی دەوڵەتی تورکیایان دەکەنەوە. دەنیز مەراقی ئاخافتنەکانی نێوان بێتەلەکەی باران و ئامەد بوو، لە نێوان خۆیاندا دەیانوت (تۆ ئەم فیدەل بێناموسە دەناسیت، سەرەتای مانگی ئادار لەناومان هەڵات و خۆی ڕادەستی سوپای تورک کرد، ئەو فیدەلە ماوەیەکی زۆر لە زاگرۆس ماوەتەوە و شارەزاییەکی باشی ناوچەکەیە و لە ئۆپەراسیۆنی گزنگدا ڕێنیشاندەری بۆ سوپای تورک دەکرد، هەروەها دەیویست تۆڵەی شەخسیش بکاتەوە. لە بێتەلەکەوە بەردەوام پرسیاری سەید ڕەزای دەکرد)، سەبری مەراش دەیزانی بۆچی فیدەل بەدوای سەید ڕەزاوە بووە و هەواڵی پرسیوە. لەمبارەیەوە وتی: (ئەو بێشەرەفە زۆر کیندار بوو، لە ئۆرەماردا بەردەوام لەگەڵ سەید ڕەزادا شەڕی قارەمانەی کردووە، هەڤاڵ سەید ڕەزا ڕەخنەی شێوازی شەڕکردنی فیدەلی کردووە و هەروەها پەیوەندییە ڕێکخستنەکەی بەدڵ نەبووە و لەهەمبەر سەپانی ژیانی تایبەتی خۆی لەناو گەریلادا دژی وەستاوەتەوە. سەید ڕەزا بەردەوام ئەم ڕەخنانەی دەکرد. هەڤاڵ سەید ڕەزا کەسێکی بە ئایدۆلۆژی و بە ڕێکخستن بوو، فیدەل لە حەقی ئەو نەدەهات، کەواتە بۆ تۆڵەسەندنەوە هانای بۆ سوپای تورک هێناوە و ویستویەتی تۆڵە لە سەید ڕەزا بکاتەوە). دەنیز وتی: (بەڵێ وایە).

سەبری وتی: (بە هێرشکردنە سەر خەستەخانەکە خەریک بوو ئامانجی خۆیان بپێکن، فیدەل لە بێتەلەکەوە بەردەوام دەیویست ئامەد مەلازگرت تورەبکات،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێیدەوت تۆ و سەید ڕەزا دەگرم و سەرو فیشەکێک دەنێم بەسەرتانەوە، جوێنێکی زۆر ناشرینیشی دەدا، هەڤاڵان وەڵامیان نەدەدایەوە. ڕۆژێکیان ناوی ئێوەی یەک بە یەک هێنایە زمان و وتی: هەموویانمان بەدیلی گرتووە و ئەوانەیشی دیل نەکران کوشتیانمان. کاتێک ئەم قسانەی دەکرد پێدەکەنی و قەشمەری دەکرد. هەڤاڵ ئامەد بۆنەوەی لەم مەسەلەیە دڵنیابێت، پێیوت ئەگەر ڕاست دەکەیت ئەوانتان دیل گرتووە بێتەلەکە بدە دەستی باران پالو، لە بێتەلەکەوە گوێمان لە دەنگی باران پالو بوو، باران کەسێک نەبوو لە بێتەلەوە قسە بکات. بۆنەوەی ئێوە لە ڕەوشەکە ئاگەدار بکاتەوە، قسەی کرد). دەنیز وتی: (ڕاست دەکەیت)، سەبری بەردەوام بوو، وتی: (لە ڕاستیدا لە دەنگی بارانەوە درک بەوەدەکرا ڕەوشەکە مەترسیدارە، هەڤاڵ ئامەد لە داخاندا دەستەکانی دەلەرزین، هەڤاڵ ئامەد لەبەرخۆیەوە دەیوت فیدەلی بێناموس بچیتە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە پەکەکە دەتگرێت و حیسابی ئەم کارە قێزەوانەت و خیانەتەت لێدەپرسێتەوە. فەرماندەکەمان هەڤاڵ شاهان درکی کرد ڕەوشی دەروونی ئامەد باشنییە، کەوتە بەینیانەوە، پێیوت ئێ هەڤاڵ گیان باخۆمان نەخەینە ناو گێژاوی ئەو تێکدەرییەی ئەو قوڕمساغە، ئەگەر بۆ ڕوبەڕو بوونەوەی هەڵبخەڵەتێین و شوێنی خۆمانی پێبڵێین مەترسی گەورە بۆخۆمان دەخوڵقێنین. هەڤاڵ شاهان کەسێکی هەستیار و خوێن سارد بوو، ئەگەر هەڵە نەبم باوکی پرۆفیسۆری زانکۆ بوو، هەڤاڵێک بوو کە سەری لەبواری تیۆری و پراکتیکی سەربازی دەردەچوو. ئەوکاتەی چوبوو بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی، لەوێ بەباشی خۆی پەروەردە کردبوو. سەرۆک بەچاوی ئەوەی لە داهاتوودا بەرپرسیارێتی جدی لە ئەستۆ دەگرێت و دەتوانێت بەباشی خۆی پێبگەهێنێت لەوی ڕوانیبوو، هەربۆیە ڕێزێکی زۆری لێگرتبوو).

دەنیز وتی:: (ڕاستە)، جارێکی تر بۆنەوەی پشتگیری قسەکانی سەبری بکات، وتی: (ئەوکاتەی شاهان شەهیدبوو کە هەواڵەکەیان بە سەرۆک ئاپۆ وت، سەرۆک زۆر تووڕە دەبێت و پێیانیوتبوو ڕاپۆرتی شێوازی شەهید بوونەکەی قەبوڵ ناکەم). سەبری وتی: (فیدەلە بێناموس بەردەوام لەڕێی بێتەلەوە دەیویست توڕەمان بکات، لە ڕێگەی کۆدی هەڤاڵ ئامەدەوە دەهاتە خەتەوە و دەیوت پیران..پیران ئەگەر پیاویت شوێنەکەی خۆتم پێبڵێ، ئەگەر پیاویش نیت بابزانم. ئامەد بەمە زۆر توڕە ببوو، پێیوت من لە کانی گامم. ئێمە لە بێتەلەکەوە گوێمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لێبوو ئامەد ئەم قسەیەی کرد. هەڤاڵ شاهان وەکو ئەوەی پێیبڵێت ئەرێ ئەوە تۆ چیتکرد، لە ئامەدی روانیبوو، دوای نیو کاتژمێر فڕۆکەی جۆری ف١٦ی تورکی بەسەرمانەوەبوون، یەکەم بۆمبا کە فڕۆکەکە تێیگرتین، لە یەککاتدا هەڤاڵ شاهان، حەسەن قۆنیا و پڵنگ چەلێ شەهید بوون. یەکێک لە فەرماندەکانی مەفرەزە بەناوی زەمانی بۆزۆڤا بەسەختی بریندار بوو. ئێمە هەرلەکاتی گوێبیستنی دەنگی فڕۆکەکە خۆمان حەشاردا. فڕۆکەکان چەند جارێکی تر بەسەرمانەوە سوڕانەوە. دوای ئەوە زیانی ترمان لێنەکەوت. دوای فڕۆکەکان کۆپتەری کۆبرا هاتن، بەڵام هیچ زیانێکیان لێنەداین). شۆڕش ئامەد کەوتە قسە و وتی: (هەڤاڵ ئامەد هەڤاڵێک بوو خاوەن ئەزمون و پراکتیکی سەربازیشی هەبوو، چۆن هەڵەیەکی لەو شێوەیە دەکات؟، من دڵنیام بەهۆی ئەم کارەساتەوە زوخاوی هەڵهێناوە، دڵنیایشم تۆڵە دەکاتەوە)، دەنیزیش وتی: (راست دەکەی هەڤاڵ).

سەبری وتی: (دوای ئەوەی پارچە لەشی هەڤاڵە شەهیدەکانمان کۆکردەوە و ناشتمانن، بەدەوری کانییە بێتۆن جەولەمانکرد، لە رێگە هەڤاڵ زەمانی بەهۆی برینەکەیەوە شەهیدبوو، بەڕاستی مۆڕاڵمان زۆر خراپ ببوو، ناخیشمان بەگڕی تۆڵەسەندنەوە دەسوتا، هێزی تۆپەراسیۆنەکە بەهەموو لایەکدا بڵاوببونەوە، لەسەر گردە ستراتیژییەکاندا سەنگەریان گرتبوو. هەڤاڵ ئامەد بانگی گرووپێکی تری کرد کە هەڤاڵ مەحمود فەرماندەریان بوو. پیلانی هێرشی سەر دوژمنیان داڕێژا. بەگوێرەی پیلانەکە هێرش دەکرایە سەر جەندرمەی تورک کەلە سەر گردی مەزە سەنگەریان گرتبوو. ئامەد و مەحمود بەیەکەوە چوون بۆ کەشفکردنی دەوروبەرەکە. دوای رۆژێک لەکاتی شەودا چالاکییەکە ئەنجامدرا، چالاکییەکی سەرکەوتوانە ئەنجامدرا. بەلای کەمەوە لەم چالاکییەدا ٢٧جەندرمە کوژران و ١١چەک و چەندین جانتای سەربازی و بێتەلێک و مەلزەمەی سەربازی دەستیان بەسەردا گیرا. لەناو ئێمەیشدا تەنها دوو هەڤاڵ بە سووکی بریندار بوون. لەوەدەچێت بەهۆی ئەم چالاکییەوە بوبێت هێزی تۆپەراسیۆنەکە پاشەکشێیان کرد).

لەناکاو ئەحمەد دێرالۆک وتی: (دەبوایە لە تۆڵەی کۆمەڵکوژییەکەی خەستەخانەکەی ئافەشین هێرشیش بۆ هێزەکانی بنەماڵەی بارزانی ئەنجامبدرایە)، ئەمەیشی زۆر بە کاوەخۆ هێنایە زمان. ئەگەر ئەم قسەیەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەکردایە لەوانەبوو کەس نەزانێت کە ئەم ئەحمەدە لەم قاوشەدایە. دەنیزیش وتی: (راست دەکەیت)، دەنیز درێژەی بە قسەکانی خۆیدا و وتی: (دوای ئەوەی هێزی ئۆپەراسیۆنەکە پاشەکشێیانکرد، بە گرووپێکەوە لە ئاڤەشین چوینە خوارەوە بۆ ئەو خەستەخانەی کە پەدەکە کۆمەڵکوژییەکەی تێدا ئەنجام دابوو، کە چەندین پارچەی جەستەی هەڤاڵانمان بینی کەلەو دەوروبەرە بڵاوەیان پێکرابوو. مەحاڵ بوو باوەڕ بەم دیمەنە بکرایە، نەدەتوانرا لە ئاستیدا دانبەخۆتدا بگریت. کۆمەڵکوژی چی و هۆڤێتی چی. لە ئاست ئەم کارە ئەم دوو پێناسەیە هەر هیچ نین. کەلەسەری هەڤاڵ ماهیرمان بینی کە خەڵتانی خوێن بوو، یان ئەو پەتەی کرابووە ملی هەڤاڵ ئەکین، یان پارچە جەستەکانی هەڤاڵ فەرهاد و قادر لەناو حەشارگاکە، ئەم دیمەنانە هەموومانی تاساندبوو، هەڤاڵمان تێدابوو خەریک بوو شێتوهار ببێت، سەرەڕای هەموو شتێک پارچە گۆشتی جەستەی هەڤاڵانمان کۆکردەوە و بەشێوەیەکی شایستە ناشتمانن و رێورەسمی سەربازیمان بۆکردن. هەڤاڵان لە فەرماندارێتی هەرێمەکە دوای ئەنجامدانی کۆبونەوە بڕیاریاندا دەست لەو پێشمەرگانە بوەشێنرێت کە سەرقاڵی پاشەکشێن. راستەوخۆ بڕیارەکە کەوتەبواری جێبەجێکردنەوە، بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتوانە هێرش بۆسەر پێشمەرگەکانی بنەماڵەی بارزانی ئەنجامدرا).

دوای ماوەیەک بیستم هەمان فیدەلە خائین، لە ساڵی ١٩٩٨کاتێک لە هەرێمی بۆتان رابەرایەتی بۆ سوپای تورک دەکات دژ بە گەریلا، دەکەوێتە بۆسەی گەریلاوە و دەیکوژن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٨

# بەڵێن بێت سەرۆک

جودی بۆی دەرکەوت مەسەلەی بە ڕێکخستنەوە لەلایەن سەبری، شۆڕش، ئەحمەد و ڕێناسەوە پێشوازی لێنەکرا. شۆڕش کە گەیشتە زیندانەکە یەکاویەک دەستی لە هەموو شتێک بەردابوو. سەبریان سەرەڕای ئەوەی ئەزمونی هەبوو، نەیدەتوانی هەڵوێستێکی یەکگرتوانە و چالاکانە بنوێنێت. ئەحمەدیان بۆئەوەی لەم زیندانە رزگاری ببێت، دەستبەرداری بەرخۆدان ببوو. ڕێناس کەسێکی کارکەربوو، رەنجدەر بوو، بە ئاسانی تێکەڵی لەگەڵ چواردەورەکەی درووستدەکرد، بەڵام لە هەلومەرجی ئەم زیندانەدا بۆ بە ڕێکخستن بوونیان و بۆ بەڕێوبەرایەتی بە ڕێکخستن بونیان کردارەکانی ڕێناس بەتەنها تەواوکەر نەبوون. ئەگەر کەسێک هەبوایە رابەرایەتی بکردایە، ئەوا ڕێناس زۆر بە ئاسانی کاری لەگەڵ دەکرد.

بیروبۆچونی ئەوەی بابزانین مەسەلەکان چییان لێ دێت و لەوانەیە ڕێککەوتن بێتە ئاراوە، هەموونەمانە جودییان قڵێس کردبوو. کەواتە لە هەولێر کە هەڤاڵانیان لە باڵەخانەکە فڕێدایەخوارەوە، شەهیدیان دەکردن و لە ئافەشین کۆمەڵکوژیان کردن، هەموونەمانە بەس نەبوون بۆ گۆڕینی بیروبۆچونیان. لەوەدەچوو بەرخۆدانی ساڵح، هێلین و نۆزان تەواوکەر نەبوبێتن بۆ ئەمان و ئەنجامیان لێدەرنەکردبێت. ئەگەر بەهانای پەیامەکانی هەڤاڵەکانیان بهاتنایە و کەمێک نارەحەتییان بچێژایە، بە دڵنیاییەوە ئەنجامی باشیان بەدەست دەخست، بەتایبەتی ئێستا ژمارەی هەڤاڵانی کچیان بوو بە ٧هەڤاڵ. پێویست بوو لەگەڵ ئەوانیشدا پەیوەندییەکی تەندرووست ببەستن. بەرەوکۆتایی ساڵی ١٩٩٧بوو، دەبوایە بە قۆناغێکی نوێوە بچنە ساڵی تازەوە. قسەیەک هەیە دەڵێت {چۆن هەنگاو بنێیت بۆ ساڵی تازە، ئەو ساڵە بەوشێوەیە دەژیت}.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مرۆڤ له ئاستی بزواندنەكانی ناخیدا سەیروسەمەرەیە، لەكاتی مەحاڵیدا دەست دەگرێت بەم لق و ئەو لقەوە. هەوڵی پێكهێنانی هەموو پێگەیەک دەكات بۆخۆی. له حاڵەتی گۆشەگیریدا مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و لەخۆی پرسیار دەكات و هەرخۆیشی وەڵام دەداتەوە. زۆرجاریش كه درک دەكات به هەڵەیشدا چووە، بەڵام هەروازناهێنێت. لەڕاستیدا جودی ئاوێنەی خەون و خەیاڵەكانی شكابوون. هەستیدەكرد ناكرێت بەمشێوەیە لەهەمبەر ئەم جۆری زیندانە بێدەنگ ببوایە و بەمشێوەیە ناچێت بەڕێوە. ئەوانەی هەموو شتێكیان كرد لەهەمبەر ئەوانەی بێ قاچن و پەتیان خستە ملی بێ قاچەكانەوە، ئەی ئایا چی بەسەر ئێمەدا ناهێنن؟!. ئەی ئایا بۆچی مەحمود، جەمال، سەیفی، حەسەن، عومەر و سەبری كه درک بەمشتانەیش دەكەن هیچیش ناكەن؟!.

چەند رۆژێک لەمەوبەر ئەیوب، ئیسلام و وەیسییان هێنابوو بۆ زیندانەكە، وەیسییان سەیروسەمەرە بوو، وەكو ئەوە وابوو كەبە هیچ شێوەیەک پەكەكەی نەناسیوە. ئیسلامیان ئەقڵی لەدەستدابوو. ئەیوبیان كوڕێكی باش بوو، بەڵام خۆی له قەرەی هیچ كارێک نەدەدا و كەمێک كەڕیش بوو. جودی هەرچەندە قۆشمەیی دەكرد و دەوروبەری خۆی ئەدا به پێكەنین، بەڵام بەختەوەر نەبوو. كاتێک مەحمود وتی: ( وەكو جاران نامانبەن بۆ ئەشكەنجەدان)، جودی وەڵامی دایەوە و وتی: (پێیانوایە ئاقڵ بوینە هەربۆیە كەسمان نابەن)، چیكاتێک بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە زیندانییان ببردایە بۆ ژووری لێپرسینەوە، به گشتی پێیانیان دەوتن (ئەگەر بڵێن ئێمە پەكەكە نین و ئەگەر ئازادمان بكەن ناچینە ناو پەكەكەوە)، بەڵام له ئاكامدا هەموویان لەسەر پەكەكە بونیان پێداگرییان كردبوو كه ئەمەیش گۆڕانكارییەكی باش بوو. مەحمود دەیوت (بانگكردنمان و پرسیاركردنیان له خۆڕا نییە، لەوەدەچێت لەگەڵ هەڤاڵانماندا چاوپێكەوتنیان هەبێت، لەوانەیە لەبارەی ئاڵوگۆڕی زیندانییەكانەوە دیالۆگ بكەن). بەمشێوەیە مەحمود ئومێدی به بەلاش دەبەخشییەوە. پاشان زانرا دیالۆگ له نێوان پەدەكە و پەكەكە روویداوە. له رێی هەوڵی داود باغستانییەوە له نێوان پەدەكە و پەكەكە دا دانیشتن هاتبووە ئاراوە، بەڵام لەبارەی زیندانەكانەوە هیچ پێشكەوتنێک روونەدابوو.

له دەرەوەی زیندان كەشوهەوا ساردی كردبوو، كه تەماشای دامێنی چیای ئاكرێت دەكرد، دەتبینی بەفری لێكەوتووە. له قاوشی زیندانەكە لەبەرئەوەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خەڵکێکی زۆر کەوتبوون بەسەر یەکدا، هەست بەو سەرمایەی دەرەوە نەدەکرا. دوو ڕۆژ مابوو بۆسەری ساڵ. زیندانییەکان نانی نیوەڕۆیان نۆک و برنج بوو. دوای نانخواردنیان جگەرەیان داگیرساند. گوێیان لە دەنگی ئەو کۆستەرانەبوو کەبە دەنگیان ئاشنابوون. دیلی تازەیان هێنابوو. لە رادیۆکەوە دەوترا ئۆپەراسیۆنی پەدەکە بۆسەر گەریلاکانی پەکەکە بەردەوامە و ٨گەریلا بە دیلی گیراون. لەوانەبوو ئێستا ئەو ٨گەریلانەیان بەم کۆستەرانە هێنابێت. مەحمود، جودی، سەیفی، سەبری، رێناس و چەند کەسێکی تر یەک لەدوای یەک لەبەردەم پەنجەرەکە راوەستان. جەلادە پاسەوانەکانیش لە ساحەکە لە چاوەڕوانی ئەواندابوون. بە تامەزرۆوە چاوەڕێی ئەوانیان دەکرد. سەرەتا ئەوانەی تەمەنیان مامناوەندی بوو لە کۆستەرەکان داگیران. ئەوەی دادەبەزی بە کێبڵ و تێلاو و دار لێیانیاندەدا. تیایانداهەبوو پێش ئەوەی لێیبدەن خۆی دەدا بە زەویدا و تیاشیاندا هەبوو بەدەم لێدان خواردنەوە دەپاڕانەوە. سەیفۆیان زۆر کەیفی بەم پاڕانەوە دەهات، هەربۆیە دەستی باشتری دەوەشاند. لەئاکامدا ٣٠کەسیان لە کۆستەرەکان داگرت. بەیەک ریز هەموویانیان دانا. نۆبەهاتبووە سەرئەوەی بە قاوشەکاندا دابەشیان بکەن. ناوی ٢٠کەسیان خوێندەوە و ئەوانیان جیاکردەوە. ئەم ٢٠کەسە سەربە یەنەکە بوون و بەدەم لێدانەوە بردیانیان بۆ قاوشی یەکێتییەکان.

دوای پرۆسەی دابەشکردن ١٤ دیل مانەوە. بە جلوبەرگەکانیان دیاربوو ٧یان وڵات پارێزبوون، ٧تەکەی تریشان گەریلابوون. ئەوانەی گەریلابوون جلوبەرگیان شیتاڵشیتاڵ ببوو. قۆڵی یەکێکیان بە سنگییەوە بەسترابوو، دیاربوو بریندار بوو. یەکێکیان زۆر لاواز و بێ حەوسەڵە بوو. هەوڵیدەدا خۆی بە پێوە رابگرێت. دکتۆر ئەحمەد لەناو جەلادەکاندابوو، بە ئارەزووی خۆی زللەی لە دیلەکان دەدا. سەبری مەراش پێیوابوو ئەوەی حەوسەڵەی نەمابوو کە دەیویست خۆی بە پێوە راگرێت دەناسێت. لەوەدەچوو لە شوێنێک بینیبێتی. ئایا لە کوێ بینیوێتی؟. دەیویست بڵێت ئەمە دەنیزە، بەڵام ئایا ئەو ئەوەندە باڵا بەرز بوو؟. ئەو گەریلایەی کە ریشو سمێڵی تێکەڵ بەیەک ببوو، جلوبەرگی شیتاڵشیتاڵ ببوو کە زۆریش پیسوپۆخڵ بوو ئایا دەنیزە؟. بڵێین چی شەڕەو هەموو شتێک روودەدات. ئەوەی دەستی بەسترابوو، لەگەڵ ئەوەی دەیویست خۆی بە پێوە رابگرێت، سەرنجی جودیشی بەلای خۆیدا راکێشابوو. پێنجەکەی تریان لەوەدەچوو نەتوانن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەهەمبەر جەلادەکان سەربەرزانە بوەستن و خۆیان بەسزمان کردبوو لە کەسانی بێ ئیرادە دەچوون کە ئەمەیش جودی دڕکی پێکردبوو. جودی هەوڵی خۆیدا وتی: (سەرەڕای هەموو شتێک ۷هەڤاڵ هاتوون، ژمارەمان دەگاتە سەرووی ۲۰کەسەوە، نزیکەی ٦۰وڵاتپارێزیشمان لێرەن، پێویستە لێرە بەدواوە شتێک بکەین. پێویستە بێ هیوایانە نەچینە ساڵی نوێوە).

دەرگای قاوشی ژمارە ۷یان کردەوە و ۱٤زیندانیان فڕێدایە ژوورەوە. زیندانییەکان لە نێوان خۆیاندا پاڵەپەستۆیان کرد تاکو شوێنیان بکەنەوە. قاوشێک کە هەرشوێنی ۳۰کەسێک دەبوو، بەڵام ۷٤کەسی تێدابوو، ئێستایش ۱٤ی تریان تێخزاندووە. دیلەکان لە قۆناغی لێپرسینەوە و ئەشکەنجەدان تێپەڕیبوون و لە ساحەکەیش لێدانیان خواردبوو. ئێستایش خزێنرابوونە ئەم قاوشە قەڵەباڵغەوە کەبە ڕاستی حەوسەڵەی هیچیان نەمابوو. ئەوان ڕەوشی زیندانییەکانی قاوشەکەیان بێشک بەباشی نەدەبینی، بینییان کە ئەو خەڵکە لەچی حاڵەتێکدان. خەڵکانی ناو قاوشەکە هەموویان لێو بەباربوون، هەموو زیندانییەکان تراکسۆتیان لەبەردابوو، هەروەها سەریشیان نیمچە سفر بوو. ئەوکاتەی ئەم ۱٤کەسەیان هێنایە قاوشەکەوە، پێشمەرگەکان وتیان قژی ئەمانەیش وەکو ئەوەی خۆتانی لێبکەن، کەس لەمبارەیەوە هیچی نەوت. لە قاوشەکەدا کەشوهەوایەکی بێزاری و بێ چارەیی هەبوو.

سەبری بەردەوام تەماشای ئەوکەسەی دەکرد کە بێ حەوسەڵە و لاواز و باڵا بەرز بوو. بەڵێ دوای ووردبونەوەیەکی زۆر ئیتر سەبری بۆیدەرکەوت ئەوە دەنیزە. دەنیز لە نزیک دەرگاکە دانیشتبوو. سەبری چوو بۆلای، بە چرپە سڵاوی لێکرد و پێیوت کەفاراتت بێت. دەنیز کە سەبری بینی دڵخۆش بوو، لەهەمانکاتدا سەری سوڕما و دەنیز پێیوابوو لە ئاڤەشین شۆڕش، ئەحمەد و ڕێناس شەهید بوونە، کەئەوانی بینی کەیف خۆش بوو. ماوەی ۲۰ڕۆژە دەنیز دیلە، ئەم بەختەوەرییە کاتوساتی ئەوبوو.

دەنیز لە زاگرۆس لەگەڵ سەبری لەیەک مەفرەزە بوون. زۆر خۆشحاڵ بوو کە ئەوی بە زیندوویی بینیبوو. ڕێناسیش چووەلای و ئەحواڵی پرسی. هۆکارەکەی نازانم هەموویان بە چرپە قسەیان دەکرد و کەم قسەیان دەکرد. دوایش لەناوخۆیاندا دەیانوت (دوایی قسە دەکەین) و لەیەکتر جیادەبونەوە. بێشک لە زیندانەکەدا داسەپاندنێکی زۆر هەبوو. دەنیز بە جەستە و بە ڕووح زۆر ماندوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ببوو. دیل کرابوو، ئەو هەڤاڵانەیشی کە ناویان دەلیل پۆرسپی، شڤان حەریری، سەرهەڵدان سێرت و کامەران بوون و لە هەڵسوکەوتییانی دەڕوانی، دونیای سەروبن دەبوو، دەنیز ماندوودیار بوو. لە شوێنەکەی خۆی پاڵکەوت. زیندانییەکان لە نێوان خۆیاندا شوێنیان بۆ ئەوانە کردەوە کە تازە هێنرابوون.

شەوێکی تری بێ خەوی لە چاوەڕوانی دەنیزدا بوو. نە جەستە و نە رووحیش بواریان پێنەدەدا بنوێت. جەنجاڵەکانی ناو مێشکی دەستبەرداری نەدەبوون. بیری دەکردەوە و بیری دەکردەوە. بیرکردنەوەی تەنها وتەنها لە دوو کەنار رایاندەگرت، یەکەمیان ئەوەبوو چۆن حیساب بدات بە سەرۆک ئاپۆ؟، دووەمیان گریمانەی رادەستکردنەوەی بوو بە تورکیا. ئەگەر لەمەسیف سڵاحەدینەوە خاچی سوور بهاتنایە و ناویان لەناو لیستی دیلەکان تۆمار بکرایە، ئەوە لەسەروبێشوێنیکردنی رزگاری دەبوو، بەڵام ترسی ئەوەیشیان هەبوو بەرامبەر بە مەبلەغێک پارە بە تورکیایان بفرۆشتایە. ماوەی ٢٠رۆژ بوو تەنها بیری لەم دوو مەسەلەیە دەکردەوە. ١٤ رۆژ لە زیندانییەکی زۆر قەڵەباڵغی مەسیف هێشتبویانەوە، ئەوێش زیندانییەکی بچوک و تەنگ بوو، دەوروبەرەکەتیش لەو شوێنەدا جگەرەیش بکێشێت. خۆیشی نەخۆشی ئاسمای هەبوو واتا رەبۆ. زۆرجاریش خەریک بوو بەهۆی دووکەڵی جگەرەکانەوە بخنکێت، لەهەمانکاتیشدا تووشی سەرئێشە ببوو.

ئەو جەلادەی ناوی جەبار بوو، کە بە ئاسن لەسەری دابوو، ئەو برینەی لەسەری هاتبووە ئاراوە، زیاتروزیاتر ئێشی پێدەگەیاند. لەئاکامدا لەوێ دەریانهێنا و هێنایان بۆزیندانی ناکرێ. لێرەدا هەڤاڵی خۆی بینییەوە. هیچ نەبێت لێرە هەندێک هەڵسوکەوتی رێکخستنانەی دەبینی. دەیویست بە زووترین کات لەبارەی خۆی، دەلیل، شڤان، سەرهەڵدان و کامەرانەوە راپۆرت بنوسێت. دەیویست هەرلێرە ئەو راپۆرتە بنوسێت و بەهەرشێوەیەک بێت بیگەهێنتە دەستی هەڤاڵەکانی، بەڵام جارێ باپشوبدات، دواییەکەی خێر دەبێت.

چی کاتێک بیری لە راپۆرت نوسین دەکردەوە، دەیوت (چۆن دەتوانم لەهەمبەر سەرۆک ئاپۆ بوەستم؟!)، هەموو ئەندێشەکانی ناو ناخی لەو پرسیارە چەق دەبونەوە. دەیوت (نەمتوانی ئەو بەڵێنەی دابووم بە سەرۆک بهێننمەدی)، ئەوکاتەی چاوەکانی لەیەک دەنا، بۆنەوەی بنوێت، دەهێنایە بەرچاوی خۆی پێیاندەوت (هەڤاڵە تورکمانەکەمان، ئەی کوا بەڵێنتدا بە زوویی نامریت؟)،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆیشی لەهەمبەر سەرۆک ئاپۆ دەبینییەوە. ئەو دیلبونی وەک مردن دەبینی. ئەو سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو. ببوو بە دیلی دوژمن. ئەمەی پێقەبوڵ نەدەکرا. ماوەی ساڵێک خەباتی کردووە و شەڕی کردووە و تێکۆشیوە، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەخستبوو. زیانەکانیان گەلێک زۆربوون. بوار و دەرفەتێکی زۆریان بەهەدەر دابوو. شێوازی پراکتیکی گەریلایەتییان لەدەستدابوو. دیلکردنەکەیشی لە ئاکامی ئەو کەمتەرخەمیانەوە بوو. کاتێک بیری لەم شتانە دەکردەوە، دەنگێک لەناخیدا پێیدەوت (لەوەدەچێت بڵێیت شۆڕشەکەمان هەڵەیکرد هەربۆیە دیل کەوتم، وانییە؟)، خۆی وەڵامی دەدایەوە و دەیوت (نەخێر)، بەرگری لە خۆی دەکرد و دەیوت (باس لە لاوازی تەکتیک دەکەم، باس لە بێ هێزی و بەباشی بەکار نەهێنانی دەرفەتەکان دەکەم)، ناخی پێیودەوت (کێشەی شێوازی شەڕ جیاوازە و دیل بونیش شتێکی ترە)، ئەویش دەیوت (بۆچی جیاوازبن؟)، ناخی دەیوت (بۆچی پێشهاتەکان وایان لێهات؟، ئەو مەرجانە چیبوون ئەم ئاکامانەیان لێکەوتەوە؟). ئەو رۆژانە و ئەو کاتوساتانەی دەهێنایە بەرچاوی خۆی. ئەوساڵە تەنانەت نەیانتوانی بوو بچنە ئەو کەمپەیەشەوە کە پێیڕاهاتبوون هەموو زستانێک کردبوویان بە نەریت. سوپای تورک لەگەڵ پێشمەرگەکانی پەدەکە جارناجارێک ئۆپەراسیۆنیان ئەنجامدەدا. ئۆپەراسیۆنی گزنگ لە مانگی تشرینی یەکەم کۆتایی پێنهێنرابوو. لە مانگی کانوونی یەکەم لە خواکورک و خنێرە ئۆپەراسیۆنی تازەیان دەستپێکرد. فەرماندارێتی گەریلا پێیانوابووە ئەگەر لەم هەلومەرجەدا بچنە شەڕەوە زیانی زۆریان لێدەکەوێت، هەربۆیە پێیانباشبوو پەیتا..پەیتا بەرەو زاگرۆس پاشەکشێ بکەن. بیستنی ناوی زاگرۆس لە زستاندا هەموو جەستەی مرۆڤ بەستەڵەک دەیبەستێت. بەفر و سپیایی زاگرۆس بۆ مرۆڤ وەکو دۆزەخێکی سپی وایە. سرووشت پێیوایە ئەوانەی هەلومەرجەکەی نەزانن و بەگوێرەی خواستی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، نایان بەخشێت. گەریلاکان پەیتا..پەیتا پاشەکشێیان دەکرد و لەهەمانکاتدا دەستیان لە دوژمنیش دەوەشاند. دۆزەخە سپییەکەیش رووحیانی دەکێشا. تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانی دوژمن تەنها ٦گەریلای شەهید کردبوو، بەڵام سەرماوسۆڵەی زاگرۆس ١٥گەریلای شەهید کردبوو. سوپای تورک و هێزەکانی پەدەکە تەنها توانیان یەک هەفتە بەرگەی سەرماوسۆڵە بگرن. کاتێک گەریلاکان بەسەر زاگرۆسەوە دەگەنە خەدارێ کە سنوری ئێرانە رووبەڕووی رێگری پاسداران دەبنەوە. سوپای ئێران

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوێیان تۆپباران کرد. گەریلاکان ناچارمابوون جارێکی تر ڕێڕەوی خۆیان بگۆڕن، هەربۆیە بەبێئەوەی بیانەویت ڕووبەڕووی مەترسی ببنەوە بەدامێنی زاگرۆس دەسوڕینەوە و گەڕابونەوە بۆ خنێرە. ماوەیەکی زۆربوو لەناو شەڕوپێکداداندا بوون، ڕێگەوبانێکی زۆریان بڕی بوو. برسێتی و ماندوویی بێ حەوسەڵەی کردبوون.

٤٠٠گەریلا بەوشێوەیە ماندوو ببوون و بێ حەوسەڵە مابونەوە. ئەم ٤٠٠گەریلایە لە چیای شەکیف و لە نێوان گردی شەهید شەریف دزەیان کردبوو خۆیان گەیاندبووە سێ سوچکە، ئەو ناوەی خواکورک و لۆلان لەیەک جیادەکاتەوە، لەوێدا مەفرەزە بە مەفرەزە جێگیر ببوون. گرووپەکەی سینانێ سۆر پیلانیان کردبوو ئێرە بکەن بە کەمپی زستانەیان. بەگوێرەی ئەمەیش ئامادەباشیان کردبوو، ئازوقەیەکی زۆری وەک ڕۆن و ئاردیان شاردبووەوە. ئەوانەی ببوون بە بەرپرسی ئامادەباشییەکان دەستبەجێ هەویریان شێلابوو دوایش لەناو ڕۆن کردبویان بە نانە ساجی و بەسەر گەریلاکاندا دابەشیان کردبوو. ماوەی هەفتەیەک بوو هیچیان نەخواردبوو، کە ئەم نانەساجیە چەورەیان خواردبوو زۆربەیان توشی ئیسهال ببوون. فەرماندە سینانێ سۆر ئەو ئازوقەیەی شاردبویەوە بێشک بەشی ٤٠٠گەریلای نەدەکرد، هەربۆیە ناچاربوون بچن لە عەمارەی ترەوە ئازوقە بهێنن. ڕۆژێکیان لە هەر گرووپێک ١بۆ٢ گەریلایان بانگکرد و نزیکەی ١٥ گەریلایان کۆکردەوە. ئەرکیان داپێیان بچن لەو عەمبارەیەوە ئازوقە بهێنن کە هەر کاتژمێرێک لێیانەوە دووربوو.

دەنیز ئەو گەنگەشەیەی لە مێشکی دەرنەدەچوو کە لەگەڵ فەرماندەکەی کردبووی، کە ناوی سابیر بوو. بۆئەوە داخی دەخوارد کە دەبوایە کەمێک زیاتر پێداگری بکردایە. سابیر پێیوتبوو (فەرماندەی مەفرەزە یەک بۆ دوو گەریلا چەك هەڵگرن، ئەوانیتر چەکیان پێنەبێت، هەرچۆنێک بێت چەکەکەی تۆ ئاربێجییە، پێویست ناکات ئەویش بەریت)، ئەو داوای کلاشینکۆفی کردبوو، کەمێکیش پێداگری کردبوو. کاتێک سابیر ئەمە قەبوڵ ناکات، ئیتر ئەویش پاشگەز ببووەوە. چوونی گەریلا بۆ شوێنێک بەبێ چەک شتێکی مەحاڵ و نەبینراوە، ئەم بیرۆکەیە لەئاکامی ماندوویی و بێ حەوسەڵەییدا هاتبووە ئاراوە، هەروەها ئۆپەراسیۆنەکە گوایە کۆتایی پێهاتبوو. پێیانوابووە بەم کەشوهەوایە جگە لە ئێمە کێیتر ڕێی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەکەوێتە ئێرە!. دەنیز هەرچەندە پێداگری کردبوو، بەڵام سابیر پێیوتبوو (ناوچەکە لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدایە).
هەتا ئێستایش دەنیز لەخۆی حاڵی نەببوو چۆن بەوە رازی بووە کە بەبێ چەک بەڕێکەوتووە!. خۆی تۆمەتبار دەکرد و بەخۆی دەوت (کەسێکی وەک تۆ رازی بێت بەوەی بۆنەوەی باری سەرشانت ئاسان بێت و لەکاتی گواستنەوەی ئازوقەکان بارت سوک بێت بێ چەکیت قەبوڵکرد وانییە؟)، لەوانەبوو ماندوویی و برسێتی و ئازاری مەعیدە و سەرئێشە هۆکار بوبێتن کە نەیانهێشتبێت کەبە شێوەیەکی تەندروستانە بیربکەنەوە و لەئاکامدا دەنیز رازی ببوو بەبێ چەک ئەو رێگەیە بگرێتەبەر. لەکاتی گەیشتنیان، بە هەڤاڵێکی خۆی وتبوو کە ناوی زەفەر بوو (تۆ لێرە چاوەڕێی من بکە، دەچم ئازوقەکان دەردەهێنم و دەگەڕێمەوە)، دەلیل پۆرسپی کە قەنناسی پێبوو، شڤان حەریری کلاشنکۆفی پێبوو، ئەویش بەدوایانەوە لەسەر رێگەکانی بناری لۆلان رێیاندەکرد. هەڤاڵەکانی تریشی کە ناوبەریان دروستکردبوو بەدوایانەوە بوون.
ماوەی رۆژێک بوو هێزی ئۆپەراسیۆنەکە پاشەکشێی کردبوو. فەرماندەکانیان لە رێی چاودێرەکانیانەوە ئاگادارکرانەوە کاروانێکی ماشێن کە ١٠بۆ١٥دانەیەک دەبن لەگەڵ ماشێنێک کە رێی بەفرەکان پاکدەکاتەوە لەپێشیانەو ئەو رێیە خۆشدەکەن کە قاچاخچییەکان بەکاری دەهێنن. فەرماندەکانیان پێیانوانەبووە ئەمە کاروانی ماشێنی سەرباز بێت، فەرماندەکانیان فەرمان بە ئێشکگرەکان دەکەن ئەو کاروانی ماشێنە لەوانەیە قاچاخچی بن و رێگەیان پێبگرن و بەگوێرەی بارەکەیان گومرکیان لێوەربگرن. ئەو رێگەیەی بەردەوام قاچاخچییەکان بەکاریان دەهێنا کیلۆمەترێک نزیک لە ئاوی لۆلان بوو.
ئەو گرووپەی چوبوون بۆهێنانی ئازوقە، بە پێچەوانەی رێڕەوی ئاوی لۆلان رێیاندەکرد. دەلیل، شڤان و دەنیز کاتێک لەو رێگەیە نزیک دەبنەوە، کە تێکەڵ بە رێگەکە دەبێت دەسترێژیان لێدەکرێت. خۆیان دەدەن بە عەرددا و دواییش بەرەو ئاوەکە خۆیان غلدەکەنەوە، لە نێوان گابەردەکاندا تەماشای سەرەوە دەکەن و دەبینن پێشمەرگەکانی پەدەکە بەرەو ئەمان دێن و نەبینینیشیان مەحاڵە. لە نێوانیاندا گابەردی گەورە هەبوو، باشترین شت ئەوەبوو بچنە ئاوەکەوە و رێ بکەن و خۆیان بگەهێنە لای هەڤاڵەکانیان. ئێشکگرەکانیان کە گوێیان لە تەقەدەبێت، بە بیکەیسی تەقە لە پێشمەرگەکان دەکەن. لەبەرئەوەی ناوبەری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێشکگر و پێشمەرگەکان زۆربوو، فیشەکەکان کاریگەرییان نەبوو. ئەگەر ئێشکگرەکان بە خێرایی بهاتنایەتە خوارەوە، پێشمەرگەکان غیرەتی ئەوەیان نەدەکرد زیاتر بچنە پێشەوە.
دەنیز هێشتا لە دەلیل دانەبڕابوو. بۆئەوەی لە ڕەوشی هەڤاڵەکانی حاڵی ببێت کە بەدوایەوە بوون، تەماشایەکی چواردەوری خۆیکرد. کەسی نەبینی. شڤانیش دیارنەبوو. دەلیل شڤانی لەژێر گابەردێک شاردبووەوە و پێیوتبوو ئێوە بڕۆن دوایی پێتان دەگەم. شڤان کلاشنکۆفی پێبوو، لەوانەبوو بەهۆی کلاشینکۆفەکەیەوە بتوانێت ڕێگری لە پێشمەرگەکان بکات. شڤان بەخۆی وتبوو (لەوانەیە هەڤاڵەکانی تریشمان وەکو من بکەن). شڤان بینی کەمێک لەولاوە پێشمەرگەکان بەسەر گەریلایەکەوە کۆبونەتەوە کە لە عەرددا بوو. جلوبەرگەکانیان دادەکەنی. بەگشتی پێشمەرگەکانی پەدەکە جلوبەرگ و سەعات و پێڵاو و شتەکانی تری گەریلایان بە غەنیمەت دەزانی. بەلای ئەوانەوە ئێلەگ، پشتوێن، پێڵاو، قەڵەم، سەعات و رادیۆی گەریلا غەنیمەتە. بێشک گەورەترین غەنیمەتی پێشمەرگەکانی پەدەکە چەک و مەخزەن بوون. کاتێک ئەم غەنیمەتانەیان لە گەریلا مستەفا عەفرینی نەدۆزییەوە، ئیتر دەستیانکرد بە گەڕان بۆ غەنیمەتی تر.
دەلیل و ئەو هەڤاڵانەی لە دواوەبوون و دەیانویست خۆیان بگەهێننە هەڤاڵەکانی تریان، دەلیل بینی کە سەرهەڵدان سێمرت بەرەو روویان دێت. چەکی پێبوو.سەرهەڵدان وتی: پێشیان گیراوە. ئەمە مانای وابوو چواردەوریان گیراوە. دەلیل پرسی (ئێستا چیبکەین؟)، دەنیز درکی بە ترس و شڵەژاوی ئەم ڕەوشەی هەڤاڵەکانی کردبوو. سەرهەڵدان پێیانیوتبوو (کارێکی باش نییە هەرسێکمان بەیەکەوە بین)، ئەگەر جیاببونایەتەوە و هەریەکەیان لە شوێنێک خۆی بشاردایەتەوە، باشتر بوو. پێیانوابوو پێشمەرگەکان لەم ناوچەیە زۆر نامێننەوە و لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا پاشەکشێ دەکەن. سەرهەڵدان وتی: (دەلیل هەڤاڵ سەنگەر بگرێت و بمێنێتەوە، دەنیزیش بچێتە خوارەوە و خۆیشم بەختم تاقیدەکەمەوە و بەرەو سەرو هەڵدەگژێم). ئەم قسانەی سەرهەڵدان لۆژیکییانەبوو، پێویست بوو باوەڕ بە ئەزمونەکەی بکرایە، ماوەی ٥ساڵ ئەزمونی گەریلایەتی هەبوو. زۆرجار توشی ناڕەحەتی ببوو، هەروەها بەسەر نەهامەتییەکاندا زاڵ ببوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەڕاستیدا دەلیل پۆرسپی کێشەی ئەزموونی نەبوو، تەمەنێکی زۆری ٤٠ساڵەی لەناو سوپای سوریا وەک ئەفسەر بەسەربردبوو. ماوەی ٢ساڵیش بوو گەریلا بوو، سەرەڕای ئەو ئەزموونی سەربازییە و قەنناسەکەی دەستیشی، بەڵام لەگەڵ تەقانی یەکەم فیشەکدا شڵەژابوو.

جیابونەوەیان لەیەکتری بەمانای ئەوە دەهات هەریەکەیان شانسێکی جیاوازیان هەیە بۆ ژیان. زستان بوو، رۆژگاریش کورت بوو. ئەگەر بیانتوانایە هەتا ئێوارە خۆیان بشاردایەتەوە، دەیانتوانی بۆ گەیشتنەوە بۆلای هەڤاڵەکانیان رێگە چارەیەک بدۆزنەوە. دەنیز سەرەڕای ئەوەی بێ چەک بوو، چووە ناو ئاوەکەوە. لەناکاو لە شوێنێکدا گابەردی لە کەنارەکە بینی کە دەیتوانی لەوێدا خۆی حەشاربدات، بەڵام لەناکاو بینی پێشمەرگەکان لەهەمبەریدا سەنگەریان گرت، بەڵام هێشتا پێشمەرگەکان ئەمیان نەبینیبوو، هەربۆیە نەیدەتوانی لە شوێنەکەی خۆیەوە جوڵە بکات. بچوکترین هەڵە دەبووەوە هۆی مردنی. لەوبەری لۆلانەوە، چەمێک هەبوو کەبەقەد چیای شەکیف دەهاتە خوارەوە، ئەو بەفرانەی لە بەهاردا دەتوانەوە و ئاوی بارانیش دەڕژانە ئەم چەمەوە و ئاوێکی بەخوڕی دەرووستدەکرد. ئایا ئەگەر بیتوانایە خۆی بگەهێندایەتە ئەوێ کارێکی چۆن بوو؟. دەیویست ئەمە تاقی بکاتەوە. دەیویست بە دیقەتەوە لەو پێشمەرگانە بڕوانێت کەلەو بەرەوە سەنگەریان گرتبوو. لەحاڵەتی تەماشاکردنی ئەوان بۆ شوێنێکی تر دەرفەت بهێنێت و زۆر بە ووریایانە بچێتە ئەوبەری ئاوەکەوە و خۆی بگەهێنێتە چەمەکە، بەڵام خۆزگە ئەمەی نەکردایە. شوێنەکەی بۆ کەشف بوون زۆر ئاسان بوو، پێشمەرگەکان بەرامبەری بوون. هەموویان لە شوێنێکی تریان دەڕوانی. بیریکردەوە ئەگەر چەکی پێبوایە دەیتوانی بە ئاسانی ئەو ٤ پێشمەرگەیە بکوژێت. تەماشایەکی پێشمەگەکانی کرد. ئەو شوێنەی لێوەی هاتبوو تەختایی بوو کە بەفر تەنیبووی. بەبێ ئەوەی درکی پێبکرێت دەبوایە بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی کە خۆی لێحەشاردابوو، بەڵام نەیدەتوانی بچێتەوە شوێنەکەی خۆی، پێشمەرگەکان لەسەر ئەو بەردانەی بەفر داپۆشیبوون سەنگەریان گرتبوو. لێرەدا هەموو شتێکی بەباشی دەبینی. ٥٠٠مەترێک لەخوارەوە پێشمەرگەکان تەقەیان لەلای ئاوەکە دەکرد و هاواریان دەکرد و جوێنیاندەدا. دوایی بینی لەسەر هێسترێک گەریلایەکیان لەسەر دەم داناوەو دەستەکانی لەگەڵ قاچەکانی بەملاونەولادا شۆڕببووەوە و بەرەو ئەو شوێنە دەچوون کە ماشێنەکانیانی لێ بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو بێشک بوو لەوەی لەو هەڤاڵانەیان داوە کە وەک خۆی بێچەک بوون. نەیدەزانی دەستیان لە چەند هەڤاڵ وەشاندووە. کاتژمێر دەوروبەری ١١بوو، ماوەی ٢کاتژمێر دەبوو خۆی حەشاردابوو. سەرهەڵدان وتبووی {پێشمەرگەکان لەماوەی چەند کاتژمێرێک دەکشێنەوە}، بەڵام دوای ئەوەی کاتێکی زۆریش تێپەڕی بوو هێشتا نەکشابونەوە. کەمێک لە سەرویەوە گوێی لە خرتەخورتی بەفر بوو، بەگوێرەی دەنگەکان بێت دوو کەسێک ڕێیان دەکرد، لە نێوان خۆیاندا قسەیاندەکرد. زۆر بێخەمانە هەڵسوکەوتیان دەکرد، چوار پێشمەرگە لە بەرامبەری بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد. دەنیز لەبەرئەوەی کوردی نەدەزانی نەیدەزانی باسی چیدەکەن. ئەو پێیوابوو لەوانەیە باسی شوێنەکەی ئەم بکەن. لە دڵی خۆیدا وتی: (کەواتە هەتا ئێرەبوو)، لەناکاو بیری لە ئۆزان کردەوە. ئەفرەتی دەکرد لەخۆی کە رووماندەی پێنییە. ئەگەر روومانەی پێبوایە هەرهیچ نەبێت لەگەڵ خۆیدا چەند پێشمەرگەیەکیشی دەکوشت. بەمشێوەیە ئەو بەڵێنەی بەجێدەهێنا کە بەسەرۆکی دابوو. بە سەرۆک ئاپۆی وتبوو (من بە ئاسانی نامرم)، بەڵام ئێستا نەک نەیدەتوانی بە ئاسانی نەمرێت کەچی ناشتوانێت جوڵەیش بکات.

ئەوانەی لە سەروویانەوە دەنگی پێیان دەهات، ئەمیان تێپەڕاند و هەروەها ئەو چوار پێشمەرگەیەی بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد ئەوانیش بەڕێکەوتن. کەواتە هێشتا درکیان بەم نەکردووە. هەناسەیەکی ئاسودەی هەڵمژی. ئەوەی دەیبینی ئەوەبوو پێشمەرگەکان دەیانویست لە چواردەوری ماشێنەکانیان خڕببنەوە. لەوە دەچوو پاشەکشێ بکەن. کاتژمێر ببوو بە ١٢، لەوانەیە پێشبینییەکەی سەرهەڵدان راست بوبێت. ئەگەر ٤پێشمەرگەکەی بەردەمی ئەگەر ئەوانیش بەباشی دووربکەوتنایەتەوە شتێکی باشە. لە ترسی ئەوان نەیدەتوانی جوڵە بکات. بەفرەکانی چواردەوری بەتەواوەتی تینی سەرمایان بۆهێنابوو. ئەگەر کەمێکی تر دانی بەخۆیدا بگرتایە هەموو شتێک تەواوبوو. بەڵێ پێشمەرگەکان پاشەکشێیان دەکرد، ئەو چاودێری پاشەکشێکەی دەکرد و بەمەیش بەختەوەربوو.

بەختەوەرییەکەی زۆری نەخایاند. لە پشتییەوەی گوێی لە هاواربوو، لەو شوێنەی لێی پاڵکەوتبوو سەری بەرزکردەوە و لەناکاو بینی سێ لوولەی تفەنگ بەسەر سەرییەوەیەن. سەرەڕای ئەوەی خەوی لێنکەوتبوو، وەکو ئەوەی خەوێکی ناخۆش و دێوزمەی بینیبێت وابوو، بەڵام هێشتا هەناسەی دەدا. کەوتە هەناسەبڕکێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەکو هەموو دیلێک بەلایەکدا درێژ ببوو. ئەو دیلەی تر کە لە بەردەمی دایاننا قاچی لەبەردەم لووتی بوو، قاچی ئەویش لەسەر گەردنی هەڤاڵەکەی بوو. دەستەکانی کەلە پشتملی بوون، سڕ ببوون. جەستەیشی لەسەر بەفرە ساردەکەبوو. ئەم دیلییەی پێنەنگ بوو، بەڵام جگە لە قەبوڵکردن چارەی تری نەبوو. ئەم بێ چەکییەی پێهەزم نەدەکرا. ئەگەر چەکی پێبوایە یان هەر هیچ نەبوایە رووماتەیەکی پێبوایە ئەم چارەنوسەی پێنەدەبڕا. وەکو ئێستا لەسەردەم پاڵیان نەدەخست، پێشمەرگە بە گشتی زۆر لە رووماتە دەترسن، ئەگەر رووماتەیان ببینیایە لێی هەڵدەهاتن.

باشە ئێستا ئەم بێ چارەییە و ئەم رووتکردنەوەی وەکو کەروێشێک کەوتووە بندەستی پێشمەرگەکان و دیل بووە هەموو ئەمانە چۆن باسی بۆ سەرۆک ئاپۆکەی بکات؟. ئەو هێشتا ئەو بەڵێنەی لەیادبوو کەلە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی بە سەرۆک ئاپۆی دابوو. لەم دوا رۆژانە ئەمانەی دووبارە دەکردەوە. ئەو تازەبەتازە ئەو شتانەی لە مێشکی خۆیدا دەهێنا و دەبرد. ئەو ئەوکاتانەی یادی سەرۆک ئاپۆکەی دەکردەوە و قسەکانی دەهێنایەوە بیری خۆی، ئاسودە دەبوو. هەرکاتێک بێ حەوسەڵە دەبوو، ئەو قسانەی دەهێنایەوە یادی خۆی. بەڵێ جارێکی تر خۆی لە بەرامبەر سەرۆک ئاپۆکەی بینییەوە!، (هەڤاڵە تورکمانەکە، لە گوندەکەی ئێوە تۆ تەنیا کەسی کە بەشداری ناو پەکەکەت کردووە، ئەمە بەشداربونێکی زۆر گرنگ و زۆر پیرۆزە، تۆ دەتەوێت ببیت بە گەریلا و تێبکۆشیت و بجەنگێیت، زۆر باشە. دەتنێرین بۆسەر چیاکان، بەڵام بەمەرجێک، نابێت مردنێکی هاکەزایی بۆخۆت هەڵبژێریت، مردنێکی سادە و بێ کاریگەر شایستەی تۆ نییە. دەتوانیت لەمبارییەوە بەڵێن بدەیت؟)، (بەڵێن بێت سەروک). (بەڵێن بێت؟)، (بەڵێن بێت سەرۆک)، (بەڵێن بێت؟)، (بەڵین بێت سەرۆک)، (باشە، کەواتە منیش بەڵێن بەتۆ دەدەم، هەرکاتێک کوردستانمان رزگارکرد تۆ یەکەم کەس دەبیت لەگەڵ مندا بیت، هەربۆیە دەبێت خاوەن بڕیاری خۆت بیت هەتا ئەوکاتە دێت دەبێت نەمریت، باشە؟)، (بەڵێن بێت سەرۆک بەخێرایی نامرم)، (نابێت زوو بمریت).

کاتێک بیری لەو دیالۆگە دەکردەوە، قینی زیاد دەبوو، کاتێک لە سەرۆک ئاپۆ جیاببونەوە تەوقەی لەگەڵ یەکبەیەکیان کردبوو، هیوای سەرکەوتنیانی بۆخواستبوو. پێیانیوتبوو (سەرکەوتن)، قینی لەخۆی دەبووەوە و بەخۆی دەوت (من شایستەی ئەو بەڵێنە نەبووم)، لە هزریدا دوو یادگاری زەنگیان لێدەدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوەی بەسەری هاتبوو وەکو ئەوەی چاوەڕێی دەکرد نەبوو، ئەوەیشی چاوەڕێی لێدەکرد وەکو ئێستای نەبوو. سەرۆک ئاپۆ باوەشی پێداکردبوون و هەتا چوونی شوێنی رۆیشتنیان لەگەڵیان هاتبوو، سواری ماشێنەکەی کردبوون. لەدوای رۆیشتنی ماشێنەکەیش بەدەست ماڵئاوایی لێکردبوون و هاواریلێکردبوون (ئاگاتان لەخۆتان بێت، نامەوێت لەبارەتانەوە هەواڵی ناخۆش ببیستم، چاوەڕێی سەرکەوتنتانم). ئەوکاتە ئەم گۆڕانکارییە و ئەم جۆشوخرۆشیانە ئەویان ئاسودە کردبوو، ئێستایش بە پێچەوانەی ئەو یادگارییانەی لەناو دیلێتی و ئەهامەتیدا ئاخی هەڵدەکێشا. ماڵئاواییەکەی سەرۆک ئاپۆیان تەنهاوتەنها بە وتنەوەی (بژی سەرۆک ئاپۆ)، وەڵام دابووەوە. سەرۆک چاوەڕێی کاری زیاتری لە گەنجەکان دەکرد. بەڵێنی سەرکەوتنیان بە سەرۆکەکەیان دابوو.

دەنیز قەناعەتی بەخۆی هێنابوو کە نەیتوانیوە ئەوەی چاوەڕوانی لێدەکرا بیهێنێتەدی. دانی بەخۆیدا نەدەگرت و بە دزییەوە دەگریا. کاتێک نزگرەی دەدا، جودی چاوی پێوەبوو. دەنیز سەری بەرزکردەوە و تەماشایەکی چواردەورەکەی کرد. ئێشکگر پشتی ئابوو بە دەرگاکەوە و جگەرەی دەکێشا، قاوش بێدەنگ بوو. ئێشکگرەکە درکیکرد یەکێک دەگری.

دەنیز هەرچەندە لەگەڵ گریاندا رانەهاتبوو، بەڵام درکی کرد بەم گریانە کەمێک ئاسودە بووە. باشە ئەم گریانە لە کوێوە سەری هەڵدا؟، ئەوکاتەی چوبووەسەر چیا سەرکەشەکان باڵەکانی بۆ ئازادی کردبووەوە. ئەوکاتە لەسەر چیا سەرکەشەکانەوە بەخۆی وتبوو (بەڵێ ئەمە ئازادییە و ئازادی بەمشێوەیەیە، هەرلەخۆڕایی بەم بەرزاییانەیان نەوتووە شوێنی خوداکان)، ئەوکاتە خۆی زۆر بە بەهێز و بەتوانا بینی بوو، کەواتە ئازادی بەمانای ئەوەدێت هەرچواردەوری خۆی ببینیت. دیل بوون بەمانای تەنگکردنەوەی هەرچوارلایە و کوێربونەوەیە، لاوازییە.

ئەو درکی بەو لاوازییە دەکرد، هەربۆیە دەگریا. ئەمەیشی بە کەم ئەزمونیشەوە گرێدەدا. هەر کە پەکەکەی ناسی و پەسەندی کردبوو، بوون بە گەریلایشی هەموو ئەمانە لە نێوان دوو ساڵدا هاتبوونە ئاراوە. دوو ساڵ لەمەوبەر کەلە خەلفەتی سەر بە شاری ئورفە دەژیا، هێشتا پەکەکەی نەناسی بوو. لە گوندەکەیان و چواردەوریشیان کەسانێکی زۆرهەبوون پەکەکەیان دەناسی، بەڵام کەس باسی پەکەکەیان بۆئەم نەکردبوو. ئەوکاتەی تەمەنی ١٧ساڵ بوو، دەچێت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ ئیستەنبوڵ بۆکار و لەوێدا بە روونی جوداخوازی نێوان رەگەزەکان دەبینێت. ئەمەیش دەبێتە هۆکار کە بیر لە هەندێک شت بکاتەوە. دوایی دەچێت بۆ ئەوروپا، دوای ماوەیەک بڕیار دەدات بەشداری ناو پەکەکە بکات. هەرچەندە باوکی پێیوتبوو (ئەگەر بچیتە ناو پەکەکەوە لە ئەولادی دەرت دەکەم)، بەڵام گوێی نەدابوو بە هەڕەشەکەی باوکی.

بۆئەوەی ئەم بەشداربونەی خۆی پیرۆز بکات، لە رۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٩٦ ببوو بە پەکەکە. دوای ئەوەی مانگ و نیوێک لە ئەوروپا پەروەردەی سیاسی دەبینێت، راستەوخۆ دەچێت بۆ شام. دوای ئەوەی لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی خولی پەروەردە دەبینێت و پەیمان بە سەرۆک ئاپۆ دەدات، دەگاتە سەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان. لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦ دەبێت بە گەریلا و لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ بەدیلی دەگیردرێت. بێشک لەو ماوەدا بەشداری چەندین شەڕ و پێکدادانی کردووە و چەندینجار کەوتووتە بۆسەوە و رووبەڕووی مەرگ بووەتەوە و بێ ئاو و نان ماوەتەوە و زۆرجاریش گوێی لە ئاخونۆفی هەڤاڵە برینداار و قاچ پەڕیوەکانی بووە و هەموونەمانە نە ببوونە هۆی ئەوەی فرمێسک لە چاوەکانی ببارێنێت. ئەی باشە ئێستا بۆچی دەگری؟، بێشک بۆخۆی دەگری. بەخۆی دەوت (بۆچی دەگریت، ئەوە ماوەی ٢ساڵە تەنها فێری ئەمە بیت؟، ئەی کوا دەتوت لەئاستی رووداوەکان هەستیار نابیت؟، ئەمە هەستیاری نییە، بێ چارەییە).

بورهان وتی: (دەست بکەن بە ئۆپەراسیۆنی کوشتنی کێچ و ئەسپێ)، بەڵام دەنیز گوێی لەم قسەیە نەبوو. بەسەر سوڕمانییەوە لە ئۆپەراسیۆنی کێچ و ئەسپێی دەڕوانی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٩

# یەکەم لێپرسینەوە

جودی دوای سەرژمێری بەیانیان، چوو لەپەنای دەنیز دانیشت. نیازی ئەوەی هەبوو کەمێک لەگەڵیدا بدوێت و دڵی بداتەوە. دەنیز پێوەی دیاربوو لەگەڵ ئەو کەسەی ناوی چەکدار بوو کەلە پەنایەوەبوو بەختەوەر نەبوو. بێ حەوسەڵەیە و بێتاقەتیشی پێوەدیاربوو. چاوەکانی تەنها بێ خەو نەبوون، بەڵکو شەو زۆرگریابوو. جودی بە دەم خەندەوە هەواڵی ڕەوشی دەنیزی پرسی و دوایش باسی ئۆپەراسیۆنی کێچ و ئەسپێیکرد. ئەوانەی تازە هاتبوون ئەگەر بانیۆیان بکردایە و قژ و ریشیان تەراش بکردایە شتێکی باش بوو. کاتێک ئەم شتانەی بۆ دەنیز باسدەکرد دڵنیا نەبوو لەوەی ئایا گوێی بۆگرتووە یاننا. جودی بە هیوای ئەوەی کە چەکداریش شتێک لە قسەکانی حاڵی بوبێت، بەردەوامیدا بە قسەکانی، کاتێک کەمێک بێدەنگ بوو، لەناکاو دەنیز کەوتە قسە، وتی: (ئەم ناکەسبەچانەیەش لەگەڵ ئێمەدا دەمێننەوە؟)، (هەڤاڵ کامە ناکەسبەچانە؟)، (مەبەستم دەلیل، سەرهەڵدان، شڤان و کامەرانە)، جودی نەیزانی چۆن وەڵامی دەنیز بداتەوە. هێشتا زووبوو لەبارەی ئەم مژارانەوە قسە بکرێت. دەنیز چاوی بە قاوشەکەدا بۆ مەحمود گێڕا، مەحمود لەگەڵ مام خدر سەرقاڵی جگەرە پێچینەوەبوو. مەحمود کە سەری هەڵبڕی چاوی بە دەنیز کەوت. بە نیشارەت پێیوت بێت بۆلایان. کە مەحمود هات، جودی بە نیشارەتی سەری بە هەڤاڵانی وت هەڤاڵ دەنیز مەسەلەیەکی هەیە.

دەنیز وتی: (دەلیل، سەرهەڵدان، شڤان و کامەران خیانەتیان کرد، ناگونجێت لەگەڵ ئێمەدا بمێننەوە!)، دەنیز بەڕاشکاوی قسەی خۆی کرد. مەحمود لە جودی ڕوانی و بە تێڕوانینەکانی پێیوت (بۆچی ئەوەندە بە پەلەیە؟). مەحمود لە دەنیز وورد بووەوە، تەماشای قژە تێکەڵو پێکەڵەکەی و ریشە درێژەکەی کرد و لەو چاوانەی ڕوانی کە خوێنیان لێدەباری. لە چاوەکانی دەنیز قوڵایی و ماندویی و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بێ خەوی و بێ حزوری و ئەندێشەی بەدیکرد. جودی ویستی بڵێت (هەڤاڵ کەمێک ئیسراحەت بکە و دوایی باسی ئەم مەسەلانە دەکەین)، بەڵام مەحمود وتی: (هەڤاڵ لەسەرەتاوە باسی مەسەلەکەمان بۆبکە).
دەنیز زۆر بە خێرایی لەناو مێشکی خۆیدا ووردەکاری ئۆپەراسیۆنەکەی هێنایەوە بەرچاوی خۆی. ۱۵ هەڤاڵیان بۆ هێنانی ئازوقە بەڕێکەوتن، باسی لەو بۆسەیەکرد کە دەمەوبەیان تێیکەوتبوون، باسی ئەویکرد کە ۳کاتژمێر لەناو بەفردا لە نێوان بەردەکاندا لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووە کە پێشمەرگەکان ئەوێ چۆڵبکەن، کە ئەمەیش ئومێدی گەورەی ئەو بووە. دەنیز وتی: (ئۆپەراسیۆنەکە تەواوببوو، سەرقاڵی پاشەکشێ بوون، کە بەخۆمم وت ئیتر رزگارم بووە، دواجار ویستم کۆنترۆڵی چواردەوری خۆم بکەم، لەناکاو هێرشیان بۆهێنام). ئەو پێیوابوو پێشمەرگەکان لێیدەدەن، بەڵام پێشمەرگەکان لەجیاتی لێدان، ئێلەگ و سەعات و ئەوەی پێیبووە لە گیرفانی لێیان سەندووە. ئەوکاتە نەیزانیوە چیبکات. ئەو شڵەژاوبووە و پێشمەرگەکانیش نەیانزانیوە چیبکەن. دەنیز دەڵێت بەردەوام پێشمەرگەکان پرسیاری شتێکیان دەکرد. لەوەدەچوو پرسیاری شوێنی هەڤاڵەکانیان لێکردبێت. ئەگەر بیانکوشتایەیش لەمبارەیەوە هیچی نەدەوت. پێشمەرگەیەک پشتملی گرتبوو لەهەمانکاتدا بەسەریدا دەینەڕاند. دەنیز دەیزانی پرسیاری چەک و مەخزەنەکانی دەکەن. بەخۆی دەوت ئەگەر چەکم پێبوایە دەتانتوانی بەمشێوەیە منتان بگرتایە. ئەگەر کوردییەکی باشی بزانیایە زۆر بەشێوەیەکی ئازایانە ئەو قسانەی پێدەوتن. بێ چەکی و بێ زمانی هەردووکیان یەخەی دەنیزیان گرتبوو. تەنها پێیانیوتبوو کوردی نازانم، هەربۆیە پێشمەرگەکان چەک و مەخزەنیان نیشاندابوو کە چەک و مەخزەن و فیشەکەکانی لەکوێن، ئەویش بە ئیشارەت پێیوتبوون هیچیانی نییە.
مەحمود وتی: (لەوانەیە بزانن، پێشمەرگەکانی پەدەکە بۆئەوەی شەڕوپێکدادانەکان بوروژێنن و داهات بەدەست بخەن، بۆ کوشتنی هەر گەریلایەک خەڵاتیان داناوە، ئەگەر گەریلایەکیان بکوشتایە یان بە دیلی بگرتایە دووقات موچەیان وەردەگرت، هەرچییەکیش لە گەریلایان بگرتایە غەنیمەتی ئەوان بوو، کارێکی ئابڕووبەرانە و راوڕوتکەربوون، هەربۆیە پێشمەرگەکان بۆ بەدەست خستنی داهات ئەوەی لەدەستیان بهاتایە دەیانکرد).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاتێک مەحمود ئەم قسانەی کرد، ئینجا دەنیز لە مەسەلەکان حاڵی دەبوو. دەنیز دوای ئەم قسانەی کەوتەوە یادی کە دوای شەهید بوونی هەڤاڵەکەی چۆن چوونەتە سەری و هەرچی پێبووە وەکو فەروود تاڵانیانکردووە و هیچیان بە بەرییەوەی نەهێشتووە. باسی ئەوەیشی کرد ئەو هەڤاڵە مستەفا عەفرینی بووە. کاتێک گەریلاکان بەدوای دۆزی ئازادی بەم چیاو دۆڵ و ناڕەحەتی و بێ نان وئاو دێوانە ببوون، کەچی پێشمەرگەکانی پەدەکە بەدوای پێڵاو و سەعات و چەک و مەخزەنەوە بوون، ببون بە راوچی تاڵانی و بەدوای گەریلاکانەوە بوون. مێشکە ماندووەکەی پێیوت، ئێستا کاتی ئەم مەسەلانە نییە، باس لەوە بکە ئەی ئایا رادەستی دەوڵەتی تورکت بکەنەوە چیدەبێت؟!. زیاد لە مردن ترسی ئەو ئەوەبوو. ئەوە شتێکی نهێنی نەبوو کە پەدەکە لەهەمبەر پارە گەریلای رادەستی دەوڵەتی تورک دەکردەوە. لەحاڵەتی رادەستکردنەوەیدا بە تورکیا بیری لە کاردانەوەی دایک، باوک، خوشک، برا و کەسوکار و دۆستەکانی دەکردەوە. دایکی لەهەمبەر ئەم کارەساتە دەگریا و دەیلاواندەوە. بێشک براکانی سەرقاڵی دەبوون. لە گوندەکەیان دوو کەس بەشداری ناو شۆڕش ببوون و ئەمکارەیش بەسەر گەنجەکانی تردا رەوشێکی نەگەتیڤانەی دروستدەکرد. باوکیشی شێتوهار دەبوو، ئەو کە ببوو بە گەریلا گوێی لە باوکی نەگرتبوو ئێستایش باوکی لەهەمبەریدا بێدەنگ نەدەبوو. باوکی ئەوی ناردبوو بۆ ئەڵمانیا بۆ کاسبی، پێیوتبوو (لەناو منداڵەکانمدا تۆ ژیرترینیانیت، مەبە بە گەریلا، ئەگەر ببیت بە گەریلا حاشات لێدەکەم). بەڵام ئەم بەدوای دۆزی کورددا قسەی باوکی شکاندبوو، ئێستایش بە دیلی گەڕاوەتەوە لای باوکی. ئەگەر رادەستی تورکیایان بکردایەتەوە بە دڵنیاییەوە باوکی بەتایبەتی دەچوو تفێک بکاتە دەموچاوی. لەجیاتی رووبەڕووی شتێکی وابیبێتەوە مردن باشتربوو.

دەنیز بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی، پێشمەرگەکان قۆڵیان گرتبوو هەتا سەر نەوگردەی ماشێنەکانی لێبوو بەلکێشیان کردبوو. نزیکەی هەزار پێشمەرگەی بینی بوو. بۆ پاشەکشێکردن گردببونەوە. دەنیزیان بردبوو بۆلای فەرماندەکەیان. بەژنی دەنیز مەترێک و ٩٠ سانتیم بوو، بەڵام فەرماندەکەی پێشمەرگەکان مەترێک و ٩٧ سانتیم بووە، دەنیز لەچاو ئەو هێشتا باڵاکورت مابووەوە. فەرماندەکە کیلۆکەیشی بە قەد بەژنی بووە. دەستی چەپی فەرماندەکە هەتا مەچەکی بڕابووەوە. جودی پێیوت (ئەو فەرماندەیەی تۆ باسی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەکەیت ناوی حەمیدە، ئەو فەرماندەی پێشمەرگەکانی دیانەیە، دەستی چەپی لە شەڕێکی دژ بە سەدام لەدەستداوە، ئێستایش دەستە راستی دژ بەوانە بەکاری دەهێنێت کە دژ بە زوڵم دەجەنگن).

حەمید تەمەنی ٥٠ساڵێک دەبوو، شەپقەیەکی رەش و پاڵتۆیەکی رەشی لەبەردابوو. کە دەنیزی بینی راستەوخۆ پێیوتبوو (تۆ کورد نیت)، دەنیزیش دەڵێت (بەڵێ راستە من تورکمانم)، بە پێشمەرگەکان دەڵێت سواری ماشێنەکەی بکەن. سواری ماشێنەکەی دەکەن کە پێشمەرگەیەکیشی تێدابوو. کاتێک مەسەلە هاتەسەر یەکترناسین لەگەڵ چەکداردا، چەکدار سەری نەویکرد، دەنیز دەیوت ئەوەی لەناو ماشێنەکەدا هەرچەندە جلوبەرگی پێشمەرگەیشی پۆشیبوو، بەڵام لە پێشمەرگە نەدەچوو. دەنیز دەبینێت ئەم پێشمەرگەیە پێڵاوی گەریلای لەپێدایە لەگەڵ شەرواڵی گەریلایەتی. کە ئەم قسەیەی کرد چەکدار شڵەژا. چەکدار وتی: (با نەڵێین شڵەژاوی پێوەدیاربوو، بەڵکو شۆکی دیلبوون بوو، کە هەڤاڵ شیمال لە باوشمدا شەهیدبوو، توشی شۆک ببووم، ئەو بێناموسانە نەدەزانرا چیمانلێدەکەن)، دەنیز وتی: (بەڵێ راستە)، هەردووکیان بە تەنیا لەناو ماشێنەکە دانابوون، دەنیز پێیوت (ئەم بێناموسانە چیدەکەن بابیکەن پێویستە ئەو بەڵێنەی دابومان بە سەرۆک ئاپۆ لەبیری نەکەین و پێویستە تەسلیمییەت قەبوڵ نەکەین).چەکدار ئەم قسەیە قەبوڵ دەکات، پێیدەڵێت (هەڤاڵ دەنیز بەو هەڵویستەی نیشانتدا بیروباوەڕ بەمن دەبەخشێت و سەرلەنوێ بە تێکۆشانەوە گرێمدەدات).

ئەم دانپێهێنانەی چەکدار، هەستی دەنیزی بزواند و کەمیمابوو دەستبکات بە گریان. ئەو نەهامەتییە و ماندوبونە و بێخەوییەی چێشتبووی هەستیاری کردبوو، زۆر زوو هەست ناسک دەبووەوە. ئەوکاتەی هەردووکیان لەناو ماشێنەکەدابوون، یەکێکی تریان هێنا، کە لەناو بەتانی پێچابویانەوە. برینداربوو، بەو شێوەیە لەناو ماشێنەکە دایاننا. بەهۆی نوزانەکەیەوە هەستی پێدەکرا کە گەریلایەکی کچە. کە شۆفێرەکە پرسیاری ناوەکەی کرد، زانرا ناوی زەینەبە. خانەوادەی ئەم زەینەبە، لە چۆلەمێرگەوە کۆچیان کردبوو بۆ وان و ئەندامی عەشیرەتی مامخوران بوو. وەکو خۆی گێڕایەوە، کە کەوتینە ناو بۆسەوە، لەگەڵ بیستنی دەنگی یەکەم تەقەدا خۆمکردە ناو ناوی لۆلانەوە و لەوێ چاومکەوت بەچاوی هەڤاڵ شیمال و زەینەب، هەرسێکمان بێچەک بووین. لەناو ناوەکە ویستم بەو شوێنەدا بگەڕێمەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

كە لێوەیهاتبووم. هەڤاڵ زەینەب لە پێشەوە و شیمال لە ناوەڕاست و منیش لەدواوەبووم. كەمێک ڕێمانكرد لەناكاو تەقەیان لێكردین. فیشەكەكان بوون بە هۆكار كە هەڤاڵ شیمال خۆی بدات بەسەرمدا. هەوڵمدا نەكەوێت. كاتێک بەسەرمدا كەوت، لەسەرپشت كەوتمە ئاوەكەوە.

چەكدار دەیویست لەبارەی خۆیەوە قسەبكات، بەڵام قوڕگی گیرابوو، قسەی پێنەدەكرا. دەنیز پێیوابوو شیمال شەهیدبووە، كاتێكیش پێیوابوو خەریكە خۆیشی دەخنكێت، بەڵام بینی پێشمەرگەكان بە چەكەوە لەبان سەری ڕاوەستان و زەینەبیشیان پێیە. نەیاندەویست یارمەتی بدەن، تەنانەت پێشمەرگەكان هێشتا خۆیان بە دەنیز نەناساندبوو. سەرەڕای ئەوەی دەیزانی دوو هەڤاڵی بەدەستی دوژمنەوەن، بەڵام جگە لە خەفەتخواردن هیچی لەدەست نەدەهات. پێشمەرگە شۆفێرەكەیش بەردەوام قسەی دەكرد. بە زەینەبی دەوت بێخەم بە ڕزگارت دەبێت. دەیوت گوایە لە چۆلەمێرگ ناسیاوی هەیە و هەواڵی زەینەب دەگەهێننە كەسوكاری. شۆفێرەكە دەیوت خەستەخانە و دكتۆری لای خۆیان باشن. شۆفێرەكە دەیویست دڵنیبداتەوە، بەڵام لەپاش چی كە دیلە.

چەكدار وتی: (بەڕاستی شۆفێرەكە چەنەباز بوو)، ئەوەی لەپەنای شۆفێرەكە دانیشتبوو هیچ قسەی نەدەكرد. كە لە پاڵ شۆفێرەكە دانیشت، قەمسەڵە و بێرییەكەی خۆی بۆ دەنیز درێژكرد، بەڵام دەنیز قەبوڵی نەكرد. لە ڕێی وەرگێڕانی چەكدارەوە دەنیز حاڵی بوو پێشمەرگە پێیدەوت، هەتا لە خاڵی پشكنینی جەندرمە توركەكان تێدەپەڕین، بۆئەوەی نەزانن گەریلایت دەبێت ئەو قەمسەڵەیە لەبەركەیت و ئەو بێرییەیش لەسەر بكەیت. بەمشێوەیە دەنیز قەناعەتی هێنا و قەمسەڵە و بێرییەكەی وەرگرت. پاشان شۆفێرەكە جگەرەی بۆ درێژكرد، بەڵام دەنیز لەوكاتەوەی لە ئەوروپاوە چوبوو بۆ گۆڕەپانی سەرۆكایەتی وازی لە جگەرەكێشان هێنابوو.

بۆئەوەی لە خاڵی پشكنینی جەندرمەكان ڕزگاریان ببێت و بۆئەوەی حیسابی پێشمەرگەیان بۆبكرێت، جگەرەكێشان مەرجی سەرەكی بوو، هەروەها پێشمەرگەكە پێیانیوتبوو كە گەیشتینە پرسگەی جەندرمەكان هەرچی پرسیارێكیان كرد دەبێت بەهیچ شێوەیەک وەڵام نەدەنەوە تەنها شۆفێرەكە قسەیان لەگەڵ دەكات. دوای ساڵ و نیوێک بوو یەكەمجاری بوو جگەرە بكێشێت كە تامێكی زۆر ناخۆشی هەبوو لە دەمیدا. دوای ماوەیەک گەیشتنە پرسگەی جەندرمەكان و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگە ڕۆڵی خۆی گێڕا. پێشمەرگەکە بە جەندرمەکانی وت (سێ پێشمەرگەمان بریندارن کە یەکێکیان برینەکەی سەختە و پێویستە بە زووترین کات بیانگەهێنینە خستەخانە)، فەرماندەی جەندرمەکان کە کەسێکی چاو شین بوو، دوای ئەوەی لە پەنجەرەکەوە سەری بردە ژوورەوە و تەماشایەکی ناو ماشێنەکەی کرد، ئینجا وتی: (بڕۆن)، ئەوانیش لەناو ماشێنەکە هەناسەیەکی ئاسودەیان هەڵمژی.

چەکدار لەبارەی شۆفێرەکەوە وتی: (کابرایەکی سەیر بوو)، کاتێک کۆپتەرە کۆبراکانی بینی چوون بۆ لێدانی سەنگەرەکانی گەریلا، کابرای شۆفێر وتی: (ئەوانەی ئەم کۆبرایانەیان هێناوە بۆئێرە، ئەوەندەی ئەمانە بێشەرەفە)و جوێنی دەدا بە بنەماڵەی بارزانی. بە درێژایی ڕێگە وتی: (هەموومان کوردین و براین)، لەسەرڕێگە لە نزیک دوکانێکی سەرڕێی ڕاوەستا و چوو کێک و ئاوی میوەی بۆ گەریلاکان هێنا و دایپێیان. پێیانیوتبوو (شەرم مەکەن وەریگرن، دڵگران مەبن، سبەی هەردولا پێکدێن و ئاشتدەبنەوە و ئێوەیش دەبەینەوە بۆلای هەڤاڵەکانتان)، ڕاستە قسەکانی دڵنەواییبوون، بەڵام ئەم سێ گەریلایە نە کێکەیان خوارد و نە قسەکانیش سکونەتی دڵیانی دابوو.

مەحمود وتی: (ئەمە گەمەیەکی کۆنی پۆلیسیە، واتا پۆلیسی باش و پۆلیسی خراپ، بەگوێرەی خۆی گوایە ڤینی لە دوژمنە). دەنیز بە مەحمودی وت (ئێوەیان برد بۆ سیدەکان)، دوای ئەوەی مەحمود بەڵێی بۆکرد، ئینجا چەکدار باسی ئەوەیکرد کە مانگێک لەمەوبەر لە سیدەکان بوونە. هێزەکانی گەریلا بۆ ئەوەی خەڵکی سڤیل زیانیان بەرنەکەوێت چونکە فڕۆکەی جەنگی بۆردۆمانی دەکرد، بەناچاری پاشەکشێیان کردبوو بۆسەر چیاکان. ئێستایش وەکو گەریلایەکی بریندار دەیانبردەوە بۆ سیدەکان. لە ناوەڕاستی شارۆچکەکەدا، لەسەر ڕێگەکە، پێشمەرگەکانی پەدەکە ئەو خانووەیان وەکو بارەگایەکی کاتی بەکاردەهێنا. شۆفێرەکە لەسەر ڕێنمایەکانی حەمید ئەو دوو گەریلا دیلەی بۆئەوێ دەبرد، هەروەها کچە بریندارە گەریلایەکەشیان دەبرد بۆ نەخۆشخانە. دوای ئەم مەسەلەیە دەنیز و چەکدار ئیتر لەبارەی هەڤاڵەکەیانەوە کە ناوی زەینەب بوو هیچ زانیارییەکیان نەما. شۆفێرە زۆربلێکە ئەوەی پێوتبوون پێویستە دکتۆر بۆ چەکدار بانگبکرێت و ئەم برادەرەیشی کە ناوی دەنیزە تورکمانە. چەکدار وتی: (لەوانەیە هەڤاڵ زەینەب شەهید بوبێت)، دەنیزیش وتی: (مەخابن، لەوانەیە وابێت). لەناکاو هەموویان بێدەنگ بوون، مەحمود جگەرەیەکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێچایەوە و دایبە چەکدار، بۆخۆیشی سەرقاڵی جگەرە پێچینەوەبوو. دەنیز چاوێکی بە قاوشەکەدا گێڕا. هەندێک لە زیندانییەکان پشتیان بە دیوارەکەوە نابوو، بێدەنگانە و قوروقپ دانیشتبوون. چەند کەسێکیش لە دەوروبەری یەک کۆببونەوە و بە فسکەفسک لەنێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد. هەندێکیان سەرقاڵی یاری شەترەنج و دۆمینەبوون. چەند کەسێکیش لە پەنجەرەکەوە لە ساحەکە و چیای ئاکرێیان دەڕوانی و ئاخیان بۆهەڵدەکێشا.

چەکدار وتی: (ئێمەیان لە ژوورێکی چۆڵ دانا و زۆپەیەکی تیابوو، دایانگیرساند و دوایش ڕۆیشتن. لە ژوورەکە حەسیرێکی لایلۆن ئاسا ڕاخرابوو. ساڵنامەکەی دیوارەکە ئیشاراتی مانگی کانوونی یەکەمی پێوەبوو. ساڵی پار بەشێوەیەکی ئازادانە لەسەر چیاکان بووم، ئێستا دیلم. دوای ماوەیەک دکتۆرێکیان هێنا بەخۆی و جانتاکەیەوە. هێنابویان تەماشای برینەکەم بکات. فیشەکێک لە سەرشانمی دابوو. دەمتوانی دەست و پەنجەکانم بجوڵێنم، چونکو ئێسکەکانم زیانیان بەرنەکەوتبوو. دکتۆرەکە برینەکەمی پاککردەوە و بەستی و حەبی ئازاری پێدام. دوای ئەوەی دکتۆر هیوای شیفای بۆخواستم، ئەوێی جێهێشت و منیش سەرم کردە سەر ڕانی دەنیز و لەسەر حەسیرەکە خەوم لێکەوت. کە بەئاگا هاتمەوە بینیم دەنیز لە ژوورەکە نییە. زۆر ترسام لەوەی نەبا شەهیدیان کردبێت یان ڕادەستی تورکیایان کردبێتەوە).

دەنیز وتی: (لەکاتی نوستنتدا حاڵەتێکی زۆر منداڵانە و بێ بەزییانەت پێوەدیاربوو، لەکاتی خەوتندا بێ تاوانی و رووحێکی میهرەبانت لێدەباری. کاتێک بانگیانکردم منیش هەمان ئەو دوو گریمانەیەم هاتبەخەیاڵدا. نیگەران بووم. هەریەکەیان لەوی تریان خراپترە. ناچاربووم بڕۆم، زۆر بە شێنەیی و بە ئەسپایی سەرتم بەرز کردەوە و لەسەر حەسیرەکە دامنا و هەڵسام). کاتێک دەنیز لە ژوورەکە دەردەکەن، سواری سەیارەیەکی لاندرۆڤەری دەکەن، لە دڵی خۆیدا دەڵێت دڵنیام بێ یەک و دوو ڕادەستی دەوڵەتی تورکم دەکەنەوە. ماشێنەکە خۆیدەکات بە مەزرەعەیەکدا، پێی وادەبێت لەوانەیە ئێرە دوا مەنزڵیبێت، بەڵام لەناکاو دەلیل پۆرسپی، شڤان حەریری و سەرهەڵدان سێرت دەبینێت، کەچاوی بەوان دەکەوێت دووقاتی دیلییەکەی خۆی خەفەت بۆ ئەمانیش دەخوات. جگە لەم هەڤاڵانەی گەریلایەکی تریش لەوێدا دەبێت، کاتێک دەیبەنە لای ئەو هەڤاڵانەیەوە، دەنیز سڵاویان لێدەکات، بەڵام وەڵامێکیان سەرنجی دەنیزی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

راکێشابوو. فەرماندەیەکی پێشمەرگە کە بە زاراوەی تورکمانی کەرکوک قسەی دەکرد، لە دەنیزی پرسی (ئایا تۆ ئەو ٤ گەریلایە دەناسیت؟)، دەنیز یەکێکیانی یەکەمجاربوو بینیبوو، بەڵام سیانەکەی تر دەلیل، شڤان و سەرهەڵدان بوون ماوەی ساڵێک بوو بەیەکەوە لەناو یەک گرووپدا بوون. هەریەکەیان خاوەن چەند ساڵێکی پڕ ئەزمونی گەریلایەتی بوون، فیداکار و بە ئەمەک و بەرپرسیارێتیشیان هەبووە لەناو گەریلادا. بەیەکەوە بەختەوەر ببوون و بەیەکیشەوە غەمگین ببوون. ئەم هەڤاڵانە ئەو هەڤاڵانەبوون کە دەنیز سوودی لە ئەزمونەکانیان وەرگرتبوو. ئێستایش دەبوایە بەیەکەوە بەسەر ئەم رەوشە نالەبارە زاڵ ببونایە. ئەوەی کە تازەبەتازە دەچێتە ناو پەکەکەوە دوو شتی زۆر گرنگ فێردەبێت، یەکەمیان بەرخۆدان لەئاستی حەقیقەتەکاندا، دووەمیان ئەگەر سەریشت تیابچێت دەبێت نهێنی نەدرکێنێت، ئەمڕۆ ئەو رۆژەیە کە دەبوایە ئەم دوو تێزە بخرێتەبواری ژیانەوە.

بەبێ هیچ سلمینەوەیەک ئەوەی پێوت ئەو گەریلایە ناناسێت. تورکمانە کەرکوکییەکە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، بەڵام وەڵامی دەنیز هیچ نەگۆڕدرا. کەرکوکییەکە جارێکی تر هەمان پرسیاری کردەوە ئایا ئەو گەریلایە دەناسێت یاننا. بەڵێ بەدڵنیاییەوە لە ژیانیدا هیچ کاتێک ئەو کەسەی نەبینیبوو. دەلیل خۆی پێڕانەگیرابوو، کەوتە قسە، وتی: (درۆدەکات)، دەنیز بە سەرسوڕمانەوە لە دەلیل دەڕوانێت و دەیەوێت بزانێت بەنیازی چییە. دەلیل جارێکی تر وتی: (ئەو ئێمە دەناسێت و ئێمەیش ئەو دەناسین)، هەروەها وتبووی (تورکە و خەڵکی شاری مەلاتیایە، لە ئەوروپاوە بەشداری ناو پەکەکەی کردووە، لە شامیش لەلای سەرۆکایەتی بووە، ماوەی ساڵێکە گەریلایە)، دەلیل هەرچییەکی زانیبوو بە فەرماندە تورکمانە کەرکوکییەکەی وتبوو. ئایا ئەمە خەونە؟!، یاخود راستییە؟!، چۆن باوەڕی بەوەبکردایە کە گوێی لێیبوو؟!، ئایا ئێستا ئەو دەلیلە ئەم قسانە دەکات کە سەردەمانێک لەناو سوپای سوریابوو ماڵ و حاڵی خۆی جێهێشت بوو هاتبووە ناو شۆڕشەوە؟، ئایا ئەمە ئەو دەلیلەیە هاوژینەکەی کاری سیاسی ناو گەل دەکات و هەڤاڵەکانی رێزیکی زۆریان دەگرت و حورمەتی هەبوو؟!، ئایا لە کەیەکەوە ئەم دەلیلە گۆڕدراوە؟!.

هێشتا نیگەرانی و شڵەژاوی دەنیز لە دەستی دەلیل کۆتاییان نەهاتبوو، ئەمجارەیان سەرهەڵدان دەستی پێکرد، هەروەها شڤانیش لەوان کەمتری نەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاتێک دەنیز دەیویست بەچاو پێیانبڵێت هەڤاڵ چیدەکەن؟!، لەناکاو ئەفسەرە تورکمانە کەرکوکییە هەتا هێزی تیابوو زللەیەکی لێدا، مەخابن دەستی کەرکوکییەکە زۆر قورس بوو. ئەم زللەیە ئەوەندەی کار و قسەکانی هەڤاڵەکانی ئازاریان پێنەبەخشی. حاڵی نەدەبوو چۆندەکرا هەڤاڵەکانی بەوشێوەیان لێهاتبێت. کەرکوکییەکە بەردەوام کۆمەڵە پرسیارێکی دەکرد، دەیویست لەبارەی هێزی گەریلای ناوچەکەوە زانیاری بەدەست بخات. دەیویست بزانێت ژمارەیان چەندە و خاوەن چیجۆرە چەکێکن، فەرماندەکانیان کێن، چۆن پەیوەندی دەبەستن، کامە کۆد و کامە بێتەل بەکاردەهێنن، ئایا کۆدەکانیان دەزانی، ئەوەی باهاتایەتە مێشکی لێیدەپرسین. بۆ هەموو ئەم پرسیارانە دەنیز یەک وەڵامی هەبوو (نازانم)، بەڵام دەلیل، شڤان و سەرهەڵدان بۆ هەموو پرسیارێک وەڵامیان هەبوو. تەنانەت لەکاتی نەزانینی وەڵامی پرسیاریش بیریان دەکردەوە و درۆیان بۆ وەڵامەکەی دروست دەکرد، هەموو ئەمانە کە روویاندا و دانیان بە هەموو شتێکدا هێنا بەبێ هیچ ئەشکەنجە و زۆربۆهێنانێک روویاندا. ئەوان هێشتا وەکو دەنیزیش زللەیان نەخواردبوو. ئەم تەسلیمبوونە من دڵنیام کەرکوکییەکەیش چاوەڕوانی لێنەدەکرد. دەنیز هێواش..هێواش دەهاتەوەسەرخۆی. وایلێهاتبوو بەهۆی دەلیل، شڤان و سەرهەڵدانەوە قێزی لەخۆیشی دەکردەوە، ئەو دەیویست لەجێی ئەواندا بەناخی عەرددا بچێت و ئەگەر پێیشی بکرایە لەوێدا خۆی دەکوشت. ماوەی ساڵێکە ئەم سێ هەڤاڵە دەناسێت، بەڵام ئێستا بەهەڵەدا چووە کە بەڕاستی ئەوانی نەناسیوە. ئەو هەڤاڵانەی بەلەخۆبردە و فیداکار و رەنجدەر و لێزان و بە سیاسەتمەدارییانی دەزانی و کە پابەندی بەها بەنرخەکانن چۆن ئێستا بەوشێوەیە گۆڕاون و خۆیان لەبیرچووەتەوە؟!. کەلێیانی دەڕوانی هیچ شەرمێک بە سیمایانەوە دیاریش نەبوو. ئەوان دانیشتبوون و ئەو جگەرانەیان دەکێشا کە پێشمەرگەکان پێیاندابوو، ئەو نهێنیانە دوێنێ بەناوی هەڤاڵایەتییەوە بۆیان باسکرابوو، ئێستا دانە..دانە دەیڕژێننە کۆشی دوژمنەکانیانەوە، ئەمەیش بەمانای ئەوەبوو دەیانویست دوژمنەکانیان باشتر دەست بوەشێنن و خێراتر کارەکانی خۆیان بکەن. ئەم سیانە ئەوەندە بە ئەزمون بوون، باشیان دەزانی درکاندنی هەر نهێنییەک دەبێتە هۆکاری گیانلەدەستدانی هەڤاڵەکانیان. تەنها لەپێناو رزگارکردنی گیانی خۆیان گیانی سەدان گەریلایان خستبووە مەترسییەوە، زۆر..زۆر مەخابن و هەزار مەخابن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگەکان دەنیزیان خستەناو لاندرۆڤەرێک و چوارەکەی تریشیان خستەناو ماشێنێکی ترەوە و بردیانن بۆ مەزرەعەیەکی تر. کات نیوەی شەو بوو. پێشمەرگەکان لە ناوەڕاستی مەزرەعەکەدا ئاگریان کردبووە و خۆیان گەرم دەکردەوە. بەشێوەیەکی رۆتینی قسەیان لەگەڵ گەریلاکان دەکرد. دەلیل، شڤان و سەرهەڵدان لە شوێنەکەی پێشویان بەرامبەر پێشمەرگەکان چۆن نەرمونیان بوون، لێرەیش هەمانشتیان دووبارە کردەوە. وایانلێهاتبوو لە دیل نەدەچوون، مرۆڤ پێیوابوو بە پێی خۆیان هاتوون. بۆ ئەوەی کوڕی باشی و نیەت پاکی خۆیان بۆ پێشمەرگەکان دەربخەن، بە پێشمەرگەکانیان دەوت (چەکمان پێبوو، ئەگەر بمانویستایە شەڕمان دەکرد، بەڵام شەڕمان نەکردو خۆمان رادەست کرد)، ئەوەی چوارەمیان ناوی کامەران بوو، باسی ئەوەی دەکرد کە پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە هەڵاتووە و خۆی رادەستی پێشمەرگەکان کردووە. کە زانییان خەڵکی سلێمانییە، پێشمەرگەکان لەهەمبەریدا ناڕەزاییان نیشاندابوو. پێیانوتبوو (وەکو کەسێکی سلێمانی ئیشت چیبووە لەناو پەکەکە؟، بێشەرەف، بێناموس، ئەی درۆزن)، بەڵام پێشمەرگەکان بەوە بەختەوەربوون کە وتبووی (ئێمە دیل نەکراین بەڵکو خۆمان رادەستکرد)، پێشمەرگەکان بەوە بەختەوەر دەبوون کە ئەمان خۆیان لەهەمبەر پێشمەرگە پێڕانەگیراوە و خۆیان رادەست کردووە. ئەوان باشیان دەزانی کەلە ترسدا ئێستا بەوشێوەیە قسە دەکەن. دەنیز لەهەمبەریان بێدەنگ بوو، هیچ قسەی نەدەکرد، پێشمەرگەکان بە زمانێکی قەشمەریانەوە وتیان (تۆیش لەوانەی کە رادەست بویت، یان دیل گیرایت؟)، کەرکوکییەکە ئەم قسەیەی بۆکرد بە تورکی، دەنیزیش راستەوخۆ وتی: (نەخێر من دیلم).

ئەم وەڵامە، گاڵتەجاڕییەکەی سەر سیمای پێشمەرگەکانی نەهێشت. ئەم وەڵامە کەشوهەوای ئەوێی جدی کردبوو. خاوەنی وەڵامەکە کاتێک ویستی شتیتر بڵێت، لەناکاو دەنگەدەنگی دەرگای مەزرەعەکە هات. سەرنجی هەموویان چووە سەر ئەوشوێنە. پێشمەرگەکان بە مەزرەعەکەدا بڵاوبونەوە و ئاسایشی چواردەوریانیان زیاترکرد. بەرپرسێکی باڵایان هاتبوو، دەیویست دیلەکان ببینێت. کاتێک دەلیل، شڤان، سەرهەڵدان و کامەرانیان بۆلای برد، دەنیز لەگەڵ پێشمەرگەیەک لەلای ئاگرەکە دانیشتبوو. هەرچواریان لەلای دەرگای ژوورێک راگرتن و سەرەتا دەلیلیان بردە ژوورەوە کە گوایە خۆی رادەستکردووە. لە باخچەکە کەسێکی تر بەردەوام دەهات داری دەخستە ناو ئاگرەکەوە. ئەو کەسە قەمسەڵەیەکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەبەردابوو لەگەڵ کراس و چاکەتێک و جامانەیەکیشی لە ملی ئاڵاندبوو بۆنەوەی زیاتر لە پێشمەرگە بچێت. دەنیز ئەم کەسەی وەک شاعیر دەهاتەبەرچاو. لەناکاو هاتە پەنای دەنیزەوە و دانیشتو کەوتە قسەکردن. دەنیز پێیدەڵێت کە کوردی نازانێت. کەسەکە جامانەکەی توند دەکاتەوە و بەشێوەیەک سەری بۆبادەدات کە پێیبڵێت حاڵی بووم. دوایش هەر ئەو کەسە بە سۆرانی دەکەوێتە شیعر خوێندنەوە. شەوێکی سارد و ئاگر گڕیگرتووە و شیعریش دەخوێنرێتەوە، ئەو لەمکاتەدا تەنها بیری لە چەکدار دەکردەوە کە لە سەر حەسیرەکە بەتەنیا جێیهێشتبوو. ئەوکەسەی شیعرەکەی دەخوێندەوە، مەخابن دەنیز یەک وشەی لێحاڵی نەبوو. شاعیرەکەمان بەبێ ئەوەی گوێ بەهیچ بدات، بەردەوام بوو لە شیعر خوێندنەوە، جارێک لە ئاگرەکەی دەڕوانی، جارێکی لەمی دەڕوانی، مێش میوانی نەبوو. ئەوکاتەی چاویان دەتەقی بەیەکدا شاعیرەکە وشەکانی بە زەوقتر دەخوێندەوە، پێیوابوو لەوانەیە دەنیز شتێکی لێحاڵی دەبێت. لە راستیدا ئەم شیعرانە هەرچەند هیچیشی لێحاڵی نەدەبوو، بەڵام هیوای بە دەنیز دەبەخشی.

ئەو ژوورەی دەلیلیان تێداداناببوو، بەنیازی ئەوەنەبوو لێبێتە دەرەوە. دەنیز بەخۆی وت خوائەزانێت باسی چییان بۆدەکات. دەلیل بەبێ ئەوەی یەک زللەیش بخوات وەک بولبولی لێهاتبوو. دەلیل دوای ئەوەی ماوەی کاتژمێرێک لە ژوورەکە مایەوە هێنایانە دەرەوە. دوای ئەویش هەر یەک لە شڤان، سەرهەڵدان و کامەرانیان بردە ژوورەکەوە. کاتێک سرە هاتە سەر ئەم کاتژمێر ٤ی بەیانی بوو. ژوورەکە لە ئۆفیس نەدەچوو بەڵکو وەکو ژوورێکی لادێ رازاندبویانەوە. لە ژوورەکەدا دۆشەک و سەرینیان راخستبوو، دووان بە جلوبەرگی کوردییەوە دانیشتبوون و پشتیان بە سەرینەکانەوە دادابوو، کە هەردوکیشیان تەمەنیان هەبوو. پێیانوت دانیشێت، دوای ئەوەی دانیشت یەکێکیان بە کوردی کەوتە قسەکردن، هەرچەندە دەنیز دەڵێت کوردی نازانم بەڵام ئەو بەردەوام دەبێت، کە درک دەکەن هیچ حاڵی نابێت، بانگی پێشمەرگە دەکەن بیبەنە دەرەوە. ئەمە هەموو لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەکەی بوو. لە پێشمەرگەیەکەوە دەزانێت کە ئەوەی قسەی بۆکردووە ناوی نوری شاوەیس بووە. نوری شاوەیش ئەندامی سەرکردایەتی پەدەکە بوو.

چەکدار وتی: (ئەوکاتەی بەئاگاهاتمەوە و تۆم نەبینی زۆر خەفەتم خوارد، وەکو ئەوکاتەیش ئێستا زۆر دڵخۆشم کە تۆم بینییەوە. ئەوکاتە دەمویست باوەشت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێدابکەم، بەڵام کە لەتۆم روانی درکمکرد رەوشت باشنییە، ئەو شەوە وەک ئەوەوابوو ١٠ساڵ ئەختیار بوبێتی. زۆر زۆر بێحەوسەڵە و بێتاقەت بوویت، بێشک هەوڵتدەدا کەمن درکت پێنەکەم، ئەوکاتەی باسی دەلیل و ئەوانیترت بۆکردم زۆر داخلەدڵ بووم). دەنیز وتی: ( هەڤاڵ جودی، بەڕاستی ماندووم پەیتا..پەیتا مەسەلەکانت بۆباسدەکەم. هەر ئەو بەیانییە، دەستی منیان لەدواوە بەست و دەستی چەکداریشیان بە ملییەوەی بەستوو سواری لاندرۆڤەرەکەیان کردین، هەرلەناو هەمان ماشێندا ئەو چوارکەسەی تریشی تێدابوو کەخۆیان رادەستکردبوو، ئێمەیان دەبرد بۆ مەسیف سەلاحەددین). کاتێک دەنیز باسی مەسیف سڵاحەدینی کرد، چەکدار پێیوابوو ووردەکارییەکانی ئەو رێگەوبانە باسناکرێن و لەیاد دەچنەوە. بۆنمونە باسی پێشمەرگە قەڵەوەکە و باسی پێشمەرگە زۆربلێکە ناکرێت. ئەوکاتەی لە نێوان سیدەکان و دیانەبوون، پێشمەرگە خۆی باسی کردبوو بەرپرسی بەشی پەیوەندییە بێتەلەکانی پەدەکەیە لە چیای کارۆخ.

نیوەڕۆ گەیشتنە دیانە، شۆفێرەکە بۆئەوەی تایەی سپێر هەڵگرێتەوە، لەبەردەم ماڵێک راوەستابوو، ئەوکاتەی سەرقاڵی تایە سپێرەکە دەبێت، لەبەردەم ماڵەکە لەگەڵ دوو ژندا قسەدەکات کە یەکێکیان گەنج و ئەوتریان تەمەنی مامناوەند دەبێت. شۆفێرەکە بە دیلەکانی وتبوو مێردی ژنە تەمەن مامناوەندییەکەیان مانگێک لەمەوبەر لەلایەن گەریلاوە کوژراوە و سەرەڕای ئەمەیش هێشتا دڵی لەلای رەوشی ئێوەیە. ژنەکە پرسی بووی ئایا ئەمانە بریندارن یاننا، ئەی پێشمەرگە لێیان دەدەن یاننا، یان مامەڵەی باشیان لەگەڵ دەکەن یاننا. شۆفێرە زۆربلێکە بە ژنەکەی وت (ئەمانە مانگێک لەمەوبەر مێردەکەی تۆیان کوشت)، سەرەڕای ئەمەیش ژنەکە وتبووی (ئەمانەیش ئەولادی ئێمەن، ئەمانیش دایک و باوک و خانەوادە و براو خوشکیان هەیە، مامەڵەی باشیان لەگەڵدا بکەن)، چەکدار ئەوەی هێنایە زمان کە ئەم هەڵوێستانەی دایکانی کورد بەردەوام کاریگەرییان لێکردووە.

دەنیز هیوای وابوو شۆفێرەکە باس لە قەڵەباڵغییەکەی بەردەم خەستەخانەکەی دیانە نەکات، چونکە دەیزانی نەیدەبڕییەوە. شۆفێرەکە بۆ وەرگرتنی دەرمان رووی ماشێنەکەی لە خەستەخانەکە کردبوو. ئەو کاتەی شۆفێرەکە چوو بۆ وەرگرتنی دەرمان، خەڵکی لە ماشێنەکە کۆبونەوە و تەماشای گەریلا دیلەکانیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەکرد. شڤان بە هیوای ئەوەی لەوانەیە یەکێکی ناس ببینێت، سەری لە جامەکە نزیک کردبووەوە، دەلیلیان شڵەژاوی پێوەدیاربوو، بەخۆی وت (ئەم خەڵکە کەسوکاری پێشمەرگە کوژراوەکانن، ئەگەر پێیانبکرێت ئەنجن ئەنجنمان دەکەن)، دەنیز بە چەکداری وت (ئەرێ ئەمانە پێیانوایە تەماشای لێبوک دەکەن، بۆچی گردبونەتەوە؟!)، پێش دیل بوونی لەسەر شاخ مەسەلەیەکی بیستبوو کە بەمشێوەیە بووە {لە سەرەتای نۆوەدەکان کاتێک پەکەکە یەکەم بیرۆی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە، ئەوەی گوێی لەم هەواڵە ببوو بەرەو ئەوشوێنە هاتبوون، هەڤاڵانیش مەراقی ئەم خەڵکەیان بوو بۆچی بەوشێوەیە روویان تێکردوون، لەوێدا لە منداڵێکیان پرسی بوو چییە مەسەلە، ئەویش وتبووی هاتووم بۆ بینینی مارمێلکە و جنۆکەکان، بزانم چەند پێ و چەند گوێچکیان هەیە، دەڵێن گوایە فیشک نایانبڕێت و نایشمرن، منیش هەروەکو هەموو کەسێک مەراقی ئەوانم}، ئەم مەراقە هەتا ئێستایش بەردەوام بوو. سەرەڕای هەموو پروپاگەندەیەکی خراپی پەدەکە بۆ گەریلا، بەڵام خەڵک گەریلایان بە ئەفسانە دەزانی، هەربۆیە شڵەژاوی و نیگەرانییەکەی دەلیل بێمانابوو.

کاتێک گەیشتنە مەسیف سەلاحەددین و بردیاننە ناو باڵەخانەی پاراستنی پەدەکەوە، هیوا و نزاکەی ئەو ژنە ڤاڵادەرچوو، چونکە هەرکە بردیاننە ژوورەوە پێشمەرگەکان کەوتنە لێدانیان. کامەران لە هەموویان زیاتر لێدانی خوارد. لووتیان شکاند، پاڕانەوە و نوزە و گریانی کامەران مایەی شەرمەزاری بوو. کاتێک کامەران لە سلێمانی دەبێت، کاری تەکسی دەکات و لەهەمانکاتدا ئیش بۆ پاراستنی پەدەکە دەکات. دوای ماوەیەک وازیان لێدێنێت و ئیش بۆ دەزگای زانیاری یەنەکە دەکات، کاتێک ئاشکرا دەبێت کار بۆ هەردوولا دەکات، ئیتر لە ترساندا نەیوێرابوو بچێت بۆ ئەو شوێنانەی کەلەژێر دەسەڵاتی پەدەکەدا بوو. دوای ماوەیەک واز لە یەنەکە دەهێنێت و ئیش بۆ پەکەکە دەکات، کە ئێستا کەوتبووە ژێر دەستی پەدەکە، پەدەکەیش تۆڵەی خۆیانیان لێدەکردەوە، هەرخودی کامەران هێنابویە زمان کە نامۆی ئەم شوێنە نییە و چەندینجار هاتووچۆی ئێرەی کردووە.

دەنیز ئەو خواردنەی پێش لێکۆڵینەوە هێنابویان نەی خوارد، بەڵام ئەوکاتەی لە دەلیل دەپرسن ناندەخۆی یاننا؟، یەکسەر وتبووی (ماوەی دوو رۆژە هیچم نەخواردووە)، دوای ئەم قسەیە پێشمەرگەکان لەسەر سینییەک نان و فاسوڵیا و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

برنجیان بۆهێنابوو. وەکو ئەوەی هەرگیز خواردنی نەبینیبێت، دەلیل پەلاماری سینییەکەیدا. کامەرانیش بەبێ ئەوەی گوێبدات بە لووتە شکاوەکەی، وەکو دەلیلی کرد. شڤان و سەرهەڵدانیش بەشێوەیەکی لەسەرخۆیانە رەفتاریان کرد. دەنیز بەهیچ شێوەیەک لە سینییەکە نزیک نەبووەوە. چەکدار لەبەرئەوەی دەستی راستی بە ملییەوەی بەسترابوو، نەیدەتوانی نان بخوات. دەنیز چەند جارێک چەند کەوچکە خواردنی خستە دەمی چەکدارەوە، بەڵام دەلیل و کامەران گسکیان لە قاپەکانی خۆیاندا بوو، هەروەها وتیان هێشتا تێرنەبووین. مەخابن ئەوان کولتوری رۆحی هاوکاری هەڤاڵایەتییان لەیادی خۆیان کردبوو. باشە لەوێ دەنیز باسی کولتوری هەڤاڵایەتی بۆئەوان بکردایە؟، بێشک نەیدەکرد، چونکە ئەوێ شوێنی ئەوە نەبوو. دەنیز تەماشای جودی و مەحمودی کرد، ئەوانیش مەراقی قسەکانی دەنیز بوون. دەنیز کەزانی زۆر شتی ووتووە، ئیتر خۆی بێدەنگ کرد و بەخۆی وت کاتێکی تر باسی رووداوەکانیان بۆدەکەم.

لەباڵەخانەی دەزگای پاراستنی پەدەکە لە مەسیف، کەسێک لێپرسینەوەی لەگەڵدا کردبوون کە ناوی جەبار بوو. ئەمەیشمان لەرێی کامەرانەوە زانی، پێشوتر لەگەڵ کامەراندا یەکترییان دەناسی. کامەران جگە لە تێهەڵدان خواردن هیچی تریان لێنەدەپرسییەوە. رەوشی دەلیل، سەرهەڵدان و شڤان، لە لێکۆڵینەوەکەی سیدەکان خراپتر نەبوو. کە رووبەڕووی جەبار بوونەوە، بە جەباریان وتبوو، {پەشیمانن کە چوونەتە ناو پەکەکەوە و لەناو گەریلادا رووبەڕووی چەواشەکاری و شتی خراپ بوینەتەوە و فەرماندەکانیان لەگەڵ کچە گەریلاکاندا رادەبوێرن، سەرکردەکەیان لە شام سەرقاڵی رابواردنی خۆیەتی، پەکەکە حزبێکی بێ دینە} هەروەها قەبوڵیان کردبوو کەلەسەر شاشەی تیڤی پەدەکەوە ئامادەن کەهەموو ئەم شتانە بهێننە زمان، لەمبارەیەوە جەبار چیوتبوو ئامادەیی خۆیان نیشاندابوو کە بۆیانیان دەکەن.

دەنیز بەم رەوشە زۆر دڵگرانبوو، ئەو بیری لەکاتی لێپرسینەوە ناجدییەکە دەکردووە و ئەو لێدانەیشی دەکەوتەوە یاد کە بە ئاسن لە سەریان دابوو. کاتێک دەیکەنە ژوورەکەوە، دەبینێت جەبار لەسەر کورسییەکی جوان دانیشتووە کەبە چواردەوری خۆی دەسوڕایەوە. قژی سەرووی چاوی رووتاوە بوو، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی لە ٤٠ساڵیدا دەبوو، بەڵام وەکو هەرزەکارەکان دەموچاوی زیپکاوی بوو. کەسێکی بەخۆ بوو، گۆناکانی گۆشتن بوون و لووتیشی شۆڕببووە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەر لێوەکانی، لەبەرئەوەی گوێی راستی بەباشی نەیدەبیست، هێدفۆنێکی لە گوێ کرد بوو. لەلای جەبارەوە خۆشەویستەکەی راوەستابوو، دەستێکی لەسەر شانی جەبار بوو، ئەویتریان لەسەر مێزەکەبوو. ئەوکاتەی سەرهەڵدان پێش دەنیز بردبویانە ژوورەوە، هەمان ژن لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا. لەنێوان قەنەفە و مێزەکە کورسییەک دانرابوو. جەبار دەستی بۆ کورسییەکە درێژکردبو بە دەنیزی وتبوو کەلەسەری دانیشێت. یەکەم پرسیاری جەبار کەلە دەنیز کردبوو، دەنیز پێیوتبوو (کوردی نازانم)، کە سەرهەڵدان لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو گوێی لەم قسەیەی دەنیز دەبێت، بۆنەوەی بیسەلمێنێت کە چەندێک خزمەتکاریانە، بە جەباری وتبوو من دەتوانم وەرگێڕیتان بۆبکەم. دەنیز پێشوتر بڕیاری خۆیدابوو بەراست و دروستی وەڵامی پرسیارەکانیان نەداتەوە.

دەنیز لەوێدا وتبووی ناوم عەلییە و لە ئیستەنبوڵ لەدایک بوومە، کە لەراستیدا ئەمە وانەبوو، بەڵام بەڕاشکاوی وتی: لە ئەوروپاوە بەشداری ناو ریزەکانی پەکەکەی کردووە. وتیشی کە ماوەی ٢مانگە بووە بە گەریلا. پێیباش بوو قسەکانی دەلیل و سەرهەڵدان کەباسیان لەماوەی یەکساڵی گەریلایەتی کردبوو، رەد بکاتەوە، هەروەها نەنگی لەوەیشدا نەبینیبوو کە بڵێت من تورکمانم. جەبار لێیپرسیبوو چیدەکەیت لەناو بزووتنەوەی کوردیدا؟، لەهەمبەر ئەم پرسیارە دەنیز وتبووی پەکەکە خاوەن ناسنامەیەکی شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیزمە. جەباریش لەبارەی ئەم قسەیەی دەنیز پێیوتبوو (بێمێشک سۆسیالیزم کواماوە، یەکێتی سۆڤیەت رووخا، سۆسیالیزمی چی)، کە جەبار ئەم قسانەی دەکرد، ژنە دۆستەکەی لەژێر لێوەوە گاڵتەی بەم مەسەلەیە دەهات. سەرەتا دەنیز هۆی هۆکاری بوونی ئەم ژنەی لە ژوورەکە نەدەزانی، دوایی بۆیدەرکەوت کە دەیەوێت مۆڕاڵی ئەوانە بڕوخێنێت کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

کە جەبار لێیدەپرسێت تەمەنت چەندە؟، دەنیز دەڵێت ٢٢ ساڵم. لێیدەپرسێت ئایا پەشیمانیت، دەنیز ئەم پرسیارەی پێ سەیر دەبێت. دەنیز پێی سەیربوو کەسێکی کورد، لە تورکێک دەپرسێت ئایا پەشیمانیت بەشداری شۆڕشی کوردت کردووە؟!. بەڵام دەنیز پێیدەڵێت (پەشیمان نیم)، کە ئەم قسەیەی کرد، جەبار کەمێک خۆی مۆنکرد، پێیوابوو شۆڕشی سەر چیا ئەم ئیلهام و غیرەتەی پێبەخشیوە. دەنیز ماوەیەکی زۆربوو خۆی نەشۆریبوو، شەڕواڵەکەی لەچەند شوێنێکەوە دڕابوون،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە جامانە پینەی کردبوو، لە ناکامدا جەبار پێیوت (سەرهەڵدان پێیوتین فەرماندەکانتان لەگەڵ کچە گەریلاکاندا رادەبوێرن، ئایا تۆیش شتیوات بەچاوی خۆت بینیوە؟)، دەنیز پێیوت (نەخێر، ئەمە درۆیە، لەناو گەریلادا شتیوا نییە)، جەبار توڕەدەبێت و مەستەڕەکەی سەر مێزەکە هەڵدەگرێت و دەیگرێتە دەنیز، بەڵام بەریناکەوێت. جەبار وتی: (سەرهەڵدان وتی: کەتۆ لەلای ئاپۆ بویتە، دەبێت بێیتە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەمان و بڵێیت ئاپۆ لە شام خەریکی زەوقوسەفای خۆیەتی و لەگەڵ کچەکاندا رادەبوێرێت و حەشیشیش دەکێشێت، باشە؟)، (نەخێر هەرگیز شتیوانییە، هەموو ئەمانە درۆن)، لەسەر ئەم قسانە جەبار جارێکی تر توڕە دەبێت و جارێکی تر مەستەڕەکەی تێدەگرێتەوە و ئەمجارەیان بەرلای چاوی دەکەوێت و ئەگەر خۆی بە کورسییەکە نەگرتایە، لەوانەبوو لەسەر کورسییەکە بکەوتایەتە خوارەوە. دەنیز هەستی بە ئازاری سەریدەکرد، مەستەڕەکە ئازاری پێگەیاندبوو، ژنە دۆستەکەی جەبار لەمحاڵەتانەدا حیلکە حیلکی بوو. لەناکاو ژنەکە چووەلای جەبارەوە شتێکی پێوت، جەبار بە مەستەڕەکەی ئیشاراتی کرد بۆ سوچێک و دەنیز چوو لەوێ خۆی گرمۆڵەکرد.

لەناکاو جودی وتی: (هەڤاڵ دەنیز خەیاڵت بۆکوێچوو، دیارە هیلاکیت، ئەگەر حەزدەکەیت قسەوباسەکانمان بۆکاتێکی تر دوادەخەین)، ئەم تەکلیفەی جودی مەعقولانەبوو، ئەگەر لە چەکدار و مەحمودیشیان بپرسیایە هەمان قسەکانی جودییان دەکرد، بەڵام دەنیز پێیباش بوو، مادام دەستی پێکردووە، دەیویست قسەکانی تەواو بکات، هەربۆیە وتی: (شتێک نییە هەڵیگرین بۆدوایی، ئەوشەوەمان لە باڵەخانەی دەزگای پاراستنی پەدەکە بەسەربرد. ئەو پاکەتە جگەرەیەی دەلیل لە پێشمەرگەکانی وەرگرتبوو، جگەرەکانی بەسەر سەرهەڵدان، شڤان و کامەراندا دابەشی کرد. دوایش ئێمەیان برد بۆ ئاسایشی پەدەکە و وەکو کەناڵی ئانادۆڵوی تورکی، لەسەر ژیان و قسەکانمان پرۆگرامێکیان سازدا، دەلیل و سەرهەڵدان ئەوەی پارتی لێیاندەخواستن بە سێقات زیاتر باسیان دەکرد و ترش و خوێیەکی باشیان کرد بەسەر خواردنەکەیاندا. بەڕای من ئەمە شتێکی سەیروسەمەرە و نامۆ نەبوو، لەمبارەیەوە شڤان و کامەران تەنها پەشیمانی خۆیانیان هێنایە زمان کە ئەمەیش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دەلیل و سەرهەڵداندا نەبوو، ئەوان هەر لە زووەوە خۆیان فڕێدابووە باوەشی پەدەکە و ئێستایش بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەوەی بەدەمیاندا بهاتایە دەیانوت و خۆیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کردبوو به پارچەیەک لەم پروپاگەندە قێزەوەنە. کە ئێمەیان برد بۆئەوەی بە ڤیدیۆ بمانگرن، دەلیل پێیوتم {لێرە بەدواوە ئێمە هەڤاڵ نین، پێم مەڵێ هەڤاڵ}، لەوێدا لە زیندانەکە دەستی کرد بە نوێژکردن و دەیوت دەمەوێت قورعان خەتم بکەم). جودی وتی: (بەڕاستی زۆر خراپانە رووخاوە و خۆی تەسلیم کردووە)، دەنیز وتی: (لەرێی کۆمیتەی خاچی سوورەوە کە هاتن بۆ بینینمان، بەواندا هەواڵی نارد بۆ کەسوکاری، بەڕاستی پێویستە پێش هەموو شتێک، لێپرسینەوە لە دەلیل بکرێت یان دادگای بکرێت، هیوادارم ئەمە بگونجێت). مەحمود وتی: (قسەکەت راستن، بەڵام مەخابن ئێستا ئەو دەرفەتە لەبار نییە، پێویستە لەمبارەیەوە کەمێک زیاتر بیربکەینەوە). دەنیز وتی: (ئەگەر ئەکرێت ئەمە بۆ کاتێکی درەنگ دوانەخەین، هەروەها دەبێت راپۆرتێک بۆ هەڤالانی رێکخستن بنوسین)، جودیش بۆئەوەی کەشوهەوای ئەوێ کەمێک خامۆش بکاتەوە، بە گاڵتەوە وتی: (هەڤاڵ ئەمە کاری ساڵێکی ترە)، مەحمود لە مەبەستی جودی حاڵیببوو، خەندەیەکی بۆکرد. چەکداریش بەم قسەیەی جودی پێکەنی بوو، دەنیز بیری لەو کەسە دەکردەوە کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردبوو بە ناوی جەمالەدین یوسف، هەروەها بۆ لێپرسینەوە و دادگاییکردنی دەلیلیش بیری دەکردەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ١٠

# خۆگرتن بە چەمکی بەرخۆدانەوە

دەچوونە ناو ساڵی تازەوە. لە ساڵی ١٩٩٧ لە ئاکرێ، زۆر بێدەنگانە ئەو شەوە ماڵئاوایی لەو ساڵە دەکرا. بەسەر چیا سەرکەشەکەی ئاکرێوە هێور..هێور بەفر دەباری. زۆرینەی زیندانییەکان، بە دڵێکی تەنگەوە لە پەنجەرەکەوە لەو بەفر بارینەیان دەڕوانی، دوایش جارێکی تر بە خەموپەژارەوە چوونەوە ژێر بەتانییە پیسەکەیان کە پڕبوون لە کێچ و ئەسپێ. لە ساڵنامەی زیندانییەکاندا گۆڕانکاری نەبوو. زیندانیکردن کات و ساتی نییە، لە زینداندا ئەوە نایەتەدی کە دەیخوازیت و ئەوەیش رووناداتەکە پیلانی بۆدادەڕێژیت. تیایاندا هەبوو لەو شەوی سەریساڵە نیازی دەگرت، ئەمەیش مانای وابوو تۆ هیچ شتێکت بەدەست نییە. جڵەوی زەمان و کات بەدەست ئەو دوژمنەوە بوو کەتۆی دیلکردبوو. لەمبارەیەوە شتێک نییە کەباس لە سبەینێت بکات. هەروەکو چۆن دوێنێ بە بەتانییە پیسەکەت نوستبویت و خۆتت پێگەرم کردبووەوە، بۆ سبەینییەکەی بە ئاگاهاتبوویتەوە، ئەمڕۆیش لەم رۆژی سەری ساڵەیش بە هەمانشێوە دەخەویت و هەربەو شێوەیەیش بەئاگا دێیتەوە. کە بەیانی بەئاگادێیتەوە قاچی زیندانییەک دەبینیت لەبەردەم لووتت، قاچەکەی تریشی لەسەر گەردنت داناوە. یەکەم کارت ئەوەیە کێچ و ئەسپێ بکوژیت، ئەو ئاوە رەنگکراوە دەخۆیتەوە کە ناویان نابوو شۆڕبا. بە درێژایی رۆژ دوکەڵی جگەرە کێشەکان دێن بە لووتتدا. لە ژێر هەڕەشەی کێبڵ و دار و تێلا دەچیت بۆ توالێت. لە ساحەکەدا دوای ئەوەی دووجار پیاسە دەکەیت زۆر بەخێرایی دەتوانیت بۆماوەیەکی کەم شینایی ئاسمان ببینیت، بەڵێ پێرێ و بەستەرپێرێ، ئەمڕۆیش وەکو دوێنێ خۆی نوێدەکاتەوە.

چەکدار بیری لەوە نەدەکردەوە سبەی چی روودەدات، ئەو بیری لەو ساڵە دەکردەوە کە تێیپەڕاندبوو، چونکو بە ئومێدی تازەوە، چوبووە ساڵی ١٩٩٧وە. ساڵێک لەمەوبەر، واتا ساڵی ١٩٩٦، لە شارۆچکەیەکی نزیک لە بەرلین لەگەڵ کەسوکاریدا ساڵی نوێیان پیرۆزکردبوو، ئاواتەخوازی ئەوەبوون ساڵی ١٩٩٧ ببێت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە خێروبەرەکەت. خەڵکی ئەڵمانیا، لەو شەوەدا شەمپانیایان دەتەقاند و تەماشای تەڵقە تەنوورە ڕەنگاورەنگەکانیان دەکرد، ماڵئاواییان لەو ساڵە دەکرد و بەخێرهاتنی ساڵی نوێیان دەکرد و بیرەیان دەخواردەوە و سەمایان دەکرد، بەڵام چەکدار لەگەڵ خانەوادەکەی ئاهەنگێکی بچوکیان سازدابوو، پێشوازیان لە ساڵی نوێ کردبوو. بەیەکەوە نانیان خواردبوو تەماشای تەلەفزیۆنیان کردبوو، چەرەسات و ساردەمەنییان خواردبوو.

هاوسێکانی چەکدار لەهەمانکاتدا خزمی بوون، ئەم خانەوادەیە لە 'چەرمیکی' سەر بە شاری ئامەدەوە هاتبوون، لەدەوری یەک گردببوونەوە و، لەم غەربەتییەدا ببوون بە پشتوپەنای یەکتری. سەرقاڵی کەسابەتی خۆیان بوون، منداڵەکانیان لە مەکتەب دەیانخوێند. سەرەڕای ئەوەی لە غوربەتدا بوون، بەڵام پشتیان نەکردبووە شۆڕش، بە مادی و مەعنەوی هاوکاری شۆڕشیان دەکرد. دەیانویست منداڵەکانیان توخنی سیاسەت نەکەون، باوکی چەکدار لەوە دڵنیابوو کوڕەکەی بەشداری سیاسەت ناکات، دایکی چەکداریش، پێیوابوو کوڕەکەی حەز لە رووکەن دەکات و، لەوانەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا هاوسەرگیریش بکەن. بێشک دایکی چەکدار لە روکەنی باشتر دەستنەدەکەوت. بنەماڵەکانیان زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی کە گەنجەکانیان بەدوای کچی ئەڵمانیدا وێڵ نین، کە چەکداریش یەکێک بوو لەوانە. ماوەیەک لەمەوبەر خانەوادەی ڕەمەزان کوڕێکییان هەبوو بەناوی بورهان، ئەم کوڕە لەگەڵ کچێکی ئەڵماندا دەست گەرم دەکات و فێری حەشیش کێشان دەبێت، تا پۆلیسی ئەڵمانی دەیگرن و سنورداشی دەکەنەوە. خانەوادەکان لەمبارەیەوە نیگەران بوون. مەخابن لە ئەورووپا خانەوادەکان ناتوانن بەتەواوەتی کۆنترۆڵی منداڵەکانیان بکەن. بەگشتی خانەوادەکان کاردەکەن و منداڵی لەمەکتەب و لەناو هاوڕێکانی خۆیاندان، هەربۆیە زۆرجار خانەوادە نازانن منداڵەکانیان خەریکی چین و لەدەست دەردەچن، بەڵام خۆشبەختانە چەکدار وانەبوو.

شەوی سەری ساڵ هەبێت و نەبێت، هەموو دەرگای نزاکانی چەکدار بەرووی رووکەن دەکرانەوە. بە نیازبوون کە ئەگەر مەکتەبیان تەواوبوایە، هاوسەرگیرییان دەکرد. کچە ئەڵمانەکان بەگوێرەی نەریت و کولتوری خۆیان، خۆیان هەڵنەدەگرت بۆ شەوی بوک و زاوایی، بەڵام لەلای ئێمەمانان وانەبوو، هەربۆیە چەکدار چاوەڕێی خەندەیەکی سەر لێوەکانی روکەنی دەکرد. بورهان پێش ئەوەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سنورداش بکرێتەوە، لەهەرشوێنێک لەناو کۆڕ و کۆبونەوەی سیاسی چەکداری ببینیایە پێیدەوت ئەرێ تۆ گەمژەیت، بورهان دەیوت ئەرێ چۆن بتوانین دەستی ئەم کوڕە ناسکە ببەستینەوە، چونکە چەکداری وەک پسکیت دەهاتەبەرچاو. ئەگەر چەکدار و روکەنیشی بەیەکەوە ببینیایە، پێیانیدەوت بۆ زەماوەندەکەتان منتان لەبیر نەچێت. چەکدار بەم قسانە توڕەدەبوو، بەڵام رووکەن هێوری دەکردەوە و دەیوت گوێی مەدەرێ.

تێپەڕینی ساڵ، مانگ و هەفتە و رۆژگار ئەوانی زیاتر لەیەک نزیک دەکردەوە، کە چوونە ساڵی ۱۹۹۷وە چەکدار پێیوابوو ئیتر بۆ زەماوەند شتێکی ئەوتۆ نەماوە. ئەو ساڵە لە کەمپی ساڵانەی مەکتەب دەیانتوانی زیاتر کات بەیەکەوە بەرنەسەر و زیاتر یەکتر بناسن. هاوینی داهاتوو دەبوون بە ۱۸ساڵ و دەیانتوانی بڕیاری سەربەخۆی خۆیانبدەن، بەمشێوەیە بۆ پێکهێنانی ژیانێکی نوێی هاوسەرگیری لەبەردەمیاندا رێگری نەدەما.

پیلانەکانی دەستپێکی هاوین کە رووکەن هێنابوویە زمان گۆڕا بوون، ئەو روکەنەی چەکدار پێیوابوو دەیناسێت، بەڵام ئێستا بە چەکداری دەوت (دەبێت ببین بە گەریلا و بجەنگێین)، رووکەن ئەم بڕیارەی سەربەخۆیانە دابووی و، بەبێ ئەوەیشی پرس بە چەکدار بکات. چەکدار پێیوابوو کێشە نەبوو ئەگەر رووکەن وڵاتپارێز بوایە و هەڤاڵانی رێکخستن سەردانیان بکردایە و بچوایە بۆ کۆمەڵە کوردییەکان، ئەی باشە ئەم چوونی بۆسەر شاخە و بوون بە گەریلا لەکوێوە پەیدابووە؟!. بە گوێرەی رووکەن، وەکو داخوازییەکانی رۆناهی و بێریڤان، پێیوابوو (ناکرێت کچانی کورد دەستبەرداری وڵاتەکەیان ببن و بچنە وڵاتی غەریبییەوە، دەبێت دڵی کچانی کورد لە وڵاتەکەی خۆیان لێبدات و بۆیبسوتێن)، بەڵێ رۆناهی و بێریڤان بەدەم ئەم دروشمەوە ئاگریان لەگیانی خۆیان بەردابوو. چەکدار لەمبارەیەشەوە هیچ کێشەیەکی نەبوو، چەکدار پێیوابوو مادام مەسەلەکە بەمشێوەیەیە دەتوانن لە وڵاتەکەی خۆیان هاوسەرگیری بکەن. لەم حاڵەتەدا رووکەن وتبووی (گەنجانی هاوتەمەنی ئێمە، لە وڵات لەهەمبەر زوڵمی دەوڵەت تێدەکۆشن و سنگی خۆیان دەکەن بە قەڵغان، ناکرێت ئێمە تەنها بیرلە خۆمان بکەینەوە، ئەمە خۆپەرستییە)، چەکداریش لەهەمبەر ئەم قسانە هیچی نەوتبوو. چەکدار بە قەدەری خۆی رازیبوو، بڕیاریدابوو رووکەن روو لە کوێ بکات ئەویش دەچێتە ئەوێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

له مانگی تەمموزدا، کاتێک خانەوادەکانیان پێیانوابوو رووکەن و چەکدار له کەمپی مەکتەبن، بەڵام ئەوان لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی له هۆڵەندا و وڵاتانی تری ئەورووپاوه هاتبوون بەشداری کەمپی سیاسی و ئایدۆلۆژی پەکەکەیان کردبوو. بۆئەم مەبەستەیش له گوندێک شوێنێکی فراوانیان بەکرێ گرتبوو. چواردەوری ئەم شوێنە دارستان بوو، گرووپێکی قەڵەباڵغ بوون نزیکەی ۳۵ کەسێک دەبوون.

ئەم خولی پەروەردەیه که رووکەن و چەکدار به ئارەزووی خۆیان بەشدارییان تێداکردبوو، هەموو کاتژمێرێک سەرقاڵی مەشق و پەروەردە بوون. بەیانیان زوو هەڵدەستان و وەرزشیان دەکرد، دوای نانی بەیانی هەتا کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ هەموویان بەیەکەوه پەروەردەی سیاسییان دەبینی، دوای ئەوەی لەکاتی نیوەڕۆ کەمێک پشوویاندەدا، جارێکی تر دەستیان دەکردەوه به پەروەردەی سیاسی. ئێوارانیش یاری بالەیان دەکرد لەگەڵ یاری تێنس. شەو تەماشای تەلەفزیۆنیان دەکرد و لەگەڵ هەڤاڵە پێشەواکانیان، گوێیان له سەرۆکەکەیان دەگرت که لەبارەی رۆژەڤەوه شرۆڤەی دەکرد. شەو دوای کاتژمێر۱۱ دەچوون بۆ نوستن.

ژیانی ئەم کەمپە زۆر جدی بوو، به دسپلین بوون و هەموو شتێکیان به بەرنامە بوو. رووکەن بەم رەوشە راهاتبوو، بەڵام چەکدار تازه بەم ژیانە ئاشنا دەبوو. رووکەن کەسێکی به ووره و ووریا بوو، زوو ئەمکارەی پەسەند کردبوو. رووکەن شێوازی ژیانی ئەورووپای قەبوڵ نەدەکرد، دەیزانی ژیانێکی بێمانایه. هەستکردن به ئەندام بوون لەناو گەلێکی ستەم دیده و هەستکردن به داگیرکردنی وڵاتەکەت و هەستکردن به پێویستیکردنی خەبات بۆ ئەم ئامانجانە رۆژ لەدوای رۆژ چاوی چەکداریان دەکردەوه. چەکدار و رووکەن وڵاتیان هەبوو، گەلیان هەبوو، مێژوویان هەبوو، کولتور و زمانیان هەبوو، بەڵام هەموویشی لەژێر هەڕەشەدابوون. لەهەمبەر ئەم هەموو هەڕەشانەدا بەرخودانیش هەبوو، دوژمن هەموو سەرهەڵدانەکانی سەرکوتکردبوو، خوێنی ئەم میللەتەیان رشتبوو، وڵاتەکەیشیان کردبوو به چوار بەشەوه، سەرەڕای هەموو شتێکیش بەرخۆدان هێشتا بەردەوام بوو. پەکەکە و سەرۆکەکەی گەیشتبوونە ئاستێک، گەلی کورد لەناو خودی خۆیدا سەرۆکێکیان دەستکەوتبوو که وەکو چاوانیان خۆشیاندەویست. بۆ پوکانەوه و نەهێشتنی ئەم سەرۆکە مێژوویيە، تورکیا له ۱۲ی ئەیلول کودەتایەکی سەربازیا تێدا ئەنجامدرا. گەل به تێکڕا رووبەڕووی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەشکەنجە و زیندانی ببوونەوە. زیندانی ئامەد قەڵای ئەو ئەشکەنجە هۆڤییە و بەرخۆدانی ئازادیەیش بوو. لەو زیندانەدا، مەزڵومەکان و چوار مەشخەڵەکەی زیندانی ئامەد و مانگرتنی هەتا مردن و شەهیدەکان رێگربوون لەهەمبەر ئامانجەکانی دەوڵەتی تورک. بەدەم هاواری ئازادی زیندانی ئامەدەوە، لە ١٥ئابی ساڵی ١٩٨٤ یەکەم فیشەکی ئازادی تەقێنرا. ئەمەیش بوو بە هۆکار کە خەڵکی ترس و تۆقین لەخۆیان دابماڵێن و سەرهەڵدان دەست پێبکەن. زەکییە، رەهشان، رۆناهی و بێریڤان ئەم کچە قارەمانانەی ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا و، بوون بە سیمبوڵی ئەم گەلە. زیلانیش بە چالاکییە مەزنەکەی خۆی رووپەلێکی نوێی لە بەرخۆدانی ئەم گەلە و ئەم شۆڕشە کردەوە. جگە لەمەیش وتبووی (خۆزگە جگە لە رووحم شتێکی ترم هەبوایە بمدایە بە گەلەکەم).

هەتا پێش ئەم کاتە چەکدار لە دوورەوە چاودێری شۆڕشی دەکرد، بەڵام ئێستا لەسایەی ئەم خولی پەروەردانەوە مەسەلەکە چوبووە خوێنییەوەی. وڵاتەکەی چەکدار لەژێر ئاگردابوو، بەڵام ئەو دەیویست ئارەزووە کەسییەکانی خۆی بەجێبهێنێت. ئەو پێیوابوو ژیان تەنها لە ژیانی هاوسەرگیری پێکدێت، بەڵام ئێستا ئەو سنورەی بۆ عەشقەکەی دیاریکردبوو پێی تەنگ بوو. ئیتر ئەو حاڵی بوو هەموو پیرۆزییەکان پێویستیان بە عەشقە، ئەو لەوە تێگەیشت سەرەتا دەبێت لەگەڵ رووکەن وڵاتەکەیان ئازاد بکەن، ئینجا بیر لە خواستی خۆیان بکەنەوە. هەردووکیان بەیەکەوە ئەو رێگەیەیان دەگرتەبەر و ئەمەیشیان لەنێوان خۆیاندا پیرۆزکرد. بەڵێ لە خولی پەروەردەکەدا فێربوون کە دەبێت لەپێناو عەشقدا، خۆت فیدابکەیت و لە پێناو نیشتیمانەکەتدا، عەشقەکەت فیدا بکەیت. لەم دونیای کەپیتالیزمەدا لە شارەکاندا بۆ تێربوونی سک دەبێت شەو و رۆژ کاربکەیت و بەبێ هیچ ئامانجێک ژیان بەسەر بەریت و کە کاتی مردنیش هات بەبێ ئەوەی هیچ نرخێکت هەبێت دەمریت، ئەمەیش ژیانێکی مایەپوچە. بێریتان لەگەڵ مارەبڕەکەیدا بەشداری شۆڕشیان کردبوو، زیلانیش لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هاتبووە ناو شۆڕشەوە. ژمارەی ئەوانە کەمنین کە منداڵ و هاوسەریان جهێشتووە و لەناو شۆڕشدان. چەکدار و روکەنیش بەیەکەوە دەچوونە ناو هەمان کاروانەوە. رەگی داری بەرخۆدانیان باشتر بەهێز دەبێت و پەلوپۆ دەکات و بە واتادارتر دەبێت. دەیانتوانی لەسەر شاخ داستانی عەشقێکی سەردەمیانە بنووسنەوە. رێبەر ئاپۆ باسی لە (بە ریفۆرمکردنی مەم و زین و دەروێش و عەدول دەکرد)، رێبەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئاپۆ دەیوت (مێژوو لە رۆژانی ئەمڕۆماندا و ئێمەیش لە سەرەتای دەستپێکی مێژوودا شاراوەین).

ماوەی کەمپەکەیان ٤٥ رۆژبوو، دوای ٤٥ رۆژەکە، یەک بەیەک لە بەشداربونیان دەپرسی ئێستا بڕیاری چی دەدەیت؟. ئەوانەی دەیانوت هەستدەکەن ئامادەن، داوایاندەکرد بچن بۆسەر شاخ و ببن بە گەریلا. تیاشیاندا هەبوو دەیوت هێشتا ئامادە نییە ئەو بڕیارە بدات. چەکدار هەستی دەکرد کە دەتوانێت بچێت بۆ وڵات و، ببێت بە گەریلا. بەمشێوەیە دەکەوتە دوای خەیاڵ و خەونێکی گەورە و پیرۆزەوە. روکەنیش دەبووەوە ئەستێرەی ئەو خەیاڵانەی. ئەم بڕیارەی چەکدار لە چاوی رووکەن زیاتر و زیاتر مەزنی دەکرد و وەک قارەمانێک دەیبینی.

لەدوا رۆژاندا هەستی بە نیگەرانی رووکەن کرد، هەڵبەت بۆکچێکی ئەو تەمەنە سەربەخۆیانە دەستبەرداربوون لە کەسوکار هەروا ئاسان نەبوو. دەیانویست هەلێک بدۆزنەوە و قسە لەگەڵ یەکدا بکەن. ئێوارەیەک کاتێک هەڤاڵەکانیان لە باخچەکە یاری بالەیان دەکرد، چەکدار لە باڵکۆنەکەوە لەوانیانی دەڕوانی، لەناکاو رووکەن هاتە لای، رووکەن پێیوت (هەڤاڵ چەکدار پێویستە بەیەکەوە قسە بکەین)، وتنی وشەی هەڤاڵ هەموو خەمەکانی دەرەواندەوە، رووکەن زۆر بە جوانی و بە شیرینی دەیوت هەڤاڵ. چەکداریش لەناخی دڵییەوە پێیوت (فەرموو هەڤاڵ).

سەرەتا رووکەن نەیدەزانی لەکوێوە دەستبکات بە قسەکردن. رووکەن پێشوتر باسی ئازادی و سەربەخۆیی و ژیانی ئازادی و پێویستی بوون بە گەریلابوونی بۆ چەکدار کردبوو، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی شەرمەزارانە پێیوت ( چیا بۆ ئێمە ناگونجێت، ژیانێکی سەختە و پێمان ناکرێت!)، ئایا دەکرا رووکەن ویستبێتی چەکدار تاقیبکاتەوە؟، نەخێر..نەخێر، رووکەن زۆر جدییانە قسەی دەکرد. رووکەن دەیزانی چەکدار لەسەرخواستی خۆی بۆ ئێرە نەهاتووە و عەشق و خۆشەویستەکەی بەلکێشی ئێرەیان کردبوو. لە کەمپەکەدا بوارێکی زۆری دەستکەوتبوو کە بیر لە عەشق و خانەوادەکەی بکاتەوە. دەیانتوانی هاوسەرگیری بکەن و لەهەمانکاتدا وەکو وڵاتپارێزێک هاوکاری شۆڕشیش بکەن. هەموو کەسێک وەکو یەک، یەک ئیرادەیان نییە، هەریەکەو بەجۆرێک دەتوانێت خزمەت بە شۆڕش بکات کە ئەمەیش شەرم و کەموکوڕیی نییە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەگوێرەی چەکدار ئەوجۆرە ژیانە شەرم و کەموکوڕیی نییە. تەنانەت هەرلە سەرەتاوە باسی ئەم مەسەلەیەی کردبوو. ئەی باشە ئەی ئێستا؟، ئەو ئێستا بەوەی زانی کە دەرسیمییەکان و ئاگرییەکان و زیلانییەکان و ئامەدییەکان کۆمەڵکوژ کراون و ژن و کچیان رووبەڕووی دەستدرێژی بونەتەوە و ئێستایش گوێی لە هاوار و فەریادی ئەو خەڵکە دەبێت، ئایا دەتوانێت ئاسودە بێت و لە ئاستیاندا خۆی لە گێلی بدات؟، لەهەمانکاتدا خۆی فیدا دەکرد لە پێناو عەشقەکەی ئەمەیشیان هەر راستبوو، بەڵام ئێستا بۆی دەرکەوتبوو کە ناکرێت عەشق تەنها لە چوارچێوەی کچێکدا قەتیس بکرێت. ئەگەر ئەمەی بکردایە بەواتای بە خاوەندەرچوون لەخۆی و خۆپەرستی دەهات. عەشقە نوێیەکەی بەرەو دەریایەکی تری دەبرد. رووکەن ببوو بە رووبارێک کە گەیاندبوویە ناو دەریاوە، بەڵام نەیدەتوانی بگەڕێتەوە. بە روکەنی وت (راستە گەنجین، ئەزمونی ژیانمان لاوازە و داخوازیمان لە ژیان کەمە. من بەدوای تۆدا هاتم، من زۆر سەرسەختانە تۆم خۆشویست، خۆشەویستیم رۆژ لەدوای رۆژ مەزن بووەوە. لەبەرئەوەی تۆ منت بەدوای خۆتدا بۆ ئێرە هێنا منەتدارم، چونکە لێرەدا بەخەڵکی خۆم ئاشنابووم. لێرەدا فێربووم گەلەکەم لەژێر هەڕەشەی نەماندان و گەیشتمە ئەو دەرەنجامەی دەبێت لەپێناو رزگاری ئەواندا شتێک بکەم. هەتا دوێنێ ئەم شتانەم نەدەزانی بەدوای ژیانی تایبەتی خۆمدا وێڵ ببووم. لە سایەی تۆدا فێر بووم ئەو جۆرە ژیانە بێمانایە. ئەگەر ئەو راستییانەم بزانیایە و دەستبەرداری خۆپەرستی خۆم نەبومایە بەمە دەڵێن خیانەت. لێرە بەدواوە لەپێناو داستانەکانی وڵاتەکەی باوباپیران و نەنکەکانمان خەبات دەکەم. لەم بارەیەوە بە بڕیارم. ئەگەر توانام هەبێت دەمەوێت تۆیش بەدوای خۆمدا بهێنم. بیر لەوە دەکەمەوە هەردوکمان بەیەکەوە ئەو خەباتە بکەین. ئەگەر نەهاتیت بێشک تۆمەتبارت ناکەم، هەروەها لەیادیشت ناکەم، هەمیشە دەبیتە تاجی خەون و خەیاڵەکانم. بەیەکەوە دەستمان پێکرد، ئەگەر بەیەکیشەوە دەستپێبکەینەوە خۆشتر دەبێت، ئەگەر نەشهاتیت..... قەدەر نەبێ .....)، چەکدار چاوەکانی فرمێسکیان تێدا قەتیس مابوو، جارێکی تر پێیوت (ئەگەر نەشهاتیت، ئەوەبزانە لەسەر چیاکانی کوردستان دڵێک هەیە کەبە عەشقی تۆوە بە ژیانەوە بەندە).

رووکەن تەنها وتی: (بیری لێدەکەمەوە)، رۆژی دوای بەرپرسیارانی کەمپەکە، یەک..یەک قسەیان لەگەڵ ئەوانەدا کرد کە بەشدارییان کردبوو، پرسیاری دوا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بڕیاریان لێکردبوو. رووکەن لەناو ئەو گروپە ٥بۆ٦ کەسیەدابوو کە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. ماڵئاواییکردنی لەگەڵ چەکدار کەمی خایاند. رووکەن هیوای سەرکەوتنی بۆ چەکدارە دڵ شکاو خواست، بەڵێنی پێدابوو ئەوەی لەیاد ناچێت. پێیوتبوو ئەگەر لە ئەوروپایش بمێنێتەوە لە شۆڕش دانابڕێت، بە هەموو توانای خۆیەوە پشتگیری و هاوکاری شۆڕش دەکات.

ئەگەرچی چەکدار دانی بە مەسەلەکە نەهێنابوو بۆ رووکەن، دوای ماڵئاواییەکە دوودڵبوو لەبارەی ئەوەی ئایا بڕیارێکی گونجاویداوە یاننا. لەسەرەتادا ئەمە زەحمەت دەبێت، بەڵام دڵنیایە لەوەی کە زۆر بیریدەکات. چەکدار لەگەڵ خۆیدا گەنگەشەی ئەوەی دەکرد ئایا باشیکردووە کە گوێی بۆ رووکەن نەگرتووە. چوونی بۆسەر چیا زەحمەت نەبوو. ئەوەی زەحمەتبوو، بێشک ئەوەبوو لەگەڵ چیادا رابێت. شەڕێکی چەتوون لەگەڵ سەختی چیاکان دەستی پێدەکرا، لەگەڵ راهاتنیش بەبێ روکەنی.

هەڤاڵانی بەرپرسی ئەوروپا بە چەکداریان وتبوو (سەرەتا بەشداری لە خولی کەمپ دەکەیت و مەشقی سەربازی دەکەیت و ئەزمون بەدەست دەخەیت)، بەڵام کە دەگاتە کوردستان لە مانگی ئەیلول راستەوخۆ خۆی لەناو شەڕوپێکدادانەکان دەبینێتەوە. ئۆپەراسیۆنی گزنگ بواری بۆ نەرەخساندبوون، بەڵام هێزی گەریلا هێرشێک ئەنجام دەدەن و حاجی عومران و سیدەکان لەژێر دەستی پەدەکە رزگار دەکەن ،و ئەمەیش مۆراڵی چەکداری پێبەرز دەبێتەوە. سوپای تورک بەخێرایی موداخەلەی ئەم رەوشەی کرد، بە تانک و تۆپ و تەیارەوە هێرشیان ئەنجامدا، گەریلاکانیش ناچارمابوون پاشەکشێ بکەن. لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵە بەهۆی جێگۆڕکێیانەوە زۆر ماندوببوون. تەنانەت هەڤاڵی هەبوو بەهۆی سەرماوە رەق ببووەوە. ئەو هێشتا لەگەڵ سرووشتی شاخدا رانەهاتبوو، ئەو کەموکوڕییانەی هاتبوونە ئاراوە چەکدارییان نارەحەت کردبوو. لەو کاتوسات و لەوکاتی مەینەتییانەدا بەخۆی دەوت (تۆبڵێیت رووکەن لەسەر حەق بووبێت؟)، ئەم پرسیارە بەردەوام مێشکی جەنجاڵ دەکرد.

وتنی ئەوەی (بە دەنیزەوە خۆم بە چەمکی بەرخۆدانەوە گرت)، ئەمە تەنها لەبەرئەوە نەبوو دڵنەوایی دەنیزی پێبدرێتەوە، بۆئەوە وترا ئەوکاتەی دیلکەوت نەیدەزانی چیبکات. جەستەی بێ گیانی هەڤاڵ شیمال کە لە باوەشیدا گیانی لەدەستدا، تووشی شۆکی کردبوو. کاتێک لەلای پێشمەرگەکان دیلبوو خۆی بێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چارە و تەنیا و بێ دەسەڵات بینی بوو. ئەمجارەیان دەنیز ناڵای چەمکی بەرخۆدانی دابووە دەستییەوەی. لەوانەیە دەنیزیش وەک رووکەن لە شوێنێکدا جێیبهێڵایە. (نەخێر..نەخێر، دەنیز جێمناهێڵێت ئەو هەڤاڵەکانی جێناهێڵێت).
ئەوکاتەی جەبار لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرد، بەگوێرەی خۆی رێگەیەکی سێیەمی بینیبووەوە، ئەو ئێستا لەلای زبڵەکەی پشت دەرگای ژوورەکەوە چەماوەتەوە و نێوچەوانی خوێنی لێیدەچۆڕێت و جلوبەرگی شیتاڵ بووە و بیری لەو بەڵگانە دەکردەوە کە لەسەر قەنەفەکە دانرابوو و لەبارەی دەنیز و ئەمەوە بەدەستیان خستبوو. ئەو گومانی لەوە نەبوو کە بەڵگەکان لەناکامی خیانەت بەدەستکەوتوون، ئەوەیشی دەزانی ئەو کەسانە ئەوجۆرە خیانەتە دەکەن، ئەی باشە هەڵوێستەکەی دەنیز هیچ ئەنجامێکی دەبوو؟، لەمبارەیەوە هیچ تروسکاییەکی نەدەبینی، تەنها و تەنها شەرەفیان دەپاراست.
جەبار ئیشاراتی بۆ چەکدار کرد لەنێوان کورسییەکە و مێزەکە دانیشێت، دیاربوو جەبار درکی کردبوو چەکدار بێچارەیە، ئەمانە ئەوەندە لێپرسینەوەیان کردبوو مێشکی مرۆڤیان دەخوێندەوە. دەلیلیش کە چەکداری بەوشێوەیە بینی هیوایەکی پێهێنابوو کە ئەویش وەک خۆی لێهاتبێت. هەر لە ژوورەکە دەلیل فرسەتی بینیبوو بە چەکداری وتبوو (وەک دەنیز مەکە، ئەوە دەیەوێت خۆی بکات بە قارەمانێک کە لێرەدا بێبایەخە، بەم جۆرە قارەمانێتییەوە ئیش ناڕوات بەڕێوە، ئەقڵت بەکار بهێنە، ئەگەر ئێستا پێیانبڵێیت دەستبەرداری شۆڕش بوویتە، خۆت رزگار دەکەیت، ئەگەر ئازاد بویت دەتوانیت جارێکی تر بچیتەوە ناو شۆڕش)، تەنانەت ئەوکاتەی کردبویاننە ناو کۆستەرەکەیشەوە کە بۆ ناکرێ بیانبەن، دەلیل هەمانشتی بە چەکدار وتبووەوە. پێیوتبوو (گوێ لەم تورکمانە شێتە مەگرە و پاشەڕۆژی خۆت مەسوتێنە، پێویستە بزانیت بە گوێرەی قۆناغەکان رەفتار بکەیت).
بەدرێژایی ئەو رۆژە باسیان لە قۆناغی پراکتیکی تەسلیمییەت کردبوو، بێدەنگ بوون لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە، چەکدار ئەم مەسەلەیەی گرێیدابوو بە رێگەی سێیەمەوە، بەخۆی دەوت کە دەچینە ساڵی نوێوە، دەبێت بڕیارێکی نوێ بدەم. لە ژێر بەتانییە پیس و چڵکاوییەکەوە بیری لە کەمپەکەی هۆڵەندای دەکردەوە و بیری لە قسەکانی رووکەن دەکردەوە، کە لە کاتی ماڵئاوایی کردبووی، هەروەها ئێستایش بیری لە رەوشی خۆی دەکردەوە. ئەو هێشتا بیری لە دوا نیگاکەی شەهید شیمال دەکردەوە و، گوێی لە دەنگی نوزانەوەی زەینەب دەبوو،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گوێچکەیشی بە قسەیەکی دەنیز دەزرنگایەوە کە پێیوتبوو (ئەو بەڵێنە لەیاد ناکەین کەبە سەرۆک ئاپۆمان دابوو)، بەخۆی وت (دەبێت خۆڕاگربم)، ئەمەیش لە بەرەبەیانی ساڵی نوێ بوو کە بێ خەو و بێ حەوسەڵەبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ١١

# یەکەم هەڵاتن

(ئاخ هەڤاڵ دەنیز، دەبینم بەم بەیانییە دژ بە کێچ و ئەسپێ کەوتویتە جەنگەوە)،(لەگەڵ چەتەکاندا کەمێک ئەزموونمان هەیە)،(راستە هەڤاڵ، دەستەکانت خۆشبێت، ئەی باشە بۆچی جگەرەیەکم بۆ ناپێچیتەوە؟).
جودی کە درکی کرد دەنیز نارەحەت بووە، بەتەنیا جێی نەدەهێشت، سەرەڕای ئەوەی جگەرەی نەدەکێشا، بەڵام زۆر بەجوانی جگەرەی دەپێچایەوە، جودی نەیدەزانی چی بڵێت، بەڵام قسەکردنی لەگەڵ دەنیزدا کردبوو بە بەهانە. زۆرینەی زیندانییەکانی قاوشەکە خەڵکی باشوری کوردستان بوون. لەناویاندا هەبوو بەرگری میللی بوون و دەرگای ماڵەکانیان بۆ گەریلا کردبووەوە و، وڵاتپارێز بوون. دەنیز لەبەرئەوەی کوردی نەدەزانی بەشداری گەنگەشە و قسەوباسەکانی نەدەکرد. لەوکاتەوەی گیرابوو هەتا ئەم کاتەیشی لەناو شۆکدابوو. ئەو ئەم دیلبونەی هەزم نەدەکرد. ئەو بیری لە تەسلیمییەتی هەڤاڵەکانی دەکردەوە و بیری لەوە دەکردەوە کە بوونە بە هێزێک بۆ دوژمنانیان، کە ئەمەیش کاریگەرییەکی زۆری لێکردبوو. ئەو لە بوونی ئەم کارە سەری دەرنە دەچوو. بیری لە چارەسەری و هەڵسەنگاندنەکانی سەرۆک ئاپۆی دەکردەوە کەلەبارەی کەسایەتی کوردەوە کردبووی. جارێکیان سەرۆک ئاپۆ وتبووی (کوردی کۆن لەهەمبەر مندا لە شەڕدان)، چونکە کوردی کۆن کولتور و ئیرادە و ئیدیعای ئازادی خۆیان لەدەستدابوو، دوژمن کوردبوونیانی مایەپوچ کردبوو، چونکە ئەوان لەپێناو ژیانێکی یەک ڕۆژانەیان پشتیان دەکردە بەها نەتەوەییەکان و خۆیان لەئاستی بەهاکاندا نامۆ کردبوو، ئەم ڕێگرییەی ئێستایش لەهەمبەر پەکەکە دەکرا ئاکامەکانی هەر ئەو کوردە خۆفرۆشانە بوون. ئەمەیشیان لە کەسایەتی کوردانی باشور زیاتر دەبینی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لێره له باشور شۆکێکی کولتوری دەبینرا، بۆ نمونه دادگایی فیودالی، لێپرسینەوەی کێشەی ناموس بە فیودالی، تیرۆری عەشیرەت، هەموو ئەمانە جێی بەها و نرخی نەتەوەییان گرتبووەوە. بەها بنگەییە کولتورییە هەزار ساڵەی گەلانی کوردستان و پابەندییە بە بەها ئەخلاقییەکان و رۆحی تەبایی و کۆمۆنالی و حەزی ژیانێکی ئازاد و له دوا سەد ساڵی پێشودا دەوڵەتی نەتەوەیی فاشیزم و سیاسەتی کۆلۆنیالی و سیاسەتی کۆمەڵکوژی کولتوری و بەم سیاسەتانەوە کولتوری خۆجێییان زۆر لاواز کردووە و کۆمەڵگایەکی سەرلێشێواوی لەخۆ وونبویان درووستکرد بوو. خێزان و عەشیرەت لەسەرووی هەموو بەهایەکەوە دانرا. ئەگەر کەسێک خۆی و خانەوادەکەی لەدەست ئەو سیاسەتە رزگار بکردایە، مانای وابوو کەسێکی بلیمەتە. ئەگەر کەسێک کاری خۆی بزانیایە ئەمە گرنگ بوو، کەواتە خاوەن ژیرییەکی مەزنە. پەدەکە ئەوانەی لەخۆ بەدوورگرت کە دژی سەدام شەڕیان کردبوو، بەپێچەوانەوە ئەوانەی جاشایەتییان بۆ سەدام کردبوو پلەوپایەی بەسەریاندا دابەشکرد و، ئەو نەبونی و بێکارییەی هاتبوونە ئاراوە کەسایەتییەکی خۆپەرستی لێخولقێنرا.

قسەوباسی زیندانەکە و ناو قاوشەکانیش بە گشتی بەمشێوەیە بوو کە باس لە زۆرزانی و کێ چەند ژنی هێناوە و کێ قۆڵی کێی بڕیوە و کێ و چەندجار سیخوڕی بۆ وڵاتانی دراوسێ کردووە و کێ و کوڕی کێ لەکام وڵاتی ئەوروپا دەخوێنێت و کێ سواری چ جۆرە ماشێنێک دەبێت. هەموو ئەم باسانە لەناکامی نارەزایی و حەسادەت بوو. ئەوانەی پەدەکە بوون جوێنیان بە پەدەکە دەدا، ئەوانەی یەنەکەیش بوون جوێنیان بە یەنەکە دەدا. دەنیز سەری لەمجۆرە کەسانە دەرنەدەکرد، چۆن لەناکاو و لە پڕێکدا دووڕوانە دەبن و پشتدەکەنە بەهاکانی خۆیان. دەنیز ئەمەی بە سەرشۆری نەریتی دەبینی و ئەوانەیشی کە بەچاوی هەڤاڵەوە لێی دەڕوانین کە ئێستا بەرگی پەکەکەیان لەخۆیان داماڵیوە و ئەوەیشی دەبینی کە ئەوەی لەهەمبەر سەرۆکایەتی دەجەنگێت بێگومان کوردانی کۆنن.

هەتا دوو رۆژ لەمەوبەر شۆڕش ئامەد هاتبووە پەنای و، پێیوتبوو (من ئیتر پەکەکە نیم)، ئەمەیشی زۆر بە زمانێکی سادە هێنابووە زمان. بەڕاستی ئەمە چۆن بەو شێوەیەی لێدەهات؟!، باشە چی بەسەر ئەم شۆڕش ئامەدە هاتبوو کە رۆژانێک بەیەکەوە نارەحەتییان چێژیوە و چالاکی سەختیان ئەنجامدابوو؟. ئەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئایا چۆن دەکرێت ئەو دەلیل عەفرینییەی لەیاد چوبێت کە ساڵێک لەمەوبەر کە شۆڕش ئامەد بریندار بیوو بۆ ئەوەی بە دیلی نەگیردرێت دەلیل بۆمباکەی بەخۆیدا تەقاندبووەوە. ئەی ئایا شۆڕش ئامەد نەیدەزانی لەسایەی دەلیل عەفرینی لەژیاندا ماوەتەوە؟، ئەی ئایا نابێت رێزی ئەو کاتوساتەی شەهید بوونی دەلیل عەفرینی بگرێت؟، ئەوکاتەی بیستیان لە هەولێر هەڤاڵەکانیان کۆمەڵکوژ کراون، هەر ئەم شۆڕش ئامەدە نەبوو کە دەیوت دەبێت یادی ئەو شەهیدانەمان بەرز رابگرین؟. ئەوکاتەی لە نەخۆشخانەی ئاڤەشین هەڤاڵە بریندارەکانی بەبەرچاوی ئەمەوە لە شاخەکە فرێدەدرایە خوارەوە و سەریان پاندەکردنەوە و ئەو زهنییەتەی ئەو برینداراەنەیان دەکوشت و بە حەبل رایاندەکێشان، چۆن دەکرێت ئێستا ئەو خزمەتی هەمان زهنییەت بکات؟!. هەرهیچ نەبوایە دەبوایە بیرێکی لە شاهان و زەمانی بۆزۆڤا و حەسەن قۆنیەیی و پڵنگ بکردایەتەوە. بۆئەوەی خۆی رزگاربکات و، کەمێک ئاسودە بێت. چۆن ئەو هەموو بیرەوەرییانەی لەمێشکی خۆی سڕیوەتەوە؟ بەڕاستی ئەمە خۆفرۆشتنێکی بێ بایەخ بوو.

قسەکەی شۆڕش کە وتی: (من ئیتر پەکەکە نیم)، وەکو فیشەک ئازاری بە دڵم گەیاندبوو، زۆر داخی کردە دڵمەوە. دەنیز بە زۆر دانی بەخۆیدا گرتبوو کە دەمودانی شۆڕش نەشکێنێت. دەنیز هەموو یادەوەرییەکانی بۆشۆڕش هێنابووە زمان و داوایلێکردبوو سەرلەنوێ بیربکاتەوە. دوای چەند رۆژێک بەسەر ئەم قسانەدا شۆڕش چووبوو بۆلای دەنیز و پێیوتبوو (هەڵەم کردووە و خۆم چاکدەکەمەوە)، شۆڕش پێشوتر کە مولازم ئاشور دێت بۆ سەرژمێری پێیوتبوو (من ئیتر پەکەکە نیم)، لەمبارەیەوە مەحمود وتی: (ئەگەر درەنگیش بوبێت کارێکی گرنگە دان بە هەڵەی خۆیدا هێناوە، بەڵام هەروەک چۆن لە پەنجەرەکەوە هاواریکردبوو بە بەرپرسیارانی زیندانەکەی وتبوو من ئیتر پەکەکە نیم، بەو شێوەیەیش دەبێت هاواربکاتەوە و بڵێت من پەکەکەم). لە راستی ئەمەیش دەردی گەورەی دەنیز بوو. بۆ رۆژی دوایی کە مولازم ئاشور هات، شۆڕش ئامەد پێیوت (مولازم ئاشور بڕیارمدا و سەرلەنوێ بوومەوە بە پەکەکە، شانازیش بە پەکەکە بوونمەوە دەکەم، بە هیچ شێوەیەک و هیچ کاتێکیش نابم بە پیاوی ئێوە). مولازم ئاشوریش پێیوتبوو (چیبکەین مادام بویتەوە بە پەکەکە کێشە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نییە، ئەگەر کەسێک بە تەنیا چاوێکەوە ئێمەی نەوێت، ئێمەیش بە دوو چاوەوە ئەومان ناوێت).

ئەم وەڵامە ناجدییەی مولازم ناشور ببووە مایەی پێکەنینی زیندانییەکان. لەهەمبەر ئەم وەڵامەدا شۆڕش تەریق ببووەوە، درکی کردبوو کەلە کەسایەتی خۆیدا تەعویزی داوە. نارەزاییەکەی گێزمیش نەفرەتی لێدەباری، کاتێک گێزمش، چەکداری لەگەڵ خۆیدا بردو ویستیان لەگەڵ شۆڕش قسە بکەن، بەڵام شۆڕش پێیانیوت (مەیەنە لام، بە تورکی قسەم لەگەڵ مەکەن، ئەگەر دوژمن بمانبینن باش نییە، لەوانەیە لێرە یەکێک سکاڵامان لێبکات). ئەم قسانەی شۆڕش بۆ هەردووکیان مایەی نیگەرانی بوو. کاتێک کە پێویست بوو کەسێک دڵنەوایی بداتەوە، بەڵام ئەو گۆشەگیری خۆی هەڵبژارد. ئەوان دەیانویست تەنها سڵاوێکی لێبکەن و دڵی بدەنەوە، بەڵام ئەو بەدەستی خۆی ئەمەی رەتکردبووەوە، هەروەها حەزی نەدەکرد بە تورکی قسە لەگەڵ هەڤاڵەکانی بکات، لەوە دەترسا کەسێک بە مولازمەکان بڵێت و، ئەوانیش لەبەرئەوەی حاڵی نابن نەبا دارکاری بکەن.

مەحمود لەبارەی ئەوانەی تازە هاتبوونە زیندانەکەوە زانیاری لە سەبری مەراش وەرگرتبوو. جودیش چەندینجار هێنابوویە زمان کە دەبێت دەنیز و چەکدار لەم بارەیەوە هاوکاری بکەن. هەرلە یەکەم رۆژەوە دەنیز درکی بەوە کردبوو کە پەیرەوکردنی سیاسەتی مەحمود سرووشتییانەیە و ژیانێکی رێکخستنی نییە و دسپلینیش پەیرەو ناکات. لەوەدەچوو مەحمود مەسەلەکانی وەکو خۆی جێهێشتبوو دابویە دەستی کاتوساتەوە. دەنیز دەیبینی کەلەناو هەڤاڵەکانیدا بەشێوەیەکی ناشکرا ناوترێت (من کادێرم)، ئەوان بەحاڵی خۆیان قایل ببوون و ئەم رەوشەیان قەبوڵ کردبوو، ئەوان هاوکاری زیندانییە تازەکانیان نەدەکرد و خۆیشیان بەو وڵاتپارێزانەوە سەرقاڵ نەدەکرد کە لە پێناو حزبەکەی ئەماندا زیندانی کرابوون. لەکاتی نۆبەی توالێتدا بەزمانێکی زۆر بێرێزانە جوێن بەئاسماندا گیڤەی دەهات. ئەوان بەوە رازی ببوون کە بەرێوبەرایەتی زیندانەکە دوو برا پیاوکوژەکە وەکو کڵاو بەسەریانەوە بن. کەس نەیدەزانی کێ چیدەکات. بەگوێرەی جودی ئەم کێشانە ئەوە نین کە چارەسەر نەکرێن. ناو مێشکی پڕبوو لە پرسیار و وەڵام. دەنیز دەیزانی پێویستە لەگەڵ چەکدار، مەحمود، جودی، کەمال روحا و حەسەن قسە بکرێت. ئەگەر ئەمە سەربیگرتایە سەرەتا دەوترا {کوا رێکخستن، هەڵوێستی ئێمە چییە، دەبێت لەهەمبەر کارەکانی پەدەکە چیبکەین؟}،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەحمود وتی: (باش بوو ئەم پرسیارانەت کرد، منیش بە نیازبووم هەمان پرسیار بکەم)، مەسەلەکانیان باسکرد، بەڵام وەڵامەکان بۆ دەنیز مایەی شۆک بوو. مەحمود وتی: (ئەگەر بڵێم کێشەیەکی ڕێکخستنیمان نییە درۆ دەکەم، بەرخودانەکەمان بەرخودانێکی زۆر ووشکە)، بەم قسەیە بێت تەسلیمییەت و هەڵوێستی ڕێکخستنی نایەتە ناراوە، بەڵام ئەگەر ووشکیش بێت بەرخۆدان دەکرێت. باشە ئەگەر ئەمە گونجاویش بێت، ئایا دەکرا بەردەوامی پێبدرێت؟، ئایا بەڕێکخستنکردن نەبێت و بەرخۆدانێک بۆ فراوانکردنی بواری ژیان پێکنەهێنرێت دەتوانێت بەردەوام بێت؟، ئەی ئەوە گرنگ نییە کە جیاوازی پەکەکە لەوەدایە ڕەدی بەرخۆدانی ووشک ناکاتەوە؟، قسەکانی مەحمود کە دەڵێت (هەڵوێستی ڕێکخستنی نییە، بەڵکو بەرخۆدانی ووشک هەیە)، ئەمە ڕاستە؟، ئەمە جۆرێک بوو لە مایەپوچی. هەندێکجار مرۆڤی سەربە ڕێکخستن گوێی لەم جۆرە قسانە دەبێت دەمی دادەچەقێت و سەری سوڕدەمێنێت، بەڕاستی قسەکانی مەحمود ئەو پاروە بوو، کە مەعیدە قەبوڵی نەدەکرد.

مەحمود بەبێ ئەوەی درک بکات قسەکانی مایەپوچن، بەردەوام بوو، دەیوت (من خۆم جودی، جەمال، سەیفی، عومەر، زیاد، ڕێناس، حەسەن و ئەحمەد باش دەناسم)، هەموو ئەم هەڤاڵانە خاوەن چیرۆکی تایبەتی خۆیان بوون. هەموو ئەم هەڤاڵانە ساڵانێکی دورودرێژە لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا ڕەنجیانداوە، بەدەلی گرانیانداوە. زۆربەیان خاوەن شەهیدێکی زۆرن لەناو بنەماڵەکەیاندا، یان ببوون بە کەمئەندام. مەحمود و سەبری تەنیشت چاویان بریندار بوو، ریخۆڵەکانی جودی بریندار ببوون. قاچی سەلیم پلاتینی تێدابوو، برینەکانی ئەحمەد و شۆڕش هێشتا چاک نەببوونەوە، سەرەڕای ئەمەیش ئامادەی جێبەجێکردنی هەموو ئەرکێک بوون. زیاد سەرەڕای ئەوەی بەرگری میللی بوو، بەڵام بە دڵ وبە گیان ئەوەندەی کادێرێک خزمەتی بە شۆڕش دەگەیاند، کێشە کێشەی ئەزمونیش نەبوو. خەباتی چەند ساڵەیان لەناو شۆڕشدا وایانی لێکردبوون ئەزمونی باش بەدەست بخەن. وەکو حەسەن و عومەریش هەڤاڵانی تریش هەبوون کە بواری تیۆرییان بەرز بوو. کەباس لە هەموو ئەمانە دەکەین، ئێستا دەبوایە پێکهێنانی میکانیزمێکی ڕێکخستنی ئەوەندە گران نەبوایە، ئەی باشە بۆچی لەیەک گردنابنەوە کارێکی لەو شێوەیە ناکەن؟.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەحمود وتی: (ئەگەر هەموومان لەچواردەوری یەک کۆببینەوە، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دەڵێن ئەمانە سەرقاڵی کۆبونەوەن و هەموومان فەلاقە دەکەن، پێمانیان وتووە بەجیا دادەنیشن، ناشبێت بە تورکی قسە بکەن، بێگومان لەبەرئەوەی ئەوان وادەڵێن سەر شۆڕناکەین، هەرهەڤاڵێک بیەوێت دەتوانێت بچێت بۆلای هەڤاڵێکی تری و ئەوەیشی حەز دەکات چی بە کوردی و چی بە تورکی دەتوانێت قسە بکات، بەڵام دەزانم هەڤاڵمان تێدایە خۆی لەم بوارە نزیک ناکاتەوە).

ئەی باشە ئەشکەنجەی سیستەماتیک هەبوو؟. نەخێر نەبوو، بەڵام ئەو پێشمەرگانەی بە دەستی گەریلا زیانی زۆریان کردبوو، ئەوان ببوون بە چەقۆکێش و بە نارەزووی خۆیان لە گەریلا دیلەکان تۆڵەیان دەکردەوە؟، کە مەسەلەکە گەیشتە ئەم ئاستە، مەحمود و جودی کەوتنە قۆشمەیی و جودی بە پێکەنینەوە وتی: (لەبەرئەوەی هەڤاڵ مەحمود بچوک و خنجیلانەیە، ئەوکاتانەی دەیبەن بە ئاسانی دێتە دەستیانەوە لێدانیشی زۆر ئاسان و خۆشتر دەبێت، جەلادەکان زەوق لە تێهەڵدانی مەحمود دەبینن، خوویان بە مەحمودەوە گرتووە).

مەحمودیش وتی: (بەڵێ وایە هەڤاڵ جودی، مافی تێهەڵدانەکەی تۆیش من دەیخۆم، کە زلەیەکیان لێدا خۆی بوراندەوە و خۆی لەسەر عەردەکە درێژکرد .......)، کاتێک جودی خۆی دەبورێنێتەوە، مەحمود خۆی دەدات بە بانیدا و هاواردەکات هەڤاڵەکەمانتان کوشت، هەربۆیە پاسەوانەکان زۆر ترسابوون. حەسەن، جەمال و چەکدار بەم قسانە پێدەکەنین، دەنیزیش بیری لە مەسەلەی بەرێکخستن دەکردەوە. ئەو پێیوابوو ئەوکاتەی دەبرێن بۆ توالێت کەلێدان دەخۆن و جارناجارێک کە دەبرێن و دارکاری دەکرێن، بێگومان ئەم لێدان خواردنە نابێت بکرێت بە هۆکار کە هەڵوێستی یەکگرتوو نەنوێنن. دەبوایە هۆکارێکی تر هەبێت بۆ جێبەجێنەکردنی فەرمانەکانی بەڕێوبەرایەتی و گوێنەدان بە هەڕەشەکانیان.

دەنیز ئەوەی پرسی ئایا لە قاوشەکانی تردا هەڤاڵمان هەن یانا؟. پێیانوت نەخێر، تەنها لەم قاوشە بوونمان هەیە، بەڵام ٦ گەریلای کچ لە زیندانەکە بوون، کە سیانیان لە هەولێر و سیانەکەی تریشیان لە ئاڤەشین دیلکرابوون، مادام لە قاوشدا نین کەواتە لە حوجرەی تاکەکەسیدا دایاننناون. بەهار و رەیحان لەبارەی ئایدۆلۆژیاوە زۆر بەهەڵوێست بوون، لەبەرئەوەی هەڵوێستی سیاسییان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نواندبوو لە حوجرەی تەنها و جیاواز دایاننابوون، لەرێی چوکلێتە نامەوە ئاڵوگۆڕی نامەیان لە نێوان خۆیاندا کردبوو، ئەوکاتەی دەبران بۆ تەوالێت، لەژێر دەرگاکەوە نوسراوەیان پێیاندەدا.

بەڵێ مەسەلەیەکی تری وەرسکەر هاتەئاراوە، ٦هەڤاڵی کچ نەیانتوانی بوو بەیەکەوە هەڵوێستێکی هاوبەش نیشانبدەن، لەئاکامدا دوو هەڤاڵی کچیان لەوانی تر جیاکردبووەوە و لە حوجرەی تر دایاننابوون. دەنیز لەم مەسەلەیە سەری دەرنەدەچوو، مەحمود بە دەنیزی وت (سبەی کە دەبرێن بۆ پیاسە لە حەوشەکە، بە بیانوی ئاوخواردنەوە هەڵسە و لە پەنجەرەکەوە دەتوانیت ئەوان ببینیت)، دەنیز وتی: (بۆچی بە بیانوی ئاو خواردنەوە؟)، مەحمود وتی: ( ئەوکاتەی هەڤاڵانی کچ لە حەوشەکە پیاسەیان پێدەکرێت بەڕێوبەرایەتی قەدەغەیان کردووە کەس لە شوێنی خۆی هەڵبسێت و لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوە بڕوانێت، ئەگەر کەسێک سەرپێچی بکات دارکاری دەکەن)، دەنیز گومانی هەبوو، ئایا ئەم هەڤاڵەی شۆخی پێدەکات یاننا، هەربۆیە لە چاوەکانی دەڕوانی. ئیتر دەنیز دڵنیابوو قسەکانی مەحمود هەمووی راستن. لەمبارەیەوە هەموو هەڤاڵانی جدی بوون. ئەوکاتەی هێنایان بۆ زیندانی ئاکرێ، دەنیز پێیوابوو هەموو هەڤاڵانی ئێرەی میکانیزمی رێکخستنیان پێشخستووە و دسپلینی ژیانی رێکخستنییان خستووەتە بواری ژیانەوە. دەنیز بەخۆی دەوت (پارتەکەمان حیسابمان لێدەپرسێتەوە، لەبارەی رەوشی ژیانەوە داوای راپۆرتمان لێدەکەن، دیلبوونم بە دوژمن بە ئاسانی قەبوڵ ناکرێت، بەدەم رەخنە لەخۆ گرتنەوە هەڵەکانی خۆم چاکدەکەمەوە، بەهێز دەبم و دێمەوە سەرپێی خۆم، بێشک حیساب بۆ بوختانەکانی دەلیل، سەرهەڵدان، شڤان و کامەران دەکرێت)، هەموو ئەم بیرکردنەوەیەی وەکو هەڵم بە ئاسماندا بڵاوببوونەوە، راستی مەسەلەکانی ئێرە وەک هەرەسی بەفر دایپۆشی بوون، جارێکی تر هەستی بە تەنیایی و بێچارەیی دەکردەوە.

چەکدار لە مەحمودی پرسی (هەڤاڵ مەحمود بواری ئەوەمان هەیە نامە بۆ رێکخستن بنێرین؟)، دەنیز بە ئومێدێکی زۆرەوە چاوەڕێی وەڵامەکەی بوو، مەحمودیش وتی: (بەڵێ، هەڤاڵان نامەیەکی بچوکیان پێگەیاندین، ئێمەیش ناوی هەڤاڵانی ئێرە و رەوشمان بۆ باسکردن، هەندێک لە خانەوادەی وڵاتپارێزانمان لە گوندەکانی سلێمانی و قەندیل دەژین، رێکخستنمان لەرێی ئەوانەوە ئاگاداری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رەوشی ئێمەن)، دەلیل پۆرسپی کە لەژێر پەنجەرەکە لەگەڵ کەسێکدا دانیشتبوو قسەیان دەکرد، مەحمود بە دەست ئەوانی نیشاندان و، وتی: (ئەوەی لەوێ دانیشتووە مەلا ئیدریسە، خانەوادەکەی لە قەندیل دادەنیشن، رێکخستنمان لەڕێی خانەوادەی ئەوەوە پارەیان بۆناردین، گومانی ئەوەهەیە بڕێکی زۆری ئەو پارەیە مەلا ئیدریس بۆخۆی هەڵیگرتبێت، کابرایەکی زۆر فێڵبازە، هەرچەندە لەمبارەیەوە نکۆڵی دەکات، بەڵام لە دەریشەوە هەر دوو رووە، لەهەمانکاتدا کار بۆ ئێمە و بۆ یەنەکەیش دەکات، بەڵام پێموابێت خانەوادەکەی کەسانی باشن).

لەناو ئەو هەموو ناڕەحەتییەدا ئەمە یەکەم مەسەلە بوو کە دەنیز کەمێک پێی پێ بکەنێت. بێشک هەواڵ گۆڕینەوە و نامە گۆڕینەوە لەگەڵ رێکخستن کارێکی گرنگ بوو. دەنیز لە مێشکی خۆیدا بیری لە شێوازی نوسینی راپۆرت کردەوە، مەحمود بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی خۆی، وتی: (خەڵکی باشور ناڵێن دەچین بۆ ناو پەکەکە، چونکە خانەوادەکانیان لەلایەن پەدەکەوە ناڕەحەتییان بۆدروست دەبێت و عەزیەتیان دەدەن، هەربۆیە ئێمەیش پێمانباش بوو کە وانەڵێن، بۆنمونە هەڤاڵ سۆرۆ خەڵکی سلێمانییە، تەمەنی هەر ١٧ ساڵێک دەبێت، ناوە راستەقینەکەی نارمانج عەبدوڵایە، گەنجێکی راستگۆ و پاکە، کە دەیگرن بەبێ ئەوەی بڵێن هەرزەکارە لێدانێکی باشی لێدەدەن، سەرەڕای ئەمەیش تەسلیم نابێت و سەر نەوی ناکات، خانەوادەکەی هەژارە، کەس سەردانی ناکات، هەتا ئێستا باوکی یەکجار هاتووە بۆ دیدەنی، لەبەرئەوەی دایکی زۆر نەخۆشە ناتوانن بیهێنن بۆ ئێرە، لەماوەیەکی کەمدا لەگەڵ هەموو هەڤاڵان یەکتر دەناسن، هەموو هەڤاڵانی ئێرەمان دڵیان بۆ شۆڕش و بەرخۆدان لێدەدات.

دەنیز ئاگای لەخۆی نەمابوو، چەکدار ئەوەی بە مێشکیدا دەهات پرسیاری لەبارەیەوە دەکرد. مەحمود، کەمال و جودیش بەگوێرەی توانای خۆیان وەڵامیان دەدایەوە. لە ئاکامدا قسەکانیان هاتەسەر باسی دوو برا موراقیبەکە کە ناویان وەهاب و وەحید بوو، لەبارەی ئەمانەوە دەیانوت هەردووکیان پێشمەرگەی پەدەکەن و، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی دوژمنایەتییەوە ئەمکارە دەکەن و، ئەگەر کێشەکەیان چارەسەر بکرێت وازلەم کارەیان دەهێنن، ئەم دوانە باشترین پیاوی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەن. بچوکترین شت روویبدایە لە قاوشەکان دەستبەجێ دەیانگەیاندە ئیدارە، بەڵام لەبەرئەوەی لە پەکەکە دەترسان کەمێک دەسڵمینەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەنیز نەیدەتوانی بەباشی گوێ لە نەبونی سۆرۆ بكات و گوێ لە كردارەكانی دوو برا موراقیبەكەیش بگرێت. دەنیز بە قسەكانی مەحمود كە وتبووی (رێكخستن نییە، بەڵام بەرخۆدانی ووشك هەیە، هەندێكجار هەڤاڵان دەبەن و داركاریان دەكەن، بەبیانوی ئاو خواردنەوە، هەڵسەو لە هەڤاڵە كچەكان بڕوانە)سەرسام ببوو، بەڵام دڵی بەوە خۆشبوو كە وتیان (دەتوانین لەگەڵ رێكخستن نامە بگۆڕینەوە)، دەیویست بە زووترین كات راپۆرت بۆ رێكخستن بنوسێت. دەیویست سەرەتا رەخنەی خۆی بكات، دەیویست بڵێت چارەسەری پێشنەخستووە و لەئاستی رووداوەكان وەڵامدەر نەبووە و، نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست لەسەر رێچكەی رێكخستن كێشەكان چارەسەر بكات و، بەباشی نوێنەرایەتی رێكخستنی وەك پێویست نەكردووە، دوایش باسی ئەوانەی دەكرد تەسلیمییەتیان هەڵبژاردووە، دەیویست بە رێكخستن بڵێت باشتر ووریای خۆتان بن.

دەنگێك پێیدەوت (هەڤاڵ دەنیز خەریك بوو لەیادم بچێت، لەگەڵ هەڤاڵ دەلیل و سەرهەڵدان لەگەڵ هەڤاڵان جەمال و سەیفی قسەیان كردووە، بەسەر ئەو رەوشەدا زاڵ بوونە كە تێیكەوتبوون، وتویانە لەبەرئەوەی ترساون بۆیە لاوازییان نواندووە، لەوە ترساون نەبا رادەستی توركیا و سوریایان بكەنەوە، پەشیمانن لەوەی تەسلیمییەتیان هەڵبژاردووە و وتویانە دەچنە سەر هێڵی بەرخۆدانەوە)، دەنیز هەرخۆی وەڵامی ئەم دەنگە دەداتەوە و دەڵێت (نەخێر، درۆدەكەن، ئەمانە نەفرەتین).

بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بوبێت، ئەم قسانەی بەدەنگی بەرز وتبوو، تەنانەت كەمال، جودی، مەحمود و چەكداریش بەدەنگی دەنیز ئاوڕیان دابووەوە، تەنانەت چەندین كەسیش ئاوڕیان لە دەنیز دابووەوە، دەنیز دوایی دركی بەخۆی كرد كە دەنگی بڵند كردووە، هەستیكرد زیندانییەكان لەو دەڕوانن. لەناو هەموویاندا چەكدار بە دەنگی دەنیز سەرسام ببوو، ماوەی دوومانگێك بوو بەیەكەوە بوون، ئەمە یەكەمجاری بوو دەنیز بەو شێوەیە ببینێت، مەحمودیش بە شێوەیەك لە دەنیزی دەڕوانی كە بەتەما بوو پێیبڵێت (بۆ قسەكانی من ئەوەندە توندبوون كە بەوشێوەیە نارەحەت ببیت؟)، دەنیز دەیویست كۆنترۆڵی دەنگی خۆی بكات و بەردەوام بێت، ئەگەرچی بیشیتوانایە كۆنترۆڵی دەنگیشی بكردایە، بەڵام شڵەژاوییەكەی هەرپێوەی دیاربوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جارێکی تر دەنیز لەبەرخۆیەوە کەوتە قسە و دەیوت (ئەو دوو بێ ناموسانە دەیانەوێت ئێمە هەڵخەڵەتێنن، گوایە ترساون و ئێستایش پەشیمانن، ئەمە درۆیە، پەدەکە لە زیندانەکەی خۆیان تەنانەت زڵلەیەکیشیان لێنەدان، نە هەڕەشەیان لێکرا و نە زۆریشیان بۆهێنان، بە رەزامەندی خۆیان تەسلیم بوون و، دانیان بە هەموو شتێکدا هێناوە، ئەوان لە بەردەم کامیرەکانی پەدەکە بۆنەوەی تۆڵە لە رێکخستن بکەنەوە بە ئارەزووی خۆیان قسەیانکرد، بەرامبەر بە سەرۆکایەتی زمان درێژییان کرد، کۆمەڵێک بوختیان و درۆ و قسەی نەشیاویان بە ئێمە وتووە کە مرۆڤ شەرمدەکات بیهێنێتە زمان، بەڕای من بەدوای شتی بچوکەوەن، ئەوان پێیانوابووە ئەگەر بەو شێوەیە رەفتار بکەن گوایە پەدەکە ئازادییان دەکات، گوایە پێیانوابووە بەمشێوەیە قسەبکەن رزگاریان دەبێت، کە ئەم حیسابەیان سەری نەگرت، ئێستایش باس لە بەرخۆدان دەکەن)، جودی درکی دەکرد کە دەنیز نیگەرانە و بیردەکاتەوە، دەموچاوی سورهەڵگەڕابوو، دەمی ووشک ببوو، دەستەکانی دەلەرزین کە هەموو کەسێک درکی پێدەکرد، کە دەتبینی وەکو ئەوە دەهاتە بەرچاو کە گریاوە، لەجیاتی مەحمود جودی وتی: (هەڤاڵ دەنیز لەوانەیە لەسەر حەق بیت، ئەوەی کردیان کەم نییە، ئەگەر لە ئەزمونەکانیان بڕوانیت، شایەنی ئەوە نین لێیان خۆشببین، بەڵام لەم هەلومەرجەدا ئەوە راست نییە کە بەدەستی خۆمان بیانخەینە باوەشی دوژمنەوە، دەبێت خاوەندارێتییان لێبکەین و سەرلەنوێ قازانجیان بکەینەوە)، دەنیز بە ووشەی (هەڤاڵی هێژا) دەستی کرد بە قسەکردن کە شڵەژاوی پێوەدیاربوو، دەنیز وتی: (لەم کاتە بەدواوە ناتوانرێت ئەوان قازانج بکەینەوە، چاک نابن، تەنها شتێک هەیە کە بەرامبەریان بکرێت ئەویش ئەوەیە حیسابیان لێ بپرسینەوە).

کەمال ئەم کاتەوساتە گوێی لەوان گرتبوو، ئەویش لەمبارەیەوە وتی: (هەڤاڵ شتێکی راست نییە، بەو شێوە وشکە لەمەسەلەکە بڕوانین)، دوای ئەم رستەیەی کەمال، ئەمجارەیان جودی وتی: (لەبارەی حیساب پرسینەوە، تۆ لەسەر حەقیت، پێویستە لەبارەی کارەکانیانەوە حیساب بە رێکخستن بدەن، لە ئێستادا لەم هەلومەرجەدا دەرفەتێکی بەوشێوەیە نییە، نایشزانین لە داهاتوودا چیدەبێت، لەراستیدا ئەوەی باشترین شتە کە ئێستا بکرێت ئەوەیە کە ئەوان بەلای هێڵی بەرخۆدان رابکێشین و ئەگەر جارێکی تر قازانجیان بکەینەوە کارێکی باشەو لەمبارەیەوە هاوکارییان بکرێت)، دەنیزیان وتی: (پێویستە لەمبارەیەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بیربکەمەوە)، دوای ئەم قسەیەی دەنیز لەشوێنەکەی خۆی هەڵسا. دەنیز شەو و ڕۆژ لەژێر کاریگەری ئەو قسانە مایەوە، وتنی ئەوەی کە دەیانوت (ڕێکخستن نییە، بەڵکو بەرخۆدانی وشک هەیە) ئەمەی وەک تەنزێکی کۆمێدی دەهاتەبەرچاو. بەرپەرچدانەوەی داخوازی پەدەکە کە پێیدەوتن (دەستبەرداری پەکەکە ببن)، ئەم هەڵویستە جوامێرانەیە، بەڵام هەڵوێست نیشان نەدان لەم بارەیەوە توڕەی دەکرد. بەتایبەتی دەبوایە لەهەمبەر زۆربۆهێنانەکان کە بەشێوەیەکی قەبە دەسەپێنرا، دەبوایە لە ئاستیدا بوترایە (ئیتر بەسە). لەهەمان کاتدا دەبوایە زەمینەیەک خۆشبکرایە بۆ هەڤاڵانی باشور کە خاوەنداریتی لە ڕێکخستن بکەن. بۆ سازدان و پێشخستن و دروستکردنی میکانیزمی ڕێکخستن، دەبوایە زیاتر خۆیان سەرقاڵ بکردایە، بەڵام لە حاڵی حازردا کەشوهەوایەکی بەو شێوەیە نەبوو. بە پێچەوانەوە بۆ بە کادیربوون خواستێکی لاوازانە لەئارادابوو، بۆ بە ڕێکخستنیش نەخوازیاری هەبوو، لەهەمانکاتدا خۆهەڵخەڵەتاندنێک هەبوو بەناوی ئەوەی هەرچۆنێک بێت لێرە زۆر نامێنینەوە، هەمووئەمانە مانای وابوو پاشەڕۆژی خۆت بدە دەستی قەدەرەوە.

درک بەوە دەکرا لە نێوان مەحمود و سەیفی ناکۆکی هەبوو، کەسیان ئەویتری قەبوڵ نەدەکرد، سەیفی توانیبووی جەمال بخاتە پشت خۆی. سەیفی هەموو هەڤاڵانی ڕۆژئاوای کوردستانی بەچواردەوری خۆی کۆکردبووە و، پارچەگەری دەکرد، ئەمەیش زۆر بەدڵی دەلیل بوو. مەحمود دەیویست لەڕێی شێوازێکی فیوداڵی و کەمێکیش ڕەقەوە کاروبارەکانی بەڕێبکات، ئەمەیشی بەزەقی پێوەدیار بوو. هەربۆیە پێمواپە هەرلە خۆڕایی نەبوو ناویان نابوو (بێ قوڕال)، حەسەن و عومەر کە بێخەمانە هەڵسوکەوتیان دەکرد و لە گۆشەیەک خۆیان گۆشەگیر کردبوو، ببوونە هۆکار کە ترشوخوێ بکەن بە سەر مەسەلەکانەوە، هەربۆیە لە نێوان بەرخۆدان و تەسلیمییەتدا چەقێک هاتبووە ئاراوە. لەم حاڵەدا هەروەکو ئەوەی هیچ نەبوبێت، دەلیل پۆرسپی قسەی لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەکرد، دەیویست لەگەڵ وڵاتپارێزاندا نزیکایەتی بخولقێنێت، پێوەی دیاربوو کە دەیتوانی بەگوێرەی بارودۆخەکە لەگەڵ هەموو کەسێکدا خۆی بگونجێنێت.

دوای ماوەیەک شڤان حەریری و ڕێناسە بچکۆڵ ئازاد کران. ئازاد بوونی شڤان بەبێ ئەوەی حیساب بدات و شێوازی ئازادبوونەکەی، ببوو بە دەردێک لە دڵی دەنیزدا. ئازادکردنی شڤان بەهۆی خانەوادەکەیەوە بوو کە خەڵکی ڕیشسپییان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناردبوو بۆلای پەدەکە و تکایان کردبوو، پەدەکەیش ئازادی کردبوو. پەدەکە بەڵێنی ئەوەی لە خانەوادە و لە شڤانیش وەرگرتبووو واژۆشیان کردبوو، کە جارێکی تر لە پەکەکە بەهیچ شێوەیەک نزیک نابنەوە. ڕێناسە بچکۆلیش ئازاد کرابوو بەهۆی باوکییەوە، باوکی ڕێناس لە گەڤەر جاشی دەوڵەتی تورک بوو، ئەو هاتبوو تکای لە پەدەکە کردبوو ئازادی بکەن، لە باشوری کوردستانیش کەسوکاریان هەبوو، ئەویش بەڵێن و واژۆی کردبوو کە بەهیچ شێوەیەک لە پەکەکە نزیک نەبێتەوە. بۆ ئازاد بوونیان بەڵێن و واژۆ و کەفیلبوونی خانەوادە لەلایەن پەدەکەوە قەبوڵ دەکرا. ئەمە خۆی لەخۆیدا تەسلیمییەتە. دەبوایە ڕێگری لەم تەسلیمییەتە بگیردرایە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دیلەکان ئەم بێ شەرمییەیان قەبوڵ نەدەکرد، بەڵام ئەگەر ئەم پەرتەوازەییە بەردەوام بوایە ئەم تەسلیمییەتە دەبوو بە کارێکی ئاسایی.

دوای هەفتەیەک بەسەر چوونی شڤان و ڕێناس لە زیندانەکە، قافڵەیەکی نوێی زیندانیان هێنا، کە ٦ کەسیان خستە ناو قاوشی ژمارە ٧وە. دەنیز لەناو ئەو ٦کەسەدا سەفقان و نورهاقی ناسییەوە. دەنیز لەگەڵ ئەماندا لە ئەوروپا و گۆڕەپانی سەرۆکایەتی و لەسەر چیایش لەگەڵیاندا مابووەوە. ٥دیلەکەی تریش وڵاتپارێز بوون.

لەبارەی دەستگیربوونیانەوە سەفقان قسەیەکی کرد کە دەنیز و هەڤاڵەکانی شۆککرد. سەفقان دەیوت (لەو ئۆپەراسیۆنەی ئێوەی تێدا دیلکران، منیش لە هەڤاڵان خۆم دابڕاند و خۆم رادەستی پێشمەرگە کرد)، ئەمەیشی زۆر بەشێوەیەکی سادە دەهێنایە زمان. سەرنجراکێشەر بوو کە سەفقان بۆماوەیەکی زۆر لە دیانە و مەسیف سەلاحەددین لەلای پاراستن هێشتوبویانەوە. هەرچەندە وتیشی (من کارێکم نەکردووە زیان بە ڕێکخستن بگەیەنێت و، لێرە بەدواوەیش نایکەم)، بەڵام ئەم قسەیە باوەڕی پێنەدەکرا.

دوای هێنانی ئەم زیندانییانە بۆ سبەی شەو، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە مەحمود، عومەر و سەیفییان بانگکرد. دوای نیو کاتژمێر هێنایانەوە، بەڵام لەشیان شوێنی ئەشکەنجەیان پێوە دیاربوو. لێوەکانیان تەقی بوو، ڕوومەت و چاویان مۆرکرابووەوە و جلوبەرگەکانیان دڕابوو. کەهێنایانەوە مەحمود هەر جوێنی دەدا، وەهاب و وەحید شڵەژابوون، دەیانوت (بۆخاتری خوا نەڵێن ئەمە نیشی ئێوەیە، ئێمە بەهیچ شێوەیەک پەنجەمان لەمکارەدا نییە)، زیندانییەکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەمبارەیەوە دوودڵ بوون. مۆراڵی هەموویان خراپ ببوو. دەبوایە بەزووترین کات چارەسەرییەک بۆ ئەم کارانە بدۆزرایەتەوە.
گەنجێک لەناو زیندانەکە کە ناوی وەیسی بوو، بە دزییەوە هەواڵی ناو قاوشەکەی دەگواستەوە بۆ بەڕێوبەرایەتی. هێشتا ۲مانگ بوو ببوو بە گەریلا، کەچی داوایدەکرد ببێت بەپێشمەرگە، لەو شەڕەی بە دیل تێدا گیرابوو ٦هەڤاڵی شەهید ببوون. لەناو ئەو ٦ هەڤاڵە شەهیدانەدا هەڤاڵی تێدابووە کە دەنیز لە نزیکەوە ناسیوێتی. کاتێک لەمبارەیەوە لەگەڵ وەیسی قسەی دەکرد، یادەوەرییەکانی ئەوی بە خەیاڵدا دەهاتەوە. وەیسی کەسێکی کەمدوو بوو، لەمبارەیەوە دەنیز پێیوابوو ئەم وەیسییە کەسێکی گەنجە و لەژێر کاریگەری ڕووداوەکاندا ماوەتەوە و نارەحەتی چێژتووە. ئەو شتانەی کە من وەک دیوارێک دەیانمبینی کەس نەیدەتوانی ببینێت. خۆم بۆ شتی تر ئامادە کرد، بیرم دەکردەوە، زمانێکم نەبوو ئەوانی پێوشیار بکەمەوە.
لە نیوەی مانگی شوباتدا، بەرپرسیارانی زیندانەکە بانگی وەیسییان کرد، کەس گومانی نەکرد، بە مەراقەوە لە پەنجەرەکەوە تەماشای ڕووداوەکانیان دەکرد، وەیسی بەبێ ئەوەی هیچ خەمی هەڤاڵانی بخوات و گوێیان پێبدات، بەشێوەیەکی بەختەوەرانە سواری ئەو ماشێنە بوو کە لە ساحەکەدا لەچاوەڕوانی ئەودابوو، سواری ماشێنەکە بوو لێیدا ڕۆیی. دەچوو بۆ شارۆچکەی زاوێتەی سەر بە شاری دهۆک، ئەم زاوێتەیە کەمپێکی پەدەکە و کۆنتر گەریلای دەوڵەتی تورک بوو، ئەوانەی لەناو پەکەکە هەڵدەهاتن و خیانەتیان دەکرد، لەم کەمپە مەشقیان پێدەکرا و بۆشەڕی دژی ئازادی و مرۆڤایەتی ڕاهێنانیان پێدەکرا.
لەژێر سێبەری ئەم خیانەتەدا، لە چاوەڕوانی هاتنی وەرزی بەهار بووین.

**بەبێ هەوڵێن ماست سەرتوو ناگرێت**
(پەندی پێشینان)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM




WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ١٢

# ماسییەکە بێ ئاو بهێڵەرەوە

هێشتا وەرزی بەهار دەستی پێ نەکردبوو، بەڵام وەرزی زستان پەیتا..پەیتا کاریگەری نەدەما. دامێنی چیای ئاکرێ کە لە پەنجەرەی قاوشەکانەوە دەبینرا هێشتا بەفری پێوەبوو. زۆرلە شەوان قاوشەکان زۆر سارد دەبوون. کەشوهەوا بە پێچەوانەوە زۆر سارد ببوو. جودی وەکو خووی هەموو رۆژێکی کە بەیانی لەخەو هەڵسا چوو لەلای پەنجەرەکەوە راوەستا و لە چیای ئاکرێی دەڕوانی و سەرقاڵی جگەرە پێچینەوەیش بوو. دەنیز خەیاڵی لەلای پێکهێنانی سیستەمی میکانیزمی رێکخستن بوو، هەروەها بیری لە لێپرسینەوە لە تاوانباران دەکردەوە. چەکداریش وەکو گەنجێکی خوێن بەجۆش لەدونیای خۆیدابوو. چەکدار لە دڵی خۆیدا دەیوت (من وڵاتپارێزم، پێویستە کادێرەکان پێشەوایەتی بکەن نەک من)، زۆرجاریش ئەمەی دەهێنایە زمان. ئەو بێ خەمی و بێ هەڵوێستییانەی لە ناو هەڤاڵاندا بەردەوام بوو، ئەگەر بەوشێوەیە بەردەوام بوایە، لە راستیدا لەگەڵ خۆیدا دارمانی هزری و رۆحی و ترازانی جدیشی دەهێنایە ئاراوە. دەلیل پۆرسپی نەدەبوایە زۆر سادانە و بێ خەمانە هەڵسوکەوتی بکردایە و نەیشدەبوو وەکو کەسێکی سادە لەگەڵ زیندانییەکانی تردا حەشرونەشەر ببوایە. پەراوێزبوونی شۆڕش، گێزمش و سەفقان لەئاستی بەرپرسیارێتییەکان، دەبوایە وەکو ئازادکردنەکەی شڤان و رێناس بەچاوێکی بچووکانە لێی نەڕوانرایە. دەبوایە لەهەمبەر ئەمەدا هەڵوێست و وورییایی و بەلای کەمەوە هەستیارێتی هەبوایە. بەتایبەتی هەڵوێستی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، بە ئارەزووی خۆیان هەرکاتێک بیانویستایە و ئەوەی بیانویستایە دەیانبرد و ئەشکەنجەیان دەکردن. بەتایبەتی درک نەکردن بە وەیسی و لەبەرچاوی هەمووانەوە چوونە ناو پەدەکەوە و بوون بە خائین، هەموو ئەمانە غەفڵەت بوون. تێکشکانی کەسایەتی وەیسی بەباشی درکی پێنەکرا و کەسیش خۆی پێوەسەرقاڵ نەکرد. کەس مەراقی ئەوەی نەبوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چی روویداوه و چیکردووه، ئەو بە بەرچاوی هەموومانەوە بەدەم سەرچۆپی کێشانەوە ئێمەی جێهێشت و بەرەو خیانەت ملینا. بێشک دەبێت ئەوەیش بزانین کە لەداهاتوودا ئەم بێ شەرەفە دەستی دەچێتە خوێنی هەڤاڵەکانیانەوە.
لەگەڵ سەفقان و نورهاقدا، مام رەشیدیشیان هێنابوو بۆ زیندانەکە، درکیان بەوە نەکردبوو کە مام رەشید چووەتە پەنایانەوە، لەوەدەچوو مام رەشید بەشوێن یەکێکدا بگەڕێت کە دەردەڵی خۆی لەگەڵدا بکات، بۆ ئەم مەبەستەیش چاوی لە جودی بڕیبوو. بە جودی وت (جگەرەیەکیش لە توونتەکەی من بپێچەرەوە)، جودی تازە جگەرەکەی خۆی کێشابوو کوژاندبوویەوە. بە خەندەیەکەوە پێشوازی کرد لە داخوازییەکەی مام رەشید. جودی بە گوێرەی ئەزمونی خۆی دەیزانی ئەم کابرایە هەرلە خۆڕاییەوە نەهاتووەتە لای. هەربۆیە پێیوت (فەرمو مامە گیان، هیچت پێویستە؟)، شڵەژاوی بە مام رەشیدەوە دیاربوو. ئەوکاتەی قووتووە توتنەکەی درێژکرد بۆ جودی، لە پەنا گوێیدا وتی: (من ئەو دوو کەسەم لە تەلەفزیۆنی پەدەکە بینیوە)، مام رەشید مەبەستی لە دەلیل پۆرسپی و سەرهەڵدان سێرتی بوو. مام رەشید هەرچییەکی بویستایە باسیبکات، ئەم مژارەی پەیوەندی بە دەنیزەوە بوو. جودی بە خۆی و مام رەشیدەوە چوونە لای دەنیز. جودی پێش ئەوەی باسی ئەم مەسەلەیە بکات، بانگی چەکداریشی کرد. ئەو چوار وڵاتپارێزەی لەگەڵ مام رەشیدا هێنرابوون، ئەندامی عەشیرەتی برادۆست بوون، برادۆستییەکان نامادەنەبوون پێشمەرگایەتی بۆ پەدەکە بکەن، هەربۆیە ماوەیەک بوو پەدەکە زەختی هێنابووە سەر عەشیرەتی برادۆست. ماوەیەکیش بوو، بۆ ئەوەی شەڕی پەکەکە بکەن تەکلیفی پارەی بۆکردبوون. برادۆستییەکان نە پارە و نە چەکی پەدەکەیان قەبوڵ نەکردبوو. پەدەکە بۆئەوەی برادۆستییەکان قەناعەت پێبکات و چاوترسێنیان بکات، مام رەشید و ئەو چوار کەسەی تریان زیندانی کردبوو، بێگومان ئەمە مشتێک بوو لە خەرمانی خراپییەکانی پەدەکە بەرامبەر بە برادۆستییەکان کە بەمەبەستی بارمتە مام رەشید و ئەو چوار کەسەی تریان گرتبوو. مام رەشید زۆر دڵ شکاوبوو کە بەو تەمەنەیەوە لەلایەن پێشمەرگە گەنجەکانی پەدەکەوە لێدانی دەخوارد، ئەمە جگە لەوەی کە جوێنی ناشرینیشیان پێدەوت. هەتا پێش ئەوەی زیندانی بکرێت، لە ژیانیدا کەسێک جگە لە رێز شتێکی کاڵیان بە مام رەشید نەوتبوو. برادۆستییەکان مام رەشیدیان خۆشدەویست. ماوەیەک بوو مام رەشید وەکو بەرگری میللی کاری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ ئامەد مالازگرت دەکرد. ئەوەی مام رەشید دەیویست لەبارەیەوە قسە بکات ئەو مەسەلەیە بوو. دەیویست ئەم مەسەلەیە لەلای دەنیز، جودی و چەکدار باسبکات.

مام رەشید وتی: (لە مانگی کانوونی یەکەمدا، گروپێک گەریلا دەکەونە بۆسەی پێشمەرگەکانی پەدەکەوە، پەیوەندییان لەگەڵ هەڤاڵەکانیاندا پچڕابوو، هەڤاڵ ئامەد بۆئەوەی بزانێت چیبووە و چی نەبووە منی نارد بۆ دیانە، ئەوەی من مەبەستم بوو بیزانم، لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی پەدەکەوە باسکرا، لە هەواڵەکەیاندا دەیانوت ٨ گەریلایان کوشتووە و ٧یشیان بە دیلی گرتووە)، سەرەڕای ئەوەی دەنیز و چەکدار ئەو کەسانەبوون لە ناو دیلەکان، بەڵام قسەیان بە مام رەشید نەبڕی. مام رەشید بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی خۆی، وتی: (٣ لە گەریلا دیلەکان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی پەدەکە قسەیانکرد، ئەمەم بە هەڤاڵ ئامەدیش وت، بەڕاستی رەوشێکی ناخۆش بوو، کاتێک ئەو ٣کەسەم بینی قسەیان دەکرد، دونیا بەسەرمدا روخا. ئەگەر مەرگی رۆڵەی خۆیشم ببینیایە ئەوەندە ئازاری نەدەدام، ئێمە گەریلامان بەوشێوەیە نەناسی بوو، گەریلا کەسێک نییە خۆی تەسلیم بکات و خەیانەت بکات. گەریلا ئەو کەسانەن دەستدەکەنە ناو دەستی یەک و لە جیاتی هەڤاڵەکانی خۆیان فیدا دەکەن، گەریلا چاونەترس و قارەمانن. ئەوانەی لە تەلەفزیۆن قسەیان دەکرد، دیاربوو ترسابوون و سەریان نەویکردبوو، بێحەوسەڵەبوون، درۆکانی پەدەکەیان دووبارە دەکردەوە. شوێن و ناوی هەڤاڵەکانیان باسدەکرد و جوێنیان بە پەکەکە دەدا، من ئەو دوو کەسەم لە تەلەفزیۆن بینی).

چەکدار وتی: (باشە تۆ، راستەوخۆ گەڕایتەوە و ئەم هەواڵەت بە هەڤاڵ ئامەد وت؟)، مام رەشید وتی: (نەخێر، قسەم لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک کرد کە دەیانم ناسی و خاتری منیان دەگرت، کەمێک زانیاریم بەدەست خست، جگە لەو ٣کەسەی لە تەلەفزیۆن قسەیان کردبوو، دەیانوت گەریلایەکی برینداری کچیشیان بە دیلی گرتووە، ئەویان بردبوو بۆ نەخۆشخانە، دەیانوت برینەکەی سەختە، دەیانوت دوو گەریلای دیلی تریشیان لەلایە گوایە یەکێکیان تورکە، ئەویتریان هەرزەکار بووە، دەیانوت ئەوان تەسلیمیەتیان قەبوڵ نەکردووە و پێشمەرگەکان کوشتویانن)، دەنیز و چەکدار تەماشای یەکیان کرد و پێکەنین.

مام رەشید وتی: (دوایی گەڕامەوە بۆلای هەڤاڵ ئامەد، باسی هەموو شتێکم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆکرد، هەڤاڵ ئامەد کەسێکی قارەمان و بەڕێزە، ئامەد دەستی گرتم و پێیوتم مام رەشید دەماری خیانەت لە نیشتیمانەکەماندا بەهێزە، ئێمە تێدەکۆشین بۆ بڕینەوەی ئەو دەمارە، لەناوماندا ناخ پیس هەڵدەکەوێت، ئەوەی دێتە ناو پەکەکەوە خۆ نابێت بە قارەمان، نەفرەت لەوانەی خۆیان گەیاندە ئەو تەلەفزیۆنە، نەفرەت لەو بێشەرەفانە، ئامەد زۆر توڕەبوو، جگەرە لەسەر جگەرەی دادەگیرساند، ئەو بێشەرەفانە خۆیان تەسلیم کردووە خاوەن ئەزمونیشن، چۆن نەمانزانی کەسانێکن کە دەگەنە ئاستی ناڕەحەتی ئێمە دەفرۆشن، لەخۆیشم توڕەم. بەڵێ ئەوە قسەکانی ئامەد بوون. ئەوانەی تەسلیم نەببوون گەنجیش بوونە، چەکداریان سێ مانگ بوو ببوو بە گەریلا، بەلاَم بەرخودانێکی گەورەی نیشاندابوو، پێیوتم تورکەکەیان گەنجە، بێ ئەزمونیشە، ئامەد وتی: مام رەشید ئێستا من چۆن حیساب بە سەرۆک ئاپۆ بدەم، سەرۆک پێیوتبووین ئەو تورکە بپارێزن، ئامەد زۆر شتی تریشی وت کە من لە زۆربەی حاڵی نەبووم، نەم دەزانی قسە بۆ من دەکات یان لەبەرخۆیەوە قسە دەکات، دوای ئەوەی لە قسەکردن ماندووبوو ئیتر بێدەنگ بوو بیریدەکردەوە، دوایش لیستەیەکی دامێ کە پێداویستییەکانیان بوو، ئینجا رۆیشت، ئێستا لێرە ئەوکەسانە دەبینم کەلە تەلەفزیۆن قسەیان دەکرد، راستە لەلایەن پێشمەرگەکانەوە جوێنم پێدراوە و دارکاری کراوم، بەلاَم ئەوەندەی ئەمە پێمناخۆش نییە کە ئەمانم لێرە بینییەوە).

دەنیز و چەکدار ویستیان قسە بکەن، بەلاَم جودی هاتە بەینیانەوە، مام رەشید نەیدەزانی ئەو دوو کەسەی کە گوایە شەهید بوونە، ئێستا لە بەرامبەری دانیشتوون. دەبوایە دانیان بەخۆیاندا بگرتایە. جودی بە مام رەشیدی وت ئەوە ئەو دوو شەهیدەن، مام رەشید باوەشی بە هەردووکیانکرد. مام رەشید وەکو ئەو باوکە باوەشی پێداکردن کە ماوەیەکی زۆربێت جگەرگۆشەکانی خۆی نەبینیبێت. مام رەشید دەیویست دەرفەتێک پەیدابکات و ئەم هەواڵە خۆشە بە ئامەد رابگەهێنێت. دەبوایە ئامەد بیزانیایە کە ئەم دوو هەڤاڵەی هێشتا لە ژیاندان. لەگەڵ ئەم هەواڵە خۆشەدا دەبوایە پەکەکە بیزانیایە دەلیلەکانیش چۆن خیانەتیان کردووە. ئەگەر ئەم هەواڵە بزانن بەگوێرەی ئەوەیش تەدبیری خۆیان وەردەگرن. ئەمکارە بۆ مام رەشید ئەرکێکی نیشتیمانی و ئەخلاقی بوو.

دەنیز تووشی سەرئێشەیەکی زۆر هاتبوو، ئەم سەرئێشەیەیشی پێش هەفتەیەک دەستی پێکردبوو. جودی ئەحواڵی دەنیزی پرسی و دەنیزیش باسی لە سەرئێشە و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەر سوڕانەوەکەی بۆکرد، جودی وتی: (هەواڵێکم پێیە کە زیاتر سەرت دەسوڕێنێتەوە، یەنەکە و پەدەکە لەسەر ئەوە رێککەوتن دیلەکانیان بگۆڕنەوە)، لەم رۆژانەی دوایی هەواڵی ئەوە بڵاوببووە یەنەکە و پەدەکە لە نێوان خۆیاندا دیداریان ئەنجامداوە و گەیشتوونەتە رێککەوتن. بۆ ئەم مەبەستەیش چەند کەسێکی خاوەن باوەڕییان خستووەتە ناوبەرەوە. بە گوێرەی دیدارەکان بێت گەیشتوونەتە ئەنجام. جودی هێشتا هەڵوێستی دەنیزی بۆ ساغ نەببووەوە، هەموو زیندانییەکانی قاوشی٧ هاتبوونە بەر پەنجەرەکە. لە پەنجەرەکەوە بینییان ٦ لە دیلەکانی یەنەکە کەلە قاوشی ژمارە ٦بوون، هێنرابوونە ساحەکە. دەنیز و جودیش هەستان و خۆیان گەیاندە بەردەم پەنجەرەکە. رێبوار کەلە قاوشی ژمارە ٧دابوو، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بانگی ئەویشیان کرد. رێبواریش ناوی لەناو لیستی ئەوانەدابوو کە ئازاد دەکران. هەموو زیندانییەکان خواحافیزییان لە رێبوار کرد. دیلەکانی یەنەکە کەلە ساحەکە کۆکرابوونەوە تەماشای پەنجەرەی قاوشەکانیان دەکرد و بە دەست و بەچاو ماڵئاواییان لە زیندانییەکان دەکرد. ئەوکاتەیشی سواری کۆستەرەکانیشیان کردن، هەربە دەست ماڵئاواییان دەکرد.

هەموو زیندانییەک لەناو ئەو چوار دیوارەدا بیر لە ئازادبوونی دەکاتەوە، یان بیر لە هەڵاتن. خەو دەبینن بە دەرەوە، هەروەکو چۆن کەشناسەکان چاودێری گەردوون دەکەن، زیندانییەکانیش چاودێری گۆڕانکارییە سیاسییەکان دەکەن. هەموویان لە ئاستی توانستی خۆیان هەڵسەنگاندن بۆ مەسەلەکان دەکەن. بەردەوام بیر لە ژیانی دەرەوە دەکەنەوە. بیر لەوە دەکەنەوە رۆژێک دێت دەرگای زیندانییان بۆبکرێتەوە و ئازاد بکرێن. لەکاتی ئازادکردنیان و ماڵئاواییکردنیان لەگەڵ زیندانییەکان کارێکی ناڕەحت دەبێت. ئەوانەی دەمێننەوە بەختەوەر دەبن بە ئازادکردنی هاوڕێکانیان، ئەوانەیشی ئازاد دەکرێن خەفەت بۆ ئەوانە دەخۆن کە ماونەتەوە. شەرمەزار دەبن کە ناتوانن لەگەڵ خۆیاندا ئەوانەی ناو ئەو چواردیوارە بەرن ( دیوار واتا من)، بەڵێ منی دیواری نەفرەتی. من لە هەمانکاتدا لەگەڵ هەردوو رەوشەکەدا دەژیم، خۆشی و ناخۆشی. بەختەوەر دەبم بۆئەوانەی ئێرە جێدەهێڵن، جیابوونەوە ئازارم پێنابەخشێت، ئەگەر بەمن بێت هەموویان ئازاد دەکەم، مۆری ئەم زیندانە نەفرەتییە لە ناوچەوانی خۆم دەسڕمەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای ئازادبوونی گیراوەکانی یەنەکە، مولازم ئاشور پیلانە نوێیەکەی خۆی بە بەرپرسی زیندانەکە واتا بە محەمەد ئەمین سورچی ووت. ئەو ڕێنمایانەی لەلایەن مولازم ئاشورەوە دەهێنرانە زمان، وەکو بڕیاری پەدەکە هەژمار دەکرا. ئەگەر مولازم ئاشور پیلانێکی هەبوایە ئەوە بێشک پێشوتر ئەم پیلانە لەلایەن سەرکردایەتی و پاراستنی پەدەکەوە باسی لێوەکراوە و بڕیاری لەسەردراوە. لە بارەی ئەم جۆرە کار و ڕێنمایی و بڕیارانەوە، پەدەکە لاسایی دەوڵەتی تورکی دەکردەوە. پروپاگەندەی ئەوەیان دەکرد، لە تورکیا ئەو کەسانەی کە سیاسەت نازانن و دەخرێنە قاوشی سیاسییەکانەوە، لەئاکامدا وەکو سیاسەتمەدار دەردەچن. هەربۆیە بۆڕێگرتن لەم کارە بیریان لە شێوازێکی نوێی زیندان دەکردەوە. مولازم ئاشور، لە دەوڵەتی تورک خێراتر قۆڵی لێهەڵدەماڵی. دوای ئەوەی زیندانییەکانی یەنەکە ئازاد کران، بۆشاییەک لە قاوشی٦ هاتە ئاراوە، دەیانویست ئەو زیندانییانەی بە تۆمەتی هاوکاریکردنی پەکەکە زیندانی کرابوون ئەوان لەوێ جێگیر بکەن. بۆ ئەم مەبەستەیش دەویسترا تەنها گەریلاکانی پەکەکە لە قاوشی ژمارە٧ بمێننەوە. بەمشێوەیە بە بەردێک چەند چۆلەکەیەکیان دەپێکا. بەمشێوەیە دەیانویست لە باشور پەکەکە پەراوێز بکەن. بەرپرسیارانی پەدەکە درکیان بەوە کردبوو، لە زیندانەکاندا گیراوانی پەکەکە کاریگەرییان لەسەر زیندانییەکانی تر دروستکردووە و، ئەمەیش درێژدەبێتەوە هەتا دەگاتە ناو ماڵی باشورییەکان، هەروەهایش زیندانییانی پەکەکە لە ڕێگەی سەردانی خەڵکی بۆ لای زیندانییەکانیان لەڕێگەی ئەوانەوە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە دەبەستن، بەوشێوە پیلانەیان ڕێگری لەمەیش دەکەن. زیندانییەکانی پەکەکە ئامادەی ئەوە نەبوون کەسوکاریان ببینن، ئەمەیان ڕەد دەکردەوە، هەربۆیە کەس سەردانییانی نەدەکرد. بەمشێوەیە لەبارەی داراییشەوە کێشەیان بۆ دروستدەبوو. پەکەکە لەڕێی گیراوانی خەڵکی سلێمانی پارەیان بۆ زیندانییەکانی خۆیان دەنارد. بەمشێوەیە ڕێگری لەمەیش دەکرا. پەدەکە و پاراستن دەیانویست لەڕێی ئەم پیلانەیانەوە ڕێگری لە دەستکەوتنی خواردن و تووتن و پێداویستییەکانی تری زیندانییانی پەکەکە بکەن کەلەسایەی کەسوکاری زیندانییەکانی ترەوە بەدەستیان دەگەیشت، کە نزیکەی ٧٠بۆ٨٠ زیندانییەکی پەکەکە لێی سوود مەندبوون. ئەگەر زیندانییەکانی پەکەکە بە تەنیا بمانایەتەوە کێشەی نەبوونیان دروستدەبوو، ئەگەر لە خەڵکی دابېڕنایە ناکۆکییەکانی نێوانیشیان ئاشکرا دەبوو. ئەگەر ئەمەیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بکردایە زیندانییانی پەکەکە نەیاندەتوانی ماوەیەکی درێژ تەحەمولی ئەمە بکەن. ئەوان پێیانوابوو بەهۆی نەبونییانەوە لەوانەبوو یەک لەدوای یەک ماڵییان بکەن. سەرۆکی زیندانەکە محەمەد ئەمین سورچی، بەم پیلانە زۆر بەختەوەربوو، هەربۆیە راستەوخۆ کردییە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوەی راستی بێت محەمەد ئەمین سورچی خاوەن ئەو ئەقڵەنەبوو کە بیر لەم پرۆژەیە بکاتەوە، بەڵکو ئەمە پیلانی مولازم ئاشور و پاراستنی پەدەکە بوو. محەمەد ئەمین سورچی ئەگەر ئەمەیشی بەدڵ نەبوایە هەر دەبوو جێبەجێی بکات. محەمەد ئەمین سورچی فەرمانی بە جاسم، حامید و سەیفۆ کرد بڕیارەکە جێبەجێ بکەن. هەرچی وڵاتپارێز هەبوون لە قاوشی ژمارە ٧ بردیانن بۆ قاوشی ژمارە٦. قاوشی ژمارە٧، ١٩ گەریلای تێدابوو، رەسول کە لەناو پەکەکەدا باری دەروونی خراپ ببوو هەڤاڵانیش ناردبویانەوە بۆ ماڵەوە سەرەڕای ئەمەیش پەدەکە گرتبووی ئەویش لە قاوشی٧ بوو، هەروەها عەلی کەلار کە خوێندکاری زانکۆبوو، لەترسی ئەوەی کاریگەری نەکاتە سەر خەڵک گیرابوو، ئەویش لە قاوشی٧ بوو، عەرەب ئیبراهیم چەلۆیش لە قاوشی ژمارە٧ بوو، بەکۆی گشتی ٢٢ زیندانی لە قاوشی ژمارە٧ مانەوە. کە ئەوان چوون پاڵەپەستۆ نەما و شوێنێکی زۆر بە چۆڵی مایەوە. ئەوکاتەی دەرگای قاوشەکە دادەخرا دەتوانرا لەناو قاوشەکە پیاسە بکرێت. بەمشێوەیە زیندانییەکان لەکاتی نوستن رزگاریان بوو لەوەی کە قاچی تر بەسەرشان و ملییانەوەی بێت.

قاوشی ژمارە٧ ببوون بە ٢٢کەس، هەموو بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هاوبیر بوون لەسەر ئەوەی (ماسییەکە بێ ئاو بهێڵەرەوە)، بەگوێرەی جودی ئەم مەسەلەیە سوودبەخشیشی هەیە، ئەو پێیوابوو دەتوانرێت بەئاسانی گەنگەشە بکەن و لەیەک حاڵی ببن و ناکۆکییە کەسایەتییەکان چارەسەر بکەن و دەتوانرێت ژیانی رێکخستنی لێرە پەیڕەو بکرێت. ئەمجارەیان جودی بەتەنیایش نەبوو. حەسەن، دەنیز و چەکدار پشتگیرییان دەکرد. پێکهێنانی میکانیزمی رێکخستنی و دەستکردن بە خولی پەروەردە بۆئەوان کاری بناغەیی بوو. دەکرا کۆبونەوەیەکی گشتی لەنێوان خۆیاندا بکەن و، زۆر بە ووردی باس لە هەموو مەسەلەکان بکەن. لەکاتی ئاخافتنی نێوان خۆیان سەرنجی هەڤاڵەکانیان بۆسەر ئەم مەسەلەیە رادەکێشا، بەڵام بە زۆری بیروبۆچونی پێچەوانەی ئەوان دەرکەوتبوو، بە گشتی دەیانوت{لێرە کاری رێکخستنی ناکرێت، پێویست بە رێکخستن ناکات، بەم زووانە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێمەیش ئازاد دەبین، هەتا دەردەچین باشترین شت ئەوەیە بەمجۆرە بمێنینەوە}. ئەوەی چاوەڕێی نەبوون هاتەدی، کێشەکەیان زۆر قوڵ بوو. جودی هەمیشە بەمجۆرە کەسانەی دەوت خۆپەرست. بەگوێرەی حەسەن ئەمجۆرە کەسانە خواستی بەختەوەری خۆیانن هەربۆیە لە ڕێکخستن خۆیان بە دوور دەگرن.

دەنیز بەهیچ شێوەیەک چاوەڕێی هیچی لە دەلیل، سەرهەڵدان، شۆڕش و سەفقان نەدەکرد، بەڵام لەوە حاڵی نەدەبوو بۆچی مەحمود، کەمال روحا، سەبری مەراش و عومەر هەڵوێست دەرنابڕن!. دەنیز پێیوابوو ئەم هەڤاڵانە دەتوانن پێشەوایەتیش بکەن. دەنیز جارێکی تر تەنیا مابووەوە و نەیدەتوانی چارەسەری پێشبخات. هەرچەندە قاوشەکە فراوانیش ببووەوە، بەڵام ئەم هێشتا تەنگەنەفەس دەبوو. تەنها بە ئاخافتنەکانی جودی، حەسەن و چەکدار دەیتوانی هەناسەیەکی ئاسودە هەڵمژێت.

بەبێ ئەوەی درکی پێبکەن لە دەوروبەریان گۆڕانکاری دەهاتە ئاراوە. وەحید و وەهاب کە برابوون داوایان دەکرد لە قاوشی ژمارە٧ بیانبەن بۆ قاوشێکی تر. دەیانوت دەترسین لەگەڵ ئەندامانی پەکەکە بمێنینەوە و لەترساندا شەوان خەومان لێناکەوێت. جاسم ئەم داخوازییەی ڕەتکردبووەوە، پێیانی وتبوو (مەترسن ئێمە لێرەین و هیچ نابێت)، بەڵام محەمەد ئەمین سورچی بەڵێنیانی پێدابوو ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەکات. دوای هەفتەیەک محەمەد ئەمین سورچی چارەسەری بۆدۆزینەوە. وەحید و وەهابیان برد بۆ قاوشی ژمارە ١.

بەدرێژایی ڕۆژگاریان لەم زیندانە ڕستەیەکی خێریان نەهێنابووە زمان.

لە شوێنی ئەم دوو برا پیاوکوژە، کەسێکیان هێنا بەناوی عەلی، عەلی تەمەنی هەر ٤٠ ساڵێک دەبوو، کەسێکی بەخۆبوو، هەروەها قسە شیرین بوو، ئەم عەلییە سەرەڕای ئەوەی پێشمەرگەی پەدەکە بوو، بەڵام ئیشی بۆ دەزگای زانیاری یەنەکە کردووە و پەدەکەیش گرتبووی. ماوەی دوو ساڵ بوو لە زیندانی ئاکرێ بوو. ئەوەندە بە ڕووخۆشی و بە نزیکبونەوە لە زیندانییەکان هاتە ژوورەوە، کەسێک نەیزانیایە پێیوابوو ٤٠ ساڵە ئەم خەڵکە دەناسێت. کە هاتە ژوورەوە باوەشی بە هەموو کەسێکدا کرد و ماچی هەموویشیانی کرد. دوای ماوەیەک وتی: (هەڤاڵان، پێویست ناکات لەمن سڵبکەنەوە، من سەر بە یەنەکەم، بەڵام بە کەسێکی وەک خۆتانم بزانن، کە داوامکرد دەمەوێت بێمە ئەم قاوشەوە بوونم بە موراقیبیشم قەبوڵکرد، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە پێیانوتم ئەگەر هەوڵی هەڵاتن و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دروووستکردنی تونێل هەبوو ئاگادارمان بکەرەوە، ئیتر هەقی هیچیترت نەبێت، منیش پێیانموت من حەقی هیچم نییە). ئەم قسانە کەبە شێوەیەکی زۆر راشکاوانە و سادانە کردی، لەجیاتی ئەوەی باوەڕی درووستبکات، بەڵام مایەی گومان بوو. ماوەیەک هەموو کەسێک لە ئاستیدا خۆی دوورەپەرێز کرد، دوای ماوەیەک سەرەڕای ئەم گومانەیش، بەڵام ئەوەندە قسە خۆش و زمان لووس و خوێنگەرمانە نزیکایەتی کرد، توانی باوەڕی خۆی لەناو زیندانەکەدا بەدەستبخات.

عەلی جگە لە سەرژمێری بەیانیان کە دەیدا بە بەڕێوبەرایەتی، بەگشتی هیچی تری نەدەکرد. وەکو کەسێکی سەر بە پەکەکە رەفتاری دەکرد. بەشداری ناو قسەوباسەکانی دەکرد و لەگەڵیاندا شەترەنج و دامەی دەکرد. هەر لەیەکەم رۆژییەوە رادیۆکەی رادەستی هەڤاڵان کردبوو. زیندانییەکانیش رادیۆکەیان دابە عومەر. ئەم رادیۆیە کۆن بوو، رادیۆیەکی سەرمێزی بوو، زۆر بەکارهێنرابوو. عومەر چێژی لەوە وەردەگرت کەخۆی بە رادیۆکەوە سەرقاڵ بکات. عومەر بە دڵێکی گەورە و بە سەبرەوە بەردەوام گوێی لە رادیۆی (دەنگی کوردستانی سەربەخۆ)دەگرت کەلە شاخ گەریلا پەخشی دەکرد. سەرەڕای ئەوەی رادیۆکە خشەی دەهات، بەڵام ئەو دێر بەدێر دەینوسینەوە و زانیارییەکانی بە هەڤاڵەکانی دەوت. لەهەمانکاتدا گوێی لە رادیۆی بی بی سی تورکی و دەنگی ئەمریکا بە تورکی و دەنگی ئەڵمانیا بە تورکی و هەروەها گوێی لە رادیۆی عەرەبی و تورکیش دەگرت، گوێگرتن لە رادیۆی بۆخۆی کردبووی بە خوو. شەوان کە گوێی لە هەواڵەکان دەگرت، لەبارەیانەوە شرۆڤەی دەکرد، عەلیش بەردەوام بەشداری لەم قسەوباسانە دەکرد. ئەوانەی کە زۆر کەم قسەیان دەکرد، بێشک حەسەن، عومەر، جودی، مەحمود، دەنیز و کەمال بوون.

زیندانییەکان مەسەلەیەکی تر هەبوو کە درکیان پێ نەکردبوو، ئەویش مەسەلەی ئیبراهیم چەلۆ بوو. بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە لەوە دڵنیابوون عەلی دەتوانێت بەتەواوەتی تێکەڵی لەگەڵ زیندانییەکانی پەکەکە درووستبکات. بۆ ئەم مەبەستە دەبوایە رێیەک بۆ گۆڕینەوەی زانیاری بدۆزنەوە، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە قەناعەتیان بە ئیبراهیم چەلۆ هێنابوو کاریان بۆبکات. عەلی بەبێ ئەوەی هەستی پێبکات خۆی لەگەڵ زیندانییەکانی قاوشەکە گونجاندبوو، بەڵام نەیدەزانی زانیارییەکان لەرێی ئیبراهیم چەلۆوە دەگاتە گوێی بەرپرسیارانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زیندانەکە. ئەو شتەی کە درکی پێنەکردبوو، ئەو ئامادەباشییەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەبوو کە بە نیاز بوون کچە گەریلاکان بگوازنەوە بۆ زیندانییەکی تر لە دهۆک. ئەم هەواڵە تەنانەت کچە زیندانییەکانیش نەیاندەزانی. چووبوونە مانگی ئادارەوە، بەرەو نەورۆز دەبوونەوە. لەو رۆژانەدا رادیۆی پەدەکە هەواڵی بڵاوکردەوە شەمدین ساقق پەنای بۆهێناون. زیندانییەکان زۆر گوێیان بەم هەواڵە نەدا. بە شێوەیەک رەفتاریان دەکرد کە ئەم هەواڵە زۆر گرنگ نەبێت لەلایان. عەلی موراقیب مەراقی ئەم مەسەلەیەی هەبوو، لەبارەی ئەوەی ئەم مەسەلەیە چۆن کاریگەرییەکی دەبێت بەسەر پەکەکەوە، لەمبارەیەوە مەحمود وتی: (ئەم بێشەرەفە لەناو بزووتنەوەکەماندا وەکو قەمبور وابوو، خۆیلەخۆیدا سەرەتان بوو، گوێ بەوە مەدەن کە ئێستا تورکیا و پەدەکە ئەم پیاوە گەورە دەکەنەوە، ئەو کەسێکە بۆ ئەم شۆڕشە نەک سوود بەڵکو زیانی زۆرتربوو، کەس بە هەڵاتنەکەی غەمگین نابێت، ئەو ناتوانێت لەگەڵ خۆیدا یەک گەریلایش بەرێت، خەمی ئەوەمە بۆچی هێشتیان هەڵبێت، دەبوایە فیشەکێکیان بنایە بە سەرییەوەی، لەمبارەیەوە دەبێت رەخنەی خۆمان بکەین).

ئەوەی راستی بێت سەرەڕای ئەوەی رانەهاتبووین بەمجۆرە قسانەی مەحمود، بەڵام بە قسەکانی سەرسام بووم. رادیۆ بەردەوام هاواریان دەکرد و دەیانوت (ئەندامی سەرکردایەتی پەکەکە، ئەو فەرماندەیەی فەرماندەی هەرێمی دەرسیم و ئامەد و سەرحەد و زاپ بووە، کە دەوڵەتی تورک بەردەوام ویستویەتی دەستی پێبگات، کە دووەم کەسی پەکەکەیە)، لەمبارەیەوە مەحمود دەیوت (کابرا سەرەتانەکە). ئەم بیروبۆچونەی مەحمود لەهەمانکاتدا بیروبۆچونی زیندانییەکانی تریش بوو. من خۆم سەرم لەم مەسەلەیە دەرنەدەچوو. ئایا پەدەکە دەیویست لەم مەسەلەیە چی بەدەست بهێنێت؟، لەم نەورۆزە و لەم مەسەلەیە پەدەکە دەیویست قازانجێک بکات. یەکەمین و دواجار قایمەقامی ئاکرێ هات بۆ دیدەنی زیندانییەکان، دوای ئەوەی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە جەژنی نەورۆزیان پیرۆزکرد، ئینجا لەگەڵ ئەواندا هاتە قاوشی ژمارە٧.

زیندانییانی قاوشی ژمارە٧، لە پەنجەرەکەوە تەماشای چیای ئاکرێیان دەکرد کە بە یاڵەکانیدا ئاگری مەشخەڵیان کردبووەوە. لەناو خۆیاندا باسیان لە پیرۆزی و گرنگی و مانای نەورۆزیان دەکرد. مەحمود باسی لە ئاگری نەورۆزی جۆلەمێرگ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەکرد کە بە نهێنی کردبویانەوە، مەحمود باسی لە نەورۆزی ساڵی ۱۹۹۰ دەکرد کە چۆن پیرۆزیان کردووە و پۆلیس هێرشی بۆهێناون و خۆپێشاندانیان کردووە. حەسەن باسی لە سەرۆک ئاپۆ دەکرد کەلەبارەی نەورۆزەوە چی ووتووە و باسی ئەو پێرسپێکتیفانەی سەرۆکی دەکرد کە لە سەرخۆبوون بڵاویان کردۆتەوە. سەیفی باسی لە نەورۆزی رۆژئاوای کوردستانی دەکرد، ئەم شەوی نەورۆزە بەڕاستی بۆ هەموویان مایەی غەم بوو، هەروەها یادەوەرییەکانیان نوێ دەکردەوە. چەکدار بە شەوی سەریساڵیشەوە ئەم نەورۆزەیشی بەبێ رووکەن پیرۆزکردبوو. بەیانی زوو لە شاری ئاکرێوە گوێمان لە دەهۆڵ و زوڕنابوو نەورۆزیان پیرۆز دەکرد. دوای نیوەڕۆ کەمال و جودی یاری شەتڕەنجیان کرد و ئەوانی تریش لەنێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد. ئەوکاتەی قایمەقام و یاوەرەکانی هاتنە قاوشەکەوە کەس خۆی تێکنەدا. پێیانەوە دیاربوو چاوەڕێی ئەم پێشوازییە ساردەیان نەکردبوو، لەلایەکی تریشەوە زیندانییەکان پیلانی ئەم شتەیان دانەنابوو. ئەوان لەم سەردانە بێ ئاگابوون. روونەدانیان بەوانەی سەردانیان کردبوون وەکو هەڵوێستێکی زیندانییەکان هەژمارکرابوو، تەنانەت بێ ئاگایش بوون لە کاردانەوەی ئەم هەڵوێستەیان.

قایمەقام و یاوەرەکەی تەماشای ئەو زیندانیانەیان کرد کە سەرقاڵی یاری شەتڕەنج بوون. لەوەدەچوو غروریان روشابێت لەسەر ئەوەی کە ئەوان هاتنە ژوورەوە ئەوانەی یاری شەتڕەنجیان دەکرد هەڵنەسان و خۆیان تێکنەدا. هەتا ئەم ساتە وەختە چوبێتن بۆکوێ لەهەمبەریان هەڵساون. تەنانەت لە سەر شەقامیش کە خەڵکی دەیانبینی لە شوێنەکەی خۆیان هەڵدەستان و تەوقەیشیان لەگەڵ دەکردن، بەڵام ئێستا ئەم زیندانیانە سەر بەنەسپێیانە حیسابیان بۆ نەکردوون و لەهەمبەریان هەڵنەساون و رێزیان لێنەگرتوون. قایمەقام بەبێ ئەوەی خۆی تێکبدات وتی: (مەرحەبا هاوڕێیان جەژنی نەورۆزتان پیرۆز بێت)، مەحمود بە دەنگێکی کزەوە و لەبەرخۆیەوە وتی: (بەخێربێن و جەژنی ئێوەیش پیرۆز بێت)، قایمەقام وتی: (هیوادارم باش بن، هیوادارم بە زووترین کات ئازاد بن)، مەحمود جارێکی تر وتی: (باشین زۆر سوپاس)، قایمەقام نەیدەویست درکی پێبکرێت کە رووبەڕووی ئەم رەوشە بووەتەوە. قایمەقام وتی: (من قایمەقامی ئاکرێم، بۆ ئەوەی جەژنی نەورۆزتان پیرۆز بکەن خۆم گەیاندە ئێوە، بەڵام ئێوە پێشوازیتان لێمان نەکرد و لەهەمبەریشمان هەڵنەسان، ئێوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەوشێوەیە پێشوازی لە میوان دەکەن؟!)، کەمال بە گشتی کەسێکی بێدەنگە، سەری لەسەر شەترەنجەکە بەرز کردەوە، وتی: (ئێمە دەزانین لەبەرئەوەی ئێمەتان خۆشدەوێت، یان بۆ ئەوەی چاکە بکەیت نەهاتوون بۆ ئێرە، ئێوە هاتوون بۆئەوەی تەسلیمییەتمان بەسەردا بسەپێنن، ئەو شوێنەی جەخت لە تەسلیمییەت دەکات بە میوان هەژمار ناکرێت و رێزیشی لێناگیردرێت)، ئەم قسانەی کەمال قایمەقامی نارەحەت کرد، بەرێوەبەر و یاوەرەکەیشی سەرسام ببوون. قایمەقام هێور بووەوە، وتی: (نا وانییە، لەپێناو چاکەی ئێوە هاتوومەتە لاتان، ئێمەیش کوردین و لە پێناو کوردایەتیدا تێدەکۆشین، هەمووتان هەڤاڵ شەمدین ساقق دەناسن، فەرماندەی هەمووتان بوو، فەرماندەیەکی باشە، پەنای بۆئێمە هێنا، مادام ئەو پەنای بۆهێناین ئەی ئێوە چاوەڕێی چین؟، لەجیاتی ئەوەی لێرە خۆتان دادەرزێنن، ببن بە پێشمەرگەی ئێمە، هەموو دەرفەتێکتان بۆدابین دەکەین). کە نیازی قایمەقام ئاشکرابوو، ئینجا کەمال وتی: (هەڤاڵ شەمدین ساققەکەی ئێوە فەرماندەی ئێمە نەبوو، هەموو کەس لێرە دەزانێت چی بەشەرێک بووە، ئێوە لەخوتوخۆڕای هاتوون و ئەزییەتی خۆتان داوە، ئێمە گەریلای پەکەکەین و شانازی بەمەیشەوە دەکەین).

ئەگەر زیندانییەکان لەناو خۆیاندا وتەبێژێکیان هەڵبژاردایە هەرئەوەندە کاریگەری دەبوو. ئەگەر پرسیاری هەڵبژاردنی ووتەبێژیان لەناو خۆیاندا بکردایە، هەرگیز کەسێکی وەکو کەمالیان هەڵنەدەبژارد کە ماوەی ساڵێکە زیندانییە و ئەگەر پرسیاری لێنەکرایە هیچ قسەی نەدەکرد و لەبواری تیوریشدا کەسێکی لاواز بوو. کەمال سەربەخۆیانە ئەم قسانەی کرد. قژە ماشوبرنجییەکەی و سمێڵە قەوییەکەی کەسێکی جدی لێدروست کردبوو. دەنگیشی گڕبوو. قایمەقام کە گوێی لەم قسانە بوو لەیادی کرد کە بۆ پیرۆزبایی نەورۆز هاتووە، بەبێ ئەوەی خواحافیزییان لێبکات ویستی بڕوات، پێش ئەوەی بڕوات وتی: (کەیفی خۆتانە)، دوای ئەوەی کەسایەتی قایمەقام و یاوەرەکەی بەبێ بەرنامە رووشان و دوای ئەوەی لەوێ دەرچوون، قاوشەکە گەڕایەوە سەر دۆخی خۆی. هەتا ماوەیەکی درێژیش ئەم مژارە بووە هەوێنی گاڵتە و پێکەنینیان. جودی بۆ قەشمەرییپێکردن، رووی لە کەمال دەکرد و دەیوت (لەپێناو باشەی ئێوە هاتوومەتە لاتان، ناکرێت سڵاوێکم لێبکەن؟)، کەمالیش پێیدەوت (بێ سوود ئەو هەموو رێگەیەت بڕیوە)، ئەم مەسەلەیە کە درێژەی خایاند، ئیتر دەستکرا بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەقلید کردنەوەی قایمەقام. ئەم گۆڕانکارییە و لەیەک نزیکبوونەوەیە کەشوهەوای ناو قاوشەکەی گۆڕی، جودی، حەسەن، دەنیز و چەکداری بەختەوەر و بە ئومێد ببوون. ژێراوژێر هزری بە ڕێکخستنەوەیان گەرم ببوو.
ماوەی هەفتەیەک بەسەر سەردانەکەی قایمەقامی ئاکرێ تێپەڕی بوو، ٦ کچە گەریلایان لە ساحەکە دانا کە بەدەستیانەوە عەلاگە هەبوو. دەیانبردن بۆ زیندانی ژنان کە تازە باڵەخانەکەی تەواوببوو لە دهۆک. لە ساحەکەدا بەرپرسی زیندانەکە و مولازمەکان و کۆمەڵێ پێشمەرگەیش ئامادەبوون. بە قاوشی ژمارە٧یشەوە هەموو زیندانییەکانی قاوشەکان لە پەنجەرەکانەوە لەم گۆڕانکارییەیان دەڕوانی. هەڤاڵان بەهار و ڕەیحان بە بەرپرسی زیندانەکەیان وت دەیانەوێت ماڵئاوایی لە هەڤاڵەکانیان بکەن، بەڕێوبەریش بە مەرجی ئەوەی درێژ نەخایەنێت، مۆڵەتیدان. بەهار زۆر بە خێرایی خۆی گەیاندە لای پەنجەرەی قاوشی٧ تەوە و وتی: (لەبەرئەوەی لەم زیندانە قاوشی ژنان نییە، دەمانبەن بۆ زیندانی ژنانی دهۆک کە تازە دروستیان کردووە، ئەم زیندانە تازەیە لەسەر داخوازی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکراوە، لەوانەیە ئێمە یەکەم سەرنشینی ئەم زیندانە تازەیە بین، بەڵام لەکوێ بین بابین، دەستبەرداری بەرخۆدانی خۆمان نابین، دڵتان لەلامان نەبێت، ئاگاداری خۆتان بن).
ڕەیحانیش هەرلە نزیک پەنجەرەکە هەندێک قسەی کرد کە هەمانشێوەی قسەکانی بەهار بوو. بێشک هەموو جیابونەوەیەک هەستێکی سۆزەکیانەی بەدوایدا دێت، هەردووکیان لە پەنجەرەکەوە تەوقەیان لەگەڵ هەڤاڵە کوڕەکاندا کرد و ماڵئاواییان لێکردن و بەیەکیان وت (سەرکەوتن). بەڕێوەبەر و پێشمەرگەکان پەلەیان لێدەکردن. مەحمود بە بەهاری وت (دڵتان لەلای ئێمە نەبێت، وەک دەزانن هەتا کۆتایی لە بەرخۆدان بەردەوام دەبین، ئاگاتان لەخۆتان بێت، ئاگاتان لە خۆتان و لە هەڤاڵەکانی تریش بێت، بەهیوای ئەوەین بە زووترین کات لەسەر چیاکان جارێکی تر چاومان بەیەک بکەوێتەوە)، پێشمەرگەکان هاتن و هەردوکیانیان لە پەنجەرەکە دوورخستەوە و دەیانوت درەنگمانە، هەتا هەڤاڵە کچەکان لەبەرچاو نەمان، زیندانییەکان کەسیان لەهەمبەر پەنجەرەکە لانەچوون.
جیابوونەوە زۆر کاریگەری کردبووە سەر عومەر. عومەر، حەسەن، بەهار و ڕەیحان ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە کاروباری ڕێکخستنییان کردبوو. لێرەیش لەم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زیندانه ماوەی ساڵێک بوو لەناو بەرخۆداندا بوون، بەڵام لێرە هەلومەرجی ژیانی یەکترییان نەدەزانی. جگە لە نامە گۆڕینەوە لەبارەی ڕەوشی ژیانی یەکتری بێئاگابوون. تەنها ئەوە دەزانرا لە حوجرەکاندا هەڤاڵە کچەکانیان لەناو بەرخۆداندان. جارناجارێک بە ڕێککەوت یەکتریان دەبینی و گوێیان لە دەنگی یەکتر دەبوو. لەباشوری کوردستان و بەتایبەتی زیندانی پەدەکە، کچ و ژن زیندانی بێت و لەناو بەرخۆدانیشدا بن ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕووداوێکی زۆر گەورەیە. خەڵکی باشوری کوردستان لەبارەی ژنەوە زۆر هەستیار بوون. ژن لە باشوری کوردستان تەنها ئەمەیان پێڕەوا بینرابوو کە بە شوو بدرێن و خزمەتی مێرد بکەن و منداڵ بهێنێتە دونیاوە و گەورەی بکەن و ژمارەی خێزان زیاد بکات. هەرلێرە لە باشور پیاوی ٦٠ساڵە دەیتوانی کچێکی ١٨ساڵ بهێنێت و، دڵنیام ئەمەیشیان بۆیە دەکرد بۆئەوەی ڕێگری لە هەڵاتنی کچان بگیردرێت، ئەو جۆرە پیاوانە کچیان لە باوکی کچ دەکڕی و، ئەم کڕین و فرۆشتنەیەیان بەناوی شیربابییەوە دەکرد. زۆر دەگمەن بوو پیاوی یەک ژنە ببینرێت. پیاوانێکی زۆر هەبوون وەک محەمەد ئەمین سورچی، کە وەک گورگ وابوون ڕاوی گۆشتی کچە ١٨ساڵییان دەکرد. کەسێک تەمەن ٦٠ساڵ کە کچێکی ١٨ساڵی دەهێنا و دەچووە پرۆسەی بوکوزاواییەوە ئەمەی وەک هێز بۆخۆی دەبینی. دەیانویست لەڕێی ئەم ژنهێنانەوە بە خەڵکی بڵێن (هێشتا بە گوڕم، هەموو شتێکم لەدەست دێت، نییەتم نییە هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری دونیا بم)، دەیانویست خەڵکی پێیانبڵێت (ئەی ئافەرین بەڕاستی پیاوێکی بەهێز و بەتوانایە).

پەدەکە ئەم نەریتەی پێشدەخست و بڵاوی دەکردەوە. هانی خەڵکییاندەدا کە پیاوان فرە ژنی بکەن. بەگوێرەی ئەوان دەبوایە ژن لەلای پیاوان قسە نەکەن و لە قسەی پیاوان دەرنەچن و درێغی لە خزمەتکردنی پیاوان نەکەن و شوکری نیعمەتی پیاوان بن. زیندانیکردنی ژن لە زیندانی پەدەکە خۆی لەخۆیدا ڕووداوێکی گەورە بوو. ئەگەر گوێشیان لە دەنگی هەڤاڵە کچەکانیش نەبوبێت، بەڵام بەهۆی بەرخۆدانەکەیانەوە مۆڕاڵیان دەدا بە هەڤاڵە کوڕەکانیان. کاریگەری بەرخۆدانی کچانی زیندانی مۆڕاڵێکی گەورەبوو بۆ هەموو زیندانییەکان. ئەم دابڕانە زۆر کاریگەری لە عومەر کردبوو، عومەر بە غەمگینییەوە دەیوت (خۆزگە نەدەچوون، ئایا دەبێت لەوێ ژیانیان چۆنبێت، نایشزانین بۆ شوێنێکی چۆنیان دەبەن؟).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێورکردنەوەی عومەر لەسەرشانی جودی بوو، چونکە جودی کەسێکی نزیک بوو لە عومەر، جودی وتی: (هەڤاڵ عومەر پێویست بەو هەستیارییە سۆزەکییانە ناکات، راستە جیابوونەوە بۆهیچ کەسێکمان ئاسان نییە، چونیان باشتربوو، وەک دەبینیت لێرە شوێنی ئەوان نەبوو، لەشوێنێکی تەسک دەمانەوە، پێشمەرگەکانی ئێرە کەسانی نەزان و نەفس نزم و چاوپیسن، ئەو زیندانە بەتایبەتی بۆ ژنان دروستکراوە، دڵنیام لەوێ ئاسودەتر دەبن، لەوانەیە لەوێ لەگەڵ ژنانی تردا تێکەڵی دروست بکەن، لە باشوری کوردستان دڵنیام لە زیندانی ئاکرێ خراپتر شوێنێکی تر نییە). ئەوەی جودی باسیدەکرد ئاسەواری پێشمەرگە پیاوسالارەکان و داوێن پیسەکان بوون. بەکۆی گشتی هەموو زیندانییەکان پێیانوابوو ئەوێ لە زیندانی ئاکرێ باشترە، بەمشێوەیە عومەر هێوربووەوە.

ماوەی مانگێک بەسەر سیاسەتی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە تێپەڕی بوو کەبەناوی ماسی لە دەریا دابڕەوە بوو. یەکەم کێشەی ئەو مانگە ئەوە بوو ئەگەر بەگوێرەی جاران جگەرە بکێشرایە پارەکەیان بەشی نەدەکرد. هەتا ئەمرۆژەیش لە حانونەتەکە جگە لە تووتن و پەڕەسیغار و جگەرە شتی تریان نەکڕی بوو. نیوەی زیندانییەکان جگەرە کێشبوون، ئەمەیش کاریگەری هەبوو لەسەر گیرفانیان. دەبوایە رێوجێیەکیان بگرتایەبەر و دەستیان بە پارەکانیانەوە بگرتایە. بەرنامەیان دانا تووتنەکانیان لەلای یەکێک دابنێن و هەر رۆژەی ٥جگەرەیان بداتێ. هەموویان هاوبیربوون لەسەر ئەوەی ئەمکارە بە دەنیز رابسپێرن. بەمشێوەیە دەنیز دوای ئەوەی ببوو بە بەرپرسیاری رادیۆ، ئەمجارەیان دەبوو بە بەرپرسیاری جگەرەیش، دەنیز جگەرەی نەدەکێشا، بەڵام جگەرەی زۆر بەباشی دەپێچییەوە، هەموو بەیانییەک ٥جگەرەی دەدا بە جگەرەکێشەکان، هەتا پارەیان بەشیانی بکردایە ئەم رەوشە بەردەوام دەبوو.

ئەریتێکی تری قاوشی ژمارە٧ ئەوەبوو رۆژانی چوارشەممە لە پەنجەرەکەوە تەماشای سەردانی خەڵکیان دەکرد کە دەهاتن بۆلای زیندانییەکانیان. بەمشێوەیە سڵاویان لەوانە دەکرد کە کەسوکاریان هاتبوو، هەروەهایش دەیانویست زانیاری بەدەست بخەن. لە یەکەم رۆژی مانگی نیساندا، گرووپێک لە زیندانییەکان کە هەردەبوو جودیشیان تێدابێت لەلای پەنجەرەکە راوەستان، ئەو جگەرانەیان دەکێشا کە دەنیز پێچابویەوە. جودی، سۆرۆی بینی کەلە قاوشی ژمارە٦ هاتبووە دەرەوە، جودی بە هەڤاڵەکانی وت (هەڤاڵان وەرن، سۆرۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەردانکەری هاتووە)، دەنیز وتی: (لەوەدەچێت جودی درۆی ١ی نیسانمان لەگەڵدا بکات)، جودی وتی: (نەخێر، شۆخی ناکەم). سەرەڕای ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبوو هەڵخەڵەتابێن، بەڵام زۆرینەیان چوونە لای پەنجەرەکە، جودی هەوڵی دەدا قەناعەت بەوانە بهێنێت کە قەناعەتیان نەهێنابوو، جودی وتی: ( ببینن ئەوە دایکی سۆرۆیە، هەر لە سۆرۆ دەچێت، بڕوانن، ئەوانەی تر براکانین، قژی هەموویان رەنگی خەنەیە، بڕوابکەن بەزاتی خوا ئەوانە برای سۆرۆن)، دوای ئەم قسانە ئەوەی لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەکرد ئەوەی دەبینی کە جودی باسیکرد بوو، بەمشێوەیە قەناعەتیان بە قسەکەی جودی کرد.

بێگومان گومانکردن لەوەی کە سۆرۆ سەردانکەری هاتووە لەخۆڕایی نەبوو، ماوەی ٦مانگ بوو سۆرۆ زیندانیکرابوو، ئەوکاتەی لە قاوشی ژمارە٧ بوو تەنها یەکجار باوکی سەردانی کردبوو، زیندانییەکان دەیانزانی کەسوکاری سۆرۆ لە سلێمانی نەدارن، دایکی بژێویماڵیانی دابیندەکرد، هەربۆیە چاوەڕێی ئەوەی لێنەدەکرا سەردانکەری هەبێت، بەڵام دایکایەتی شتێکی مەزنە، نەبوونی و نەداری نەدەزانی چییە، رێگەچارەیەکی بۆ دیتنی رۆڵەکەی دەدۆزییەوە، دایکی سۆرۆ دانی بەخۆیدا گرتبوو، زەزیلی لە مەسرەف دەکرد و شیری چەند سەر حەیوانێکیانی دەدۆشی و دەیکرد بە ماست و دەیفرۆشت و پارەی پێیەیدا دەکرد، پارەی لە دراوسێکانی قەرز کردبوو رێگەیەکی ١٥ کاتژمێری بڕیبوو هەتا گەیشتبووە ناکرێ، لەگەڵ خۆیدا کراسێکی بۆ سۆرۆ هێنابوو.

ئەم دایکە دوای دوو ساڵ کوڕەکەی خۆی بینیبوو، ٦مانگ لەمەوبەر کە سۆرۆیان هێنا بۆ زیندان، لاواز و کورتە باڵابوو، بەڵام ئێستا باڵای کردووە، هەمیشە مەحمود پێیدەوت (بەوە مەزانن باڵای بەرز بووە ئەو هێشتا منداڵە، زۆریش مەیلداری دایکێتی)، ئەو منداڵێتییە لەکاتی بینینی دایکی خۆی دەردەخست، کە گریانی دایکی دەبینی ئەویش دەگریا، دایکی دوو ساڵ لەمەوبەر سۆرۆی بینیبوو، بەڵام ئێستا سۆرۆیەکی تر دەبینێت، سۆرۆیەکی گەنج و بەخۆی دەبینی، سۆرۆی ماچ دەکرد، دوای ئەوەی لێی دەڕوانی و لێورد دەبووەوە جارێکی تر باوەشی پێدادەکردەوە و ماچی دەکردەوە، براکانیشی هەلیان بۆبڕەخسایە باوەشیان پێدادەکرد، هەرلە سەرەتادا دایکی درکی بە گۆڕانکارییەکەی سۆرۆ کردبوو، تەنها لە جەستەیدا گۆڕانکاری نەهاتبووە ناراوە و تەنها مەسەلەی باڵابەرزییەکەیشی نەبوو، بەڵکو ئێستا سۆرۆ لەچاو جارانی ژیرترە، ئەو تابلۆیەی ئێستا لەلای دایکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کێشابووی که بێتەدەرەوە دەتوانێت ببێت به هاوخەم و یاریدەدری دایکی، ماوەی ٦مانگه به ناسودەیی نەخەو تبوو، له حەسرەتی کوڕەکەیدا چاوەکانی دایکی بەقوڵا چوبوو، به قسەکانی رۆڵەکەی دڵی ئاوی دەخواردەوە، که دایکی دەگەڕایەوە هەمدیسان دەگریایەوە، سەرەڕای ئەوەی دڵی بۆی دەسوتا، بەڵام دەیزانی ئیتر کوڕەکەی گۆڕاوە، ئیتر کوڕێکی وەکو سۆرۆی هەیه که لەخۆی دڵنیایه و باوەڕی بەخۆیەتی و دەتوانێت بەسەر نەهامەتییەکاندا زاڵ ببێت، لەماوەی یەک کاتژمێری یەکتر بینینیان سۆرۆ بۆیانی سەلماند بوو دەتوانێت لێره بەدواوە شتی باشتر بکات، لەجیاتی گریان و غەمگینی دابڕان، سۆرۆ لەدوای ئەم دیدەنییه بەسەربەرزییەوە، جیابووەوە. ئەوکاتەی له بەردەم پەنجەرەی قاوشی ژمارە٧ تێپەڕی، هەنگاوەکانی خاو کردنەوە و زیندانییەکانیش له پەنجەرەکەوە پێیانوت (هەڤاڵ سۆرۆ چاودڵت رۆشن)، ئەویش وتی: (سوپاس هەڤاڵان، دایکم سڵاوی له هەمووتان دەکرد)، ئیتر گەڕایەوە بۆ قاوشەکەی خۆی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ١٣

# یەکەم چالاکی

کەشوهەوا هەتا دەهات گەرم دەبوو، لەهەمانکاتدا پێشهاتە سیاسییەکانیش لەگەرمبووندا بوون. سوپای تورک بە هەماهەنگی پەدەکە ئۆپەراسیۆنیان ئەنجام دەدا و، هەواڵی ئەوە دەهات شەڕوپێکدادانەکان بە سەختی بەردەوامن. ئەوەی مایەی ناڕەحەتی بوو، دانپێهێنانەکانی شەمدین ساقق بوو کە لە رادیۆی پەدەکە بڵاودەکرایەوە. بەگوێرەی هەواڵەکان لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی قارەمانەدا! توانیویانە شەمدین ساقق بەرنەوە بۆ تورکیا، بەڵام سەرِدانکەران دەیانوت پەدەکە لەهەمبەر بڕێ پارە شەمدین ساقیان بە تورکیا فرۆشتووە و گرتە ڤیدیۆیەکی دروستکراوی رفاندنی شەمدین سەقیان دروستکردووە. هەرلە یەکەمین رۆژەوە شەمدین ساقق دانی بە هەموو نهێنییەک هێناوە و لەسەر زانیاری و رێنماییەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنەکان ئەنجامدراون. لە هەندێک شوێندا شەمدین ساقق خودی خۆی بەشداری ئۆپەراسیۆنەکانی کردووە، زیندانییەکان لەناو خۆیاندا گەنگەشەی ئەم مەسەلەیەیان دەکرد.

بێگومان لەناو قاوشەکەدا تەنها باسی سیاسەت نەدەکرا، هەڵبەت بۆ بژێوی ژیان دەبوایە کارێک بکرایە و، پارە پەیدابکرایە. لەناو زیندانییەکاندا چەند کەسێک هەبوون کاری مووروویان دەزانی، ئەمکارە ئەو پارەیەی لەسایەیدا بەدەست دەهات ئەوەنەبوو کە هەموو کەلێنەکان پڕبکاتەوە، چەکدار بیرۆکەیەکی هەبوو، کاتێک لە ئەڵمانیا دەیخوێند، فێری درووستکردنی کەشتی دەستی ببوو، چەکدار دەستی رەنگین بوو، دەیتوانی بەسەر ئەمکارە زاڵ بێت، چەکدار وتی: دەنیز دەتوانێت ببێت بە یاریدەدەرم، هەردووکیان بەیەکەوە دەیانتوانی ئەمکارە ئەنجام بدەن.

جارێکی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بانگی ئیبراهیم چەلۆیان کرد، دەنیز یەکەمجار ئەم ئیبراهیمەی لە زیندانی مەسیف سەلاحەددین بینی بوو، ئیبراهیم باڵا بەرزبوو، هەروەها کەسێکی بەخۆبوو کە سەرنجی خەڵکی رادەکێشا. تەمەنی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣٥ ساڵێک دەبوو، جەستەی رێک و لە وەرزشوانی دەکرد، ئیبراهیم دەیوت یاری کاراتی و بۆکسی کردووە، کە رێی دەکرد پێوەی دیاربوو مەشقی کردووە، ئیبراهیم عەرەبی بەغداد بوو، سۆرانییەکی باشی دەزانی، پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، ئیبراهیم لە فیداییەکانی سەدام حوسێن بووە، دوای شەڕی کەنداو بۆ باشوری کوردستان هەڵاتبوو، خۆی باسیدەکرد دوای ماوەیەک لە مانەوەی لە باشوری کوردستان، پەکەکەی ناسیوە و بووە بە گەریلا، لەبارەی چەکەوە شارەزاییەکی باشی هەبوو، بەتایبەتی لەبارەی بەکارهێنانی چەکی قەنناسەوە زانابوو. بەردەوام لەبارەی ژیانی گەریلا و پەیوەندییەکانی نێوانیان زۆر بەباشی قسەی دەکرد، دەیوت مەستی ئەو پەیوەندییەیە، ئیبراهیم دەیوت (لەمبارەیەوە نارەحەتیم بۆدروست دەبوو)، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ لە ئاکامی ئۆپەراسیۆنێکدا بە دیلی گیرابوو، بەڵام چۆن بە دیلی گیرابوو ئەمەی بە روونی باس نەدەکرد.

زیندانییانی پەکەکە لە قاوشی ژمارە٧ کە بەتەنیا هێشترانەوە، لەوەدەچوو نارەحەتییان بۆ دروست بووبێت، هەربۆیە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ژێراوژێر و بە نهێنی پەیوەندی بە زیندانییەکانەوە بەستبوو. بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دەیانوت گوایە هەندێک لە زیندانییەکان پیلانی ئەوەیان داناوە هەڵبێن. ئەوانەی پیلانی هەڵاتنیان داناوە عومەر، حەسەن، سەلیم و سەبری بوونە. بەگوێرەی ئەوەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ئەم هەواڵە دەزانن، ئەگەر شتێکی واهەبێت دەبوایە زۆر بە دیقەتەوە هەڵسوکەوت بکرایە.

کۆتایی مانگی نیسان بوو، دەمەوئێوارە کاتی چوونی تەوالێتی قاوشی ژمارە٧ بوو، دیاربوو بەهۆی کەشوهەواوە بوبێت ئەوانەی لە گۆڕەپانەکە پیاسەیان دەکرد زۆر کەیف خۆشبوون. لەمبارەیەوە چەکدار وتی: (دەگەینە ئادار، مانگی نیسان دێت، مزگینی گوڵان، کانی و رووبار دەهەژێن ئاو و ژیان). ئیبراهیم چەلۆ لە ساحەکە خەریک بوو ئاوی دەکردە جلیکانەکەوە، کەمال بە دەلیلی دەوت ئەم شەمۆیە واتا شەمدین ساقق کەسێکی وایە کە ئامادەیە هەموو شتێکی بەدڕەوشتی بکات. دەلیل لەئاستی ئەم قسانە خۆی لە گێلی دەدا، ئەیوب ددانەکانی دەهێشا، حەسەن دەیوت دەبێت باشتر ددانەکانی بە فلچە بشوات. دەنیز، سەبری و مەحمود سەرقاڵی گەنگەشەی چۆنییەتی دروستکردنی کەشتییەکە بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەکاتی تەواوبوونی کاتی پیاسەکردن، بەرپرسیارانی زیندانەکە، عومەر، حەسەن، سەلیم و سەبریان برد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی و، پێشمەرگەکانی تریش زیندانییەکانیان بردەوە بۆ قاوشەکانیان. بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە جارناجار زیندانییان دەبرد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی و ئەمەیشیان بەکارێکی رۆتینی لەقەڵەم دەدا. زیندانییەکان لە قاوشەکەدا لە بەردەم پەنجەرەکە رادەوەستان و چاوەڕێی گەڕانەوەی هەڤاڵەکانیان دەبوون. قاوشی ژمارە٧ ڕێک بەرامبەر بە ژوورەکانی بەڕێوبەرایەتی بوو، هەرچییەک دەکرا و کێ دەهاتودەچوو قاوشی ژمارە٧ دەیانبینی، لەناکاو بینییان هەڤاڵەکانیان گەڕانەوە، کە ئەمەیش بەختەوەریانی کردبوو، بەڵام لە سیمای هەڤاڵەکانیان شڵەژاوی و بێحەوسەڵییان پێوەدیاربوو، هەروەها ئەوەیشیان پێوەدیاربوو ئەشکەنجە کراون. کە دەهاتنەوە قاوشەکە ئەوجا هەموو شتێک ئاشکرا دەبوو. بەڵام وادەرنەچوو، هەریەکەیانیان برد بۆ قاوشی جیاواز، عومەریان برد بۆ قاوشی ژمارە١ و حەسەن بۆ قاوشی٢، سەبری بۆ قاوشی٣، سەلیمیشیان بۆ قاوشی٤. ئەمە رەوشێکی ئاسایی نەبوو. لەنێوان خۆیان بە سەرسوڕمانەوە گەنگەشەی ئەم مەسەلەیەیان کرد، چەندین هەڵسەنگاندنیان بۆکرد، مەحمود وتی: (دەبێت چاوەڕێی کاتی سەرژمێری بکەین)، ئەو مولازمەی دەهات لەبارەی ئەم گۆڕانکارییەوە پرسیاریان لێدەکرد. ئێوارە جاسمیان هات بۆ سەرژمێری، کە لە پەنجەرەکە نزیک بووەوە، سەیفی خۆی لێنزیک کردەوە و پێیوت (بۆچی هەڤاڵەکانی ئێمەتان بردووە بۆ قاوشی تر؟)، (سزادراون، بۆیە بردمانن)،(بۆچی سزادراون، تاوانیان چییە، دەمانەوێت بە زووترینکات بیانهێننەوە بۆنێرە)،(ئەوان خۆیان دەزانن چییان کردووە). جاسم بواری نەدا زیندانییەکان شتی تر بڵێن و پشتی تێیانکرد و ئەوێی جێهێشت، ئەمەیش بووە هۆی خراپی مۆڕاڵیان. ئێوارە کەس دەستی بۆ خواردن نەبرد. لەجیاتی نانخواردن گەنگەشەی مەسەلەکەیان کرد، ئەم دانیشتنە هەرلەخۆیەوە کەشوهەوای کۆبونەوەیەکی فەرمی وەرگرت، یەکەم کەس مەحمود قسەی کرد، وتی: (ناتوانین لەهەمبەر ئەم رەوشە بێدەنگ بمێنینەوە)، بۆئەوەی هەڵوێستی هەڤاڵەکانیشی بزانێت چاوی پێداگێڕان، ئەگەر هەڤاڵەکانی لەمبارەیەوە شتێک نەڵێن بەرخۆدان بێواتا دەمایەوە. دەنیز وتی: (ئێمە ناتوانین هەڤاڵەکانمان بە تەنیا و بێ خاوەن بهێڵینەوە)، بەمشێوەیە پاڵپشتی خۆی بۆ قسەکانی مەحمود دەربڕی. شۆڕش ئامەد وتی: (بردنی هەڤاڵەکانمان بەوشێوەیە بۆ قاوشێکی تر،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆئەوەیە دەیانەوێت بمرین؟)، لە ناکامدا ئەم قەناعەتە هاتەئاراوە (دەبێت لەئاستی ئەم رەوشە بێدەنگ نەمێنینەوە)، مەحمود وتی: (دەبێت هەر لە سبەینییەوە دەست بکەین بە مانگرتن)، لەئاستی ئەم پێشنیارە بێدەنگی هاتەئاراوە. شۆڕش ئامەد پەردەی ئەم بێدەنگییەی دڕی و وتی: (من پشتگیری پێشنیارەکەی هەڤاڵ مەحمود دەکەم، سبەی دەستپێدەکەین). سەیفی سەرەتا تەماشای مەحمودی کرد، پاشان لە دەنیز و شۆڕش ئامەدی روانی. ئەوەندە گران نەبوو کەلە واتای بڕیارەکەیان بگەن، سەیفی بەخێرایی چاوی بە هەموو هەڤاڵانیدا گێڕا، لەوە حاڵیبوو هەموویان هەمان بڕوایان بە مەسەلەکە نییە. سەیفی وتی: (هەڵوێستی سۆزەکییانە و بەو هەستەوە هەڵسوکەوتکردن گونجاو نییە، بەڕای من پێویستە پەلە نەکەین، پێویستە سەرەتا لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە قسە بکەین، پێویستە لە مەسەلەکە بگەین، دوایی ئەوەی شتێکمان بۆ روونده‌بێتەوە ئەوکاتە دەتوانین بڕیاری بەرخۆدان بدەین)، دەلیل هەر لە دوێنێوە خواخوای قسەیەکی وایبوو، دەلیل وتی: (من هاوبیری قسەکانی سەیفیم، لەوانەیە ئەو هەڤاڵانە بەبێ ئەوەی ئێمە ئاگاداربین شتێکیان کردبێت، لەلایەکی تریشەوە پەدەکە قانونی نییە، ویژدانی نییە، کەس نازانێت کەی و چی دەکەن، بەڕای من چالاکی مانگرتن شتێکی مەترسیدارە). بۆچونی ئەوەی (دەبێت لەئاستی ئەمانەدا بێدەنگ نەبین)، ئەو بیروبۆچونەبوو کە دەرگای لەرووی تاریکی دەکردەوە، دەنیز بە چاوێکی غەزەبەوە لە دەلیلی روانی و، وتی: (مەترسی گەورە لەوەدایە هەڤاڵانمان بە تەنیا بەجێبهێڵین)، ئەمجارەیان دەنیز رووی کردە سەیفی و وتی: (ئەگەر ئێمە هەڤاڵین، دەبێت ئەرکی هەڤاڵایەتی بەجێبگەیەنین، هەڤاڵایەتی ئەرکی خۆی هەیە، بەدەلەکەی هەرچییەک دەبێت بابێت، دەبێت خاوەندارێتی لە هەڤاڵەکانمان بکەین، پێشنیاری چالاکی مانگرتن پێشنیارێکی گونجاوە و پشتگیری ئەمە دەکەم)، لە نێوانیاندا بێدەنگییەک هاتەئاراوە، سەیفی و دەلیل لەجیاتی ئەوەی شتێک بڵێن، بەڵام بێدەنگیان هەڵبژارد و سەری خۆیان نەوی کردبوو، ئەمجارەیان جەمال پەردەی بێدەنگی نێوانیانی دڕاند و وتی: (واپێویستە هەڤاڵانمان بە تەنیا جێنەهێڵین، ئەمە راستە، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستە لۆژیکانە مامەڵە بکەین، لەوانەیە پاسەوان و پێشمەرگەکان هێرشمان بۆبهێنن و ئەشکەنجەمان بکەن، لەوانەییشە یەک بە یەک بمانێرن بۆ مەنفا، بەڕای من دەبێت پەلە نەکەین)، بەشێوەیەکی چاوەڕوان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەکراو چەکدار هاتە دەنگ و ووتی (ئەگەر هێرشمان بۆبهێنن و ئەشکەنجەیشمان بکەن، چی پێویست بکات بۆ هەڵوێست دەربڕین دەبێت ئەوە بکەین)، جودی بە شێوەیەکی نەخوازیارەوە هاتە دەنگ، وتی: (ئەوەی راستی بێت نازانم چیبڵێم، ناکرێت کاردانەوە و هەڵویستت نەبێت، لەلایەکی تریشەوە بە کەسانێکەوە سەرقاڵ دەبین، کە لە مرۆڤایەتی دەرچوونە و هەمووشتێکی نامرۆڤایەتییان لەدەست دێت، هەربۆیە پێویستە حیساب بۆ هەموو شتێک بکرێت ئینجا بڕیار بدەین، ئەو بڕیارەی دەدرێت هەرچییەک بێت من ئامادەیم)، جارێکی تر کەماڵ زۆر بە پوختی کەوتە قسە، وتی: (من لایەنگری چالاکی مانگرتنم)، بەڵام گێزمیشیان بەهەمانشێوە بیری نەدەکردەوە، وتی: (بەڕای من پێویست بە چالاکی ناکات، دڵنیام دوای چەند رۆژێک هەڤاڵانمان دەهێننەوە بۆ ئێرە، پێتانوایە ئەبێت چییان لێبکەن، بێگومان هیچ)، کامەرانیش بیروبۆچونی خۆی هێنایە زمان، وتی: (من هاوبیری هەڤاڵ گێزمش نیم)، هەڤاڵ ئیسلامیان لەمبارەیەوە بیروبۆچونی خۆی هەبوو، داوای مۆڵەتی قسەکردنی کرد، هەموویان لەویان دەڕوانی، ئیسلامیان بە شێوەیەکی گشتی بەشداری گەنگەشەکانیانی نەدەکرد، لە گۆشەیەکدا لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد و بە قسەی خۆیشی پێدەکەنی، هەڤاڵانیان دەیانزانی کێشەی دەروونی هەیە، هەربۆیە لەگەڵیدا هیچیان نەدەوت، هەربۆیە کە داوای مۆڵەتی قسەکردنی کرد هەموویان پێیانسەیر بوو، ئیسلام وتی: (منیش بەشێکم لەناو ژیانی ئێرە، ئەگەر بەشداری گەنگەشەکانیش نەکەم، بەڵام پارچەیەکم لەم رێکخستنە، دەزانم کێشەی دەروونیم هەیە، بەڵام ئەگەر بڕیاری هەرجۆرە چالاکییەک بدەن منیش لەگەڵ ئێوەم، دەتوانم بەشداری بکەم، ئەو بڕیارەی هەڤاڵان وەریدەگرن، تکایە ناوی منیشی تێدابکەن، ئەمە هەموو قسەکانم بوون، لەگەڵ رێزوسڵاومدا).

سەیفی، دەلیل، جەماڵ، گێزمش و کامەران، بەشێوەیەک تەماشای ئیسلامیان کرد لە دڵی خۆیاندا دیاربوو دەیانوت (ئەرێ ئەم شێتە لەکوێوە پەیدابووا)، بەگوێرەی ئەوان ئیسلام وەک ئەوە وابوو خومرە بکاتە هەویرەوە و پێیبگەیەنێت، مەبەست لەوەدایە، هەموو شتێک بەدڵی ئەمان دەڕوات بەڕێوە ئێستا ئیسلام هەموو شتێکی لێسەروبن کردن. جگە لەمان هەموویان بە قسەکانی ئیسلام دڵخۆش بوون و نافەرینیان لێدەکرد. مەحمود وتی: (ئەگەر کەس پێشنیاری تری نییە، دەست دەکەین بە دەنگدان)، بەڵێ دوای ئەم قسەیە پرۆسەکەیان خستە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەنگدانەوە و بە رێژەی زۆری دەنگەکان بەڵێ بۆ دەستپێکردنی بەرخۆدان درا. راستە کۆبونەوەکەیان بە شێوەیەکی خۆڕسکی دەستی پێکردبوو، بەڵام مەحمود بەشێوەیەکی فەرمی کۆتایی پێهێنا. هەرچەندە ئیبراهیم چەلۆ بەشداری گەنگەشەکانی نەکردبوو، بەڵام لەکاتی دەنگداندا بە بەڵێ دەنگی دابوو. شۆڕش، کەمال، مەحمود، ئەیوب، دەنیز و چەکدار بەم بڕیارە بەختەوەربوون. لە ئاکامدا لەپێناو ئەو هەڤاڵانەی لێیانیان دابڕاندبوون شتێک دەکەن. سەیفی، دەلیل و جەمال بە ئەندێشەبوون، بەهۆی کەشوهەوای جدییەتی کۆبونەوەکەوە نەیانتوانی بیرۆکەی خۆیان بسەپێنن، دوای کۆبونەوەکەییش لە هەڤاڵەکانیان نزیک دەبوونەوە و دەیانویست کاریگەرییان لێبکەن.

سبەی بەیانی کە پێشمەرگەکان دەرگای قاوشەکەیان کردەوە بۆ ئەوەی زیندانییەکان بەرن بۆ تەوالێت، هەموویان زۆر بە گورجوگۆڵانە خۆیان ئامادەکرد و چوونە دەرەوە، هەروەکو هەمووجارێک بەیەکەوە سەر ئاویان دەکرد و دەموچاویان دەشۆری و لە ساحەکە پیاسەیان دەکرد. نیقاشی نێوانیان لە ساحەکە مژاری دوێنێیان بوو بۆ ئەنجامدانی مانگرتن، هەموویان لەروانگەی خۆیانەوە باسیان لە ئەنجامدانی ئەم چالاکییە دەکرد. کاتێک ماوەی مانەوەیان لە دەرەوە تەواو بوو، مەحمود بانگی شۆڕش، کەمال، چەکدار، جودی و دەنیزی کرد. دیاربوو دەیویست شتێکی گرنگ بهێنێتە زمان. مەحمود پێش ئەوەی قسە بکات چاوی بە چواردەوری خۆی گێڕا، مەحمود کەوتە تەماشاکردنی جودی، مەحمود وتی: (لەکاتی پیاسەدا لەگەڵ سەیفی و جەمال قسەمان دەکرد، وتیان ئەم چالاکییە مەترسییە)، دیاربوو ئەوان دوودڵ بوون لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە. کاتێک مەحمود ئەم قسانەی دەکرد، دەنیز چاوی بۆ دەلیل دەگێڕا، لە گۆشەیەکی قاوشەکەدا لەگەڵ جەمال قسەی دەکرد، لەوەدەچوو باسی بڕیارەکەی دوێنێ بکەن لەناو خۆیاندا. دیاربوو دەلیل درکی کردبوو دەنیز لەو دەڕوانێت، درکی کرد دەنیز تورەیە، دەنیز دەیویست بچێت سەروگوێلاکی دەلیل بشکێنێت، بەڵام نەیکرد و دانی بەخۆیدا گرت. ئەوکاتە گوێی لە دەنگی جودی و کەمال بوو کە وتیان (ئەرێ نەچینە ژوورەوە)، ئیتر هۆشی هاتەوەسەرخۆی و روویکردە مەحمود و بە دەنگێکی بەرز وتی: (پێویست بە رەفتاری خۆپەرستانە ناکات)، دەنیز زۆر تورە دیاربوو، بەدەنی دەلەرزی. هەناسەی سواربووبوو. دەنیز پرسی (ئەرێ دوێنێ ئێوارە بڕیارمانەدا چالاکی ئەنجام بدەین؟!، چیبووە کە ئەمڕۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەنگەشەی بڕیارێک بکرێت کە دوێنێ ئێوارە لەبارەیەوە بڕیارماندا؟!، ئەگەر بەمشێوەیەبێت ئەی کوا بە رێکخستنی و کوا جدییەتی رێکخستنی و کادێری رێکخستن؟!، دوێنێ شەو چی روویدا کەچی ئەمڕۆ شتێکی تر هاتۆتە ئاراوە؟!).
دەنیز جارێکی تر تەماشای دەلیل و جەمالی کردەوە، بێشک گوێیان لە دەنگی ببوو، بەشێوەیەک رەفتاریان دەکرد کە گوێشیان لێنەبووە و خۆیان لە گێلی دەدا.
دوای دەنیز، چەکداریش قسەی کرد، ئەگەرچی هاوبیربوو لەگەڵ دەنیز بەڵام، بەڵامێکی کردبووە ناو قسەکانییەوەی، چەکدار وتی: (بەڵام ئەگەر هەڤاڵانی ترمان بڵێن باچالاکی ئەنجام نەدەین، ناچارین پابەندبین)، مەحمود وتی: (ئەگەر زۆرینەی هەڤاڵان دەڵێن با چالاکی نەکەین، ناچارین پابەندبین).
جارێکی تر دەرفەتی چالاکییەکی رێکخستنانە هێواش..هێواش لەژێر چنگیان دەردەچوو. بە درێژایی ئەو شەوە دەنیز بیری لەوەدەکردەوە کە سبەی لەهەمبەر ژووری بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ڤیتدەبنەوە و بە بڕیارێکی هاوبەشانە قسەیان لەگەڵ دەکەن و هەڤاڵەکانیان بۆلای خۆیان دەگێڕنەوە. بێشک بڕیاری هاوبەش و یەکڕیزی نێوانیان دەرەنجامی بەهێزی لێدەکەوتەوە و یەکڕیزی رێکخستنیشیان بەهێز دەبوو، بەڵام سبەی بەیانییەکەی هەموو ئەو خەیاڵانە کەوتنە ناو گۆمێکی قوڵەوە. بەگوێرەی دەنیز سەرنەکەوتنی ئەمکارەیان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەلیل پۆرسپی، جارێکی تر گەڕابووە بۆ دۆخی جارانی کە دەبێت بیربکاتەوە لە داهاتوو چی بکەن، بەڕاستی ئەمەیش ئازارێکی زۆریدەدا.
دەنگێک وتی: (ئیتر بەسە من ئەم خۆپەرستییانە قەبوڵ ناکەم)، سەرەتا دەنیز پێیوابوو دەنگی خۆیەتی، لەبەرئەوەی ئەو دێرەی بیرپلێدەکردەوە هەماندێر بوو، ئەوەی ئەم قسەیەی کرد شۆڕش ئامەد بوو، ئەویش لە داخاندا سیمای سوور هەڵگەڕابوو. شۆڕش وتی: (پێشوتر لە ئاستی هەندێک هەڵویستی ترسنۆک و خۆپەرستییانەدا بێدەنگ مابومەوە، بەخۆمم وت لە ئاستی ئەوەدانیم بەرپەرچی ئەمجۆرە هەڵوێستانە بدەمەوە، بەڵام ئیتر بەسە، لێرە بەدواوە دەست دەکەم بە چالاکی مانگرتن، ئەوەی ئارەزوو دەکات دەتوانێت بەشدار بێت، هەمووتان ئازادن لە بڕیاردان)، دەنیز وتی: (من ئامادەم)، چەکدار وتی: (منیش ئامادەم)، مەحمود وتی: (هەرچۆنێک بێت من ئەم پێشنیارم کردبوو)، جودی وتی: (هەڤاڵان هەڵەن، ئەگەر هەندێکمان بەشدار بین و هەندێکیشمان بەشدار نەبین ئەوکاتە چالاکییەکە سەرکەوتو نابێت، لەهەمبەر دوژمن خۆمان رسوا دەکەین، هەرچییەک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەکەین دەبێت بەیەکەوە بیکەین)، کەمال وتی: (منیش لەگەڵ هەڤاڵ جودی هاوبیرم، دەبێت گوێڕایەڵی زۆرینە بین)، شۆڕش ئامەد بەنیاز نەبوو دەستبەردار ببێت، هەستایە سەرپێ و بەدەنگی بەرز بە هەموو ئامادەبوانی ناو قاوشەکەی وت (هەڤاڵان، ئەوانەی بەشداری ئەم چالاکییە دەبن دەزانن هەڤاڵایەتی لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ٤هەڤاڵانمانیان لێدابڕاندین، دوێنێ ئێوارە بڕیارماندا دەستبکەین بە چالاکی مانگرتن، بەڵام بۆ سبەینییەکەی هەندێک لە هەڤاڵان پاشگەز بوونەوە، من لەو ئاستەدا نیم بەهیچ کەسێک شتێک بڵێم، بەڵام لەپێناو خۆم ئەو خۆپەرستییەی هاتۆتە ئاراوە قەبوڵ ناکەم، دەستدەکەم بە ئەنجامدانی ئەو چالاکییە، ئەوانەی ئامادەن لەگەڵ مندا بەشداری ئەم چالاکییە بکەن دەمەوێت دەستەکانیان بەرز بکەنەوە).

دانیشتەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا، ئەو پێیوابوو زۆرینەیەک لە هەڤاڵانی لەگەڵ ئەودا هاوبیرن. سەیفی، جەمال، دەلیل، گێزمش و کامەران لە ئاستی قسەکانی شۆڕش خۆیان لەگێلیدا. جودی، کەمال، زیاد، ئەیوب و ئیسلام چاوەڕێی ئەوەبوون بزانن ڕەوشەکە بەرەوکوێ دەڕوات. تەنها و تەنها سێ کەس دەستەکانیان هەڵبڕی. ئەویش مەحمود، دەنیز و چەکدار بوون. بەم شێوەیە شۆڕش خەیاڵەکەی ڤالا دەرچووبوو. شۆڕش تەماشایەکی چواردەوری خۆی کرد و، حەیفی بۆ مەسەلەکە دەخوارد.

شۆڕش ئامەد وتی: (زۆرباشە، کەواتە تەنها هەر ئێمە ئەم چالاکییە ئەنجام دەدەین، کێ نایەوێت بانەیەوێت)، هەڵسا و چەند قاپێکی گرتە دەستییەوەی، بەهەموو هێزی خۆی چەند قاپێکی لە پەنجەرەکەوە فڕێدایە دەرەوە و پڕبە گەرووی خۆی هاواریکرد و وتی: (لێرە بەدواوە خواردنی ئێوەمان ناوێت، دەستمانکرد بە چالاکی مانگرتن).

ئەو قاپە پلاستیکیانەی شۆڕش ئامەد لە پەنجەرەکەوە فڕێیدانە دەرەوە، دەنگێکی زۆریان دەرکرد و ئەم دەنگە وەک دەنگی تفەنگ بوو بۆ زەنگی دەستپێکردنی چالاکی مانگرتن. دەنگە گڕاوییەکەی شۆڕش ئامەد پێشمەرگەکانی حەپەساند، دوای ئەم دەنگە، پێشمەرگەیەک بەرەو ژووری بەڕێوبەرایەتی ڕایدەکرد. بەهەر شێوەیەک بێت شۆڕش ئامەد زەنگی چالاکییەکەی لێدابوو، ئەوانەی لە قاوشەکەیاندا لایەنگری ئەم چالاکییە نەبوون شڵەژاوییان تێکەوت. ئەم زەنگە ئەوانەی شەرمەزارکرد کە بەیانییەکەی بێ قەراربوون. زۆربە خێرایی کەمال

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆی گەیاندە پشت شۆڕش ئامەد. لەوەدەچوو بێ قەراری سەرلەنوێ هەورەکەی دەڕەوییەوە.
هەمیشە مرۆڤ لە نێوان بەڵێ و نەخێردا تووشی حەپەسان بووەتەوە. من وەکو دیوارێکی ئەم زیندانە بەم زەنگی چالاکییە سەربڵند بووم. بەڕاستی هەستێکی خۆشە کە ناوی منیش بچێتە دووتۆی دەفتەری بەرخۆدانکارەکانەوە، ئەوانەی دەیانویست ئەم چالاکییە بکەن، چاونەترسانە سووربوون لەسەر هەڵوێستەکەی خۆیان و لەسەرەتای کاروانەکەیاندا بوون. ئەمە وەکو ئەوە وابوو قومار بە چارەنووسی خۆیانەوە بکەن. ئەوەی راستی بێت کاری کەسانی ژیر نەبوو بە ٤ کەسەوە دەست بەم چالاکییە بکەن. بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دەیانتوانی زۆر بە ئاسانی هەرچواریان بەرن بۆ قاوشەکانی تر.
ئەو رۆژە مولازم جاسم کە پێیاندەوت چەوتۆ خەفەربوو، کاتێک پێشمەرگەکان ئەم هەواڵەیان پێیدا، فڕکەیەکی کرد و خۆی گەیاندە بەردەم پەنجەرەی قاوشی ژمارە٧. ئەوەندە خێرابوو پێشمەرگەکانی پشتییەوەی پێیڕانەدەگەیشتن. بە چاوێکی هەڕەشەوە لە قاوشەکەی روانی. بە چاوێکی پڕ قینەوە تەماشای شۆڕش ئامەدی کرد، وتی: (کێ ئەم قاپانەی بەوشێوەیە فڕێداوەتە دەرەوە؟)، شۆڕش ئامەد پێیوت (من فڕێمداوە، ئەتەوێت چیبڵێیت؟!)، مولازم جاسم هەڵوێستەیەکی کرد، بۆئەوەی بزانێت چیبووە، جارێکی تر تەماشای ناو قاوشەکەی کردەوە. عەلی و ئیبراهیم چەلۆ لەدوای دواوەبوون. ئەیدەتوانی ئیشاراتیان بۆبکات، جارێکی تر رووی لە شۆڕش ئامەد کردووە، وتی: (بۆچی قاپەکانت فڕێداون؟)،(دەستمان کردووە بە چالاکی مانگرتن، ئیتر خواردنمان ناوێت)،(هەمووتان دەستانکردووە بە مانگرتن؟)،(بەڵێ هەموومان دەست پێدەکەین). ئەم قسەیەی شۆڕش تەنها بۆ مولازم جاسم نەبوو، بەڵکو منی دیواریشی دەگرتەوە. ئەم قسەیەی شۆڕش ئامەد بۆ مەحمودیش سوپرایزبوو کە پێشنیاری مانگرتنی کردبوو، هەروەها بۆ دەنیز و ئەوانەیتریش هەرهەمان شت بوو. شۆڕش ئامەد ئەم بڕیارەی بۆیەدا چونکە سەیفی، جەمال و دەلیل بەبێ ئەوەی پرس بکەن پاشگەز ببونەوە، هەربۆیە پێشوەخت دەستی خۆی وەشاند. شۆڕش ئامەد بەم بڕیارەی ئاسودە ببوو. بەنیازبوون هەموویان بەیەک هەڵوێست رووبەڕووی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ببنەوە، دەفەرمودەی ئەوە هەموومان ئێستا بەیەکەوەین، باقییەکەی تری خوا کەریمە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مولازم جاسم بەدەنگێکی نەرم وتی: (بۆچی دەستدەکەن بە مانگرتن؟)، ئەمجارەیان مەحمود وەڵامی دایەوە، وتی: (دەمانەوێت بە زووترینکات هەڤاڵەکانمان کە بردوتانە بۆ قاوشەکانی تر بیانهێننەوە بۆ ئێرە، هەروەها دەمانەوێت لێرە بەدواوە مامەڵەی دیلمان لەگەڵدا بۆبکەن)، مولازم جاسمیش وتی: (کەواتە بەخوتوخۆڕای دەستان کردووە بە مانگرتن، ئەگەر لە برساندا بشمرن ئەوان ناهێنینەوە، ئەم مانگرتنە خێری بۆئێوە نابێت، ئێوەکێن هەتا مەرجمان بۆدابنێن و پێمانبڵێن هەڤاڵەکانمان بهێننەوە؟!، من دەزانم چیتان بەسەردەهێنم). شۆڕش ئامەد کە بینی هەڤاڵێکی پشتگیری کردووە، لەخۆشیاندا خەریک بوو بفڕێت، ڕوویکردە مولازم جاسم، وتی: (چیت لەدەست دێت بیکە، ئەوەی لەتۆ بترسێت لەتۆ خراپتری لێبێت).

جاسم لەجیاتی ئەوەی وەڵام بداتەوە، پشتی تێکردن و چوو بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی. زیندانییانی قاوشەکە لە پەنجەرەکەوە لە ڕەفتارەکانی مولازم جاسمیان دەڕوانی. کاتژمێر ٨ی شەو بوو. قاوشەکانی تر گوێیان لەم مەسەلەیە بوو، هەموویان گوێیان نابوو بە پەنجەرە و دەرگاکانەوە. دوای ١٥خولەک مولازم جاسم لەگەڵ مولازم قادر و پێشمەرگەی چەکدار و پێشمەرگەی تێڵابەدەست بەرەو قاوشەکە هاتن، کە ژمارەی پێشمەرگەکان ١٥ کەسێک دەبوون. کە گەیشتن مەنجەڵێک نیسکیان لەبەردەم دەرگاکە دانا، زیندانییانی قاوشەکە بەبێ ئەوەی دەرفەت بە مولازم جاسم بدەن، هەموویان لە پشت مەحمود گردبوونەوە، مەحمودیش بە دەنگێک کە زۆر باوەڕی بەخۆی بێت، وتی: (ئێمە بە ئێوەمان وت دەستمان کردووە بە چالاکی مانگرتن و خواردنی ئێوەمان ناوێت، نامانەوێت خواردنی ئێوە بخۆین)، ئەم هەڵوێستە مولازم جاسمی شێتوهار کردبوو، هەربۆیە دەستی کرد بە هەڕەشە، وتی: (کەس ناتوانێت خواردنی ئێمە ڕەد بکاتەوە، یان مەنجەڵە نیسکەکە وەرگرن یاخود بۆتان دێینە ژوورەوە، هەمووتان فەلاقە دەکەین).

مەحمود تەنها لە جەلادەکانی دەڕوانی، بێشک مەحمود نامۆی ئەم تێڵا و کێبڵانە نەبوو، بێگومان تامیانی کردبوو. لە ئێوارەوە چواردەورەکانیان دەیانوت (ئەمانە مرۆڤ نین، هەمووما دارکاری دەکەن، چالاکی مانگرتن مەترسییە)، ئەم دەنگانە لە گوێیەکان دەزرنگانەوە. ئایا ئەوەی پاشگەز دەبووەوە، دەکرا پێیبڵێن هەڤاڵ؟!، ئایا چەند کەس دەیانتوانی لەگەڵ هەڤاڵەکانیاندا خۆڕاگری بکەن؟!،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم پرسیارانە مێشکی مەحمودیان جەنجاڵ کردبوو. کات بەدەستەوە نەبوو، دەبوایە وەڵامێکی هەڕەشەکانی مولازم جاسم بدرایەتەوە. مەحمود بۆنەوەی خاوەنداریێتی لە بڕیارەکەیان بکات و بیسەلمێنێت ناسلْمێنەوە، بەرەو رووی جاسم هەنگاوینا، وتی: (چیتان لەدەستدێت بیکەن، هەتا هەڤاڵەکانمان نەگەڕێنەوە لامان نان ناخۆین). لەوەدەچوو مولازم جاسم چاوەڕێی خاوەنداریێتییەکی لەم شێوەیە و بڕیارێکی لەم شێوەیەی نەکردبێت. ئەو پێیوابوو کە زیندانییەکان تێلا و کێبلەکان دەبینن لە ترساندا پاشگەز دەبنەوە، بەڵام وادەرنەچوو، هەربۆیە دەبوایە ئەویش وەکو زیندانییەکان سووربوونی خۆی لە بڕیارەکانی نیشان بدایە. مولازم جاسم سەرەتا رووی لەو پێشمەرگانە کرد کە مەنجەڵە نیسکەکەیان هێنابوو، پێیوتن (مەنجەڵەکە بەرنەوە)، دوایش رووی کردە زیندانییەکان، عەلی موراقیب لە سووچێکەوە لە مەسەلەکەی دەڕوانی. ئیبراهیم چەلۆیش لە دواوە نەیدەزانی چیبکات. دەلیل پۆرسپی چاوەکانی تۆقینیان لێدەباری. مولازم جاسم بە پێشمەرگەکانی وت (گوناح لە ئەستۆی من نەما، ئێوە ئەمەتان ویست، دەی پێشمەرگە ئازاکان بچنە ژوورەوە و ئێسکوپرسکیان بشکێنن). زیندانییەکان هێشتا لەناو خۆیان نەگەیشتبوونە دوا بڕیاری ئەوەی ئایا چالاکی بکەن یانا، هەربۆیە دەرفەتی ئەوەیشیان بۆنەڕەخسا کە باسی چۆنییەتی بەرگری کردنی خۆیان بکەن لە ئاستی ئەشکەنجە و تێهەڵدانەکاندا. کە گوێیان لێبوو فەرمانی هێرش بردن دەرچوو، نەیاندەزانی چیبکەن. ئامادەباشییان نەکردبوو. مەحمود بۆنەوەی شڵەژاوی لە ناو ریزەکانیاندا نەیەتەئاراوە، وتی: (هەڤالان قۆڵبکەنە قۆڵی یەکترەوە، ئەگەر بشمان کوژن نابێت دەست لەیەک بەربدەین، لە زیندانی ئامەدیش هەڤاڵان هەروایان کرد بوو).

کاتێک ئەم قسانەی دەکرد، بەدەم قسەکردنییەوە بەرەو دواوە دەچوو، چاوی لە پێشمەرگەکان بڕیبوو هەروەها پەیتا..پەیتا قۆڵی لە قۆڵی هەڤاڵەکانی دەکرد. هەرچی رووداو و بەسەرهاتی ٦مانگی زیندانیبوونی خۆی هەبوو لە ئامەد دەهێنایەوە بەرچاوی خۆی. لەگەڵ مەحموددا هەموو هەڤاڵەکانی هێواش..هێواش بەرەو دواوە دەکشانەوە. قۆڵ لەقۆڵی یەکدا وبەتەنیشت یەکەوە دانیشتن. لەهەمبەر ئەم پێشمەرگانە کە دەست بە چەک بوون و تێلا و کێبلیان پێبوو، بەوشێوەیە دەستیان لەناو دەستی یەک کردبێت، خۆیلەخۆیدا رووحێکی یەکریزی و رێکخستنی دەردەخست. سەرەڕای ئەمەیش هەندێک لە زیندانییەکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بیریان لەوە دەکردەوە ئایا زوو دەستمان کرد بە چالاکییەکە؟، دوا رەفتارەکەی شۆڕش ئامەد کە کردی ئایا بەجێبووە؟. جەمالیان زۆر نیگەران بوو، هەڵوێستی کامەران و گێزمش هیچیان لەیەک جیاواز نەبوو. دەلیل پۆرسپی وەکو ئەوە دیاربوو کەلەوانەیە هەر ئێستا ئاڵای سپی تەسلیمییەت هەڵبکات. دەنیز درکیکرد دەموچاوی دەلیل سپی هەڵگەڕاوە، لە دڵی خۆیدا وتی: (خۆزگە لەلایەوە دەبووم). تیر لە کەوان دەرپەڕیبوو، پاشگەزبوونەوە بۆ ئەم کارە نەبوو. سەرەڕای هەموو دوودڵییەکیان ئەم کارە وەک بڕیاری هەموویانی لێهاتبوو.

مەجید یەکەم کەسبوو کەبە تێلاکەیەوە خۆی کرد بە قاوشەکەدا، پێوەی دیاربوو کە ئەویش نیگەرانە. دوای مەجید دوو زڕبراکانی کە حامید و حاتەم بوون خۆیانکرد بە قاوشەکەدا. بێشک هیچ گومانێک نەبوو لەوەی کە ئەم سێیانە زۆر زەوقیان لە شکاندنی ئێسک و پروسکی خەڵکییە. هەموو پێشمەرگەکان بە تێلا و دار و تفەنگەوە هاتبوونە ژوورەوە و چاوەڕێی فەرمانی دەستکردنەوەی مولازم جاسم بوون. لەناکاو لە دەرەوەی قاوشەکە گوێیان لە دەنگێک بوو، دەیوت (چیبووە، چی دەکەن؟). خاوەنی ئەم دەنگە مولازم ناشور بوو، ئەم مولازمە دوای کاتژمێر٨ هاتبوو بۆ دەوام. مولازم ناشور لەبەرئەوەی جێگیری یەکەمی بەڕێوبەری زیندانەکەبوو، هەروەها لەبەرئەوەی بەرپرسی دۆسیەی زیندانیانی پەکەکە بوو، دەبوایە قسەی لەسەر مەسەلەکە بکردایە و خاوەن بڕیاریش بوو.

مولازم جاسم وتی: (ئەم گەریلایانە خواردن قەبوڵ ناکەن، دەستیان کردووە بە چالاکی مانگرتن، هەربۆیە دەمانەوێت دەرسێکی باشیان بدەین). مولازم ناشور خۆی لێیان نزیک کردەوە، بۆئەوەی بچێتە ناو قاوشەکەوە، پێشمەرگەکان رێگەیان بۆخۆش دەکرد، کە هاتە ژوورەوە راستەوخۆ بە سەیفۆ، حامید و حاتەمی وت (بچنە دەرەوە)، جاسم لە ئاستی ئەم فەرمانە هەندێک منجەمنجی کرد، مولازم ناشور هەموو پێشمەرگەکانی لە قاوشەکە دەرکرد و رووی کردە زیندانییەکان، وتی: (بۆچی چالاکی مانگرتنتان دەستپێکردووە؟)، جەمال وتی: (دوێنێ ٤هەڤاڵمانیان برد بۆ قاوشەکانی تر، دەمانەوێت بگەڕێنەوە بۆنێرە، داوایش دەکەین لێرە بەدواوە وەکو دیل مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن). مەحمودیشیان وتی: (لێرە بەدواوە یەک جوێنی ناشرین قەبوڵ ناکەین، یەک زللە قەبوڵ ناکەین)، نیگەرانی زیندانییەکان دەڕەوییەوە، تەنانەت سیمای دەلیلیش رەنگی جارانی خۆی گرتەوە، مولازم ناشور ئەم یەک ریزییە و قۆڵبەقۆڵی یەکتری بینی. ئەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەیزانی زەبروزەنگ کار لەکەسانی خاوەن راستی و بیروباوەڕ ناکات. ئەو کەسێک بوو دەیزانی کە چۆن بە نەرمی دەستت بگرێت و دوایش بیگوشێت. هەربۆیە مولازم ئاشور بەشێوازێکی قوڵ و ئایدۆلۆژی و پراکتیکی لەمەسەلەکە نزیک بووەوە.

مولازم ئاشور زۆر لەسەر خۆی وتی: (باشە هەڤالان، ئێوە خواردنەکە وەرگرن، کۆتایی بە چالاکییەکەتان بهێنن، کەمێکی تر بەڕێوەبەر دێت، کە هات قسەی لەگەڵ دەکەین و چارەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە دەدۆزینەوە)، لەسەر ئەم قسانەی ئاشور دەرگای دیالۆگ و مامەڵە کرایەوە، هەربۆیە لێرە بەدواوە زیاتر خاوەنی بڕیاردەبوون. کەمالیان وتی: (ئێمە بەمجۆرە قسانە سکمان تێربووە، سەرەتا هەڤاڵەکانمان بهێننەوە، هەتا هەڤاڵەکانمان نەهێننەوە دەستبەرداری چالاکییەکەمان نابین)، ئەویش وتی: (بەڵێنتان پێدەدەم، هەڤاڵەکانتان دەهێنم، بەڵام کۆتایی بە چالاکییەکەتان بهێنن). هەتا دەهات مولازم جاسم پەستتر دەبوو، شێوازی قسەکانی مولازم ئاشوری بەدڵ نەبوو، دانی بەخۆیدا نەگرت، وتی: (مولازم ئاشور بۆچی بەوشێوەیە لەگەڵ ئەواندا قسە دەکەیت و بەڵێنیان دەدەیتێ؟، ئەوانەی براون تاوانبارن، ئەوانە ناگەڕێنینەوە)، ئاشوریش وتی: (ئێرە نەشوێنی گەنگەشەیە و نە کاتێشێتی)، کە ئەم قسانەی کرد دەستی بەرز کردەوە کە مولازم جاسم بێدەنگ بێت. مولازم ئاشور بە پێویستی نەدەزانی هۆکارەکانی خۆی بۆ مولازم جاسم شیبکاتەوە. مولازم ئاشور ماوەیەکی دوورودرێژە چاودێری پەکەکەی کردووە و لەبارەیانەوە لێکۆڵینەوەی کردووە، ئەو لە رۆحی کەسانی بە رێکخستن زۆر باش حاڵی دەبوو. دوای ئەوەی ئیشاراتی کرد کە جاسم بێدەنگ بێت، روویکردە زیندانییەکان، وتی: (ئێوە نازانن بۆچی هەڤاڵەکانتانیان بردووە، ئەگەر هۆکارەکەی بزانن حەقمان پێدەدەن)، سەیفی وتی: (بیڵێن و بائێمەیش بیزانین)، ئاشور وتی: (ئەگەر باسی بکەم دەستبەرداری چالاکییەکەتان دەبن؟)، کەمال وتی: (هەتا هەڤالانمان نەهێنن دەستبەرداری چالاکییەکەمان نابین)، ئەویش وتی: (ئەگەر بزانن هەڤاڵەکانتان بۆچی براون سەرسام دەبن، من دەڕۆم، هەرکاتێک بەڕێوەبەر هات ئینجا قسە دەکەم، وەکو ئەوەی بەڵێنمدا هەڤاڵەکانتان دەهێنمەوە، ئەوکاتەیش تاوانەکانیان دەهێنمە زمان، بەڕای من دەستبەرداری چالاکییەکەتان بن).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای ئەم قسانەی لە قاوشەکە چووە دەرەوە. پێشمەرگەکانیش دەرگای قاوشەکەیان کلیلدا و بەدوای ئاشور چوونەوە بۆ ژوورەکانی بەڕێوبەرایەتییان. لەمکاتەدا بەرپرسی زیندانەکە محەمەد ئەمین سورچی بە سەیارەکەیەوە هاتە ساحەکەوە. هەروەکو هەمووجارێکی جلوبەرگی جوانی لەبەردابوو، بەرەو مولازم و پێشمەرگەکان هەنگاوینا. مولازم ئاشور بەسەرپێوە باسی مەسەلەکەی بۆکرد، بێگومان لەبارەی مەسەلەکەوە بیروبۆچونی خۆیشی هێنابووە زمان. باشترین کار ئەوەبوو هەڤاڵەکانیان لە قاوشەکانی ترەوە بهێنایەتەوە بۆ قاوشی ژمارە٧ و کۆتایی بە چالاکییەکە بهێنرایە. بەڕێوەبەر نەیدەویست لەگەڵ گەریلاکانی پەکەکەدا خۆی تووشی سەرئێشە بکات. راستەوخۆ بیروبۆچونەکانی مولازم ئاشوری پەسەند کرد. مولازم ئاشور و پێشمەرگەکان هاتنە لای پەنجەرەی قاوشی ژمارە٧. محەمەد ئەمین سورچی بە زیندانییەکانی وت (سڵاو هەڤاڵان، وەزعتان چۆنە؟، بیستم لەپێناو هەڤاڵەکانتان دەستانکردووە بە چالاکی مانگرتن، وەکو مولازم ئاشوریش پێتانی وتووە هەڤاڵەکانتان دەهێنینەوە، دەستبەرداری چالاکییەکە ببن و هەڤاڵەکانتان بۆدەهێنینەوە، لە کولتوری ئێمەدا شەرمە خواردن بێت و نەیخۆیت، خواردنەکەتان وەرگرن، لێرە بەدواوەیش نەکەن جارێکی تر خواردن وەرنەگرن). مەحمود لە پەنجەرەکەوە وتی: (سەرەتا هەڤاڵەکانمان بهێنن، ئینجا خواردنەکە وەردەگرین)، مەحمودێکی چاو کز و ووردیلە و بەڕێوبەرێکی پۆشتەو خاوەن دەسەڵات ئەم قسانەی بەدڵ نەبوو. بەشێوەیەک تەماشای مولازمەکانی کرد کە دەیویست پێیانبڵێت (ئێستا من چی بکەم لەمە؟)، محەمەد ئەمین سورچی بەدەست کەوتە رێککردنەوەی قوماشی پانتۆڵەکەی، دوایش وتی: (فەرمانمداوە بە مولازمەکان هەڤاڵەکانتان بهێننەوە، ئێوە نانی خۆتان بخۆن، ئەوانیش دێن). مەحمود نەیهێشت کەس قسە بکات، وتی: (پەلەمان نییە، باهەڤاڵەکانمان بگەن بەیەکەوە خواردن دەخۆین). محەمەد ئەمین سورچی لە دڵی خۆیدا خوازیاری ئەوەبوو قایشی پانتۆڵەکەی دەربهێنێت و دارکارییەکی باشی ئەم پیاوە ووردیلەیە بکات، پیاوێکی باڵادەست و کوڕ و برازا و ئەوەندە مولازم و پێشمەرگەی لە دەوروبەربێت، کەچی ووردیلەیەکی وەک ئەمە چۆن دەتوانێت بەوشێوەیە بەرپەرچی بداتەوە. لەجیاتی ئەوەی ئەم ووردیلەیە بداتە دەست سەیفۆ و حامید و حاتەم و بیبەن بۆ ژێر زەمینەکە و تێروپڕی لێبدەن، کەچی ئەم ووردیلەیە سەرقاڵی مامەڵەیە لەگەڵیدا و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەریخستووەتەسەری. ئاشور درکی بەوە کردبوو محەمەد ئەمین سورچی توڕەبووە، هەربۆیە کۆکەیەکی کرد تاکو بەئاگای بهێنێتەوە. محەمەد ئەمین سورچی جارێکی تر وەکو باوکێکی میهرەبان وتی: (بەڕاستی ئێوەی پەکەکە مێشک ووشکن، ئەگەر وتمان هەڤاڵەکانتان دەهێنین، واتا دەیانهێنین، ئێستا و دوایی گرنگ نییە، بەڵام ئەگەر هەردەتانەوێت چاوەڕێ بکەن کەیفی خۆتانە، پێشمەرگەمان نارد تاکو بیانهێنن، کەمێکی تر دەیانهێنن، ئەگەر دەتانزانی بۆچی براون...؟!)، کەمال پێیوت (پێمان بڵێن بائێمەیش بیزانین)، هەڵبەت کەمال کە ئەم قسەیەی کرد، قسەی بە محەمەد ئەمین سورچی بڕیبوو. محەمەد ئەمین سورچیش لەسەر ئەمکارەی کەمال وادیارە لە دڵیخۆیدا وتویەتی (بەڕاستی موستەحەقی ئەوەن هەموویان ببرێت بۆ ژێرزەمینەکە و هەتا بەیانی دارکاری بکرێن، خەریکە فەرمانم پێدەکەن، پێمدەڵێن دەی پێمان بڵێ با ئێمەیش بیزانین). محەمەد ئەمین سورچی پێیانیوت (کەهاتن ئەوکاتە قسە دەکەین).

لەناکاو دەنگی کردنەوەی دەرگاکانی قاوشی١..٢..٣.و ٤ بیستران، عومەر، حەسەن، سەلیم و سەبریان دەهێنا بۆ ساحەکە، پێشمەرگەیەکیش هات و دەرگای قاوشی ژمارە٧ی کردەوە، مولازم قادر بانگی ئیبراهیم چەلۆی کرد، ئیبراهیم چەلۆ بەتانی و جلوبەرگ و جامانەکەی خۆی کۆکردەوە و چووە دەرەوە. کەمال وتی: (هەڤالان مارمان لەناو باوەشی خۆماندا بەخێوکردووە)، بەڕاستی درەنگ درکیان بە مەسەلەی ئیبراهیم چەلۆ کردبوو. دوای ئەوەی ژیانی سیخوڕەکانی خۆیان پاراست، مولازم ئاشور وتی: (ئەو ٤ هەڤاڵەتان کە لێرە دەرکران بە نیازبوونە هەڵبێن، کەلە نێوان خۆیان قسەیان کردووە ئیبراهیم چەلۆ گوێی لە قسەکانیان بووە، بەنیازبوونە ئەوکاتەی دەچن بۆ تەوالێت، لەوێدا پەلاماری پێشمەرگەکان بدەن و چەکەکانیان لێبستێنن و بیانکوژن، ئێمەیش بۆئەوەی ڕێگری لەم کارە بگرین ئەوانمان برد بۆ قاوشەکانی تر ئەگەر ئێوەیش لەشوێنی ئێمە بونایە هەمان شتتان نەدەکرد؟).

ئەم قسانە لەناو زیندانییانی قاوشی ژمارە٧ سەرسامییەکی دروستکرد. مەحمود جدییەتی خۆی لەدەست نەدا و ڕوویکردە مولازم ئاشور، وتی: (بۆخاتری خوا دەستان بنێنە سەر دڵ و ویژدانتان، سەلیم قاچێکی نییە، دارشەق بەکار دەهێنێت، ئەگەر چاویلکە نەبێت حەسەن ناتوانێت ١مەتر پێشخۆی ببینێت، خۆیشتان دەزانن سەبریش کێشەی چاوەکانی هەیە، ئەگەر بەدەستی خۆتان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عومەر بخەنە بەردەم دەرگای زیندانەکەیش و پێیبڵێن برۆ، ئەوەندە کەم ئەزمونە ڕێگەی پێنادۆزرێتەوە، ئایا لەنێوان ئێمەدا کەس نەما پیلانی هەڵاتن دابنێت جگە لەو هەڤاڵانە، گوایە چەکی پێشمەرگەکانیش دەبەن، ئیبراهیم چەلۆ بۆنەوەی لەچاو ئێوە خۆی خۆشەویست بکات ئەم درۆیانەی بۆکردوون، هیچ نەبوایە ئێوە لۆژیکانە هەڵسوکەوتتان بکردایە، بەلای کەمەوە دەتانتوانی پێیبڵێن ئەی بۆچی ئەوانەی ساغن بەمکارە هەڵناسن؟).

ئەم قسانەی مەحمود کاریگەری لە محەمەد ئەمین سورچی و مولازم ئاشور کردبوو، بەم قسانە دەرکەوت ئەو مولازم ئاشورەی خۆی بە ژیردەزانی فریودراوە، چۆن درکی بەم مەسەلەیە نەکردبوو، کەسێکی وەکو ئیبراهیم هەڵی خەڵەتاندبوو، مولازم ئاشور بەبێ ئەوەی بیر لە سیناریۆکەی ئیبراهیم بکاتەوە کەوتبووە گیان کەسانی کوێر و بێ قاچ، خۆیان کردبوو بە گاڵتەجار، دەبوایە حامید و سەیفو ئیبراهیم چەلۆیان ببردایە بۆ ژێر زەمینەکەو داخی ئەم درۆیانەیانیان پێبڕشتایە.

محەمەد ئەمین سورچی و مولازم ئاشور کە عومەر، حەسەن، سەلیم و سەبری هاتنە قاوشەکەوە لەدەستی توانج و بێ نەقڵیان لەچاو زیندانییەکان ڕزگاریان بوو. محەمەد ئەمین سورچی وتی: (زۆرباشە، بمانەوێت و نەمانەوێت مەسەلەیەک روویدا، هەڤاڵەکانتان هاتنەوە، ئیتر دەبێت دەستبەرداری چالاکییەکەتان ببن، جارێکی تر دەستبەرداری خواردن مەبن، ئەمە زۆر عەیبە، هەمووومان کوردین و برای یەکترین، ئێوە لێرە میوانی ئێمەن، ئێمە دەڕۆین، شەوێکی شاد). محەمەد ئەمین سورچی بەبێ ئەوەی دەرفەت بە زیندانییەکان بدات قسەبکەن، لە قاوشەکە بەخۆی و پیاوەکانی چوونە دەرەوە. کە ئەوان ڕۆیشتن، لەناو قاوشی ژمارە٧دا خۆشبەختی و شایی هاتەئاراوە. هەموویان یەک بەیەک باوەشیان کرد بە عومەر،حەسەن، سەبری و سەلیم و پێیانیانوت کەفاراتتان بێت. هەموویان دڵیان پڕبوو لە گریان، عومەریان دەستیکرد بە گریان. دوای ماوەیەک قسە هاتەسەر کۆبونەوەکەی دوێنێ شەو. باسی شێوازی هەڵوێستی ئەم بەیانییەی هەڤاڵەکانیان و ویستی ئەشکەنجەی جەلادەکانیان بۆ هەڤاڵە هاتووەکانیان کرد. ئەزمونێکی باشی یەکریزییان بەدەست خستبوو. بێگومان ئیسلامیش لەناو لیستی بەرخۆدانکارەکاندا بوو، ئەوەیشیان لەیاد نەکرد کە ئیبراهیم چەلۆ لەناویاندا سیخور بووە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمە یەکەم جارە کە ببمە شاهیدحاڵی چالاکی گەریلاکانی پەکەکە لە زیندانی ئاکرێ. بەپێچەوانەی ئەوەی من چاوەڕوانی بووم زووتر ئەنجام وەرگیردرا. ئەگەر لەمن دەپرسن، ئەگەر کەمێک مولازم ئاشور درەنگ بهاتایە و مولازم جاسم دەستی بوەشاندایە، دەلیل و گێزمش و کامەران هەرزوو ئاڵای تەسلیمییەتیان هەڵدەکرد. زووتر رەوشی ئیبراهیم چەلۆ نەدەزانرا، بەڵام گومانی لەسەربوو. ئەوەیش دەزانرا کە جەمال و سەیفی چەندێك دان بەخۆیاندا دەگرن. بەمشێوەیە رەوتی چالاکییەکە دەگۆڕدرا. بەڵێ سەرەڕای هەموو شتێک دەنگی ئەو قاپە پلاستیکانە، لە زیندانەکەدا بوو بە وەرچەرخانێک.

لەناو قاوشی ژمارە٧دا دەنگی ئەوەی (پێویستە لەناو خۆماندا بەڕێوبەرایەتییەک هەڵبژێرین و ژیانی رێکخستنی پێکبهێنین) لێرە بەدواوە زیاتر دەبیسترا. ئەم بیرۆکەیە لێرە بەدواوە لایەنگری زیاتر دەبوو، لەناکامدا دوای رۆژێک لە چالاکییەکە زیندانییەکان لە چواردەوری یەکتر کۆبونەوە. مەحمود وەکو کەسی یەکەم قسەی کرد و باسی ئەوەی کرد کە دوای ئەم چالاکییەکە کەوتونەتە ناو قۆناغێکی نوێوە و ئینجا مافی ئاخافتنیدا بە جودی. جودیش وتی: لەڕێی ئەم چالاکییەوە کۆتایی بە ئازاری ئازادی هات و هەروەهایش وتی: ئەگەر چالاکی لە چوارچێوەی رێکخستنی ئەنجام بدرێت ئەنجام وەردەگیردرێت. دوایش دەنیز وتی: بەڕێکخستن بوون پێویستییەکی سەرەکییە و بۆ ئەم مەبەستەیش پێویستە دەستبەرداری تاکرەوی و فکری دواخستنی و خۆدزینەوە ببینەوە. حەسەنیشیان هەڵسەنگاندنێکی گشتی کرد.

حەسەن بەشێوەیەکی گشتی دەیوت (ئەگەرچی چالاکییەکە خۆڕسکانەیش هاتەئاراوە، ناکرێت بشهێڵین ئەنجامەکەیشی خۆڕسکانەبێت)، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەیان لەچاو خۆیان زۆر گەورە کردبووەوە. ئەوەی راستیبێت بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بەوشێوەیە نەبوو گەورە بکرێتەوە، بەڵکو لاوازی خۆیانبوو. ئەگەر خۆڕسکانەیش بووبێت، هەڵوێستێکی جدییانە پاشەکشێی بە بەڕێوبەرایەتی دەکرد. لەم مەسەلەیەدا دەتوانین هەڵویستەکەی کەمال بەنمونە بهێنینەوە کەلە هەمبەر قایمەقامی ئاکرێ نیشانیدا. ئەنجامدانی چالاکی مانگرتنیش بەهەمان شێوەبوو. ئەگەر ئەم مەسەلەیە کتوپڕیش هاتبێتە ئاراوە، بەڵام دەبینین ترس و دڵەڕاوکێ و هەڵویستی خۆپەرستانە لەئارادا نەما. لەشوێنی حیساباتی بەرژەوەندی شەخسی و پارچەیی بوون، لە شوێنیدا یەکڕیزی و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قۆڵبەقۆڵی ڕێکخستنی هاتبووە ناراوە. ئەم کارە پاشەکشێی بە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە کردبوو. ئەگەر بیانتوانیایە پەرە بەم هەڵویستەیان بدەن، بەدڵنیاییەوە زیاتر و زیاتر پاشەکشێیان بە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دەکرد. بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ئامادەی ئەمەیش بوو، ئەوەی لەسەرشانیان بوایە دەیانکرد. زیندانییەکان بە گشتی پێویستییان بە دوو شتی گرنگ و بنگەیی هەبوو، ئەویش بەڕێوبەرایەتی ناوخۆیان و پەروەردە بوو.

کاتێک هەڵسەنگاندنەکانی حەسەن بە شێوەیەکی گشتی پەسەندکرا، بڕیاری هەڵبژاردنی بەڕێوبەرایەتی و مژاری پەروەردە یەک لەدوای یەک هێنرانە زمان. بەگوێرەی ئەو هەڵبژاردنەی کردیان، مەحمود، سەیفی و حەسەنیان بۆدەستەی بەڕێوبەرایەتی هەڵبژارد. لەبەرئەوەی حەسەنیان بە کەسێکی ڕاستگۆ و پاک و خاوەن ئەزمونی تیۆری و خۆی لە هەڵە بەدوور دەگرێت و، خاوەن ڕێزە هەربۆیە هەڵیان بژارد. بوونی سەیفی و مەحمود لەناو دەستەی بەڕێوبەرایەتی هۆکارەکەی ئەوەبوو کە دەیانتوانی هەموو کەسێک و لایەنێک لەخۆیان نزیک بکەنەوە. گەنگەشەی چالاکییەکەیش ئەم ڕاستییەی سەلماندبوو. دوولایان وەکو دوو دونیای جیاواز وابوون. زۆر لەوە دەترسام کە لەنێوان خۆیاندا نەگەنە ئەنجام.

دوای ئەوەی بڕیاری خولی پەروەردەیاندا، لەناو خۆیان دەستیانکرد بە گەنگەشە. هیچ پارەیەکیان نەبوو. توانییان ڕێگە چارەیەک بدۆزنەوە، پێداویستییە سەرەکییەکان دەستنیشان دەکران، ئەم پێداویستییانە دەخرانە بەردەم کۆمیتەکان، پاشانیش کۆمیتەکان لە چواردەوری یەک کۆدەبونەوە و باسی مەسەلەکانی خۆیانیان دەکرد. ئەوەی بێتەوە یادم ئەوەبوو لەنێوان خۆیاندا ڕێککەوتن کە باس لە مژاری مێژووی کوردستان و مێژووی پەکەکە و کەسایەتی سەرۆکایەتی و خەباتی زیندان و لەگەڵ مێژووی فەلسەفە. من لەناویاندا تەنها کەس بووم کەلە بارەی ئەم مژارانەوە هیچم نەدەزانی. تەنها و تەنها توانیم پێیانبڵێم (کارەکانتان لەسەرخێر بێت).

ئەگەر لە ڕەوشەکەت بڕوانایە دەتبینی کە خەریکن زاڵ بن بەسەر زۆرشتدا. بە گشتی جگە لەناو بەرەکان کاتژمێر ٩ی بەیانی دەستیان دەکرد بە پەروەردە هەتا ١٠ی شەو. هەرچەندە ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی خۆی گۆشەگیر کردبوو، بەڵام ئەویش بەشداری خولی پەروەردەکانی دەکرد. لێرە بەدواوە بێڕیزییەکانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە قەبوڵ نەدەکرا. بڕیاری یەکڕیزییان دابوو. خۆیان پەروەردە دەکرد و تێدەکۆشان. منیش وەک دیوارێکی سادەی زیندانەکە نەدەمام. ئەگەر بە شانازییەوە نەموتایە (لەسەر خێربێت) ئەی چیم بوتایە؟!.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ١٤

# عیلاجی ددان

جودی کەیفخۆش دەبینرا، هەرلە سەرەتاوە جودی، درکی بەوە کردبوو سووربوون لەسەر بەرخۆدان بەناوی تەنگکردنەوەی ناسنامەی پەکەکەوە مەترسییە. درکی بەوە کردبوو پێویستە میکانیزمی رێکخستنی پێکبهێنرێت. کەس خۆی لەم بابەتە نزیک نەکردبووەوە. ماوەیەک بوو جودی خۆیشی دەستبەرداری خۆی ببوو، لەکاتی گەنگەشەکاندا بە هەڤاڵەکانی دەوت (هەڤاڵان هەرچی بڕیارێک دەدەن من پابەندیم)، کاتێک چالاکییەکە ئەنجامدرا دوودڵ بوو. ئەگەر بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هێرشی بهێنایە بەلای ئەوەوە کەسانی وەک دەلیل و گێزمش کە بەلاواز هەژماری دەکردن، ترسی ئەوەی هەبوو کە ئەمجۆرە کەسانە کەلێنێک بخەنە دیواری چالاکییەکەوە و دیواری چالاکییەکە بڕوخێنن. شۆڕش ئامەد کە هەموو شتێکی گەیاندە لووتکە و بە پێداگریکردنی مەحمود و دەنیز، کە تیر لە کەوان دەرپەڕی، هەموو ئەمانە سەرکەوتنێک بوون کە جودی چاوەڕوانی نەبوو. بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە تووشی ئەمری واقع ببوون و نەیاندەزانی چیبکەن. زیندانییەکان لەچاو خۆیان بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەیان گەورە کردبووە و بەهەمان شێوەیش بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ئاستی بە رێکخستنی ئەوانی لەچاو خۆیان گەورە کردبووەوە. مولازم ئاشور دەیوت (کەس نازانێت لەچی کاتوساتێکدا ئەندامانی پەکەکە چیدەکەن)، هەربۆیە نەیدەخواست ئەشکەنجە و کرداری زۆر گەورەی ترسناک لەهەمبەریان بکرێت. لێرە بەدواوە جوێنی ناشرین بە ئەندامانی پەکەکە نەدەدرا و لێیانیان نەدەدرا و زۆربۆهێنانەکانی سەر زیندانییەکانی تریش سووک دەکرانەوە.

ئەندێشەکانی جودی بەتەواوەتی نەڕەوییبوونەوە، مەحمودی دەناسی، شارەزای خووی مەحمودیش بوو، دەیزانی سەرشێتە، هەرچۆنێک بێت بە عیناد و کەمێک سەرشێت ناوبانگی دەرکردبوو. جودی لەگەڵ سەیفیدا نەدەگونجا، سەیفی هەمیشە دەیویست ئەو کەسانەی کەسایەتییان لاوازە لە دەوروبەری خۆی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆیانبکاتەوە و لەسایەیاندا هێز بۆخۆی بەرجەستە بکات، کەمێک پاوەنخواز بوو، سەیفی لە ئاستی ژیانی رێکخستنی و پەروەردە و چالاکییەکاندا خۆی دوور دەگرت. ئایا حەسەن کە هەمیشە دەیوت (چی پێویست دەکات؟)، دەیتوانی ببێت بە کەسێکی بونیادنەر و بتوانێت هەموویان لە چواردەوری یەک کۆبکاتەوە؟، ئەو ئاستی زانستەی حەسەن هەیبوو تەواوکەر نەبوو، هەربۆیە کەسایەتییەکی بێ خەمی لێدەردەچوو. ئەگەر لەجیاتی سەیفی، دەنیزیان هەڵببژێردایە، کارەکان باشتر بەڕێوەدەبران. لەم کاتەدا دەنیز و ئیسلام دانیشتبوون و لەنێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد. دوای چالاکییەکە ئیسلام گورج ببووەوە و هۆشی هێنابووە لای خۆی و ئارەزووی ئەوەی دەکرد لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا قسەبکات. دەنیز بە هەڤاڵەکانی وتبوو (من خۆم بە ئیسلامەوە سەرقاڵ دەکەم)، ماوەی دوو سێ رۆژێک بوو موو نەدەچووە بەینیانەوە. جودی چووە پەنایانەوە و دانیشت، وتی: (هەڤاڵ ئیسلام نەمدەزانی ئاستی تییۆریتان بەو شێوەیە)، دەنیز سڵاوی لە جودی کرد و ئینجا وتی: (ئەوەی راستی بێت هیچ هەڤاڵێک ئەمەی نەزانیبوو)، ئیسلامیش وتی: (راست دەکەیت هەڤاڵ، هەموو هەڤاڵان بەمن دەڵێن شێت، بێگومان ناحەقیشیان نییە، کێشەی جدي دەروونیم هەیە، خۆیشم نامەوێت خۆم نزیک بکەمەوە، لەگەڵ کەسدا نزیکایەتی ناکەم).

ئیسلام ئەم کێشە دەروونییەی خۆی بە کرداری دەوڵەتەوە گرێدەدا. ژیانی شەوانیان لە شاری باتمان هەربەو ترسەوە بردووەتەسەر، بەردەوام ناوبەناو باوکیان زیندانی کردووە و، بەردەوامیش هەڕەشەیان لێکردووە، ئەوکاتەی باوک و براکەی رۆژانە دەچوونە دەرەوە بۆ بازاڕ، هەمیشە دایکی ئیسلام بۆئەوەی بە سەلامەتی بگەڕێنەوە نزای بۆکردوون، رۆژێکیان ناچاردەبن لە ناکاو بگوازنەوە بۆ شاری وان، تەنانەت ئیسلام فریای ئەوەیش نەکەوتووە ماڵئاوایی لە هاوڕێکانی بکات. ئەوان لە شاری وان نە خزمیان هەبوو نە ناسیاویش، لە کەلاوەیەک جێگیردەبن کە کۆنە مەکتەب بووە. باوک و برا گەورەکەی ئیسلام، بەکاری رۆژانە سەرقاڵ بوونە و بژێوی ژیانیان دەستەبەرکردووە. دوای ماوەیەک توانیویانە خانوو بە کرێ بگرن. پێش ئەوەی ئیسلام لە ماڵەوە جیاببێتەوە، براکەی سالۆنی بلیاردی کردۆتەوە، بەڵام ئیسلام قایە، ئەو ترس و دڵەراوکێیەی لە شاری باتمانەوە لە منداڵییەوە تێیدا ژیاوە و ئەو شەوانە پڕ لە ترس و مەینەتییەی چێژتویەتی و ئەو برسێتییەی لە کەلاوەکە بینیویەتی و ببوونە هۆکار کە ئیسلام

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بکەوێتە کۆڵانەکانی شاری وانەوە، نەیاندەهێشت تام لە ژیان بکات، ژیان بۆ ئەو بێ مانا و هیچ بووە، بەردەوام بیری لە خۆکوشتن کردۆتەوە و پیلانی بۆداناوە، بەڵام دواتر پاشگەز دەبووەوە. جارێکیان لە ماڵەکەی خۆیاندا پەتی هەڵواسیوە تاکو خۆی بخنکێنێت، پێش ئەوەی کورسییەکەی ژێر پێی لابدات، هۆشی هاتووەتەوە سەرخۆی، ئەوکاتەی بیر لە مردن و خۆکوشتن دەکاتەوە دەبێت بە کەسێکی تر و ئەوکاتەی لەژێر کاریگەری ئەو بیرکردنەوەیەدا رزگاری دەبێت، دەبێت بە کەسێکی تر، بەدرێژایی تەمەنی لەجیاتی ئەوەی خۆی لە خەڵکی نزیک بکاتەوە زیاتر خۆی لە کتێب نزیک کردۆتەوە، لە هەر دەرفەتێکدا کتێبی فەلسەفەی خوێندووەتەوە. دیاربوو لەکاتی قسەکردنێکیاندا لە نێوان ئیسلام و دەنیز، دەنیز درک بەمە دەکات و پێیدەڵێت (هەڤاڵ ئیسلام، لەوەدەچێت مێشکی خۆتت بە فەلسەفەوە زۆر هێلاک کردبێت)، لەسەر ئەم قسەیەی دەنیز، ئیسلام وتی: (زۆرینەی فەیلەسوفەکان وەکو من شێتن، هەر بە چاوی شێتیشەوە لەوان روانراوە)، بەم قسەیە خودی ئیسلام و دەنیزیش پێکەنین.

ئیسلام ئەوەی ویستویەتی و خواستی بووە لە کتێبەکاندا بەدەستی نەخستووە، باوەڕی وابوو دونیا هیچە و ژیان بێواتایە و قسەکردنیش زیادەڕۆییە، هەرئەوکاتەی کە بەوشێوەیە بیری کردۆتەوە، بە شۆڕشی نوێی باکوری کوردستان ئاشنا دەبێت. هەرلەبەرئەوەی وڵاتپارێزبوونە دەوڵەت چاودێری کردوون، ئیسلام لە هاوڕێ منداڵییەکانی دابڕاوە و ژیانێکی کولەمەرگی دەژیا. ئەو جۆری ژیانەی کە تێیدا دەژیان و نەبوونی بوو، هەژاری بوو، دەردەسەری بوو، هەموو ئەمانەی بە دەوڵەتەوە گرێدەدا، هەرلەبەرئەوە لە دەوڵەت بەقین بوو. سەرهەڵدانەکانی گەل لە شارەکاندا کاریگەری دەخستە سەر ئیسلام، لەگەڵ هاوڕێکانی مەکتەبیدا بەشدارییان لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩٢کردووە، ئەو لەناو جۆشوخرۆشی ئەو ئاهەنگەدا ژیابوو، وەکو ئەوە بووە کەتازە بەتازە هەناسەیەکی نوێی ژیان هەڵمژێت، بەتایبەتی گەنگەشە و چالاکییەکان ئەمیان دێوانەی ژیان کردبوو.

لە ساڵی ١٩٩٦ئیسلام بوو بە گەریلا، لە رێی {الباک}ەوە لەگەڵ گرووپێک دەچێت بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان. دوای ماوەیەک مەشقی سەربازی و خولی پەروەردەی ئایدۆلۆژی دەبینێت، هەڤاڵەکانی درکیان بە کێشەی دەروونی ئیسلامیان نەکردبوو، بەیانییەکی ئێشکگرەکان ئیسلامیان لەناو خوێندا دۆزیبووەوە و شۆک بیوون، گەشکە گرتبووی، کە هۆشی هاتبووەسەر خۆی، وتبووی گوایە شەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەنگەنەفەس بووە و بەرد بە بەرد گەڕاوە و جگە لە موسەکەی دەستیشی هیچی نایەتەوە یاد، لەوانەبوو بەهۆی خوێن ڕشتنێکی زۆرییەوەی بووبێت بورابووەوە، مەچەکی خۆی بە مووس بڕی بوو، هەڤاڵەکانی پێچیبویانەوە و ناردبوویان (بەنهێنی) بۆ خەستەخانەی ئورمییە، دوای ئەوەی تیمار دەکرێت، دەینێرن بۆ قەندیل. دوای ماوەیەک جارێکی گەشکە دەیگرێتەوە، کاتێک دەبینێت پێشمەرگە لوولەی تفەنگیان تێکردووە، ئینجا هۆشی دێتەوەسەرخۆی.

ئیسلام بە دەنگی بەرز قسەیکرد بۆ ئەوەی جودی گوێی لێبێت، وتی: (من بەنیازی ئەوە نەبووم لەناو پەکەکە هەڵبێم)، دوای ئەوەی دڵنیابوو کە گوێی بۆدەگرن، وتی: (شەوێکیان هەستمکرد دارەکان قسەم لەگەڵ دەکەن، لێم توڕە دەبوون، دیاربوو دڵیان لەمن پڕبوو، بەردەکانیش بەهەمانشێوە، چیاکانیش چاویان لێ زەق دەکردمەوە و دەیانویست بەسەرمدا بێن، هەورەکانی بان سەرم هاواریان دەکرد بەسەرمدا، هەڵاتم، کە دەستمکرد بە ڕاکردن، گوێم لێدەبوو هێشتا هاوارم بەسەردا دەکەن، نازانم چەک و مەخزەنەکانم بۆکوێ فڕێدان، ڕۆژببووەوە من هێشتا ڕامدەکرد، لەناکاو بینیم چەند مرۆڤێک ڕووی چەکەکانیان لەمن کردووە، بەچاوێکی پڕ قینەوە هاواریان دەکرد بەسەرمدا، ئەو مرۆڤانە پێشمەرگە بوون، هەموو جلوبەرگەکانم دڕابوون).

هەڵاتنەکەی ئیسلام بەهۆی خیانەتەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی گەشکەکەیەوە بوو. دەنیز و جودی باوەڕیان بە قسەکانی دەکرد، بەهەموو شێوەیەک نەخۆشی دەروونی پێوە دیاربوو. لە هەموو دەرفەتێکدا بەردەوام ئیسلام دەیوت (لەم دونیایەدا ئەوەی مانای ژیانی ڕاستی بێت تەنها سەرۆک ئاپۆیە)، بەڵام سنوری نێوان ژیان و مردنی ئیسلام نادیاربوو، بۆکەسێکی وەک ئیسلام مردن لەپێش ژیانەوە بوو، بەگوێرەی ئەو ژیان مایەپوچ بوو، بەگوێرەی ئەو خۆماندوکردن بۆ ژیان بێمانایە. ئیسلام دەیوت (لەبەرئەوەی کێشەی دەروونییم هەیە ئەوشتانە ناڵێم، بەڕاستی ژیان مایەپوچە، زۆر بیرم لە خۆکوشتن کردەوە، بەڵام لە ژوورێکی بەتاڵ دەمێنینەوە، خۆزگە چەقۆیەک یان پەتێک هەبوایە، لەجیاتی ئەوەی بەمشێوە بێکەڵکیە دەژین مردن زۆر باشترە).

دەنیز و جودی لەیەکیان دەڕوانی، قسەکانیان زۆر لۆژیکانە دەستی پێکردبوو، بەڵام ئیسلام کۆتاییەکەی بە خۆکوشتنەوە گرێدا. دەنیز و جودی لەهەمبەر ئەم قسانە موچڕکەیان بەلەشدا هاتبوو. جودی بیریکردەوە پێویستە لەبارەی ژیانەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەند شتێک بڵێت، بەڵام ووشە نەهات بە ئەقڵیدا تاکو بیهێنێتە زمان. دەنیز لەبارەی بێسوودی مردنەوە قسەی کرد و باسی لە پێویستی ژیانکرد و ویستی قەناعەت بە ئیسلام بکات. کەسیان نەیاندەزانی ئیسلام چەندێک قەناعەتی بە قسەکان هێناوە. لەچاو جاران بەشداربوون لە قسەوباسەکان و نەمانی نیگەرانی بێدەنگییەکەی هەڤاڵانی بەم گۆڕانکارییەی بەختەوەر بوون، هەڤاڵەکانی پێیانوابوو ئەگەر بەمشێوەیە بڕوات لەوانەیە چاک ببێتەوە، ئیتر ئیسلام وایلێهاتبوو گەنگەشەی دەکرد و یاری شەترەنجی دەکرد.
ماوەی هەفتەیەک بەسەر گەنگەشە و پەروەردەکانیان تێپەڕی بوو، سەرەتای مانگی مایس بوو، یەکەم کۆمیتەیان عومەر و جەمال بوون، باسیان لە مێژووی کوردستان دەکرد، عومەر ئەوەی دەیزانی لەبارەی جوگرافیای کوردستان و رەگی کوردەوە لەماوەی ١٥بۆ ٢٠خولەک باسیکرد. جەمالیشیان لە مێژووی گۆتی و کاسیت(کاشی) و مەدەکانەوە دەستی پێکرد هەتا داگیرکردنی کوردستان، جەمال باسی لە مێژووی ئەسکەندەری رۆمایی و سوپای عەرەبی ئیسلام و عوسمانییەکان کرد. باسی لەوەیش کرد پەیمانی قەسری شیرین کوردستانی کردووە بە دوو بەشەوە و پەیمانی لۆزانیش کوردستانی کردووە بە چوار بەشەوە. لە کۆتاییدا جەمال وتی: (بەڵێ ئێستا ئێمە خەبات دەکەین بۆ یەکگرتنەوەی کوردستان). ئەم مژارانە جەمال لەماوەی نیوکاتژمێر هەمووی باسکرد. حەسەن باسی لەو راپەڕینانەی کرد کە تەواوکەر نەبوونە و کەموکوڕییان هەبووە، دەیوت لەبەرئەوەی لەبارەی ئایدۆلۆژی و رێکخستنییەوە کەموکوڕییان هەبووە راپەڕینەکان سەرکەوتوو نەبوونە. راپەڕینەکانیان سەرکوتکردووە، دەیوت لە مێژوودا یەکەمجارە لە سایەی سەرۆک ئاپۆ و پەکەکەدا لە سایەی ئایدۆلۆژی و پرۆگرام و میتۆدی رێکخستنەوە رێی سەرکەوتن بۆ کورد واڵابووە. لەدوای ئەم قسانە کەسی تر قسەی نەکرد، هەموو ئەم قسانەیان نیو رۆژی خایاند.
نیوەی رۆژەکەی تر بە سکاڵای ئەوەی گوایە (زۆرینەمان لایەنی تیۆرییەکەی لاوازە، میکانیزمی پەروەردەمان نییە، بەو شێوەیە پەروەردە پێشناکەوێت، سوود بەخش نابێت)، بەسەرچوو. سەرەڕای ئەم سکاڵایانەیش هەوڵدرا ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکەن کە خۆیان دابوویان، لەماوەی هەفتەیەکدا کۆتاییان بەو مژارانە هێنا کە خۆیان دەستنیشانیان کردبوو. رۆژانە دەنگی نەخوازیار زیادییان دەکرد، بەمشێوەیە کۆتاییان بە خوولەکانی پەروەردە هێنا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جودی، دەنیز و چەکدار لەمبارەیەوە خۆشحاڵ نەبوون. ئێوارە بانگی حەسەنیان کرد بۆئەوەی ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە، لەناکاو لەناو قاوشەکەدا دەنگێکی بەرز هاتەئاراوە، لەو گۆشەیەی مەحمود و سەلیم لێیدانیشتبوون درک بە جوڵانەوەیەک کرا، دەنگی جوێندانی ناشرین بەرز بووەوە و ئەو ئەم و ئەم ئەوی دەدایەبەر بۆکس. زیندانییەکان چوونە ناوبەریانەوە لەیەکیان جیاکردنەوە، هەردووکیان کەسانێک بوون کە مەیلداری جوێندان و شەڕەنگێز بوون، بەئاسانی هێوریان نەکردنەوە، ئەم مەسەلەیە چەند کاتژمێرێکی خایاند.

بەڕێوبەرایەتییەکەیان کەلە حەسەن، سەیفی و مەحمود پێکهاتبوو، بۆچارەسەری ئەم مەسەلەیە کۆبونەوە، لە کۆبونەوەکەدا ئەمجارەیان مەحمود و سەیفی هاواریان کرد بەسەریەکدا و کەوتنە جوێندان بەیەکتری، بۆچارەسەری ئەم مەسەلانە هەموویان کۆبونەوە، سەرەتا حەسەن بەوە دەستیپێکرد کە بەڕێوبەرایەتییەکەیان هەڵوەشاندۆتەوە و ناتوانن بەیەکەوە ئەمکارە ئەنجام بدەن، مەحمودیش وتی: ئەم زیندانە شوێنی بە ڕێکخستنی نییە و هەربۆیە پێویست بە بەڕێوبەرایەتی ناکات. ئەو بەڕێوبەرایەتییەی کەبە دەردەسەری پەیداکردنی بواری ڕێکخستنییەوە بەدەستیان خستبوو ئێستا دەیانەوێت دینامیت بخەنە ژێری و، بیتەقێننەوە. دەنیز دەستبەجێ وتی: پێویستە بەزووترین کات بەهۆی ئەو کارە نەشیاوانەوە هەریەک لە مەحمود، سەیفی و سەلیم ڕەخنەدانی خۆیان بکەن و پێشنیاری ئەوەیشی کرد بەڕێوبەرایەتییەکی نوێ دابنرێت. شۆڕش ئامەد، چەکدار، ئەیوب و حەسەن پشتگیری ئەم پێشنیارەی دەنیزیان کرد. جودی باسی ئەوەیکرد ڕێکخستنی شتێکی پێویستە و ئەو بڕیارەی دەدرێت خۆی پابەندی دەبێت. سەیفی و مەحمود وتیان پێویست بە بەڕێوبەرایەتی ناکات، ئەگەر هەر دایشدەنرێت ئێمە دەبین بە بەڕێوبەرایەتی، هەروەها پێویستی بە دەستەی باڵایش دەکات. دەلیل پۆرسپی، جەماڵ، گێزمش و کامەران هەرلە سەرەتاوە دژی بەڕێکخستنی بوون، ئەوان بەهۆی کێشمەکێشی نێوان مەحمود و سەیفییەوە هۆکاری ئەم نەویستییەیان دۆزیبووەوە. دوای چەندین کاتژمێر لە کۆبونەوە، گەیشتنە ئەو بڕیارەی پێویست بە گۆڕانکاری ناو بەڕێوبەرایەتی ناکات و بەڕێوبەرایەتییەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە و بەڕێوبەرایەتی نوێ دەستنیشان دەکەن. خۆبەخۆڕایی نەیانوتووە (**بەبێ هەوێن ماست سەرتوو ناگرێت**).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەداخەوە نیگەرانییەکەم هاتەدی، هەروەها نیگەرانییەکانی جودیش بێهۆکار نەبووە، ئەم ئەنجامە کاریگەری لە دەنیز، چەکدار و حەسەنیش کرد، شۆڕش ئامەد نەیدەویست ئەم ئەنجامە قەبوڵ بکات، زیاتر لە مەحمود و جودی توڕەبوو، ئەمەیشی نەدەشاردەوە. شۆڕش ئامەد دەیوت (لەگەڵ ئەمانەدا ئەم ئیشە ناکرێت، زۆربەیان ترسنۆک و خۆپەرستن، نیگەرانییەکانیان لە چوارچێوەی رێکخستنی نییە، شەخسییە، ئەرێ کەس نییە هاوکاری بکات، بەردەوام تەڵە دەنێنەوە، ئێمە بە مەحمود دەڵێین لەهەمبەر دوژمن بەرخۆدان دەکات و خاوەن هەڵوێستە، بە چرکەیەک لەقەی لە هەموو شتێکدا و هەمووشتێکی سەروبن کرد، هەڤاڵ جودی ئەی تۆ بۆچی لە کۆبونەوەکان کاریگەری خۆت نیشان نادەیت؟، ئایا چەندێک دەتوانم لەهەمبەر ئەم رەوشەدا دانبەخۆمدا بگرم؟، لەوە دڵنیام و ئیمزایشی دەکەم، ئەگەر لێرە زۆر بمێنینەوە، زۆرینەیان پشتمان تێدەکەن و بەجێمان دەهێڵن).

جودی درکی کردبوو شۆڕش ئامەد نارەحەتە، هاوخەمیشی بوو، جودی ویستی پێیبڵێت (هەڤاڵ ئەوە راست نییە بەوشێوەیە مەسەلەکەت لەبەرچاو بکەوێت و تۆمەتبارییان بکەیت)، جودی درکی کرد شۆڕش گوێناگرێت، بەڵام خۆی کەوتە گوێگرتن. ددان ئێشییەکەی ئەیوب لەتامی دەرکردبوو، زیندانییەکان زۆرناگایان لە ددانەکانیان دەبوو، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە شیرینی و گۆشتی پێیاننەدەدا، هەربۆیە کێشەیەکی ئەوتۆی ددان ئێشە نەدەهاتە ئاراوە. خاچی سوور بەردەوام فلچە و مەعجونی ددانی دەهێنا، زیندانیەکانیش بەشێوەیەکی سیستەماتیک ددانەکانیان دەشۆری. ددانەکانی ئەیوب پێش ئەوەی دیل بگیردرێت رزیوبوو، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە لەئاستی ددان ئێشە خۆی لە گێلی دەدا، بەڕێوبەرایەتی بۆ مەسەلەی ددان ئێشە نە دەرمانی دەدا و نە تەداوی دەکرد و نە هەڵیدەکێشا و نە دەشیبردن بۆ نەخۆشخانە. لەرێگەی دکتۆر ئەحمەدەوە دەرمانی ئازار پەیدا دەبوو، بەڵام زیندانییانی پەکەکە پارەیان نەبوو، ئەگەر پارەیان هەبوایە دکتۆر ئەحمەد سوودی لێدەبینین، بەڵام ددان ئێشەکەی ئەیوب ئەو شەوە دەردی بۆ دروستکردبوون، نە خۆی دەخەوت و نە دەیهێشتیش کەس خەوی لێبکەوێت.

زیندانییەکان ویستیان ئەو شێوازە بەکار بهێنن کەلە گەریلایەتییاندا فێری ببوون، دەماری ددانەکەیان دەسوتاند، لەسەر چراکەوە تەلێک هەبوو کەبۆ هەڵواسینی چراکە بەکار دەهات، ئەوەیان دەردەهێنا و وەک دەرزی بەکاریان دەهێنا، جودی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەبەرئەوەی باڵای بەرزبوو چراکەی داگرت، بەشێوەیەک تەلەکەیان ئامادەکرد کە وەک دەرزی بەکاری بهێنن. چەکدار، شۆڕش ئامەد و کەمال ئەیوبیان گرت و دەنیزیش لە تیشکی چراکە تەلەکەی سوور کردەوە، دەنیز نووکی تەلە سوورکراوەکەی خستە ناو ددانە رزیوەکەوە و ئەیوب لە تاوی ئازاردا خۆی راپسکان و دەیویست لەژێر دەستی هەڤاڵەکانی خۆی قوتار بکات، لەبەرئەوەی بە توندی گرتبویان نەیتوانی هەڵبێت. دوای ئەوەی دەماری ژێر دگانەکەیان سووتاند، بەو چەسپی دووقلییەی لە حانوت کڕیبوویان ناو ددانەکەیان پڕکردەوە، بەمشێوەیە ددانەکەیان پڕکردەوە و ئەمەیش بەمانای ئەوەدێت کە هەوا ناچێتە ناو بۆشایی ددانەکەوە، تەنها کێشە ئەوەبوو کە ئەم چەسپی دووقلییە لەناو دگانەکەدا بۆماوەیەکی زۆر نەدەمایەوە، دەبوایە هەر ۲بۆ۳مانگێک جارێکی تر پڕبکرایەتەوە.

هەرگیزا و هەرگیز ئەیوب جارێکی تر باسی لە ددان ئێشە نەکردەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# 15

# هێرش بۆسەر ئاكرێ

وەرزی هاوین، بە گەرمایيەكی پڕوكاوييەوە دەستی پێكرد. لەم كاتوساتانەدا قاوشەكان پڕدەبوون لە زیندانی و بەهۆی گەرمی و شێدارییەوە زیندانییەكان زۆر نارەحەت دەبوون. بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە بۆهەر قاوشێک موبەڕیدەیەكی دانابوو، لە پەنجەرەكەوە هەواكەی دەهاتە ژوورەوە. بە گشتی زیندانەكە و شاری ئاكرێیش ٥بۆ٦ كاتژمێر كارەبای نیشتیمانی هەبوو، كاتژمێرەكانی تر كارەبا لەڕێی مولیدەوە دابیندەكرا. بەیانی هەتا نیوەڕۆ كارەبای نیشتیمانی بەكاردەهێنرا، ئەویتر مولیدە بوو. موبەڕیدەكانیشیان لەكاتی كارەبای نیشتیمانی دادەگیرساند. شەوان لەدوای كاتژمێر ١١وە قاوشەكان زۆر گەرم دەبوون، مەحاڵ بوو بتوانرایە لەبەر ئەو گەرمییە بە ئاسودەیی بنویت. زۆرجار هەبوو زیندانی بەهۆی نەبوونی هەوا٠و گەرمایيەوە دەبورانەوە، ئەوانەی دەبورانەوە دەبرانە دەرەوە و دوای ئەوەی دەموچاویان دەشۆرین و دەهاتنەوە هۆشی خۆیان، ئینجا دەیانهێنانەوە بۆقاوشەكە. زۆرجاریش هەبوو سۆندەیان دەخستە قاوشەكەوە و ئاویان بەناو قاوشەكەدا دەپرژاند. زیندانییەكان خۆیان دەخستە بەردەم ئاوەكە و فێنكیان دەبووەوە.

زیندانیانی قاوشی ژمارە٧ لەچاو قاوشەكانی تر ژمارەیان كەمتربوو، هەربۆیە زیندانییەكان رەوشی هەناسەدان و جوڵانەوەیان باشتربوو، سەرەڕای ئەمەیش نوستنیان باش نەبوو. گەرمایی و كێچ و ئەسپێ مرۆڤیان بێحەوسەڵە دەكرد. زیندانییەكان بەدەم ئاخونۆفەوە رۆژیان دەكردەوە.

دەستبەردانەبوون لە بڕیاری خولی پەروەردە و بە رێكخستن نەبوون لە ناو قاوشەكە بێدەنگییەكی هێنابووە ئاراوە. شۆڕش ئامەد خۆی گۆشەگیر كردبوو، ئیسلام گەڕابووەوە دۆخی جارانی، چەكداریش بێدەنگی بۆخۆی هەڵبژاردبوو. ماوەی ساڵێک بوو چەكدار لە رووكەن و ماڵەوەیان جیابببووەوە. بیری لە ژیانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ساڵێک لەمەوبەری دەکردەوە. ئێستا لە کەمپێکی تازەترە. چەکدار تازەبەتازە خۆی دەناسییەوە، هەتا خۆی بناسییایە دەگۆڕدرا. ئەو رێگەیەی لەپێناو رووکەن گرتبوویەبەر ئێستا بە تەنیا لەسەری رێدەکات. ئەی ئایا ئێستا رووکەن چیدەکات؟، چەکدار لە دڵی خۆیدا وتی: (لەوانەیە سەرقاڵی خوێندن بێت)، لەوانەیش بوو رووکەن شوی کردبێت. چەکدار نەیدەویست بیرلەوە بکاتەوە کە رووکەن ئێستا لە باخەڵی کەسێکی تردابێت. چەکدار بەخۆی دەوت (تۆ رێی خۆتت هەڵبژارد، دەستبەرداری رووکەن بە، بیری لێمەکەرەوە)، بەڵام بیری روکەنی دەکرد.

چی کاتێک بکەوتایەتە ناو دەریای خەیاڵەوە، دەنیز لێی نزیک دەبووەوە و پێیدەوت (هەڤاڵ چەکدار ئامادەیت؟)، وەک ئەوە وابوو کە دەنیز هەمیشە درک بەوەبکات کە چەکدار لەناو دەریای خەیاڵدایە، دەستی دەخستە سەرشانی و دەیهێنایەوە سەرخۆی. ئەمڕۆ دەبوایە بەتانییەکانیان بشۆردایە، ماوەی ساڵێک بوو لەڕێی خاچی سوورەوە زۆریان لە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دەکرد رێگەیان بدەن بەتانییەکانیان بشۆرن و لە کێچ و ئەسپێ رزگاریان ببێت. خاچی سوور توانی قەناعەت بە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بکات، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بۆ بەتانی شۆرین تەنها و تەنها ئاویاندەدا، نە تایت هەبوو، نە سابونیش بۆ بەتانی شۆرین. خاچی سوور وتبویان کە ئەوان پەیداکردنی تایت دەخەنە ئەستۆی خۆیان. لە ئاکامدا هەموو قاوشەکان توانیان لە ساحەکە بەتانییەکانیان بشۆرن. لەبەرئەوەی هاوین بوو بەتانییەکان هەتا ئێوارە ووشک دەبوونەوە، نۆبە هاتبووە سەر قاوشی ژمارە٧، هەر زیندانییەکیان دوو بەتانی هەبوو، بەتانییەکیان لەژێر خۆیان رادەخست ئەویتریان دەدابە سەری خۆیاندا.

(ئامادەم هەڤاڵ)، (زۆرباشە، دەبا بەتانییەکان کۆبکەینەوە). چەکدار، بورهانی کەوتەوە یاد و پێکەنی، لەلای دەرگەکە بەتانییەکانی بە قەد کراوەیی دانا، ئەوکاتەی دەرگەکە کرایەوە بەتانییەکانیان برد بۆ ساحەکە. ئاوی بۆڕییەکەیان کردەوە و کەوتنە بەتانی شۆرین، هەتا پێش کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ بەتانییەکانیان شۆری و هەڵیانواسی. بەمشێوەیە لە کێچ و ئەسپێ رزگاریان دەبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای نانخواردنی نیوەڕۆ جگەرەکانیان کێشا. جارێکی تر چەکدار بیرۆکەی دروستکردنی کەشتییەکەی هێنایەزمان. زۆرینەی زیندانیەکان ئەم بیرۆکەیان بەدڵ بوو، بڕیاریاندا بە زووترین کات ئامرازی دروستکردنی کەشتییەکە بکڕن.
رادیۆی پەدەکە بەردەوام هەواڵی شەڕوپێکدادانەکانی پەخشدەکرد، زیندانییەکان درکیان کردبوو کە شەڕوپێکدادانەکان چڕتر بوونەتەوە. هێزی گەریلا لە هاویندا چالاکییەکانیان زیاتر دەکرد، رادیۆی پەدەکە زیاتر باسیان لە سەرکەوتنی خۆیان دەکرد، زۆرینەی زیندانییەکان بەهۆی ئەزمونیانەوە دەیانزانی ئەم هەواڵانە زۆربەی درۆیە. بێشک زیندانییەکان ئەوەیان دەزانی بەهۆی چڕی شەڕوپێکدادانەکانەوە زیانی گیانیش هەردەبێت و دیلیش دێتەئاراوە.
بەتانییەکانیان شۆریبوو، قەبوڵکردنی بیرۆکەی دروستکردنی کەشتی چەکداری بەختەوەر کردبوو. ئێوارە چەکدار باسی لە چۆنییەتی دروستکردنی کەشتییەکەی بۆ دەنیز دەکرد. لەناکاو دەنگێک بیسترا، چەکدار لە دەنیزی پرسی (ئەرێ تۆیش گوێت لەو دەنگە بوو؟)، بەڵام دەنیز گوێی لە دەنگەکە نەببوو، بەگوێرەی چەکدار ئەمە دەنگی کۆستەرەکانە، بەگوێرەی هاتنی کۆستەر کەواتە زیندانی تریان هێناوە. چەکدار و دەنیز خۆیانگەیاندە لای پەنجەرەکە، جودی و کەمالیش وازیان لە یاری شەترەنج هێنا و چوونە لای ئەوانەوە، دوای ماوەیەک هەموو زیندانییەکان چوونە نزیک پەنجەرەکەوە، تەماشای دەرگای دەرەوەی زیندانەکەیان دەکرد، دەرگای زیندانەکەیان کردەوە و، ئەو دەنگەی چەکدار پێیوابوو کۆستەرە، خۆیان کرد بە ناو ساحەکەدا.
دەنیز هەربۆ شۆخی بە چەکداری وت (ئەرێ هەڤاڵ چی گوێیەکت پێوەیە)، چەکداریش بەبێ ئەوەی سەرنجی خۆی لەسەر کۆستەرەکان لابەرێت، بەم قسەیەی دەنیز کەوتە پێکەنین. لەناو ساحەکەدا هەروەکو هەمووجارێک قاسم، حامید، حاتەم و سەیفۆ شوێنەکانی خۆیان گرتبوو، بەڵام نە تێلا و نە کێبڵ و سۆندەیان پێبوو، دوای ئەوەی دیلەکانیان لە کۆستەرەکان داگرت، چەند کەسێکیان دارکاریکرد و بە سەر قاوشەکاندا دابەشیان کردن. یەکێک لە دیلەکان کە جلوبەرگی گەریلای لەبەردابوو، راستەوخۆ بردیان بۆ قاوشی ژمارە ٦. سیانی تریشیان برد بۆ قاوشی ژمارە٧. لەلای زیندانییەکان مایەی سەرسوڕمانبوو کەسیان دارکاری نەکردبوو، لەوەدەچوو ئەمە لە دەرەنجامی چالاکییەکەوە سەرچاوەی گرتبێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوانەی هێنران بۆ قاوشی ژمارە٧، لەلایەن هەڤاڵەکانیانەوە بە حەسرەتەوە پێشوازییان لێکردن و لە ئامێزیان کردن. لە چواردەوریان کۆببونەوە و لەلایەکەوە خۆیانیان پێدەناسی و لەلایەکی تریشەوە دەیانویست ئەوان بناسن. لەبارەی دونیای دەرەوە و لەبارەی شەڕوپێکدادانەکانەوە پرسیارلەسەر پرسیاریان لێدەکردن.

یەکێک لەوانەی تازە هێنابویان ناوی مەزڵوم سۆران بوو، تەمەنی هەر ٢٠ساڵێک دەبوو، باڵا کورت و خەڵکی سلێمانی بوو. یەکێکی تریان کە ئەویش خەڵکی سلێمانی بوو، ناوی ڕێبوار بوو. ڕێبوار لە مەزڵوم بەتەمەنتربوو، هەروەها باڵایشی لە مەزڵوم درێژ تربوو. هەردووکیان ساڵێک لەمەوبەر ببوون بە گەریلا. یەکێکی تریان ناوی شاهین بۆزۆڤا بوو، شاهین ئامر مەفرەزەی ئەوانەبوو کە تازە بە دیلی گیرابوون. سەرووی پەراسووی بەرفیشەک کەوتبوو. برینەکەیان بۆتیمار نەکرد بوو، خۆی دەبوایە هەوڵی بەستنی ئێسکەکانی بدایە بۆنەوەی بگەنەوە بەیەک، بەڵام مەخابن ئەمەی بۆنەکرابوو.

ئەوەی برابوو بۆ قاوشی ژمارە٦، باگەر بوو، کە فەرماندەی کەرت بوو. خەڵکی ئاکرێیە و هاوشاری منە، ئەوەی ڕاستی بێت زۆر مایەی سەرسوڕمان بوو. ئەوەی زیاتر مایەی سەرسوڕمانی بوو ئەوەبوو کە باگەر لە ساڵی ١٩٩٢وە ببووە گەریلا. ببوو بە فەرماندەی کەرت. دوای ئەو هەموو ساڵە لەگەڵ ئەو هەڤالانەیدا کە چەندین چالاکیان ئەنجامدابوو خۆی ڕادەستی پەدەکە کردبوو. من لەبارەی ئەم سەرگوزەشتانەوە زۆر شتم بیستبوو. بێشک کە گوێم لەم جۆرە سەرگوزەشتە و چیرۆکانە دەبوو، زۆر..زۆر سەرسام دەبووم. ئەم چیرۆکانە ئەوجۆرە چیرۆکانە نین، کە دیوارێکی ڕەقی وەکو من لێیان حاڵی ببێت و سەریان لێدەربکات!. من وەک دیوارێک ئەگەر زمانم هەبوایە ئەو کاتەی مەزڵوم سۆران سەرگوزەشتەکەی باسدەکرد، لەوانەبوو منیش وەکو زیندانییەکانی تر بموتایە (ئەی بێشەرفی هیچوپوچ).

ئەم هاوشارییە ئەفرەتییەم، لەگەڵ کچە گەریلایەک و سێ گەریلای کوڕی گەنج و لەگەڵ شاهین و مەزڵوم و ڕێبوار دەچن بۆ ئەنجامدانی چالاکی. ئەم ئەرکەیان قورس نەبووە، بەگوێرەی پیلانەکە و جۆری چالاکییەکە دەیانتوانی بە ئاسانی سەرکەوتن بەدەست بخەن. کچێکی گەریلا و شاهین بریندار دەبن، هەڤاڵەکانیان برینەکانیان دەپێچنەوە و پاشەکشێ دەکەن. لە شوێنێکدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چواردەوریان دەگیردرێت. شاهین بەهۆی خوێن رشتنێکی زۆرییەوە دەبورێتەوە، بۆئەوەی نەبێت بە بارگرانی بۆ هەڤاڵە کچەکانی پیمی روومانەکەی رادەکێشێت و خۆی شەهید دەکات. ئەوانەی دەمێننەوە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ شەڕ. باگەریان هەوڵی ئەوە دەدات هەرچۆنێک بێت خۆیان رادەست بکەن. لەسەر ئەم قسەیە، مەزڵوم پیمی روومانەکە رادەکێشێت، بەڵام باگەر رێگری لێدەکات و نایەڵێت خۆی شەهید بکات، باگەر لەلایەکەوە بە بێتەلەکەی بانگەوازی دەکات بۆ پێشمەرگەکانی پەدەکە بێن و بە دیلی بیانگرێت، لەلایەکی تریشەوە هەوڵدەدات هەڤاڵەکانی بێ چەک بکات. کاتێک پێشمەرگەکان دەگەنەسەریان باگەر هەموو هەڤاڵەکانی رادەستی پێشمەرگەکان دەکات.

مەزڵوم دەیوت ماوەی مانگێکە لە زیندانییەکی مەسیف سەلاحەددین زیندانی کراوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە لە زیندانییەکانی تریان جیاکردووەتەوە کە ناویان ئازاد، کاروان و عەلی عەرەب بوونە کە تەمەنیان لە نێوان ١٦بۆ١٧ ساڵ بووە. مەزڵوم لەبارەی چارەنوسی ئەو زیندانییانەوە هیچی نەدەزانی، بەڵام مەزڵوم باسی ئەوەیشی کرد کە بیستویەتی گوایە پێشمەرگەکان دەستدرێژی سێکسییان لەو گەنجانە کردووە. بەگوێرەی ئەوەی پێشمەرگەکانی پەدەکە ئەم سێ گەنجەیان شاردبووەوە، کەواتە ئەم هەواڵە راستبوو. بێشک شتێک هەبوو کە شاردرابووەوە، لە بارەی ئەم مەسەلانەوە پێشمەرگەکانی پەدەکە ناویان زڕابوو.

زیندانییەکان لە نێوان خۆیاندا ماوەیەک گەنگەشەی ئەم مەسەلەیەیان کرد کە ئایا تاچەندێک ئەم هەواڵە راستە، دوایش هەرلەنێوان خۆیاندا باسیان لەوەکرد ئایا ئەم سێ گەنجەیان بۆکوێ بردبێت. زیندانییەکان لەبارەی ئەم هەواڵەوە زۆر نارەحەت بوون. ئەگەر بمتوانیایە دەنگی خۆم بڵند بکردایە، بە زیندانییەکانم دەوت ئەو سێ گەنجە لەو باڵەخانەیە گلیانداونەتەوە کە لە پشت زیندانی ناکرێ سەرقاڵی درووستکردنی بوون. مەخابن پەدەکە ئەو بەشە تازەیەی بۆ ئەو جۆرە کارە ڤێزەوەنانە دروستکردبوو یان بەکاری دەهێنا. ئەو سێ گەنجەی دەستدرێژی سێکسییان بەرامبەر کرابوو و، لەو شوێنە تازەیە هێشتبویانەوە. هەرسێ گەنجەکە زۆر ترسابوون و خۆیان گۆشەگیر کردبوو. لەو حوجرەیەی دایاننابوون، زۆر بێدەنگانە دانیشتبوون. ئەوەی ڤێزەوەنە شەرم ناکات، مەخابن ئەوەی لەئاستیدا کاری ڤێزەوەنی کراوە ئەو شەرمەزار دەبێت، ئەو شەرم دایدەگرێت و خۆی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حەشاردەدات. ئەوانەی ڤێزەوەنن مەخابن بە سنگ دەرپەڕینەوە و خۆی وەک کەڵەشێر گیڤدەکاتەوە و لەناو خەڵکیدا بێ باکانە دەسوڕێتەوە.
یەکێک لە سەیروسەمەرەیی مرۆڤی ڤێزەوەن ئەوەیە پێیانوایە ئەو ڤێزەوەنییەی ئەنجامی دەدەن هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆرجاریش کە بۆیان دەردەکەوێت ڤێزەوەنییەکانیان ئاشکرابووە، کەچی هەر چاوسوورن و لەسەر ڤێزەوەنییەکانیان بەردەوام دەبن. پێیان نەکرا مانەوەی ئەو سێ گەنجە لەو شوێنە نهێنییە بپارێزن. کەس نازانێت کێ ئەمەی ئاشکرا کرد؟، کێ درکاندی؟، چۆن ئەم هەواڵە بڵاوبووەوە؟، ئەم هەواڵە گەیشتە گوێی زیندانییانی قاوشی ژمارە٧. شۆڕش ئامەد و کەمال وتیان (دەبێت بە زووترین کات هەڤاڵانمان لەژێر دەستی ئەو ناکەس بەچانە دەربهێنین، ئەوان لەوێ پارێزراو نین)، ئەم خواست و بیرۆکەیە هەموو زیندانییەکان هاوبیربیوون. دەبوایە شتێکیان بکردایە، دەبوایە نەیانهێشتایە هەڤاڵەکانیان لەوێ بەتەنیا بهێڵرێتەوە، دەشبوایە لێپرسینەوە و حیساب لەوانە بخوازرایە کە ئەم کارە ڤێزەوەنانەیان ئەنجامداوە. ئەگەر پێویست ببوایە دەستیان دەکرد بە ئەنجامدانی چالاکی.
مەحمود لەمبارەیەوە فرووفێڵییەکانی پەدەکەی وەبیر زیندانییەکان هێنایەوە، ئەو پێیوابوو بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ئەگەر بزانن شوێنی ئەو سێ گەنج و هەڤاڵە کەشف بووە، دەیانبەن بۆ زیندانییەکی تری شاراوە. دەبوایە پەلەیان نەکردایە. حەسەنیان وتی: (گرووپی خاچی سوور لەم چەند ڕۆژە دێن بۆ سەردانی زیندانەکە، دەتوانین لەڕێگەی ئەوانەوە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەین)، بەمشێوەیە چارەسەرییان لە گرووپی خاچی سوور دۆزییەوە. بەرپرسی یەکەمی لیژنەی خاچی سوور کەسێک بوو بەناوی (کرستینە)، کە کەسێکی چەپ بوو. کرستینە تەمەنی نزیک ٦٠ساڵ دەبوو، کەسێکی لاوازی باڵا بەرزبوو کە خەڵکی سوید بوو. کەسێک بوو هەستیار بوو لە ئاستی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. کەسێک بوو خەمخۆری زیندانییەکان بوو. خاوەنداریێتی لێدەکردن و لەبارەی کێشەکانی زیندانییەکانەوە بۆ چارەسەری پێداگری دەکرد و چاودێری بۆ مەسەلەکان دەکرد. لەو ماوەیەی لە باشوری کوردستان مابووەوە لە ڕەوشی سیاسەت و ڕەوشت و حاڵی پەدەکە شارەزایی پەیداکردبوو. درکی بە فێڵوفڕی پەدەکە کردبوو. کرستینە پەیوەندییەکی باشی مرۆڤدۆستانەی لەگەڵ زیندانییەکانی قاوشی ژمارە٧ هەبوو. ئەمکارانەی کرستینە بەڕێوبەرایەتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زیندانی ئاکرێی نیگەران و نارەحەت کردبوو. لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆرجار محەمەد ئەمین سورچی دەیوت (هەڤالان، بۆچی لەلای ئەجنەبییەکان سکالامان لێدەکەن، هەر کێشەیەک هەیە دەتوانین لە نێوان خۆماندا قسەی لەسەربکەین و چارەسەرییان بکەین)، دەردی محەمەد ئەمین سورچی کە زۆر لەخۆی رازی بوو ئەوەبوو لەکەدار نەکرێت. لەمبارەیەوە زیندانییەکان دەیانوت (ئەگەر سیستەمێک هەبوایە لە زیندانەکە کە لەبارەی کێشەکانەوە هاوخەم بێت و بەهانایانەوە بێت، ئەوە پێویست بەوە نەدەبوو کە چەکوشی خاچی سوور بەسەر سەریانەوەبێت)، ئەگەر ئەوان راستگۆبونایە لەبارەی چارەسەری کێشەکان، ئەوا ئەشکەنجە نەدەما و دزی نەدەکرا و بەتانی پڕ لە کێچ و ئەسپێ نەدەمان و خواردنی پیسیش لەئارادا نەدەما.

باشترین چارەسەری ئەوەبوو خاچی سوور موداخەلەی ئەم مەسەلەیەی بکردایە. بۆئەم مەبەستەیش چاوەڕوانییەکی ئەوتۆیان نەدەکرد. دوای چەند رۆژێک لیژنەی خاچی سوور هاتن بۆ سەردانی زیندانەکە. هەروەکو هەموو جارێکی {کرستینە} بە خۆی و یاوەرەکانییەوەی یەکەمجار روویان لە قاوشی ژمارە٧ کرد. زیندانییەکان دەیانویست بە زووترین کات لەگەڵیاندا قسە بکەن. کرستینە هاتە قاوشەکەوە و دانیشت. بێشک ئەو تەکە جگەرانەی هێنابووی وەکو پیشەی هەمووجارێکی بەسەر زیندانییەکاندا دابەشیکرد. کرستینە بە شێوەیەکی کورت باسی ئەوەی کرد کە لەگەڵ بەرپرسیارانی پەدەکە و زیندانەکە باسیان لە رەوشی زیندانییەکان کردووە. حەسەن وەرگێڕبوو، زیندانییەکان بەبێ ئەوەی باسی یەک شتی رەوشی زیندانەکە بکەن، راستەوخۆ باسیان لە رەوشی ئازاد، کاروان و عەلی عەرەب کرد، سەرەتا کرستینە نەیدەویست باوەڕ بەو قسانە بکات کە گوێ بیستی بوو. توشی شۆک ببوو، لەهەمانکاتدا داخ لە دڵ بوو. دەیویست بە زووترین کات بڕوات و یەخەی محەمەد ئەمین سورچی بگرێت. زیندانییەکان بۆ یەکەمجاریان بوو کرستینە بەو شێوە تورەییە ببینن. بەڕاستی وەک شێتی لێهاتبوو.

حەسەن پێیوت (کەموزۆر ئێوەیش پەدەکە دەناسن)، حەسەن دەیویست کرستینە هێوربکاتەوە. بەڕاستی هەرچی فێڵوفڕ و زۆرزانی و تەڵەکەبازی و درۆیە لەلای ئەم ئەندامانەی پەدەکە بوو. ئەگەر یەخەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بگریت بێشک نکۆڵی دەکەن و ئەو گەنجانەیان دەبرد بۆ شوێنێکی تر و دەیانشاردنەوە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەمشێوەیە ئەم مژارە تەنها بە ووتەوتی دەمایەوە و ئیسپات نەدەکرا. دەبوایە حیساب بۆ هەموو ئەم مەسەلانە بکرایە و پیلانێک دابڕێژرایە. زیندانییەکان ئەمەیشیان لە نێوان خۆیاندا گەنگەشە کردبوو، بە گوێرەی پیلانەکە، لیژنەی خاچی سوور، بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیان هەبێت و بەبێ ئەوەی بیەڵن درک بە هیچ شتێک بکرێت لە زیندانی ئاکرێ جیادەبنەوە. بەرپرسی لیژنەکە کرستینە راستەوخۆ دەچوو بۆ مەسیف سەلاحەددین و ئەم مژارەی لەگەڵ بەرپرسیارانی پەدەکە تاوتۆ دەکرد. دەبوایە ناوی ئازاد، کاروان و عەلی عەرەبی بهێنایەتە زمان. بە بەرپرسیارانی پەدەکەیان دەوت کە ئەم سێ کەسە دیلن لەلایەن و دەیانەوێت بیانبینن. بەمشێوەیە بەرپرسیارانی پەدەکە ئەم داخوازییەیان قەبوڵ دەکرد. بەمشێوەیە بەرپرسیارانی پەدەکە تەلەفۆنیان بۆ زیندانی ئاکرێ دەکرد و هەواڵی ئەو سێ گەنجەیان دەپرسی و پێیاندەوتن بیانشارنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لیژنەکە بەو مۆڵەتەی لە مەسیف سڵاحەدینەوە وەریانگرتبوو، ئەگەر بەبێ ئەوەی هەواڵ بدات بە مەسیف سەلاحەددین بچێت بۆ شوێنەکە بەمشێوەیە دەرفەت بۆ بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە نامێنێتەوە کە ئەو سێ گەنجە بشارێتەوە و بەسەر تاوانەکەی خۆیانەوە دەگیردرێن.

ئەم پیلانە لەلایەن کرستینەوە قەبوڵکرا. بەو شێوەیەیان دەکرد. بەمشێوەیە بەناو زیندانەکەدا دەگەڕان و چاویان بە زیندانییەکان دەکەوت و دەڕۆیشتن، لە ئاکامدا هەروایشیانکرد. دوای رۆژێک بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە کە چاویان کەوت بە ماشێنەکانی خاچی سوور سەریانسوڕما، نەیاندەزانی چیبکەن. بە خاچی سووریان وت هەمووشتێک لە باشیدایە. مولازم ئاشور بەشێوەیەکی زۆر رێزدارانە پێشوازی لە لیژنەی خاچی سوور کرد. چەند کەسێک لە ئەندامانی لیژنەکە لەگەڵ مولازم ئاشور بەرەو ژووری بەڕێوبەرایەتی ملیاننا، بەڵام کرستینە و هاوپیشەیەکی بەناوی ئەوەی دەیانەوێت پیاسە بکەن جیابوونەوە. مولازم ئاشور دەیویست هۆکاری ئەم سەردانە ناوەخت و بە پەلەی لیژنەی خاچی سوور بزانێت. کرستینە و هاوپیشەکەی هێواش..هێواش بەرەو بەشی دواوەی زیندانەکە ملیان دەنا. کاتێک مولازم ئاشور ئەمانی بینی کە بەرەو کوێ دەچن، ئەو وەڵامەی زانی کە ئەمان پرسیاری دەکەن، هەربۆیە مولازم ئاشور وازی لە پێشوازیکردنی میوانەکان هێنا، بەرەو کرستینە و هاوپیشەکەی ملینا. مولازم ئاشور لە دڵی خۆیدا دەیوت ئاخ ئەم پیرەژنە، بووە بە بەڵای سەری ئێمە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرەڕای ئەوەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە چەندینجار سکاڵایان لە سەرکردایەتی پەدەکە کردبوو لە دەستی کرستینە، بەڵام هێشتا لەدەستی رزگاریان نەببوو. بێگومان بە گوێرەی بەرپرسیارانی زیندانی ئاکرێ، ئەم ژنە دەستی لە دونیا شۆرییەوە و هیچی تری پێناکرێت جگە لەوەی بەناوی پشتگیری لە مافی مرۆڤ بووە بە بەڵای سەری ئەمان. ئەمجۆرە مرۆڤانە کە بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکەن، پەروەردەی سیستەمێک نین کە حزبی بەعس سەرۆکایەتیان بکات و کەسانێک نین کە سیخوڕی بۆ رژێمی ئێران بکەن و لەهەمانکاتدا موخابەراتی سوریا بن، یان پەروەردەی میتی تورک بن، ئەمان بەمانای تەواو مرۆڤ دۆستبوون، مرۆڤ دۆست. ئەمانە دەردێکی ئەوەیشیان نەبوو کە وەک پەکەکە یان یەنەکە بیربکەنەوە، سەربەخۆ بوون سەربەخۆ. بێشک کەسانێک بەوشێوەیە بیربکەنەوە ئاگرکردنەوەیان زۆر ئاسانتر دەبێت.

دوای ماوەیەک زیندانییەکان بینییان مولازم ئاشور زۆر بە تورەییەوە گەڕایەوە. بەگوێرەی ئەوەی گەڕاوەتەوە بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی باسی ئەو بەڵایەیان بۆدەکات کە بەسەریاندا هاتووە. دوای ئەوەی چووە ژووری بەڕێوبەرایەتییەوە مولازم ئاشور گەڕایەوە ئەو شوێنەی کە کرستینەی لێبوو. دوای ماوەیەک لەگەڵ کرستینە گەڕایەوە. چوونە ژووری بەڕێوبەرایەتییەوە. دەنگی بەرزی گەنگەشەی نێوانیان دەگەیشتە گوێی زیندانییانی قاوشەکان. بەڕاستی نەدەزانرا باسی چیدەکەن، بەڵام دەنگی محەمەد ئەمین سورچی دەهات کە دەیوت (ئێوە کێن، چیتان لەدەست دێت بیکەن، نە لە ئێوە و نەلە سەرۆکەکەتان ناترسم)، بەمشێوەیە جدییەتی مەسەلەکە ئاشکرا بوو. لەوەدەچوو بەرپرسی زیندانەکە لە بەرپرسیارانی باڵای پەدەکەوە بڕیاری موتڵەقیان وەرگرتبێت. بەرپرسیارانی گرووپی خاچی سوور، لەوەدەچوو بەهیچ شێوەیەک گرنگیان بە بەرپرسیارانی باشوری کوردستان نەدابێت. ئەوان دەیانویست پەردەپۆشی ئەو کارەساتە بکرێت کە بەسەر ئەو گەنجانە هاتبوو. کرستینە بە شێوەیەکی تورە لە ژووری بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هاتە دەرەوە و بەرەو قاوشی ژمارە٧ ملینا و هاتە بەردەم پەنجەرەکە. لە داخ و تورەییدا سوور هەڵگەڕابوو. پێش ئەوەی هیچ بڵێت جگەرەیەکی داگیرساند. دوای ئەوەی چەند قومێکی لە جگەرەکەیدا ئینجا بە زیندانییەکانی وت (هاوڕێیان، ئەوەی پێشبینیتان کرد و باستان لێوەی کرد راست دەرچوو، ئەو گەنجانە لە ژوورەکانی پشت زیندانەکە زیندانی کراون). بە هەناسە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بڕکێیەکەی دیاربوو زۆر توڕەیە. لەوەدەچوو ڕەوشی ئەو گەنجانە ئەمیان هەستیار کردبێت. کە قسەی دەکرد زمانی تەتەڵەی دەکرد. بە زیندانییەکانی وت (دوای ئەوەی دوێنێ لێرە جیابومەوە، چووم لە مەسیف سەلاحەددین چاوم کەوت بە بەرپرسیارانی پەدەکە). مۆڵەتی وەرگرتبوو، بەبێ هیچ چاوەڕوانییەکی پێشوەختەی بەرپرسیارانی زیندانەکە هاتبوو. سەرەڕای ئەوەی ئەو گەنجانەی بینیبوو، بەڵام بەرپرسیارانی زیندانەکە نەیانهێشتبوو قسەیان لەگەڵدا بکات. ئەمەیش نیشانەی ئەوەبوو کە تاوانێک لەئارادایە. بە ڕێگەنەدانی قسەکردن لەگەڵ ئەو گەنجانە هەڵەیان دەکرد. ئەو بە نیازنەبوو دەستبەرداری ئەم مەسەلەیە ببێت. بەرپرسی زیندانەکە محەمەد ئەمین سورچی خۆی بە شتێکی موهیم دەزانی، دەیوت من بەرپرسی موتڵەقی ئێرەم و ڕێگری دەکرد لە قسەکردن لەگەڵ ئەو گەنجانە. دەبوایە محەمەد ئەمین سورچی بۆ کرستینەی بسەلماندایە کە زاتێکی چۆنە. ئەوان بە نیاز بوون کە دەبوو بەهەرشێوەیەک بێت لەگەڵ ئەو گەنجانە قسەیان بکردایە یان دەستبەرداری کار و چالاکییەکانیان دەبوون لە باشوری کوردستان. ئەگەر محەمەد ئەمین سورچی کەللەرەقی بکردایە ئەویش کەللەرەقی دەکرد. هەربۆیە کرستینە بەتەمابوو خودی خۆی چاوی بە مەسعود بارزانی بکەوێت.

کرستینە دووجگەرەی بەسەر یەکەوە کێشا. لەوەدەچوو توڕەبونەکەی هێوربوبێتەوە. بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە بەرپرسی زیندانەکە و مولازمەکان بداتەوە لەگەڵ لیژنەکە سواری ماشینەکەیان بوون و ڕۆیشتن. ئەو ڕۆژە زیندانییەکان گوێیان بۆ رادیۆی پەدەکە رادێرابوو. بە گشتی هەواڵی رادیۆی پەدەکە باسی لە کارو بەرنامەکانی مەسعود بارزانی دەکرد. لە هەواڵەکان باس لەوەدەکرا مەسعود بارزانی چیکردووە و چاوی بە کێ کەوتووە و چی نەکردووە. کاتێک کات گەیشتە سەر هەواڵ خوێندنەوە، عومەر رادیۆکەی سازکرد و گوێیان بۆ هەواڵەکان گرت. لە هەواڵی ئەو ئێوارەیە باسی ئەوە نەکرا کە مەسعود بارزانی چاوی بە کرستینە کەوتبێت. لە هەواڵی ڕۆژی دوایی، باسی ئەوەکرا کە {مەسعود بارزانی چاوی بە سەرۆکی لیژنەی خاچی سوور کەوتووە بە ناوی کرستینە}، ڕۆژێک دوای ئەوەیش کرستینە هاتەوە بۆ زیندانەکە. دەم بە خەندە بوو. لەگەڵ هاوڕێکانی بەشێوەیەکی زۆر سادە بەرەو ژووری بەرپرسی زیندانەکە هەنگاویان دەنا. بەرپرسی زیندانەکە و مولازمەکان بە خەندەیەکی درۆزنانە و نەخوازیارەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشوازییان لێکردن. دیاربوو ڕێنماییان بۆهاتبوو کە بەشێوەیەکی باش پێشوازی لە لیژنەی خاچی سوور بکرێت، بەڵام دەبوایە لەلای ژنێکی وەک کرستینەی جادوگەر یان دنیادیدە ئەمکارە تێپەڕنەبوایە.

پێشنەوەی لیژنەی خاچی سوور بگەن، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هەر سێ گەنجەکە کە ئازاد، کاروان و عەلی عەرەبوون هێنایانن بۆ قاوشی ژمارە٦، کرستینە وتی: لە ساحەکەدا چاوی بەوان دەکەوێت. بێشک ئەم داخوازییە قەبوڵکرا. چەند کورسییەکیان هێنا بۆناو ساحەکە. کرستینە بەبێنەوەی قاوشی ژمارە٧ فەرامۆش بکات سڵاوی لێکردن و خۆی ئامادەکرد بۆ هاتنی ئەو سێ گەنجە. ئازاد، کاروان و عەلییان هێنا بۆ ساحەکە، هەموو زیندانییەکان لەوانیان دەڕوانی. ئەم دیدارە ماوەی کاتژمێرێکی خایاند. ئەوکاتەی ئازاد، کاروان و عەلییان بردەوە بۆ قاوشی ژمارە٦، کرستینە بەرەو قاوشی ژمارە٧ هەنگاوینا. دوو ڕۆژ لەمەوبەر کرستینە چی بەڵێنێکی دابوو جێبەجێی کردبوو، ئەو کاتەی مەسعود بارزانی بینیبوو، پێیوتبوو ئەگەر چاوی بەو سێ گەنجە نەکەوێت هەموو کار و چالاکییەکانی خاچی سوور رادەگرێت. دوای ئەوەی هاتە قاوشی ژمارە٧ وە، وتی: (هاوڕێیان، بەڕاستی پەدەکە حزبێکی زۆر دواکەوتووە، بەهیچ شێوەیەک مرۆڤایەتی نازانن، بەڵام مەسعود بارزانی داخوازییەکەمانی قەبوڵکرد، وەکو دەزانن چاوم بەو سێ گەنجە کەوت، زۆر شەرمیان دەکرد و دەترسان، بە گریمانەیەکی زۆریشەوە لەوانەیە هەڕەشەیان لێکرابێت، لەبارەی دەستدرێژی سێکسییەوە هیچیان نەوت، لەمبارەیەوە نەیانویست ئێمە ڕاپۆرت بنوسین، پێیانەوە دیاربوو زۆر شەرمیان دەکرد، من گومانم لەوە نییە دەستدرێژی سێکسییان نەکرابێتەسەر، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوان دان بەمەدا ناهێنن ئێمە ناتوانین بەبێ هیچ بەڵگەیەک ئەمە بسەلمێنین). کرستینە نیگەرانییەکی تریشی هێنایە زمان، وتی: (ماوەیەکی زۆرە بەرپرسیارانی پەدەکە لەبارەی منەوە سکاڵا بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەدەن، دەیانەوێت کۆتایی بە کارەکانم بهێنن لە باشوری کوردستان، دڵنیاین دوای ئەم ڕووداوەیش زیاتر و زیاتر لەسەرمن دەخوێنن و قەیرانی سیاسی دەهێننە ئاراوە). زیندانییەکانیش پێیانوت (بێشک لە پەدەکە هەموو شتێک چاوەڕوان دەکرێت)، ئەویش وتی: (ئێوە کوردن و ئەوانیش کوردن، بەڵام جیاوازیتان ئەوەندەی چیایەک گەورەیە).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەئاکامدا تاوانێکی پەدەکە ئاشکرابوو، لە ئاکامدا خاچی سوور رێگەی نەدابوو ئەو سێ گەنجە لە شوێنێکی نەزانرا و نهێنی بیانشارنەوە، دوای ئەوەی ئەمکارەیان بە شانازی خۆیان زانی ئینجا لە زیندانەکە جیابوونەوە. دوای سێ بۆ چوار مانگێکی تر ئینجا توانیان جارێکی تر سەردانی زیندانەکە بکەنەوە. ئەو باگەرەی کە خۆی رادەستی پەدەکە کردبوو کەلە هەمانکاتیشدا گرووپەکەی رادەستی پەدەکە کردبوو، هەروەکو چۆن بە خێرایی هات بۆ زیندانەکە بەوشێوە خێراییەیش لە زیندانەکە جیابووەوە. خانەوادەکەی سەر بە پەدەکە بوون، لە نزیکەوە تێکەڵی بنەماڵەی بارزانی بوون، خانەوادەکەی هاتبوونە ناوبەرەوە و، باگەریان لە شۆرشگێری پەشیمان کردبووە و پەدەکەیش لێیخۆشبوو.

لەهەمان رۆژاندا گۆرانکارییەک هاتەئاراوە کە ئەو هەموو مەسەلانە لەبیر بەرێتەوە. گەریلا دابەزیبوونە ناو شاری ئاکرێوە. کاتژمێر دەوروبەری١١ ی شەو بوو، مۆلیدەکان کوژابوونەوە، بۆ رووناک بوونەوە فانۆسیان داگیرساندبوو، موبەریدەکان کوژابونەوە و زیندانییەکانیش نەیاندەزانی لەگەڵ ئەم گەرمایە چۆن حەوسەڵە بکەن. لە ناو شار و دەوروبەری دەنگی ئاربێجی و روومانە و کلاشینکۆف و بیکەیسی بەرز دەبووەوە. زیندانییانی قاوشی ژمارە٧، راستەوخۆ وتیان (هەڤالان هاتوون ئێمە رزگار بکەن)، مادام گەریلا گەیشتووەتە ناو شاری ئاکرێ دێن و ئەم زیندانییانەیەش ئازاد دەکەن. ئەگەر گەریلا بهاتایە بۆ زیندانەکە و دەرگاکانیان بشکاندایە بێشک هەموویان ئازاد دەبوون و بە هەڤاڵەکانیان شاد دەبوونەوە، بێگومان بێکاریگەر کردنی پاسەوانەکانی زیندانەکە کارێکی ئەوەندە زەحمەت نەبوو. ئەگەر ئەمە روویبدایە محەمەد ئەمین سورچی بۆیدەردەکەوت ئەوکارانەی کردوویەتی لەگەڵ مولازمەکانی هەتاسەر بۆیان ناچێتەسەر. پێشمەرگەکان نەیاندەتوانی لەهەمبەر ئەم هێرشە خۆیان رابگرن. پاسەوانە پێشمەرگەکانی ناو قلوبەکان خۆیان فرێدابووە خوارەوە و نیگەران بوون و خۆیان گەیاندبووە ناو ساحەکە. عەلی موراقیب بە ئەندێشە بوو، خۆی باشی دەزانی لە حاڵەتێکی ئاوادا چی بەسەر دێت، ئەویش شەریکە بەشی هەموو کارەکانی بەرێوبەرایەتی زیندانەکەبوو. هەتا دەهات دەنگی تەقەکان نزیک دەبوونەوە، پێشمەرگەکان هەموو تیشکەکانیان کوژاندبوونەوە و خۆیان مەڵاسدابوو. زیندانییانی قاوشی ژمارە٧، بەجۆشوخرۆش و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەختەوەربوون. نەیاندەزانی کاتیان چۆن لێدەپەڕێت، هەموو خولەکێک وەک کاتژمێرێک وابوو لەلای ئەوان.
ئەو گەریلایانەی هاتبوونە ناو شاری ئاکرێوە دەبوایە هێزی گارا بونایە، نێوان چەمی ئاکرێ و گارێ بە پێ هەر شەوێکی پێویستبوو، گەریلاکان پشتیوانی عەشیرەتی زێباری و سوریانییەکانی ئەوێیان بەدەست خستبوو. بێشک لەناو ئاکرێیش بەرگری میللیان هەبووە. هاتنی گەریلا شتێکی باشبوو، بەڵام دەبوایە بزانرایە ئامانجیان چییە و دەست لەکوێ بوەشێنن، خۆ لەخۆڕایی لە گارێوە ناهاتوون. کەواتە خاوەن زانیاریشن لەبارەی هەڤاڵەکانیان لە قاوشی ژمارە٧. نزیک بوونەوەی دەنگی تەقە تادەهات چرای هیواو ئومێدەکانی زیندانییانی قاوشی ژمارە٧ی زیاتر رۆشندەکردەوە.
ئەم شەڕوپێکدادانە هەرتەنها ماوەی٥ خولەکی خایاند. دوای ئەوە٥ خولەکە ئیتر دەنگی تەقە نەما. دوای نەمانی دەنگی تەقەکان بە ١٠بۆ١٥ خولەکیش نە پاسەوانە پێشمەرگەکان و نە زیندانییەکانیش لە شوێنەکانی خۆیان جوڵەیان نەکرد. کاتێک زیندانییەکان هەستیانکرد دەنگی تەقە نەما، ئەوەندە ئەزمونیان هەبوو کە بزانن گەریلا خاڵێک دەستنیشان دەکەن و هێرشی بۆدەبەن و دوای ئەوەی دەستی لێدەوەشێنن پاشەکشێ دەکەن. باشیان دەزانی دوای ئەم مەسەلەیە ئەو گەریلایانەی هاتوون نەهاتوون بۆ رزگارکردنی ئەمان. مۆمی ئاوات و خەیاڵ و هیوای ئازادبوونیان کوژابووەوە. بۆ نوستن هەموویان چوونەوە شوێنەکانی خۆیان. هەتا هەموویان نوستن لە نێوان خۆیاندا هەرباسیان لە شێوازی ئەم چالاکییەکە و هۆکار و هەڵسەنگاندن و گریمانەکان دەکرد. پێیانوابوو ئازادی لێیان نزیک ببووەوە و لەدەستیان دەرچووە. ئەم چالاکییەی گەریلا هەرچەندە بەختەوەریانی کردبوو لەهەمانکاتدا ئەوەندەیش غەمگینیانی کردبوو کەلە ئاکامەکەیدا ئازاد نەببوون.
دوای چەند رۆژێک ووردەکاری ئەم چالاکییە بەناو زیندانەکەدا بڵاوبووەوە. گەریلا سێ شوێنی ئاکرێیان بە ئامانج گرتووە، یەکەمیان باڵەخانەی ئاسایشی ناو شار، باڵەخانەی رادیۆی پەدەکە کە چەند سەد مەترێک لە ئاسایشەوە دووربووە، ئەو گردەیشی کە بە گشتی پاراستنی ئاکرێی لەسەرشان بووە. لەهەمبەر گردەکەی زیندانەکە قەبرسان هەبوو. زیندانییەکان چاویان بەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قەڵەباڵغییە کەوتبوو کە تەرمەکانیان دەبرد بۆ گۆڕستان. دەوترا گەریلایەکیش ژیانی لەدەستداوە.
زیندانییەکان لەنێوان خۆیاندا باسیان لەوەدەکرد دوای ئەم چالاکییەی گەریلا دەبێت هەڵوێستی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە چۆن بێت. جەمال و دەلیل پۆرسپی لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە نیگەران بوون. پێیانوابوو لەبارەی کوژراوانی پێشمەرگە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە تۆڵە لەمان دەکاتەوە. پێیانوابوو قاسم، حاتەم، حامید و سەیفۆ ئەو ئەشکەنجەدانەی ماوەیەکە ناوبەریان پێداوە سەرلەنوێ دەستی پێدەکەنەوە. بەگوێرەی بۆچونی جودی و حەسەن، مەسەلەکان بە پێچەوانە دەبنەوە، گەریلا خۆیان گەیاندبووە ناو جەرگەی ئاکرێ، خۆیان گەیاندبووە بەردەم لووتی محەمەد ئەمین سورچی و هەموو مولازمەکانی. هەموو کەسوکار و خزمی نزیکیان لە گوندەکانی دەوروبەری ئاکرێ دەژیان. ئەوان ئێستا بیرلەوەدەکەنەوە گەریلا دەتوانێت دەستیان بگاتە کەسوکاریان و لەمبارەیەوە نیگەران بوون. هەربۆیە ناچاردەبوون لێرە بەدواوە مامەڵەیەکی باشتر لەگەڵ زیندانییەکان بکەن. مەحمود دەیوت (لێرە بەدواوە لە سێبەرەکەی خۆیانیش دەترسن)، چەکداریش پشتگیری ئەم بۆچونەی دەکرد و بەمحاڵە پێدەکەنی. دەنیز و کەمال پێیانوابوو سەرەڕای هەمووشتێک دەبێت هەموو گریمانەیەک لەچاو بگیردرێت. هەرچۆنێک بێت هەر ئەوانیش هەموو رۆژێک دەیانوت (کەس نازانێت پەدەکە چیدەکات و بەنیازی چییە و چی دەبێت).
دوای رۆژێک لە رووداوەکە، محەمەد ئەمین سورچی هاتە بەردەم پەنجەرەی قاوشی ژمارە٧. بەشێوەیەکی زۆر شارستییانە حاڵونەحواڵی زیندانییەکانی پرسی، هاتبوو بزانێت ئایا زیندانییەکان پێداویستییان هەیە یاننا، هەمیشە دەیوت هەرچۆنێک بێت ئێمە براین.
دەلیل پۆرسپی هۆش و رەنگی هاتبووە سەرخۆی. مەحمود بە تاکە چاوەکەیەوە دەیوت (من پێتانموت لێرە بەدواوە ئەمانە لە سێبەرەکانیشمان دەترسن)، مەحمود دەیویست هەڤاڵەکانی پشتگیری ئەم قسەیەی بکەن. دوای ئەوەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ئەو سێ گەنجەی ئاشکرا کرد و دابەزینی گەریلا بۆناو ئاکرێ و ئەنجامدانی چالاکی و محەمەد ئەمین سورچی پەیدابوونی ترس لە ژیانی خۆی، هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆ هەڵوەشانەوەی بەڕێوبەرایەتییەکەی کە دروستیان کردبوو، هەموو ئەمانە ببوون بە هۆکاریش بۆ بەرز بوونەوەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مۆڕاڵ و جۆشوخرۆشییان. سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، کە زیندانییەکان بەختەوەربوون، بەڵام گۆڕانکارییەک سەرودڵیانی گرت، سەفقان نورهاق کە وەک میوان دەبینرا لە زیندانەکە، دوای ئەوەی بۆ پێداویستی تەوالێت دەچێتە دەرەوە و خۆی رادەستی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دەکات، بووە هۆکاری نیگەرانی و تورەیی و خراپی مۆڕاڵیان. دوای ئەم مەسەلەیەی سەفقان بەماوەیەک سەلیم قامیشلۆیش هەمانکاری سەفقانی کرد، دەیانوت کە دەستبەرداری پەکەکە بوونە و چوونەتە ناو پەدەکەوە، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەیش ئەمانی برد بۆ قاوشی ژمارە٦ کە زیندانییانی وڵاتپارێز بوون. زیندانییانی قاوشی ژمارە٧، بە زیندانییانی قاوشی ژمارە٦یان دەوت، ئەمانە وڵاتپارێز نین بەڵکو قاوشی خائینانن. ئەوکاتەی سەفقان و سەلیم خۆیان رادەستی پەدەکە کرد، شۆڕش ئامەد وتی: (من پێشوتر هێنامە زمان)، لەکاتی ئەم قسەیەی بە شێوەیەکی مانادار تەماشی جودی کرد، بەڵام هیچی تری نەوت. جودیش لەهەمبەر ئەم قسەیەی شۆڕش ئامەد هیچی نەوت. قاوشی ژمارە٧ دوای ئەوەی مەزلوم، رێبوار و شاهین هاتن کە ژمارەیان بوو بە ٢٤ زیندانی، لەکاتی پایزدا بە خۆ تەسلیمکردنی سەفقان و سەلیم ژمارەیان بوو بە ٢٢ زیندانی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ١٦

# چالاکی دژ بە گەلەکۆمە

تەمەنێکی زۆرکەمی مابوو بۆ ئەوەی خۆیان بە رێکخستن بکەن و خولی پەروەردە دەستپێبکەن. ئەوان کە چەندین ساڵ بوو تەمەنی خۆیان بە تێکۆشانەوە بەسەربردبوو ئێستایش دوورە پەرێز لە ژیانی رێکخستنیان، سەپاندنی خواستی بەردەوامی ژیانی کەسایەتی لەلایەن مەحمود و سەیفییەوە و خۆ گۆشەگیرکردنی دەنیزیش لەلایەکەوە هەموویانی هەراسان کردبوو. دەنیز لەوکاتەوەی بە دیلی گیرابوو، هەستی بێچارەیی ناخی خواردبوو، بەخۆی دەووت (۲۲ هەڤاڵین و هەموویشیان بەخۆیان دەڵێن ئێمە پەکەکە ین، بەڵام یەکێتی ناوخۆیان ناپارێزن، ئەمە چی رەوشێکە؟!)، سەری لەم مەسەلەیە دەرنەدەچوو. هەروەها دەیوت (ئەم هەڤاڵانە کە برا و خزم و کەسوکاریانیان لەدەستداوە لەپێناو ئەم شۆڕشە، هۆکاری چییە ئێستا پەرتەوازەن، ئایا دەکرێت چی چارەسەرییەک سەرلەنوێ ئەمان رێکبخاتەوە؟!)، چەنێک هەوڵیدەدا وەڵامی ئەم پرسیارانەی بۆ پەیدا نەدەبوو، پیشی خواردبووەوە و دەیوت (دەبێت چیبکەین؟)، هەڵاتنی سەفقان و سەلیم ئەندێشەکانی زیادکردبوو. ئەگەر تەدبیر وەرنەگیردرایە هەڵوەرین بەردەوام دەبوو. نارەحەتی ناوخۆیی توولی هەڵدەکێشا. دەستپێکردنی دروستکردنی کەشتی لەلایەن چەکدارەوە کەمێک سەبوری بۆهێنابوو. ئەوان کارتۆن و چەسپی دووقلی و مووړو یان کڕیبوو، دەستیان کردبوو بە درووستکردنی کەشتییەکەیان.

لەناو خۆیاندا دەیانوت هەفتەیەکی بمێنێت بۆ مانگی ئەیلوول پەکەکە ئاگربەست رادەگەهێنێت. رادیۆکانی {بی بی سی} و رادیۆی دەنگی ئەمریکا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسیان لەم مەسەلەیە دەکرد، بەڵام رادیۆی پەدەکە لەمبارەیەوە بەهیچ شێوەیەک هەواڵی بڵاونەدەکردەوە. ئەو رادیۆیەی ناوی دەنگی سەرخۆبونی کوردستان بوو کەلە هەرێمەکانی گەریلا پەخشی دەکرد، دەنگۆی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم مەسەلەیەی باسدەکرد، ئەوەی راستی بێت ئەم رادیۆیە بەباشی دەنگی نەدەگەیشت و خشەخشی زۆربوو، ئەگەر وەریشبگیردرایە تەشویشیان دەخستەسەر. ئەوکاتەی پێشکەشکار تورک قادر کە هەواڵی دەخوێندەوە، زیاتر و زیاتر تەشویش دەچووە سەر رادیۆکە، هەڤاڵانی زیندانەکە کە گوێیان لەم دەنگە دەبوو، دەنگە گڕەکەی و سمێڵە قەوییەکانی قادریان دەهاتەوە یاد.

لە رۆژی یەکی ئەیلول، هەموو رادیۆکان باسیان لەوەکرد بەهۆی یەکی ئەیلوولەوە کە رۆژی ئاشتی جیهانییە، سەرۆکی پەکەکە {عەبدوڵلا ئۆجەلان}، ئاگر بەستی سەرتاسەری لەهەمبەر تورکیا راگەیاندووە، کە ئەمە پەدەکەیش دەگرێتەوە. ئەم هەواڵە جۆشوخرۆشی لەناو قاوشی ژمارە٧ هێنایە ئاراوە. ئەم ئاگر بەستە بەتایبەتی لەگەڵ پەدەکەدا لەوانەبوو ببێت بەهۆکار بۆ ئازادکردنی زیندانییانی زیندانی ئاکرێ. مەحمود ئەم گریمانەی زۆر بە جدی دەهێنایە زمان و باوەڕیشی پێبوو. پێشوتریش مەحمود هێنابویە زمان بۆماوەیەکی زۆر لێرە نامێننەوە. راگەیاندنی ئاگر بەست و دەستپێکردنی دیالۆگ، بێشک ئازادکردنی زیندانییەکانیش دەبێت بە پارچەیەک لەم مەسەلەیە، بەمشێوەیە مێژوو مەحمودی سەرراست دەکردەوە. سەیفی، جەمال و دەلیلیش ئەم هەڵسەنگاندنەی مەحمودیان بەراست دەزانی. حەسەنیان هەرچەندە پێیوابوو کە نابێت زوو خۆمان رادەستی ئەم گریمانانە بکەین، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ئەویش پێیوابوو لەوانەیە بە زووترین کات ئازاد بکرێن. ئەم مەسەلەیە دەنیزیش پێیوابوو هەروادەبێت. گەنگەشەکانی نێوانیان پڕزەتیڤانە بوو.

دوای هەفتەیەک لە ئاگر بەست هیچ گۆڕانکارییەک نەهاتە ئاراوە. هەواڵی رادیۆکان دەیانوت ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا و پەدەکە بۆسەر گەریلا بەردەوامە و بەڵکو زیادیشیان کردووە. هەروەکو هەمووجارێک دەوڵەتی توک دەیوت {ئێمە چەتە و یاخیبووەکان بە موخاتب وەرناگرین}، پەدەکەیش وەکو دەوڵەتی تورک هەمان هەڵوێستی هەبوو. دوای دوو هەفتە بەسەر راگەیاندنی ئاگر بەست، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی دەچوون بۆ ئەمریکا. بەتایبەتی سەرۆکی ئەمریکا کلینتۆن بانگهێشیانی کردبوو، کلینتۆن وتبووی (کوردەکان ئاشتدەکەینەوە). بەگوێرەی زیندانییەکان ئەمە گۆڕانکارییەکی هەروا ئاسایی نییە. پیلانی مەسعود بارزانی کە بۆ سەرۆکایەتی هەموو کوردان بوو سەرینەگرت، ئینجا جەلال تاڵەبانیان بۆزیاد کرد. رێککەوتنی هەردووکیان لەسەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بنەمای دژایەتی کردنی پەکەکە بوو. ئەمە پیلانێک بوو کە باشوری کوردستان لەناوچەکەدا بکرێت بە ئیسرائیلی دووەم.

دوای ماوەیەک لە رادیۆی پەدەکەوە باسی ئەوەکرا لە ١٧ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٨ رێککەوتنیان لەگەڵ یەنەکە واژۆ کردووە، ئەمەیش نیگەرانی لێکەوتەوە. ناوی ئەم رێککەوتنەشییان نا {رێککەوتنی واشنتۆن}. ئەم رێککەوتنە لە ئەمریکا بەچاودێری سەفیری تورکیا واژۆ کرابوو. ئایا رێککەوتنێک لەژێر سێبەری دەوڵەتی تورک دابێت دەبێت چۆن رێککەوتنێک بێت؟!. کەواتە رۆحی بەرخۆدانی ساڵی ١٩٩٢ سەرلەنوێ دەژیایەوە. بەیەکەوە یەکێتی و پارتی دەستیان دەکرد بە هێرشکردن بۆئەوەی پەکەکە لە باشوری کوردستان شاربەدەر بکەن. ئەمە دەماری رێککەوتنەکەی واشنتۆن بوو. ئەو خاڵانەی تری ئەم رێککەوتنە زارەکی و پروپاگەندە بوو. رێککەوتبوون پەدەکە و یەنەکە لەنێوان خۆیان دیلەکانیان بگۆڕنەوە و بۆ ئەم مەبەستەیش لەنێوان خۆیاندا لیژنەیان دروستدەکرد و شتی تری منداڵانە.

دوای ماوەیەک فەرماندەی هێزە پیادەکانی سوپای تورک ئەتیلا ئاتەش خۆی گەیاندە شاری هەتای لە سنوری سوریا. لەوێ وتی: ئەگەر سوریا بەردەوام بێت لە گلدانەوەی پەکەکە، بەناوی خۆپاراستنەوە ئەوەی لەدەستیان بێت دەیکەن، ئەگەر هێرشکردنیش بێت بۆ سەر سوریا. رۆژەڤ ئەوەبوو ئایا تورکیا هێرش دەکات بۆسەر سوریا یاننا. بۆئەوەی تورکیا هێرش نەکاتە سەر سوریا هەموو لایەک دەستیانکرد بە کاری دیبلۆماسی. زیندانییەکان لە رادیۆی دەنگی کوردستانی سەربەخۆ کەم یان زۆر گوێیان لە راگەیاندنەکانی سەرۆکی پەکەکە دەگرت. زیندانییەکان پێیانوابوو {راگەیاندنی ئاگربەست تەنگی بە تورکیا هەڵچنیوە و گەیشتوونەتە ئاستێک کە سوپای تورک هەڕەشە لە سوریا بکات و ئاشتبوونەوەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە واشنتۆن، هەموو ئەمانە نیشانەی گەلەکۆمەیەکی سەرتاسەرییە}. ئەم گەلەکۆمەیە هەمەلایەن بوو. دەبوایە گەل و کادێرەکانی پەکەکەیش بەگوێرەی ئەو رەوشە هەڵسوکەوتیان بکردایە. ئەوەی مایەی سەرنج بوو ئەوەبوو جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی دوای سەردانی واشنتۆنیان، سەردانی هەموو وەڵاتانی ئەوروپایان کرد و لەگەڵ سەرۆک و دەزگاکانی ئەوروپا چاوپێکەوتنیان کرد. لەوەدەچوو دەیانویست

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ژێرخان و سەرخانی گەلەکۆمەکە لەگەڵ دونیای ئەوروپا تاوتۆ بکەن. هەردووکیان هەتا ٩ی مانگی کانوونی دووەم نەگەڕانەوە بۆ کوردستان.
لە ١٠ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨، رادیۆکان باسیان لەوەکرد کە سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان رۆژێک لەمەوبەر سوریای جێهێشتووە، بەڵام نازانرێت بۆکوێ چووە. لەهەواڵەکان دەوترا گوایە دەزگاکانی میت و {سی ئای ئەی} و مۆساد بەیەکەوە کاردەکەن تاکو شوێنی ئۆجەلان بزانن بۆکوێ چووە. هەموویان بەیەکەوە سات بەسات هەواڵیان بەیەک دەگەیاند. گۆڕانکارییەکان مایەی نیگەرانی بوون. حەسەن دەیزانی رەوشەکە لەوە خەتەر ترە کە بیریان لێدەکردەوە. رادیۆی دەنگی کوردستانی سەربەخۆ، باسی لەوەدەکرد کەلە زیندانی تورکیا خەلیل ئورال کە زیندانییەکی پەکەکە بوو، بۆئەوەی سەرنجی رایگشتی و دەوروبەر راکێشێتە سەر مەترسی گەلەکۆمەکە ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە. خەلیل ئورال بە سلۆگانی ئەوەی {ناتوانن خۆرمان لێ تاریک بکەن}، ئەم چالاکییەکەی ئەنجامدابوو. هەتا دەهات زیندانییەکان ئەندێشەیان زیادی دەکرد. سات بەسات گوێیان لە هەواڵی رادیۆکان دەگرت. جگە لە هەموو شتێکیش دەبوایە خۆیشیان شتێکیان بکردایە. تەنانەت سەیفی و جەمال و دەلیلیش بەهەمانشێوە بیریان دەکردەوە.
لە ١٢ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٨، هەموو رادیۆکان وەکو هەواڵی راستەوخۆ ئەوەیان بڵاوکردەوە کە سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە فرۆکەخانەی رۆما دەستبەسەرکراوە. لە هەمان ئێوارەدا هەموو زیندانییانی قاوشی ژمارە٧، کۆبونەوەیان کرد بۆئەوەی بزانن دەتوانن چیبکەن تاکو خاوەندارێتی لە رێبەرەکەیان بکەن. ئەمە یەکەمجاربوو کە بەیەکەوە بڕیارێکی هاوبەش بدەن. بڕیاریان وابوو مانگرتنی سەرتاسەری بەردەوام دەستپێبکەن. لە بەیانی ١٣ی مانگی تشرینی دووەم چالاکییەکەیان دەستپێکرد. عەلی کەلار کە خوێنکاری زانکۆ بوو، لەگەڵ ئەواندا دەستی کرد بە ئەنجامدانی چالاکییەکە. ٢٣کەس دەستیان کرد بە ئەنجامدانی چالاکی. ئەوکاتەی زیندانییەکان بەیانییەکەی بۆ پێداویستی سەرتاو هاتنە دەرەوە، زیندانیانی قاوشی ژمارە٦ کە پێکهاتبوون لە ١٤ گەنجی باشوری کوردستان، رایانگەیاند کە ئەوانیش دەستیان کردووە بە مانگرتن. بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ئەم ١٤ گەنجەیشی لە قاوشی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ژماره٦ وه گواستهوه بۆ قاوشی ژماره٧. بەمشێوەیە ژمارەی چالاکوانەکان بوون بە ٣٧کەس.
ئەو گەنجانەی هاتنە قاوشی ژمارە٧وە، بوو بە مۆراڵێکی بەرز بۆ زیندانییەکان. لەناو ئەوانەی هاتبوون سۆرۆ، ئازاد، کاروان و عەلی عەرەبیشی تێدابوو. زیندانییانی قاوشی ژمارە٧، بەدەم سلۆگانی {بژی سەرۆک ئاپۆ و بژی پەکەکە}وە پێشوازیانیان لێکردن. زیندانییانی قاوشەکانی تر، لە پەنجەرەکانەوە دەستیان دەرکردبوو ئیشارەتی سەرکەوتنیان دەکرد، بەو شێوەیە پشتگیری خۆیانیان بۆ چالاکییەکە نیشاندابوو. دوای هەموو ئەم گۆڕانکارییە و موداخەلەنەکردنی بەرپرسیارانی زیندانەکە لە ئاستی ئەم چالاکیانە مایەی نیگەرانی بوو. دەمەوئێوارە کاتێک بەرپرسی زیندانەکە و مولازمەکان هاتنە بەردەم پەنجەرەی قاوشی ژمارە٧، کەس گوێی پێنەدان و خۆیان لە گێلیدا.
بەرپرسی زیندانەکە محەمەد ئەمین سورچی بە زیندانییەکانی وت (سڵاو هاوڕێیان)، ئەو بەو ڕێزەی خۆیەوە کە خۆی بە شتێکی زۆر موهیم دەزانی وتی: (ئێوە کە خۆتان بە برسێتی دەهێڵنەوە ئەمە هیچ سودێک بە ئاپۆ ناگەهێنێت، ئێوە کوردانی تورکیا و سوریا لەوانەیە خۆڕاگری بکەن و توانای ئەوەتان هەبێت کە بە برسێتی بمێننەوە، بەڵام کوردانی ئێمەی عێراقی بەرگەی ئەم برسێتییە ناگرن، دڵنیام ئەمەیشتان بۆدەردەکەوێت، ئەم گەنجانە کوردی عێراقییە دەبینین لەماوەیەکی زۆر زوودا دەپاڕێنەوە و داوای خواردنمان لێدەکەن). دەنگێک وتی: (ئێمە ئەو گەنجانە نین کە ئێوە بیریان لێدەکەنەوە)، بەرپرس و مولازمەکان و زیندانییەکان چاویان لەوشوێنەکرد کە دەنگەکانی لێوەدەهات. سۆرۆ کەمێک خۆی خستبووە دواوە، لەلایەکەوە دەهاتەپێشەوە و دەیویست شوێن بۆخۆی بکاتەوە و لەلایەکی تریشەوە هەوڵیدەدا دەنگی خۆی بگەهێنێتە گوێی بەرپرسی زیندانەکە. بە جۆشوخرۆش بوو، لە نێوان گەنجەکان و سەرۆکی پەکەکەدا گرێدراوییەک هەبوو کە کەسێکی وەکو منی دیوار هەستی پێنەدەکرد. سۆرۆ کە بەکەسێکی هەرزەکار حیسابی بۆدەکرا، بەڵام بەهیچ شێوەیەک حیسابی بۆ محەمەد ئەمین سورچی نەدەکرد و لێی نەدەترسا. سۆرۆ دەیوت (ئێمە گەنجانی سەرۆک ئاپۆین، پێویست بکات لەپێناو سەرۆکەکەماندا هەزارجار دەمرین، خاوەن ئیرادەیەکیشین کە تەنازول بۆ خواردنە پیسەکەی تۆ نەکەین). ئەم سنگ دەرپەڕینە و قسانەی سۆرۆ، شتێک نەبوو کە محەمەد ئەمین سورچی هەروا بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سانایی قەبوڵی بکات. بەگوێرەی ئەو نەدەبوو گەنجێک لەهەمبەریدا بەوشێوەیە غیرەتی بکردایە، بەڵام ئێستا هەڵوێستی نیشان نەدەدا چونکو کاتی نەبوو. سبەی کەلە پێناو خواردن تەنازولی دەکرد و دەهاتە بەردەم پێی، ئەوکاتە ئەمەی بەخەیاڵدا دەهێنایەوە. ئەوکاتە نیشانی دەدا چی جۆرە گەنجێکە و ئیرادەیشی دەپێوا. محەمەد ئەمین سورچی بە بزەیەکەوە وتی: (یەکتر دەبینینەوە). هەرچۆنێک بێت شتێک نەمابوو کە باس بکرێت. ئەوکاتەی محەمەد ئەمین سورچی ویستی بڕوات، کەمال هەڵوێستەیەکی کرد و وتی: (ئێمە خەڵکی تورکیا و سوریا و عێراق نین، ئێمە کوردین، کوردستانین).

کاتێک کەمال ئەم قسانەی کرد، هەموو زیندانییەکان چەپڵەیان لێدا، محەمەد ئەمین سورچی و مولازمەکانی لەئاستی ئەم قسەیەدا خۆیان لەگێلیدا و ڕۆیشتن. جگە لە ئاو زیندانییەکان هیچی تریان نەبوو، تەنانەت لە قاوشەکەدا خوێ و شەکریش نەبوو، دەبوایە تەنها و تەنها ئاو بخۆنەوە. ئەو گەنجانەی لە قاوشی ژمارە٦ وە هاتبوون، بە جۆشوخرۆش بوون. هەر لە سەرەتا لەهەمبەر بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هەڵوێستیان نیشاندابوو، کە ئەمەیش مایەی دەستخۆشی هەموو کەسێک بوو. لەوەدەچوو بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هەروا بە سانایی دەستبەرداریان نەبێت و بۆ تێکشکاندیان شتێکیان هەردەکرد. ئەوانەی زیندانی کۆن بوون لە قاوشی ژمارە٧، هەوڵیاندەدا بەردەوام گەنجەکان بە جۆشوخرۆش بن. ئەوان بەردەوام بۆ گەنجەکان سکێچیان ئامادە دەکرد و بەیەکەوە نمایشیان دەکرد و سترانیان دەوت. زیندانییەکان تەنانەت ئەو چالاکییەی کردبویان توانیبویان وابکەن بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هەنگاو بۆدواوە بنێت، تەنانەت ئەوەیشیان کردبوو بە سکێچ. لەو بەشەی کە قسەی مەحمود بوو کە کاتی خۆی بە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەی وتبوو (بەو کوێر و شەلانەوە هێرش دەکرێتە سەر پێشمەرگە و هەڵدێن)، ببووە مایەی پێکەنینی هەموو زیندانییەکان. زیندانییەکان ڕۆژی چوارجار بە دەنگی بەرز دەیانوت (بژی سەرۆک ئاپۆ)، ئەمەیش لە ناو زیندانەکەدا سەدای دەدایەوە. دوو ڕۆژ بەسەر چالاکییەکەدا تێپەڕیبوو، هێشتا گەنجە باشورییەکان دەستبەرداری چالاکییەکەیان نەببوون، تەنانەت بۆ خواردن لە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە نەپاڕابوونەوە. مولازم قاسم بیرۆکەیەکی هەبوو، ئەم بیرۆکەیە ئەگەر ئۆرژینالیش نەبوبێت، بەڵام بیرۆکەبوو. بە گوێرەی بیرۆکەکە، لە بەرامبەر قاوشی ژمارە٧،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرخ سەردەبڕن و گۆشتیش دەبرژێنن. بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە حامید و سەیفۆیان ئەرکدار دەکرد. لە سێیەمین رۆژی مانگرتنەکەدا، پێشمەرگەکان بەرخیان هێنا بۆناو ساحەکە. حامید و سەیفۆ چەقۆیان پێبوو، خۆیان بۆ سەربڕینی بەرخەکان ئامادەکردبوو. لە ئاکامدا بەرخەکانیان سەربڕی و بۆ کەوڵکردنیان هەڵیانواسین. بەرخەکانیان کەوڵکرد و پێستەکەیان لێداماڵین، گۆشتەکانیان پارچە..پارچە کرد و کردیانە ناو سینییەکەوە. حامید رووی لە پەنجەرەی قاوشی ژمارە٧ کرد و ئینجا وتی: (ئەرێ گۆشت دەخۆن، گۆشت، بڕوانن تازە تازەیە، نەرم و نەرم، ئەوەیش بزانن کەبابەکەیشی زۆر خۆشە).سۆرۆ یەکەمین کەس بوو وەڵامیدایەوە، پێیوت (پێتوانەبێت هەموو کەسێک وەک خۆت چڵێسە، لە ئێستاوە هەتا بەیانی گۆشت ببرژێنن و بیخۆن، کەس تەنازول بۆ گۆشتە پیسەکەی ئێوە ناکات). حامید بەبێ ئەوەی گوێ بە قسەکانی سۆرۆ بدات، رووی کردە رەسول، ئینجا وتی: (رەسول، هێلکە سووردەکەینەوە، ئەگەر بیهێنم دەیخۆیت؟). رەسولیش وتی: (من وەکو تۆ بە گۆشت و رووەک خۆم ناژێنم، من خۆم بە ئایدۆلۆژی سەرۆک ئاپۆ بەخێودەکەم)، دوای ئەم قسەیە هەموو زیندانییانی قاوشی ژمارە٧، بە چەپڵەلێدان پشتگیری خۆیان بۆ رەسول دەربڕی. هەندێک لە زیندانییەکان بە فیکە لێدان پرۆتێستۆی حامیدیان کرد. کاتێک حامید نەیزانی چی بکات و چۆن رەفتار بکات، سینییە پڕ لە گۆشتەکەی هەڵگرت و رۆیی بۆ موبەقەکە. زیندانییەکان لەبارەی ئەم حاڵەتەی حامیدەوە سکێچێکیان دروستکرد، لە سکێچەکەدا حامید و سەیفۆیان خستبووە سەر سفرەیەک. لە سکێچەکەدا هەردووکیان دەستیان دەخستە ناو سینییەکە و شاپول شاپول گوایە گۆشت دەخۆن و هاواریان لە گەنجەکان دەکرد، لە سکێچەکەدا دوای ئەم گۆشتخواردنەی حامید و سەیفۆ دکتۆر ئەحمەدیان بانگدەکرد بۆ چارەسەرییان چونکو مەعیدەیان تێکچبوو.

رادیۆکان، بەتایبەتی رادیۆی دەنگی کوردستانی سەربەخۆ دەیوت لە وڵات و دەرەوەی وڵات و لە هەمووشوێنێکی جیهان، چالاکی ئەنجامدراوە و هەموو زیندانییانی پەکەکە لە کوردستان و تورکیا دەستیان کردووە بە چالاکی مانگرتن لە خواردن. کوردستانییانی ئەورووپا، بۆ خاوەندارێتیکردنیان لە سەرۆکیان، بە کۆی گشتی روویان کردووەتە شاری رۆما. چالاکی هاوبەشی زیندانیان لەگەڵ گەلی دەرەوە، هێزیان بە زیندانییەکانی زیندانی ئاکرێ دەبەخشی. ئەگەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمانیش ڕێگەیەكیان بدۆزیایەتەوە بۆئەوەی دەنگی خۆیان بگەهێننە دەرەوە كە ئەمانیش دەستیان كردووە بە چالاكی شتێكی زۆر باش دەبوو كە وورەی بەمان دەبەخشی. بەتایبەتی هەواڵی رادیۆی {بی بی سی} كە دەیوت گردبونەوەیەكی ٥٠هەزار كەسی كورد لەهەمبەر ئەو باڵەخانەیەی كە ئۆجەلانی تێدا دەستبەسەر كراوە گردبوونەوەتەوە. لە رۆژی چوارەمی چالاكی مانگرتنیاندا، لەئێوارەدا رادیۆی {بی بی سی} بڵاویكردەوە كە سەرۆك ئاپۆ بانگەوازی بۆ گەل و زیندانییان كردووە دەستبەرداری چالاكی مانگرتن ببن. زیندانییەكان لەبارەی راستودروستی هەواڵەكەوە لە نێوان خۆیاندا گەنگەشەیان كرد. سەرەڕای ئەوەی زۆرینەیان پێیانوابوو ئەم هەواڵە راستە، بەڵام بە نیاز نەبوون دەستبەرداری چالاكییەكەیان ببن. پێیانوابوو دەبوایە رێكخستنی گشتی پەكەكە لێدوان بدات ئینجا دەستبەرداری چالاكییەكەیان دەبوون. لە پێنجەمین رۆژی چالاكییەكەیاندا گوێیان لە هەواڵی رێكخستنی گشتی پەكەكە بوو. لە رادیۆی دەنگی كوردستانی سەربەخۆوە، سەبری ئۆك و موزەفەر ئایاتە بەناوی هەموو گیراوانی پەكەكەوە لێدوانیاندا. بە گوێرەی لێدوانەكە دەستبەرداری هەموو چالاكییە مانگرتنەكان دەبوون و دەبوایە هەموو لایەك پابەندبوایە بەم بڕیارەوە. دوای ئەوەی زیندانییانی قاوشی ژمارە٧، گوێیان لەم هەواڵەبوو، بە ووتنەوەی سلۆگانەوە رایانگەیاند دەستبەرداری چالاكییەكەیان بوونە.

دوای ئەوەی زیندانییەكان دەستبەرداری چالاكی مانگرتن بوون، بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە، ئەو ١٤ گەنجەی لە قاوشی ژمارە٦ وە هێنابویان بۆقاوشی ژمارە٧، جارێكی تر بردیاننەوە. ئەمجارەیان عەلی كەلاریشیان لەوێ برد. بۆ ماوەیەك ئەم گەنجانە لە قاوشی ژمارە٧، كەمێك جۆشوخرۆش ببوون. ئەوكاتەی لەوێ دەركران لەكاتی ماڵئاوایدا دیمەنی هەستیارانە هاتەئاراوە. ئەوكاتەی جیاكرانەوە هەڤاڵەكانیان بە توندی باوەشیان بە یەكتردا كرد.

بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە زیندانییانی قاوشی ژمارە٧یان دەگواستەوە بۆ قاوشی ژمارە ٥. لە قاوشی ژمارە٧وە دەتوانرا ژووری بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە ببینرێت و چاویان بە هەموو گۆڕانكارییەكان بكەوت و هەرچییەك روویبدایە لە دەرەوە دەیانتوانی ببینن. هەربۆیە زیندانییانی پەكەكە یان گواستەوە بۆ قاوشی ژمارە ٥، كە نەیاندەتوانی هیچ ببینن. گۆڕانكارییەكی تر لەبارەی موراقیبەكانەوە كرا. بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە پێیانوابوو عەلی كەوتووەتە ژێر كاریگەری زیندانییانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەکەکە. عەلییان دوور خستەوە و لە شوێنی ئەو ئەنوەر شاکریان دانا کە تەمەنی هەر ٥٠ ساڵێک بوو، ئەم ئەنوەر شاکرە کەسێکی ڕێزدار و لەسەرخۆ بوو، هەموو کەسێک ڕێزی لێدەگرت. ئەنوەر شاکر خەڵکی زاخۆ بوو. پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە زاخۆ بەرپرسی ئیستیخباراتی عەسکەری سوپای سەدام بووە، ئەو دەیوت کاتێک ئەم کارەی کردووە بەڵام هەرگیز کوردی فەرامۆش نەکردووە. لەو ڕاپۆرتانەی بۆ پەدەکە و بەرەی کوردستانی نوسیبووی دەوترا کە زۆر لە فەرماندە و پێشمەرگەی سادەی لە سێدارە ڕزگار کردووە. لە ناو ئەوانەی ڕزگاریان کردووە تەنانەت ئەندامی بنەماڵەی عەشیرەتی بارزانیشیان تێدابووە. ئەوکاتەی سەدام حوسێن درک بەم مەسەلەیە دەکات، لە زاخۆوە مەنفای دەکات بۆ شاری بەسرا. ئەوکاتەی لە بەسرابووە، پەیوەندی کردووە بە زۆر لە ئۆپۆزسیۆنەکانی دژی سەدام حوسێن. ئەنوەر شاکر کاتێک لە زاخۆ دەبێت، لە سایەی ئەوانەی موخابەراتی تورک و سوریا دەبن و ئۆپۆزسیۆنەکانیان پێدەناسێن، کە دەچێتە شاری بەسرایش هەرئەوان بە ئۆپۆزسیۆنەکانی شیعەی ئێرانی پێدەناسێنن و ئاشناییان لەگەڵ دروستدەکات. هەربۆیە لەسایەی ئەم پەیوەندییانەی نەک وەک کەسێکی سەربازی بەڵکو وەکو کەسێکی دیبلۆماتکاری لێهاتووە. ئەو دەیتوانی لەگەڵ هەموو جۆرە مرۆڤ و گروپێکدا تێکەڵی دروستبکات. هەربۆیە ئەوکاتەی لە قاوشی ژمارە ٥ یشدا بوو ناڕەحەتی بۆ دروستنەدەبوو. لەبەرئەوەی لەبەشی موخابەرات کاری کردبوو، دەیزانی چۆن تێکەڵی دروستبکات.

پێش ئەوەی ئەنوەر شاکر زیندانی بکرێت، باوەڕی بنەماڵەی بارزانی بۆخۆی دەستەبەر کردبوو. تەنانەت کردبویان بە بەرپرسی گومرکی ئیبراهیم خەلیل کە خاڵی بژێوی بنەماڵەی بارزانی بوو، کە دەرگایەک بوو بە ڕووی هەموو دونیادا کرابووەوە. یەنەکە و پەدەکە گرنگییەکی زۆریان دەدا بە ئەنوەر شاکر. ئەو دەیتوانی لەڕێگەی ئەزمونە موخابەراتی و پەیوەندییەکانییەوەی بە دونیای دەرەوە و کاری دیبلۆماسییەکانییەوەی بەباشی کاروباری گومرکی ئیبراهیم خەلیل بەڕێوەببات. لەبەرئەوەی دەزانرا پێشمەرگەی لە سێدارەی سەدام حوسێن ڕزگارکردووە، لەلایەن خەڵکیشەوە ڕێزی لێدەگیرا. ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو ئەوەبوو، لەوانەیشبوو خەڵکی سڤیل و پێشمەرگەیشی لە سێدارە دابێت؟، ئەم پرسیارە نە دەکرا و نە کەسیش بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا وێڵ بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئۆپۆزسیۆنەکانی دژی سەدام حوسێن و ئیستیخباراتی وەڵاتانی دراوسێ و موخابەراتی ئەمریکا بەدوایەوە بوون. لەوانەبوو ئەو پێیوابێت، کە رۆژێک هات بوو بە کەسێکی بازرگان و دەوڵەمەند بوو، بوو بە خاوەن دەسەڵاتی خودی خۆی، ئەوکاتە پەیوەندی بەو هێزانەوە دەکرد و پەیوەندی لەگەڵیاندا دەبەست. هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دەیانویست لەگەڵیدا کار بکەن. ئەگەر رازی ببوایە، تەنانەت پلەوپایەی زۆر گرنگیشیان پێدەدا. لەوانە بوو دوای نەمانی سەدام حوسێن پلەی گەورەیشیان پێبدایە، بەڵام ئەنوەر شاکر ئەم داخوازییانەی رەتکردبووەوە. لە ئاکامدا لە کۆبونەوەیەکی گرنگی ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی لە ئەمریکا، بە دەعوەتنامەیەکی تایبەتی وەزارەتی ئەمریکا بانگێشی ئەمریکا کرا. لە وەڵامدا ئەویش وتبووی (من ئامادەنیم لە نیشتیمانەکەم جیاببمەوە)، بەمشێوەیە ئەم دەعوەتنامەیەی رەتکردبووەوە. دوای ئەم گۆڕانکارییە و پەراوێزخستنە، ئەنوەر شاکر بەو پارەیەی کە بەدەستییەوەی بووە، لە زاخۆ دوکانێکی جلفرۆشی بۆخۆی داناوە. بەمشێوەیە دەستی لە دونیا شۆریوە و بژێوی ژیانی بە ئارەقەی ناوچەوانی پەیدا دەکات.

دوای ئەوەی لە بەرپرسیارێتی گومرکی ئیبراهیم خەلیل جیابووەوە و کارکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکانی سەدام حوسێن و داوەتەکەی وەزارەت دەرەوەی ئەمریکا، رەتکردەوە، هەموو ئەمانە سەرنجی بنەماڵەی بارزانیان راکێشابوو. بەگوێرەی بنەماڵەی بارزانی ئەوەی ئەنوەر شاکر کردبوویەوە تەنها دوکان نەبوو، بەڵکو بیرۆی ئیستیخباراتی بوو. بە گوێرەی بنەماڵەی بارزانی لەم دوکانە، زانیاری سوریا بە ئەمریکا دەفرۆشرا و لە ئێرانەوە بە تورکیا زانیاری دەفرۆشرا. بە گوێرەی بنەماڵەی بارزانی کەسێک ئەو هەموو ئیمکان و پارە و پلەیەی لەژێر دەستدابێت، بۆچی دەستبەرداریان دەبێت و دوکان دەکاتەوە، ئەمە ئەقڵ نەیدەگرت. بنەماڵەی بارزانی بۆئەوەی ئەم راستییەی گریمانەی خۆی بسەلمێنێت، لە ساڵی ١٩٩٧ ئەنوەر شاکر دەستگیر دەکەن و دەیخەنە ژێر ئەشکەنجەوە، ئەنوەر شاکر هەموو تۆمەتەکان رەتدەکاتەوە و پێیان دەڵێت: هەموو قسەکانتان بێ بەڵگەن. ئەنوەر شاکر بەم دیل کردن و ئەم ئەشکەنجەدانەی، دڵی زۆر بریندار دەبێت. هەربۆیە لەهەمبەر پەدەکە قین و نەفرەت لە ناخیدا گڕدەگرێت. ئەگەر دەرفەتی هەبوایە بۆ تۆڵە سەندنەوە لە پەدەکە ئەوەی لەدەستی بهاتایە دەیکرد. بەڕای من وەک دیوارێک، مرۆڤ نابێت ئەوە لە بیربکات کە بەرامبەری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چیدەکرێت. ئەنوەر شاکر و محەمەد ئەمین سورچی لە کاتی سەردەمی بەعسدا بەیەکەوە خزمەتی رژێمی سەدامیان کردبوو، هەربۆیە یەکتریان دەناسی. هەربۆیە لە پێناو خاتری خاتران محەمەد ئەمین سورچی لە زیندانەکە چاوپۆشی لە ئەنوەر شاکر دەکرد. هەوڵی دەدا بە ئارەزووی خۆی لە زیندانەکە ئاسودە ببێت. ئەنوەر شاکر لە زیندانەکە موداخەلەی هیچ شتێکی زیندانەکەی نەدەکرد. هەوڵی دەدا وەک زیندانییەکی سادە ژیان بەسەر بەرێت.

محەمەد ئەمین سورچی پێیوابوو قاوشی ژمارە ٥، زیاتر بەختەوەر و ئاسودە دەبن، هەربۆیە ئەویکرد بە موراقیبی قاوشەکە. قاوشی ژمارە ٥، بێ کێشەبوو، باسیان لە سیاسەت دەکرد، ئەوانەی لەوێ بوون کەسانی سەنگین بوون. ئەنوەر شاکر هەروەکو عەلی، کە هاتبوو بۆ قاوشەکە رایگەیاندبوو سیخوڕی قەبوڵ ناکات، هەربۆیە هەوڵیدابوو لەگەڵ زیندانییانی پەکەکە پەیوەندییەک لە چوارچێوەی رێز و حورمەتدا بەڕێوەبەرێت. لەگەڵ زیندانییانی پەکەکەدا بەردەوام بە شێوەیەکی زۆر ووردانە چاودێری گۆڕانکارییەکانی سیاسەت و هەواڵەکانی دەکرد. لەوە دەچوو کە ئەمەیش خوویەکی سیخوڕی کۆنی بوبێت. گرنگترین پەیوەندی زیندانییانی پەکەکە لەگەڵ جیهانی دەرەوە، تەنها و تەنها رادیۆ بوو. لە ٩ی مانگی تشرینی یەکەمەوە تەنها و تەنها یەک رۆژەڤیان هەبوو ئەویش سەرۆکایەتی بوو، واتا رەوشی سەرۆک ئاپۆ. بەردەوام گەنگەشەی ئاگر بەستی ١ی ئەیلول و ئەو گۆڕانکارییانەیان دەکرد کە هاتبوونە ئاراوە.

کوردانی کوردستان و بەتایبەتی کوردانی تاراوگەیش، چاوەڕیی ئەوەبوون، کە ئیتاڵیا ستاتویەکی فەرمی سیاسی بە رێبەر ئاپۆیان بدەن، هەربۆیە هەرچی دۆست و دیبلۆماتکاربوو خستبوویانە ناو ئەنجامدانی ئەمکارەوە. دەوڵەتی تورکیایش، هەموو شتێکی دەکرد سەرۆک ئاپۆکەیان لە ئیتاڵیا دەربکرێت، یاخود رادەستی خۆیانیان بکەن. بۆ ئەم مەبەستە تورکیا زەختی لە ناتۆ و ئەمریکا دەکرد. پەدەکەیش بەشێک بوو لەم پیلانەی تورکیا. نوێنەری پەدەکە لە ئەڵمانیا دڵشاد بارزانی بە ناوی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵێکی زۆریدابوو، وەکو زمانی دەوڵەتی تورک دڵشاد بارزانی لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە قسەی دەکرد. دڵشاد بارزانی ناوی ئاپۆی وەک تیرۆریست ناوزەند کردبوو. ئەمەیشی لە رادیۆی پەدەکەوە هێنابووە زمان. سەرەڕای هەموو شتێک، رادیۆی دەنگی کوردستانی سەربەخۆ، لەبارەی رەوشی سەرۆک ئاپۆ و بزووتنەوەکەیانەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەواڵی بڵاو دەکردەوە. ئەم رادیۆیە بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە دەبێت کادێرەکانی ئەم بزووتنەوەیە باشتر و باشتر لە ناوەڕۆکی ئەم گەلەکۆمەیە حاڵی ببن و هەوڵبدەن کە ڤاڵای بکەن و بۆ ئەم مەبەستەیش خەباتی چڕتر پێشبخەن.
زیندانییەکان تادەهات زیاتر و زیاتر درکییان بە مەترسی دەکرد. ئەوەی کە زۆر لێی دڵنیابوون ئەوەبوو دەیانزانی سەرۆکایەتییان لەناو مەترسیدایە، تەنانەت خودی سەرۆکایەتییان چەند جارێک وتبووی (ئەم کاروانە لە ئەنقەرە کۆتایی پێدێت). بۆ ئەم مەبەستەیش لەناو گەریلادا چالاکی ئەنجامدرابوو لە ژێر سلۆگانی (ئێوە ناتوانن بەری رۆژمان تاریک بکەن). هەمان رادیۆ واتا رادیۆی دەنگی کوردستانی سەربەخۆ، هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە لە شارۆچکەی لیجەی سەر بە ئامەد، هەڤاڵ بینەڤش، لە شاری وان هەڤاڵ حەمدییە کاپلان کە ناسراوە بە بەروار، لە شارۆچکەی گەڤەر فاتمە ئۆزەر کە ناسراوە بە رۆژبین عەرەب، چوونەتە ناو جەرگەی هێزی سوپای تورکەوە و خۆیان تەقاندووەتەوە.
دەنیز هەردووگەریلا بەروار و رۆژبین عەرەبی دەناسی. لە شام بەیەکەوە خوولی پەروەردەیان بینیبوو. لە وێوە بەیەکەوە هاتبوون بۆ سەر شاخە سەر کەشەکانی کوردستان و دەستیان بە خەباتی چەکداری کردبوو. هەرسێکیان بەیەکەوە لەهەمان مەفرەزە لەهەمبەر هێزی دوژمن جەنگابوون. دەنیز هەروەکو دوێنێ یادەوەرییەکانی ئەوانیانی دەهاتەوە بەرچاو. زۆر کۆن نا، هەر ساڵێک لەمەوبەربوو، بەیەکەوە لەیەک سەنگەردا لەهەمبەر دوژمندا شەڕیان کردبوو. هەربەیەکیشەوە بەڵێنیان بە سەرۆک ئاپۆ دابوو کە لەم خەباتەدا سەرکەوتن بەدەست دەخەن. هەڤاڵانی دەنیز لە پێناو ئەوەی بەڵێنی خۆیان بهێننەدی و ببن بە پەرژین لە دەوری سەرۆکایەتییان، جەستەی خۆیان پارچە.. پارچە کردبوو، بەڵام ئەم ئێستا بێچارە لە زیندانییەکی ئاخور ئاسا دیلکراوە و هیچی لەدەست نایەت و بێ چارەیە. ئەو سەرۆکایەتی بینیبوو، یەکتریان ناسیبوو، تەوقەیان کردبوو، باوەشیان بەیەکدا کردبوو، بەتایبەتی دەنیز هەزمی ئەوەی نەدەکرد سەرەڕای ئەوەی یەکتریان ناسیوە و باوەشیان بەیەکدا کردووە، بەڵام داخی ئەوەبوو نەیتوانییوە بەڵێنەکەی بەجێ بگەیەنێت. لە دونیای دەرەوە لەمبارەیەوە دونیا سەروبن ببوو، هەڤاڵەکانیان جەستەی خۆیان پارچە.. پارچە دەکرد، بەڵام دەنیز تەنهاوتەنها چاودێری مەسەلەکانی دەکرد. ئەو هەستی بە قوڵایی بێچارەیی دیل بوونی خۆی دەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای ئەوەی هێنران بۆ قاوشی ژمارە ٥، بە ماوەیەک، دوو زیندانی تریان هێنا. دژوار ئامەد و هۆگر ڤەرانشار هەردووکیان بریندار بوون. لەمانگی تشرینی یەکەم، لە ناوچەی خنێرە، لە چالاکی دژ بە سەنگەری پێشمەرگەکان لەسەر گردێکی سیدەکان بریندار ببوون. هۆگر قاچی فیشەک لێدابوو. دژواریش بەهۆی تەقینی روومانەیەک لە نزیکییەوەی بە سەختی بریندار ببوو، هەروەها بەهۆی تەقینەوەی ئەو روومانەیە، بەهۆی پارچە بەردەوە، سەریشی بریندار ببوو، دەموچاویشی ڕوشابوو. بەشی لای راستی دەموچاوی زۆر تێکچووبوو، تەنانەت چاوی راستیشی زیانی بەرکەوتبوو. زۆربەی ددانەکانی زیانیان بەرکەوتبوو. دەستی راست و دەستی چەپی و پەنجەکانیشی بریندار ببوون. لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکەی سەر گردەکە، کە بریندار دەبێت گلۆر دەبێتەوە. هۆگریان یەکەمجاری بوو بەشداری چالاکی ببێت. ئەوکاتەی بریندار دەبێت، لەبەرئەوەی ئەزمونی نەبووە، لە پەنای بەردێکدا خۆی دەشارێتەوە، هەربۆیە باوەڕ بە غیرەتی خۆی ناکات و لە ترساندا ناوێرێت ئەو ژێر بەردە چۆڵبکات. کە رۆژ دەبێتەوە، پێشمەرگەکان هەردوکییان بە دیلی دەگرن.

دژوار و هۆگر ماوەی دوو مانگ لە زیندانییەکی مەسیف سەلاحەددین زیندانی دەکرێن. کەمێک تەداوی کرابوون. برینەکانی هۆگر بەرەو باشی دەچوو، کەمی مابوو چاک ببێتەوە، بەڵام برینەکانی دژوار هێشتا چاک نەببوونەوە و پێویستییان بە تیمار بوو. لەبەرئەوەی هەردووکیان برینداربوون، هەڤاڵەکانیان خۆیان پێوە سەرقاڵ کردبوو. دژواریان کەسێکی هەتا بڵێیت قسە خۆش و بە زەوق و حەزی لە گاڵتە بوو. کەسێکی وووریا و زۆرزان دیاربوو. ئەگەر گوێت لە سەرگوزەشتەکەی بیووایە دەرکت دەکرد کە کەمێک مەسەلەکان گەورە دەکاتەوە. سەرەڕای هەموو شتێک درک بەوە دەکرا کە خاوەن ئەزمونە. ئەو لە ساڵی ١٩٩٢وە ببوو بە گەریلا، بەڵام لەساڵی ١٩٩٤، بەناوی ئەوەی لە ئاستی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورک خۆڕاگری پێناکرێت، لەناو هێزی گەریلا هەڵاتبوو. دوای هەڵاتنەکەی، چووبوو بۆ ئیستەنبوڵ و ماوەی دوو ساڵ لەوێ مابووەوە. لە ساڵی ١٩٩٦ جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەبێتەوە بە گەریلا. لەبەرئەوەی درکی پێکرابوو کە جاری دووەمییەتی و خاوەن ئەزمونە، ئەمجارەیان بەرپرسیارێتییان پێدابوو.

هۆگر تەمەنی لەدەوروبەری٢٠ ساڵێک بوو. ماوەیەک بوو لە ئەڵمانیاوە هاتبوو ببوو بە گەریلا. لە زیندانەکەدا نیگەرانی پێوەدیاربوو. دەیویست خۆی لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڤاڵانی زیندانەکە بە دوور بگرێت. من وەک دیوارێک توانیم بە زیندانییەکان بڵێم کە (ئەم گەنجە شتێک لە رووداو و مەسەلەکان و راستییەکان دەشارێتەوە). هیچ کەسێک لە زیندانییەکان گومانیان لەم نەبوو. دوای ماوەی١٠ بۆ ١٥ رۆژێک، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، هۆگریان بانگهێشکرد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی. هۆگر چوو بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی و هەرگیزا و هەرگیز نەهاتەوە بۆ زیندانەکە. ئەوکاتەی هۆگر لە زیندانی مەسیف سەلاحەددین بووە، لەرێگەی بەرپرسیارانی پەدەکەوە، هەواڵی خۆی ناردووە بۆ کەسوکاری و کەسوکاریشی تەسلیمییەتیان قەبوڵ کردووە، داوای گەڕانەوەی هۆگریان کردووە و پەدەکەیش بە زەمانەتی تەسلیم بوون هۆگریان رادەستی کەسوکاریان کردبووەوە. ئەم مەسەلەیە کاتێک هاتە ئاراوە، کە دەبوو هەموو کورد لە چواردەوری گۆڕانکارییەکاندا شانبەشانی یەک تێبکۆشینایە و خەباتیان بکردایە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM




WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# (ماری رەش، سپی نابێتەوە).
# پەندی پێشینانی کوردی

## ١٧

زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥، لەژێر سێبەری گەلەکۆمەی سەر سەرۆکایەتییان پێشوازیان دەکرد لە سەری ساڵی نوێ. لەدوا مانگدا هەموو گەنگەشەکان لەسەرنەوەبوون نایا حکومەتی ئیتاڵیا ستاتوی سیاسی دەدات بە سەرۆکەکەیان یاننا. ئەوەی کە زۆر گەشبین بوو بێشک چەکدار بوو. دەوڵەتانی ئەوروپا خاوەن پرانسیپ و ئەخلاقی مافی مرۆڤایەتی خۆیان بوون. ئەو پێیوابوو کە حزبێکی چەپی ئیتاڵی لەسەر دەسەڵاتە و باسی ئەوەیشی کرد کە حیزب و گروپەکانی تری سیاسی دەیانەوێت چارەسەری مەسەلەی کورد بکەن. گەلی کورد، هاتبوونە سەرپێ. دۆستانی کوردیش سنگی خۆیان هێنابووە پێشەوە و بۆ ئەم مەبەستە هاتبوونە سەرخەت. هەربۆیە پێیانوابوو دەبوایە حکومەتی ئیتاڵیا قبوڵی مانەوەی سەرۆکایەتی بکردایە و ستاتوی سیاسی پێببەخشییایە. ئەو هەواڵانەی کە لەملاونەولا و رادیۆوە گوێیان لێدەبوو، بەهەمان بیروبۆچوون بوون. تەنانەت زۆر کەسایەتی وەک دانیال میتران و زۆر لە دەزگاکانی نێودەوڵەتیش هاوکاری خۆیان بۆ سەرۆک ئاپۆ راگەیاندبوو. هەموو رۆژنامەوانەکانی جیهان و رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانیش، دەیانویست چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆک ئاپۆ بکەن و دیمانەی لەگەڵدا بکەن. ئەوانەیشی ئەمکارەیان دەکرد راستەوخۆ دیمانەکەیان بڵاودەکردەوە. هەموو هەڵسەنگاندنەکانی بیانییەکان لەبارەی رەوشی کورد و سەرۆکایەتییەوە پۆزەتیف بوون. هەندێک لە رۆژنامەکان لە بارەی سەرۆکایەتییەوە دەیانوت (گەورەترین شۆڕشگێری دوا سەدە). سەرۆک ئاپۆ ئەو پێشنیارانەی دەیخستنە روو لەبارەی کێشەی کوردەوە، زۆر لۆژیکانە دەبینران. ئەو داوای مافی گەلێکی بەشخوراوی دەکرد و هیچی تر. ئەو ئەگەر بۆی بلوایە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و دەسەڵاتی ئەوروپای لە پشت خۆی بخستایە، دەیتوانی ڕۆڵێکی ئاسان و سادە بگێڕێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین.
ڕادیۆی دەنگی کوردستانی سەربەخۆ، بە گرانی باسی لە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان دەکرد. حکومەتی ئیتاڵیا، دەیوست لەبارەی چارەسەری کێشەی کوردەوە ڕۆڵی خۆی ببینێت و لە وەڵاتانی وەک ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا چاوەڕێی پشتگیری دەکرد. تورکیایش لە ڕێگەی ئەمریکاوە زۆری بۆ ئیتاڵیا دەهێنا. ئەوکاتەی باس لە گوشاری تورکیا دەکرا بۆسەر ئیتاڵیا لە ڕێگەی ئەمریکاوە، ئەنوەر شاکر دەیوت (ئیتاڵیا ناتوانێت بەرگەی ئەم گوشارانە بگرێت).
حەسەنیان باسی لەوە دەکرد لە چوارچێوەی پەیوەندییە بەرژەوەندییەکان مافەکانی نێو دەوڵەتی وەڵاتان پارێزراوە، هەربۆیە {با}ی بەرژەوەندی و گۆڕانکارییەکان لە کوێ هەڵبکات ئەوانیش لەوێ شەن دەکەن. هەموو زیندانییەکان، ئەگەرچی ئەوەندەی چەکداریش گەشبین نەبوبێتیشن، سەرەڕای ئەمەیش نەیاندەویست بیرلە گریمانەی جیاواز بکەنەوە. باوەڕیان وابوو ئەم قەیرانەیش تێدەپەڕێنن. خەباتی ڕابردوویان پڕبوو لەمجۆرە ڕووداو و مەترسییانە. هەرلە کۆنەوە ئەمریکا و ئیسرائیل پاڵپشتی تورکیا بوون. ئێستایش هەر بەهەمان شێوە بوون. ئەوە دیار بوو کە دەوڵەتە زلهێزەکان نەیاندەویست بە ئاشکرا یاسا پێشێل بکەن. بەڵێ زیندانییەکان بەوشێوەیە بیریان دەرکردەوە و دەیانویست هەوری گریمانەی خراپ و نەخوازیاریان لەخۆیان دووربخەنەوە. سەرەڕای ئەمەیش دوو دڵ بوون.
گێزمش و کامەران لە زووەوە بوو خۆیان گۆشەگیر کردبوو، لەهەمانکاتیشدا هەست بە بێدەنگ بوونی کەمال و شۆڕشیش دەکرا. ئەندێشەکانی دەلیل پۆرسپی گەیشتبوونە لووتکە. دەنیزیان لەوکاتەوەی هێنابوویانە ئەم زیندانەوە، نەیدەتوانی خۆی لە دەستی تەنیایی ڕزگاربکات. ڕۆژبین و بەروواریش لەوکاتەوەی هەواڵی دەستبەردان لە چالاکییەکان بڵاوببووەوە ئەمانیش خۆیان گۆشەگیرکردبوو. ئەوان دەیانویست خۆیان بە دروستکردنی کەشتییەکەی چەکدارەوە سەرقاڵ بکەن.
لە مانگی کانوونی دووەمدا، هەواڵی ڕادیۆکان دەیانوت سەرۆکی پەکەکە ئیتاڵیای جێهێشتووە، بەڵام نازانرێت بەرەوکوێ چووە. لەدوای ئەم هەواڵە ڕۆژانە لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە هەواڵی نوێ بڵاودەکرایەوە. هەندێک لە زیندانییەکان دەیانوت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەڕاستیدا سەرۆک ئاپۆ لە رۆما جیانەبووەتەوە و هەندێکیان دەیانوت لە رووسیایە و هەندێکیان دەیانوت گوایە لە یۆنانیستانە. هەواڵێکی تریش دەیوت گوایە { سی ئای ئەی} و {مۆساد} و {میت} بەیەکەوە کۆمیتەیەکی هاوبەشیان دروستکردووە بۆ ئەم مەسەلەیە. بە گوێرەی بۆچونی جودی گۆڕانکاری و مەسەلەکان بەمانای ووشە نیگەرانییە و مەترسیدارن.

لەو رۆژانەدا جودی هەست و نیگەرانییەکی هەبوو کە هەتا ئەم ساتەوەختەیش لەلای کەس نەیدرکاندبوو. ئەندێشەیەکی هەبوو کە خودی خۆیشی نەیدەزانی ناوی چی لێبنێت. لەم کاتوسات و حاڵەتانەدا رووبەڕووی رووداوێک دەبووەوە کە هەرگیز چاوەڕوانی نەبوو. ئەو بیری لەو کاتوسات و کاتژمێرانەی دەکردەوە کە پێش ئەوەی بکەوێتە ناو بۆسەی پێشمەرگەکانی پەدەکەوە. ئەو رۆژەیش پێش ئەوەی بکەوێتە بۆسەکەوە هەمان هەست و نەست و ئەندێشەی هەبووە. ئەو رۆژەی بە دیل گیرابوو، پێشنەوەی لە ماڵی مام خدر بێتە دەرەوە ناخی بزوابوو، درکی بە ئەندێشە و نیگەرانی کردبوو. ئەوکاتە نەیویست بوو باوەڕ بە رووداوەکان بکات، بەڵام ئەوەی باوەڕی پێنەبوو هاتبووە دی. ئەو هەستو نەستەی کە نەیدەویست لەبارەیانەوە بیربکاتەوە، درکی بە هاتنە ئاراوەی چەند شتێک دەکرد. ئەم نیگەرانی و ئەندێشانەی جودی، دەتوانرا لە چاوەکانی دەنیز، مەحمود، شاهین، حەسەن، چەکدار و عومەریش دەرکیان پێبکرایە. ئەنوەر شاکر بە گوێرەی ئەزمونی هەواڵگری خۆی لەمبارەیەوە دەیوت (هێزە نێودەوڵەتییەکان دیارە بڕیاریانداوە کە ئاپۆ بێکاریگەر بکەن و پەکەکەیش حاڵی باش نابێت)، ئەنوەر شاکر درکی بە ئەنجامی رووداوەکان کردبوو. بێشک ئەم گریمانە و بیروبۆچونانە بە دەنگی بەرز نەدەهێنرانە زمان، بە چرپەچرپ لەنێوان خۆیاندا باسیان لێوەدەکرد.

لە دووەمین هەفتەی مانگی شوبات، رادیۆکان دەیانوت هیچ هەواڵێک لەلایەن عەبدوڵلا ئۆجەلانەوە نازانرێت. زۆر بە روونی دیاربوو کاروبارەکان بەباشی ناڕۆن بەڕێوە. لە وەڵاتانێکی زۆری ئەوروپاوە دەستکرابوو بە ئەنجامدانی چالاکی. کوردانی تاراوگە لە ئەوروپا بەرامبەر بە سەفارەتەکانی تورکیا و ئەمریکا و ئیسرائیل خۆپێشاندانیان دەکرد. هەموو زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ نیگەران بوون، هیچیان توانای ئەوەیان نەبوو گریمانەکانی ناو مێشکیان بهێننە زمان. ئەگەر گریمانەی خراپیشیان بهاتایەتە ناو مێشکیان هەوڵیان دەدا ئەو گریمانە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەگریسە لەخۆیان دووربخەنەوە. بە خۆیانیان دەوت نەخێر.. نەخێر دەوڵەتی تورک ئەو غیرەتەی نییە ئەم کارە بکات.

لە نیوەڕۆی ١٦ی شوباتی ساڵی ١٩٩٩، عومەر گوێی لە رادیۆی زمانی عەرەبی دەگرت. لەبەرئەوەی دەنگی رادیۆکە خشەخشی دەکرد و دەنگەکەی بەباشی نەدەبیسترا لە ناچاریدا خستبوویە پەنا گوێیەوە. بە گشتی قاوشەکە زۆر خامۆش بوو. بە دەنگی هاوار و قیژەی عومەر هەموو زیندانییەکان راچەڵەکان. عومەر لە توڕەییدا رادیۆکەی فڕێدا و سەری خۆی دەکێشا بە دیوارەکەدا. بەتەواوەتی توشی شۆک ببوو، عەقڵی خۆی لەدەستدابوو. ئەوەی بە هانایە چوو بۆ هێورکردنەوەی چەکدار بوو. چەکدار توانی کۆنترۆڵی عومەر بکات و نەیەڵێت سەری خۆی بکێشێت بە دیوارەکەدا. هێورکردنەوەی عومەر هەروا ئاسان نەبوو. دەنیز و حەسەن و مەحمود چوون بە هانای چەکدارەوە و بەیەکەوە کۆنترۆڵی عومەریان کرد. ئەم هاوار و قیژە و سەرکێشان بە دیواردا لەلایەن عومەرەوە مانایەکی زۆری دەبەخشی. درکیان کرد سەرۆکایەتییان توشی شتێک بووە.

پێشمەرگە پاسەوانەکان لە دەرەوە گوێیان بەم رووداوەی ناو قاوشەکە بوو، هەربۆیە خۆیان گەیاندە لای پەنجەرەی قاوشەکە. پرسییان چیبووە؟، سەیفی وتی: (هیچ نییە هیچ، عومەر گەشکەی هەیە، جارناجارێک توشی ئەم حاڵەتە دەبێت)، قەناعەتی پێکردن و پاسەوانەکان رۆیشتن. کاتێک پاسەوانەکان گەیشتنە بەردەم قاوشی ژمارە٦، سەلیم قامیشلۆ رایگرتن. ئەویش گوێی لە هەواڵەکە ببوو. دوای ئەوەی پاسەوانەکان ئەم هەواڵەیان زانی بە راکردن چوون بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە. ئەو هەڤاڵانەی لە چواردەوری عومەر کۆببوونەوە لە عومەریان دەپرسی (هەڤاڵ عومەر چیبووە؟، سەرۆک ئاپۆ توشی چیبووە و چی بەسەرهاتووە؟)، عومەر هەناسە بڕکێیبوو، هەوڵیدەدا پچڕ.. پچڕ هەواڵەکەیان بۆ باسبکات. عومەر وتی: (سەرۆک وەزیرانی تورکیا بولاند ئەجەوید کۆبونەوەی چاپەمەنی کردووە، وتویەتی کە سەرۆک ئاپۆیان دەستگیرکردووە و لە تورکیایە)، مەحمودیان وتی: (هەڤاڵ تۆ دڵنیایت لەمە، پڕوپاگەندەی دوژمن نەبێت؟)، ئەوەی بیریان لێدەکردەوە و ئەو گریمانەی بیریان لێدەکردەوە و دەیانویست بیناقاقای بگرن و لەخۆیانیان دووری بخەنەوە هەر ئەم هەواڵە بوو. نەیاندەویست باوەڕ بەم هەواڵە بکەن. مانای پرسیارەکەی مەحمودیش هەرهەمان مەسەلەبوو. ئەوان هەزار مانای شەڕی دەروونییان بیستبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەوانەیش بوو ئەم هەواڵەیش یەکێک بوبێت لەم گریمانە. کوا عومەر ئەو هەموو هەست و نەستەی چەندین ڕۆژە پێوەی گلاون؟، ئەی ئەو نیگەرانی و گریمانانەی ناخیانی خواردبوو؟، ئەی ئەو چالاکییانەی کە گەل دەستیان پێکردبوو؟، جارێکی تر بە بێ تاقەتییەوە هەمان هەواڵی پێڕاگەیاندنەوە. کەواتە هەواڵەکە ڕاستە. بە گشتی توشی شۆک و داڕمان هاتبوون.

دەرگای قاوشەکە کرایەوە. محەمەد ئەمین سورچی و مولازمەکان و پێشمەرگەکان هاتنە قاوشەکەوە. هیچ لە زیندانییەکان هەڵنەسان و لە ئاستییاندا خۆیان لە گێلیدا، محەمەد ئەمین سورچی چەندجارێک کۆکی تاکو سەرنجی زیندانییەکان بەلای خۆیاندا رابکێشێت. پێیوتن کە دەیەوێت چەند قسەیەکیان بۆبکات. دوای قسەکانیشی هیچ کەسێک ئاوڕی لێنەدایەوە. گەورەترین هەرەس و بێ حەوسەڵەیی و ئەندێشە و نیگەرانی بەسەر ئاسمانی قاوشی ژمارە ٥دا باڵادەست بوو. محەمەد ئەمین سورچی وەک ئەوەی لەناو ژوورێکی ماتەمینیدا بێت، کەوتە قسە و وتی: (نازانم لەکوێوە دەست پێبکەم)، غەمگینی بە دەنگییەوەی دیاربوو، دەیوت درک بە ئازاری زیندانییەکان دەکات. ئەوانەی لەوێ بوون هەموویان کوردبوون و ڕاستیشە کە هەریەکەیان سەر بە حزبێکی جیاوازن و ئێستایش لەهەمبەر یەک شەڕ دەکەن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا سەرۆک ئاپۆ سەرۆکی گەلێک بوو. سەرۆکێکی کورد کە دیلی دەوڵەتێکی وەکو تورک بووە و کە دوژمنی گەلی کوردیشن، محەمەد ئەمین سورچیشی غەمگین کردبوو، ئەمە کارێکی قەبوڵنەکراو بوو. ئێستا کورد وەکو کوردی جاران نین، خاوەندارێتییان لە سەرۆکەکەیان دەکرد. محەمەد ئەمین سورچی قسەی دەکرد، بەڵام زیندانییەکان هیچ هەڵوێستەیەکیان نەبوو، تەنانەت کەس سەری هەڵنەبڕی تاکو تەماشایەکیش بکات، ئەگەرچی گوێیان لە قسەکانی محەمەد ئەمین سورچیش بوو، بەڵام نەیاندەزانی باوەڕی پێبکەن یاننا، لەمبارەیەوە دوودڵ بوون. ئایا قسەکردن لەم حاڵی حازرییەدا دەبوو بە هەوێنی برینەکانیان؟، ئەو قسانەی دەکرا تەنها پێکهاتبوون لە هەستی خودی تاک. ئەم قسە و هەست دەربڕینەی محەمەد ئەمین سورچی ڕێی لەو ڕاستییە نەدەگرت کە خودی پەدەکە لەمبارەیەوە پەنجەی هەیە. محەمەد ئەمین سورچی ماتەمینی خۆی نیشاندەدا و ماوەیەک بەسەر زیندانییەکانەوە مایەوە و دوایش وتی: (کەفاراتتان بێت)، دوای ئەم قسەیەی قاوشەکەی جێهێشت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەکو ئەوەوابوو زیندانییەکان کەوتبێتنە ناو چاڵێکی بێ هیواوە. وایان هەستدەکرد کە لەم دونیایەدا تەنها و تەنهان. لەم دونیا بەرینەدا شوێنێک ئەوەندەی چادرێک نەبووە کە سەرۆکەکەیان لێبیمێنێتەوە، عەدالەت و ویژدان و ماف و یاسای ئەم دونیایە هەرهەمووی درۆ دەرچوون. کەسێک نەبووە و لایەنێک نەبووە دەستی بێچارەیی کورد بگرێت. ئایا ژیان لە دونیایەکی لەم چەشنەیە ژیان چی واتایەکی هەیە؟!. بۆ زۆرینەی خەڵک ئەم پرسیارانە بێ مانا بوون. ئەوانەی خۆیان دەسوتاند و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان دەهێنا، گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە ئیتر مردن زۆرباشترە لەو دونیایەی کە بێ ویژدانە. لەم قاوشە روتەڵەدا، وەکو قسەیەکی ئیسلام کە زیندانی بوو، شتێکیان بەدەستەوە نییە کە سوود بەخش بێت بۆ ئەم کارەیان. بەرپرسیارانی زیندانەکە لە ترسی ئەنجامدانی چالاکی زیندانییەکان، تەنانەت مولازم ئاشور ئەو فانۆسەیشی برد کە نەوتی تیابوو، رێگری لە ئەنجامدانی چالاکی زیندانییەکان دەکرد. زۆرینەیان پێیان باش بوو، یان دەیانویست بگرین و هاوار بکەن و بقریشکێن و لە خۆیان بدەن، تەنانەت دەیانویست وەکو عومەریش سەری خۆیان بدەن بە دیواردا، ئەمە خواستی هەموویان بوو. ئەوان تەنانەت حەوسەڵەی ئەوەیشیان نەمابوو کە هەموو ئەم شتانەیش بکەن، هەموویان ئەژنۆیان شکابوو. هەتا ئێوارە هەموویان، هەر تاکێکیان بێدەنگ بوون و کەسیشیان لە دەموچاوی یەکتریان نەڕوانی. ئەم بێدەنگییە ئەوەندەی ناو ناخی گەردوون درێژ بوو، ئەوەندەی ناو ناخی ئاسمان بەرین بوو. ئێوارە حەسەن هەستایە سەرپێ، ئینجا وتی: (هەڤاڵان)، حەسەن هەناسە سواربوو، قورگی پڕبوو لە گریان، دیاربوو گریابوو هەربۆیە نزگرەی دەدا، دیاربوو نەیهێشت بوو کەس درکی پێبکات کە گریاوە، حەسەن وتی: (هەڤاڵان دەبێت خۆڕاگربین). ئەم قسەیە، ئەگەر بەبێ حەوسەڵەیش وترابێت و گریناویش بوبێت، بەڵام بەباشی بیسترا. دەبوایە یەکێکیان هەڵسایە و قسەی بکردایە و دڵی هەڤاڵەکانی بدایەتەوە و هێوریانی بکردایەتەوە و لەناو ئەم دونیا تاریکەدا دەریانی بهێنایە. حەسەن ئەم ئەرکەی خستبووە ئەستۆی خۆی، بەڵام وتەی (هەڤاڵان دەبێت خۆڕاگربین)، جگە لە دێڕێک قسە شتێکی ئەوتۆی تر نەبوو. بەڵێ دەبوایە بەهێز بونایە و خۆڕاگربونایە، بەڵام چۆن؟، جارێکی تر حەسەن پێیانیوت (بەڵێ هەموومان بەوە رازین کە لەجیاتی بەدیلکردنی سەرۆک ئاپۆ ئامادەین بۆ مردن). ئەم قسەیەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پڕاوپڕ قسەیەکی ڕاست بوو، هەموویان ئامادەی مردن بوون لە پێناو سەرۆک ئاپۆیاندا. ئەوکاتەی ئەم هەواڵەیان بیست، هەموویان بەدوای مردن و تۆڵەوە بوون. کەسیان نەیاندەزانی لێرە بەدواوە ژیان بەچی جۆر و چۆن ئیدامە دەکات!.

حەسەن وتی: (سەرۆکایەتیمان هەمیشە فێریکردین ژیانێکی مەزنمان هەبێت، ئەو نەفرەتی لە مردنی هەرزان بەها دەکرد، هەموومان دەزانین دۆخەکان چی دەبێت بابێت سەرۆکایەتی چارەسەری دەدۆزییەوە، تێکۆشان بەردەوام دەبێت، گەل و هێزی گەریلایش ڕێگەنادەن کەس دەست بۆ سەرۆکایەتی بەرێت، دەبێت بە سەبر و بە هێز بین، دەبێت لە هەمووجارێک زیاتر باوەڕمان و گرێدراویمان بە سەرۆکایەتی و پەکەکە و گەل هەبێت).

دوای ئەم قسانەی حەسەن، جوڵانەوەیەک لەناو قاوشەکەدا دەستی پێکرد. ئیتر لەناویاندا دەستکرا بە قسەکردن، تەنانەت ئەنوەر شاکریش وتی: غەمگینە و لەو باوەڕەدایە گەلی کورد بەسەر ئەم کۆسپەدا زاڵ دەبێت. رادیۆکەیان کردەوە کە لە بەیانییەوە کوژاندبویانەوە. رادیۆی دەنگی کوردستانی سەربەخۆ بێدەنگ بوو. گەڕان بەدوای رادیۆی دەنگی ئێریڤان. گوێیان لێبوو کەرەمێ سەید بە دەنگە گڕکەی خۆی دەیوت دەبێت گەلی کورد خاوەندارێتی لە سەرۆکەکەی خۆیان بکات. دەنگە غەمگینەکەی ئەوەی نیشاندەدا کە هەواڵی رادەستکردنەوەی سەرۆکەکەیان مەخابن راستە. کەرەمێ سەید لە رادیۆکەوە، قسەیەکی نەستەقی بە نمونە دەهێنایەوە، دەیوت (موو لە ریش دەردەکەوێت، بەڵام لە دوژمن دۆست دەرناکەوێت). دوای بیستنی ئەم قسە نەستەقەی کەرەمێ سەید هەموو زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ دەستیانکرد بە گریان. زیندانییەکان ئەو هەست و نەستەی لە بەیانییەوە لە ناخیاندا خولیدەخوارد، ئێستا ئەو دەرفەتەیان بۆلوا کە هەڵیڕێژن. شەو هەموویان چوونە شوێنەکانی خۆیان و بیریان لە داهاتووی خۆیان و بزووتنەوەکە و گەل و بەتایبەتیش لە سەرۆکەکەیان دەکردەوە. سەرەڕای هەمووشتێکیش کەسیان نەیاندەتوانی چاویان بچێتە خەو.

شەویان بەبێ خەو بردبووە سەر، هەرچەندە سەرخەوێکیشیان شکاندبێت، بەڵام بە خەو هەژمار نەدەکرا، ئەو ڕۆژەی بە ئاگا هاتنەوە، بەبێ ئەوەی قسەبکەن و هیچیش بخۆن ئەو ڕۆژەیان بردەسەر. ئێوارە رادیۆکەیان کردەوە. هەواڵی یەکەمی رادیۆکان باسیان لە ناڕەزایی گەل و چالاکی و خۆپێشاندانەکان دەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەرەمێ سەید ماوەی کاتژمێرێک هەموو بەرنامەکەی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو چالاکییانە تەرخان کردبوو. لە هەموو سوچێکی دونیادا چالاکی ئەنجامدرابوو، بەتایبەتی چالاکییەکانی ئەوروپا زۆر کاریگەر بوونە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەقینەوەیەکی گەورە روویدا بوو.

بۆ سبەی بە هەمانشێوە رادیۆکان باسیان لە بەردەوامی چالاکییەکان دەکرد و دەوترا گەل خاوەندارێتی لە سەرۆکایەتی خۆیان دەکەن. لە هەواڵەکان دەوترا چەندین کەس لەپێناو خاوەندارێتی لە سەرۆکایەتییان گڕیان بەرداوەتە جەستەی خۆیان و گەریلایش چالاکی هەموجۆرەی بەردەوامیان ئەنجامداوە. ئەم هەواڵانە ئەگەر کورتیش بوو بێت، ناوی کردە سەر گڕی ئاگری دڵی زیندانییەکانی قاوشی ژمارە ٥.

دوای پێنج رۆژ جارێکی تر گوێیان لە رادیۆی دەنگی کوردستانی سەربەخۆ بووەوە. رادیۆکە باسی لە روونکردنەوەکانی سەرکردایەتی پەکەکە دەکرد و باسی لە چالاکییەکانی گەریلا دەکرد و باسی لە چالاکییەکانی گەلی کورد دەکرد کە بەهەموو شێوەیەک خاوەندارێتییان لە سەرۆکایەتی و پەکەکە و بزووتنەوەکەیان کردووە و هەوڵی پوچەڵکردنەوەی گەلەکۆمەکە دەدەن. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وتبووی (ئێمە چاوەڕێی ئەم کاردانەوەیانەمان نەدەکرد)، دەوڵەتی تورکیش ناچارمابوو رێگە بدات پارێزەرەکان چاویان بە سەرۆک ئاپۆ بکەوێت.

لە کاتێکدا زیندانییەکان بیریان لەو قسەیە دەکردەوە کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کردبووی وتی: (ئێمە چاوەڕێی ئەم کاردانەوەیانەمان نەدەکرد) دەکردەوە، لە باشوری کوردستان چالاکی دەستی پێکردبوو. لە هەولێر و سلێمانی بە هەزارەها کەس هاتبوونە سەر شەقام، شەڕی دەستەویەخەیان لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە کردبوو کە رێگریانیان لێکرد بوو. یەکێک لە سلێمانی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا بوو. گەریلایەک بەناوی شاهین رۆژاڤا، خۆی دەکات بەناو باڵەخانەی میتی تورک لە دهۆک و خۆی دەتەقێنێتەوە. ئەوانەی هاتبوون بۆ سەردانی زیندانییەکان باسیان لەوە دەکرد کەلەم تەقینەوەیەدا ئەندامێکی زۆری میتی تورک کوژراون. ماوەی هەفتەیەک تێپەڕی بوو بەسەر ئەم رۆژە رەشەدا کە یەنەکە و پەدەکە لەمبارەیەوە بێدەنگ بوون، تازە بە تازە کەوتبوونە لێدوانیدان. ئەوان دەیانوت گوایە غەمبارن بەوەی کە سەرکردەیەکی گەلی کورد کەوتووەتە ژێر دەستی دەوڵەتی تورکەوە. گوایە دەیانوت هەموو هەوڵێکی خۆیاندەدەن کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ژیانی ئاپۆ لە تورکیا بپارێزن. ئەم جۆرە ڕوونکردنەوانەی یەنەکە و پەدەکە زیاتر و زیاتر بووە مایەی ناڕەزایی و داخی زیندانییەکان، چونکە دەیانزانی ئەم قسانەیان گاڵتەجارییە.

هەندێک لە زیندانییەکان دەیانوت (تەماشای ئەم بەدرەوشتانە بکەن، گوایە غەمگینن، گوایە هەوڵدەدەن ژیانی سەرۆک ئاپۆ بپارێزن، ئەی ئەوانە کێن لە پێناو سەربڕینی ئێمە ئەو دەوڵەت و ئەو دەوڵەت دەکەن؟)، (کاتێک گەل بە گشتی خاوەنداریتی لە سەرۆکایەتی دەکات، ئەمان درک بەوەدەکەن قاچی کورسی دەسەڵاتیان دەشکێت، هەربۆیە زمانی ڕاگەیاندنی خۆیانیان گۆڕی)، (ئەگەر ئێمە هەتا پرسینەوە لەم ڕێوییانە نەکەین پشتی ئەم گەلە ڕاست نابێتەوە)، (گەل هەموو شتێک دەبینێت، ئەوانەیش دەبینێت کە لە پێناو بەرژەوەندی و دەستکەوتە هەرزانبەهاکانی خۆیان چی دەکەن و چی ناکەن)، (ئێمە هەرگیز ئەو پیلانانەیان لەیاد ناکەین کەلەناو چوارچێوەی ئەو گەلەکۆمەیە گێڕاویانە، ئەوەیشمان لەبیرناچێت کە لە پێناو ڕاگەیاندنی بە تیرۆرکردنی ئێمە چەندێک هەوڵیانداوە، ئێمە ئەو کردارانەی پێشمەرگانەمان لەبیر ناچێت کەوەک پۆلیسی تورک چۆن دژی خۆپێشاندەرانی گەلەکەمان کردوویانە)، (حیساب پرسینەوە ئەرکی گەورەی سەرشانی ئێمەیە).

ڕوونکردنەوە و کاردانەوە دژ بە یەنەکە و پەدەکە و حیساب لێپرسینەوە لەوان، ئەگەر تۆزقاڵێکیش بێت، ئاوی بەسەر گڕی ئاگری ئاخی زیندانییەکان کرد. ئەوان ئومێدیان بەوە بوو کە تۆڵە لەوانە دەکرێتەوە کە نەخشەی ئەم گەلەکۆمەیەیان داڕشتووە. دەتوانم بڵێم هێواش.. هێواش ژیان بەرەو سادەیی وەکو جاران لەناو قاوشەکاندا دووبارە دەبووەوە.

دەنیز دەیوت (ئەم گەلەکۆمەیە، کاردانەوەیەکی پێچەوانەی وایدەبێت کە کەس چاوەڕوانی لێنات)، لەوانەیە ئەم گەلەکۆمەیە ببێت بە هۆکار بۆ یەکڕیزی گەلی کورد و هەموو گەلی کورد لە سایەیدا یەکبگرن. جارناجارێک ئەنوەر شاکر بەشداری ناو قسەکانی دەکرد و بە گوێرەی ئەزموونەکانی خۆی دەیوت ئەم گۆڕانکارییە لەوانەیە ببێت بە خێروبەرەکەت بۆ گەلی کورد و گەشبین بوو. ئەو پێیوابوو زلهێزەکان ڕەچاوی گەلانی ناوچەکەیان نەکردووە. بەگوێرەی ئەو، ناڕەزاییەکانی دژ بە دیلکردنی سەرۆک ئاپۆ بە ڕێکخستنی و بە زانابوون نەبووە. ئەو پێیوابوو ئەمە دەستکرد نەبووە کە گەلی کورد بڕژێنە سەر شەقامەکان. ئەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێیوابوو ئەگەر ئەم خۆپێشاندان و چالاکی و ڕێپێوانانە بە بەرنامە ببوونایە، ئەوا ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران ڕێگەیان نەدەدا لە تورکیا یەکگرتوویی کوردان بخوڵقیت، بەتایبەتی ڕێگەیان نەدەدا کوردانێک لە باکوری کوردستان بخوڵقێن و ڕێگەیان پێبدرێت کە لەبواری سیاسەتی ناوچەکە کاربکەن کە لە پەدەکە و یەنەکە نەچن.

ئەنوەر شاکر یەکەمجاری بوو کە باس لە دڕندایەتی سیاسەتی جیهانی بکات کە پێکهێنراوە بۆ پارچە.. پارچەکردنی گەلی کورد کە بەشێوەیەکی سۆزەکیانە دەیهێنایە زمان. ئەو پێیوابوو ئاکامەکانی ئەم جۆرە سیاسەتانەیش دەردەکەوێت. هەر ئەو ڕۆژانە ڕۆشنبیر و نوسەرانی کورد بانگەوازییان بۆ پەدەکە دەکرد کە دەستبەرداری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەگەڵ سوپای تورک ببێت کە دژ بە هێزەکانی گەریلای پەکەکە دەستیان پێکردبوو. مەسعود بارزانیش دەیوت بە شێوەیەکی نەرێتی بەدەم ئەم بانگەوازییانەوە دێت، هەروەها نوسەران و ڕۆشنبیران ڕەخنە و گازندەی ئەو عەشیرەت و بنەماڵانەیان دەکرد کە لە بادینان بە پارە کاریان بۆ سوپای تورک دەکرد کە شانبەشانی سوپای تورک دژی پەکەکە دەجەنگان. بەگوێرەی بۆچونی زیندانییەکان، ئەم هەڵوێست گۆڕانەی مەسعود بارزانییان بەوەوە گرێدەدا کە بەهۆی ئەو هاوسۆزییە نیشتیمانی و نەتەوەییەوە هاتبووەدی کە بەهۆی کارەساتەکەی ١٥ی شوباتەوە هاتبووە ئاراوە. هەموو پارت و لایەن و ڕێکخراوەکان درکیان بەمە کردبوو.

قایمەقامی ئاکرێ کەلە نەورۆزی ساڵی ١٩٩٨ سەردانی زیندانییەکانی کردبوو، بەڵام ئەم ساڵ ئاسەواری نەبوو. جودی بە حەنەکەوە بە کەمالی وت (تۆ قایمەقامت ترساندووە هەربۆیە ئەمجارە سەردانمانی نەکرد)، بەڵام وەرزی بەهار بێ سوپرایز نەدەبوو. لە هەرێمی خواکورک پێشمەرگە هێرشیان بۆسەر سەنگەرێکی گەریلا کردبوو لە ئاکامدا سێ گەریلا شەهید ببوون، هەروەها ٦گەریلایش بە دیلی گیرابوون. ئەو ٦گەریلا دیلە دوای ئەوەی ماوەیەک لە زیندانییەکی مەسیف سەلاحەددین دەهێڵننەوە، پاشان هێنایانن بۆ زیندانی ئاکرێ. بە گوێرەی گێڕانەوەکانیان ئەو گەریلایانەی شەهید ببوون و بە دیلی گیرابوون، ئەو گەریلایانەبوون کە تازە ببوون بە گەریلا. فەرماندەی گرووپەکەیان کە ڕەفعەت بوو ماوەی ساڵێک بوو، ببوو بە گەریلا. ڕەفعەت تەمەنی هەر ٢٠ساڵێک بوو، خەڵکی عەفرین بوو. ناوە ڕاستەقینەکەی مەسعود

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بوو. باوکی ناوی موستەفا بوو. لەبەرئەوەی باوکی پەدەکەیەکی تۆخ بووە، ناوی کوڕەکەی بەناوی مەسعود بارزانییەوە ناونابوو، براکەیشی ناوی ئیدریس بوو بە ناوی ئیدریس بارزانییەوە. دەتوانرێت بوترێت باوکی مەسعود خێزانێکی بچوکی وەکو مەلا مستەفای بارزانی دروستکردبوو. ئەو مەسعود بارزانییەی کە خەیاڵ و ئاواتی مام مستەفا بوو کە مەسعود بارزانی بوو، ئێستا هێرشیان کردووەتە سەر سەنگەری کوڕەکەی و هەڤاڵەکانیان کوشتوون و بەدیل گرتوون و کوڕەکەی خۆیشی بە بریندای بە دیلی گرتبوو.

لەناو دیلەکاندا دوانیان ناویان بارزان و محەمەد بوون کە هەردووکیان خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بوون. هەردووکیان لە تەمەنی ١٨ساڵیدابوون، ئەم گەنجانە دوای ئەوەی گوێبیستی دەستگیرکردنی رێبەر ئاپۆ دەبن، لە گەڕەکەکەی خۆیان گەنجان کۆدەکەنەوە بە خۆیانەوە ١٥بۆ٢٠ گەنجێک دەگەنە هەرێمەکانی گەریلا و دەبن بە گەریلا. محەمەد بە کەسێکی زۆر سادە و خۆشباوەڕ دەبینرا. نەمتوانی زیاتر بیناسم. کە خانەوادەکەی دەبیستن بە دیلی کەوتووەتە دەستی پەدەکە، بە خێرایی خۆیان دەگەهێننە لای پەدەکە. دوای ئەوەی پارەیەکی زۆر دەدەن بە بەرپرسیارانی پەدەکە و بەڵێنی ئەوەیان دەدەنێ کە ناهێڵن کوڕەکەیان ببێتەوە بە پەکەکە، پەدەکە ئازادی دەکات. بەرزانیشیان لە زیندان زۆر نەمایەوە. محەمەد بە پێچەوانەی بەرزان لە کەسێکی زۆرزان دەچوو. کەسێک بوو حەزی لە فشەکردن بوون. لەناو ئەو ١٥بۆ٢٠ گەنجەی ببوون بە گەریلا برای محەمەدیشی تێدابووە. محەمەد بە شێوەیەک مەسەلەکانی باسدەکرد کە بەتەنیا خۆی ئەو هەموو گەنجەی بە رێکخستن کردووە و کردویانێتی بە گەریلا. بەم شێوازە باسکردنە لەناو زیندانییەکان ببووە مایەی شۆخی پێکردن. بەیانییەک ئەوکاتەی زیندانییەکان بۆ پێداویستی سەرئاو دەهێێنە ساحەکەوە، محەمەد خۆی لە زیندانییەکان دووردەخاتەوە و پەنا بۆ پێشمەرگەکان دەبات و پێیاندەڵێت لە پەکەکە جیابووەتەوە و دەیەوێت کار بۆئەوان بکات. بەمشێوەیە محەمەد جارێکی تر نەگەڕایەوە بۆ قاوشی ژمارە٦. سیانەکەی تریشیان تەمەنیان مامناوەند بوو. مێرخاس و جەیهون تورک تەمەنیان ٣٠ساڵێک دەبوو. هاشمیان ٤٠ ساڵێک دەبوو. لە ئەوروپاوە بەشداری ناو ریزەکانی گەریلا ببوون. مێرخاس و هاشم هاوشاری یەکتربوون. هەردووکیان خەڵکی بینگۆل بوون. مێرخاس کەسێکی بە جەستە بەخۆ بوو، ماوەی ساڵێک لە ئەوروپا سەرقاڵی چالاکی رێکخستن بووە. بەهاتنی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو ئیتر کەمال نەیدەتوانی بە سمێڵە قەوییەکەی خۆی شانازی بکات چونکە سمێڵی مێرخاس لەوەی ئەو زیاتر ئەستورتر بوو.
هاشم دەیوت کە ساڵانێکی دوورودرێژە لە ئەوروپا کاری رێکخستنی کردووە. ئەگەرچی سمێڵی ئەوەندەی مێرخاس و کەمالیش نەبوبێت، سمێڵی ئەویش ئەستوور بوو. لەبەرئەوەی کەچەڵ بوو سمێڵی زیاتر گەورەتر دەردەکەوت. هاشم کەسێکی قسە خۆش بوو. زۆر بەخێرایی دەیتوانی لەناو خەڵکیدا خۆی بەناساندن بدات و خۆشیان بوێت. ئەوکاتەی یەکەم هەنگاوی هێنایە ناو زیندانەکەوە، باوەشی بە هەموو زیندانییەکان کرد و هەمووشیانی ماچکرد. ئەوکاتەی لە پرۆسەی باوەشپێکردن و ماچکردن تەواوبوو، ئینجا وتی: (هەڤاڵان، زۆر بەختەوەرم کە گەیشتمە لاتان، لێرە بەدواوە بشمرم خەم نییە)، بەمشێوەیە هەستونەستی خۆی بۆ هەڤاڵەکانی دەربڕی. ئەو خاوەن باوەڕیی چواردەورەکەی بوو. بە زمانە شیرین و چەلەحانییەکانی لەگەڵ چواردەورەکەیدا کاتی بەسەردەبرد، بەڵام بارزان پەنا بۆ پێشمەرگەکان دەبات و پێیاندەڵێت دەستبەرداری پەکەکە بووە و داوادەکات لە قاوشی ژمارە ٥ دەریبهێنن بیبەن بۆ قاوشی ژمارە٦، زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥، حەیفیان بۆئەوە دەخوارد کە هەرزوو باوەڕیان پێهێنابوو، بەڵام مەخابن وادەرنەچوو.
جەیهون تورکیش مایەی سەرسوڕمان بوو، لە قۆناغی لاوێتیدا بەشداری ناو رێکخستنەکانی چەپی تورکی کردووە و بۆ خوولی پەروەردە هەڵدێت بۆ یۆنانیستان و هەر لە یۆنانیستان ئاشنایی لەگەڵ پەکەکە پەیدادەکات و دەبێت بە پەکەکە. جەیهون خەڵکی شاری مەنیسا بوو. کەسێکی کەمێک باڵا کورت بوو. هەرکە هاتە زیندانەکەوە بە چواردەورەکەی دەوت ئیتر لە توانایدا نییە کاروخەباتی شۆڕشگێڕانە بکات. باوەڕییەکی زۆری بە سەرۆک ئاپۆ و پەکەکە و گەریلا و گەلی کورد هەبوو، ئەو بڕوای وابوو هەموو ئەمانە بەیەکەوە دەتوانن دۆزی کورد بگەهێننە ئاستێکی باش و رزگاری بۆ گەلی کوردستان دەستبەر بکەن. ئەو باوەڕی وابوو پەکەکە بزووتنەوەیەکی راستەقینەی شۆڕشگێڕانەیە، بەڵام خودی خۆی پێیوابوو کە ئیرادەی ناتوانێت ئەرکی شۆڕشگێڕانەی سەرشانی بەجێبهێنێت. دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان. بەگوێرەی خۆی دەگەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان و ژیانێکی سادە پێکدەهێنێت و وەکو کەسێکی دیموکراتی وڵاتپارێز ئەرکی سەرشانی وەڵاتپارێزی لە دەرەوەی شۆڕش بەجێدەگەهێنێت. زیندانییەکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەوڵیاندەدا باوەڕ بەخۆی  بهێنێتەوە و باسی ئیرادەی شۆڕشگێڕیان بۆدەکرد و پێیاندەوت پێویستە جارێکی تر بەسەرخۆیدا بچێتەوە. لەبەرئەوەی جەیهون پێشوتر ئەم بڕیارەی دابوو، هەربۆیە قەناعەتپێکردنی زەحمەت بوو. لە ئاکامدا قەناعەتی پێنەکرا. ئەو بێ ئیرادەیی خۆی بە هەڤاڵەکانی چواردەوری خۆی وت و داوای لێبوردنیشی لێیانکرد. لە ئاکامدا لە قاوشەکە جیابووەوە و چوو بۆ قاوشی ژمارە٦.

ئەم بەهارە بۆ زیندانییەکان سوودبەخش نەبوو. دوای ١٥ی شوبات، ئەو گرێدراوییە رووحییەی هاتبووە ئاراوە، وەکو ئەنوەر شاکر وتی: ئایا ئەمە کاتی بوو؟، ئەم ئاڵۆزییانەی هاتبوونە ئاراوە کە ببووە مایەی لاوازی ئیرادە و داڕمان ئایا چی بەسەر ئەماندا دەهێنا؟، ئەم قۆناغە ناهەمواریيەی هاتبووە ئاراوە لەگەڵ خۆیدا ٤زیندانی لە هەڤاڵەکانیان دابڕیبوو. ماوەیەک بوو شۆڕش ئامەدیش دەیهێنایە زمان کە توانای خەباتی نەماوە و ئیرادەیشی نەماوە لێرە بەدواوە سوود بە تێکۆشان ببەخشێت. کە دەنیز هاتە ناو زیندانەکەوە سەرەتا لەمجۆرە قسانەی شۆڕش ئامەدی هێنابووە زمان. دوای ئەوەی هەڤاڵەکانی لەگەڵیدا قسەیان کرد، توانیان قەناعەتی پێبکەن و هۆشی بهێننەوە سەرخۆی. تەنانەت دەنیز وایلێهات پێشەوایەتی چالاکییەکەیشیان بکات، تەنانەت ژیانی رێکخستنی بەسەر هەڤاڵەکانی دەسەپاند. لەبارەی دەنیزەوە پێشوتر دەیانوت کە بووە بە کەسێکی خۆپەرست و لەوانەیشە لە ناویاندا هەڵبێت. دوای ئاڵۆزی و بێ سەروبنی رێکخستن لەدوای قۆناغی ١٥ی شوبات، هەریەک لە جودی، مەحمود، حەسەن، دەنیز، عومەر و چەکدار لەگەڵ شۆڕش ئامەد قسەیان کرد، لەوە دەچوو شۆڕش ئامەد لە بڕیاری خۆی پاشگەز نەبێتەوە، دەیوت دەیەوێت لە پەکەکە داببڕێت، چەندێک هەوڵیاندا نەیانتوانی شۆڕش ئامەد پاشگەز بکەنەوە، بەمشێوەیە شۆڕش ئامەد جیابووەوە و چووە قاوشی ژمارە٦وە.

گێزمش کە بەهیچ شێوەیەک هەست بە بوونی نەدەکرا، ئەویش رێگەچارەیەکی بۆخۆی دۆزیبووەوە. لە سەرەتای مانگی حوزەیراندا، بە گێزمشیان وت بەرپرسی زیندانەکە دەیەوێت چاوی پێبکەوێت چونکە سەردانی هاتووە، بەمشێوەیە گێزمش لە قاوشەکە هێنرایە دەرەوە. هەموو زیندانییەکان مەراقی ئەم مەسەلەیەیان هەبوو. لەناو هەموویاندا زیاتر دەنیز سەرسوڕمانی پێوە دیاربوو. دەنیز بە پێشمەرگە پاسەوانەکانی وت (ئەرێ مەسەلەی ئەم سەردانییە چییە؟)، ئەوانیش

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەیانوت کە ئاگایان لە هیچ نییە و بڕیاری بەرپرسی زیندانەکە جێبەجێ دەکەن. بەرپرسی زیندانەکە دەیوت خانەوادەی گێزمش هاتوون. پێش ئەوەی گێزمش بڕوات بە هەڤاڵەکانی وت (بابچم بۆ ژووری بەڕێوەبەر بابزانم مەسەلەی ئەم سەردانییە چییە)، بەمشێوەیە لەگەڵ پێشمەرگەکان رۆیشت. زیندانییەکان گومانیان لە گێزمش هەبوو کە پێشوەخت ئاگاداری ئەم سەردانییە نەبوبێت. زیندانییەکان پێیانوابوو ئەمە پیلانە، پێیانوابوو کەس نەهاتووە بۆ سەردانی گێزمش و بەرپرسیارانی زیندانەکە بە ئامانجی تر بانگی گێزمشیان کردووە، ئەگەر کەسوکاریشی هاتبێت مەحاڵە گێزمش پێشوەخت ئەمەی نەزانیبێت. بیریان لە رەوشی ئیبراهیم چەلۆ کردەوە. زیندانییەکان لە پەنجەرەکەوە چاودێری دەرەوەیان دەکرد. دوای ئەوەی ماوەی ١٥خولەک گێزمش لە ژووری بەڕێوبەرایەتی دەمێنێتەوە، ئینجا دەیبەن بۆ شوێنی زیارەتچییەکان. مانای ئەم کارە روون وناشکرابوو. ئەگەر زیندانییەک تەسلیمییەتی قەبوڵ نەکردایە مەحاڵ بوو بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بهێڵن چاوی بە کەسوکاری بکەوێت. گێزمش ماوەی نیو کاتژمێر چاوی بە کەسوکاری کەوتبوو، بەبێ ئەوەی بیگەڕێننەوە بۆ قاوشی ژمارە ٥، راستەوخۆ بردیان بۆ قاوشی ژمارە ٦.

پێشوتر درکیان بەوە کردبوو کە گێزمش تووشی هەرەسی دەروونی بووە. زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ بەوە نیگەران و توڕەبوون کە ئەم تەسلیمییەتە بە نهێنی ئەنجامدرابوو، بۆماوەیەک ئەم مەسەلەیەیان لەنێوان خۆیاندا گەنگەشەکرد. کامەرانیان بەجۆرێک قسەی کرد کە هەموو زیندانییەکانی توڕەکرد بوو، کامەران وتی: (نازانم چۆن بیهێنمە زمان، گێزمش پێشوەخت ئاگاداری هاتنی کەسوکارەکەی بوو، ماوەیەک بوو چاوەڕێی هاتنیان بوو، ئەو ماوەیەی ئێمە لە قاوشی ژمارە٧ بووین، خۆ رێناستان لەیادە کە کەسوکارەکەی هاتن و بردیانەوە، ئەوکاتە بە رێناس هەواڵی خۆی بۆ کەسوکارەکەی ناردبوو، خۆی ئەمەی پێوتم، پێیوتم نابێت ئەم مەسەلەیە لەلای کەس باسبکەم، منیش باسم نەکرد، لەوکاتەوە بەشێوەیەکی کاتی لەناوماندا مابووەوە). مەحمودیش وتی: (هەڤاڵ کامەران دەبوایە باسی ئەم مەسەلەیەت بکردایە، لەناو ریزەکانی هەڤالایەتی و خەباتدا ناکرێت نهێنی هاوخەمی دۆستانە بشاردرێتەوە، ئەوەی تۆ کردووتە تاوانە، ئەمە بەمانای وادێت کە تۆیش شەریکە بەشی تەسلیمییەتەکەی گێزمشی).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نیشاندانی ئەم نارەزاییە، نارەزایی هاوبەشی هەموویان بوو، ئەوەی پاڵپشتی قسەکانی مەحمود بوون، زۆر بە توندی رەخنە و گازەندەی ئەم کارەی کامەرانیان کرد. لە ئاکامدا نەیانتوانی زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە برۆن. کامەرانیش دوو دڵ بوو، لەوە دەچوو ئەویش بیەوێت جیاببێتەوە. هەڵەکەی تەنها لە چوارچێوەی رەخنە مایەوە. لەوەدەچوو قسەکانی شۆرش ئامەد یەک بەیەک بێنەدی، بێ رێکخستنییان، هەڵیانی دەوەراند.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ١٨

# توونێلەکەی دژوار

شۆڕش ئامەد و تورک جەیهوون بە ئاشکرا هێنابوویانە زمان کە ئیتر ئەو ئیرادەیەیان نەماوە کە لەناو تێکۆشان و خەباتدا بمێننەوە، ئامادەباشییەکەی تەسلیمییەتییەکەی گێزمش، سەرەڕای ئەوەی کامەران ئەمەی زانیبوو بێدەنگ ببوو لەئاستی ئەم مەسەلەیە. جودی و دەنیز لەبارەی پاشەڕۆژی تێکۆشانەوە نیگەرانییان زیادی کردبوو، ئەگەر بیانتوانیایە میکانیزمی رێکخستنیان دروستبکردایە لەوانەبوو ئەم دەرەنجامانە نەدەهاتنە ئاراوە. لەحاڵی حازردا بواریان نەبوو ئەودیواری تەسلیمییەتە بڕوخێنن و نەیشیان دەتوانی کوونی تێدابکەن. بە بچوکترین هەرەس لەوانەبوو کامەران و دەلیل پۆرسپی و جەمالیش لەدەست بدەن. لە رەوشێکی وەکو ئێستادا، خۆسەپاندن زیاتر کێشەکانیانی قوڵدەکردەوە.

کاری دروستکردنی کەشتی لەلایەن چەکدار و دەنیزەوە هەرچۆنێک بێت بەردەوام بوو. لەبەرئەوەی کاری تریان نەبوو خۆیان پێوەی سەرقاڵ بکەن، بەمشێوەیە کاتیان دەبردەسەر و لەلایەکی تریشەوە کاری مووروو داهاتی هەبوو. یەکەمین ئەزمونیان بەسەرکەوتوویی تێپەڕاند. ئەو گڵۆپە رەنگاورەنگەی کەلەناو کەشتییەکە جێگیریان کردبوو کە دەکوژایەوە و دادەگیرسایەوە، ئاموچێژێک و جوانییەکی تری بە کەشتییەکە بەخشیبوو. زیندانییانی قاوشەکانی تر، بۆئەوەی بە خەڵات ئەمجۆرە کاری دەستییانە بدەن بە خانەوادەکانیان ئەم کەشتییانەیان دەکڕی. لە دەریشەوە ئەوانەی ئەم کارەیان دەبینی خوازیاری کڕینیبوون. لە دەرەوە سپاریشیاندەدا و داوای ئەمجۆرە کەشتییەیان دەکرد. لەماوەی چەند هەفتەیەک بوون بە خاوەن ئەو بڕە پارەیەی کەبتوانن بۆخۆیان لە حانوت تووتن بکڕن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دروستکردنی کەشتی بە کارتۆن و مووروو گەیشتبووە گوێی بەرپرسی زیندانەکە واتا محەمەد ئەمین سورچی. ئەو کەشتیيانەی زۆر بەدڵبوو کە درووستیان کردبوو. ئەویش دەیویست دانەیەکی بۆدرووستبکەن، بەڵام ئەو داوای حەجمی گەورەتری دەکرد. هەرچۆنێک بێت بەرپرسی موتڵەق بوو واتا کونفەیەکون، لەهەمانکاتیشدا بۆ ئەم مەبەستە سڵی لە هیچ خەرجییەک نەدەکردەوە. لەبارەی دروستکردنی کەشتی بۆ محەمەد ئەمین سورچی دەیانتوانی چیيان بویستایە لە حانووت هەڵبگرن و لەسەر حیسابی محەمەد ئەمین سورچی حیسابی بکەن. بۆ درووستکردنی ئەم کەشتییە وەکو پێشەکی ١٥٠ دیناری دابوو. چەکدار و دەنیز لەسەر حیسابی محەمەد ئەمین سورچی بایی ٤٠٠ دینار پێداویستییان کڕیبوو. ئەو ڕۆژە کە بایی ٤٠٠ دینار شتیان کڕیبوو، بۆخۆیشیان تەنهاوتەنها توتنیان کڕیبوو. لەبەرئەوەی برێک پارەیان قازانج کردبوو، دەیانتوانی بۆخۆیشیان خواردن بکڕن. لەبەرئەوەی خواردنەکەیان بێکەڵک بوو، زۆرجار سکی خۆیان بە نانی ووشک تێردەکرد. هەموویان لاواز ببوون. لەبەرئەوەی پارەیان دەستکەوتبوو، جودی پێشنیاری ئەوەیکرد کە پیاز و سەوزە بکڕن. دەلیل پۆرسپی خواخوای قسەیەکی وایبوو. ئەگەر بیانتوانیایە پیاز و سەوزە بکڕن بەهیچ شێوەیەک خواردنی زیندانەکەیان نەدەخوارد. بۆچوونێکی مەحمودیش لایەنگری بۆخۆی زیادکردبوو. دەنیز و چەکدار لەبارەی ئەم پێشنیارەی مەحمودەوە بێلایەن مابوونەوە. ئەوان واتا دەنیز و چەکدار لەبارەی پێشنیاری ئەوەی پیاز و سەوزە بکڕین یان نەیکڕین، پێیانوابوو ئەگەر ئەم داواکارییە قەبوڵ بکرێت، ئەوا داخوازییەکان زیاد دەبن، سەرەڕای ئەمەیش دەیانوت هەڤاڵان چۆنیان پێباش بێت ئەوانیش پابەندی بڕیارەکەیان دەبن. گەنگەشەیەکی لەمشێوەیە تەنها لە قاوشی ژمارە ٥ دەوەشایەوە. زیندانییانی قاوشەکانی تر، ئەوکاتەی کەسوکاریان دەهاتن بۆ دیدەنییان، بەلای کەمەوە خواردنی یەک هەفتەيانیان بۆدەهێنان. ئەوان ناچاری خواردنی زیندانەکە نەبوون.

گەنگەشەی نێوان زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥، بە بڕیاردان بە کڕینی پیاز و سەوزە کۆتایی هات. ئەو ئێوارەیەی زیندانەکە خواردنی شلەی کولەکەیان هەبوو، زیندانییەکان نەیانخوارد. زیندانییەکان نان و پیازیان خوارد. ئەم خواردنەی ئەوان کە نان و پیاز بوو، ئەمە دوای سێ ساڵ بوو کەبۆ یەکەمجار خواردنی خۆیان بکڕن. ئەگەرچی نان و پیازیش بوو، بەڵام لەلای ئەوان خۆشترین تامی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەدا. ئەگەر دەتبینی چەند بە تامەزرۆوە پیازەکە دەخەنە نان نانەوە و ئەیپێچنەوە و گازی لێدەگرن، بەڕاستی سۆی دەخستە سەر دڵی خەڵکییەوە. کە ئەم دیمەنەت ببینیایە پێتوابوو خۆشترین خواردنی دونیا دەخۆن.

جارێکیان چەکدار وتی: (پێمباشە وەکو خەڵاتی دڵسۆزی کەشتییەک بە دیاری بدەین بە کرستینە)، هەموویان لەسەر ئەم پێشنیارەی چەکدار رازیبوون. بڕیاریاندا کەشتییەکی وەک تایتانیک دروستبکەن. ئەم پێشنیارەیان بە کرستینە راگەیاند، ئەویش قەبوڵی بوو. کرستینە بەم دیارییە بەختەوەر بوو. هەر ماوەی سێ مانگ جارێک کۆمیتەی خاچی سوور دەهاتن بۆ سەردانی زیندانەکە. چەکدار و دەنیز دەستیانکرد بە دروستکردنی کەشتییە تایتانییەکە، دوای سێ مانگ کرستینە ئەگەر هاتەوە خەڵاتیان دەکرد. لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا ماشێنی کۆمیتەی خاچی سوور خۆیکرد بە ناو زیندانەکەدا، لەهەمانکاتیشدا کەشتییەکە تەواوکرابوو، بەڵام کرستینە لەناو لیژنەکەدا نەبوو. سەرەتا لیژنەکە چوونە ژووری بەڕێوبەرایەتییەوە، چاویان کەوت بە بەرپرسیارانی زیندانەکە. دوایش هاتن بۆ قاوشی ژمارە ٥. سەرۆکی لیژنەکە ئەمجارەیان ژنێکی تەمەن ٣٠ساڵ بوو، باڵا کورت و قەڵەو بوو. ناوی ئەویش هەر کرستینە بوو. دوای ئەوەی خۆی بە زیندانییەکان ناساند، ئینجا وتی: (ئەزانم غەمگین دەبن، بەڵام لێرە بەدواوە ئیتر کرستینە نایەت بۆ ئەم زیندانە، چونکو بە بڕیارێکی کتوپڕ بەخێرایی گەڕایەوە بۆ سوید، ئێستا من لەشوێنی ئەوم).

زیندانییەکان بە لەدەستدانی هاوڕێ و کەسێکی دڵسۆزی وەکو کرستینە غەمگین بوون. لە نێوان زیندانییەکان و کرستینە پەیوەندییەکی باوەڕی و دۆستانە هەبوو. بەرخۆدانی زیندانییەکان کاریگەری هەبوو بەسەر کرستینەوە و چاونەترسی و بوێری کرستینەیش کاریگەری هەبوو بەسەر زیندانییەکانەوە. بە دوورخستنەوەی کرستینە لەسەر کارەکەی، بێشک بەهۆی سکاڵای پەدەکەوە بوو لە سەری. پەدەکە سکاڵای ئەوەی لە کرستینە کردبوو لەلای خاچی سوور، گوایە لایەنگر و خەمخۆری پەکەکەیە. بەرپرسیارانی خاچی سوور، بانگی کرستینەیان کردبوو بۆ بەغداد و لەوێوە ناردبوویانەوە بۆ سوید.

کرستینە گەنج و تازەکە دەیووت ئەم بڕیارە زۆر بە پەلە دراوە، ئەگەر وانەبوایە کرستینە بەبێ ماڵئاوایی لە زیندانەکان، نەدەگەڕایەوە بۆ سوید، هەربۆیە لەمبارەیەوە غەمگینی خۆی دەربڕی بوو. کرستینە کەشتییە تایتانییەکەی لەیاد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەکردبوو کە زیندانییەکان بۆئەویان درووستکردبوو. مانای ئەم دیارییە بۆئەو واتاداربوو. سڵاوی بۆ زیندانییەکان ناردبوو، وتبووی پێیانبڵێن هەرگیز زیندانییانی ئاکرێ لەیاد ناکات.

ئەگەرچی بەپەلەیش کرستینەیان گەڕاندبووە بۆ سوید، بەڵام ئەو ئامادەباشی پێشوەختی گریمانەیەکی وایکردبوو. لە دەفتەری خاچی سووردا بەسەرهات و رووداوەکانی نوسیبووەوە. لە دەفتەرەکە رەوشی زیندانی ئاکرێ و رووداو و بەسەرهاتی ناو زیندانەکە و بەتایبەتی رەوشی زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ی نوسیبووەوە. هەر بەرپرسێکی خاچی سوور ئەم دەفتەرەی بخوێندایەتەوە ئاگاداری و زانیاری لەبارەی رەوشی زیندانی ئاکرێ دەبوو. کرستینە پێشنەوەی جیاببێتەوە، لەگەڵ ئەوەی لە شوێنی ئەو دانرابوو زۆر بە ووردی و بەدرێژی باسی لە رەوشی زیندانەکەی بۆکردبوو بۆئەوەی ئاگاداری مەسەلەکان ببێت. کرستینە داوای لەو کەسە کردبوو کەلە شوێن ئەو دەستبەکار دەبێت، پێیوتبوو ئاگاداری رەوشی ژیانی زیندانییەکان ببێت و لەناو پەیوەندی بێت لەگەڵ زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ کە بۆ دیموکراسی و ئازادی تێدەکۆشن و پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵیاندا هەبێت و بیروڕا لەگەڵیاندا بگۆڕێتەوە. کرستینە تازەکە بە زیندانییەکانی وت (لەوانەیە من وەکو کرستینە کۆنەکە نەبم، لەگەڵ ئەودا دیالۆگ و تێکەڵییەکی پەتوتان هەبووە، پێموایە لێرە بەدواوە لەگەڵتاندا بەیەکەوە دەستدەکەین بە بەستنی پەیوەندی تۆکمە).

کرستینە تازەکە بە کەسێکی نیەت پاک دەبینرا. کاریگەری قسەکانی کرستینە کۆنەکەی پێوەدیاربوو، هەوڵی دەدا بە کەسێکی دڵسۆز و هاوخەمی زیندانییەکان خۆی نیشان بدات. زیندانییەکانیش غەمگینی خۆیان لەبارەی بردنەوەی کرستینە بۆ سوید هێنایە زمان. زیندانییەکان هێنایانە زمان کە خۆشحاڵ بوونە کەسێکی وەک کرستینە کە رێزی لە بەها مرۆڤایەتییەکان گرتووە و ژنێکی چاونەترسیان ناسیوە. هەرچەندە کرستینە تازەکە دیاربوو کە بەبڕیارە و دڵسۆزانە کار دەکات و نیەت باشیشە، بەڵام ئەوەیشێ پێوەدیاربوو کە ناتوانێت وەک کرستینە کۆنەکە بێت. گەڕانەوە و دوور خستنەوەی کرستینە کۆنەکە بەوشێوە کتوپڕییە، بێشک کرستینە تازەکەی چاوترس دەکرد، بەمشێوەیە بێت، کرستینە تازەکە لەوانەبوو چاوپۆشی لە کارە نامرۆڤیەکان و خراپکارییەکان بپۆشێت بۆئەوەی وەکو کرستینە کۆنەکەی بەسەرنەیەت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حەسەن لەگەڵ کەشتیە تایتانییەکە نوسینێکی لەسەر کاغەز بە زمانی ئینگلیزی بۆ کرستینە کۆنەکە نوسی، تێیدا نوسیبووی کە زۆر خۆشحاڵ بوونە کەسێکی چاونەترس و دڵسۆزی وەکو ئەویان ناسیوە، هەروەها نوسیبووی هەرگیز ئەم قارەمانێتییەی ئەو لەیاد ناکەن. حەسەن بەبێ ئەوەی بیەڵێت هەڤاڵەکانی درکی پێبکەن، نامەیەکی بچوکی خستبووە ناو دەستی کرستینە تازەکەوە.

لە کۆتاییەکانی مانگی حوزەیراندا، زیندانییەکان لە رێگەی هەواڵەکانی رادیۆوە گوێیان لێبوو کە دادگای دەوڵەتی تورک حوکمی سێدارەی بەسەر سەرۆک ئاپۆدا سەپاندووە. بیروبۆچونەکان بەگشتی لەناو زیندانەکەدا، ئەوەبوو دەوڵەتی تورک غیرەتی ئەوە ناکات سەرۆک ئاپۆ لە سێدارە بدات. ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپایش لەمبارەیەوە هۆشداریان بە دەوڵەتی تورک دابوو. دوای مانگێک واتا لە مانگی ئابدا، سەرۆک ئاپۆ بڕیاری بۆ هێزی گەریلا دەرکرد تورکیا چۆڵبکەن. ئەم بڕیارە دەبووەوە هەلێک بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا. کاتێک زیندانییەکان گەنگەشەی ئەوەیان بوو کە ئەم بڕیارە گۆڕانکارییەکی چۆن دەخوڵقێنێت و مانای چییە، لەناکاو مولازم ئاشور هاتە بەردەم پەنجەرەکە و وتی: هەموو رادیۆکان کۆدەکەنەوە. رادیۆ بۆ زیندانییەکان تەنها ئامراز بوو کە بتوانن لەگەڵ جیهانی دەرەوە پەیوەندی ببەستن. لەچاو قاوشەکانی تر رادیۆی قاوشی ژمارە ٥ لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بوو نەک موراقیب. لەوانە بوو ئەمە هۆکار بوو بێت بۆ کۆکردنەوەی رادیۆکان لەلایەن بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەوە. باشترین کار ئەوە بوو رادیۆکە رادەستی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە نەکەن.

مولازم ئاشور هاتە بەردەم پەنجەرەکەوە و بە زیندانییەکانی وت (هاوڕێیان کۆکردنەوەی رادیۆکان بڕیاری بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە نییە، بەڵکو فەرمان و رێنماییمان لەسەرەوە بۆهاتووە، لە هەموو زیندانەکان رادیۆ کۆدەکرێتەوە، بڵندگۆ لە زیندانەکان دادەنرێت و گوێتان لە دەنگی مەرکەزی دەبێت، جگە لە دەنگی رادیۆکانی پەکەکە و یەنەکە دەتوانن گوێتان لە رادیۆی عەرەبی و کوردیش ببێت، لە قاوشی ئێوەیش بڵندگۆ دادەنرێت، ئەگەر ئێستایش رادیۆکەتان رادەست نەکەن، هەرچۆنێک بێت ماوەیەکی تر پیلی رادیۆکەتان تەواو دەبێت، هەربۆیە پێتان دەڵێم لەناو خۆتان گەنگەشە بکەن و بڕیارێک بدەن).

قسەکانی مولازم ئاشور راست بوون، ئەم بڕیارە لە سەرووی خۆیانەوە هاتبوو، دەشبوایە جێبەجێی بکەن. ئەگەر پیلی رادیۆکە تەواوببوایە نەیاندەتوانی جارێکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تر له حانووت پیل بکڕنەوە، هەربۆیە ئەگەر بیانتوانییایە گەنگەشە لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بکەن و قەناعەتیان پێبکەن کە رێگەبدەن گوێ لەو رادیۆیەیش بگرن کە ئەمان مەبەستیانە شتێکی باش دەبوو. چەند کەسێکیان دژبەری ئەم پێشنیارەبوون. ئەگەر ئەمڕۆیش بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە داخوازییەکەیانیان قەبوڵ بکردایە، بەڵام نەدەزانرا سبەی چیدەکەن. ئەگەر رادیۆکەیان رادەست بکردایەتەوە، بەتەواوەتی پەیوەندییان لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەپچڕا. ئاکامی گەنگەشەی نێوانیان ئەوەبوو لەم بارەیەوە گەنگەشە لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بکەن. ئەمە بڕیاری زۆرینەیان بوو. بەمشێوەیە دەیانتوانی بە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بڵێن رادیۆی ئەلجەزیرە و بی بی سی عەرەبی و دەنگی ئەمریکا بە کوردی زیاد بکەن. ئەوکاتەی مولازم ئاشور گەڕایەوە زیندانییەکان بڕیارەکەی خۆیانیان پێڕاگەیاند. ئەمە بڕیار و داخوازییەکی بەجێبوو. هەرچۆنێک بێت بەگشتی گوێبیستی ئەو رادیۆیانانە بوون. مولازم ئاشور رادیۆکەی هەڵگرت و ڕۆیی. دوای رۆژێک وایەریان هێناو بڵندگۆیان بۆ قاوشەکان بەست. بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە ئەوەیش بینرا بەرپرسیارانی پەدەکە هاتوون و چاودێری ئەم پرۆسەیە دەکەن. بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دوای هەفتەیەک پابەندی مەرجەکانی زیندانییەکان بوو. بە گرانی رادیۆی پەدەکە یان لێدەدا. لەناو قاوشەکەدا دوگمەیان دانەنابوو کە زیندانییەکان بتوانن بە ئارەزووی خۆیان رادیۆکە داگیرسێنن و بیکوژێننەوە. وایەرێکیان دانابوو بۆئەوەی ئەگەر زیندانییەکان نەیانەوێت گوێ لە رادیۆ بگرن، ئەو وایەرەیان رابکێشتایە رادیۆکە لەلای ئەمانەوە بێدەنگ دەبوو.

دوای ماوەیەک هەواڵی هۆکاری کۆکردنەوەی رادیۆکان ئاشکرابوو، بەهۆی ئەو زانیارییانەی زانران، ئەو ٦ زیندانییەی خۆیان تەسلیم کردبوو بە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، ئەم بڕیارە بیرۆکەی ئەوان بووە. سەلیم قامیشلۆ و شۆڕش ئامەد، وتبوویان کە بەرخۆدانی زیندانی قاوشی ژمارە ٥، بەهۆی هەواڵەکانی رادیۆکەوە سەرچاوەی گرتووە. تەنانەت سەلیم قامیشلۆ وتبووی هەواڵەکانی رادیۆکان بوونە بە سەرچاوەی بە ئایدۆلۆژیکردنی زیندانییەکانی پەکەکە. من وەکو دیوارێک ئەمەم بەلاوە گرنگ نەبوو. شۆڕش ئامەدیش پێیانیوتبوو (ئەگەر رادیۆ نەبێت زیندانییەکان دوای ماوەیەک دەستبەرداری بەرخۆدان دەبن)، رادیۆی دەنگی کوردستانی سەربەخۆ ئەگەرچی خشەخشکیشی هەبوو، بەڵام چەند دەنگێکی ئەم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رادیۆیە تەواوکەری هەموو مەسەلەکان بوو بۆ زیندانییەکان. مەخابن رادیۆی دەنگی کوردستانی سەربەخۆ ئەگەرچیش بەباشی کاری نەدەکرد و چەکدار وتبووی هۆکارە بۆ جۆشوخرۆشی زیندانییەکان، بەڵام هیچ کاریگەری لەخۆی نەکردبوو، نەببو بە دەرمان بۆ هەرەسی دەروونییەکەی. سەلیم و شۆڕش ئەو دەنگەی کە بە دەم خشەخشەوە دەبیسترا بەزۆریان زانی بوو بۆ هەڤاڵەکانیان کە رۆژانێک بەیەکەوە لەیەک سەنگەردابوون. بە بەرپرسیارانی زیندانەکەیان وتبوو ( دەنگی رادیۆکان مەهێڵن و لە جیهانی دەرەوە دایانبڕن، ئەوجا دەبینن چۆن هەموویان ئیرادەیان دەشکێت و تەسلیم دەبن). ئەگەر مام خدر ئەم رەوشەی بەچاوی خۆی ببینیایە، بێشک دەیوت (ئەگەرچی مشک هەرچەند خاکیش هەڵکۆڵێت، لە ئاکامدا لەچاوی خۆی دەخات)، بەڵێ دوای ئەو هەموو راپۆرت داینە، بەرپرسیارانی باڵای پەدەکە، گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە رادیۆکان نەهێڵن و تەنها گوێ لە رادیۆکەی خۆیان بگیردرێت. من وەک دیوارێک دوای ئەوەی لەناخمدا وایەریان چاند هەستم بە بوون و ئازاریان دەکرد. وەکو دیوارێک بەردەوام نەفرەتیم لەو دەنگانە دەکرد کە لە ئاکامی بڵندگۆکانەوە دەمبیستن.

هەموو زیندانییەک، جارناجار باس لە هەڵاتن دەکات. لەبارەی هەڵاتنەوە خەیاڵ دروست دەکات و پیلانسازی دەکات. زیندانییانی پەکەکەیش لەناو خۆیاندا باسیان لە هەڵاتن دەکرد. بەتایبەت ئەو شەوەی گەریلا هاتبوونە ناو شارەوە، هەڵاتن ببوو بە ئومێدێکی گەورەیان. ئازادی ئەوەندەی هەناسەیان لێیان نزیک ببووە و مەخابن دووریش کەوتبووەوە. دەرگاکانی قاوشەکان پتەو نەبوون، لەبەرئەوەی لە فافۆن دروستکرابوون، ئەگەر دووکەس زۆریان لێبکردایە دەچەمانەوە. راستە دەتوانرا دەرگاکە بشکێنن و هەڵبێن، ئەی دوایی؟!. لە سەربان و ناو ساحەکە پێشمەرگە پاسەوانییان دەکرد. مەحاڵ بوو بتوانرێت ئەو پاسەوانانە تێپەڕێنیت. لەم بارەیەوە دژوار ئامەد پێشنیارێکی هەبوو. ئەو کەسێک بوو کە خودی کەسایەتی خۆی و رووداوەکانی زۆر گەورە دەکردەوە. مەسەلەی ئەم دژوار ئامەدە زۆرجار دەبووەوە هۆکار کە شۆخی پێبکرێت. پێشنیارەکەی ئەگەر گرێبدرایە بە کەسایەتییەکەیەوە پێشنیارێکی گونجاو بوو. ئەو پێیوابوو مادام پێشمەرگە پاسەوانەکان لە پێشی زیندانەکان، دەتوانرێت پشتی دواوەی زیندانەکە تاقیبکرێتەوە. دەیوت دەتوانرێت دیوارەکە کوون بکەین و بچینە پشتی زیندانەکەوە. دەتوانرێت لە سوچێکی زیندانەکە تونێلێکی یەک مەتری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵبکۆڵین. ئەنوەر شاکر کە موراقیبوو خەوی قورس بوو. دەیانتوانی بەبێ ئەوەی ئەو درک بکات ئەمکارە ئەنجامبدەن و تونێل کوون بکەن. دژوار نامەد دەیوت (مەسەلەی پارچە چیمەنتۆ و خاکەکەیش بۆمن دابنێن)، زیندانییەکان ئەم بیرۆکەیان پێباش بوو، بەڵام باوەڕیان بەو رستەیە نەدەکرد کە دەیوت ئەم مەسەلەیە بۆمن دابنێن، هەربۆیە پێشنیارەکەی دژواریان قەبوڵ نەکرد، بەڵام دژوار نامەد بەنیاز نەبوو واز لەم بیرۆکەیەی خۆی بهێنێت. دژوار نامەد زۆری بۆ هەڤاڵەکانی هێنا کەلەم بارەیەوە کۆبونەوەیەک سازبکەن. بۆئەوەی ئەنوەر شاکر لە قسەکانیان تێنەگات، بە تورکی قسەیان دەکرد، سەرەڕای ئەمەیش پێشنیارەکەی دژوار نامەدیان قەبوڵ نەکرد.

دوو رۆژێک بەسەر قەبوڵ نەکردنی پێشنیارەکەی دژوار نامەد تێپەڕیبوو، ئەو هەر بۆڵەبۆڵی بوو. هەرکاتێک قسەیان بکردایە ئەو مەسەلەکەی دەهێنایەوە سەر درووستکردنی تونێل و دەیوت (ئەگەر دەرفەتێکتان بەمن بدایە ئەمکارەم ئەنجام دەدا)، بەگوێرەی ئەو ئەمکارەی بە دوو شەو تەواودەکرد. خاک و پارچە چیمەنتۆکانی لە قاوشەکە دەشاردەوە. هەرچۆنێک بێت هیچ کەسێک لە پێشمەرگە و بەرپرسیارانی زیندانەکە نەدەهاتنە ناو قاوشەکەوە. جارێکیان ئەم مەسەلەیەی بە دووقۆڵی لەگەڵ دەنیزدا باسکردەوە، دەنیزیش پێیوت (هەمووسان بەیەکەوە گەنگەشەی ئەم مەسەلەیەمان کرد، هەڤاڵان قەبوڵ ناکەن، پێویست ناکات ئەم مەسەلەیە دووبارە و سێبارە بکەیتەوە، دەستبەرداری ئەم بیرۆکەیەت بە).

دژوار نامەد گوێی بۆکەس نەگرت. شەوێکیان بە کەوچکی چێشت کەوتە هەڵکۆڵینی چیمەنتۆکە. دەیویست بزانێت ئایا ئەمکارە دەکرێت یاننا. ئەگەر بیتوانایە چیمەنتۆکە هەڵبکۆڵێت و هەڤالانی بیانبینایە ئەوکاتە حەقیان پێدەدا و دوایش لەمبارەیەوە کاری هەرەوەزییان دەکرد. دوای ماوەیەکی کورت حاڵی بوو کە ناتوانێت بە کەوچکی چێشت خواردن چیمەنتۆکە هەڵکۆڵێت. دەستبەرداری کارەکەی بوو. ئەو بەنیازبوو بۆ سبەی ئەوکاتەی دەیانبەنە.ساحەکە بۆ پێداویستی سەرئاو، پەنای بۆ پێشمەرگەکان دەبرد و پێیانیدەوت دەستبەرداری پەکەکە بووە. من دەمزانی دژوار نامەد چاوەڕێی هەڵاتنی خۆرە. لێرە بەدواوە حاڵی بووڕ لەمجۆرە ناخ و دەروونانە بۆمن ئەوەندە قورس نەبوو. لەبەرئەوەی من دیواربووم و بێ زمان بووم، نەمدەتوانی ئەمە بدرکێنم. ئەو دژوارەی بە نیازبوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

توونێل لێبدات و هەڵبێت و لەگەڵ هەڤاڵەكانیدا بە ئازادی شاد ببنەوە، بەدەستی خۆی بە شۆفڵ چاڵی كۆیلایەتی بۆخۆی هەڵدەكۆڵی.
لەبارەی پیلانی هەڵاتنەكەی دژوار ئامەدەوە، زیندانییەكان لەنێوان خۆیاندا دەیانوت (ئەم هیچوپوچە ئێمە بە گەمژە تێگەیووە یان خۆی گەمژەیە؟)، (دیارە ئەمە كەسێكی زۆر فشەكەرە)، (بە هەرزان بینینی ئازادی ساختەكارییە)، (لەم گەمژە و فێڵبازە بڕوانن دەیەوێت بە كەوچك توونێل لێبدات)، لە ئاكامدا جودی وتی: (ئەوەی ئامرازی ئازادی بە كەوچكەوە گرێدەدات، ئاكامەكەی دۆڕاندنە).
دوای چەند ڕۆژێك لە پەنجەرەكەوە دژوار ئامەدیان بینی لە ساحەكە چووە ژووری بەڕێوبەرایەتییەوە، لەگەڵ بەرپرسی زیندانەكە قسەی كرد. دوای ئەم دیدارە، مولازمەكان كە پێكهاتبوون لە ئاشور، قاسم و قادرهاتنە بەردەم دەرگای قاوشی ژمارە ٥وە. پێشمەرگەكانیشیان لە ساحەكە لوولەی چەكەكانیان لە قاوشی ژمارە ٥ كردبوو. مولازمێكیان وتی: (هەمووتان لە قاوشەكە وەرنە دەرەوە پشكنین دەكەین)، ئەوەی دەرگاكەی كردەوە مولازم ئاشور بوو. زیندانییەكان نەیاندەزانی چی باسە. ماوەی سێ ساڵ بوو ئەمە یەكەمجاربوو باسی پشكنینیان دەكرد، لەهەمانكاتیشدا لوولەی چەكەكانیشیان تێكردبوون. دەركەوت مەسەلەی پشكنین نییە، بەڵكو مەسەلەیەكی تر لە ئارادایە. لەوانەبوو بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە بەدوای ئاژاوەگێڕی و پیلانێكی تروەبێت. مولازم ئاشور ببوو بە فەرماندەی پێشمەرگەكان كە ئەمەیش مانایەكی زۆری دەبەخشی. هەمیشە مولازم ئاشور لایەنگری ئەوەبوو كێشەكان لەڕێی سیاسەتەوە چارەسەر بكرێن، زۆرجار هەرخودی خۆی ڕێگری لە گێرەشێوێنی كردبوو. زیندانییەكان پێیانوابوو ئەگەر لە قاوشەكە نەچنە دەرەوە لەوانەیە بەڵایەكیان بەسەریاندا بهێنایە. لوولەی چەكەكانیان تێكردبوون و هەموویشیان چاوەڕێی فەرمانی دەستكردنەوە بوون كە ئەمەیش مایەی نیگەرانی زیندانییەكان بوو. بەنیاز نەبوون لە قاوشەكە بێنە دەرەوە، جەمالیان وتی: (مولازم ئاشور دەمانەوێت بزانین مەسەلە چییە و بەگوێرەی ئەوەیش هەڵسوكەوت بكەین)، مولازم ئاشوریش وتی: (زانیومانە سەرقاڵی توونێل درووستكردنن، هەرچییەك دەبێت بابێت قاوشەكە دەپشكنین، وەرنە دەرەوە و ئێمەیش پشكنینی خۆمان دەكەین)، ئەمجارەیان مەحمود وتی: (زۆرباشە ئەگەر زووتر ئەمەت بوتایە ئێمەیش شتێكمان دەكرد، پێویست بەوە ناكات لوولەی چەكمان لێبكەن، دێینە دەرەوە، ئێوەیش پشكنینی خۆتان بكەن،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەمانەوێت بزانین ئەوکاتەی وەک ئەوەی چەتۆ هەڵتانی خەڵەتاند کە زانیتان دژواریش هەڵتانی خەڵەتاندووە، بزانین چیدەکەن). ئەویش وتی: (کوانێوە وەرنە دەرەوە، دوایی باسی ئەم مەسەلەیە دەکەین). زیندانییەکان چوونە دەرەوە و لە ساحەکە کەوتنە چاوەڕوانی. ئانەوکاتەیش پێشمەرگەکان لوولەی تفەنگەکانیان لەوان کردبوو. بە ووردی قاوشەکەیان پشکنی، لەماوەیەکی زۆر کورتدا حاڵی بوون کە هەڵخەڵەتێنراون، بەڵام بەرپرسی زیندانەکە بۆ دڵنیایی فەرمانی موتڵەقی پێدابوون، تەنانەت بۆیە و لم و چیمەنتۆیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو. لەبخچییان هێنابوو، هەرلەوێ لەبغی درووستکردبوو کەوتە لەبغ کردنی بنمیچ و دیوارەکان. ئەمکارانە ماوەی سێ کاتژمێری خایاند. ماوەی ئەو سێ کاتژمێرە زیندانییەکان لە ساحەکە مانەوە. ماوەی سێ ساڵ بوو ئەمە یەکەمجاریان بوو ئەو ماوە زۆرە لەژێر تیشکی خۆر بمێننەوە.

زیندانییانی قاوشەکانی تر بە مەراقەوە لە مەسەلەکەیان دەڕوانی. نیگەران بوون بەوەی لوولەی چەک کراوەتە سەر زیندانییانی پەکەکە. نیگەران بوون بەوەی نەبا دەستڕێژییان لێبکەن؟!. ئایا دەکرا پەدەکە لەبەرچاوی ئەو هەموو زیندانییانە ١٨ دیلی پەکەکە گوللە باران بکات؟، هەتا زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ یان دەبردەوە بۆ قاوشەکەیان ئەم گریمانە و نیگەرانییانە بەردەوام دەبوو. کەس نازانێت زیندانییەکان ئەم مەسەلەیەیان چۆن بۆ سەردانییەکانیان باسکردبوو، خەڵکی دەیانوت (پەدەکە لەبەرئەوەی زیندانییانی پەکەکە لە زیندانەکە تونێلیان لێداوە، ١٨ دیلی پەکەکەیان لە زیندانی ئاکرێ گوللە باران کردووە).

دەنگدانەوەی ئەم رووداوە و توونێلەکەی دژوار نامەد، بۆماوەیەک دوای هاتنی خەبەری رووس زیندانییەکان پێیانزانی. دوو مانگ لەمەوبەر خەیری لە شەڕێکدا لەنێوان حاجی عومران و چۆمان بە دیلی دەگیردرێت و دوایش هێنایان بۆ زیندانی ئاکرێ. ماوەی ئەو دوو مانگە لە زیندانێکی پاراستن لە مەسیف سەلاحەددین زیندانییان کردبوو. لەبەرئەوەی خەڵکی کازاخستان بوو هەڤاڵەکانی پێیاندەوت رووس خەیری. مەسەلەی ئەم توونێلەی لە زیندانی مەسیف سەلاحەددین بیستبوو. بەگوێرەی ئەو سەرگوزەشتەی لە دەرەوە باسی لێوەدەکرا گوایە توونێلیان درووستکردووە و کەمێکی دەمێنێت کە زیندانییەکان هەڵبێن، یەکێکیان لەدەست زیندانییەکان هەڵدێت و خەبەریان لێدەدات، هەربۆیە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە لە ئاکامی ئەمکارە ١٨ زیندانی پەکەکە گوللە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

باران دەكات. سەرەتا رادیۆ و تیڤی یەنەکە ئەم هەواڵەی بڵاوکردبووەوە، دوایش مێد تیڤی ئەم هەواڵەی یەنەکەی وەک سەرچاوە بەکار هێناوە و ئەوانیش کردبوویان بە هەواڵ. رووس خەیری دەیوت دوای مەسەلەی هەوڵی ئەم هەڵاتنە بەرپرسیارانی پەدەکە هاتوون بۆ زیندانی ئاکرێ، هەربۆیە دیاربوو پەدەکە دەیویست دڵنیابێت لەو هەواڵەی کە لە دەرەوە بڵاوببووەوە.

جودی دوای ئەوەی گوێی بۆ رووس خەیری گرت، ئینجا وتی: (هەڤاڵ خەیری، جگە لە مەسەلەی گوللە بارانکردنەکە، هەموو هەواڵەکانی تر راستن)، زیندانییەکانیش هەمان بۆچوونی جودییان هەبوو، هەموویان دەیانوت تونێلمان لێدەدا و دەمەو بەیانییەکەی تەواومان دەکرد و بەڵام هەڵاتنەکەیان هەڵگرتووە بۆ ئێوارە، ئەو رۆژە دژوار لەناویان هەڵات و خۆی رادەستی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە کردبوو بەمشێوەیە پیلانەکەیان مایەپوچ کردبووەوە، گوایە. بۆئەوەی خەیری زیاتر باوەڕ بە مەسەلەکە بکات، مەحمود بەتانییەکانی هەڵدایەوە و شوێنی لەبغەکەی نیشان خەیریدا. بێشک ئەمەیان بەدەم شۆخییەوە کردبوو بەماڵ بەسەرخۆیانەوە، ئەم شۆخییە ماوەی چەند رۆژێکی خایاند. دوای رۆژێک لە هاتنی رووس خەیری، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە خەیرییان برد بۆ ژووری بەڕێوەبەر، پاشان سواری ماشینێکیان کرد و بردیان. زیندانییەکان بانگی مولازم ئاشوریان کرد سۆراغی هەڤاڵەکەیان لێکرد، ئەویش وتی: (بێ خەم بن، زیندانی مەسیف سەڵاحەدین بانگیانکردووە، لەبارەی لێکۆڵینەکەیەوە کەموکوڕی هەبووە دەیانەوێت ئەوە تەواوبکەن، دوای تەواوکردنی کاروبارەکان دەیهێننەوە).

زیندانییەکان لەو باوەڕەدابوون کە خەیرییان بۆیە هێناوە بۆ ئێرە تاکو لەبارەی تونێلەکەوە زانیاری بەدەست بخات، هەربۆیە دڵنیابوون لەوەی خەیری زۆر بە جوانی باسی ئەم مەسەلەیەیان بۆدەکات کە مایەی غەمگینی ئەوان بوو کە هەڤاڵێکیان ئەمجۆرە کارانە ئەنجام بدات. لە ڕاستیدا زۆر پەشیمان بوون لەوەی باسی ئەم مەسەلەیەیان بە دەم شۆخیکردنەوە بۆ خەیری کردبوو.

دوای هەفتەیەک خەیرییان هێنایەوە، یەکەمین کاریان ئەوەبوو بە خەیری بڵێن مەسەلەی گێڕانەوەی تونێلەکە بەو شێوەیە بۆ شۆخیکردن بووە، گێڕانەوەی مەسەلەی تونێلەکە بۆ خەیری ئەوانیش وەک دژوار مەسەلەکەیان بەدەم شۆخیکردنەوە گەورە کردبووەوە، کە دوایی لەم هەڵەی خۆیان حاڵی ببوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ١٩

# دوودڵی

وەرزی هاوینێکی تر بەسەریاندا تێپەڕیبوو، کەشوهەوا کەمێک ساردی کردبوو. ساڵی پار، ئاگربەستی یەکی ئەیلوول هاتبووە ئاراوە و دوایش گەلەکۆمەی مانگی تشرینی یەکەم روویدابوو، هەروەها مانگرتنیان لە مانگی تشرینی دووەم لە زاکیرەیان مابووەوە. بەهۆی هەموو ئەم پێشهاتانەوە نارەحەت ببوون. تاکو ئێستایش لەژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەدا بوون. ئەم ساڵ لەچاوساڵانی تر، رادیۆکانی پەدەکە، هێرشێکی ئەوتۆیان نەدەخستە سەر پەکەکە. بەشێوەیەکی هەستیارانەتر هەواڵیان بڵاودەکردەوە. نەدەکرا تەنها بە گوێگرتن لە رادیۆی پەدەکە چاودێری گۆڕانکارییەکان بکرایە. ئەو هەواڵانەی لە سەردانکەرانەوە دەهاتن باشتر و دڵخۆشکەرانەتربوون. ئەم هەواڵانەی لە دەرەوە دەهاتن وورە بەخشبوون. کردنی ئەنوەر شاکر بە موراقیبی قاوشەکە سوودی بە زیندانییەکان بەخشی بوو.

رابردووی ئەنوەر شاکر وەکو کەسێکی هەواڵگری و بازرگانیش سوود بەخشبوو بۆ زیندانییەکان. ناوبراو کەسێکی زۆری دەناسی. پیاوەتییەکی زۆری لەگەڵ خەڵکیدا کردبوو. لە زاخۆ و دهۆک لەناو خەڵکیدا کەسێکی خۆشەویست بوو. لەرێگەی کەسوکارییەوە کە دەهاتن بۆ سەردانیکردنی، زانیاری بەدەست دەخست و سڵاوی بۆ دەرەوەیش دەنارد. ئەو زانیارییانەی بەدەستی ئەنوەر شاکر دەگەیشت، کە لەهەمانکاتدا بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە وەکو کەسێکی چاودێریش بەسەر زیندانییەکانەوە دایاننابوو، بە زیندانییەکانیشی دەوت. هەرلە سەرەتاوە لە نێوان زیندانییەکان وئەنوەر شاکردا باوەڕییەک هاتبووە ئاراوە. ئەنوەر شاکر رێزێکی زۆری بۆ سەرۆک ئاپۆ هەبوو، هەروەها بەڕێزیشەوە لە تێکۆشانەکەیانی دەڕوانی. ئەنوەر شاکر تێکۆشانی پەکەکەی بە رەوا دەزانی. داوای سەرکەوتنی بۆدەخواستن، هەروەها پێیانیدەوت کە هێزی نێودەوڵەتی بەسانایی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەستبەرداری پەکەکە نابێت و بەدوایەیانەوە دەبێت. زیندانییەکانیش ئەنوەر شاکریان بە کەسێکی کامڵ دەیانبینی و ڕێزیشیان هەبوو بۆ هەڵویست و دڵ گەورەییەکەی، هەردوولایان باوەڕیان بەیەک هێنابوو.

دەنیز چاودێری ئەم ڕەوشەی کردبوو، پێیوابوو دەتوانرێت ئەنوەر شاکر سوودێکیان پێببەخشێت. لەبارەی چارەنووسی هەڤاڵە کچەکانیانەوە کە بردرابوون بۆ دهۆک، بە هەڤاڵەکانی ووت دەتوانین لە ڕێگەی ئەنوەر شاکرەوە زانیاری بەدەست بخەین. لەمبارەیەوە داوای هاوکارییان لە ئەنوەر شاکر دەکرد. مەحمود، جودی، چەکدار و عومەر بە گەرمی پێشوازییان لەم بیرۆکەیەکرد، هەڤاڵەکانی تریشیان ئەم بیرۆکەیەیان پێخراپ نەبوو. حەسەنیان لەم بارەیەوە بێدەنگ مایەوە و تەنها وتی: (چۆنتان پێباشە ئەوەبکەن). کاتێک مەحمود ئەم مژارەی لەلای ئەنوەر شاکر باسکرد، ئەویش بەبێ هیچ دوودڵییەک و هیچ ترسێک پێیوت: ئەوەی لەدەستم بێت دەیکەم.

ئەو ڕۆژانە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بانگی حەسەنیان کرد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی. هەڤاڵەکانی ئەمەیان بە کارێکی ڕۆتینی هەڵسەنگاند و لەمبارەیەوە هیچ گومانێکیان لە حەسەن نەکرد. حەسەن لە ژووری بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە لەگەڵ کەسوکاریدا دێتەدەرەوە. کە دێتە دەرەوە، ئاماژە بە دەست بۆ ئەو هەڤالانەی رادەکێشیت کەلە پەنجەرەی قاوشی ژمارە ٥ وە لەوانیان دەڕوانی و دوایش سواری ئەو ماشێنەبوو کە بۆ هەڵگرتنی ئەم هاتبوو. دەنیز و چەکدار لە پەنجەرەکەوە هاواریان لێکرد و پێیانوت: (هەڤاڵ حەسەن بۆکوێ دەچیت؟، مادام هەردەڕۆیت سڵاوێکی گەرم بگەهێننە بە هەڤالان و باسی ڕەوشی ئێمەیان بۆبکە).

حەسەن بەهیچ شێوەیەکە ئاوڕی لێنەدانەوە. لەگەڵ کەسوکارەکەیدا سواری ماشێنەکە بوون و لە زیندانەکە چوونە دەرەوە. دەنیز و چەکدار سەریان لەم مەسەلەیە دەرنەدەچوو. لەو ڕۆژەوەی هاتبوون بۆ زیندانی ئاکرێ، پەیوەندییەکی تۆکمە و باشیان لەگەڵ حەسەندا هەبوو. لەزۆر حاڵەتی ناخۆشدا حەسەن بەگوێرەی ئەزمونەکانی خۆی سوودی بە هەڤاڵەکانی بەخشی بوو، تەنانەت لە کارەساتی ١٥ی شوباتیشدا بە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکانی خۆی هێز و توانا و مۆراڵی بە هەڤاڵەکانی بەخشی بوو. حەسەن کەسێکی سادەبوو، دڵی کەسی نەدەشکاند. هەندێکجار کە حەسەن لەبارەی هەندێک مەسەلەوە خۆی دوورە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەرێز دەگرت و هیچ سوودێکی نەدەبەخشی، کەچی دەنیز و جودی و چەکدار ڕێزێکی تایبەتیان لێدەگرت، حەسەنیان خۆشدەویست. جودی کێشەی تەندرووستی هەبوو، ئەگەر لەم زیندانە نەفرەتییە دەربچوایە زۆر باشبوو. مەحمودیان زووتر درکی بەم مەسەلەیە کردبوو. مەحمود وتی: (هەڤاڵ چەکدار و دەنیز، ئایا ئێوە نابینن؟، حەسەن بێشەرەفی کرد، ئەو ناچێتەوە بۆناو هەڤالان، ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسوکارەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان، خۆتان هەڵمەخەڵەتێنن).ئەم قسەیەی مەحمود دەنیز و چەکداری تورەکرد، هەربۆیە دەنیز وتی: (هەڤاڵ مەحمود ئاگات لە زمانت بێت، جوان نییە بە حەسەن بڵێیت بێشەرەف، حەسەن کەسێکی ڕاستگۆ و گرێدراوی تێکۆشانە، دڵنیابە دەگەڕێتەوە بۆناو پەکەکە).

دەلیل پۆرسپی و سەیفی گوێیان بۆئەم دیالۆگە گرتبوو، بسکەی سمێڵیان دەهات. جگە لە دەنیز و چەکدار کەسیتریان پێیانوانەبوو حەسەن بگەڕێتەوە ناو پەکەکە. ئەگەر دەنیز و چەکدار کەمێک بەباشی بیریان بکردایەتەوە، دەیانزانی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هەرگیز زیندانییەک نادەنەوە بە کەسوکاریان ئەگەر دڵنیایی ئەوە وەرنەگرن کە چیتر کوڕەکەیان نابێت بگەڕێتەوە ناو پەکەکە، لەهەمانکاتدا ئەگەر زیندانییەک تەسلیمییەتی قەبوڵ نەکردایە نەیاندەهێشت چاوی بە کەسوکارەکەی بکەوێت. دەنیز و چەکدار ئەمەیان دەزانی، بەڵام نەیاندەویست باوەڕ بەوەبکەن حەسەن هەڵیانی خەڵەتاندووە. هەردووکیان ئەوەندەی دیلبوونیان لەبارەی ئەم هەڵخەڵەتاندنەیان ئازاریان دەچێژا. ئەم ڕاستییە تەنها و تەنها من و بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دەمانزانی. حەسەن لەڕێی لیژنەی خاچی سوورەوە هەواڵی بۆ کەسوکارەکەی ناردبوو، داوایکردبوو بێن بە شوێنیدا. دوای ئەم هەواڵ ناردنەی حەسەن بۆ کەسوکارەکەی، کەسوکاری دێن بۆ زیندانەکە و بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەیش مەرجەکانی خۆیانیان پێوتبوون، حەسەنیش مەرجەکانی قەبوڵکردبوو، ئەمە ڕاستی هەموو مەسەلەکە بوو. دوای گەلەکۆمەی ١٥ی شوبات، هەرچەندە حەسەن ڕووبەڕووی داڕمانی دەروونی و هزری ببووەوە، بەڵام ئەمەی نەدرکاندبوو، نەیشی هێشتبوو کەس پێیبزانێت. بەهۆی هەڵویستە جوان و جوامێر و تێکۆشەرییەکەیەوە کە ببووە مایەی باوەڕی، ئەم تەسلیمبوونەوەی بەو شێوەیە دڵی هەڤاڵەکانی بریندار کردبوو. دەنیز

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێیوابوو هەڵخەڵەتێنراوون. ئەم مەسەلەیە کاریگەرییەکی زۆری خستبووە سەر چەکدار، بەمشێوەیە زیاتر و زیاتر ناڕەحەتییان بۆدروست دەبوو.
هەفتەیەک بەسەر دڵشکاوییەکەی زیندانی قاوشی ژمارە ٥ تێپەڕیبوو، کەبەهۆی تەسلیم بوونەوەی حەسەن توشی ببوون. رۆژی چوارشەممە کە ئەنوەر شاکر چوو بۆ دیدەنی کەسوکاری، دوای گەڕانەوەی وتی: کە هەواڵی تازەی بۆ زیندانییەکان هێناوە. لەکاتی نانخواردنی ئێوارە بەیەکەوە قسەیان کرد. سەرەتا ئەنوەر شاکر باسی لە رەوشی سیاسی ناوچەکە کرد. دەیوت پەکەکە پابەندی بڕیارەکانی سەرۆکەکەیان بوونە و لە یەکی ئەیلوولەوە هێزی گەریلا لە تورکیا پاشەکشێ پێدەکەن. ئەنوەر شاکر دەیوت دیالۆگی سیاسی لەنێوان لایەنەکان هاتۆتە ئاراوە. بەگوێرەی قسەکانی ئەو، هێزی گەریلا لە کەمپەکانی باشوری کوردستان جێگیردەکرێن و هەروەها گرووپێک لە گەریلا بۆ نیشاندانی نییەت پاکییان خۆیان رادەستی تورکیا دەکەنەوە، هەروەها گرووپێکیش لە پەکەکە لە ئەورووپاوە دەگەڕێنەوە بۆ تورکیا. ئەنوەر شاکر ووردەکاری ئەم مژارانەی نەدەزانی. لە ئاکامدا ئەنوەر شاکر باسی لە گەریلا کچەکان کرد کە بردبویانن بۆ دهۆک، لەمبارەیەوە وتی: (هاوڕێیان، هەفتەی رابردوو لەم بارەیەوە هەواڵم بۆ چەند ناسیاوێکم ناردبوو کەلەم بارەیەوە زانیاری بەدەست بخەن، ئەو هەڤاڵە کچانەی براون بۆ دهۆک، هەموویان تەسلیمییەتیان قەبوڵ کردووە، هاجەریان ئێستا لە خەستەخانەی دهۆک کاردەکات، رەیحان و بەهار شوویان بەو پێشمەرگانەی پەدەکە کردووە کە لە پەکەکە پەشیمانیان کردوونەتەوە، هەروەها ئەوانەی تریش شوویان بەکەسی تر کردووە، بەواتایەک کەسێک بەناوی گەریلای کچانەوە نەماوە کە بەرخۆدان بکات، بەڵام لە زیندانی دهۆک نزیکەی ٢٠ زیندانی کوڕی سەر بەئێوە هەیە کەلەناو بەرخۆداندان، بەگوێرەی رەوشی ئێرە، رەوشی ئەو زیندانییە باشترە، رادیۆشیان هەیە، ئەمە هەموو ئەو زانیارییە کە بەدەستم گەیشتووە).
مەحمود بەناوی هەڤاڵەکانییەوەی سوپاسی ئەنوەر شاکری کرد. عومەریان لەبارەی تەسلیم بوونەوەی رەیحان و بەهارەوە و بەتایبەتی شوکردنیان کەمێک دوودڵ بوو، ئەگەرچی نەیویستبێت باوەڕیش بکات، بەڵام دەیزانی ئەنوەر شاکر هەروا بە ئاسانی درۆیان لەگەڵ ناکات. ئەم هەواڵە ئەوەندەی تەسلیمبوونەوەکەی حەسەن ئازاریانیدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای ڕووداوی ١٥ی شوبات، گەلی باشوری کوردستان نارەزاییان لەهەمبەر دەزگا مێدیاکانی پەدەکە نیشاندابوو کە دژ بە پەکەکە هەواڵ بڵاودەکەنەوە، بەڵام دەزگا مێدیاکانی پەدەکە، زمانی ڕاگەیاندنیان لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٩وە لەهەمبەر پەکەکە گۆڕابوو. لێرە بەدواوە ڕادیۆکانی پەدەکە لەهەمبەر پەکەکە پروپاگەندەی چەواشەکارییەکانی زیاتر کردبوو. لە هەواڵەکانیاندا دەیانوت پەکەکە بڵاوەیان کردووە و هەڵاتن و ڕاکردن لەناویاندا زیادی کردووە و هەندێک لە بەرپرسیارانی پەکەکە هەڵاتوون بۆ ئەوروپا و هەندێکیان بۆ ڕووسیا و تیاشیاندا هەیە پەنای بۆ ئێران بردووە. زیندانییەکان باوەڕیان بەم جۆرە هەواڵانەی مێدیاکانی پەدەکە نەبوو، هەربۆیە سەرزەنشتی پەدەکەیان دەکرد. زیندانییەکان بۆنەوەی لەوە زیاتر گوێیان لە درۆی ڕۆژانە و چەواشەکاری و بێڕێزی و درۆکانی پەدەکە نەبێت، بەکۆی دەنگ بۆئەوەی جارێکی تر گوێیان لە ڕادیۆی پەدەکە نەبێتەوە لە ریشەوە وایەری بڵندگۆکەیان دەرهێنا و پچڕاند.

هەمان ئەو ڕۆژانە، مولازم ئاشور بە زیندانییەکانی وت کە چەند کەسێک لە ناوچەی زاوێتە هاتوون و دەیانەوێت چاویان بە ئێوە بکەوێت، دوای ئەم قسەیە زیندانییەکان هۆکاری پروپاگەندە ڕەش و چەواشەکارییەکانی دەزگا مێدیاکانی پەدەکەیان بۆدەرکەوت. لەمبارەیەوە هەڤاڵ جودیان دەیوت دیلکردنی سەرۆکیان و بڕیاری لە سێدارەدانی سەرۆکەکەیان و بڕیاری پاشەکشێ لە تورکیا و هەموو ئەو ڕەوشە نالەبارەی لە ئاکامی هەموو ئەمانەدا هاتوونەتە ئاراوە، پەدەکە دەیەوێت بۆ ئەمان و تەسلیمیەتی پەکەکە بەکار بهێنێت و هەربۆیە لە هەموو لایەکەوە هێرش بۆسەر پەکەکەیان ئەنجامداوە. ئەنوەر شاکریش وەکو کەسێک لە دەرەوەی بازنەی ئەم ڕووداوانە، پێیوابوو لەحاڵی حازرییدا پەکەکە نازانێت چی بکات و چارەسەری پێ نییە و لەناو ڕەوشێکی پەرتەوازەدایە و پەدەکەیش دەیەوێت سوود لەم ڕەوشە وەربگرێت. زیندانییەکانیش هاوبیری ئەم بۆچونەی ئەنوەر شاکر بوون.

هەرچەندە کەمپەکە ناوی زاوێتە بوو، بەهۆی ناوی شارۆچکەکەوە ئەوناوەیان نابوو. بەگوێرەی قسەکانی ئەنوەر شاکر، هەرچەندە کەمپەکە لەژێر دەسەڵاتی پەدەکەدایە، بەڵام خەرجییەکەی لەلایەن تورکیاوە لە ئەستۆ گیراوە. لەمبارەیەوە ئەنوەر شاکر خاوەن زانیاری و بەڵگەی موتڵەق بوو. ئاشکرا و زانراوبوو کە ئەم کەمپە لە ژێر کۆنترۆڵی میتی تورکدایە. ئەم کەمپە لە ساڵی ١٩٩٧وە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دروستکرابوو، ئەوانەی لەناو هێزەکانی پەکەکەوە هەڵاتبوون و خۆیان بە پەدەکە رادەستکردبوو، لەم کەمپە جێگیردەکران. ئەو کەسانە لەژێر چاودێری میتی تورک، لەم کەمپە مەشقیان پێدەکرا و لەهەمبەر پەکەکە شەڕیان پێدەکرا و وەک کۆنتراگەریلا بەکاریان دەهێنان. ئەوانەی لەم کەمپە مەشقیان پێدەکرا، لە ئۆپەراسیۆنەکاندا پێشڕەویان بۆ پێشمەرگەکانی پەدەکە دەکرد. دەسەڵاتدارانی پەدەکە دووقات لە چاو پێشمەرگەی سادە موچەی بەمجۆرە کەسانە دەدا. لەلایەکی تریشەوە ئەم کەمپە لەڕێی ئەو کۆنتر گەریلایانەوە کرابوو بە شوێنی مەشقی سەربازی گەنجانی باشوری کوردستان کە پەدەکە سەرپەرشتییانی دەکرد. میتی تورک، لەڕێی پەدەکەوە، دەیتوانی سوودێکی باش لەوانە ببینێت کە پەدەکە تەسلیمبوونیانی بەسەریاندا دەسەپاند و بەکاریانی دەهێنا. لەناو ئەو گرووپی کۆنتراگەریلا و تەسلیمبوانەدا گرووپێکیان پێکهێنابوو بۆئەوەی سەردانی زیندانییانی زیندانی ئاکرێ بکەن و زۆریان لێبکەن، یان هەڵیانخەڵەتێنن تاکو تەسلیمییەت قەبوڵ بکەن.

بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، یەک بەیەک بانگی زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ یانکرد تاکو لەگەڵ گرووپی کەمپی زاوێتە یەکتر ببینن. ئەم دیدارە لە ژوورەکەی مولازم ئاشور ئەنجامدرا. ئەو سێ کەسەی لە زاوێتەوە هاتبوون، بە کورتی بە زیندانییەکانیان وتبوو (چەندین ساڵە بە شێوەیەکی چاونەترسانە تێکۆشاون، بێگومان کەسانی فیداکارن، رێزمان هەیە بۆ خەبات و خۆڕاگریتان، بەڵام لەدەرەوە زۆرشت گۆڕاوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە راستییەکان ببینن، ئاپۆ دیلکراوە، پەکەکە بێ سەرۆک ماوەتەوە و کەمی ماوە پەرشوبڵاو ببێتەوە، لەجیاتی ئەوەی گەنجایەتی خۆتان لەم زیندانە دەڕزێنن، دەتوانن بەشداری ناو ریزەکانی پەدەکە ببن و بەردەوامی بدەن بە خەباتی خۆتان بۆ گەلی کورد، ئەمە نە تەسلیمییەتە و نە خیانەتیشە، رەدکردنەوەی ئەم خواستە عینادییەکی بێمانایە، لەکاتێکدا پەدەکە هەموو دەرفەتێک بۆ تێکۆشان بەرجەستە دەکات، ئیتر بۆچی بەناوی بەرخودانکردن و تێکۆشانەوە ژیانی خۆتان ناڕەحەت دەکەن و خۆتان دەخەنە ناو گێژاوەوە، ئەمە جگە لە بێ ئەقڵی شتێکی تر نییە).

هەڵوێستی زیندانییەکان بە کورتی بەمشێوەیە بووە کە باوەڕییەکی تەواویان بە سەرۆک ئاپۆیان و حزبەکەیان هەیە و پێیانیان وتووە هەرگیز پشت لە سەرۆک و پەکەکە ناکەن و ئەو تەسلیمییەتەی ئێستا بەسەریاندا دەسەپێنن بەهیچ شێوەیەک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قەبوڵی ناکەن. ئەوان لەو باوەڕەدابوون کە نابن بە سەربازی هێزێکی خیانەتکاری وەک پەدەکە. شتێکی چاوەڕنەکرابوو کە تەنانەت هەڵوێستێکی وا لە دەلیل پۆرسپی و جەمال و کامەران بوەشێتەوە، ئەمە مەحاڵێکی جوامێرانەی بۆ مەحاڵ بوو.

ئەوانەی لە کەمپی زاوێتەوە هاتبوون، دەستیان لە زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ شۆری و ئەمجارەیان رووبانکردە زیندانییانی قاوشی ژمارە٦. ئەم داخوازییەی هاتووانی کەمپی زاوێتە، لەلایەن سەلیم قامیشلۆ، شۆڕش ئامەد، دژوار ئامەد، سەفقان نورهەق، جەهیونە تورک و بارزانەوە راستەوخۆ قەبوڵ کرابوو. پێیانیانوتبوو وەیسی کە گەنجێک بوو لە زیندانییانی پەکەکە، کەلە ساڵی ١٩٩٨وە خۆی رادەست کردبوو، ئەویش لە کەمپی زاوێتەدایە، هەروەها پێیانیان وتبوو ئەوانەی ئەم تەکلیفەمان قەبوڵ دەکات، دەبرێت لەگەڵ وەیسی دەستبەکار دەبێت.

چەکدار بەبێ ئەوەی سەری بەرزبکاتەوە، بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێت وەڵامێکی چۆنی هەبێت. لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧وە، کەچاوی بە دەنیز کەوتبوو هەتا ئەمڕۆ، هیچ شتێکی لە دەنیز نەشاردبووەوە، ئێستایش بەتەما نەبوو هیچی لێبشارێتەوە. پێیوت (هەڤاڵ دەنیز، لەکۆنەوە هەتا ئەمڕۆ لەئاستی تۆدا راستگۆ بوومە و هیچم لێتنەشاردووەتەوە، ئێستایش راشکاودەبم، کەلەخۆم دەڕوانم لەنێوان دوو دونیادام، وەکو پێشوتریش هێنابوومە زمان، من بەهۆی رووکەنەوە بەشداری ناو شۆڕش بووم، بڕیارێکی موتڵەقمدا، بەڵام ئەوکاتەیش چاوم هەر لەسەر ڕێی رووکەن بوو، بەڵام رووکەن نەهات، ئەوکاتەی دیل کەوتم، کە بیرم لە رابردوومکردەوە، رووکەن کەوتەوە بەرچاوم، داوای گەڕانەوەم لێدەکات، من هەستدەکەم دەیەوێت بگەڕێمەوە)، دەنیز پێیوت (چۆن بانگت دەکات؟)، (کە دەڵێم رووکەن زیاتر مەبەستم خانەوادەیە، مەبەستم ئەو ژیانەیە کە جێمهێشتووە، ئێستا تێدەگەم، ئەگەر بە ڕێککەوت لەناو ماشێنەکە تۆم نەناسییایە لەوانەبوو لە مێژوەبووبێت هەواڵم بۆ کەسوکارم بناردایە بێن بە شوێنمدا و ئێرە و ئێوەم جێهێشتبوو، منت لەناو بازنەی بەرخۆدان هێشتەوە، بێشک شیمالیش هەمانشێوە).

چەکدار هەڵوێستەیەکی کرد، سەری هەڵبڕی تەماشای دەنیزی کرد، هەستی بە بێتاقەتی و شەرم دەکرد، دەموچاو و تەنانەت گوێچکەکانیشی لە شەرماندا سوور

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵگەڕابوون. جارێکی تر وتی: (واهەستدەکەم حەوسەڵەی ئێرەم نەماوە، پێشی خۆم نابینم، سەرۆکمان بە دیلی گیراوە، بزووتنەوەکەمان نازانن چۆن ڕەوتێک پەیڕەو بکەن، نایشزانین چەنێکی تر لێرە دەمێنینەوە، نایشزانین چەنێکی تر بەرخۆدان دەکەین یان نایکەین، هەستدەکەم لە هەموولایەکەوە گەمارۆ دراوم، بەتایبەتی دوای تەسلیمبوونی حەسەن .....)، خەریک بوو دەست بکات بەگریان، خۆیشی نەیدەزانی چیدەڵێت و مەبەستی چییە، لە پاشاندا وتی: (دوای تەسلیمبوونی حەسەن، بیرم کردەوە هەواڵ بە کەسوکارم بنێرم تاکو بێن و لێرە ڕزگارم بکەن)، دەنیز پرسی (هەواڵ بۆ کەسوکارەکەت دەنێریت؟)، ئەویش وتی: (نازانم هەڤاڵ، ناتوانم بڕیار بدەم، دەستبەردابوون و هەڵاتن لەبەرەی تێکۆشانەوە ئەو ڕەنجەی داومانە و لەبارەی ئازارەکانمانەوە ڕاست و درووست نییە، ئەمە لەهەمان کاتیشدا بێڕێزییە بەرامبەر ڕەنج و وەفا و فیداکارییەکانم، ئایا دەتوانم بمێنمەوە یاننا؟، ئەمەیان نازانم، بەڵێ لەوناوبەینە ماومەتەوە، بەڕاستی سەختە هەڤاڵ گیان بەڕاستی سەختە).

ئەم قسانەی چەکدار کە بەشەرمییەکەوە هێنابوویە زمان، بێ هیوایی و بێ بڕیارییەکی پێوە دیاربوو. دەنیز درکی بەم حاڵەتە کردبوو. دەنیز لە مێشکی خۆیدا ئەم مەسەلەیەی چەندینجار هێنا و برد. دەبوایە کارێکی بکردایە کە چەکداری لەناو بازنەی بەرخۆدان بهێشتایەتەوە. هۆکاری پەرشوبڵاوی و گۆشەگیرییان و دیلبوونی سەرۆکەکەیان و ئەو ڕووداوانەی بەسەریاندا هاتووە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کۆتایی بە ووزەیان دەهێنا. ئەمەیش ببووە هۆکاری هەڵوەرینیان. ئەگەر دەنیز چارەیەکی بۆ ئەم مەسەلەیە نەدۆزیایەتەوە، نەیدەتوانی چەکدار لەناو بازنەی بەرخۆدان ڕابگرێت. دەنیز نەیدەزانی لەکوێوە دەست بە قسە بکات بۆ چەکدار!، ئەوەی چەکداری لە بەرخۆدان پاشگەز کردبووەوە، بێشک کردەوەکەی حەسەن بوو، دەنیز بە چەکداری وت (ئەوەی حەسەن کردی، بێشک دووڕووی و بێ شەرەفی بوو، منیشی بریندار کرد، وەکو خۆتیش بینیت سەرەتا باوەڕم بەم مەسەلەیە نەکرد، دەتوانم بڵێم ئەم ڕەوشە ناڕەحەتترین ڕەوشی ژیانم بووە، بەڵام هەڤاڵ چەکدار، وەک خۆتیش دەزانیت مەسەلە ، مەسەلەی کەسایەتی تاک نییە، تەنانەت مەسەلەی ڕزگاربونیشمان نییە لێرەدا، جەوهەری مەسەلەکە، مەسەلەی نێوان تەسلیمییەت و بەرخودانە، مەسەلەی هێڵی نێوان ڕەسەن و ناڕەسەنییە، مەسەلە، مەسەلەی ئەوەیە ئایا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێمەمانان چەندێک دەتوانین نوێنەرایەتی و خاوەنداریێتی لە هێڵی بەرخۆدان و شەرەف بکەین).
دوای ئەم قسانەی دەنیز، چەکدار کەمێکیش بووبێت هۆشی هاتەوەسەر خۆی. چەکدار دەیتوانی بەسەر نارەحەتییەکاندا زاڵ ببێت. لەبارەی بیر رەوشتی پەدەکە و سیاسەتە چەپەڵەکانییەوە چەکدار چەند شتێکی دەزانی، بەڵام دەنیز پێیوت (دەبێت ئەوە قەبوڵ بکەین کەلە نێوان کەسایەتی و رووحماندا هێڵێک هەیە، پەدەکە دەیەوێت لە کەسایەتیماندا شۆڕشگێڕێتی نەهێڵێت، ئەگەر تاکە کەسێکیشمان بمێنێت نابێت رێگە بەوەبدات کە بەیداخی بەرخودانمان بێتە خوارەوە، ئەمە زۆر گرنگە، پەدەکە درک بەمە دەکەن، هەربۆیە دواجار بیریان لەوە کردەوە کە چەند کەسانێکی خۆفرۆش بنێرنە لامان و ویستیان ئێمەیش وەک ئەوان خۆمان بفرۆشین، ئەوان دەزانن پێویستییان بە چەند کەسێکی وەک ئێمە نییە، ئامانجیان ئەوەیە سەنگەر بگوازینەوە، واتا لە خەباتەوە سەنگەر بگۆڕین بۆ خیانەت، ئەمە ستراتیژی ئەوانە).
چەکدار زۆر بە جدی گوێی بۆ دەنیز رادێرابوو، جارناجارێک چەکدار سەری بۆ بادەدا و قەبوڵی خۆی بۆ قسەکانی دەنیز دەردەبڕی. دەنیز وتی: (بزووتنەوەکەمان بە هەڵوێستە جوانەکانی لەبارەی بەرخۆدان و جوامێرییەکی خۆیەوە و بە سوور بوون لە هێڵە شۆڕشگێڕییەکەی خۆیەوە گەیشتووەتە ئەم ئاستە، بۆئەوەی ببیت بە نموونەی ئەم ئاست و هێڵ و رێبازە، دەبێت ئاوڕ لە بەرخۆدانی زیندانی ئامەد و مەزلوم دۆغان و فەرهاد کورتای و کەمال پیر و زیندانییانی تر بدەینەوە کەچۆن خۆیان کرد بە قوربانی ئێمە و گەل و شۆڕش، هەربەخۆڕایی دەستیان نەکرد بە مانگرتنی مردن لە ١٤ی تەممووز، ئەوان دەیانویست لەم رێیەوە کەرامەت و شکۆمەندی مرۆڤایەتی بپارێزن، ئێمە ناتوانین تەنها ئاوڕ لە خۆمان بدەینەوە، دەبێت ئاوڕ لەو نرخ و بەهایانە بدەینەوە کە ئێستا ئێمەمانان نوێنەرایەتییان دەکەین، ئێمە بەرپرسین لەهەمبەر ئەو رەنج و بەرخودانەی ئەوان و بەتایبەتی گەل، نابێت لە کەسایەتی خۆماندا رێگە بدەین کە ئەوانیش بەخۆمانەوە رووبەڕووی داڕوخان بکەین، نامەوێت باسی مێژووی پەدەکەت بۆبکەم کە چۆن بوونە بە خەنجەر بەسەر پشتی گەلی کوردەوە، هەرچۆنێک بێت ماوەی سێ ساڵە لەم زیندانە باسی ئەم مەسەلانەمان کردووە، خۆت باش دەزانیت پەدەکە نەفرەت لە وانەیش دەکات کە بەرخۆدان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەکەن، ئەوانەی بەرخۆدانیان کرد، لە هەولێر و ئاڤەشین، بینیت چۆن کۆمەڵکوژ کران بەهۆی بەرخودانیانەوە، لەڕاستیدا پەدەکە دەیتوانی بەبێ هیچ هەلومەرجێک ئێمە ئازاد بکات، بەڵام ئاخ و ئاخ، وشەی دەستبەردابوون لە بەرخۆدان، پەدەکە دەیویست گوێداری ووشەی دەستبەردار بێت لە تێکۆشان، ئەمە دێرێکی ئاسانە بەلای ئەوانەوە، بەڵێ ئەم دێڕە سەرکەوتنی ئەوانە، ئەوان دەیانەوێت کەلێنێک لەنێوان ئەو کەسانە بکەنەوە کە بەرخۆدان دەکەن، دەیانەوێت لەکەیەکییان پێوە بکەن، دەیانەوێت ئەوجۆرە کەسانە کەسایەتییان بڕوشێت، ئەمە دەردی پەدەکەیە).

قسەکانی دەنیز کاریگەری کردبووە سەر چەکدار، هێور..هێور دەستی کرد بە گریان. ئەو ئەندێشە و خەم و پەژارەیەی کە چەندین مانگ بوو لە ناخیدا هەڵیانگرتبوو، بە هەڵڕشتنی فرمێسکەکانی چاوی خامۆشی کردبوون. دەنیز پێیوتبوو، (هەڤاڵ قسەیەک هەیە دەڵێت مردن یان ژیان، مەسەلەی ئەمڕۆی ئێمەیش بە هەمانشێوەیە. ئێمە هەرگیز بێریتانەکان و سالحەکان و هێلینەکان و دیجلەکان لەیاد ناکەین کە هەتا دوا فیشەک شەڕیان کرد، ئەو ماهیرانە لەیاد ناکەین کەبە بەرد مێشکیانیان پانکردەوە، ئەو ئۆزانە لەیاد ناکەین بۆنەوەی نەکەوێتە دەستی پێشمەرگەکانی پەدەکە بۆمباکەی بەخۆیدا تەقاندەوە، ئایا تۆ دەتوانیت شیمال لەیاد بکەیت؟، هەڤاڵ گیان شتێک هەیە پێیدەڵێن ویژدان کە دەستبەرداری مرۆڤ نابێت، بە کورتی دەڵێم ئەو هێزەی بە هەموو شێوەیەکی دڕاندانە خۆی دەنوێنێت و هەڤاڵانیشمان کە هەندێکیان ئەمەیان بە ڕەوابینی و کەوتنە دوایان و خۆیانیان تەسلیم کرد، دەبێت بەهیچ شێوەیەک بیرلەمانە نەکەینەوە، هەڤاڵ گیان پێویستە هۆشت بهێنیتەوە سەرخۆت).

دەنیز ئەفرەتییەکی گەورەی هەبوو لەهەمبەر پەدەکە، ئەوکاتەی باسی لە پەدەکە دەکرد ئەگەر بە دەستی بوایە هەزار قسەی ناشرینیانی پێدەوت، بەڵام ئێستا لەبەرخاتری چەکدار هێمنانە باسی لە پەدەکە دەکرد. دەنیز دەیویست بەبێ ئەوەی هەستی بڕوشێنێت و هەستی بریندار بکات گرێیبداتەوە بە بەرخۆدانەوە. دەنیز دەیزانی ئەگەر فورسایی بخاتەسەر چەکدار، لەبەرئەوەی لایەنی نییەت پاکی و ڕاستگۆیی چەکدار لە لووتکەدایە، هەربۆیە بە میهرەبانییەوە قسەی لەگەڵ کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەكدار فرمێسكەكانی چاوی سڕی و هەناسەیەكی هەڵكێشا، ئینجا بە دەنیزی وت (ڕاستدەكەیت هەڤاڵ، من ناتوانم پشت لە بەها بەنرخەكان بكەم و بژیم).
چەكدار هەناسە سواربوو، ئاسودە ببوو بە هەڤاڵێكی وتبوو كە ناڕەحەتی دەچێژێت، هەتا پێیبكرایە بەرخۆدانی دەكرد.
گوتەی ئەوەی (هەتا پێمبكرێت بەرخۆدان دەكەم)، سەرنجی دەنیزی ڕاكێشابوو، ئەمە قسەیەك بوو كە لە پشتەوە دەرگایەكی بۆخۆی واڵا كردبوو. نەدەكرا لەوە زیاتر سەربخرێتە سەر چەكدار، ئەوكاتەی كەمێك چەكدار هۆشی هاتەوەسەرخۆی، بە دەنیزی وت (هەڤاڵ دەنیز، زۆرێك لە هەڤاڵانی ئێرە، بڕیاری قەرارییان پێوەدیارە، بەڵام نایدركێنن، دڵنیام زۆرینەیان ناتوانن هەتا سەر بەرخۆدان بكەن، جگە لە تۆ و چەند كەسێك ئەوانەی تر هەتاسەر خۆڕاگرییان پێناكرێت)، دوای ئەم قسانەی باسی لەو كاتە كرد كەبەیەكەوە دیل گیرابوون، باسی لە یادی دەستگیربوونەكەیانی كرد كەلەچی ڕەوشێكدابوونە. باسی لەوە كرد كە دەبێت هەموو ئەم یاد و ڕەوشە و سەرگوزەشتانە بنوسرێنەوە. تەنانەت لە نێوان خۆیاندا باسیان لەناوی كتێبەكەیش كرد. ئەوكاتەی دەلیل پۆرسپی بینی كە هەردووكیان بە گەرمی قسە دەكەن چووە پەنایانەوە، ئەوكاتەی دەلیل پۆرسپی لەلایان دانیشت، ڕاستەوخۆ وتی: (خێرە، ئەوەندە بە گەرمی و بە جۆشوخرۆشییەوە قسە دەكەن؟)، لە ڕاستیدا چەكدار زۆر بە هەیەجان و جۆشوخرۆش بوو، چەكدار وتی: (هەڤاڵ دەلیل، باس لەوە دەكەین، ئەوكاتەی هەڤاڵان، ئێمە لێرە ڕزگار دەكەن و ئازاد دەبین، پێمانباشە لێرە یادەوەرییەكانمان بنوسینەوە و بیكەین بە كتێب، دەبێت لە ئێستاوە مێشكی خۆمان بۆ ئەم مەبەستە بخەینە كار)، دەلیلیش وتی: (سەری خۆتان بەم شتە لاوەكییانە مەهێشێنن، پەكەكە ئاگای لە ئێمە نییە، لە دێرزەمانەوەیە ئێمەیان لەبیرچووەتەوە)، ئەم قسانەی دەلیل، بووە هۆكاری ئەوەی ئەو سامانەی لە مێشكی خۆیاندا دروستیانكردبوو، ببێت بە هەور و باهۆز، وەكو ئەوە وابوو سەتڵێك ئاوی ساردیان كردبێتە بان سەریان. دەنیز بیری لە چەكدار كردەوە و بۆ وەڵامی قسەكانی دەلیل وتی: (هیوادارم تۆخۆت پەكەكە لە یاد نەكەی، پەكەكە هەرگیز تۆ لەیاد ناكات، هیچ بزووتنەوەیەك ئەوەندەی بزووتنەوەی ئێمە هەڤاڵی خۆی لەیاد نییە، هەرگیز هەڤاڵی خۆی لەبیرناچێتەوە، گرنگ ئەوەیە ئێمەیش خاوەندارێتی لە بزووتنەوەكەمان بكەین، كەباس لە پەكەكە دەكەین، بەمانای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەواو باس لەخۆمان دەکەین، چونکە ئێمە پەکەکەین، پەکەکە من و تۆ و هەموومانین، ئەگەر ئێمە باوەش بەیەکدا بکەین و بەرخۆدان بکەین و پەکەکە لەیاد نەکەین، هەرگیز پەکەکە ئێمە لەیاد ناکات).

دەلیل ئەم قسانەی دەنیزی بەدڵنەبوو، چارەیدا بەیەکدا، هەتا دەنیز قسەی بکردایە، دەلیل زیاتر سوور هەڵدەگەڕا، لە ئاکامدا خۆی پێڕانەگیرا، وتی: (پێویست ناکات فێرم بکەیت پەکەکە چییە، لەتۆ زیاتر دەزانم پەکەکە چییە)، لە ئاکامدا لەلایان هەڵسا و چووەوە شوێنەکەی خۆی و تەنانەت مۆڕەی لێکردن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ۲۰

#ساڵی پڕ لە بەرەکەتی پیاز

قسەکانی دەنیز و قسەوباسەکانی نێوانیان کاریگەری پۆزەتیفانەی خستە سەر چەکدار. ئەگەر وەکو پێشویش نەبێت، چەکدار کەمێک هۆشی هاتبووە بەرخۆی. ئەو بەنیاز نەبوو بیشارێتەوە  نارەحەتی دەچێژێت. بەتایبەتی چوبوونە ساڵی نوێوە، لە نێوان ئەم چوار دیوارەدا سێ ساڵیان تێپەڕاندبوو. بەڵام ئەم ساڵیان جیاواز بوو، سەدەی هەزار ساڵ کۆتایی پێدەهات. دەچوونە ناو هەزارەی ساڵی تازەوە، واتا ساڵی ۲۰۰۰. ئەوان لە چاوەڕوانی ئەوەدا نەبوون، لە زیندانەوە پێشوازی لە ساڵی ۲۰۰۰ بکەن. ئایا ئەوان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد تەمەنی خۆیان لە پێناو شۆڕش بە دیلی و لەناو زیندانڈا بەسەر ببەن؟. مەراقی ئەوەیان بوو ئایا ئەم ساڵی دووهەزارە چۆن پێشوازییان لێدەکات؟!. چەکدار بیری لە رووکەن دەکردەوە، ئەو پێیوابوو لە وانەیە لەم ساڵە دووهەزارەیەدا، شووی کردبێت و مێرد و منداڵەکانی بۆ ئەم ساڵی ۲۰۰۰هەزارە، ئاهەنگیان بۆکردبێت و دیاریشیان بۆ کڕیبێت و ئەویش بەمە بەختەوەر بووبێت.

سبەی دەچوونە ساڵی دووهەزارەوە. ۱۸زیندانی قاوشی ژمارە ٥، هەندێکیان دانیشتوون و لەنێوان خۆیاندا قسەدەکەن و هەندێکیشیان لەناو قاوشەکە پیاسەیان دەکرد. نازانرێت بەهۆی ساڵی تازەوە بوو یاننا، ئەم ساڵ ساردی کردبوو، زۆرینەی زیندانییەکان سەرمایان بوو. بەگوێرەی تەمەن و ئەزمونیان، هۆکاری ئەم سەرما بوونەیان بەهۆی لاوازی جەستەیانەوەیە، ئەگەر پیاسەیان لەناو قاوشەکە بکردایە گەرمیان دەبووەوە. بەهۆی هاتنی ساڵی دووهەزارەوە، جودی بیرۆکەیەکی بۆهات. بانگی ئەوانەی کرد کەلەناو قاوشەکە پیاسەیان دەکرد، بە هەموویانی وت (هەڤاڵان، مادام دەچینە ساڵی دووهەزارەوە، پێویستە شتێکی جیاوازتر بکەین، دەبێت شتێک بکەین ئەمڕۆمان لەیاد نەچێتەوە، ئەمەوێت پێتانبڵێم پیاز ئامادەبکەین و بیخەینە ناو نانەوە و وەکو لەفە بیپێچینەوە، کاتژمێر ۱۲ی شەو دەست بکەین بە خواردنی، ئەمە کارێکە لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دونیادا جگە لە ئێمە ئەم شەو کەس نایکات، خۆتان دەزانن هیچمان لەدەست نایەت، وەک دەزانن تەنها پیاز شک دەبەین).

هەڤاڵانی جودی بەم بیرۆکەیە پێکەنین و لەهەمانکاتدا پشتگیریشی بوون. دوای ماوەیەک نان و پیازەکانیان ئامادەکرد. چەکدار پیازێکی گەورەی هەڵبژارد و خستییە دووتۆی نانێکەوە. چاوەڕێی هاتنی کاتژمێر ١٢ی شەو بوون. جودی دەستی کرد بە ژماردنی چرکەی کاتژمێر و وتی: ٧و٨و٩و١٠ و کە کات تەواوبوو، وتی: (سفرە و نۆشی گیانتان بێت هەڤاڵان).هەموویان بەیەکەوە دەستیانکرد بە خرمە خرمی خواردنی نان و پیازەکە. لە هەمانکاتدا بەیەکیان دەوت (ساڵێکی بەختەوەر)، کەمال بۆ ئەوەی ئەم کەشوهەوایە خۆشتر بکات، وتی: (دوو زازا، یەکێکیان بەوی تری وت، کە دەچیت بۆ بەهەشت داوای چی لە خودا دەکەیت؟، ئەویتریان وتی:، پرسیاری تەڕە پیاز دەکەم، ئەویتریشیان وتی:، ئەی باشە چیت جێهێشتووە هەتا ئەم قسەیە بکەیت؟، باسی لە سەرگوزەشتەیەک کرد، باسی لە مردنی ئەو کوردە کرد کاتێک چووەتە ناو بێستانەکەوە و مردووە، گوندنشینەکان لە دەوری مردووەکە گردبوونەتەوە، بینیان مردووەکە بۆ خۆراکی خۆی نان و پیازی هەڵگرتووە، گوندنشیەکان وتویانە، پیازی زۆربووە بۆچی مردووە؟)، ئەم سەرگوزەشتانەی نان و پیاز کەمێکیش بووبێت خۆشی پێبەخشیبوون. بە خەندەوە پێشوازییان لە ساڵی نوێ دەکرد. جارێکی تر جودی پێشنیارێکی تری هەبوو. جودی وتی: (نان و پیازمان خوارد، نۆشی گیانمان بێت، وەک دەزانن لەگەڵ سەرۆکایەتیمان دەچینەوە ساڵی تازەوە). کەباسی لە سەرۆکایەتییانی کرد، هەموویان غەمبار بوون، دەیانزانی سەرۆکایەتییان لە ژوورێکی تاکە کەسیدایە و بە تەنیایە. جودی جارێکی تر وتی: (دەبێت لەگەڵ سەرۆکایەتی و بە رۆحی ئەوەوە بچینە ناو ساڵی نوێوە، قسەیەک هەیە دەڵێت چۆن دەچیتە شەوی سەری ساڵەوە ئەو ساڵە بەوشێوەیە بەڕێدەکەیت، هەربۆیە دەبێت ئێمەیش لەگەڵ سەرۆک ئاپۆدا بچینە ساڵی تازەوە بۆئەوەی هەتا ژیان هەبێت لەگەڵ ئەودا بمێنینەوە، هەڤاڵ دەنیز لەلای سەرۆک ئاپۆ ماوەتەوە، دەمەوێت باسی ئەوەمان بۆ بکات کەچۆن یەکەمجار چاوی کەوت بە سەرۆک ئاپۆ).

دەنیز درکی بەوەکرد کە چاویان خستۆتە سەر ئەو. ئەویش لە چەکداری دەڕوانی. هەستی بە هەستێکی نامۆ دەکرد. ماوەی سێ ساڵ ئەو یادەوەرییانەی نەهێنابووە زمان، پێشوتر چەندینجار لەمبارەیەوە باسی یادگاری خۆی کردبوو،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڵام ئێستا بەهۆی سەری ساڵی نوێ داوایان دەکرد یادەوەرییەک بگێڕێتەوە. بێشک قسەی بۆیان دەکرد، دەنیز چەند کۆکینێکی کرد، دوایش وتی: (سەری ساڵی نوێی ٢٠٠٠، بۆمن جیاوازی خۆی هەیە، ئەوکاتەی لەساڵی ١٩٩٦ هاتمە ناو پەکەکەوە، دروشمی ئەم قۆناغە گفتی سەرۆکایەتی بوو، بێشک ساڵی ٢٠٠٠، دەبێتە ساڵی چارەسەری، هەموومان لە چاوەڕوانی ئەوەداین کەلەم ساڵەدا ئەم کێشەیە چارەسەر ببێت، لە ئەوروپا ٣٨ هەڤاڵ بووین و پەروەردەی سیاسیمان بینی، دوای ٤٥ رۆژ لە پەروەردە هەریەکەمان رەوانەی شوێنی جیاواز کراین، وەک دەزانن ماڵئاوایی لە نێوان ئێمەدا جیاوازە، بێشک گریمانەی ئەوە هەیە لەوانەیە یەکتر نەبینینەوە، ئەمە دەبێت بە نەریت، لە ئەوروپاوە دەچووین بۆ کوردستان، تێدەکۆشین و شەڕ دەکەین، دەست دەوەشێنین و دەستمان لێدەوەشێنن، پێموایە هیچ کاممان ساڵی ٢٠٠٠ یان بە خەیاڵدا نەدەهات، بۆنمونە من هەرگیز بیرم لە ساڵی دووهەزار نەدەکردەوە).

دەنیز بە هەیەجان بوو، دەستی کرد بە تووک لێکردنەوەی بەتانییەکەی، کە سەرنجیدا چاوی هەڤاڵانی لەسەرە، جارێکی تر وتی: (هۆکارەکەی نازانم بەڵام ئەمە دووەمینجارە لەبارەی ساڵی ٢٠٠٠وە دووجارە بەڵێن دەدەم، یەکەمین ئەوکاتەوە بوو پێش ئەوەی لە ئەوروپا جیاببمەوە، ئێمە ٣٨ هەڤاڵ بوین و دەستمان کردبوو بە ناو دەستی یەکتری، بەڵێنمان بەیەک دابوو لە دزگون بابا لە دەرسیم یەک بگرینەوە، کوردستانەکەمان ئازاد دەبوو، ئێمەیش دوای ئەم ئازادییە یەکتریمان لەوێ دەبینییەوە، یادی ئەوانەمان دەکردەوە کە لەگەڵماندا ئەما بوون، ئەمە ئاوات و خواستی ساڵی ٢٠٠٠هەزاری من بوو، پێش جیابوونەوەم هەمان بەڵێنم دابوو بە سەرحەد دەرسیم، بەیەکمان وتبوو هەرکامێکمان لە ژیاندابێت لە دەرسیم لە ناوچەی دوزگون بابا خۆی ببینێتەوە).

مەحمود وتی: (هەڤاڵ دەنیز، بەم قسانەی تۆ بێت، دەبێت هەمووومان بە گریانەوە بچینە ناو ساڵی تازەوە)، مەحمود بەم قسانەی دەیویست کەشوهەوا غەمگینەکە بڕەوێنێتەوە. دەنیز لە ئاستی ئەم قسانە خۆی لە گێلیدا. دەنیز بە پەنجەکانی خۆی سەرقاڵ کرد بە رنینی تووکی بەتانییەکەی. دەیویست باسی یەکەم دیدەنی خۆی بکات لەگەڵ سەرۆک ئاپۆدا. دەنیز وتی: (هەڤاڵ مەحمود راست دەکات، بەڕاستی ئەم شەو شێوام،ئەوکاتەی بیرم لە ٣٨ هەڤاڵ کردەوە، لەو خوولەدا تەنها دوو کەس رەوانەی خوولی پەروەردەی سیاسی دەکران لەلای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرۆک، بەڕێوبەرایەتی ئەوکاتەمان تەنها من و سەرحەد دەرسیمییان بە گونجاو بینی، کە گوێمان لەم بڕیارەبوو، سەرمان سوڕما، پێمانوابوو ئەمە خەیاڵە، زۆر بەختەوەربووین، ئەگەرچی کەسانی گوندی ئێمە، پەکەکەیان نەدەناسی، بەڵام سەرۆک ئاپۆیان خۆشدەویست، کەباسی سەرۆک ئاپۆ دەکرا هەموویان سەرمەست دەبوون، هەرچەندە گوندەکەمان گوندێکی تورکمان نشینبوو، بەڵام وەک کوردانە هەڵوێستیان نیشاندەدا و دەژیان، بەتەواوەتی گرێدراوی کوردایەتی بوون، من لەناو ئەو هەست و نەستەدا گەورەبووم، لە ناکامدا چوومە شام و خەونەکەم هاتەدی).

دەنیز زۆر بەخێرایی باسی لەوە کرد کە ماوەی مانگێک سەرقاڵی ڤیزە و پاسەپۆرتەکەی بووە و لە رۆژی ١٤ی تەمموز لە رێگەی وەڵاتی ماڵتاوە چووە بۆ شام و ئەوکاتەی لە شام دابەزیوە هەڤاڵانی پەکەکە پێشوازییان لێکردووە و لەوێوە بردوویانە بۆ خانوویەک کە سەر بە پەکەکە بووە. هەموو ئەم سەرگوزەشتەیە لەماوەی مانگێک روویانداوە. لە ناکامدا گەیشتبووە ماڵێکی سەر بە پەکەکە.

لەمبارەیەوە دەنیز ووتی (لەماڵەکەدا کەسێک هەبوو بەناوی خورشید عەنتابلی، هەروەها کەسێکی بریندارێش هەبوو، دوو رۆژێک دەبوو خەومان لێنەکەوتبوو، ماندوو ببووین، گەرمایی شام و دەوروبەرەکەی وەکو ئێستای ناکرێ نییە، ئێمە بەم رەوشە و گەرماییە رانەهاتبووین، بە هەڤاڵ خورشیدم وت دەمەوێت بخەوم، ژوورێکی نیشاندام کە یاتاغی تێدابوو، دوای ئەوەی یاتاغەکەی نیشانمدا وتی: لێرە بنوو، لێمپرسی لەسەر ئەم جێگایە کێ نوستووە؟، لەناکاو وتی: سەرۆک ئاپۆ، دڵم خورپەی کرد، ئیتر بێخەویم رەوییەوە، خەوم زڕا، ئایا کەسێکی وەکو من چۆن لەسەر جێگای سەرۆک ئاپۆ بنوێت؟!، ئایا ئەمە گونجاوبوو؟، بە هەڤاڵ خورشیدم وت ئەمە شوێنی نوستنی سەرکردەیەکی گەلی کوردە، من هیچم نەکردووە کە بتوانم لە شوێنی نوستنی سەرکردەیەکی ناوادا بنوم، من گونجاو نیم کەلەسەر ئەو یاتاغە بوونم. هەرچەندە ئەو وتی: هیچ نابێت و ئاساییە، بەڵام نەمدەتوانی ئەمە قەبوڵ بکەم، لە ناکامدا چوو بەتانییەکی بۆهێنام، لەسەر عەردەکە بەتانییەکی راخست و لەسەر بەتانییەکە پاڵکەوتم، بۆئەوەی بنووم و ئیسراحەت بکەم، هەڤاڵ خورشید لە ژوورەکە چووە دەرەوە، بەڵام من ئاسودە نەبووم، توشی گەشکە ببوم، سەرۆک ئاپۆ لەم ژوورە بووە کە منی لێم و لەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جێگایه بووه که من لەسەری بوومه، جارێکیان هەستام و دەستم له شوێنی نوستنەکەدا، هەستم بەوەکرد که ئێستا سەرۆک لێرەیه و له نزیکەوه هەستی پێدەکەم، ئەم خەیاڵ و بەسەرهاته دوو کاتژمێرێکی پێچوو، لەناکاو خورشید دەرگای ژوورەکەی کردەوه و پێیوتم هەڤاڵان هاتوون و دەمبەن بۆ شوێنی ئاکادیمیا که من هێشتا چاوەکانم نەکەوتبوونه خەو، دوای ئەوەی خۆم ئامادەکرد، لەگەڵ هەڤاڵاندا سواری ماشێنەکەبووم، هەتا له شوێنێ ئاکادیمیا نزیک ببوینایەتەوه جۆشوخرۆشیم زیادییان دەکرد).
دەنیز دوای ئەوەی هەناسەیەکی هەڵکێشا و به پەنجەکانی جارێکی تر کەوتەوه هەڵچنینی بەتانییەکەی ژێری و که زانی هەڤاڵانی گوێیان بۆ هەڵدێراوه، ، ئینجا وتی: (هەڤاڵ باوەڕ دەرسیمی پێشوازی لێکردین، ئەوکاته ئەو له بەرپرسیارانی ئاکادیمیا بوو، ئێمەیان بردە ژووری بەڕێوبەرایەتییەوه، ئەندامانی بەڕێوبەرایەتی ئەوێ بەخێرهاتنیان لێکردین، ماوەی نیو کاتژمێر قسەمان کرد، دوایش بانگی هەڤاڵانی پەیوەندیدارییان کرد، دوای ئەوەی هەموو هەڤاڵان ئەوێیان جێهێشت، من و هەڤاڵ سەرحەد به تەنیا ماینەوه، له بەردەم دەرگاکەوه گوێمان له دەنگێک بوو، من و سەرحەد لەیەکمان روانی، پێمانوابوو ئەم دەنگه دەنگی سەرۆک ئاپۆ بوو، نەمدەزانی که چاوم پێبکەوێت چی بڵێم، دڵمان لێیدەدا، نەماندەزانی چی بکەین، هەردووکمان له ترساندابوو یان له خۆشیدابوو دەلەرزین، ئەو کەسەی که خەیاڵمان پێودەبینی و تامەزرۆی بینینی بووین و کەمێک لەولامانەوه بوو، واتا له پشتی دەرگاکەوەبوو، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم بەرەو دەرگا ملمنا، سەرحەدیش له پشتمەوه بوو، به دەسته لەرزۆکەکەمەوه کەمێک دەرگاکەم کردەوه، تەنها ئەوەم بینی کۆمەڵێک له هەڤاڵانی بەرپرسیار سرەیان بەستبوو، سەرۆکم نەدەبینی، من و سەرحەد گوێمان بۆ قسەکانی هەڤاڵانی دەرەوه رادێرا، گوێمان لەوه بوو سەرۆک وتی: هەڤاڵان من دەڕۆم هیچ شتێکتان هەیه بیهێننه زمان؟، باوەڕ دەرسیم به سەرۆکی وت دوو هەڤاڵ له ئەوروپاوه هاتوون که مەبەستی ئێمه بوو، سەرۆکیش وتی: زۆرباشه، لەکوێن؟، باوەڕیش وتی: له ژووری بەڕێوبەرایەتین، هەرئەوکاته سەرۆک خۆی کرد به ژووردا، ئەی باشه ئێمه ئێستا چیبکەین؟، من به هەیەجان بووم و سەرحەدیش له من زیاتر، خەریک بوو دڵمان راوەستێت، به خێرایی هەنگاوم نا و چوومه پشت سەرحەدەوه، سەرحەدیش پاڵی نام و منی خستەوه پێشەوه، جارێکی تر پاڵم پێوەنا و خستمەوه

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشی خۆم، لەناکاودا سەرۆک ئاپۆ هاتە ژوورەوە، سەرۆک ئاپۆ بەرەو رووی من هەنگاوینا، دەستی درێژ کردو وتی: سڵاو هەڤاڵان چۆنن؟، نەمزانی چۆن روویدا سەرۆک ئاپۆ دەستی گوشیم و بەرەوە خۆی رایکێشام و ماچی کردم، دوایش تەوقەی لەگەڵ هەڤاڵ سەرحەد کرد و ئەویشی ماچکرد، تووشی شۆک هاتبووین، ئەم دیمەنە لەوەدەچوو کە سەرۆک ساڵان بێت حەسرەتی هەڤاڵان بێت و ئێستا بیەوێت ئەو حەسرەتەی هێنابێتەدی، لەناو جۆشوخرۆشیدا باوەشمان بەیەکدا کرد و یەکتریمان ماچکرد، ئێمە تازە بە تازەی سەرۆکایەتیمان ناسیبوو، ئەی باشە بۆچی بەوشێوەیە رەفتاری لەگەڵدا کردین؟، دوایی بۆمان دەرکەوت کە سەرۆک ئاپۆ لەگەڵ هەموو هەڤاڵەکانیدا بەو شێوەیە مامەڵە دەکات، ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە سەرۆک ئاپۆ هەموو هەڤاڵێکی بە مەزن و بە قارەمان و بە نرخ دەزانی، سەرۆک ئاپۆ بەبێ جیاوازی کچ و کوڕ، بەوشێوەیە رێزی لە هەڤاڵەکانی دەگرت کە ئەمەیش دیاردەیەکی بێ وێنەبوو لە مێژوودا).

لەناکاو ناوبڕێکیدا، بیری لەوە کردەوە ئایا لەمبارەیەوە شتی زیاتر بڵێت یاننا؟!، هەڤاڵانی دەوروبەری پێویستییان بەم جۆرە قسانە بوو. سەرگوزەشتەکانی سەرۆک ئاپۆیان پڕبوو لە وانە، بەڵام ئێستا نەیدەتوانی لەوەزیاتر باسی شتێکی تر بکات. جارێکی تر دەستی بەناو بەتانییەکەی وەردا و ئینجا وتی: (زمانم تەتەڵەی دەکرد، بەڵام ئەم رەوشە کەمی خایاند، سەرۆک ئاپۆ زۆر بە شێوەیەکی سادە و بە میهرەبانییەوە پێشوازی لێکردین، بووە هۆکار کە بێینەوە هۆشی خۆمان، ئێمە لە خەیاڵی خۆماندا تابلۆی سەرۆکێکی زۆر جدی و فەرمیمان نەخشاندبوو، بەڵام ئەو خۆشەویستی لەهەمبەرمان نیشاندا و بەگەرمی پێشوازی لێکردین، ئەوکاتەی ئێمەی بینی زۆر بەختەوەر بوو کە هەڤاڵێکی خۆی بینیوە، کەشوهەوایەکی دۆستانەی هێنایە ئاراوە، سەرەتا پرسیاری ناومی کرد و وتی: کە خەڵکی کوێم و پرسیاری نازناومی کرد، ئەوکاتەی پێموت کە خەڵکی فلان شوێنم، سەرۆک وتی: من گوندەکەتانم بینیوە، ئێوە تورکمانن، هاتوومەتە گوندەکەتانەوە، تورکمانەکەی گوندەکەتان لەو ناوچەیە زیاتر لە کورد گرێدراوی ئێمەن، تورکمانەکانی گوندی ئێوە کەسانی جوامێر و قارەمانن. دواییش سەرۆک پرسیاری تەمەنمی کرد، منیش پێموت ٢٠ساڵم، ئەویش وتی: منیش لە تەمەنی تۆوە دەستم کرد بە شۆڕش، ئەگەر بتوانن خۆتان بناسن و بزانن چیتان دەوێت دەبن بە کەسێکی مەزن. دوای ئەم قسانەی نێوانمان سەرۆک روویکردە سەرحەد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و پێیوت کە خەڵکی کوێیە و تەمەنی چەندە، سەرحەدیش پێیوت ٢٠ساڵە و خەڵکی پەرتەکی سەر بە دەرسیمە، سەرۆکیش لێیپرسی، ئایا سەربازیت کردووە؟، بەڵێ، سەرحەد سەربازی کردبوو، سەرۆکیش وتی: بۆچی بویتە بە سەرباز خزمەتی دوژمنت کردووە، ئێوە لە جیاتی ئەوەی خزمەتی گەلەکەتان بکەن، کەچی خزمەتی دوژمنتان کردووە، هەڤاڵ باوەڕ دەرسیم کەوتە قسە و وتی: سەرۆکم برایەکی سەرحەد لە ساڵی ١٩٩٤ لە دەرسیم شەهید بووە، نازناوی ئەویش سەرحەد بوو، سەرۆک ئاپۆ لەبارەی برا گەورەکەی سەرحەدە هەندێک قسەی لەگەڵ سەرحەد کرد، دوایش سەرۆک وتی: ئەم ماوەیە کاروبارمان زۆرە، پێویستە بڕۆم، دوای چەند رۆژێکی تر دەگەڕێمەوە، کە هاتمەوە بەیەکەوە نان دەخۆین و قسە و باسێکی زۆریش دەکەین، ئێوە تازە بە تازە گەیشتوونەتە ئێرە، لەوانەیە لەگەڵ گەرمی ئێرە نەتوانن رابێن، راستە نارەحەتی دەچێژن، بەڵام دوای مانگێکی تر رادێن، من دەڕۆم بەنیزای دیدار، خۆتان بپارێزن. هەڤاڵان ئەم قسانەی نێوانمان هەر ١٥ خولەکێکی خایاند، بەسەرپێوە قسەمانکرد، هەڤاڵ سەرحەد زۆر.. زۆر بەختەوەر بوو کە سەرۆکی بینیبوو کە قسەیشی لەگەڵدا کردبوو، مرۆڤ لە سەرەتادا درک بە گرنگی ژیان ناکات، وانەی لێوە فێرنابێت، بۆنموونە مانای سادەیی سەرۆکم دوایی لێیحاڵی بووم، هێزی بنگەیی و بردنەڕێوەی ئەم بزووتنەوەیە بەهۆی ئەم سادەییەوە دەیتوانی بەڕێوەی بەرێت، پێش ئەوەی بڕواتیش کە 'وتی: بە ئیزنی ئێوە دەبێت بڕۆم' ئەمە بۆئێمە زۆر گرنگ بوو، سادەیی، گەورەترین پێناسەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە رێز لە هەمبەرەکەت دەگریت، ئەو کاتەی سەرۆک دەبینیت و دەیناسیت و باوەشی پێدادەکەیت و قسەی لەگەڵ دەکەیت، دەرک دەکەیت ئەمە تەواوکەر نییە، ئەوکاتەی سەرۆک قسەی دەکرد جۆشوخرۆشیمان فڕیبوو، کە رۆیشت هەستمان بە بۆشایی و کەموکوڕی کرد، کەواتە بینینیەکەی تەواوکەر نییە بۆ دامرکاندنەوەی هەستونەستەکانت، پێویستە فەلسەفەکەی بکەیتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەربۆیە نزیک بوونەوە لە سەرۆک و ناسینی سەرۆک، دەبێت بە ژیانکردنەوەی بیسەلمێنیت، سەدان هەڤاڵمان هەن کە پێش ئەوەی سەرۆک ئاپۆ ببینن شەهید بوونە، بۆنموونە هەڤاڵ زیلان {زەینەب کنەجی}، ئەو بەهیچ شێوەیەک نەچووبووە گۆڕەپانی سەرۆکایەتییەوە، ماوەی ساڵێک بوو گەریلا بوو، بەڵام ئەو زۆر بەباشی سەرۆک ئاپۆی ناسیبوو، لە ناخیدا دەیژیاند).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جارێکی تر دەنیز سەری بەرز کردەوە، هەموو هەڤاڵەکانی بە تامەزرۆوە گوێیان بۆگرتبوو، بە گێڕانەوەی ئەم سەرگوزەشتەیەی غەمگین ببوون، دەنیز خەفەتی بۆ ئەوە دەخوارد کە نەبووە بە شایستەی داخواز و ویستەکانی سەرۆک ئاپۆ. چەکدار لە دەنیزی پرسی (هەڤاڵ دەنیز ئەی هەڤاڵ سەرحەد چیلێهات؟)، ئەویش وتی: (دوای تەواوبوونی خوولی پەروەردە، ناوی من بۆ هەرێمی زاگرۆس و ناوی ئەویش بۆ هەرێمی بۆتان هاتەوە، دوای جیابوونەوە، لە ساڵی ٢٠٠٠دا پەیمانی ئەوەیدا لە چیا سەرکەش و ئازادەکانی کوردستان لە دوزگون بابا لە دەرسیم یەکتر ببینینەوە، باوەشمان کرد بەیەکدا و جیابوینەوە، براگەورەکەی سەرحەد، لە ساڵی ١٩٩٤، لەگەڵ ٢٢هەڤاڵیدا، بەهۆی کامیرەی لێزەرەوە، کەشف دەبن و دەستیان لێدەوەشێنن و شەهید دەبن، لەناو گرووپێکی ٢٤ گەریلاییدا تەنها گەریلایەک بە برینداری رزگاری دەبێت، ئەگەر هەڵە نەبم، برا گەورەکەی سەرحەد ناوی ئۆزکان بوو، ناوی خۆیشی جەعفەر بوو، ئەو نازناوی براگەورەکەی لەخۆی نابوو، هەروەها چەکەکەی ئەویشی هەڵگرتبووەوە، مەخابن دوای ٦مانگ لەیەک جیابونەوەمان، لە بۆتان دەکەوێتە بۆسەی جاشەکانەوە و شەهید بوو، هەواڵی شەهید بوونەکەی لە جیهازی راکاڵەوە گوێبیستی بووم، مەخابن ئەم هەواڵە زۆر دڵ تەزێن بوو).

دوای ئەم قسانەی دەنیز، زیندانییەکان لەبارەی سەرۆکایەتی و شەهیدەکانیانەوە قسەیەکی زۆریان کرد. بەگوێرەی خۆیان سەری ساڵیان پیرۆز کردبوو، بەهیوای رۆژێکی ئازاد و گەش خەوتن و سبەینێیان کردەوە.

سەرەتای ساڵێکی نوێ بێشک سەرمایی بوو. ئەم ساڵ زۆر سەرمایان بوو. مەحمود پێشنیاری ئەوەی کرد لە بەتانی پاڵتۆ درووست بکەن. دەنیز لە ژیانی سڤیلی خۆیدا لە کارگەی جلوبەرگدا کاری کردبوو، کاری دوورمانی دەزانی، چەکداریش سەری لەمجۆرە کارانە دەردەچوو، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەمکارەیان، نە مەقەستیان هەبوو، نە دەرزی و نە دەزوو، بەڵام پرانسیپێکی گەریلا هەیە کە دەڵێت گەریلا لە نەبووندا بوون دەخوڵقێنێت. ئەگەر بیانتوانیایە دەزووەکانی ناو بەتانییەکان دەربهێنن، ئەوە دەتوانن جارێکی تر بەکاری بهێننەوە. ئەو ژیلێتانەی لە نێوان خۆیاندا شاردبوویانەوە سودی پێدەبەخشین. تراکسۆتەکانی خاچی سووریان کرد بە پێوەر و توانیان بە تانییەکان بەو پێوەرە ببڕن. ئەی باشە ئەگەر هەموو کارەکەیشیان ئەنجامدا ئەی چۆن بیدورن؟، هەربۆیە جارێکی تر پرسو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

رایان بە ئەنوەر شاکر کرد. ئایا ئەنوەر شاکر نەیدەتوانی لە رێگەی خانەوادەکەیەوە دەرزی بهێنێت؟، ئەنوەر شاکر بەبێ هیچ دوودڵییەک تەکلیفەکەیانی قەبوڵ کرد. دوای هەفتەیەک دەرزییان بۆهات. دەنیز و چەکدار بەیەکەوە بە پێوەری تراکسۆتەکان کەوتنە برینی بەتانییەکان. بەتانییەکانیان بڕی و بە جوانی لەناو چاکەتی تراکسۆتەکاندا جێگیریان کرد و دوورییانەوە کردیان بە پاڵتۆ. هەرچەندە ئەنوەر شاکر دەرزییانی بۆ پەیداکردبوو، کە بینی دەنیز پاڵتۆی جوانی دروستکردووە، تکای لێکرد دانەیەکیش بۆئەو درووست بکات. دەنیز و چەکداریش پاڵتۆیەکیان بۆ ئەنوەر شاکر درووستکرد. ئەو پارچانەی لە بەتانییەکان مابوونەوە گۆرەوییان لێدروست کرد. بەمشێوەیە لەهەمبەر سەرما و سۆڵە توانیان خۆیان بپارێزن.

لەبارەی بوونی کتێبخانەوە هەواڵێک هات و ناخیانی گەرم کردەوە. ماوەیەکی زۆربوو لەگەڵ لیژنەی خاچی سوور لەبارەی بوونی کتێبخانەوە قسەیان کردبوو. بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەیش لەهەمبەر ئەم داخوازییە خەم سارد بوون. ئایا کتێب بۆچی لە زینداندا هەبێت؟، هەرچۆنێک بێت زۆرینەی زیندانییەکان بەهۆی کتێب خوێندنەوە سەریان لێتێکچووە و بوونە بە بەڵا. بەڕێوبەرایەتی پێیوابوو ئەگەر کتێبیان بۆبهێنن زیاتر دەبن بە بەڵای سەریان. لیژنەی خاچی سوور لەمبارەیەوە هەوڵێکی زۆریدا بوو. لە ئاکامدا بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بە لیژنەی خاچی سووری وتبوو ئێمە کتێب ناهێنین ئەگەر ئێوە دەیهێنن ئەوە کەیفی خۆتانە، لیژنەی خاچی سووریش بە گوێرەی توانای خۆیان کتێبیان کۆکردبووەوە. لە سەرەتای دەستپێکی ساڵی ٢٠٠٠دا بە ماشێنێکی پڕ لە کتێبەوە لیژنەی خاچی سوور خۆیانکرد بە زیندانی ئاکرێدا، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ناچارمان شوێنێک بۆ کتێبەکان تەرخان بکەن. ئەو قاوشەی پێشوتر زیندانییانی کچی لێدەمانەوە کردیان بە شوێنی کتێبەکان. من وەکو دیوارێک یەکەمجاربوو بۆنی کتێب بکەم. زیندانییەک هەبوو بەناوی ئەبو وەلید، ئەویان کرد بە بەرپرسی کتێبخانەکە. ئەم کتێبخانە کە لە ئاکامی داخوازییەکانی زیندانییانی پەکەکەوە هاتبووە بەرهەم، مەخابن سوودێکی ئەوتۆیان لەم کتێبخانەیە نەدەدی، چونکو زۆرینەی کتێبەکان عەرەبی و بە زاراوەی سۆرانی بوون، کەبە ئەلفوبێی عەرەبی نوسرابوون، جگە لە دەلیل پۆرسپی و عومەر کە خەڵکی رۆژئاوای کوردستان بوون، ئەوانی تر عەرەبییان نەدەزانی یان کەمێک شارەزاییان هەبوو. هەرچەندە پێشنیاری کتێبی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لاتینی و توركییشیان كردبێت، بەڵام بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە ئەم داخوازییانەیانی قەبوڵ نەكرد، لەهەمانكاتدا زیندانییەكان ئەمەیان نەكرد بە كێشە بۆخۆیان. سەرەڕای ئەوەی ئەم گۆڕانكارییە سودیشی پێنەبەخشیبێتن، بەڵام بۆخۆیان وەک كارێكی سەركەوتوانەی دیبلۆماسییانە لەقەڵەمدەدا.

ماوەی سێ ساڵە بەهۆی بەرخۆدان و تێكۆشانیانەوە، لەبارەی بواری ژیانی زیندانییەوە گۆڕانكارییەكی زۆریان هێنابووە ئاراوە كەبە سەركەوتن بۆئەوان هەژمار دەكرا. هەموو زیندانییەكان دركیان بەمە دەكرد و ڕێزیان بۆ خەباتی خۆیان هەبوو. بە شێوەیەكی گشتیش نەبوبێت، بەڵام توانیبوویان دەنگی خۆیان بگەهێننە لیژنەی خاچی سوور و دەرەوە، كە بەرپرسی زیندانەكە محەمەد ئەمین سورچی بەوە تاوانبارییانی دەكرد گلەیی و گازندە لەلای ئەجنەبی دەكەن. بێشک لە ئاكامدا توانیبوویان والە بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە بكەن كە وەک كەسانێكی شۆڕشگێڕ مامەڵەیان لەگەڵ بكەن. كتێبخانەكەیش یەكێک بوو لە ئەنجامەكانی بەرخۆدانیان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٢١

# لاچۆ ئەی خائین

دوای ئەوەی لە بەتانی پاڵتۆ و گۆرەوییان درووستکرد و لە سەرمای زستان خۆیان پاراست، ئیتر کەوتبوونە ناو وەرزی بەهارەوە. ئەمجارەیشیان قایمەقامی ئاکرێ ئەهات بۆ پیرۆزکرنی جەژنی نەورۆز لەگەڵ زیندانییەکاندا. هەموو نەورۆزێک ئەم یادەوەرییە لەلایەن جودی وەبیر کەمال دەهێنرایەوە. وەڵامی ئەم ساڵی کەمال بەمشێوەیە بوو (وادیارە برایەتی ئەو تەنها جەژنێکە، قوڕی کوێ بکەم بەسەرم).

زیندانییەکان کردبوویان بە خوو و بە نەریت، ئەوکاتەی بەهار دەهات، لە پەنجەرەکەوە لە دیمەنە دڵڕفێنەکەی ئاکرێیان دەڕوانی. هەتا چاویان بڕیان بکردایە، لە پەنجەرەکەوە لەم دیمەنەیان دەڕوانی و بە حەسرەتی ئازادییەوە جگەرەی تووتنیان دەکێشا. بەهەموو شێوازێک تامەزرۆی ئازادی بوون. بیریان لە چیا و حەسرەت و هیواکانیان دەکردەوە. ئەوەی لە ناویاندا لە بەردەم پەنجەرەکەوە زیاتر جگەرەی دەکێشا، بێشک جودی بوو. لەوەدەچوو شاهین بۆزۆڤا لەمبارەیەوە نییەتی ئەوەی هەبێت کە پێشبڕکێ لەگەڵ جودیدا بکات. شاهین کەمدوترین زیندانی ناو زیندانەکەبوو. شاهین بەردەوام تەماشای چیای ئاکرێی دەکرد و وەکو ئەوە وابوو دەردی دڵی خۆی تەنها بۆ ئەو دیمەنانە دەربڕێت. دەتوانرا لە پەنجەرەی قاوشەکە لووتکەی چیای ئاکرێ ببینرێت.

تادەهات دونیا گەرم دەبووەوە، شاهینیش بەردەوام لە پەنجەرەکەوە لە دیمەنەکانی دەڕوانی. وەکو ئەوە وابوو بە جەستە لە زیندان بێت و بەڵام بە خەیاڵ و بە مێشک لەوێ بێت. دەنگی ئەو ماشێنەی کە هاتە ناو ساحەکەوە شاهینی لە خەیاڵەکانی دابڕاند. زیندانی تازەیان هێنابوو، ئەوانەی دابەزین و ئەوەی لە پێش هەموویان دابەزی جلوبەرگی گەریلای لەبەردا بوو. ئەمە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چاوەڕوان نەکرابوو، چونکە ماوەیەک بوو شەڕی نێوان پەدەکە و پەکەکە بێدەنگ ببوو. پێشمەرگەکان ئەوانیان برد بۆ ئەو قاوشەی کەلە نزیک حەمامەکە بوو. شاهین بانگی هەڤاڵەکانی کرد، ووتی (خێرا وەرن، وەرن لەمانە بڕوانن، پێنج کەس جلوبەرگی گەریلایان لە بەردایە، دەیانبەن بۆ قاوشەکەی نزیک حەمامەکە).

مەحمود، جودی، دەنیز و کەمال یەک لەدوای یەک کەوتنە پرسیار، وتیان (کەی هاتن)، (ئایا هەڤاڵانی ئێمەن؟)، شاهینیش وتی: (کەمێک لەمەوبەر هاتن، جلوبەرگی گەریلایەتییان لەبەردابوو، جلوبەرگەکانیشیان تازە و پاکوخاوێن بوون، لەهەمانکاتدا بە شێنەیی دەجوڵانەوە، هەربۆیە پێموایە لەوانەیە هەڤاڵانی ئێمە نەبن، وەک دەزانن کاتێک گەریلایەک بە دیلی دەگیردرێت، پێشمەرگە تەنانەت جلوبەرگەکانیشی دەبا چونکە پارە دەکات، بەڵام یەخەی جلوبەرگی ئەمانە لۆچیشی تێدا نەکەوتووە، لەوانەیشە هەڤاڵانی ئێمە بن و خۆیان رادەست کردبێتەوە)،

عومەر تانەی ئەم قسەیەی کرد، ئەگەر گەریلابونایە و خۆیان رادەستکردبێتەوە، نەیاندەهێنان بۆئێرە، راستەوخۆ دەیانبردن بۆ زاوێتە. شاهین جارێکی تر گومانی لەبارەی جلوبەرگ و شێنەییەکانیانی دووبارە کردەوە. هەرچۆنێک بێت دوای چەند رۆژێک ئەم مەسەلەیە روونەبێتەوە. سەرەڕای ئەمەیش زیندانییەکان لەنێوان خۆیاندا لەمبارەیەوە بەردەوام بوون لە گەنگەشە. زیندانییەکان بەردەوام لە پەنجەرەکەوە چاودێری دەرەوەیان دەکرد. لە نیوەڕۆدا بینیان پێشمەرگە خواردن دەبەن بۆ قاوشەکە. دوای نان خواردنیش تاوڵە و شەترەنجیان برد بۆ قاوشەکە. بەهۆی ئەم گۆڕانکارییانەوە بە گشتی قەناعەتی ئەوەیان هێنا کە ئەوانە خۆیان رادەست کردۆتەوە. لە عەسردا جەمال بینی یەکێکیان لەو تازە هێنراوەیان هێنایە ساحەکەوە، دوای ئەوەی جەمال لەمبارەیەوە هەڤاڵەکانی ئاگادار کردەوە، هەموویان بەخێرایی چوون بۆلای پەنجەرەکە تاکو بزانن کێن. زیندانییەکەیان بە پاسەوانی پێشمەرگەیەک دەبرد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی. دڵنیابوون لەوەی ئەم کەسە بێشک گەریلایە، بەڵام کەسیان نەیانناسی.

دوای ئەوەی برابوو بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی و گەڕانیانەوە بۆ قاوشەکە ئەمجارەیان یەکێکی تریان برد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی. دەنیز و سەرهەڵدان و دەلیل پۆرسپی ئەم کەسەیان ناسییەوە. وتیان (ئەمە پڵنگ چەلێیە). ئەوکاتەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پڵنگیان برد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی زیندانییەکان لەبارەی پڵنگەوە وتیان چەند کەسێکیان لەناو هەمان مەفرەزە لەگەڵ پڵنگ بوونە و بە تەمەنی هەرزەکاری بووە بە گەریلا و ئەو گەریلایەک و کەسێک نییە بە سانایی خۆی رادەست بکاتەوە. پێشمەرگەکان پڵنگیان گەڕاندەوە بۆ قاوشەکە و ئەمجارەیان سێیەمینیان برد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە. دەنیز و سەرهەڵدان و دەلیل پۆرسپی ئەمیشیان ناسییەوە. وتیان ئەمیش ناوی سەعدون چەلێیە. سەعدونیش لەناو هەمان مەفرەزەی ئەمان بووە. سەعدون لە ساڵی ١٩٩٠دا بووە بە گەریلا و لە ساڵی ١٩٩٣ لە ناوچەی زەلێ دۆشکەی بەکار هێناوە و فڕۆکەی جەنگی تورکیایش بۆردۆمانیان کردووە. دەستی چەپی بەتەواوەتی پەڕی بوو. سەرەڕای ئەمەیش دەستبەرداری خەبات نەببوو، ئەویش کەسێکی هەروا سادە نەبوو کە بەوشێوەیە خۆی رادەست بکاتەوە. بوونی پڵنگ و سەعدون لێرە هەموو زیندانییەکانی سەرسام کردبوو. سەریان لەوە دەرنەدەچوو لەلایەکەوە ئەم گەریلایانە ئەوانە نین کە بە ئاسانی دەستبەرداری گەریلایەتی و شۆڕش ببن و خۆیان رادەستی پەدەکە بکەن و لەلایەکی تریشەوە هاتنیان بۆئێرە و مامەڵکردنی سادە و شێنەیی لەگەڵیاندا سەریانی سورماندبوو، سەریان لە مەسەلەکە دەرنەدەچوو. ئەوکاتەی هێنایان و بردییانیان، رەفتاری شێنەیی و جدییەتی پێشمەرگەکان لەگەڵیاندا مایەی سەرسوڕمان بوو. کاتێک هەموویان پێیانوابوو خۆیان رادەستکردووە، لەهەمانکاتدا باسیان لەوە کرد کە حاڵی حازر شەڕ لەنێوان پەکەکە و پەدەکە نییە. نەیاندەتوانی بڕیارێکی موتڵەق بدەن. ئەوەی چوارەمین و پێنجەمینیان بوو کەسێک لە زیندانییەکان نەیانناسی.

ئەو شەوە مژاری نێوانیان هاتنی ئەو پێنج کەسەبوو. دەنیز کە بیری لەوەدەکردەوە کەلەوانەیە پڵنگ و سەعدون هەڵاتوون، خەریک بوو شێتوهار دەبوو. ئایا هەڤاڵانێک کەلە سەر چیا باوەڕی پێهێنابوون و رۆحی خۆی رادەستیانی کردبوو، بەیەکەوە چوبوون بۆ ئەنجامدانی چالاکی و چەندین ساڵ بەیەکەوە رەنجیانداوە و تێکۆشاون و ماندووبوونە و کە فیداکارییەکی زۆریشیان کردبێت، ئایا دەکرێت ئێستا خۆیان رادەستی پەدەکە کردبێت؟!. بێشک دوای چەند رۆژێک ئەم مەسەلەیە ئاشکرا دەبێ. بێگومان بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بەردەوام ئەوانیان لەو قاوشە گلنەدەدایەوە. ئەگەر هەلیان بۆبڕەخسایە دەیانپرسی ئایا ئەو زیندانییە تازانە دەیانهێنن بۆ قاوشی ژمارە ٥؟ یان ژمارە ٦؟.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێڵی نێوان بەرخۆدان و تەسلیمییەت نییەتی ئەوانی ئاشکرا دەکرد. لە سێیەمین رۆژدا، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بانگی ٥ زیندانییەکانی کرد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی. دوایش بران بۆ قاوشی ژمارە ٦. لە بارەی ئەم پێنج کەسەوە کەمێک ئومێدیان هەبوو، بەڵام کە بران بۆ قاوشی ژمارە٦ ئیتر ئەو هیوایەیشیان نەما. روون و ئاشکرا ببوو کە خۆیان رادەستکردووە و تەسلیم بوونە. قاوشەکانی ژمارە ٥و٦ بەیەکەوەبوون. دەکرا لە پەنجەرەکەوە قسەیان لەگەڵدا بکرێت. دەلیل پۆرسپی و سەرهەڵدان پێشنیاریان کرد کەلە پەنجەرەکەوە قسەیان لەگەڵدا بکرێت. زیندانییەکان پێیانوابوو زیندانییەکانی قاوشی ژمارە ٦ خیانەتیان کردووە و خۆیان تەسلیم کردۆتەوە، هەربۆیە پێویست ناکات قسەیان لەگەڵدا بکەین. پێویست بوو کەمێکی تریش دانبەخۆیاندا بگرن.

ئەوکاتەی زیندانییانی قاوشی ژمارە ٦ دەچوون بۆ جێبەجێکردنی پێویستی سەرئاو، دەبوایە بە بەردەم قاوشی ژمارە ٥ تێبپەڕینایە. بەلوعەی دەموچاو شۆرین لە قاوشی ژمارە ٥وە نزیک بوو. ئەوکاتەی دەبران بۆسەر ئاو یان بۆ دەموچاو شۆرین دەیانتوانی لەم هاتووچۆیەدا دەرفەت وەربگرن و قسە بکەن. توانیان دەستیان بە سەعدون بگات کە سەرقاڵی دەموچاو شۆرین بوو. ئەوەی دەنگی لێهەڵبڕی دەلیل پۆرسپی بوو، پێیوت (خێرە هەڤاڵ سەعدون؟، بۆچی ئێوە لە قاوشی تەسلیمبووەکاندان؟، ئەرێ ئێوە تەسلیم بوونە و خۆتان رادەستی پەدەکە کردووە؟)، سەعدون وتی: (نەخێر هەڤاڵ ئێمە هەڵنەهاتووین)، ئەمجارەیان دەنیز پرسی (ئێوە دیلگیراون؟)، سەعدونیش وتی: (نەخێر)، سەعدون سڵی دەکردەوە یان شەرمی دەکرد تەماشای دەموچاوی دەنیز و دەلیل بکات. ئەم وەڵام و خۆدزینەوە لە پرسیارەکان، دەنیزی تورە کردبوو، هەربۆیە پێیوت (ئەی یەعنی چی، ئەمە نییە و ئەوە نییە، ئەی باشە چۆن هێنراون بۆئێرە؟)، ئەویش وتی: (مەسەلەی ئێمە کەمێک ئاڵۆزە، لەبیری خۆتانی بکەن).

دیاربوو سەعدون دەیویست بە زووترین کات لەو شوێنە دووربکەوێتەوە. پێش ئەوەی بڕوات دەنیز دەیویست چەند شتێکی پێبڵێت. دەنیز وتی: پەیامی هەڤاڵانی پێیە و دەیانەوێت بڵێن ئەو قاوشەی ئەوانی لێ ماونەتەوە ١٨ کەسی لێیە کە پێشوتر لەگەڵ ئەماندا بەرخۆدانیان کردووە و بەڵام ئێستا تەسلیم بوونە و جیابونەتەوە و هەربۆیە مانەوەیان لەناو ئەواندا گونجاو نییە، ئەگەر خۆیان تەسلیم نەبوونە و پێویستە بێنە قاوشەکەی ئەمانەوە و پێویستیشە خاوەندارێتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە خەبات و ڕەنجی چەندین ساڵەی خۆیان بکەن و پێویستە ئەم پەیامە بە پڵنگ و هەڤاڵەکانی تریش بدات. تێکەڵەیی و کارکردن لەگەڵ داگیرکەراندا لەوان نەدەوەشایەوە. سەعدون سەری نەوی کردبوو، گوێی بۆ قسەکانی دەنیز ڕادێرابوو. کاتێک کاتی مانەوەیان لە ساحەکە کۆتایی هات، ڕاستەوخۆ ئەوێی جێهێشت.

ڕۆژێک دوایی کە چوونە ساحەکەوە بۆ جێبەجێهێنانی پێداویستی سەر ئاو، مەحمود بە نیشارەتی چاو بانگی عەلی کەلاری کرد بۆسەر بەلوعەکە. پرسیاری ڕەوشی ئەو پێنج کەسەی لێکرد کە تازە هاتبوون. عەلیش لە ماوەیەکی زۆرکورتدا باسی مەسەلەی چەند ڕۆژێکی بۆکرد. دوای چەند ڕۆژێکی تریش لە ڕێگەی وەلاتپارێزانەوە هەواڵی ڕەوشی قاوشی ژمارە ٦ یان زانی. ئەگەر کەمیش بووبێت تاڕادەیەک هەواڵی مەسەلەی ئەم پێنج کەسەیان زانی.

سەعدون و پڵنگیان دەناسی. ئەوانی تر ناویان دەلیلێ ڕەش و ئازاد و ئەرداڵ بوون. دەلیل و ئازاد خەڵکی ئامەد بوون، بەڵام لەشاری مێرسین ژیا بوون. ئەرداڵیان خەڵکی شاری مێرسین بوو. هەر پێنجیان گەریلای هێزی زاگرۆس بوون. هەر پێنجیان ئەرکدار کرابوون ئەو جلوبەرگە تازەیەی بۆ خواکورک بۆ گەریلایان دووریبوو ببەن بۆ هەرێمی زاگرۆس. ئەوکاتەی دەگەنە خواکورک سەرو بەرگێکی نوێیش بۆخۆیان دەدەن بە دوورین. جلوبەرگەکانیان لە هێستر بارکردبوو. ئەو شوێنەی بۆیدەچوون بەپێ ڕۆژێکی پێدەچوو. لەکاتی چوونیان ئەگەر بیانتوانیایە شوێنە مەترسییەکەیان ببڕیایە کە پێیاندەوت ناوی حاجی بەگ، ئەوە بە ئاسانی دەگەیشتنەوە شوێنی خۆیان. زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ دەیانزانی بۆچی ناوچەی ناوی حاجی بەگ شوێنێکی مەترسییە. دەنیز و دەلیل و سەرهەڵدان پێشوتر لەوێ کاروخەباتیان کردبوو. لە ساڵی ١٩٩٧دا گروپێک لە گەریلا کە دەنیز و دەلیلیشی تێدابووە بە ١٤ هێسترەوە ئەو شوێنەیان بڕیبوو. چەند جارێک دەنیز باسی ئەم یادەوەرییەی خۆی کردبوو. ناوچەی حاجی بەگ، لە ڕوانگەی دەوڵەتەکانەوە سنوری نێوان تورکیا و عێراقە، لە ڕوانگەی کوردیشەوە سنوری باکور و باشوری کوردستانە. ئەم ناوە لە بەشی باکوری کوردستانەوە سەربە جاشەکانی عەشیرەتی گەردی بوو کە بارەگای سەربازی جەندرمەیان لێدروست کردبوو، هەروەها گوندی هەمان عەشیرەتیش بوو، لە بەشی باشوریشدا خەڵکی گوندەکان پێشمەرگە بوون. ئەوەی مایەی نیگەرانی و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەدبەختی بوو ئەوەبوو رێگەی هاتووچۆ بۆ زاگرۆس دەبوایە لێرەوە بوایە و رێگەی تر نەبوو بۆ گەیشتن بە زاگرۆس. سوپای تورک لەبەرئەوەی دەیزانی هێزی گەریلا رێگەچارەی تریان نییە و هەردەبێت ئێرە بەکار بهێنن، هەربۆیە زوو..زوو بۆسەیان لێدادەنا. گەریلایش پێش ئەوەی بەم رێیەدا گوزەر بکەن، پێشخۆیان بۆ دڵنیایی و چاودێری گروپێکی بچوکیان دەنارد بۆ تاقیکردنەوەی رێگەکە. بۆ تێپەڕبوون لە شوێنێکی مەترسی، پێویستیدەکرد ٤بۆ٥ کاتژمێر رێبکەیت. ئەگەر لە نیوەی شەودا بتوانرایە ئەو ناوە ببڕن، کەواتە پێش سپێدە مەترسییەکانیان تێپەڕاندووە. ئەگەر گەریلا لەوێ بپەڕیایەتەوە، بێشک کاتژمێر ١٢ی شەو دەپەڕینەوە.

دەنیز لە بیرەوەرییەکی خۆیدا دەیوت ئەوکاتەی لە ئاوەکەیش پەڕیبوونەوە، بەڵام هێشتا شوێنی مەترسییان نەبڕیبوو. ئارد، رۆن، شەکر و ئازوقەی تریان لە هێستر بارکردبوو، بەڵام لە شانسی ئەواندا هێسترەکانیان مانیان گرتبوو نەدەڕۆیشتن. کە رۆژیان لێدەبێتەوە، ترسی ئەوەیان دەبێت نەبا جاشەکانی سەر بارەگای سەر گردەکان ئەمان ببینێت و دەستیان لێبکەنەوە. ئەگەر جوڵەیەکی زۆریان لە شوێنەکەی خۆیانەوە بکردایە، بێشک ئاشکرا دەبوون. ئەگەر شەڕ بهاتایتە ئاراوە، بێگومان کەسیان رزگاریان نەدەبوو. بە ناچاری بارەکان لەسەر پشتی هێسترەکان دادەگرن و خۆیان دەشارنەوە. دوای ئەوەی بارەکان دادەگرن، کەمێك لەولایانەوە هێسترەکان دەبەستنەوە و سەنگەر دەگرن. بەدرێژایی ئەو رۆژە، لەژێر تیشکی خۆر بەبێ ئەوەی جووڵە بکەن بەوشێوەیە دەمێننەوە. هەرئەو رۆژە ژنانی ئاوایی دێنە سەر ئاوەکە، ئەمانیش نقەیان لەخۆیان بڕیوە. پێیانوابووە ئیتر کاتی شەهیدبوونیان هاتووە. دوای ئەوەی ژنەکان ئەوێ جێدەهێڵن، پێیانوابووە ژنەکان ئەمانیان بینیوە و ئیخباریان دەکەن و جاش و جەندرمە دەگەنە سەریان، بەڵام هەتا ئێوارە کەس نەهات، لەنێوان خۆیاندا وتبوویان یان ژنەکان ئێمەیان نەبینیوە، یان ئێمەیان بینیوە و ئیخبارییان نەکردووین.

ئەم بەسەرهاتە وەکو بەسەرهاتەکەی سەعدون بووە. جارێکی تر هێسترەکانیان عینادییان کردبوو. لەبەرئەوەی هێسترەکانیان رێیان نەکردبوو، دەمەوبەیانی ئاوی حاجی بەگیان تێپەڕاندبوو. سوپای تورک درکیان پێدەکات و هێرشیان نەنجامدابوو. لەبەرئەوەی ماوەیەک بوو شەڕی نێوان پەکەکە و پەدەکە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

راوەستابوو، هاتبوونە بەشی باشوری کوردستانەوە. پێیوانوابووە رزگاریان بووە و بەردەوام بوونە لە رێکردن. ئەوان دەیانزانی کەلە بەشی باکور جەندرمە و جاش بۆیان دانیشتوون، بەڵام نەیانزانیبوو کە پێشمەرگەی پەدەکەیان لێئاگەدار کردوونەتەوە. ئەوکاتەی پێشمەرگەی پەدەکە لەهەمبەریان قیت دەبنەوە، ئیتر بواری ئەوەیان بۆنەماوەتەوە هیچ بکەن. پێشیان باش نەبووە شەڕ بکەن.

خۆیان و هێسترەکانیان تەسلیم بە پێشمەرگەکانی پەدەکە دەبن. هەمان رۆژ، پێشمەرگە دەیانهێنن بۆ زیندانی ئاکرێ. دەنیز وتی: (ئەگەر هەلێکیان هەبوایە ئەم هەڤاڵانە هەروا خۆیان رادەست نەدەکرد و شەڕیان دەکرد)، دەنیز پێیوابوو، دوای قۆناغی ١٥ی شوبات، ئەو گۆڕانکارییانەی هاتبوونە ئاراوە و پاشەکشێی گەریلا لەناو خاکی تورکیا دڵشکاوی هێنابووە ئاراوە. راستە لە غەفڵەتدا گیرابوون و دیل ببوون، بەڵام دەبوایە چارەیەک بۆ ئەم گۆڕانکارییانە بدۆزرابایەوە. ماوەی ٧بۆ٨ ساڵێکە تێدەکۆشیت و رەنجتداوە و ماندوویت چێژتووە، کەچی ئێستا رازیبیت بە تەسلیمبوون، ئەمە شتێک نییە هەزم بکرێت و قەبوڵ بکرێت.

بە عەلی کەلارییان وتبوو، قەناعەتیان پێبکات تاکو بێن بۆ قاوشی ژمارە ٥. بە گشتی دەنیز، دەلیل، شاهین و مەحمود خۆیان ئامادەکردبوو بۆ کاتی چوون بۆ جێبەجێکردنی کاری سەرئاو تاکو چاویان بەوان بکەوێت و قسەیان لەگەڵ بکەن. لەوانەبوو چاویان بە سەعدون و دەلیل بکەوتایە و هەلی ئەوەیان بۆبڕەخسایە تاکو قسەیان لەگەڵ بکەن و بۆ ئەم رەوشی تەسلیم بونەیان پاشگەزیان بکەنەوە، بەڵام کەس نەهات، نە سەعدون، نە دەلیل، نە پڵنگ، نە ئازاد و نەردالیش نەهاتن بۆ ساحەکە. لە پەنجەرەکەوە بانگیان لێدەکردن بەناوی خۆیانەوە، کەچی کەسیان بەدەنگی ئەم داخوازییەوە نەدەهات. پێشوتر عەلی کەلاری وتبووی (هیوام پێیان نییە)، خۆیشیان وتبوویان (ئەو هێزەیان نەماوە تاکو بگەڕێنەوە و شەرمیش دەکەن)، دوای هەفتەیەک لە هەوڵوتەقەلا، تەنها وەڵامی سەعدونیان پێگەیشت ئەویش بە ئیشارەتی چاو، وتبووی (نامانەوێت قسەتان لەگەڵ بکەین)، بەمشێوەیە پێشبینییەکەی عەلی کەلاری راستدەرچوو.

مانگی مایس بوو، کەشوهەوا گەرم ببوو. وەرزی بەهار هەمیشە بۆ زیندانییەکان نارەحەتی بوو. گەریلا لەم مانگانەدا لە کەمپی زستانەیان دێنە دەرەوە و پیلانسازی بۆ ئەنجامدانی چالاکی دەکەن. بەتایبەتی مانگی مایس

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە. پەکەکە ناوی مانگی مایسیان ناوە مانگی شەهیدان، بە شکۆوە یادیان دەکەنەوە. لە هەموو ٦ی مایسێکدا دەنیز مەحمودی تەراش دەکرد. زیندانییەکان هەفتەی جارێک پاکژی شوێنی تایبەتی جەستەی خۆیانیان دەکرد. بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە تەنها ئەو رۆژە موسی دەداپێیان. ئەم موسی تەراشانە لیژنەی خاچی سوور بەردەوام دەیانهێنا بۆ زیندانییەکان، بەلام بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هەفتەی جارێک و یەک دانەی دەداپێیان. دەنیز بە گشتی سەری هەموویانی تەراش دەکرد، بەلام لەبەرئەوەی چاوی چەپی مەحمود نابینابوو، ناچاردەما ریشی مەحمود تەراش بکات. هەمیشە زیندانییەکان کاتژمێر١٠ تەراشیان دەکرد، بەلام ئەمجارە دەلیل پۆرسپی و جەمال و سەیفی وتیان کە دوایی تەراش دەبن. ئەوکاتەی دەنیز سەرقالی تەراشکردنی ریشی مەحمود بوو، لەناکاو دەرگای قاوشەکە کرایەوە و پێشمەرگەیەک وتی: دەلیل پۆرسپی دەبەن بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی. دوای ١٠خولەکی تر بانگی جەمالیان کرد، دوای ماوەیەکی کورتیش بانگی سەیفییان کرد.

ئەم بانگکردنە یەک لەدوای یەکە، جودی نیگەران کرد، تەماشایەکی مەحمودی کرد، مەحمودیش وتی: (لەوانەیە لێپرسینەوەیەکی سادەبێت)، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، هەر ٦مانگ جارێک بانگی زیندانییەکانیان دەکرد و لێیان دەپرسی {ئەرێ ئێستایش هەردەتەوێت لەناو پەکەکە بمێنیتەوە؟}. دەیانویست هەست و بڕیاربوونیان تاقیبکەنەوە. لەڕاستیدا بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە چاوەڕێی ئەوەنەبوون کە زیندانییانی پەکەکە بتوانن ئەوەندە خۆڕاگری بکەن. مولازم ئاشور پێیوابوو، زیندانییانی پەکەکە ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر خۆڕاگری بکەن. ئەو پێیوابوو ئەم زیندانییانە لەبەرئەوەی لە حزبەکەیان و لە گەلیش دابڕاون و هیچ ئامرازێکیشیان نییە تاکو هزری خۆیانیان پێتێر بکەن و بەتایبەتی لەدوای ١٥ی شوباتەوە کە پەکەکە پەرتەوازە بووە، ئەمان لەوە زیاتر خۆیان پێڕاناگیردرێت. لەیەکەم رۆژانی دیلبوونی دەلیل پۆرسپیدا، ئەو قسانەی کردبووی لە تیفی پەدەکەوە لەوانەبوو ببێت بە هۆکاری هەرەسی دەروونیان، ئەی باشە ئەم دەلیلە بۆچی گەڕابووەوە ناو قاوشی تێکۆشەرەکانەوە؟!.

دەلیل پۆرسپی وەک ئەوە دیاربوو کە کەمێک مەیلی بەلای تەسلیمبوونەوە هەبێت، پێیانیوتبوو هەستدەکەم لەدوای دیلبوونی سەرۆک ئاپۆوە ئیتر پەکەکە نەمێنێت و بەتایبەتی ئەو ٥ گەریلایەی تازە هێنراون کەلە رەوشی ئەوان دەڕوانم هەست

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەم مەسەلەیە دەکەم و هەرچەندە ماوەیەکی زۆریشە بیرلەم مەسەلەیە دەکەمەوە بەڵام بڕیاری یەکجارەکیم نەداوە و تەنانەت لە قاوشەکە زیندانی تریش هەن کە وەک من بیردەکەنەوە. جەمال و سەیفیش هەمان بۆچوونی دەلیلیان هێنابووە زمان. زیندانی تریش هەبوون کە وەک ئەمان بیریان دەکردەوە. دوای ئەوان عومەر، سەبری مەراش، رەفعەت، چەکدار، سەرهەڵدان و کامەرانیان بانگکرد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی. نیوەی ژمارەی زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ بانگکرابوون بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی. تەسلیم بوونیان قەبوڵ کردبوو. دەلیل پێیانیوتبوو دەتوانن قەناعەت بەوانەی تریش بکرێن و ئەگەر رازیش نەبوون لە قاوشەکە دەربکرێن، بەمشێوەیە قاوشێک نامێنێت بەناوی قاوشی خۆڕاگری و بەرخۆدان. محەمەد ئەمین سورچی بە تامەزرۆوە گوێی بۆگرتبوون، بێزار ببوو لەوەی هەر ٦مانگ جارێک راپۆرت بۆسەرووی خۆی بنوسێت و پێیانبڵێت هێشتا دەستبەرداری بەرخۆدان نەبوونە. بەگوێرەی مولازم ناشور، ئەم چاوەڕوانییە لە ناکامی رێزداری و سەبر و پیاوەتی و ژیری سیاسەتی خۆیبووە.

دەنیز دوای ئەوەی ریشی مەحمودی تەراشکرد، بەهۆی مەراقییەوەی خۆی پێڕانەگیرا و چووە لای پەنجەرەکەوەو تەماشای دەرەوەی کرد. لەناکاو بینی دەلیل دانیشتووە و چای دەخواتەوە و لە گەرمەی قسەکردندایە. دەنیز وتی: (هەڤاڵان، ئەوبێ شەرەفانە تەسلیم بوونەتەوە). ئەو ٩ زیندانییەی لە قاوشەکە مابوونەوە بەرەو پەنجەرەکە رایانکرد. بینییان کە دەلیل دەم بەخەندە قسە دەکات. مەحمود وتی: (ئەگەر چەند دانەیەکیشیان تەسلیم ببنەوە، خۆ هەموویان بەیەکجار تەسلیم نابن، بەتایبەتی عومەر، جەمال، سەیفی کەسانێکن گرێدراوی شۆڕشن)، دەنیز وتی: (هەڤاڵ مەحمود، ببینە چۆن دەلیل بە کەیفەوە قسە دەکات، چی کاتێک بووە کە بانگی ئێمەیان کردبێت چایی و جگەرەیان بە ئێمەداوە، دڵنیام هەموویان تەسلیم بوونە، دڵنیایشم هەموو ئەمانە کەتنی دەلیل پۆرسپییە)، جودییان هێشتا دوو دڵ بوو، ئەویش وتی: (هەڤاڵان، لەبارەی ئەمجۆرە قسانەوە پەلە مەکەن، کە هاتنەوە بۆمان دەردەکەوێت چیبووە، پێموانییە هەموویان بەیەکەوە تەسلیم بوبێتنەوە).

ماوەی کاتژمێرێک لەنێوان خۆیاندا گەنگەشەی ئەم مەسەلەیەیان کرد. کاتژمێر ببوو بە ١٢، ماوەی دوو کاتژمێر دەبوو بەرپرسیارانی زیندانەکە قسەیان لەگەڵ ئەو ٩ زیندانییە کردبوو. هەتا کات تێبپەڕیایە گریمانەی تەسلیم بوونەوەیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زیادی دەکرد. هێشتا دەنیز ریشی خۆی نەتراشیبوو. بۆئەوەی ریشی بتاشێت، لە پەنجەرەکە دوورکەوتەوە. ئەوکاتەی ویستی ریشی بتاشێت، بەرپرسیارانی زیندانەکە لەرێی بلّنگۆیەکەیانەوە سترانی {هەرە خائین هەرە، بەختا رییە من ب تە نییە} لێدا. لەناکاو مەحمود وتی: (ئەوانەی بانگکرابوون هاتنەوە)، دەرگای قاوشەکە کرایەوە و هەموویان خۆیان کرد بە قاوشەکەدا. دەنیز لە هەموویانی روانی. دەنیز پێیوابوو بەرپرسیارانی زیندانەکە بە زانابوونەوە ئەم سترانەیان لێداوە. دوای هاتنەوەیان راستەوخۆ موبەقچی مام رەجەب بە برنج و فاسولیاکەیەوە هاتە بەردەم دەرگاکە. ئەوانەی هاتبوون خۆیان وانیشاندەدا بەزەوقن، تەنانەت بە پێکەنینیشەوە لەسەر سفرەکە دانیشتن. ئەم خواردنە خواردنی زیندانییەکان نەبوو، بەڵکو بۆ پێشمەرگە پاسەوانەکان درووستکرابوون، بەڵام ئەمجارەیان دایان بە زیندانییەکان. ئەم کەیف خۆشییەیان بۆ زیندانییەکان ببووە مایەی تورەبوون، بەتایبەتی کە دەلیل بە دەنگی بەرز قاقای لێدا، ئیتر زیندانییەکانی تر شێت وهاربوون. دەنیز کە سەرقاڵی ریش تاشینبوو، هەستایە سەرپێ بە هاوارەوە پێیانیوت (بێ ناموسیش سنوری خۆی هەیە).

بەشی چەپی دەموچاوی دەنیز هێشتا بە سابوونەوە بوو. ئەو دەستەی موسەکەی پێگرتبوو، لەداخاندا دەلەرزی. ئاگر لە چاویان دەباری. کاتێک لەناویاندا عومەر، رەفعەت، چەکدار، سەبری و سەرهەڵدان سەری خۆیان نەویکرد بوو، بەڵام دەلیل پۆرسپی و جەمال و سەیفی بە قینەوە لە هەڤاڵەکانیان دەروانی. دەنیز جارێکی تر وتی: (پێتانوایە ئەم بێشەرەفییەتان قەبوڵ دەکەین، بە هەڵەداچوونە)، دەلیلیش بە تورەوییە وتی: (قارەمانێتی ساختەمان پێمەفرۆشە ئەی نەزان، تۆخۆت بێشەرەفیت)، لەناکاو مەحمود پەلاماری دەلیلیدا. دەلیل دەرفەتی ئەوەی بۆنەرەخسا وەڵامی بۆکسەکانی سەر دەموچاوی بداتەوە. جەمال و سەیفی چوونە هانایەوە. جەمال و رووس خەیری مەحمودیان گرت. کەمالیش هەتا توانای هەبوو بۆکسێکیدا لە سەیفی و تەختیکرد. کەوتنە گیان یەکتری، لەم حالەتەدا عومەر، چەکدار، رەفعەت، سەبری و سەرهەڵدان تەنها و تەنها تەماشایان دەکرد. بەهۆی ئەم شەرە کە شەق و بۆکس بە ئاسامانەوە یارییان دەکرد لەوەدەچوو زۆر ترسابێتن. دەنیز دەلیلی خستبووە ژێر خۆی تۆڵەی ئەو هەموو خەفەتەی لێدەسەندەوە کە ٤ساڵە لەدڵیدابوو، هەتا بیتوانایە بۆکسی لێدەدا. جەمال هەڵێکی بۆرەخسا بۆکسێکدا لە چەناگەی دەنیز، دەنیزیش بە موسەکەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەستی دای لە جەمال و لە گوێچکەیەوەی هەتا بەردەم چەناگەی هەڵدڕی، لەبەرئەوەی دەسکی موسەکە پێچەوانە بووەوە لەناکاو پێنج پەنجەی دەستە راستی دەنیزی بڕی، کاتێک چەکدار، عومەر، سەبری، رەفعەت و سەرهەڵدان خوێنیان بینی، زیاتر کشانەوە. کامەران هەلی بۆرەخسا و خۆی گەیاندە لای پەنجەرەکە و هاواری لە پێشمەرگەکان کرد و پێیوتون (فریامان بکەون)، ئەم هەرایەی ناو قاوشەکە سەرنجی پێشمەرگەکانی راکێشابوو. وەکو ئەوە وابوو پێشوتر ئامادەیی ئەمکارەیان کردبێت، میلیان راکێشا و لوولەی تفەنگەکانیان کردە سەر قاوشی ژمارە ٥ و دەرگایان کردەوە. ئەوکاتەی دەرگا کرایەوە، ئەوانەی تەسلیم ببوون و بەشداری شەڕەکە نەببوون هەلیان بۆرەخسا و بە خێرایی لە قاوشەکە هاتنە دەرەوە. دەلیل، جەمال و سەیفی زۆر بە زەحمەتی خۆیان گەیاندە دەرەوە، تەنانەت پێڵاویشیان لەپێدا نەبوو. ئەوانەی تەسلیم ببوون و چوونە دەرەوە قاوشەکەیان بەجێ هێشت کە لە شوێنی مەیدانی شەڕی دەکرد. خوێنی پەنجەکانی دەنیز و خوێنی دەموچاوی جەمال بەهەموو شوێنێکدا پەرشوبڵاو ببووەوە، جلوبەرگەکانیشیان شیتاڵ.. شیتاڵ ببوو.

ئەم هەراو دەنگە دەنگەی قاوشەکە، گەیشتووە گوێی قاوشەکانی تریش. هەموو زیندانییەکان گوێی خۆیان نابوو بە پەنجەرەکانەوە. دەیانویست بزانن چی بووە. محەمەد ئەمین سورچی و مولازمەکانیش هاتن، ئەوانەی تەسلیم ببوون لە ساحەکەدا بوون. محەمەد ئەمین سورچی وەکو ئەوەی ئاگای لەهیچ نەبوبێت، لەبەردەم پەنجەرەکە لە زیندانییەکانی پرسی (چییە هاوڕێیان، چیبووە؟)، کەمال وەکو ئەوەی دەمێک بوبێت چاوەڕێی هەلێکی وایکردبێت، هاتە پێشەوە و وتی: (ئێوە بە چی ڕوویەک و چاوقایمییەکەوە ئەوانەی تەسلیم بوونە دەنێرن بۆلای ئێمە، تۆیش ئەوەندەی ئێمە دەزانیت پەکەکە تەحەمولی تەسلیمییەت و خیانەت ناکات، لەوەدەچێت ئامانجی تۆ ئەوەبێت کە بەیەکماندا بدەیت و یەکتر بکوژین، محەمەد ئەمین سورچی ئەمەت بەسەر تێناپەڕێت، لەیادی مەکە رۆژێک باجی ئەم مەسەلەیە دەدەیت).

محەمەد ئەمین سورچی دەیویست لەم مەسەلەیە وەکو مووی ناو ماست لێیبێتە دەرەوە. دەیوت هیچ تاوانێکی لەمبارەیەوە نییە. دەیوت دوای ئەوەی تەسلیم بوون، ویستمان بیانبەین بۆ قاوشی ژمارە٦ بەڵام خۆیان قەبوڵیان نەکردووە. بەدەستی ئیشاراتی بۆ تەسلیم بووەکان کرد و دەیوت لەخۆیان بپرسن. تەسلیم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بووەکان بە بەرپرسیارەکانیان وتبوو (ئێمە دەگەڕێینەوە بۆقاوشەکەی خۆمان، ئەگەر یەکێک وەکو ئێمە تەسلیمییەت قەبوڵ نەکات، گوێچکی دەگرین و فرێی دەدەینە دەرەوە)، گوایە گوێیان بۆ ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەر نەگرتووە. ڕاستە لەوانەیە ئەم قسانە ڕاست بووبێتن، بەڵام کە بە محەمەد ئەمین سورچییان وتبوو (هەموو زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ تەسلیم دەکەین)، ئەمە دڵخۆشییەکی محەمەد ئەمین سورچی بوو، کە باوەڕی بەم قسانەیانی هێنابوو. بەدڵنیاییەوە پێیانیان وتبوو کە پشتگیریشتان دەکەین. مولازم ئاشور وتبووی (ئەگەر ئەمانە عاقڵ بکەین، جارێکی تر لە زیندانی ئاکرێ، نەک کەسێک بەرخۆدان بکات، بەڵکو زادی ئەوەیش ناکات ووشەی بەرخۆدان بهێنێتە زمان)، لەماوەیەکی کەمدا پیلانەکەی دەلیل پۆرسپی مایەپوچ ببووەوە، بەڵام توانی لەگەڵ خۆیدا نیوەی زیندانییەکان بەرێت، ئەمەیش سەرکەوتن بوو بۆ دەلیل و بەرپرسیارانی زیندانەکە.

دەموچاوی جەمال هەڵدڕابوو، ڕاستەوخۆ بردیان بۆ نەخۆشخانە. دەستی دەنیز هەتا سەر ئێسقان بڕابوو، سەرەڕای هەموو هەوڵێکی هەڤاڵەکانی نەیاندەتوانی خوێنەکەی ڕابگرن. محەمەد ئەمین سورچی پێشنیاری بۆ دەنیز کرد کە بیبات بۆ سەیدەلییە ودەستی بەنج بکەن.

دەنیز و هەڤاڵەکانی ئەم پێشنیارەیان قەبوڵ نەکرد. ئەوانەی تەسلیم ببوون بێشک بە بەرپرسیارانی زیندانەکەیان وتبوو دەنیز سەرەتا دەستی وەشاندووە، نەدەزانرا بەرپرسیارانی زیندانەکە لەمبارەیەوە چی لە دەنیز دەکەن، هەربۆیە دەنیز و هەڤاڵەکانی باوەڕیان پێیاننەدەکرد. کەمێک پێش ئێستا بەرپرسیارانی زیندانەکە درۆیان بۆکردبوون. تەنها دەیانویست بەنج و دیتۆڵ و مەڵحەم و برین پێچیان بدەنێ و ئیتر خۆیان تەداوی برینەکەیان دەکرد، لەوانەیش بوو ئەمانەیان نەدەنێ کە هەرچەندە لە زیندانەکە هەشبوو.

محەمەد ئەمین سورچی و پیاوەکانی باشیاندەزانی بۆچی دەنیز و هەڤاڵەکانی ئەم پێشنیارە قەبوڵ ناکەن. هەربۆیە پێیانوت (بەڵێنی شەرەفتان دەدەمێ، کەس دەست بۆ دەنیز نابات، دەیبەین تەداوی دەکەین و دەیهێنینەوە)، ڕاستە باوەڕییەکی ئەوتۆ بە بەڵێنی محەمەد ئەمین سورچی نەدەکرا، بەڵام بەناچاری دەنیزیان نارد. دکتۆر ئەحمەد و پێشمەرگەکانیش ڕێزیان لە دەنیز گرتبوو. بێشک ئەمە ڕێزێک بوو بۆ چاونەترسی و قارەمانێتی دەنیز و نمونەی دەنیزەکان،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەهەمانکاتیشدا ترسێک بوو بۆ پاشەڕۆژ، لەحاڵەتی بەدواچوندا، هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەبوو کە قاوشی ژمارە ٥، دەستبەردانی بەرخۆدان نابێت. لێرە بەدواوە محەمەد ئەمین سورچی دەبوایە زیاتر وورپای مەسەلەکان ببوایە.

ئەوەی من بزانم ئەم هەڵوێست و جوامێرییەی هەڤاڵانی قاوشی ژمارە ٥ی سەر بە پەکەکە، لە باشوری کوردستان گەورەترین بەرخۆدان بووە لەهەمبەر خیانەت. ئەمە بەرخودانێکی بێ وێنەی نەبینراو بوو. دیوارەکانم شانازای دەکەن کە بوونە بە شاهێدحاڵی تێکۆشان و بەرخودانێکی لەو چەشنەیە. ئەگەر زیاتر باس بکەم، هەست بە شەرمەزاری دەکەم، باسکردنی زیاتری ئەم مەسەلەیە زیندانییانی قاوشەکانی تر دەیانهێنایە زمان. ئەوان زیاتر لەوەی کە من بەچاوی خۆم بینیم، زیاتریان دەووت. زیندانییەکان زۆر بە ووردی و بە چڕی باسی ئەم مەسەلەیەیان بۆ سەردانکەرانەکانیان دەکرد. بەڕای من گەورەکردنەوە و زیادەڕۆیی لە هەڵوێستی قارەمانە و چاونەترسانە هیچ عەیبێکی نییە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە هەواڵی تەسلیم بوونیش مایەی نیگەرانی بوو. لەم کاتوساتەدا پێویست بەوەبوو کە قارەمانێتی ئەم چەند دیلەی قاوشی ژمارە ٥ گەورەتر بکرێتەوە. بەگوێرەی ئەزمونی خۆم، ئەم پێویستییە لاوازی و کەمی باوەڕبوون بەخۆ و باوەڕنەکردن بە هێزی زاتی نیشاندەدا. ئەم ڕووداوەنە باس لە کەسانێک دەکات کەلە ناو بزووتنەوەیەکدا دەیانەوێت بەها بەنرخەکانی شۆڕش بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار بهێنن و لەم پێناوەیشدا دەچوونە ناو گەمەی قڕێژەوە. بەڕای من ئەمە دیوی پەردەی تراژیدیاکەیە. بەتایبەتی غەفڵەتی ئەوانەی بە قارەمان کرابوون. هەر لەسەرەتاوە ئەمەیان قەبوڵ نەکرد. قینیان ئەوەندە گەورەبوو، دەیانویست ئەوانەی تەسلیم بوونە و لەبەردەم پەنجەرەکە تێدەپەڕن تف بکەنە چارەیان. ئەوانەی تەسلیمیش ببوون ئەمەیان دەزانی، لەترسی ئەوان خۆیان دەشاردەوە. دیاربوو ویژدانی عومەر، چەکدار و سەبری ئاسودە نەبوو، بەڵام هیچ لەدەست نەدەهات، کارلەکار ترازابوو. ئەوانەی تەسلیم ببوون، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە پشتی خۆیان بدەنەوە و جلوبەرگ و پێڵاوەکانیشیان بەرن ئەوێیان جێهێشت. ئەگەر دوایش لەڕێی پێشمەرگەوە داوای شتومەکەکانیشیان بکردایەتەوە، هەڤاڵانی قاوشی ژمارە ٥ دەیانوت ئەمە شتومەکی شۆڕشە و نایاندەینەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوانەی مابوونەوە، لەبەرئەوەی پیلانە نەگریسەکەی تەسلیمبووەکانیان مایەپوچ کردبوو کەمێک ئاسودە ببوون. لەنێوان خۆیاندا دەیانوت کارێکی باشیان کردووە بە زوویی هاتوونەتە دەست و رێگرییان لێکردوون. زیندانییەکان بیریان لە دەلیل پۆرسپی و جەمال و سەیفی دەکردەوە کە هەر لە سەرەتاوە بە رەفتارەکانیان هەوڵیانداوە ژیانی رێکخستنی نەهێڵن و کامەران و رەفعەت لەبەرئەوەی خاوەن کەسایەتییەکی لاواز بوونە کاریگەرییان بەسەردا دروستکردووە. پێیانوابوو لەبەرئەوەی ژیانێکی رێکخستنیان بەرجەستە نەکردووە دابڕان هاتۆتە ئاراوە و بۆشایی دروستبووە و ئاکامەکەیشی هەنگاو بووە بەرەو تەسلیمییەت.

ئەوە غەفڵەت بوو کە هەرلەسەرەتاوە دەیانوت بەم شێوازی ژیانەیش دەوترێت بەرخۆدان. ئەوەیش غەفڵەت بوو کە گوایە ئەم ژیانەی ئێرە هەتا سەر نابێت. لەبەرئەوەی ژیانێکی رێکخستنی و بەرێکخستنی نەبوو، بواری بۆ ئەو جۆرە کەسانە رەخساند کەبە سانایی دەستبەرداری ژیانی خۆیان ببنن و تەسلیم ببن. لەبەردەم چاوی خۆیان پیلانی دەستبەرداری و هەڵوەشانەوە هەبوو، بەڵام نەیان بینیبوو. هەتا دوا ساتیش مەحمود و جودی لەو باوەڕەدا نەبوون کە تەسلیم بوونی بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت.

هەرچەندە دەنیز پێشیوابوو دەلیل پۆرسپی بەرگەی ئەم ماراسۆنی بەرخودانە ناکات، بەڵام ئەویش ئەوەی نەبینی کە دەلیل دەتوانێت گرووپ بە رێکخستن بکات و بەرەو تەسلیمبوونیان بەرێت. دەنیز پێیوانەبوو دەلیل بتوانێت غیرەتێکی وابنوێنێت. دەنیز نەیدەزانی خوێندنەوەیەکی چۆن و شیکارێکی چۆن بۆ عومەر، چەکدار و سەبری بکات کە بە دەلیل هەڵخەڵەتاون. عومەرێک کە هەواڵی دەستگیربوونی سەرۆک ئاپۆی بیست سەری خۆی دەکێشا بە دیواردا و عومەرێک کە خوشکێکی شەهیدە و عومەرێک کە برایەکی گەریلایە و عومەرێک کە کەسوکارێکی زۆری لەناو شۆڕشدایە و عومەرێک کە لەلای سەرۆک ئاپۆ خولی پەروەردەی بینیوە، عومەرێک کە هەمیشە رێزی لێگیراوە و خۆشیان ویستووە، ئایا چی لاوازییەک بەرەو ئەو تەسلیمبوونەی برد؟!. لە ئاکامدا ئەگەر دەلیل، جەمال و سەیفی غیرەتێکی وایان هەبوبێت، ئەمە دەرەنجامی ئەوەیە کەلەناو بەرخۆداندالاوازییەکی گەورە هەیە. دەبوایە چارەسەرییان بۆ ئەم مەسەلە گرنگە بدۆزیایەتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم گەنگەشانەیان گۆڕی بە کۆبونەوە. مەحمود سەرپەرشتی کۆبونەوەکەی دەکرد. تەماشای دەموچاوی هەموویانی کرد. مەحمود پێیانیوت ئامانجی ئەوانەی تەسلیم بوونەتەوە ئەوەیە بەرخۆدان تەسفییە بکەن و پێیانوابووە ئەگەر بەرخۆدان تەسفییە بکەن ئەوا تەسلیمبوونەوەی خۆیان بە مەشروعییەت دەکەن و ئێمەیش ئەم پیلانەیانمان شکست پێهیناوە، پێویستە لێرەیش بەدواوە کاری باشتر بکەین.

مەحمود لە چاوانی جودی، دەنیز، کەمال، شاهین، رووس خەیری، ئیسلام و مێرخاسدا باوەڕی بەدیکرد. جودییان وتی: ئەوانەی تەسلیم بوون کە خاوەن کەسایەتییەکی تەسفییەچییانە بوون باشترین وەڵام بۆئەوان ئەوەیە زیاتر سووربین لەسەر بەرخۆدان و بە رێکخستن بوون. هەموو هەڤاڵەکانی هاوبیری ئەم قسەیەی جودی بوون. دەنیزیشیان وتی: سەرەڕای ئەوەی دوایش کەوتووین، دەبێت لێرە بەدواوە زیاتر و زیاتر بە دسپلین بین.

لە کۆبونەوە بڕیاری ئەوەدرا مەحمود و دەنیز وەک نوێنەر دەستنیشان بکرێن. راستە ژمارەی ئەوانەی تەسلیم ببوون زیاتر بوو، بەڵام هێزی بنگەیی لەلای بەرخودانکەرەکان بوو. سێ ساڵ لەمەوبەر، ۹۰ زیندانی بوون لە قاوشەکەدا، بەڵام ئێستا تەنها ۹کەسیان ماونەتەوە. کاتێک پێشوتر شوێن نەبوو پێت لەسەری دابنێیت، بەڵام ئێستا دەیانتوانی لەناو قاوشەکە دووگۆڵی بکەن. کتێبیان نەبوو بۆ خوێندنەوە و کاغەز و قەڵەمیشیان نەبوو پێیبنووسن. نە رادیۆ و نە تەلەفزیۆن و نە رۆژنامەیشیان هەبوو. کاتی خۆیان بە قسەکردن بەسەردەبرد و یاری شەترەنج و تاوڵە و دۆمینەیان دەکرد.

هاتەوە یادم رۆژێکیان بەرپرسی کتێبخانەکە ئەبو وەلید باسی لە بوونی کتێبێکی تورکی کرد. زیندانییەکان داوای کتێبەکەیان لێکرد. دوای ئەوەی چوون بۆ ساحەکە بۆ پیاسە، چوون کتێبەکەیان هێنا. ناوی کتێبەکە (ئۆپەراسیۆن)بوو، نوسەرەکەیشی ناوی تونجای ئۆزکان بوو، دەرکەوت پێشوتر ئەم نوسەرەیان دەناسی و بە کەسێکی راستگۆ و دروست ناویان نەهێنا. ئەم کتێبە باسی لە دیلکردنی سەرۆک ئاپۆ دەکرد و باسی لە قۆناغی ئیمرالی و ئاکامەکانی دیلکردنەکەی سەرۆکیش. دەرکەوت نە سەرۆک ئاپۆ تەسلیم بووە و نە کۆتایش بە پەکەکە هاتووە. شاهین دەیوت ئەم کتێبە بەتایبەتی لەلایەن ئەوانەی تەسلیم بوونە و ئێستا بوونە بە کۆنترا گەریلا دژ بە پەکەکە شەڕدەکەن ئەوان بەتایبەتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناردوویانە بۆ ئێرە. ئامانجیان ئەوەبوو مێشکیان تێکبدەن، هەڤاڵاکانی تریشی لەگەڵ ئەم قسەیەی شاهین هاوبیربوون، دوژمن بۆچی ئەمە دەکات؟!.

# ٢٢

# مانگرتنی هەتا مردن

قاوشی ژمارە ٥، بە ٩کەسەوە پێشوازییان لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٠کرد. قاوشەکە بەتەواوەتی فراوان ببووەوە. پەیوەندییان لەگەڵ جیهانی دەرەوە سنوردار بوو. لەبەرئەوەی ژمارەیان کەمببووەوە، ئاستی ژیانیانی بەڕادەیەک تەنگ کردبووەوە کە درکی پێدەکرا. لەبەرئەوەی هیچ هەواڵێک نەدەبیسترا و هیچ زانیارییەکیش بەدەست نەدەکەوت، گەنگەشەی نێوانیان کەم دەبووەوە، چونکە شتێکی ئەوتۆ نەبوو لەبارەیەوە قسەی لەسەر بکەن. تێواران وایەری بڵندگۆکەیان دەبەستەوە تاکو گوێ بۆ هەواڵەکان بگرن. گوێیان لە مانشێتی هەواڵەکان دەگرت، ئەگەر هەواڵێکی سەرنجراکێش نەبوایە جاریکی تر وایەرەکەیان لێدەکردەوە. رادیۆی پەدەکە جگە لە پڕوپاگەندەی رەش هیچ هەواڵێکی تریان بڵاونەدەکردەوە. دواهەمین هەواڵ ئەوەبوو سەعید چوروکقایە کە ناسراوە بە دکتۆر سلێمان هەڵاتووە کە ئەمەیشیان بەمەستی پڕوپاگەندەی وورە روخاندن بڵاودەکردەوە. راگەیاندنەکانی پەدەکە دەیانویست لەرێگەی هەواڵی هەڵاتنی کەسانی ناو پەکەکە بیسەلمێنن پەکەکە بەرەو لە ناوچوون بوونەتەوە. هەواڵەکە دەیوت گوایە دکتۆر سلێمان و یڵماز بینگۆل و نەورۆز و ١٥٠٠ گەریلا خۆیان رادەستی یەنەکە کردووە.

پێشوتر گریمانەی ئەوە هەبوو ئەو ٩کەسە لەوانەیە هەڵبێن. لە ئاکامدا دەیانوت شۆڕش ماراسۆنە لەوانەیە هەموو کەس نەتوانێت هەتا دواخاڵ بەردەوام بێت، بەڵام ئایا ئەمە بۆ هەموو کەسێک هەروا بووە؟. دیلکردنی سەرۆکەکەیان قۆناغێکی نادیار و سەرلێشێواوی هێنابووە ئاراوە. سەرەڕای هەموو شتێک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

درکیان بەم رەوشە دەکرد. دواهەمین هەواڵ کە زانیبویان ئەوە بوو کە دادگای باڵای تورک بڕیاری سێدارەی بەسەر سەرۆکەکەیان سەپاندووە و سەرۆکەکەیشیان بە هێزی گەریلای وتووە لە تورکیا بکشێننەوە. ماوەی ساڵێک بوو رادیۆکەیانیان لێسەندبووەوە. نەیاندەتوانی گوێ لە رادیۆی خۆیان و نەیشیان دەتوانی گوێ لە رادیۆی بێلایەن بگرن. گۆشەگیری سەر سەرۆکەکەیان و بڕیاری لە سێدارەدانی ئەوانیشی نیگەران کردبوو. ئەوانیش پێیانوابوو ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر چیا و لەناو ریزەکانی گەریلا ئاڵۆزی و نیگەرانی هێناوەتە ئاراوە. هەربۆیە دابڕان و هەڵاتن و جیابوونەوەیش دێنە ئاراوە. هەموو ئەمانەیش ئەوەندەی پروپاگەندەی چەواشەکاری و رقاوییەکانی پەدەکە کاریگەر نەبوون. هەرکاتێک گوێیان لە پروپاگەندە قێزەوەنەکانی پەدەکە دەبوو بەردەوام جودی نمونەی ئەو چیرۆکەی باسدەکرد، لە راستیدا هێلکەیەک لەناو سەبەتەکەدا بووە، بەڵام ئەم هەواڵە هەتا دەگاتە گوێی پاشا ژمارەی ئەم هێلکەیە دەبێتە سەد هێلکە.

لەبارەی ئەم زیندانەوە من زیاتر شت دەزانم. چیرۆکێک هەیە بەمشێوەیە. کابرایەک بە دراوسێکەی دەڵێت مریشکەکەی هێلکەی ئاڵتونی دەکات، بەڵام توخوا بەکەس مەڵێ. دوای ماوەیەک پاشا بانگی کابرا دەکات و پێیدەڵێت، ئەرێ کابرا مریشکەکەی تۆ سەد هێلکەی ئاڵتونی کردووە؟، ئەویش دەڵێت گەورەم، بۆنەوەی ئەم مەسەلەیە تاقیبکەمەوە کەلەناو خەڵکدا چۆن مەسەلەکان گەورە دەکرێنەوە ئەم چیرۆکەم رێکخست، بۆم دەرکەوت خۆی ١ هێلکە بوو هەتا گەیشتە حزورتان بوو بە سەد هێلکەی ئاڵتونی. جودی دەیوت مەسەلەی هەڵهاتووانی ناو پەکەکە کە باسیان لە ١٥٠٠ کەس دەکرد، وەکو هێلکەکەی ئەو کابرایە وایە. بەگوێرەی زیندانییەکان ئەوانەی لەگەڵ دکتۆر سلێمان هەڵاتوون لەوانەی هەر ١٥بۆ٢٠ کەسێک بووبێتن، بەڵام پەدەکە کردبووی بە ١٥٠٠ کەس.

مەحمود کاتی خۆی لە هەرێمی ئامەد لەگەڵ دکتۆر سلێمان گەریلایەتی کردووە، مەحمود پێیوابوو دەکرێت هەڵاتبێت. مەحمود دەیوت دکتۆر سلێمان خاوەن کەسایەتییەکی خۆ بە زل زان و خۆپەرست و کەسێک بووە لە پێناو بەرژەوەندی خۆی ئامادەبووە پشتبکاتە هەموو بەهایەکی شۆڕشگێڕی و ئەخلاقی. بەڕای مەحمود دکتۆر سلێمان کەسێکی زۆر نەشیاو بووە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەمبارەیەوە لە قاوشەکانی ترەوە هەواڵیان بەدەست دەگەیشت. دەیانزانی بەهۆی بەرخۆدانی قاوشی ژمارە ٥وە هەموو زیندانییەکانی تری قاوشەکان ئاسودە بوون، هەربۆیە هەر هەواڵێک لە رێی سەردانکەرانیان بەدەست دەگەیشت بە قاوشی ژمارە ٥ یشیان دەوت. بەمشێوەیە رێز و خۆشەویستی خۆیان بۆ قاوشی ژمارە ٥ دەردەبڕی. دوای رۆژێک بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، زیندانییەکی خەڵکی سلێمانی، هەواڵێکی لە رێگەی کەسوکارییەوە زانی و بە نهێنی بە زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ی راگەیاند. هەواڵی هەڵاتنەکە راست بوو، بەڵام ١٥٠٠ کەس هەڵنەهاتبوون، بەڵکو لەگەڵ دکتۆر سلێماندا ٣٠٠ کەس هەڵاتبوو. جودی ئەم هەواڵەیشی بە زیادەڕۆیی دەبینی، لەمبارەیەوە جودی جارێکی تر چیرۆکی هێلکە ئاڵتونییەکی وەبیر هێنانەوە. هەواڵی ئەم ٣٠٠ کەسە دوا هەواڵ بووە کە گەیشتووەتە سلێمانی. پێیانوابوو ئەم ژمارەیە راست نییە و ژمارەیان لەوە کەمترە. دوای ماوەیەک هەواڵی راست و دروستی تر گەیشت. بەگوێرەی هەواڵەکە دکتۆر سلێمان و یڵماز بینگۆل و نەورۆز بەیەکەوە لەگەڵ ١٥بۆ٢٠ گەریلایەک خۆیان رادەستی یەنەکە کردووە.

لەم دوا رۆژانەدا، ئەوەی سەرودڵی زیندانییەکانی گرتبێت ئەو پێشهاتانەبوون. جگە لەم مەسەلەیە رۆژانە لە نێوان خۆیان وەکو جاران قسەیان دەکرد و ژیانی خۆیان دەبردەسەر. جودی قسەخۆشی نێوانیان بوو، ئێوارەیەک باسی لە بیرەوەرییەکی خۆی کرد، هەرلە سەرەتای گێڕانەوەیدا کەمال وتی: (هەڤاڵ جودی، ئێمە پێشوتر ئەم یادەوەرییەتمان بیستووە، زۆرجار ئەمەت گێڕاوەتەوە)، جودیش وتی: (هەڤاڵ چیبکەم، هەموو یادەوەرییەکانمان بۆیەک گێڕاوەتەوە، یادەوەری ترمان نەما، لەوانەیە دەجار ئەم یادەوەرییەم گێڕابێتەوە، هەرئەم چیرۆکانە لەناو کەشکۆڵەکەی منە، چارەتان نییە دەبێت گوێ لە یادەوەرییەکانم بگرن).

جودی بەبێ ئەوەی گوێ بدات بە کاردانەوەکەی کەمال، بەشێوەیەکی زۆر جوان و رازاوەتر دەستی کردەوە بە گێڕانەوەی یادەوەرییە کۆنەکانی کە چەندینجار بۆیانی گێڕابووەوە. ماوەی سێ ساڵ بوو جودی و دەنیز لەپەنای یەکتر دەنوستن. دەنیز بەیانیان زوو هەڵدەستا، کە بەئاگا دەهاتەوە دەیوت (رۆژباش هەڤاڵ جودی)، پاشانیش هەڤاڵەکانی تری بە ئاگادەهێنایەوە. لەوانەبوو بەهۆی کێشەی تەندروستییەوە بووبێت، جودی کەلە خەو هەڵدەستا دەموچاو ترشاوی و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بێحەوسەڵە دەبینرا. ئەم دەموچا تورشییە ماوەیەکی کەمی دەخایاند. جودی دوای ئەوەی لەخەو هەڵدەستا، دوای ماوەیەک هۆشی دەهاتەوە سەرخۆی و کەسێکی بەزەوق بوو. دەنیز ئەم رەوشەی جودی دەزانی، بەیانیان کەلە خەو هەڵیدەساند، جگە لە بەیانی باش هیچی تری پێنەدەوت، چونکە دەیزانی ماوەیەکی پێدەچێت هەتا هۆشی دێتەوەسەر خۆی، هەربۆیە خۆی لەقەرەی نەدەدا.

بەیانییەکی رۆژی مانگی ئاب، کە هێشتا هەست بە گەرمایی دەکرا، جارێکی تر دەنیز بە وتنی (رۆژباش هەڤاڵ جودی) هەستا. جودیش بە عەبوسییەوە وەڵامی رۆژباشەکەی دایەوە. دەنیز لێیپرسی (خێرە، بۆچی شێتبویتە؟)، (ئێستا جوێنت پێدەدەم، ئەوکاتە دەبینی بۆچی شێت بوومە)، (بۆچی قسەم پێدەکەیت، کێشەت چییە؟)، (بیرم کردەوە جگە لە جوێندان بەیەکتری، هیچ قسەیەکمان لە نێوان نەماوە و مەسەلە نەماوە گەنگەشەی نەکەین و بیرەوەری نەما نەیگێڕینەوە و تەنها جوێندان ماوە، دەبا جوێنتان پێبدەم و هەموو شتێک یەکسان بێت)، هەڤاڵەکانی تریشیان گوێیان لە قسەکانی نێوان دەنیز و جودی ببوو. هەموویان بە قسەکانی جودی دایانە قاقای پێکەنین. لەناو ئەو رەوشەی تێیدابوون، ئەم شۆخیانەی جودی بەختەوەری کردبوون. ئەمە نیشانەی ئەوەبوو کە ژیانیان ناڕەحەتی بۆدرووست بووە، لەوە دەچوو مێشکی جودی جەنجاڵ بووبێت. دیاربوو نیگەرانییەکانی زۆر بوون. رۆژێک کە چوارشەممە بوو، دوای ئەوەی نانی بەیانی خوارد کە نان و ماست بوو، خێرا خۆی گەیاندە بەردەم پەنجەرەکە وجگەرەیەکی داگیرساند. تەماشای ئەو خەڵکەی دەکرد کە هاتبوون بۆ سەردانی زیندانییەکانیان. دوای ئەوەی ماوەیەک تەماشای ساحەکەی کرد، ئینجا بە هەڤاڵەکانی وت (هەڤالان، بیر لەشتێک دەکەمەوە دەزانن چییە؟)، مەحمود پێیوت (هەڤاڵ جودی، تۆ تەنها بیر لە زۆرزانی دەکەیتەوە هیچی تر، مێشکی کەسانی وەکو ئێمە بیر لە شەیتانی وەکو مێشکی تۆ ناکاتەوە، دەی پێمان بڵێ چی هاتووە بە مێشکتدا؟)، جودی بە خەندەوە گوێی لە قسەکانی مەحمود گرتبوو، بە هەمان خەندەوە باسی لە بیرکردنەوەکانی خۆی کرد، ئینجا وتی: (ئەو منداڵانەی هاتوون بۆ سەردان، زۆر بێگەرد و پاکژن و ئاگایان لە دونیا نییە، کەچی تەماشای حاڵی ئێمەیش بکەن، لە دونیا دابڕواین و ئاگامان لەهیچ شتێک نییە، ئەگەر ئەم رەوشەمان بەوشێوەیە بەردەوام بێت، لەو کەسە دەچین کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەوتووەتە ناو دورگەیەکەوە بێکەسە و کەسیش پێینازانێت، ئەگەر ١٠بۆ١٥ ساڵێک بەمشێوەیە بمێنینەوە، وەکو باو و باپیرانمانمان لێدێت، بێ ناو دەمێنینەوە. منداڵەکان وەکو ئەوەی لە باخچەی ئاژەڵاندا بێتن وایە، دێنە بەردەم پەنجەرەکان و مۆز و چەرەز و جگەرە فڕێدەدەن و پێدەکەنن، دەبا ئێمەیش وەکو مەیمون لە پەنجەرەکانەوە دەنگێکی نامۆ دەربکەین و داوای مۆز و جگەرەیان لێبکەین).

قسەکانی جودی جارێکی تر ئەوانی دایەوە بە پێکەنین. هەروەکو هەمووجارێک جودی سەریخستەوەسەر مەحمود، جودی وتی: (لەم کاتەدا دڵنیام مەحمود دەڵێت لە پەنجەرەکە نزیک نەبینەوە، چاوی مەحمود نابینێت و باڵایشی ناگاتە ئاستی پەنجەرەکە، منداڵەکان بۆ یەکەمجارییان دەبێت بونەوەرێکی وابیبنن و هەموویان لە ترساندا هەڵدێن، بەمشێوەیە ئێمەیش نە مۆز و نە جگەرەیشمان دەستدەکەوێت).

بە مەحمودیشەوە هەموو هەڤاڵەکانی بەم قسانەی جودی دایانە قاقای پێکەنین. ئەم شۆخییانەی جودی ببوو بە نەشئە و دڵخۆش بوونی زیندانییەکان، بەڵام لە هەمانکاتدا راستییەکی پێوەدیاربوو. دابڕان لە دونیا و بێکاریگەری ژیان لە ئاستی ئەواندا، کاریگەری خۆیان بەسەر زیندانییەکانەوە نیشاندابوو.

ڤێنکی مانگی ئەیلوول جێگەی مانگی ئابی گرتبووەوە، هەواڵێک کەلە زیندانییانی قاوشەکانی ترەوە لە رێی سەردانکەرەکانیانەوە گەیشتبو، سەردوڵیانی گرت. هەواڵەکە دەیوت لە ناوچەکانی قەندیل، پێشمەرگەکانی یەنەکە، هێرشیان کردووەتە سەر گەریلاکانی پەکەکە و شەڕ هاتۆتە ئاراوە. هیچ هەواڵێکیان لەبارەی ئەوەی بۆچی ئەم شەڕە دەستی پێکردووە و چی هاتۆتە ئاراوە کە ببێت بە هۆکاری ئەم شەڕە، نەیاندەزانی؟!، لەمبارەیەوە هیچ زانیارییەک نەبوو. پرسیارێک مێشکی ئەوانی جەنجاڵ کردبوو، ئەویش ئەوە بوو ئایا یەنەکە بەچی غیرەتێکەوە هێرش بۆسەر پەکەکە ئەنجامدەدات؟!.

لەوانەبوو دەسەڵاتدارانی یەنەکە، لە شوێن و لایەنێکەوە هێز و هاوکارییان وەرگرتبێت. یەنەکە ئەوە نەبوو، ئەو توانایەشی نەبوو کە بەتەنیا بتوانێت هێرش بۆسەر پەکەکە ئەنجام بدات. هەرچەندە لەچاو گەریلاکانی پەکەکە، پێشمەرگەکانی یەنەکە خاوەن ئەو توانا و ئەزمونی شەڕی پارتیزانەیان نەبوو، لەهەمانکاتیشدا یەنەکە پێویستی بە پشتگیری گەل هەبوو. پێشوتر یەنەکە لەگەڵ پەدەکە و سوپای تورک هێرشی سەر پەکەکەیان کردبوو، بەڵام دەزانرا کە یەنەکە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەیدەتوانی بە تەنیا شەڕی پەکەکە بکات. لەوەدەچوو لەمبارەیەوە، یەنەکە بەڵێنێکی زۆر گەورەی هاوکاری لەلایەنێکەوە وەرگرتبێت. زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ بەمشێوەیە بیریان دەکردەوە. ئەوان بێبەش بوون لەوەی گریمانە و بۆچونەکانیان لە ڕێی بەڵگەی راستەوە بسەلمێنن. لەلایەکی تریشەوە مەراقی ئەو هەڤاڵانەیان بوون کەلە دەرەوە لەسەر چیاکان لەناو ئەم شەڕەدابوون.

ئەوکاتەی ڕووداوەکانی مانگەکانی ئەیلوول و تشرینی یەکەمیان تێپەڕاند و کەوتنە مانگی تشرینی دووەمەوە، تەنها هەواڵ کە دەیانزانی ئەوەبوو شەڕوپێکدادانەکان هێشتا بەردەوامن. لەبارەی ڕەوتی شەڕەکانەوە هیچیان نەدەزانی. ئەمە بۆ زیندانییەکان مانای ئەوە بوو کە رادەی بێ تەحەمولی هەموو کۆمەڵگەیان تێپەڕاندووە. بۆ تێکشکاندنی هەموو ئەمانە دەبوایە شتێکیان بکردایە. نەدەکرا ڕەوشیان بەوشێوەیە بەردەوام ببوایە. تاقەتی قسەی نێوانیان تادەهات کەمدەبووەوە، کاتێک لە ناو قاوشەکە پیاسەیان دەکرد، بەردەوام بیریان لە گۆڕانکاری و ڕووداوەکان دەکردەوە، هەرچییەکیان دەکرد هەموو هزریان لە خاڵێک چەقی دەگرت. لە مانگی تشرینی دووەمدا، بۆ ئەوەی هەموو بیرۆکە و هزر و بۆچونەکانیان یەک بخەن و لەبارەیەوە بڕیار بدەن، کۆبونەوەییەکیان سازدا. مەحمود کۆبونەوەکەی دەستپێکرد، ئەوەی لە خەیاڵمدابێت مەحمود وتی: (وەکو دەزانن، ماوەی ٣بۆ٥ ساڵێکە لەناو گۆشەگیریدابن، ژیانی گۆشەگیری بەسەردەبەین، ئێمە ناتوانین لەوە زیاتر بەرگەی بێ هەواڵی دونیای دەرەوە و نەزانینی گۆڕانکارییەکان بگرین و بێ ئاگابین لە ڕەوشی سەرۆکایەتیمان. بواری ئەوەیشمان نییە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستن ببەستین. هەتا دێت لاوازتر دەبین، ئامرازێکمان نییە هەتا لەسایەیدا وەک خۆراک بۆ هزری ئایدۆلۆژیمان بەکاری بهێنین، بە باوەڕ و گرێدراویمانەوە هەتا ئەمڕۆمان هاتین، قسەیەک دەڵێت بە هێزی ئیمانمانەوە گەیشتینە ئەمڕۆمان، ناتوانین لێرە بەدواوە بەمشێوەیە بژین، ئەمە بەمانای ئەوەدێت بەدەستی خۆمان، خۆمان لەناو دەدەین، پێویستە لێرە بەدواوە بەخۆمان بڵێین ئیتر بەسە بۆ ئەم ژیانەی ئەم شێوەیەی تێیکەوتوین، بەگوێرەی ئەوەی ئەم مەسەلانە ڕۆژانە لەناوخۆمان باسی لێوەدەکەین، پێویستە گرێی بدەین بە بڕیارەوە، هەندێک لە هەڤاڵ دەڵێن دەستبکەین بە چالاکی مانگرتن، هەندێکیان دەڵێن دەستبکەین بە مانگرتنی هەتا مردن، پێویستە دەستنیشانی شێوازی چالاکییەکەمان ببین، لەهەمانکاتدا دەبێت بزانین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

داخوازییەكانمان چین؟، لەبارەی داخوازییەكانەوە بۆچونەكانی خۆم دەهێنمە زمان، دەمەوێت بڵێم، داوایان لێدەكەین مامەڵەی دیلمان لەگەڵدا بكەن، مافی دیل چییە، ئێمەیش داوای ئەو مافانە دەكەین، ئێمە كەسانی سیاسەتمەدارین، ئەگەر چاودێری گۆڕانكارییەكان نەكەین ناتوانین پەرە بە خۆمان بدەین، داوایش لە بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە دەكەین كە ١٥بۆ٢٩ كەسێك لە قاوشی وەڵاتپارێزەكانەوە بگوازنەوە بۆ ئێرە، ئەمە بۆ پەیوەندی و زانیاری بەدەستخستن و پەیوەندی لەگەڵ رێكخستن و لەگەڵ دونیای دەرەوە گرنگە، خۆتان دەزانن ئێمە ئەم دەرفەتانەمان نییە، هەروەها دەمەوێت بڵێم داوا لە بەرپرسیارانی زیندانەكە بكەین تەلەفزیۆنمان بدەنێ، لەبارەی شێوازی مانگرتنەوە پێشنیار دەكەم مانگرتنی هەتا مردن بێت، بە شێوازی بێوادە مانگرتن بێت لە خواردن هەتا مردن، بۆئێمە هیچ جیاوازییەكی نییە، هەرچۆنێك بێت لە قاوشەكە تەنها ئاو هەیە، خوێ نییە، شەكر نییە، لە چالاكی مانگرتنی مردنیشدا تەنها ئاو دەخورێتەوە، جگە لەوە هیچی تر ناخورێتەوە. ئەمە دوا قسەی منە لەبارەی چالاكییەكەمانەوە، فەرموو ئێوە قسە بكەن)، دوای مەحمود، دەنیز (بەگشتی هاوبیر و هاوپشتی قسەكانی هەڤاڵ مەحمودم، پێشنیاری منیش ئەوەی كە چالاكییەكەمان، چالاكی مانگرتبێت لە خواردن هەتا مردن، داخوازی بوونی رادیۆمان قەبوڵ نەكراوە، بەڕاستی گرنگیش نییە قەبوڵی بكەن یاننا، ئەوەی گرنگە ئێمە ئیدامە بە چالاكییەكەمان بدەین، هەرچۆنێك بێت رۆژانە لەبەرنەوەی ئاگامان لە ژیانی سەرۆك نییە و لە پەرتەوازەیی پەكەكە نییە و ئاگامان لە گۆڕانكارییەكانی رۆژانەی رێكخستن نییە خۆیلەخۆیدا مردنە بۆ ئێمە، ماوەیەكە بەرخودانمان كرد، بەڕای من دەبێت لێرە بەدواوە ئەم تێكۆشان و بەرخۆدان و خۆڕاگرییەمان شكۆدار بكەین و بیكەین بە سەروەری و ئەم چالاكییە مەزنتر بكەین، ئەم چالاكییە و ئەم گیان بەخشینە، دەبێتە نەرێتێك بۆ زیندانییەكانی باشوری كوردستان. مردن و شەهید بوونمان، واتایەكی گرنگ بە شۆڕش و بەرخودانمان و سەركەوتنمان دەبەخشێت. ئەم چالاكییە تەنها لەپێناو ئەوە نابێت كە هەندیك ماف بەدەست بخەین، دەبێت وابیربكەینەوە كە ئەم چالاكییە چەند دەرگایەك لە رووی گۆڕانكارییە مێژووییەكانی بەرخۆداندادەكاتەوە، ئەمە پێشنیاری ناخ و هیوای منە).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شاهینیش هەمان بیروبۆچونی هەبوو. ئەگەر داخوازییەکان قەبوڵنەکران، دەبێت مردن لەچاوبگرن. بەگوێرەی شاهین ئەو پێیوابوو، پەدەکە سیاسەتێکی زۆر لە کاوخۆیانە پەیڕەو دەکەن، هەتا پەیتا .. پەیتا دایانڕزێنێت و تەسلیم ببن. لەوانەبوو هەتا ماوەیەکی درێژخایەن لە زیندان بمێننەوە. بە چالاکییەکی تۆکمە، دەیانتوانی ئەم سیاسەتە مایەپوچ بکەنەوە. ئەگەر ئەمە نەکەن، ئەوا دەبن بە کەسانێکی لەبیرکراو و دەپوکانەوە و لەوانەیش بوو بە تەسلیم بوون رازی ببن.

کەمالیش هاوبیری بۆچونەکانی هەڤاڵەکانی بوو، ئەو وتی: (لە ١٤ی تەمموز، هەڤاڵان لە زیندانی ئامەد چالاکی مانگرتنی هەتا مردنیان راگەیاند، دەبێت ئێمەیش بەو رووحەوە ئەم چالاکییە بکەین، دەبێت بیسەلمێنین بۆ دوژمنان کە پەکەکە چۆن سوورن لەسەر بەرخۆدان و تەسلیم نابن، دەبێت باس لە مەترسییەکانیش بکەین، لەوانەیە داخوازییەکان بە ئاسانی و لەماوەیەکی کەمدا قەبوڵ نەکرێن. لەوانەیشە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە لەم بارەیەوە هەڵوێستی جیاوازیان هەبێت و ئامادەباشی خۆیان بکەن).

بەگوێرەی جودی، ئەو رەوشەی تێیکەوتون، دەبێت بە چالاکی و بە خۆڕاگرییەوە وەڵامی بدەنەوە. جودی دەیوت ( نەنجامنەدانی چالاکی مانای تەسلیم بوونە. بێشک پەدەکە بۆ تێکشکاندنی ئەم چالاکییە، هێرش ئەنجامدەدەن، لەوانەیشە مەنفامان بکەن بۆ زیندانەکانی تر، وەکو کەمالیش وتی: دەبێت ووریا بین و ئامادەی هەموو شتێک بین). هەڤاڵ ئەیوبیان دەیوت (ئەگەر ئەنجامەکەی مردنیش بێت، دەبێت ئەم چالاکییە ئەنجام بدەین). مێرخاسیان نەیدەویست قسەکانی هەڤاڵەکانی دووبارە بکاتەوە، ئەو بەتەواوەتی هاوبیر بوو ئامادەی هەموو شتێکیش بوو. بە گوێرەی هەڤاڵ ئیسلامیشیان، لە بڕیاردانی ئەم چالاکییە دواکەوتوون. ئەگەرچی ئەزمون و رابردوویەکی ئەوتۆیشی نەبوو، بەڵام دەیویست شانبەشانی هەڤاڵەکانی تێبکۆشێت و رابەرایەتی بکات. هەموویان پێیانوابوو، قەبوڵکردنی ئەم رەوشە هەتا ئەم ساتەوەختە، خۆی لەخۆیدا هەڵەبووە. هەڤاڵ ئیسلامیش لایەنگری ئەنجامدانی چالاکی مانگرتنی هەتا مردن بوو. رووس خەیریش قسەیەکی ئەوتۆی جیاوازی نەبوو، تەنها و تەنها پرسیارێکی هەبوو، ئەویش ئەمە بوو (ئەگەر بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هێرشمان بۆ بهێنێت و بمانگرن و هەریەکەمان بۆ زیندانێکی تر بەرێت، ئەوکاتە چیبکەین؟).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەبوایە حیسابیان بۆ هەموو شتێک بکردایە و بەگوێرەی ئەوەیش ئامادەباشییان بکردایە. لەبارەی ئەو پرسیارەی هەڤاڵ ئیسلامیشەوە، دەنیز وتی: (ئەگەر هێرشمان بۆبهێنن و مەنفامان بکەن بۆ شوێنێکی تر، ئەگەر لە یەکترمان جیابکەنەوە، کە دەمانبەن بۆ هەر شوێنێک دەبێت لەو شوێنەیش بەردەوامی بە چالاکییەکەی خۆمان بدەین، ئەگەر سوربین لەسەر داخوازییەکانمان، ناچاردەبن لە شوێنێکی تر جارێکی تر کۆمان بکەنەوە، دەبێت سووربین لەسەر ئەوەی هەتا داخوازییەکانمان جێبەجێ دەکرێت دەستبەرادری ئەم چالاکییە نەبین، دەبێت ئەوەیش بڵێم هەرکێیەک دەستبەرداری چالاکییەکە دەبێت بابێت، بەڵام من هەرگیز دەستبەرداری ئەم چالاکییە نابم). گەنگەشەی نێوانیان زۆر درێژەی خایاند، پێموابێت سێ کاتژمێری خایاند.

ئەنوەر شاکر، وەکو ئەوەی لەوێ نەبێت، خۆی دوورە پەرێز گرتبوو، لە سووچێکی زیندانەکە دادەنیشت. راستە گەنگەشە و قسەوباسی نێوان زیندانییەکان سەرنجی راکێشابوون، بەڵام تەنها و تەنها گوێڕایەڵ بوو، نەیدەویست بەشدار ببێت. ئەو ئەمەی وەکو ئەرکێکی سەرشانی نەدەبینی. لە ئاکامی گەنگەشەکاندا، بڕیاردرا سبەی دەست بکەن بە چالاکی مانگرتن هەتا مردن. ئەمە یەکەمجارە، کە ببینم، ئەم ٩ زیندانییە بەوشێوەیە بە بڕیار بن و سووربن لەسەر داخوازییەکانیان و بەبێ سڵمینەوە بڕیاری خۆیان بدەن. ویژدانی هەموویان ئاسودە بوو. بۆ ئەوان گرنگ بوو، کەلەهەمبەر سەرۆکەکەیان سووربن لەسەر بڕیاری تێکۆشانی خۆیان و دەیانویست بیسەلمێنن تێکۆشەری راستەقینەن، ئەمەیش بەلای ئەوانەوە گرنگ بوو. لە ئاکامدا دەنیز وتی: (لەبەرئەوەی پێشوتر نەمانتوانی رێگری لە تەسلیم بوون بکەین، ئەم چالاکییە دەبێتە چالاکی رەخنە لەخۆگرتن). جودی دەیوت ئەگەر لەم چالاکییە سەرکەوتن بەدەست بخەین، بە روو سپییەوە دەچینەوە بەردەم هەڤاڵەکانمان. شاهینیش دەیوت، دەتوانین لەرێگەی چالاکی مانگرتنی هەتا مردن، وەرچەرخانێک بۆ ژیان دەستەبەر بکەین. پێموابێت، ئەم شەو، یەکەم شەویان بوو کە بە تامەزرۆوە چاوەڕێی سپێدەیان دەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٢٣

# باڵادەستی شەڕی دەروونی

ڕۆژ ژمێر نیشانیدەدا کە ئەمڕۆ ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ە. مەحمود بە کاغەزی دەستییەوەی، چاوەڕێی پرۆسەی سەرژمێری دەکرد. وەکو ئێوارەی دوێنێ کە بڕیاریان دابوو، دەستیان دەکرد بە چالاکی مانگرتن هەتا مردن. مەحمود، کاغەز و قەڵەمی لە ئەنوەر شاکر وەرگرتبوو، داخوازییەکانیانی نوسیبوو. لە ڕێگەی جودییەوە داخوازییەکانیشیان بە سۆرانی نوسیبوو. ئەگەر بەرپرسیارانی زیندانەکە بیانوتایە جودی خەڵکی شاری باتمانە و چۆن ئەم نوسینەی نوسیووە؟، ئەوا مەحمود لەم ڕەوشەدا ئەیگرتە ئەستۆی خۆی.

هەموویان ئەوەندەی مەحمود بەجۆشوخرۆش بوون. هەموویشیان بێ خەو بوون. شەو خەویان لێنەکەوتبوو. جودی و دەنیز هەتا سپێدە، لە نێوان خۆیاندا قسەیان کردبوو. کاتێک دەنیز باسی لە سوور بوون لەسەر بڕیاری هەڤاڵەکانی کردبوو، جودیش باسی ئەو ڕووداوانەی کردبوو کەلە ساڵی ١٩٩٨ هاتبووە سەر هەڤاڵەکانی. بەگوێرەی قسەی جودی، ئەو هەڤاڵانەی بە شەو سووربوونە لەسەر ڕۆژێکی ڕووناکی سبەی، بەیانییەکەی تووشی تاریکی دوودڵی بوونەتەوە. هەرچەندە دەنیز لەبارەی ڕووس خەیری و مێرخاسەوە دوودڵ بووبێتیش، بە جودی وتبوو ئەمجارە دوودڵ نابێت. ئەگەر دوودڵیش بێتە ناراوە، ئەمان سووردەبوون لەسەر ئیدامەکردنی چالاکییەکەیان. بەیانی ڕۆژی ١٧ی تشرینی دووەم، هەموویان سووربوون لەسەر بڕیارەکەی شەوی ڕابردوویان.

ئەو ڕۆژە مولازم ئاشور ئەرکدار بوو لە زیندانەکە. کاتێک ئاشور و پاسەوانەکانی هاتنە بەردەم پەنجەرەی قاوشی ژمارە ٥وە، مەحمود کاغەزەکەی خۆیانی بۆدرێژ کرد. ئاشور بە سەرسوڕمانییەوە لە کاغەزەکەی ڕوانی. مولازم ئاشور وتی: (ئەرێ ئێوە نوسینی زاراوەی سۆرانیتان دەزانی؟، کێ ئەمەی نوسی؟). مەحمود وتی: (من نوسیومە، کاتێک لە دەرەوە بووم خۆم فێری سۆرانی کردووە). مولازم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئاشور، چاوی خشاند بە نووسراوەکانی کاغەزەکەداو بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت لەوێ جیابووەوە و چوو سەردانی قاوشەکانی تر بکات. ئەوەی مولازم ئاشور پێیسەیر بوو، تەنها نوسینی شێوازی سۆرانییەکە نەبوو، بەڵکو خودی مەزبەتەکە(داواکارییەکە) بوو. ماوەیەکی دووورودرێژە، وەک دیواری ئەم زیندانە، یەکەمجارە بە چاوی خۆم دەیبینم، کەسانێک داخوازییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی مەزبەتەدا دەدەن بە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە. بە مێشکی کەسدا نەدەهات داخوازییەکی بەو شێوەیە لەم زیندانە بکرێت. ئەگەر زیندانییەکان شتێکیان بویستایە یان داخوازییەکان هەبوایە، دەبوایە لە رێگەی موراقیبەوە بە بەرپرسیارانی زیندانەکانیان رابگەیەندایە. زیندانییەکان بۆئەوەی بڕیارەکەی خۆیان بە دڵنیاوە بگەهێننە دەستی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، هەربۆیە کاغەزەکەیان راستەوخۆدا بەدەستی مولازم ئاشورەوە، ئەمە یەکەمجاربوو کە مەزبەتەیەکی فەرمی بەو شێوەیە کە بڕیار و داخوازی زیندانییان بوو بچێتە سەر مێزی بەرپرسی زیندانی ناکرێ.

گوێنەدان و بە گرنگی نەبینی کاغەزی داخوازیی زیندانییەکان لەلایەن مولازم ئاشورەوە، لەلایەن زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥وە، هەڵویستێکی چاوەڕوانکرابوو. بەگوێرەی گریمانەکانیان، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە چەند رۆژێک لە ئاستی داخوازییەکان خۆیان لە گێلی دەدا. دوایش، دوای چەند رۆژێک بەرپرسی زیندانی ناکرێ، محەمەد ئەمین سورچی دەهات و بۆ ئەوەی دەستبەرداری چالاکییەکەیان ببن، ئامۆژگاری دەکردن. بەیادیانی دەهێنایەوە کە هەموویان بران و میوانی ئەوانن. ئەگەر بیانبینیایە زیندانییەکان سوورن لەسەر بڕیاری خۆیان، ئەوکاتە محەمەد ئەمین سورچی و داروودەستەکەی کاردانەوەیان دەبوو. ئەگەر هەڕەشەکانیان دەستکەوتیان نەبوایە، ئەوکاتە هێرشیان ئەنجام دەدا. زیندانییەکان بەگوێرەی ئەم گریمانانە ئامادەباشی خۆیانیان کردبوو. یەکەم هەنگاوی گریمانەکەیشیان هاتبووە دی.

بەرپرسی زیندانەکە محەمەد ئەمین سورچی بە بوونی قاوشی ژمارە ٥ ناڕەحەت بوو. ئەگەرچی چوار یان پێنج کەسێکیش بوونایە، بەبوونی بەرخودانەکە نیگەران و ناڕەحەت بوو. ئەو پێیوابوو کەسایەتی دەڕوشێت و سەرمایە پەیداکردنیشی دەکەوێتە مەترسییەوە. لەهەمانکاتیشدا قاوشی ژمارە ٥ دەبوونە نمونەیەکی خراپ بۆ هەموو زیندانەکە. قاوشی ژمارە ٥ لەوان نەدەترسان و سەرەڕای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەموو شتێکیش داخوازییان هەبوو. لەبەرئەوەی لە حەقی ئەوان نەدەهات و نەیدەتوانی خواستی سەرووی خۆی جێبەجێ بکات، جگە لە پلەی ئەم بەرپرسیارێتییەی پلەی بەرز نەدەکرایەوە. چەندین ساڵ بوو پلەی بەرز نەکرابووەوە، هۆیەکەیشی ئەو چەند کەسەبوون کە دەیانوت شانازی دەکەین بە پەکەکەوە. ئێستایش هەمان گرووپ لە هەمبەریان قیتبوونەتەوە و داخوازیشیان هەیە. ئەگەر داخوازییەکانیان جێبەجێ نەکرێت ئامادەی مردنن. بەگوێرەی بەرپرسیارانی زیندانەکە مردنی ئەم چەند کەسە گرنگ نەبوو، هەرهیچ نەبێت لەوان رزگاریان دەبوو، ئەی ئایا دەمردن؟!.

وەرزی زستانی ساڵی ٢٠٠٠ زوو یەخەی ئاکرێی گرت. زیندانییەکان هەستیان بەم سەرمایە دەکرد. جودی، مەحمود و شاهین بەهۆی برینداربییەوە کەمئەندام بوون. دەنیز، کەمال، ئەیوب و ئیسلام، بەهۆی نەبوونی خۆراکەوە زۆر لاواز ببوون. لەوەتەی هاتبوونە ئەم زیندانە، نە سەوزە و نە گۆشت و نە میوە و نە شیرینیشیان خواردبوو. چەند رۆژێکی مانگرتن لە خواردنیش جەستەیانی لاواز تر دەکرد و زیاتر سەرمایان دەبوو. رووس خەیری و مێرخاس کە هەر ماوەی ساڵێک یان ساڵونیوێک زیندانی بوون، لەچاو هەڤاڵەکانی تریان بەخۆتر بوون.

لە سێیەمین رۆژی چالاکییەکەدا هەڤاڵانی تریان جەستەیان کەوتە لەرزین.

لە سێیەمین رۆژی چالاکییەکەیاندا، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە زەنگیان لێدا. محەمەد ئەمین سورچی بەخۆی و مولازمە یاوەرەکانییەوەی خۆیان گەیاندە بەردەم پەنجەرەی قاوشی ژمارە ٥. وەکو زیندانییەکان تەخمینیان کردبوو، محەمەد ئەمین سورچی دەستیکرد بە ئامۆژگاریکردنیان. لە قسەکانی دیاربوو، کە بەنیاز نەبوو هیچیان بۆبکات، بەڵام لە درێژەی قسەکانیدا وتی: (هاوڕێیان چۆنن؟، بۆچی خۆتان برسی دەکەن و ئەشکەنجەی خۆتان دەکەن، هەموومان کوردین، هەموومان براین، لە نەریتی ئێمە ئەو خواردنەی لەماڵی دوژمنیشەوە بێت دەخورێت، نمەک نە خواردن عەیبە، هەروەها خۆ ئێمە دوژمنی یەکتر نین، برای یەکین، وەرنەگرتنی خواردن زۆر عەیبە، خواردنەکانتان وەربگرن و بیخۆن، هەروەکو ڕابردوو چۆن ژیانتان بەسەر بردووە ئێستایش بەهەمان شێوە بژین، کە خواردن وەرناگرن تەنها و تەنها زیان بەخۆتان دەگەیەنن، من لە پێناو بەرژەوەندی ئێوە ئەم قسانە دەکەم، ئەمڕۆ سبەی کە رەوشی تەندروستیتان خراپ بوو، ئەم هەلومەرجەی ئێستای ئێمە لە بەردەستاندایە، لەوانەیە بەیانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەستان نەكەوێت، هەربۆیە داواتان لێدەكەم بەباشی بیربكەنەوە، بەیەكەوە دانیشن و بڕیاری خۆتان بدەن).
زیندانییەكان بە هێمنی و بەكاوخۆ گوێیان بۆ محەمەد ئەمین سورچی گرت. دوای قسەكانی محەمەد ئەمین سورچی، مەحمود بە كورتی وتی: (هەتا پێمانكرا بیرمان كردۆتەوە، داخوازییەكانمان داخوازی بنگەیی مافی مرۆڤە، داخوازییەكمان نییە گران بێت و جێبەجێ نەكرێت، هەتا داخوازییەكانمان جێبەجێ دەكرێت بەردەوام دەبین لە چالاكییەكەمان، لەمبارەیەوە بڕیاری موتڵەقماندواە).
محەمەد ئەمین سورچی لە وەڵامدا وتی: (هاوڕێیان من لەپێناو بەرژەوەندی ئێوە ئەم قسانە دەكەم، بە برسی هێشتنەوەی خۆتان ئەنجام وەرناگرن، لەوانەیە بەیانی بەدوای ئەم هەلومەرجەی ئێستەدا وێڵبن، من ئێستا دەڕۆم، پێشنیارتان بۆدەكەم چاوێك بە بڕیارەكەی خۆتاندا بخشێننەوە). لە ناكامدا مەحمودیش پێیوت (ئێمە بڕیارێكمان نییە چاوی پێدا بخشێنینەوە، هەركاتێك داخوازییەكانمان جێبەجێكرا، ئەوكاتە كۆتایی بە چالاكییەكەمان دەهێنین). دوای ئەم قسانەی مەحمود، محەمەد ئەمین سورچی و یاوەرەكەی بەبێ ئەوەی هیچ بڵێن رۆیشتن. دووەمین هەنگاوی بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە، وەكو پێشبینییەكەی زیندانییەكان بوو. زیندانییەكان چاوەڕێی ئەوەیان دەكرد بەرپرسیارانی زیندانەكە چەند جارێك دێن و ئامۆژگاری دەكەن و چەند هەڕەشەیەكیش دەكەن. ئەوان لەژێر عاباوە تێلایان نیشاندەدا و دوایش تێلاكەیان دەردەهێنا و بەكاریان دەهێنا.
٢٧ی تشرینی دووەم بۆ زیندانییەكان تایبەت بوو. هەموو دەردی زیندانییەكان ئەوەبوو بەرپرسیارانی زیندانەكە یەك هەفتە سەبر لەبارەی چالاكییەكەیانەوە بگرن. بە گوێرەی بۆچونی زۆرینەیان بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە هەفتەیەك دانیان بەخۆیاندا نەدەگرت. ئەگەر هەتا ٢٧ی تشرینی دووەم هیچیان بەسەر نەهاتایە، ئەوا ئەم چالاكییەیان بە چالاكی دامەزراندنی پەكەكە وەردەچەرخاند و شانازییان پێوەدەكرد، لە ٢٧ی تشرینی دووەم ئەگەر دوژمن هێرشیان بهێنایە و شەهید بونایە بەلایانەوە كێشە نەبوو.
كەشوهەوا زۆر سارد بوو. لە قاوشەكە پیاسەیان دەكرد و دەچوونە ژێر بەتانییەوە تاكو خۆیان گەرم بكەنەوە. جودی لە هەموویان زیاتر ناڕەحەتی دەچێژا. پێشوتر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فیشەکێکی زۆری بەرکەوتبوو، هەروەها نەشتەرگەریشی کردبوو، چەندین ساڵیش بوو خواردنی بەسودی نەخواردبوو، ئەمانەیش هۆکاربوون ناڕەحەتی بۆدروست بکەن. هەرچەندە هەموویان بە جەستە لاواز ببوون، بەڵام جودی بەهۆی جەستە تێکچووەکەیەوە لەوانی تر زیاتر ناڕەحەتی دەچێژا. هەڤاڵەکانی لە سێیەمین رۆژی چالاکییەکەیاندا دەردی جودیان بوو، ئەگەر کەمێک خوێ و شەکەریان هەبوایە، برسێتی ئەوەندە زوو سنگی خۆی دەرنەدەپەڕاند. لە قاوشەکەیاندا تەنها ئاویان هەبوو. جگە لە ئاو هیچی تریان نەبوو.

قاوشەکانی تریش بیستیان کە قاوشی ژمارە ٥ دەستیان کردووە بە چالاکی مانگرتن. یەکەم رۆژ کە دەستیان کرد بەم چالاکییە، ئەم هەواڵەیان بە وەڵاتپارێزەکانی قاوشی ژمارە ٦ راگەیاند. داوایان لێکردبوون ئەگەر بتوانن ئەم هەواڵە لەرێگەی سەردانکەرانیانەوە بگەهێننە هەڤاڵانی دەرەوە. ئەگەر راستەوخۆیش ئەم هەواڵە نەگەیەنرێتە رێکخستنیش، بەڵام کە خەڵکی ئەم هەواڵە دەبیستێت، خۆیەکێک هەردەبێت بیدات بە گوێی رێکخستن. ئەو قاوشانەی هەواڵی ئەم چالاکییەیان بیست، پشتگیری خۆیان راگەیاندبوو. لە هەر دەرفەتێکدا، زیندانییانی قاوشەکانی تر، لە پەنجەرەکانەوە دەستی خۆیان دەهێنایە دەرەوە و بە دوو پەنجە نیشارەتی سەرکەوتنیان دەکرد. ئەوانەی بەهەر هۆکارێکەوە بێت و لە قاوشی ژمارە٦ دەمانەوە، کە خۆیان لە بەرخۆدان دابڕاندبوو، ئەم چالاکییە کاریگەری تێکردبوون. ٧بۆ٨ مانگێک لەمەوبەر، ئەوکاتەی پڵنگ چەلێ و سەعدون چەلێ و دەلیلێ رەش، ئازاد و ئەردال هێنرابوون بۆ زیندانەکە و لە قاوشی ژمارە٦ دەمانەوە، هێنابویانە زمان ئێستا لە ئاستی ئەم چالاکییەدا هەست بە شەرمەزاری دەکەن و ویژدانیشیان ئاسودە نییە. تەنانەت دەلیلێ رەش وتبووی (لەم چالاکیانەی ئەم هەڤاڵانە بڕوانن، تەماشای ئەم رەوشە سەفیلەی ئێمەیش بکەن، شەرم لەخۆمان دەکەم و قێزم لە هەموومان دەبێتەوە). دەلیلێ رەش چەند جارێک ئەمەی هێنابووە زمان. لەسەر ئەم قسانەی دەلیلێ رەش، دەرگای ناڕەزایی بۆ پڵنگ، سەعدون، ئەردال و ئازاد واڵابووبوو، هەموویان لەمبارەیەوە هاوبیربوون. ئەوانەی لە ٦ی مایسدا لە قاوشەکە جیاببوونەوە کە چەکدار، عومەر، سەبری و سەرهەڵدان بوون، ئەوانیش بەخۆداچونەوەیەکی ویژدانی و ئەخلاقی خۆیانکرد، ئەوان شەرمیان لە رەوشی خۆیان دەکرد. هێڵی نێوان تەسلیمییەت و بەرخۆدان، کە هۆکاربوو بۆ زەلالی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەسەلەكان، ئەوانی والێكرد ئیتر دەبێت بڕیارێک بدەن. ئەوان وەکو ئەوە وابوون ئەو كەشتییەی تێیكەوتون بەرەو خیانەتیان دەبات. ئەوان مەخابن خۆیان گۆشەگیر كردبوو، نەیاندەزانی چیبكەن.

چەند كەسێک هەبوون لە زیندانەكە كە وەک بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە، لە ئاستی ئەم چالاكییەدا بێ خەم بوون، ئەوانیش دەلیل پۆرسپی، جەمال، سەیفی، كامەران و رەفعەت بوون. دەلیل پۆرسپی ئەوەندە داخ لەدڵ و ئەوەندە خۆی ناشرین كردبوو، تەنانەت وتبووی (خۆزگە هەموویان دەمردن و بەرەو دۆزەخ دەچوون). ئەم قسەیە سەیر بوو، چونكە هەتا ئێستایش بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە هیچ قسەیەكی لەم شێوەیەی نەكردبوو.

لە رۆژی چوارەمینی چالاكییەكەدا، لیژنەی خاچی سوور، وەکو سەردانی رۆتینی خۆیان، هاتن بۆ زیندانی ئاكرێ. ئەم سەردانە بۆ ئەو زیندانییانەی دەستیان كردبوو بە ئەنجامدانی ئەم چالاكییە، سەردانێكی گرنگ بوو. ئەمە لەوانەیە هەلێک بوایە بۆ دەستبەردار بوون لەم چالاكییە. ئەگەر بەردەوام بوونایە لە چالاكییەكە، ئەمجارەیان سوودمەند نەدەبوون لەو ئەشیا و پاكەتانەی كە لیژنەی خاچی سوور سێ مانگ جارێک دابەشیان دەكرد. مادام ئەوان بەرەو مردن هەنگاو دەنێن، پێویستیان بە ئەشیاكانی خاچی سوور نەدەما.

زیندانییەكانی قاوشەكان، بە نۆبە، هاتنە ساحەكەوە و ئەشیاكانی خاچی سووریان وەرگرت. كە نۆبە هاتە سەر قاوشی ژمارە ٥، زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ وتیان نایانەوێت بێنەدەرێ و ئەشیاكانیشیان ناوێت. كاتێک كرستینە گەنجەكە كە بەرپرسی لیژنەی خاچی سوور بوو، كە ئەم هەواڵەی بیست غەمگین بوو. هەتا بڵێیت كرستینە كەسێكی بە رەحم بوو. بۆئەوەی قەناعەتیان پێبهێنێت، چووە بەردەم پەنجەرەی قاوشی ژمارە ٥وە. كرستینە وتی: (دەزانم چالاكی مانگرتنتان دەست پێكردووە، خۆزگە بمتوانایە لەبارەی ئێوەوە شتێكم بكردایە، دەسەڵاتم سنووردارە، ئەوەی دەتوانم بیكەم تەنها ئەوەیە پێشنیاری خۆم بە بەڕێوبەرایەتی زیندانەكە بڵێم، ئەو ئەشیایانەی هێناومانن، پێداویستی سەرەكی ئێوەیە، تكادەكەم وەریگرن). مەحمود بەناوی هەموو هەڤاڵەكانییەوەی وەڵامیدایەوە، وتی: (پێداویستییە بنگەییەكانی ئێمە لەناو ئەو ئەشیایانەی ناو كارتۆنەكانی ئێوە نییە، پێداویستی ئێمە رەوشی مرۆڤایەتییە، لە شوێنێک ئەگەر پێداویستییەكانی مرۆیی نەبێت، فلچەی دگانم هەبێت چییە و نەبێت چییە، ئەگەر تواناكانتان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەنها گرێدراوە بەو چەند كارتۆنانەوە، ئەوە ئێمە ئەو كارتۆنانەمان ناوێت و جارێكی تریش مەیەن بۆلامان، ئەگەر لە رەوشێكی وەک ئێستا ناتوانن رۆڵی خۆتان بگێڕن و ناتوانن لەسەر پەدەكە كاریگەریش بكەن، دیداری نێوانمان بێواتایە، داخوازییەكانی ئێمە ئەوەیە رەوشی ژیانی وەكو مرۆڤ بەرجەستە بكرێت، رەوش و مەرجەكانی ژیانی ئێمە و داخوازییەكانمان، تكایە بگەیەننە سەرووی خۆتانەوە). كرستینەیش وتی: (زۆرباشە، ئەمڕۆ داوا دەكەم چاوم بە بەرپرسی خاچی سوور بكەوێت لە عێراق و ئەم مەسەلەیەی لەگەڵ باسدەكەم، بەڵام منیش تكاتان لێدەكەم، ئەم پاكەتەی ئێمە وەربگرن، ئەگەر وەرینەگرن زۆر غەمگین دەبم، ئێوەمانان لەلای ئێمە شوێنی تایبەتی خۆتان هەیە، ئێمە رێزی تایبەتمان هەیە بۆ تێكۆشانی ئێوە، ئێمە ئەوەیش دەزانین گۆڕانكارییە ئەرێنییەكانی ئێرە لەسایەی ئێوەوە بەرجەستە بووە، جەسارەت و دڵپاكیتان كاریگەری لە ئێمەكردووە).

پێداگریی و خواستەكانی كرستینە، لەسەر زیندانییەكانی قاوشی ژمارە ٥ كاریگەری درووست نەكرد و ئەنجامی بەدەست نەخست. كرستینە لە قسەكانی خۆیدا زۆر راستگۆ بوو. بە ڕاستی لەمبارەیەوە غەمگین ببوو، هەروەها لەبارەیانەوە نیگەران بوو. لەهەمبەر هەڵویستی زیندانییەكان كە پێیانوتبوو {لەم رەوشەدا پێویست بەوەناكات چاومان بە لیژنەی خاچی سوور بكەوێت}، وكارتۆنە هەدییەكانیان لێوەرنەگرتبوو، لەمبارەیەوە كرستینە هیچی پێنەدەكرا. كرستینە ئەم رەوشەی دەگەیاندە گوێی بەرپرسی خاچی سوور لە عێراق. لە هەمان ئێوارەدا، مولازم ئاشور، لەبارەی سوربونیان لەبارەی چالاكییەكەیانەوە دەیویست زیندانییەكان تاقیبكاتەوە. ئەویش رووبەڕووی شكست ببووەوە. دوای رۆژێكی تر، واتا لە پێنجەمین رۆژی چالاكییەكەدا، لیژنەیەكی چوار كەسەی لە خاچی سوور، بەرەوە قاوشی ژمارە ٥ ملیانانا.

مولازم ئاشور بەرێزێكی زۆرەوە پێشوازی لێكردن. پێشمەرگەیەک دەرگاكەی كردەوە. یەكێک لەناو ئەندامانی لیژنەی خاچی سوور كرستینە بوو. بە زیندانییەكانی وت (ئەوەی لەدەستم بێت بۆتانی دەكەم)، كرستینە دەم بە خەندەبوو، یەكێک لەناو لیژنەكەدا كە دیاربوو بەرپرسێكی باڵا بوو، وتی: كە بەرپرسی خاچی سوورە لە عێراق، زۆرینەی ئەوانەی لە خاچی سوور كاریان دەكرد ژن بوون و بەرپرسیش بوون، بەڵام بەرپرسی خاچی سوور لە عێراق پیاو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بوو. دوای چاوکوچۆنی، پرسیاری هۆکاری ئەنجامدانی ئەم چالاکییەی کرد. زیندانییەکانیش بە ووردی هۆکار و داخوازییەکانی چالاکییەکەیان پێڕاگەیاند. دوای ئەوەی گوێی بۆ زیندانییەکان گرت، چەند قسەیەکی کرد کە مایەی سەرسوڕمان بوو، بەرپرسی خاچی سوور لە عێراق بە زیندانییەکانی وت (بە ئەنجامدانی چالاکی مانگرتن لە خواردن زیان بەخۆتان دەگەهێنن، بەمشێوازە ئەنجام وەرناگرن)، بەرامبەر ئەم قسەیە، جودی وتی: (لەبەرئەوەی هیچیان لە بەرامبەرمان نەهێشتووەتەوە، ئێمەیش ناچاربووینە ئەم چالاکییە ئەنجام بدەین، ئەگەر دەرفەتی تریان لەهەمبەرمان بهێشتایەتەوە، ئێمەیش بەرەو مردن هەنگاومان نەدەنا، ئەگەر داخوازییەکانمان جێبەجێ نەکرێت، ناکامەکەی هەرچییەک دەبێت بابێت، دەستبەرداری ئەم چالاکییە نابین). کابرایش وتی: (کورد بە گشتی زۆر گوناحن، لە خۆتان بڕوانن، تورکیا ئەمڕۆ لە ئاستی سەربازیدا شوێنی سۆڤییەتی گرتووەتەوە، بەڵام ئێوەی کورد، بە کڵاشنکۆفێکەوە و بە کتێبێکی سۆسیالیستییەوە بە شێوازی کلاسیکانە دەتانەوێت ئازادی بەدەست بخەن، بەم شێوازی شەڕەی خۆتان و بەم شێوازی چالاکیانە پێتانوایە سەردەکەون؟، دونیا ئێستا دونیای سەدەی ٢١یەکە، ئێوە ئاگاتان لەمە نییە؟، بەم چالاکی مانگرتنە لە خواردن زیان بەخۆتان دەبەخشن، ئێوە بڵێن ئێمە وازمان لە پەکەکە هێناوە، پەدەکەیش ئازادتان دەکات، دوایش ئەگەر دەتانەوێت بچنەوە بۆ شاخ و بچنەوە بۆلای پەکەکە، ئەم شێوازە لە هەموو شتێک باشترە، ئەگەر وانەکەن، ساڵانێکی دووروودرێژی تر لێرە دەمێننەوە و دادەڕزێن).

ناوی ئەم پیاوەم لەیاد چووە کە کۆپییەکی تەواوی محەمەد ئەمین سورچی بوو. بە قسەکانی زیندانییەکانی توڕەکرد. لەهەمبەر ئەم قسانە کرستینە چارەی لەیەک دابوو. ئەوکاتەی کرستینە هاتە قاوشەکەوە دەم بە خەندەبوو، بەڵام ئێستا سیمای بەتەواوەتی سوور هەڵگەڕابوو. کرستینە لەهەمبەر وەڵامی زیندانییەکان بە ئەندێشەبوو، ماوەی سێ ساڵ بوو، لیژنەی خاچی سوور دەهاتن بۆ ئەم زیندانە هەربۆیە کەم یان زۆر زیندانییانی پەکەکەیان دەناسی. کرستینە دەیزانی زیندانییەکان، قسەکانی ئەم کابرایە قەبوڵ ناکەن، کە خۆی بە شتێکی گەورە دەزانێت و لووت بەرزە. لەهەمانکاتدا ئەم بەرپرسە بەبێ ئەوەی شەرم بکات داوای تەسلیم بوونیانی لێدەکردن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەنیز بە تورەییەکەوە بە کابرای وت (کاکی بەڕێز ئێمە بەم جۆرە قسانەی تۆ سکمان تێرە)، دەنیز بەم قسانە زۆر داخ لەدڵ بوو، لەبەرئەوەی رەبووی هەبوو نەیدەتوانی بەباشی هەناسە بدات. کرستینە لەوەدەترسا نەبا دەنیز تف بکات لە بەرپرسەکەی. دەنیز دوای ئەوەی هەناسەی هەڵکێشا ئینجا وتی: (ئێوە مافی ئەوەتان نییە، بێڕیزی بکەن بەرامبەر بە گەلێک کەلەپێناو ئازادیدا تێدەکۆشێت و لە پێناو سەربەخۆیدا سەرەڕای نەبونیش تێدەکۆشن، ئەوەی شایستەی بەزەییە ئەوکەس و لایەنانەن کە پشتی خۆیان ناوەتە پشت دەوڵەتانەوە و لە خۆیان بایی بوونە و خۆیان بە شت دەزانن، ئێمە درک بە هێز و توانای سەربازی دەوڵەتی تورک دەکەین، وەباشیش دەزانن ئێمە جگە لە باوەڕ و ئیرادە و چیاکانمان و گەلەکەمان هیچی ترمان نییە، سەربەرزی و شەرەفی ئینسان گەورەترین هێزە، ئەمەیش نەک بە چەک و تفەنگ بەڵکو ئەم هێزە بە باوەڕ و ئیرادەوە پێکدێت، ئێمە بۆیە دەستمان کردووە بەم چالاکییە و جەستەی خۆمانمان رووبەڕووی مردن کردۆتەوە کە بتوانین وەکو مرۆڤ لەناو ئەم هەلومەرجەی زیندانەدا بژین، هەتا ئەمڕۆ پێمانووابوو کە خاچی سوور دەزگایەکە بۆ هاوکاریکردنی مرۆڤ، بەڵام ئێوە هانماندەدەن بۆ تەسلیم بوون و بەمشێوەیە لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە هیچ جیاوازییەکتان نەماوە کە بەسەرمانەوەن، ئێمە هەرگیز ئەم بێڕێزییەی تۆ لەیاد ناکەین، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئیتر هیچمان نەماوە لەگەڵتاندا باسی بکەین، هەر ئێستا ئێرە جێبهێڵن و جارێکی تر نەیەنەوە بۆئێرە، لێرە بەدواوە نامانەوێت چاومان بە لیژنەی خاچی سوور بکەوێت).

دەنیز بەدەم هەناسە بڕکێوە ئەم قسانەی کرد و چاوی بڕیبووە ناو چاوی بەرپرسی خاچی سوور لە عێراق و ببوو بە زمانحاڵی هەموو هەڤاڵەکانی. کابرای بەرپرس بەبێ ئەوەی گوێ بدات بە هیچ و خۆی لە ئاستی قسەکانی دەنیز لە گێلیدا و کردەوەکانی محەمەد ئەمین سورچی دووبارە کردەوە و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێتەوە ئەوێی جێهێشت. مەحمودیان زۆر تورە بوو، کەمال دەستی نابووە سەر شانی جودی و راوەستا بوو، شاهین بۆ هەر پەلەماردانێک خۆی ئامادەکردبوو. قسەکانی دەنیز هەموویانی بەختەوەر کردبوو، وەکو ئەوەی بڵێیت جامێ ئاوی سارديان خواردبێتەوە، ناخیان فێنک بووەوە.

هەرچەندە کرستینە لەگەڵ هاوپیشەکەیدا هاوبیریش نەبوبێت، بەڵام ئەو رۆژە هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، لەگەڵ لیژنەکەدا زیندانەکەی جێهێشتبوو. کرستینە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەگەڵ زیندانییانی پەکەکە لە زیندانەکەدا باوەڕییەک لە نێوانیاندا دورسست ببوو. هەروەکو کارمەندانی تری خاچی سوور، ڕێزی هەبوو بۆ تێکۆشانیان و نزیکبوونەوە و بەرخۆدانی پەکەکەیش بۆ ئازادی ژنان، بەتەواوەتی ببووە مایەی دەست خۆشی و ڕێزلێنانیان، بەڵام بەرپرسە باڵاکەی خاچی سوور، هەموو شتێکی سەروبنکرد. لە ڕاستیدا زیندانییانی پەکەکە لە زیندانی ئاکرێ، نەیانویست جارێکی تر دەموچاوی کارمەندانی خاچی سوور ببیننەوە. کرستینە هەوڵیدابوو جارێکی تر چاوی بە زیندانییەکان بکەوێت، بەڵام زیندانییەکان وتیان (پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئێوەدا کەسایەتی نییە بەڵکو ڕێکخستنییە، ئێمە نامانەوێت چاومان بە لیژنەیەک بکەوێت، کەلە ڕۆژانی هەرە نارەحەتیماندا دەیانەوێت تەسلیمییەتمان بەسەر بسەپێنن). کرستینە لەبەردەم قاوشی ژمارە ٥، بەدەست بەتاڵی دەگەڕایەوە، لە ڕۆژی پێنجەمینی چالاکییەکەدا، ئەمجارە مولازم قادر هات تاکو زیندانییەکان تاقی بکاتەوە، ئەویش بینی زیندانییەکان سوورن لەسەر بڕیارەکەی خۆیان.

لە ڕۆژی شەشەمی چالاکییەکەدا، لە ژووری بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەدا، هەراوهوریایەک هاتە ئاراوە. کە بەرپرسی زیندانەکە دەگاتە ژوورەکەی خۆی بە پەلە داوای کۆبونەوە دەکات لەگەڵ هەموو مولازمەکاندا. مژارەکەیان چالاکییەکەی زیندانییەکان بوو لەگەڵ فەرمانی مەسعود بارزانیش. مەسعود بارزانی توڕەیی و نارەحەتی خۆی لەبارەی چالاکییەکەی زیندانییەکان بە محەمەد ئەمین سورچی وتبوو. مەسعود بارزانی وتبووی هەرچییەک دەکەن بیکەن دەبێت کۆتایی بەو چالاکییە بهێنن. تەنانەت پێیوتبوو (چۆنی حەل دەکەن بیکەن). دوای ئەوەی ئەم قسانەی بە مولازمەکان وت، داوای بۆچەنەکانی خۆیانیانی لێکرد. ئەوەی ڕاستی بێت بەلای محەمەد ئەمین سورچییەوە تەنها بۆچونی مولازم ئاشور گرنگ بوو. ئەگەر مولازم قادر و جاسم هیچیشیان نەوتایە گرنگ نەبوو. بەگوێرەی ئەوەی مەسعود بارزانی نارەحەت بووە و فەرمانی پێکردوون لەبارەی چالاکی زیندانییەکانەوە، ئەگەر هەرچییەک بکرایە هیچیان بە مولازم ئاشور نەدەووت. لە ئاکامدا مولازم ئاشور وتی: (پێمباشە بۆدواجار قسە لەگەڵ زیندانییەکان بکەین، بە شێوەیەکی جوان داوایان لێدەکەین دەستبەرداری چالاکییەکەیان ببن). ئەگەر زیندانییەکان ئەم داخوازییەیان قەبوڵ نەکرد، ئینجا پێشمەرگە پەلاماریانیان دەدا. بە گوێرەی پیلانی خۆیان، پێشمەرگە پەلاماریانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەدا و هەریەکەیانیان دەبرد بۆ حوجرەیەکی تر. دوای ئەوەیش هەریەک لە جاسم، سەیفۆ، حاتەم و حامید دەستڕەنگینی خۆیانن نیشاندەدا و بۆنەوەی ببن بە عیبرەت دەرسێکی باشیان بە زیندانییەکان دەدا.

پەیتا.. پەیتا ڕێگرییەکان بەرامبەر محەمەد ئەمین سورچی نەمابوون. زیندانییەکان لیژنەی خاچی سووریان ڕەتکردبووەوە. مەسعود بارزانیش فەرمانی موتڵەقی بۆدەرکردبوون. مولازم ئاشوریش وتبووی ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پێشمەرگەیان بۆبنێرین. جاسم بەخێرایی پێشمەرگەی کۆکردبووەوە. محەمەد ئەمین سورچی هەموویانی کۆکردەوە و پێیانیوتبوو ئەرکەکانیان چییە. محەمەد ئەمین سورچی دەچوو بۆلای زیندانییەکان و بەبێ ئەوەی قسەی بریقوباقیان بۆبکات و سەری خۆی بهێشێنێت، داوای لێدەکردن دەستبەرداری چالاکییەکەیان ببن. ئەگەر زیندانییەکانیش هەر سووربونایە لەسەر بڕیاری خۆیان ئەوە کارلەکار دەترازا.

لەسەر ئەم فەرمانە پێشمەرگەکان لە ساحەکە گردبوونەوە. محەمەد ئەمین سورچی بە خۆی و مولازمەکانییەوەی چووە بەردەم پەنجەرەی قاوشی ژمارە ٥. ئەوەی یەکەمجارە گردبونەوەی پێشمەرگەکانی لە ساحەکە و بەڕێکەوتنی محەمەد ئەمین سورچی بۆلای ئەمان بینی شاهین بوو. شاهین ئەم هەواڵەی بە هەڤاڵەکانی وت و ئەوانیش هاتن لەبەردەم پەنجەرەکە گردبوونەوە. محەمەد ئەمین سورچی بەو جەسارەتەی لە مەسعود بارزانییەوە بەدەستی کەوتبوو، بە دەنگێکی گڕ بە زیندانییەکانی وت (بڕوانن، هەتا ئێستا بە زمانی شیرین قسەم لەگەڵتاندا کردووە، پێتانموت، بەمشێوەیە ئەنجام بەدەست ناخەن و کۆتایی بەم چالاکییە بهێنن. بەڵام ئێوە بە پێچەوانەوە سوور بوون لەسەر چالاکییەکەی خۆتان، ئیتر ناتوانین لەوە زیاتر دانبەخۆماندا بگرین، بەسە ئیتر، ناتوانین لێرە بەدواوە ئەمە قەبوڵ بکەین، ناتوانین لەمە زیاتر دانبەخۆماندا بگرین، هەربۆیە پێتاندەڵێم دەبێت هەرئێستا کۆتایی بە چالاکییەکەتان بهێنن، بەڵام ئەگەر هەرسوربن لەسەر بڕیاری خۆتان، هەرچییەک هاتەئاراوە نەک من بەڵکو ئێوە بەرپرسیار دەبن، دەمەوێت ژیرانە بیربکەنەوە و کۆتایی بەم چالاکییە بهێنن).

محەمەد ئەمین سورچی قسەکانی زۆر بە نەرمی هێنایە زمان، بەڵام کۆتاییەکەی زۆر ڕقاوی و زبر بوو. ئەوکاتەی بەرەو پەنجەرەکە هات، کە زیندانییەکان چاویان پێکەوت، درکی ئەم مەسەلەیەیان کردبوو. کەواتە پیلانەکەیان گەیشتبووە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئاستی پەلاماردان. مەحمود بەناوی ئەوانەوە قسەی کرد و، وتی: (ئێمەیش قسەی خۆمانمان کردووە، ئێمەیش تەحەمولی ئەم رەوشەمان نەماوە، داخوازییەکانمان داخوازییەکی زۆر سادە و گونجاون، ئەگەر داخوازییەکانمان قەبوڵ بکەن، هەر ئێستا کۆتایی بە چالاکییەکەمان دەهێنین، ئەگەر داخوازییەکانمان جێبەجێ نەکەن هەتا مردن دەستبەرداری ئەم چالاکییە نابین، لەمبارەیەوە بڕیاری کۆتایی خۆمانمانداوە).

محەمەد ئەمین سورچی لە زیندانییەکان داخ بەدڵ بوو، قسەکانی مەحمود زیاتر شێتوهاری کرد، لەناکاو هاواریکرد و وتی: (ئێوە کێن مەرج بەسەرمندا دەسەپێنن، من محەمەد ئەمین سورچیم و بەرپرسی یەکەمی ئەم زیندانەم، لێرە بەدواوە بەزەیم پێتانانایەتەوە، سوێندبێت پەشیمانتان دەکەمەوە، بەسە ئیتر، هەر ئێستا دەبێت ئەم چالاکییە نەفرەتییە کۆتایی پێبهێنن، ئەگەر وانەکەن خۆم دەزانم چیتان بەسەر دەهێنم). (ئەگەر بەم تورەبون و هەرایەتەوە هەڕەشەمان لێدەکەیت و ئەگەر پێتوایە دەمانترسێنێت ئەوە خەیاڵت خاوە، هەتا داخوازییەکانمان جێبەجێ نەکرێن، دەستبەرداری چالاکییەکەمان نابین، تۆیش چیت لەدەست دێت بیکە).

کەس باوەڕی نەدەکرد محەمەد ئەمین سورچی دوای ئەم تورە بوونەی وەڵامێکی لەو شێوەیەی بدرێتەوە، هەرچەندە نارەحەتیش بوو، بەڵام دەنگی وەک شێر دەینەڕاند. دوایی بۆم دەرکەوت ئەوەی ئەم قسانەی کرد دەنیز بوو. مەحمود لەبارەی دەستبەرداربیان لە چالاکییەکەیان بە ئەمین سورچی وتبوو چیت لەدەست دێت بیکە. محەمەد ئەمین سورچی پێیانیووت (بێشەرەفینە، ئەی خوێڕینەوە، نیشانتان دەدەم چیتان بەسەر دەهێنم، ئەگەر شیری دایکتان لە لووتانەوە دەرنەهێنمە دەرێ بە محەمەد ئەمین سورچی ناومەبەن، پێشمەرگەکان بچنە ژوورەوە نیشانیان بدەن ئێمە کێین، هەموو جومگەکانیان بشکێنن)، محەمەد ئەمین سورچی لە داخ و لە نیگەرانی و لە تورەییدا دەست و قاچەکانی دەلەرزین، ئەوکاتەی هاواری لە پێشمەرگەکان دەکرد، دەموچاوی سوور..سوور هەڵگەڕابوو، ناودەمی پڕببوو لە کەف، پێشمەرگەکان خۆیان ئامادەکرد تاکو بچنە ناو قاوشەکەوە، کەمال بە دەنگی بەرز وتی: (بێشەرەف و خوێڕیش هەرتۆی، ئەی بێناموس، لێرە جگە لە تۆ کەسێکی بێشەرەف و خوێڕیتر نییە).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڤاڵاکانیشی کەمالیان بە تەنیا نەهێشتەوە و پشتگیرییان لێکرد. مولازمەکان هاتن بە هانای بەرپرسەکەیانەوە، جوێنی ناشیرین بە ئاسماندا هەلەکە سەمای دەکرد، پێشمەرگەکان هاتبوونە پەنای دەرگای قاوشەکەوە، زیندانییەکانیش بە مستەکۆڵە جامی پەنجەرەکەیان شکاند. جامە شکاوەکانیان گرتە دەست و ویستییان بۆ بەرگریکردن بەکاری بهێنن. ئەو موسانەیش پێشوتر شاردبوویانەوە دەریانیانهێنا، دەیانوسیت بە پێشمەرگەکان بڵێن فەرموون ئەمە شەڕ و ئەمەیش مەیدان. جەستە لاواز و بێ حەوسەڵەکەیان ئامادەکردبوو بۆ شەڕکردن، بە نیاز بوون دوای ئەوەی ئەم شەڕەیان دەکرد، ئیتر بە جام و موسەکەی دەستیان گەردنی خۆیان دەبڕی و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان دەهێنا. لەناو خۆیان وتبوویان (ئەوان بە کوشتن هەڕەشەمان لێدەکەن، ئێمەیش شکۆترین جۆری مردنیان نیشان دەدەین)، ئەی ئایا لە کودەتای ١٢ی ئەیلوول لە تورکیا زیندانییەکانی پەکەکە نەیانوتبوو (ئێمە ژیانمان ئەوەندە خۆشدەوێت کە ئامادەین لە پێناویدا بمرین)، ئەوان دەیانزانی کە کەی و لەکوێ پێویستە بمرن. لەمبارەیەوە هەموویان بەڵێنیان بەیەک دابوو، بەڕێوبەرایەتی دەیانویست کار بۆ ئەنجامدانی پیلانەکەی خۆیان بکەن، زیندانییەکانیش بە سووربوون لەسەر داخوازییەکانی خۆیان، خۆیان ئامادەکردبوو بۆ ئەم شەڕە.

کە دەرگای قاوشەکە کرایەوە، یەکەم کەس کە خۆی کرد بە ژووردا، کەرێ زەرد واتا سەیفۆ بوو، ئەم زاتە بە زاڵمی لەناو پێشمەرگەکان ناوی دەرکردبوو. هەر ئەم زاتە چەندینجار لە ژێرخانەکەدا مەحمودی هەڵواسی بوو ئەشکەنجەی کردبوو. لە کاتی چوون بۆ سەر ئاو هەموو زیندانییەک شەقی ئەمی خواردبوو. ئەو حەزی بەوە بوو کە خەڵکی لەبەردەمی بپاڕێتەوە و بەسەر پێڵاوەکەیدا بگرین. ئێستا بە خۆی و چەندین پێشمەرگەی پشتیەوەی دەیەوێت شەڕ لەگەڵ زیندانییانی پەکەکە بکات کە ئەوانیش بۆ بەرگریکردن لەخۆیان پارچە جام و موسیان گرتبووە دەست.

کاتێک سەیفۆ بینی بە موس و پارچە شوشەوە هێرشیان بۆ هێنا، بەدەم هاوارکردنەوە بەرەودواوە هەنگاوی ناو و خۆی گەیاندە دەرەوە، ئەم هەڵاتنەی سەیفۆ بووە مایەی درووستبوونی شڵەژاوی لەناو پێشمەرگەکاندا، بەبێ ئەوەی دەرگاکە دابخەنەوە قاوشەکەیان چۆڵکرد، لە ساحەکە پێشمەرگەکان بەیەکەوە میلی چەکەکانیان راکێشا، بەهۆی ئەم رووداوەوە محەمەد ئەمین سورچیش خۆی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوورخستەوە، لەکاتی دوورکەوتنەوەیشیدا هەر خەریکی جوێندان و قسەی ناشرین بوو، دەیوت (خوێڕیینە، هەمووتان رادەستی دەوڵەتی تورک دەکەمەوە، ئەوکاتە دونیا بە رەنگاورەنگ دەبینن)، شاهین وتی: (ئەوەی لە تۆ دەترسێت دەبا وەکو تۆ بێ شەرەف بێت، ئەگەر رادەستی دەوڵەتی تورکمان نەکەیەوە بێ ناموسیت)، محەمەد ئەمین سورچی وتی: ( بەچاوی خۆتان دەبینن، هەمووتان پەرێشان دەکەن)، رووس خەیریش وتی: (ئەگەر دەتەوێت چاکە لەگەڵ خۆتدا بکەیت، وەرە بمانکوژە، ئەگەر هاتمە دەرەوە دەتگرم و روومانەیەک دەخەمە ناو قوونە زلەکەتەوە و دەیتەقێنمەوە).

ماوەی ١٠خولەک بەسەر هێرشە شکستخواردووەکەی پێشمەرگەکان تێپەڕی بوو کەبەهۆی هەڵاتنی سەیفۆوە هاتبووە ئاراوە. لە نێوان زیندانییەکان و محەمەد ئەمین سورچی شەڕە جوێن بەردەوام بوو، پێشمەرگەکانیش لە ساحەکە میلیان هێنابووەوە. زیندانییەکان پێیانوابوو پێشمەرگەکان ئەمجارەیان هێرشێکی فراوانتر دەکەن. دەنیز و رووس خەیری هەموو بەتانییەکانیان کۆکردەوە و لەناوەڕاستی قاوشەکە کەڵەکەیان کرد و داوایان لە هەڤاڵەکانیان کرد کە نەوتی ناو فانۆسەکە بەسەردا بڕێژن. شقارتەیشیان ئامادەکرد، ئەمجارەیان ئەگەر هێرشی فراوانیان بۆ ئەنجام بدرایە هەموو بەتانییەکانیان دەسووتاند.

ئەنوەر شاکر لە سووچێکی زیندانەکە لەوانی دەڕوانی، هەر لە سەرەتاوە هەتا ئەم کاتو ساتە هیچی نەکردبوو. ئەنوەر شاکر گوومانی هەبوو کە ئەم٩ زیندانییانە بتوانن هەتا سەر سووربن لەسەر چالاکییەکەی خۆیان، بەڵام لەماوەی ئەو٦ رۆژەی چالاکییەکەدا کەمێک گوومانەکەی رەویبووەوە، ماوەیەک ویستبووی لەبارەی ئەم چالاکییەوە چەند شتێک بە زیندانییەکان بڵێت، بەڵام کاتێک هەڵوێستی زیندانییەکان دەبینێت بەرامبەر لیژنەی خاچی سوور، ئیدی پاشگەز دەبێتەوە. ئەم بەیانییە هەرگیز پێیوانەبووە زیندانییەکان ئەم شێوازی چالاکییەیان بگەنە ئەم ئاستە، بەوە سەری سوڕمابوو، ئەم جەستانە کە هەمووی ماند و بێ حەوسەڵەیە، چۆن دەکرێت ئێستا پڵنگ ئاسا لەهەمبەر پێشمەرگەکان ببن بە بەورو بە موس و پارچە شوشەوە خۆیان ئامادەبکەن بۆ هێرشبردن؟!.

بڕوا بوون و بە بڕیاری و تورەیی و ئیرادە ووزەی پێدەبەخشین، رووس خەیری تەنها بەتانییەکەی ئەنوەر شاکری هەڵنەگرت، فانۆسەکەیان خستە ناو بەتانییەکانەوە، ئەگەر هێرشیان ئەنجام بدایە، ئاگریان لە بەتانییەکان بەردەدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشوتر لەمبارەیەوە لەنێوان خۆیاندا قسەیان کردبوو، ئەگەر پێویستی بکردایە ئاگریان لە بەتانییەکان بەردەداو خۆیانیشیان دەخستە ناو ئاگرەکەوە. بەدەم سلۆگان وتنەوە دەچوون بە بەرەوپیری مەرگەوە. لە ١٨ی مایسی ساڵی ١٩٨٢ لە زیندانی ئامەد، فەرهاد، نەجمی، ئەشرەف و مەحمود هەروایان کردبوو، وەسێتیان کردبوو کە کاتێک لەناو ئاگرەکەدا دەبن، دەبێت هەڤاڵانیان زیاتر ئاگرەکە خۆش بکەن. بەڵێ ئێستا ئەو رۆژە هات، ئەم چالاکییەیان ئەنجام بدەن، جودییان کەلە سێیەمین رۆژی چالاکییەکەیاندا بێ حەوسەڵەبوو، ئەویش ئێستا وەکو شێری لێهاتووە. ئەویش جامی پەنجەرەکەی شاکاندبوو، تەنانەت زۆر شوێنی دەستی بریندار‌بوو، خوێنیان لێدەتکا، کەچی گوێی پێنەدەدا. لەناویاندا ئەوەی بەهۆی جام شکاندنەوە دەستی زۆر بە قوڵی بریندار بووبێت، بێشک ئیسلامیان بوو، خوێنێکی زۆر لێدەچوو، شاهین کە ئەمەی بینی فانیلەکەی دڕاند و دایبە ئیسلام، ئیسلام وتی: (واز بێنە هەڤاڵ شاهین، وازبێنە باخوێن بڕێژرێت، هەرچۆنێک بێت، کەمێکی تر زیاتر خوێن دەڕێژرێت، پێویست بە پێچینەوە ناکات).

شەڕە جوێنی نێوان محەمەد ئەمین سورچی و زیندانەکان گەیشتبووە گوێی زیندانییانی قاوشەکانی تریش، تەنانەت ئەوەیشیان بینیبوو کە هێرشەکەی پێشمەرگەکان شکستی خواردووە. ئەمە یەکەم جاربوو کەلەم زیندانەدا، زیندانی بتوانێت بەو شێوەیە بەرپەرچی پێشمەرگە و بەرپرسیارانی پەدەکە بداتەوە. نەریتی خەڵکی باشوری کوردستان کە عەشیرەتچێتییە، لەبەر ئەمجۆرە جوێنانە یەکتر دەکوژن، لەلایەکی تریشەوە محەمەد ئەمین سورچی پلەداربوو، لەناو خەڵک و بەچاوی خەڵکییەوە، ئەوەندە جوێنی ناشرین درابوو بە محەمەد ئەمین سورچی کەبەڕاستی شەرمە ئێستا لێرە باسیان لێوەبکرێت. زیندانییەکانی تر بەم رەوشە سەریان سوڕمابوو، لەهەمانکاتیشدا نیگەران بوون. محەمەد ئەمین سورچی، ئەو هەموو جوێنانەی پێدرا بە بەرچاوی پێشمەرگە و زیندانییان و بەتایبەتی بە بەرچاوی پیاوەکانی خۆی کە هەموویان خزمی بوون، مەحاڵ بوو لەمە خۆش ببێت. خوێنی دەڕشت، ئەگەر خوێنی نەڕشتایە نە کەسایەتی دەما و نە پلەوپایەیشی. لەوەدەچوو ئیتر ئەم مەسەلەیە لە مەسەلەی سیاسەت دەرچووبێت و کرابێت بە مەسەلەی ناموس. ئەنوەر شاکر ئەندامانی عەشیرەتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سورچی بە پاشقەڕۆ دەبینی، هەربۆیە پێیوابوو هۆڤیتییەک ئەنجام دەدەن، ئەنوەر شاکر خودی خۆیشی لەناو ئەم ئاگرەدا بوو.

ماوەی نیو کاتژمێربوو، محەمەد ئەمین سورچی بەردەوام جوێنی دەدا، دەیوت (ئەگەر بهێڵم ئەمە بەسەر ئەو خوێڕیانەوە تێپەڕێت، بێ شەرەفی کوڕی بێ شەرەفم، ئەو جامانە چاک ناکەمەوە، ئەگەر چاکم کردەوە ئەوە گەوادی کوڕی گەوادم، لەسەرمادا رەق دەبنەوە و دەتۆپن، هەموو زیندانییەکانمانتان شڵەژاندووە، هەموویان لەمانەوە فێری شت بوون، ئەگەر دەتانەوێت وەکو زیندانییەکانی تورکیا بکەن، ئەمە بەدەلەکەی بۆئێوە زۆر گەورەیە، پارچە.. پارچەتان دەکەم).

محەمەد ئەمین سورچی ئەوەی بە دەمیدادەهات دەیوت، (هەموو زیندانییەکانتان شڵەژاندووە، دەتانەوێت وەکو زیندانییەکانی تورکیا بکەن)، زیندانییەکان نەیاندەزانی مەبەستی چییە، کەمال بە پێکەنینەوە وتی: (هەڤاڵان، ئەم بەرپرسە بەتەواوەتی شێت بووە، لە دەردی ئێمە بڕوانن و لە قسەکانی ئەویش، دەڵێت جامەکان دانانێمەوە، یەکێک نەزانێت داوای جاممان لێکردووە).

بەگوێرەی ئەنوەر شاکر، گوتەی ئەوەی (جامەکان دانانێمەوە)، مانایەکی تری هەیە، ئەمە ئەوە دەگەهێنێت کە زیندانییەکان ناکوژێت، ئەنوەر شاکر درکی بە پیلانی زیندانییەکانیش کردبوو، بەتەواوەتی بڕیاری خۆکوژی خۆیاندابوو، تەنانەت ئامادەبوون پێشمەرگەیش بکوژن، مولازم ئاشوریش درکی بەمە کردبوو، مولازم ئاشور دەمی بردە پەناگوێی محەمەد ئەمین سورچییەوە و پێیوت (دەردی ئەمانە جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان نییە، بەڵکو دەردی ئەوان ئەوەیە کە دەیانەوێت بە دەستی ئێمە بمرن)، ئەویش وتی: (پێتوایە وابێت؟)، (بێگومان، بەمشێوەیە لەڕێی مردنیانەوە دەیانەوێت لە هەموو زیندانێکدا ئەمجۆرە چالاکییانە هەمیشە بەردەوام بێت، تووشی دەردەسەری دەبین، مەسعود بارزانی لەسەر کارەکەمان دوورمان دەخاتەوە، پەکەکەیش بۆ تۆڵە سەندنەوە بەدوامانداد دێن، ئەگەر شتێکی خراپ بکەین، ئیتر ناتوانین بەسەر زیندانییەکاندا زاڵ ببین)، (پێشنیاری چیدەکەیت؟)، (پێمباشە پاشەکشێ بکەین و لەم بارەیەوە راپۆرت بۆ سەرووی خۆمان بنوسین).

دوای ئەوەی محەمەد ئەمین سورچی کەمێک بیریکردەوە، قسەکانی مولازم ئاشوری بە گونجاو زانی. باشترین شت ئەوەبوو کەخۆی لەم مەسەلەیە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەگلێنێت. محەمەد ئەمین سورچی وتی: (زۆرباشە)، دوایش چووە ژوورەکەی خۆی. تەلەفونی دەکرد بۆ سەرووی خۆی، مولازم ناشوریش پێشمەرگەکانی کۆکردەوە و کەوتەدوای محەمەد ئەمین سورچی. کاتێک زیندانییەکان بینییان بەرپرس و مولازمەکان و پێشمەرگەکان پاشەکشێ دەکەن، سەریان سوورما. پێوانوابوو تۆبلێیت هێزی زیاتر بهێنن ئینجا هێرش ئەنجام بدەن؟، ئایا مانای ئەم پاشەکشێ کردنە چییە؟، بەگوێرەی جودی، هۆکارەکەی هەرچییەک دەبێت بابێت، دەبێت چاوەڕوانی بکەین.

دوای نیوکاتژمێر، مولازم ناشور، هاتەبەردەم قاوشی ژمارە ٥ کە جامی پەنجەرەکەی شکێنرابوو، راستەوخۆ دەستی کرد بە قسەکردن، وتی: (هاوڕێیان، کەمێک لەمەوبەر لە نێوان ئێمە و ئێوە شتی زۆر بێتام روویاندا، بۆئەوەی ئەمە دووبارە نەبێتەوە، ئێمە وا رەفتار دەکەین کە هیچ نەبووە، ئێوەیش کۆتایی بە چالاکییەکەتان بهێنن و بگەڕێنەوە سەر ژیانی سادەی خۆتان، ئەگەر ئەمە قەبوڵ نەکەن، لەبارەی ئێوەوە شتی خراپ دێتە ناراوە، ئێمە نامانەوێت بگاتە ئەو ئاستە، هەربۆیە داواتان لێدەکەم لەنێوان خۆتان دانیشن و گەنگەشەی ئەم مەسەلەیە بکەن و دوا بڕیاری خۆتانمان پێبڵێن، من دەڕۆم، دوای نیو یان کاتژمێرێکی تر دەگەڕێمەوە، دوا بڕیاری خۆتانمان پێبڵێن، ئێمەیش بەگوێرەی دوا بڕیاری ئێوە جوڵەی خۆمان دەکەین).

دوای ئەم قسانە، مولازم ناشور بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ قسەیەک بکات، ئەوێی جێهێشت. بەشێوەیەکی زۆر پوخت و جدی و بە بڕیارەوە قسەی بۆکردن. زیندانییەکانیش ئەو رەوشەی تێکەوتبوون، دەبوایە لەبارەیەوە هەڵسەنگاندنیان بکردایە. کۆبونەوەیان دەکرد و بڕیاری نوێیان دەدا. بەتانییەکیان لە سووچێکی زیندانەکە راخست، دانیشتن، مەحمود دەستی کرد بە قسەکردن و وتی: (هەڤاڵان، ئەوەی ئەمڕۆ روویدا لەبەرچاوی هەمووتانە، هەموومان گوێمان لە قسەکانی مولازم ناشور گرت، بەگوێرەی ئەوە بەردەوامی لەسەر چالاکی یاننا دەدەین، ئەگەر بڵێین بەردەوام بین، دەبێت بزانین لێرە بەدواوە دەبێت چیبکەین، ئەگەرنا دەبێت لەنێوان خۆماندا گەنگەشەی ئەم مەسەلەیە بکەین، من لەئاستی خۆمەوە نازانم چیبڵێم، زۆرینەی هەڤاڵان چییان پێباش بێت، منیش پابەندی دەبم).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جودی وتی: (بەڕاستی مەسەلەکان زۆر شێوازی جدییان بەخۆیانەوە گرت، ئەوەی روویدا هەروا نۆڕماڵ نەبوون، ئەم بەرپرسانە نییەتی خۆیان خراپ کردووە، ئەگەر هێرشی بەرفراوانمان بۆبهێنن، ئاکامەکەی زۆر خراپ دەبێت، بەڕای من دەستەرداری چالاکییەکە ببین باشترە)، من لە ئاستی خۆمەوە، دوودڵ بووم لەوەی ئایا ئەم قسانە جودی کردی یاننا!. کاتژمێرێک لەمەوبەر لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا هەموویان بەیەکەوە شکستییان بە هێرشەکەی پێشمەرگە هێنابوو، ئێستایش باس لەوەدەکات کە ئاکامەکان خراپتر دەبن و دەیەوێت دەستبەرداری چالاکییەکە ببن. لەوانەیە ئەم هەڵوێستە بەهۆی قسەکانی مەحمودەوە بن کە وتی: (من لەئاستی خۆمەوە نازانم چی بڵێم)، رووس خەیری پشتگیری لە قسەکانی جودی کرد. دوای ئەوەی لە بێهێزیدا لە پەلوپۆ دەکەوتن لەوانەبوو پێشمەرگە هێرشییان بۆبکردنایە، هەموویشیان مەنفا دەکران. ئەیوب لەسەر هەمان هەڵوێستی یەکەم رۆژی خۆی بەردەوام بوو، ئەویش پابەند دەبوو بە هەر بڕیارێک کە هەڤاڵەکانی بیاندایە.

ئەو دوودڵییەی لە چوار هەڤاڵییەوەی هاتنە دی شاهینی نیگەران کردبوو، دەستبەردان لە چالاکییەکە، مەترسیبوو ئەگەر لەگەڵ بەرپرسیارانی زیندانەکە قسە نەکەن و داخوازییەکانیان نەیەتەجێ، پێویست بوو ئەم کەشوهەوایە بگۆڕدرایە. شاهین وتی: (هەڤالان، وەک دەزانن، لەناو سوپادا ئاستی بەرزی سایکۆلۆژی زۆر گرنگە، ئەم بەیانییە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە خۆیان تاقیکردەوە، ئێمەیش بە سوور بوون لەسەر داخوازییەکانی خۆمان رووبەڕوویان بوینەوە، هەربۆیە دەڵێم ئاستی بەرزی سایکۆلۆژی لەلای ئێمەیە، تەنانەت باڵادەستیش هەر لەلای ئێمەوەیە، مادام بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە سووربوونی ئێمەی بینی و پاشەکشێیان کرد، هەتا ئێمە بەمشێوەیە ببینن هێرشمان بۆناهێنن، هەوڵدەدەن لەگەڵماندا رێکبکەون، کاتێک بڕیاری چالاکیماندا من وتم ئامادەم لەم پێناوەدا بمرم، هەتا ئێستایش هەمان هەڵوێستم هەیە، من دەڵێم پێویستە هەتا دوا ئەنجام بەردەوامی بە چالاکییەکەمان بدەین، پێویستە لەبارەی چالاکییەکەمان و داخوازییەکانمانەوە سازش نەکەین). ئیسلام بە تەواوەتی پشتگیری خۆی بۆ شاهین دەربڕی. مادام هیچ دەستکەوتێکیان نابێت، ئەی بۆچی دەستیانکرد بەم چالاکییە. دەبوایە پاشگەز نەبونایەتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەمالیان وەکو ئەوەی گوێی بۆ قسەکانی شاهین نەگرتبێت وابوو، قسەکانی جودی دووبارە کردەوە، ئەگەر بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هێرشیان بکردایەتە سەریان ، ئەوە بەتەواوەتی بەرخۆدانی ئێرە بنبڕ دەکرا، کەمال پێیوابوو هەتا شتی گەورەتر و ناخۆشتر و نەخوازیاری تر روویانەداوە، کۆتایی بە چالاکییەکە بهێنرێت باشترە.

مێرخاسیش هەمان بۆچوونی هەبوو، بەگوێرەی ئەو بەم جەستە لاواز و بێ حەوسەڵەوە ناتوانرێت بەردەوامی بە چالاکییەکە بدرێت. لەناو سیستەمی پەدەکەدا، نە داد و نە مافی مرۆڤ نەبوو. ئەگەر ئەم ٩ زیندانییەیان بکوشتایە کەسیش پێینەدەزانی. ئەگەر مەنفا بکرانایە بۆ زیندانەکانی تر تەحەمولیان نەدەکرد، باشترین شت ئەوەبوو کۆتایی بە چالاکییەکەیان بهێنن.

من وەکو دیوارێک جارێکی تر وتم وەسوبحانەڵڵا، ئایا کەسێکیان تێدانەبوو لە قسەکانی شاهین تێبگات کە وتبووی (باڵا دەستی لەلای ئێمەوەیە)؟، دەنیز کە بێ حەوسەڵەبوو، ئەویش نیگەران بوو، من لە چاوەڕوانی ئەوەدابووم دەنیز قسەیەکی وابکات، لەوانەبوو رەوشەکەی بگۆڕدایە. دەنیز، تەماشای مەحمود و جودی کرد و ئینجا وتی: کە پشتگیری لە قسەکانی شاهین و ئیسلام دەکات. ئەم تێڕوانینە گرنگ بوو، چونکو دەنیز لەبارەی بیروبۆچونی مێرخاس و رووس خەبەرییەوە شتێکی دەزانی، بەڵام لە هەڵوێستی مەحمود و جودییەوە سەری دەرنەدەکرد. دەنیز بە ماندووییەکەوە وتی: (مادام بەمشێوەیە کۆتایی بە چالاکییەکەمان دەهێنین، بۆچی دەستمان پێکرد؟، ئێمە بڕیارماندابوو ئەم چالاکییە هەتا ئەنجامی خۆی دەبێت بەردەوام بین لەسەری، ئامانجی ئێمە وەرگرتنی هەندێک ماف نییە، ئێمە ناوی ئەمەمان نابوو بەرز راگرتنی رۆحی بەرخۆدان، ئەگەر بەمشێوەیەی ئێوە باسی دەکەن، کۆتایی بە چالاکییەکەمان بهێنن، رەوشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، ئەمە بەمانای دەستبەرداربوونە لە بەرخۆدان، پێشوتر وتبومان ئەگەر ژیانێکی بەمشێویەیەمان بەسەردا دەسەپێنن، مردن باشترە؟، ئایا شتێک هەیە کە بواری ژیانمان لەچاو پێشوتر بگۆڕێت؟، بێشک هیچ نییە، واتا دەستبەردان لەم چالاکییە بەمانای ئەوەدێت بەژیانی پێشوتر رازی دەبینەوە، لە ئێستادا بەڕێوبەرایەتی لەهەمبەر چالاکییەکەماندا سەرسامن، هەربۆیە دەبێت بەردەوامی بە چالاکییەکەمان بدەین، من دژ بەری ئەوەم کە دەستبەرداری چالاکییەکەمان بین، بەڕای من وامپێباشە کە هەڤاڵان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جارێکی تر چاو بە بڕیاری خۆیان بخشێننەوە، ئەگەر بۆ زیندانی تر مەنفامان بکەن، لەوێش هەتا دوا هەناسە بەردەوامی بە چالاکییەکەی خۆمان دەدەین).
مەحمود یەکەم کەس بوو کە چاوی بە بڕیارەکەی خۆی خشاندەوە، وتی: (بەڕاستی منیش پێمwابوو دەبێت بەردەوامی بە چالاکییەکەمان نەدەین، بەڵام قسەکانی شاهین و دەنیز ڕاستن، هەربۆیە منیش ئێستا پێمwایە بەردەوامی بدەین بە چالاکییەکەمان، ئەنجامەکەی هەرچییەک بێت بابێت هەنگاو بۆدواوە نانێین، هیچ هەڤاڵێک هەیە بڵێت بادەستبەرداری چالاکییەکەمان بین؟)، کەس ئەم قسەیەی نەوت، قسەکانی دەنیز و شاهین کاریگەری خۆیان دروستکرد کە بڕیار بدەن بەردەوامی بە چالاکییەکەیان بدەن، بەڵام هێشتا نیگەرانییەکانی رووس خەیری، مێرخاس و کەمال نەڕەوییبوونەوە.
ئەوان هێشتا لەناو کۆبونەوەدابوون، مولازم ناشور هاتوو داوای وەڵامی لێکردن. ئەوانیش وتیان هێشتا کۆبونەوەکەیان تەواو نەبووە. پێیانوت دوای ١٥خولەکی تر بگەڕێتەوە، کە گەڕایەوە دەنیز بەناوی زیندانییەکانەوە بڕیارەکەی پێڕادەگەیەنێت. بڕیاریان وابوو ئەگەر داخوازییەکانیان جێبەجێ بکرێت، ئەوجا کۆتایی بە چالاکییەکەیان دەهێنن. مولازم ناشور بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت گەڕایەوە. زیندانییەکان لە چاوەڕوانی ئەوەدابوون پێشمەرگەکان بگەڕێنەوە بۆناو ساحەکە، بەڵام بینییان محەمەد ئەمین سورچی و مولازم ناشور و مولازمەکانی تر هاتن، هیچ پێشمەرگەیەکی چەکداریان بە چواردەورەوە نەبوو، خەندەیەکی زۆرە ملێ بە لێوەکانی محەمەد ئەمین سورچییەوە بوو، لەوەدەچوو ئەو هەموو جوێنە ناشرین و سوێند خواردنەی کاتژمێرێک لەمەوبەر دابووی لەبیری کردبێت.
محەمەد ئەمین سورچی وتی: (سڵاو هاوڕێیان، چۆنن؟، هیوادارم تەندروستیتان باش بێت، کەمێک لەمەوبەر لە نێوانماندا شتی نەخوازیار روویدا، بێگومان هەموومان براین و هەموویشمان کوردین، لە نێوان برادا شتی لەم شێوەیە دێتە ئاراوە، لە ڕاستیدا پێویست دەکات کە نەهێڵین لەنێوان خۆماندا ئەمجۆرە رووداوانە بێنە ئاراوە، دەتوانین لەڕێگەی دیالۆگەوە کێشەکانمان چارەسەر بکەین، کەمێک لەمەوبەر کە توڕەبووم بەدەر لە خواستی خۆم کۆمەڵێک قسەی ناشرینم وت، بەڵام قسەکانی ئێوەیش لەچاو ئەوەی من کەم نەبوو ها).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم دێڕەی کۆتایی ببوو بە هۆکاری ئەوەی زیندانییەکان و ئەوانەیشی چواردەوری پێکەنین بیانگرێت، دیاربوو محەمەد ئەمین سورچی دەیویست ڕەوشەکە نەرم بکاتەوە، داوای ئەوەیشی کرد پێویستە زیندانییەکانیش بۆچارەسەری هەنگاو بنێن.

مەحمودیش وتی: (لەڕاستیدا جوێن و بێڕێزی لە فەرهەنگی ئێمەدا نییە، لەهەمانکاتیشدا وەکو تۆ وتت ئێمەیش زیادەڕۆییمان کرد). محەمەد ئەمین سورچی وتی: (بەداخەوە هەندێکجار شتی لەو شێوەیە دێتەئاراوە، پێمباشە ئەم مەسەلەیە بە زمانێکی شیرین چارەسەر بکەین، جگە لە داخوازی رادیۆ هەموو داخوازییەکانتان قەبوڵ دەکەین، مەسەلەی رادیۆ لە دەرەوەی دەسەڵاتی منە، ئەمە بڕیارێکی گشی پەدەکەیە کەلە هەموو زیندانەکاندا رادیۆ قەدەغە بکرێت، هەربۆیە ناتوانم رادیۆتان بدەمێ، دەبێت ئێوەیش رێز لەم خواستەی من بگرن، هاوکاریم بکەن، دەمەوێت لەبارەی داخوازییەکانەوە هێڵێکی هاوبەش دروست بکەین، وەکو دەزانن لەبارەی دانانەوەی جامەکان سوێندی گەورەم خوارد، لێرە بەدواوە رێگەیەکی نوێی تر بەیەکەوە دەگرینەبەر، ئێوەیش ئەوەندە خواستی ئەوەتان نەبێت کە زیان بەخۆتان بگەهێنن، تەندروستی خۆتان مەخەنە مەترسییەوە، هەربۆیە دەڵێم کۆتایی بە چالاکییەکەتان بهێنن، دەمەوێت کۆبونەوە بکەن و بڕیار لەسەر ئەم داخوازییە ئەرێنیانەی من بدەن، چاوەڕێی بڕیاری باش و گونجاوی ئێوەم).

بە درێژایی قسەکردنی ئەو خەندەیەی کەلە زۆرە ملێی دەچوو لەخۆی نەبڕی، بەتەواوەتی وەکو کەسێکی رێزدار و بەبەخشندەیی رەفتار و قسەی کرد، دەیویست ئەوە بلێت کە ئەوەی لەدەستی دێت هەرئەوەندەیە.

دوای ئەوەی محەمەد ئەمین سورچی لەوێ جیابووەوە، زیندانییەکان دانیشتن و دەستیان کرد بە کۆبونەوەی خۆیان. لەمبارەیەوە مەحمودیان دەیوت پێویستە مەرجەکانی محەمەد ئەمین سورچی قەبوڵ بکەین و چالاکییەکەمان گەیشتووەتە ئەنجامی خۆی و بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دانیان بە ئیرادەی ئەمان هێناوە و ئەوەیش راست نییە تەنها لەپێناو رادیۆ ئیدامە بە چالاکییەکە بدرێت. جگە لە دەنیز هەموویان وەکو مەحمود بیریان دەکردەوە، دەنیز دەیوت دەبێت لەمەسەلەی رادیۆیە زیاتر پێداگری بکەین، لە ناکامدا بۆکۆی گشتی لایەنگری ئەوەبوون کۆتایی بە چالاکییەکەیان بهێنن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمە کورتترین کۆبونەوەیان بوو، هەڵە نەبم بە ١٠خولەک گەیشتنە ئەنجام، بڕیارەکەی خۆیانیان گەیاندە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، محەمەد ئەمین سورچی بۆئەوەی دەستخۆشی لە زیندانییەکان بکات جارێکی تر گەڕایەوە، لەبارەی ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ قاوشی ژمارە ٥ قسەیان کرد، نزیکەی ١٥ زیندانییان دەهێنا بۆ قاوشی ژمارە ٥، ئەوانەی دەهێنران کەسانی بەڕێز و دونیا دیدە دەبوون، جگە لەم جۆرە کەسانە کەسیتریان نەدەهێنا، ئەوانەی دەهێنران، ئەگەر زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ بەدڵیان نەبوایە دەیانگەڕاندنەوە.

**پەندێکی پێشینانی کوردی دەڵێت (دیواری ئەستور ناڕوخێت).**

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM




WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەمێ چەتەلێ
دە خالۆ دە خالۆ دە خالۆ
بەڵێ خالۆ چەمێ چەتەلێ چەمەکە سەر و خێلۆ
کەلەمچە دەست لێ کەتی
کەسی خێرخوازی توونە
جەوابەکی ببە ژ خالێ منی هەڤدۆ بەگێ را
بەلێ ل چەمێ چەتەلێ دەشتا پۆتینێ
ل وڵاتێ خەریبان و خەریەتێ کارێ خوە بکە خالۆ
بەلێ بەندێ رۆمییە بەندەکە گرینە
دەستێ م کەلەپچەیە د رزینە هاوارە خالۆ
د هاوارە خالۆ خالۆ
ومز گرتیمە وەی لێ خەریبییە
هۆیهۆی...
د خالۆ د خالۆ خالۆ
چەمێ چەتەلێ چەمێکە ب گەنمە خالۆ
چەمێ چەتەلێ چەمێکە بە گەنمە
کەسێ خێرخواز توونە
جەوابێکی ببە ژ خالێ منی ئەڤدۆ بەگێ را
بلێ ل چەمێ چەتەلێ ل دەشتا پۆتینێ
ل وڵاتێ خەریبان ئ خەریەتێ کارێ خوە بکە خێلۆ
بلێ بەندێ رۆمییە بەندکە گرانە
دەستێ مە لە کەلەپچەیە رزینە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

د هاوارا خالۆ

د هاوارا خالۆ هاوارا خالۆ

خالۆ ومز گرتی مه وەی ل خەریبییە

وای ئۆیئۆی

د خالۆ ده خالۆ د خالۆ

خالۆ چەمێ چەتەلێ ب رپینه خالۆ

کەسێ خێرخواز جەوابکێ ژ خالۆ منی مقدۆ بەک را

ببا چەمێ چەتەلێ ل دەشتا پۆتینێ

ل ولاتێ خەریبان و خوربەتێ کارێ خوه بکا خالۆ

بەلێ بەندا رۆمییه بەندەکا گرانه

دەستێ مه کەلەپچەیە د رزینه

هاوارا خالۆ

خالۆ ومز گرتیمه

(کاوێز ئاغا).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٢٤
# دەشتانی

چالاکییەکە و ژیانی دوای چالاکییەکەیش سەرماوسۆڵەی لەبیر زیندانییەکان بردەوە. بەتایبەتی لە شەشەمین رۆژی چالاکییەکەدا، ئەو هێرش و شەڕەی هاتنەئاراوە و هەنگاونان بۆدواوە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، جۆشوخرۆشییەکی زۆر گەورەی لەناو زیندانەکەدا هێنابووە ئاراوە. ئەم هەنگاو بۆدواوە هێنانەی پەدەکە لە ئاستی ئەم خۆڕاگرییە، شتێکی بێ وێنە و نەبینراوبوو. دوای هەڕەشە و جوێنەکانی محەمەد ئەمین سورچی، پەنای بۆ رێککەوتن برد. بەگوێرەی رێککەوتنەکە ژمارەی ئەو زیندانییانە زانرا کەلە قاوشەکانی ترەوە دەهێنران بۆ قاوشی ژمارە ٥. ئەوانەی بێ ئومێد مابوون و پێیانوابوو پەدەکە ناهێڵێت ئیتر هەناسەبدەن، بەڵام ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی پەکەکە توانیان وابکەن بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هەنگاو بۆدواوە بنێن. ئەوانەی دەهێنران بۆلای ئەم خۆڕاگرانەی قاوشی ژمارە ٥، دەبووەوە مایەی شانازی و سەروەری بۆیان.

بەڕێوبەری زیندانەکە، ناوی لیستی ئەو زیندانییانەی دا بە مولازمەکانی کە دەبران بۆ قاوشی ژمارە ٥ و ئەوانیش یەک لەدوای یەک زیندانییەکانیان هێنا بۆ قاوشی ژمارە ٥. ئەوانەی دەهاتنە قاوشی ژمارە ٥وە یەک بەیەک باوەشیان دەکرد بە زیندانییە خۆڕاگرەکان و ماچیانیان دەکردن و پیرۆزباییان لێدەکردن و سوپاسیشیانیان دەکردن. ئەوانەی کەمێک تەمەنیان هەبوو، لەهاوسۆزی خۆیاندا فرمێسک لە چاویان دەهاتەخوارەوە. ئەوانەی دەهاتن بۆ قاوشی ژمارە ٥ بەشێوازێک پێشوازییان لێدەکرا کە وەک ئەوە وابوو ساڵانێکی دوورودرێژە یەکتر بناسن. لەمبارەیەوە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ئەوکەسانەیان هەڵبژرادبوو بچن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ قاوشی ژمارە ٥، کە کەسانی دونیادیدە و کەسایەتییان جوانبوو. لەهەمانکاتدا ئەمانەی هێنرابوون، کەسانێک بوون کە خزم و کەسوکاریان زۆربوو، هەروەها تارادەیەک دەوڵەمەندیش بوون. بڕیاروابوو لەماوەیەکی کەمدا، دیکۆرەیشنی قاوشی ژمارە ٥یش بکرێت. عەردی قاوشەکەیان فەرش دەکرد، تەلەفزیۆنیشیان بۆدەهێنان، تەنانەت لە دەرەوە بەتانیشیان بۆدەهێنان. ئەو ١٥کەسەی هێنابویانن بۆ قاوشەکە، بۆ ئەم مەبەستە لەنێوان خۆیاندا پارەیان کۆدەکردەوە. محەمەد ئەمین سورچی، هەربە پارەی ئەوان جامی پەنجەرەکەیشی چاکدەکردەوە. دوای چەندین ساڵ بوو زیندانییەکان بۆیەکەمجاریان دەبوو تەماشای تەلەفزیۆن بکەن، بەڵام جگە لە کەناڵی کوردستان تیڤی سەربە پەدەکە، هیچ کەناڵێکی تر قەبوڵکراو نەبوو، لەڕاستیدا سەتەلایەت قەدەغەبوو، بەڵام بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ئەم کێشەیەیشی چارەسەر کرد.

یەکتر ناسین و نزیک بوونەوە لەگەڵ ئەوانەی تازەهاتبوون زۆری نەخایاند. ساڵحە قەرەجیش لەناو ئەوانەدابوو کە تازەهێنرابوون و جارناجارێک دەنگی دەبیسترا. پێشوتر باسی سەلمان و جاسمم کردبوو، ئەوانیش هێنرابوون، جاسمیان کەسێکی بێدەنگ بوو. هەرلە یەکەمین رۆژی هاتنیان، ساڵحە قەرەج دەستی برد بۆ پەنا گوێی و چەند حەیرانێکی وت، سترانی {چەمێ چەتەلێ} دەنیزی بەختەوەر دەکرد. بەتایبەتی کە باسی لە زیندانی دیاربەکر و کەلەپچە و زنجیر دەکرد.

محەمەد سەعید دەشتایی، هەرچەندە قسە خۆش بوو، هەروەهایش قسەی لە رووبوو. حەزی لە قسەکردن و گێڕانەوەی حیکایەت و چیرۆک بوو. زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥، بە محەمەد سەعید دەشتاییان دەوت مامە، تەمەنی لە دەوروبەری٦٠ ساڵی دەبوو. لەوانەبێت بەهۆی مەشقی سەربازییەوە بووبێت، سەرەڕای تەمەنیشی، بەڵام بە جەستە گورجوگۆڵ بوو. باڵای بەرز و بەکەیف و قسە خۆش و حەزیشی لە شۆخی دەکرد. لەبەرئەوەی لە دەرەوە بەردەوام ویسکی خواردووەتەوە، کەمێک ورگن بوو، هەروەها ئەم مەشروبخواردنەوەی ببوو بە بەڵا بۆی. لەناو سوپای عێراقدا عەمید بووە و لە باشوری کوردستانیشدا بەرپرسی ئاسایش بووە و زۆر لە شوێنی هەستیار کاریکردووە. لەمبارەیەوە خەڵکێکی زۆر پرسیاریان لێدەکرد. پرسیارەکان ئەمانەبوون، هۆی نازناوی دەشتایی چییە و لەناو سوپای سەدام حوسێندا چۆن دەکرێت کوردێک بگاتە ئەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئاسته بەرزە و چۆنیش متمانەی بارزانی بەدەست ختووە و بۆچیش زیندانی كراوە؟. پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، جودی لەبارەی دەشتاییەوە وتی: (مام سەعید دەشتایی، خودی كەسایەتی ئەو ترازیدیای مێژووی گەلەكەمانە).
دەشت گوندێكی سەربە شارۆچكەی چەلێیە لە جۆلەمێرگ. باپیرەی محەمەد سەعید، دوای شەڕی جیهانی یەكەم، پێش ئەوەی سنوری نێوان وەڵاتەكان دیاری بكرێن، دێتە دهۆك و دەبێت بە هاوڵاتی عێراق. خزمەكانی لە باكوری كوردستان دەمێننەوە. ئەم خانەوادەیە ناوی گوندەكەی خۆیان وەک لەقەب بەكاردەهێنن. ناوی دەشتان یادگاری پارچەبوونی خاكە. محەمەد سەعید بە گەنجی لە ناو سوپای عێراق دەبێت بە سەرباز. لەماوەی سەربازیدا هێواش..هێواش پلەی بەرز دەكرێتەوە، وەكو كەسێكی پلە بەرز، ئەركی پاراستنی شوێنێكی دەدەنێ، لەمبارەیەوە دەیوت (ئەگەر كاتوساتێكی تربوایە، بۆگەیشتن بەم پلەیە هەزار تەقڵەم لێدەدا، بەڵام ئەو رۆژە ئەفرەتیم لە كاری خۆمدەكرد، چونكو پاراستنی بەرەیەک بەمانای مردنیش دەهات، باوەڕم نەدەكرد رزگار ببم، سەربازانی ئێران نەک بۆشەر بەڵكو بۆ مردن هێرشیان دەهێنا، ئەگەر هەڵبهاتمایە، بەگوێرەی یاسای سەربازی بە خیانەت هەژمار دەكرام و فەرمانی كوشتنیان بۆدەردەكردم، ئەگەر بشمابامەوە، پێموابوو شانسی ژیانم كەمە، نەمدەتوانی رێگەیەكی گونجاو بدۆزمەوە)، لەودەمەدا بەخت یاوەری دەبێت و سوپای ئێران هێرشەكانیان كەم دەكەنەوە، ئەوكاتەی زیانەكانی سوپای ئێران دەكەن بە راپۆرت بۆسەرووی خۆیان، دەقات مەسەلەكە گەورە دەكەنەوە، رۆژێكیان سوپای ئێران بەهەموو توانای خۆیانەوە هێرش ئەنجام دەدەن، لەم هێرشەدا ئەفسەرێكی دەشتایی لێدەدرێت و دەكوژرێت. ژەنراڵێک كە سەرپەرشتی ئەم شەرە دەكات، لە رێی بێتەلەوە دەیەوێت قسە لەگەڵ دەشتایی بكات، پێیدەڵێت هەتا ئەفسەرێكی تر دەنێرین كاتی دەوێت هەربۆیە لێرە بەدواوە تۆ ئەفسەری موتڵەقی ئەو بەرەیەی، هەربۆیە كە دەڵێت (ئەگەر كاتێكی تربوایە لەبەرخاتری ئەم پلەیە سەد تەقڵەم لێدەدا)، مەبەستی ئەمە بووە. ئەگەر ئەم پلەیەی قەبوڵبكردایە بەمانای مردنی دەهات، ئەگەر قەبوڵیشی نەكردایە بەهۆی سەرپێچییەوە هەر دەمرد، هەربۆیە دەڵێت (ئەفرەت لەو رۆژانە دەكەم)، رژێمی سەدام حوسێن، هەرگیز رێگەیان نەدەدا كەسانی سەر بە میللەتی تر جگە لە عەرەب و جگە لە لایەنگرانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەزهەب و دینی خۆیان لەناو سوپا پلەیان بەرز ببێتەوە، بێگومان جگە لەکەسانی نزیک بەخۆیان. لەبەربێ باوەڕی پلەوپایەی گرنگ و هەستیارییان بەکەسیتر نەدەدا، بەڵام بەهۆی لاوازی و زیانەکانیان ناچاربوونە کە پلەی گرنگ بە خەڵکانی تربدەن. مام محەمەد سەعید، بۆئەوەی لەدەست ئەم پلەیەی رزگاری ببێت کە دەبێتە هۆی مردنی، پیلان دادەنێت، ئەگەر بە دەستی خۆی، خۆی بریندار بکردایە، ئەوە دەرفەتی بۆدەڕەخسا لە بەرەکە پاشەکشێ بکات، لەمبارەیەوە پاسەوانەکەی کە تێزیدی بوو، ئەرک دەکەوتە سەرشانی.

مام محەمەد سەعید باوەڕی بە پاسەوانەکەی خۆی هەبوو، دوای دوو رۆژ لەوەی کە پلەکەی بەرز دەکەنەوە، پاسەوانەکەی خۆی بانگدەکات کە ناوی ئەکرەمە و پیلانەکەی خۆی پێدەڵێت، سەرەتا پێیدەڵێت ئەگەر لەم بەرەیە بمێنینەوە، هەردووکمان دەکوژرێین، ئەم پیلانەی هەردووکیان لە مردن رزگاریان دەکات، ئەکرەم بە دەمانچەکەی چەند فیشەکێک دەنێت بە قاچی محەمەد سەعیدەوە، دوایش باوەشی پێدادەکات و هاواردەکات بەهۆی شەڕەوە بریندارببووە و پاشەکشێ دەکەن بۆ دەرەوەی بەرەکە، لەمبارەیەوە ئەکرەم هیچ سڵی نەدەکردەوە، ئامادەبوو بە ئاسانی دەمانچەکەی دەربهێنێت و چەند فیشەکێکی پێوەبنێت، کاتێک سەرقاڵی ئەم ئامادەباشییەن بۆ ئەنجامدانی پیلانەکەیان، لەناکاو تۆپێکی سوپای ئێران لە نزیکیانەوە دەتەقێتەوە و محەمەد سەعید لای سمت و رانی بریندار دەبێت، هەربۆیە دەیوت (ئەگەر کاتوساتی تربوایە هەزارجار ئەفرەتم لە شانسی خۆمدەکرد، بەڵام ئەورۆژە لە خۆشییاندا خەریک بوو سەد تەقڵە لێبدەم)، ئەکرەم محەمەد سەعیدا دەدات بە کۆڵێدا و دەیباتە دەرەوەی بازنەی شەڕەکە و لەوێ تەداوی دەکەن.

نازانرێت چۆنبوو، ئەم هەواڵەی محەمەد سەعید بەناوی ئەوەی گوایە شەهید بووە دەگاتە بنکەی فەرماندارێتی گشتییان، تەنانەت ئەم هەواڵە دەگەیەننە کەسوکارەکەیشی لە دهۆک، خۆی بە پێکەنینەوە دەیوت (دوای ئەوەی هەفتەیەک لە نەخۆشخانە تەداوی کرام و گەڕامەوە بۆ دهۆک بینیم کەسوکارم تەعزێیان بۆداناوم)، لەڕاستیدا برینەکانیشی سووک نەبوون، ئێسکی سمتی شکابوو، بەمشێوەیە جارێکی تر نەدەگەڕایەوە بۆ بەرەی جەنگ، بەمشێوەیە بە پلەی لیوایش دەمایەوە، ئەو تەنها ئەرکی مەشقپێکردنی سەربازی لە ئەستۆ دەگرت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەدوای راپەڕینی باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، مام محەمەد سەعید پەیوەندی خۆی لەگەڵ سوپای عێراق دەپچڕێنێت، بە ئاسانی دەیتوانی ببێت بە بەرپرسی ئاسایشی گشتی هەرێمی کوردستان لەژێر چەتری هێزی چەکوشی نێودەوڵەتی. ئەو ئیتر کەسێکی باوەڕپێکراوی مەسعود بارزانی بوو. لەلایەکی تریشەوە بەتەواوەتی پەیوەندی خۆی لەگەڵ موخابەراتی عێراقدا نەپچڕاندبوو، بەردەوام هاتووچۆی موسڵی دەکرد، هەربۆیە دەبێتە کەسێکی گومانلێکراو، ئەم گومانە دەگاتە گوێی مەسعود بارزانیش، بەڵام مەسعود بارزانی باوەڕ بەم گومانە ناکات، مەسعود بارزانی وتبووی محەمەد سەعید کەسێکی باوەڕپێکراوە و شتی لەوجۆرە ناکات. لەمبارەیەوە محەمەد سەعید دەیوت (گرووپێک هەبوو کە حەسادەتیان بەمن دەهێنا و کردبوویانە مێشکی خۆیانەوە هەتا بێکاریگەرم بکەن، بەدوای بەڵگە دەگەڕان بۆئەوەی ئەم کارەی من لەگەڵ موخابەراتی عێراق بسەلمێنن و بیدەن بە مەسعود بارزانی، ویسکی خواردنەوەمیان کردبوو بە بیانوو، لەهەمبەرم وەک چەک بەکاریان دەهێنا)، ئەو گرووپەی کە دەیانویست بێکاریگەری بکەن، رۆژێکیان دەعوەتی دەکەن، ویسکییەکی زۆری بۆدادەنێن، کاتێک سەرخۆش دەبێت، دەکەوێتە قسەکردن، لەناو قسەکانیدا باس لە کارکردنی دەکات بۆ موخابەراتی عێراق و مەدحوسەنای سەدام حوسێن دەکات و بەهۆی بێتوانایی هێزە دەرەکییەکانەوە مەسعود بارزانی گەورەتر کراوەتەوە و قسەی نەشیاو بە مەسعود بارزانی دەڵێت، هەموو ئەم قسانەی لەرێگەی کامێراوە تۆمار دەکەن و بەو سەرخۆشییە و بەو پلەیەوە دەستبەسەریدەکەن و دەیخەنە حوجرەیەکی زیندانەوە. ئەو خۆیشی نەیدەزانی ئەو زیندانە کوێیە، ئەوەشی نەدەزانی چەند رۆژ لەوێ هێشتویانەتەوە، دوای ماوەیەک دەزانێت کە ئەو زیندانییە لە مەسیف سەلاحەدینە، گرووپەکە بەنیاز بوونە ئەم گرتە ڤیدیۆیە نیشانی مەسعود بارزانی بدەن و فەرمانی کوشتنی دەربکەن، بێگومان پێش کوشتنیشی بەنیازبوونە لەرێگەی ئەشکەنجەدانییەوەی وایلێبکەن دانبەهەموو مەسەلەکان بهێنێت، لەمبارەیشەوە دەیوت (لەماوەی ٤٥رۆژدا هەمووجۆرە ئەشکەنجەیەکیان کردم، ئەوەی دەمزانی پێیانموت)، دوایش هۆکاری نەکوشتنەکەی زانی، خانەوادە و هاوڕێکانی واستەیان بۆکردبوو، لە مەسعود بارزانی پاڕابوونەوە نەیکوژێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

محەمەد سەعید دەشتی زۆر لەسەرخۆ و بە کاوخۆ ئەم قسانەی دەکرد، کە ئەمەیش سەرنجی دەنیزی راکێشابوو، کەسێک سەربازی بۆ سوپای سەدام حوسێن کردبێت و بچێت دژ بە ئێران بۆ رژێمێک بجەنگێک کە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی لەهەمبەر گەلی کورد ئەنجامدابێت و کاتێکیش بەرپرسی یەکەمی ئاسایش بووبێت و لەهەمانکاتدا کاری بۆ موخابەراتی عێراق کردبێت، باسکردنی هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی شێنەیی مایەی سەرسوڕمانبوو، جارناجارێکیش دەیوت (گەمەی سیاسی لەناو پەدەکەدا زۆرە، تەڵەکەبازن و پیلانگێرن، نەکەن پێیانهەڵبخەڵەتێن)، لەمبارەیەوە هەمیشە ئامۆژگاری دەکرد. ئەودەیوت گوایە ئەوەی خۆی کردوویەتی لەچاو کردار و رەفتارەکانی پەدەکە هەرهیچ نییە. مەبەستی ئەوەبوو بڵێت ئایا پەدەکە کاری ئیستیخبارێتی بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ناکات؟، هەرئەوان نین کە شەڕی کوردانی ئازادیخواز دەکەن بۆ ئێران و عێراق و تورکیا؟، ئەی لە ساڵی ١٩٩٦ هەرئەوان نەبوون لەگەڵ سوپای عێراق هێرشیان کردەسەر یەنەکە؟، ئەو پێیوابوو کاتێک پەدەکە ئەم هەموو کارە قێزەوانە دەکات چیدەبێت کەخۆیشی لەهەمبەر پارە چەند زانیارییەک بفرۆشێت بە موخابەراتی عێراقی؟!. دەیوت پەدەکە و یەنەکە ئەمکارە قێزەوانە دەکەن ئەمانە بۆئەوان بە تاوان هەژمار ناکرێت، بەڵام ئایا تاوانە ئەگەر ئەم بیکات؟.

بەم شێوازە بیرکردنەوەی دیاربوو دەیویست ویژدانی خۆی ئاسودە بکات، لەوانەبوو ئەوشێوازی گێڕانەوە بە شۆخییەوە بەشێک بووبێت لە رەوشە دەروونییەکەی. بێ بەزەیی و خوێنساردییەکەی ئازاری خۆیان هەبوو، وتنەکەی جودی کە وتبووی (تراژیدیای گەلەکەمانە)، دەبوایە ئەم پیاوە نەبوایە، خۆ مرۆڤ دیوار نییە، ئەمە تراژیدیا بوو کە بە زمانی شۆخییەوە دەهێنرایە زمان، ئەو بەدەم قاقاوە باسی لە مەسەلەکان دەکرد، کە خۆی لەخۆیدا تراژیدیایەکی بێ وێنەبوو، بۆنمونە (کە ئەفسەرەکەمان لێدرا منیان کرد بەجێگرەوەی ئەو هههههههه)، (ئامر لیوایش رۆیشت، کاتێک لە نێوان دوو رێگەی مردندابووم پلەمیان بەرزکردەوە هههههههه)، (بە ئەکرەمم وت فیشەکم پێوەبنێ و لە کۆڵم کە هههههههه)، (ئەوکاتەی سەرخۆش بووم ئەوەی هەمبوو هێنامە زمان هههههههه)،(من تەنها بۆ سەدام حوسێن سیخوڕیم کرد، بەڵام پەدەکە و یەنەکە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سیخوڕی بۆ هەموولایەک دەکەن **هههههههه**)، (ئەو عەزیزەی دیناسن لەلام ئەفسەر بوو **هههههههه**). هەموو ئەمانە تراژیدیا راستەقینەکەبوو.
یەکێک لەو زیندانییەی هێنرابوو بۆ قاوشی ژمارە ٥، عەزیز بوو، بەویشیان دەوت مامە، هاوتەمەنی محەمەد سەعید دەشتی بوو، لەناو سوپای عێراقدا لە ساڵی ١٩٦٧ بەشداری شەڕی ئیسرائیلی کردووە. دژ بە ئیسرائیل، لە بەرەی شەڕەکانی وڵاتی ئوردوون بەشداری کردبوو، ئەو تراژیدیایەی جودی باسی دەکرد، ئەمە نمونەیەکی تریان بوو، ئەو نەک لە پێناو گەل و خاکەکەی خۆی بجەنگێت، کەچی سەربازی بۆ سوپایەکی داگیرکەری وڵاتەکەی خۆی دەکات کە دژ بە گەلەکەی خۆی دەجەنگێت. لەم زیندانەدا، چاویان بە راستو واقعی تراژیدیای کورد دەکەوت. جارێکیان مەحمود باوکی خۆی بە نمونە هێنابووە زمان، باوکی مەحمود لەپێناو بەرگریکردن لە فەلەستین شەڕیکردبوو، لەبەرچاو مەحمود پارچە..پارچە ببوو، ئەو لە بەشی بەرەی هەق بووە، گوایە هاوکاری گەلێکی ستەملێکرا و مەزڵوم دەکات، گوایە فەڵەستین داگیرکراوە و بە تاڵانیان بردووە، ئایا پێویست نەبوو سەرەتا گوێ بۆ هاواری گەلەکەی خۆی بگرتایە و بەهانایانەوە بچوایە؟.
ئەم چیرۆکە رەنگاورەنگانە دڵخۆشی بۆ قاوشی ژمارە ٥ هێنابوو، هەروەهایش گەنگەشەیەکی زۆری مەسەلەکان بەگشتی دەکران، زیندانییە خۆڕاگرەکان بەم رەوشە بەختەوەربوون، لەهەمانکاتیشدا هەوڵیاندەدا بزانن باوەڕ بەکێ بکەن و نەیکەن. دەیانویست لەرێگەی ئەم زیندانییە تازانەوە هەواڵ بۆ رێکخستن لە دەرەوە بگەیەنن. بەگشتی لەبارەی هەموویانەوە بێباوەڕی نەهاتبووە ئاراوە، زۆر بە شێنەیی باسی هەموو شتێکی خۆیانیان دەکرد، تیاشیاندا هەبوو کاریگەری گەنگەشەکانیان بەسەریانەوە دروستکردبوو، بەتایبەت محەمەد سەعید دەشتی ئەمەی پێوەدیاربوو، خۆی لەوان بە نزیک دەبینی، ئەو وەکو کەسێکی سەربازی و ئاسایشیش پێشوتر چاودێری کاروبارەکانی پەکەکەی کردبوو. هەرلە زووەوە، کاروباری رێکخستنی پەکەکە و سووربونیان لەسەر داخوازییەکانیان و پشتبەستن بە هێزوتوانای زاتی خۆیان، سەرنجی محەمەد سەعید دەشتی راکێشابوو، ئەو تواناسازی و جیاوازی رێبەرایەتی لە عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا بینیبوو، هەروەها بەرخۆدانی زیندانییانی پەکەکە لەم زیندانەدا سەرنجی راکێشابوو. ئەمڕۆ زیندانییەکان لەگەڵ بەرپرسێکی کۆنی ئاسایش کە پێشوتر چاودێرییانی کردبوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەبوون بە دۆست، بەردەوام داوای لە زیندانییەکان دەکرد باسی سەرۆکەکەیان بۆبکات، بەتامەزرۆوە گوێی بۆ بیرەوەرییەکانی دەنیز دەگرت. زیندانییەکان داوایان لێدەکرد کەباس لە بیرەوەری شەڕەکانیان بۆبکات، ئەو ئەزمونێکی سەربازی وای هەبوو کە هەرگیز نەدەکرا پشتگوێ بخرێت. لێرە بەدواوە ببوو بە مام محەمەد سەعیدی زیندانییەکان، محەمەد سەعید پێیوابوو تەنها و تەنها دەکرێت بە شێوازی کاری رێکخستنی سەرۆک ئاپۆ و پەکەکە کورد دەتوانێت قازانج بکات، ئەو ئەم قسانەی بە پشتبەستن بە ئەزمونەکانی خۆیەوە دەهێنایە زمان، هیچ گومانێکی لەم بیروبۆچونەی نەبوو. کاتێک بەهۆی ئەم قسانەیەوە رێزی بۆخۆی بەرجەستە دەکرد، لەهەمانکاتیشدا دەستبەرداری شۆخییەکانی خۆی نەدەبوو کە ببووە مایەی دڵخۆشی زیندانییەکان.

لەناو ئەو ١٥زیندانییەی هێنرابوون بۆ قاوشی ژمارە ٥، دووبرای تێدابوو بەناوی ئیسماعیل و سامی کەبە تۆمەتی ئەوەی بەرگری میللی پەکەکەن زیندانی کرابوون، ئەندامی عەشیرەتی بارزان بوون، ئیسماعیل تەمەن مامناوەند بوو، بەڵام سامییان تەمەنی٢٠ ساڵێک دەبوو. بەوە تۆمەتبارییان کردبوون، کە تەقەمەنی پەدەکەیان بردووە و فرۆشتویانە بە گەریلاکانی پەکەکە، لەبەرئەوەی لە عەشیرەتی بارزان بوون، ئەمە هۆکاربوو کە بەرپرسی زیندانەکە حیسابیان بۆبکات، بەرپرسی زیندانەکە هەتا لەدەستی بهاتایە خۆی لە قەرەیان نەدەدا.

ئیسماعیل چیرۆکی زەینەبی بیستبوو، خەڵکیش ئەم چیرۆکەیان بیستبوو، لەو ئۆپەراسیۆنەی بە دیلی دەگیردرێت، ئەو فەرماندەیەی زەینەب دەبات بۆ نەخۆشخانە، لەرێگەی بنەماڵەکەیەوە خۆی دەگەیەنێتە کەسوکاری زەینەب لە جۆلەمێرگ، کەسوکارەکەی دەگەنە دهۆک، ئەم فەرماندەی پێشمەرگەیە کە تەمەنی لە دەوروبەری ٤٠ساڵیدا دەبێت، ئەوکاتەی زەینەب چاکدەبێتەوە و کەسوکاریشی کەلە شاری وانەوە دەگەنە دهۆک، فەرماندەکە داخوازی زەینەبیان لێدەکات تاکو زەواجی لەگەڵدا بکات، باوکی زەینەب بەبێ هیچ دوودڵییەک ئامادەیی خۆی نیشاندەدات، دوای ئەوەی کەسوکاری زەینەب بەم زەواجە رازیدەبن، بێشک لە بەرپرسیارانی پەدەکە مۆڵەت وەردەگرن، ئەوانیش رێگەیاندەدەن ئەم زەواجە بکەن، ئەوکاتە زەینەب تەمەنی ١٩ساڵ بووە، دوای ئەوەی کەسوکارەکەی بەم زەواجە رازی دەبن، بەڵام زەینەب خۆڕاگری دەکات، زەینەب بەم برینداریيەی خۆیەوە نازانێت چیبکات، فەرماندەکە بەڵێن دەدات بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زەینەب دوای هاوسەرگیرییان دەستبەرداری پێشمەرگایەتی دەبێت، بەڵێنی ئەوەی دەداتێ بەیەکەوە دەچن بۆ گوندەکەیان لە سیدەک و لەوێ دەژین. دوای ئەوەی کەسوکارەکەی زۆر لە زەینەب دەکەن، ئەویش خۆی پێڕاناگیرێت و بەم داخوازییە رازی دەبێت، دوای ئەوەی ماوەی مانگێک لە خەستەخانە تەداوی دەکرێت، دوایی لە خەستەخانە دەردەچێت، دوای هاوسەرگیرییان لە گوندەکەی مێردەکەی ژیان بەسەردەبەن. شەوێکیان گەریلا هێرش دەبەنە سەر گوندەکەیان، ئەو شەوە زەینەب و مێردەکەی لەماڵ نابن، گەریلاکانیش برای مێردی زەینەب دەبەن، گەریلاکان پەیامیان بۆدەنێرن هەتا زەینەب نەگەڕێننەوە برای مێردەکەی ئازاد ناکەن، مێردی زەینەب وەڵام بۆ گەریلا دەنێرێت کە دەیەوێت چاویانیان پێبکەوێت، لەدوای ئەم داخوازییە، گرووپێک لە گەریلا جارێکی تر دێنەوە بۆ گوندەکە، زەینەب پێیان دەڵێت کە شووی کردووە و لەبەر بێتوانایی ناتوانێت جارێکی تر ببێتەوە بە گەریلا و ئەگەرچی بە جەستەیش لەم گوندەبێت بەڵام بە رووح لەسەر شاخ لەگەڵ هەڤاڵەکانێتی و ئەو ساڵ و نیوەی ناو ژیانی گەریلایەتی پیرۆزترین و خۆشترین ساڵەکانی تەمەنی بووە. ئەو بە گرێدراوی بەرووحی گەریلایەتی و شەهیدان و سەرۆک ئاپۆ درێژەی بە ژیانی سڤیلی خۆیدەدا، بەڵام نەیدەتوانی و ئەو توانایەی نەبوو ببێتەوە بە گەریلا، ئەگەرچی ژیانی دووری ناو هەڤاڵەکانی ناخۆشیش بوایە، بەڵام چارەی نەبوو دەبوایە لەگەڵ هاوسەرەکەی لەم گوندە ژیانی بکردایە، داوای لە هەڤاڵەکانی کرد برای مێردەکەی ئازاد بکەن و چی کاتێکیش بیانەوێت دەتوانن سەردانی بکەن و دەرگای ماڵەکەی لە ئاستی گەریلادا هەمیشە کراوەدەبێت، داوای دەکرد بێنە ماڵەکەیەوە و چای و چێشتیان بخۆن.

گەریلاکان ماڵئاواییان لە زەینەب کرد و برای هاوسەرەکەیان ئازاد کرد، هاوسەرەکەی زەینەب وەکو سوپاس دوو تفەنگی بۆ گەریلاکان نارد بوو، هەمیشە لە گوندەکە باسی گەریلا و چیا و هەڤاڵەکانی بۆ خەڵکی گوندەکە دەکرد، تەنانەت توانیبووی کاریگەری بکاتە سەر کچانی گوندەکە و خواستی ئەوەیان لەلا دروست ببوو کە ببن بە گەریلایش، تاگەیشتە ئەو رادەیەی زەینەب توانیبووی کاریگەری بخاتەسەر ٣کچ و دەمانچەیەک و کلاشینکۆفێکی هاوسەرەکەی پێدابون و رێگەی نیشاندابوون و ناردبوویانی بۆ شاخ تاکو ببن بە گەریلا، ئەم سێ کچە لە رێگە دەکەونە بۆسەی پێشمەرگەکانی پەدەکەوە و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەستگیر دەکرێن، لەکاتی لێکۆڵینەوەیاندا ناوی زەینەب دەهێنن و زەینەبیش دەستگیر دەکەن، دوای ئەوەی هاوسەرەکەی واستە دەکات و بەڵێندەدات هاوسەرەکەی کاری واناکاتەوە، بە مەرج بەریدەدەن، بەڵام زەینەب نایەوێت دەستبەرداری خواستی پیرۆزی خۆی ببێت و نایەوێت دەستبەرداری ئەو خۆشەویستیە و بەهایانە ببێت کە باوەڕی پێیانە.

سەرەتا ئیسماعیل دوودڵ بوو لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، لەوانەبوو ئەم چیرۆکە کە باس لە گەریلایەکی کچ دەکات و دوایش شوو بە پێشمەرگە دەکات بۆ زیندانییەکان بەسەرهاتێکی ناخۆشبوایە، شتێکی ئاسان نییە هەڤاڵێکیان کەلەپێناو ئازادیدا بووە بە گەریلا و دوایش بە زۆرەملێی پەشیمانی بکەنەوە و شووبکات و لەناو ژیانێکی سادەدا قەتیسی بکەن، هەمیشە وابینراوە شووکردن بۆ کچ وەکو زیندانی لێدەکرێت، بەتایبەتی بۆ ئەو کچانە کە سەریخۆیان بەخشیوە بە ئازادی، زەینەب هێنابوویە زمان کە ئەو ساڵ و نیوەی گەریلابووە پیرۆزترین و خۆشترین ساڵی تەمەنی بووە، بە هەڤاڵەکانی وتبوو، جەستەم لێرەیە بەڵام رووحم بەردەوام لەگەڵ ئێوەدایە، ئەم رستەیە مانایوایە لێرە بەدواوە لەناو زیندان دەمێنێتەوە. ئەگەر ئێستا ئیسماعیل باسی ئەم چیرۆکەی نەکردایە خۆهەردەبێت کەسێکی تر بۆیان بگێڕێتەوە، باشیش نەبوو ئەم چیرۆکەیان لێبشارێتەوە، هەربۆیە زۆر بە ووردی ئەم سەرگوزەشتەیانەی بۆباسکردن.

دەنیز، جودی، مەحمود، شاهین، کەمال و ئەیوب بەیەکەوە گوێیان بۆچیرۆکەکەی زەینب گرتبوو، بەگوێرەی تەخمینی ئیسماعیل لەوانەبوو زیندانییەکان بەم چیرۆکە غەمگین بونایە هەروایش دەرچوو هەموویان بەم چیرۆکە غەمگین بوون. بەدەم ئەم چیرۆکەوە جودی، مەحمود و شاهین جگەرە لەدوای جگەرەیان کێشابوو، دەنیز بەدەم گوێگرتنی ئەم چیرۆکەوە هەناسەسوار ببوو، نە برسێتی و نە رەبووەکەیشی ئەوەندە نارەحەتییان بۆنەهێنابوو، لە دڵی خۆیدا وتی: (خۆزگە پرسیاری ئەم بەسەرهاتەم نەکردایە)، ئەو سەرەتا بیری لە تراژیدیای گەلەکەی دەکردەوە، ئێستایش تراژیدیای کچ و ژنانیان زیادییان کردبوو.

ماوەی دوو رۆژ بوو کۆتاییان بە چالاکییەکەیان هێنابوو، هەروەها ١٥زیندانی تریش هاتبوون بۆ قاوشەکەیان، رووس خەیری و مێرخاس وتیان دەیانەوێت باس لە مژارێکی گرنگ بکەن هەربۆیە چوونە پەنای مەحمود و دەنیز دانیشتن،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مێرخاسیان وتی: (ئەوەی دەمانەوێت باسی بکەین لەوانەیە ببێت بەمایەی سەرسوڕمانتان)، دەنیز و مەحمودیش تەماشای یەکتریان کردبوو، دەیانویست بزانن ئەم مەسەلە گرنگە چییە، تازەبەتازە کۆتاییان بە چالاکییەکەیان هێنابوو، هەموویان بەیەکەوە قۆناغێکی دژواریان تێپەڕاندبوو، ئەگەر ئەم قسانە پێش دەستپێکردنی چالاکییەکە بوایە دەنیز و مەحمود بەیەکیان دەوت (ئەمانە بەنیازن خۆیان رادەست بکەنەوە، ئەی باشە خۆنێستا هیچ لەئارادا نییە، ئەم مەسەلە گرنگە چییە دەیانەوێت بیهێننە زمان؟).

مێرخاس زۆر بە راشکاوی پێیانوت دەیەوێت زۆر راستگۆیانە و بە ئاشکرا قسەیان لەگەڵدا بکات، پێیانوت لە دووەمین رۆژی چالاکییەکەوە ناڕەحەتییان بۆ دروست بووە و بەگونجاویان نەزانیوە ئەورۆژانە بڵێن دەستبەرداری چالاکییەکە دەبن و پێیانوابووە ئەم کردەوەیە بێڕێزییە بەرامبەر بە بەرخۆدان و ماندووی هەڤاڵەکانیان و نەیشیان ویستووە مانای چالاکییەکە بچوک بکەنەوە بەڵام ئیرادەیان تێکشکاوە و ئەو هێزەیان تێدانەماوە کە بەرگەی خۆڕاگری بکەن و دەیانویست بچن بۆ ئەو قاوشەی کە بووە بە شوێنی ئەوانەی کە خۆیان رادەست کردۆتەوە و نەیشیان ویستبووە وەک هەندێک کەس بکەن بەبێ ئەوەی هەواڵ بە هەڤاڵەکانیان بدەن ئەمکارە بکەن و هەروەها وتیان کە بەهیچ شێوەیەک نابن بە پیاوی پەدەکە و دەیانەوێت بچنە قاوشی ژمارە٦و لەوێوە رێگەیەک بدۆزنەوە تاکو هەواڵ بۆ کەسوکاریان بنێرن و راستە بەرخۆدانی ئێرە پیرۆزە و گرنگەو بەواتایە، بەڵام لێرە بەدواوە ئیتر پێیانناکرێت و دەیانویست هەڤاڵەکانیان رێز لەم بڕیارەیان بگرن و بەدڵێکی فراوانەوە پێشوازی لەم بڕیارەیان بکەن.

کاتێک مێرخاس قسەکانی تەواوکرد، رووس خەیریش پشتیوانی لە قسەکانی مێرخاس کرد، مەحمود و دەنیز لەهەمبەر ئەم قسانە سەرسام ببوون، ئایا دەکرا چییان پێبڵێن ویا پێیان نەڵێن؟!. بەهیچ شێوەیەک بیریان لە شتێکی وەها نەدەکردەوە لە رۆژانێک کە بەرخۆدانیان سەریگرتبێت و ئەنجامیان بەدەست خستبێت چۆن ئێستا روبەڕووی داخوازییەکی وا دەبوونەوە؟!، بۆئەوەی قەناعەت بە مێرخاس و رووس خەیری بکەن، ئایا دەکرا چییان بهێنایەتە زمان؟!، تەنانەت هەرخۆیشیان باس لە بەردەوامی خەبات و مانای پیرۆزی بەرخۆدان و گرنگی تێکۆشان دەکەن، ئەوان خستبوویانە ناو مێشکیانەوە کە (ئیرادەمان لاوازبووە و ناتوانین) هیچی تر ناڵێن، دیاربوو مێرخاس و رووس خەیری لەمبارەیەوە زۆر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قسەیان کردبوو، مەحمود و دەنیز بەدرێژی باسیان لە مێژووی تێکۆشان و نمونەکانی شەهیدانیان و بەیەکەوە چۆن توانیویانە لەهەمبەر بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بەرخۆدان بکەن و ئەنجامیان بەدەست خستووە، ویستییان لەرێگەی ئەم قسانەیانەوە کاریگەرییان لێبکەن، مەحمود و دەنیز ناچارمان بانگی جودی، شاهین، ئەیوب و کەمالیش بکەن و ئەم مەسەلەیەیان پێوتن، ئەوانیش بۆنەوەی لە بڕیارەکەی خۆیان پاشگەزیان بکەنەوە ئەوەی لە دەستیان هات کردیان، هەرچییەکیان کرد پاشگەزیان نەکردنەوە، ئەوان بڕیاری رۆیشتنی خۆیاندابوو، هەروایشیان کرد.

ئەوانەی تازە هێنرابوونە قاوشی ژمارە ٥وە، لەئاستی ئەم مەسەلەیە سەریانسوڕمابوو، هەروەها نیگەرانیش ببوون، ماوەی دوو رۆژیان بەیەکەوە بەسەربردبوو، کە هاتبوونە قاوشەکەوە باوەڕییەکی زۆریان بە زیندانە بەرخودانکەرەکان هێنابوو، تەنانەت دەردی دڵی خۆیشیان لەلا درکاندبوو، ئەوەی لەزاریانبوو بە پەدەکەیان وتبوو، ئەی ئەگەر قسەکانیان بگەیشتایەتەوە گوێی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە؟.

دەنیز و مەحمود بۆنەوەی ئەم نیگەرانی و ترسەیان نەهێڵن لەگەڵ هەموویاندا قسەیان کرد، بەجوانی باسی هۆکار و چۆنییەتی رۆیشتنی مێرخاس و رووس خەیرییانیان بۆکردن، پێیانیانوت پێویست بە ترس و نیگەرانی ناکات.

ژمارەی ئەوانەی بەرخۆدانیان دەکرد بوون بە ٧زیندانی، رۆیشتنی مێرخاس و رووس خەیری دەبووەوە مایەی ناڕەحەتی ئەمانیش، لەخۆیان توڕەبوون کەبۆچی پێشتر درکیان بەم رەوشەی ئەم دوو هەڤاڵەیان نەکردووە، باوەڕیان بە هەردووکیان هێنابوو، ئەوکاتەی دەلیل پۆرسپی و جەمال و سەیفی پێداگرییان لە تەسلیمبوون دەکرد ئەمانە بەرپەرچیان دابوونەوە و لەم دوا چالاکییەیشدا شانبەشانی هەڤاڵەکانی خۆڕاگرییان کردبوو، تەنانەت وتبویشیان ئامادەن لەم پێناوەدا گیانی خۆیشیان ببەخشن، چۆندەکرا ئێستا بە پێی خۆیان بەرەو تەسلیمییەت بچن؟!، ئەمە چ کارێک بوو؟، ئەمە چۆن رووحێکی مرۆڤایەتییە؟!، ئەوان هێشتا بەتەواوەتی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەرەنجامی چالاکییەکەیان نەکردبوو، ئێستا رووبەڕووی دوو تەسلیمییەتی تر بیوونەوە، جگە لەوەی لێرە بەدواوە دەبێت زیاتر دەستبخەنە ناو دەستی یەکتری، رێگە چارەیەکی تریان نەبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٣٥

# ئومێدە تازەکان

ئێوارەی ئەو رۆژەی مێرخاس و رووس خەیری لە قاوشی ژمارە ٥وە بران بۆ قاوشی ژمارە٦، کۆستەرێک خۆیکرد بەناو زیندانەکەدا و سێ زیندانی تازەیان هێنا. شاهین مەراقی هاتنی ئەم زیندانییانەی بوو، هەربۆیە لە پەنجەرەکەوە کەوتە تەماشاکردن، بانگی جودی و کەمالیشی کرد، ئەو سێکەسەی هێنابویان، نە لە گەریلا دەچوون، نە لە پێشمەرگەی یەنەکەیش. دوای ئەوەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە کاروبارەکانیانی تەواوکرد، هەر سێکیانیان هێنا بۆ قاوشی ژمارە ٥. دوای ئەوەی بەخێرهاتنیان کردن و چاکوچۆنی تەواوبوو، یەکێکیان ناوی نەوزاد بوو کە سۆران بوو، تەمەنی ٢٧ساڵ بوو خەڵکی شاری هەولێر بوو، بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنەوە ٤ ساڵ و نیو حکومدرابوو، لە زیندانی هەولێر، لەبەر خراپی رەوشی زیندانییەکان، دەستیان کردبوو بە ئەنجامدانی چالاکی مانگرتن، ئەمیشیان مەنفا کردبوو و هێنابویانن بۆ زیندانی ئاکرێ. دوانەکەی تریش خەلیل و خەیری هەردووکیان برابوون. لە شێخەکانی ئێزیدی بوون، خەلیل تەمەنی ٢٦ ساڵ بوو، هاوسەری هەبوو و خاوەن دوو منداڵیش بوو، خەیری ساڵ و نیوێک لە براکەی بچوکتر بوو، هەردووکیان بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنەوە سزا درابوون. ماوەی ٤ساڵ و نیو لە زیندانی دهۆک بوونە، ئەوانیش بەهۆی خراپی رەوشی زیندانەکەوە چالاکی مانگرتنیان دەستپێکردبوو، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هەردووکیانیان مەنفا کردبوو بۆ زیندانی ئاکرێ.

ئەمە یەکەمجاربوو زیندانی لە زیندانەکان مەنفا بکەن بۆ زیندانی ئاکرێ، بەهۆی هاتنی ئەم سێ زیندانییەوە زانیارییەکی زۆریان لەبارەی رووداوەکانی دەرەوە پێدەگەیشت. هەردوو زیندانییانی هەولێر و دهۆک، بەبێ ئەوەی ئاگایان لەیەک ببێت دەستیان کردبوو بە چالاکی مانگرتن. نەوزاد و خەلیل لەبارەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زیندانییانی تورکیا دەیانوت چالاکی مانگرتنیان بەردەوامە و چالاکییەکەیان گۆڕیوە بە چالاکی مانگرتن هەتا مردن. ئەوان ئەوکاتەی ئەم هەواڵەیان بیستووە، کاریگەری تێکردوون و ئەو چالاکییەی خۆیانیان دەست پێکردووە. زیندانییانی تورکیا داوای گۆڕینی سیستەمی زیندانەکەیان کردووە، دەوڵەتی تورک لەسەر ناوی گۆڕینی زیندانەکان بۆ سیستەمێکی نویێ، ناوی زیندانەکانی نابوو جۆری زیندانی {ف}، جۆری زیندانی {ف} واتا ژووری تاکەکەسی، بۆ راگرتنی ئەم بەرنامەیەی دەوڵەت زیندانییەکان چالاکی مانگرتنیان هەتا مردن دەستپێکردووە، حکومەتی تورکیا لەناو هەوڵی ئەوەدایە دانوسان لەگەڵ زیندانییەکان بکات.

لەسەر ئەم هەواڵانە، شاهین وتی: (بەڕاستی بەتەواوەتی لە دونیای دەرەوە دابڕاوین). دەنیزیش وتی: (ئەگەرچی ئاگامان لە یەکیش نەبوبێت، بەڵام ئێمە و ئەوان بەیەکەوە کەوتوینەتە جوڵەوە، لەوانەیە پێیانوابێت ئێمە لەلایەن ئەو هەڤاڵانەوە رێنماییمان بۆهاتووە)، بەڕاستیش ئەگەر لەهەمان سەرچاوەوە رێنماییان بۆبهاتایە، هەرئەوەندەیان لەدەست دەهات، محەمەد ئەمین سورچی پێیانیوتبوو (هەموو زیندانەکانتان تێکدا و وورووژاندووتانە، هەموو زیندانییەکان لەئێوەوە فێربوون، دەتانەوێت وەکو زیندانییەکانی تورکیا بکەن)، کەواتە سەرچاوەی قسەکانی محەمەد ئەمین سورچی ئەمە بووە، ئەو کاتە کەمالیش پێیوتبوو (ئەم بەرپرسە شێتبووە)، کەواتە محەمەد ئەمین سورچی ئاگاداری هەموو چالاکییەکانی زیندانەکان بووە، لەوانە بوو پێیوابوبێت، لەبارەی ئەنجامدانی چالاکییەکانەوە زیندانییانی هەموو زیندانەکان یەکترییان ئاگادار کردبێتەوە!.

جودی وتی: (لەوانەیە لەبەرئەوەی حکومەتی تورکیا لەگەڵ زیندانیان لەناو دانوساندان، هەربۆیە پەدەکەیش چاولێکەری کردووە و لەگەڵماندا رێککەوتن)، کاتێک جودی ئەم قسانەیکرد، خەلیل باسی سەرهەڵدانی خەڵکی زاخۆی کرد، لەهەمان ئەوکاتانەدا، خەڵکی زاخۆ بەهۆی گەندەڵیٰ و رەشوەت و واستە و قوتی خەڵکی دژ بە پەدەکە خۆپێشاندانیان کردبوو. خەڵکێکی زۆر بەشدارییان لەم خۆپێشاندانە کردبوو، تەنانەت خۆپێشاندەران توانیبوویان کۆنترۆڵی ئیبراهیم خەلیلیش بکەن. ئەوکاتەی ئەم گۆڕانکارییانە لە زاخۆ هاتبوونە ئاراوە، ئەوکاتە مەسعود بارزانی لە گەشتی دەرەوەی وڵات دەبێت و بەم هۆیەوە راستەوخۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەگەڕێتەوە. هەوڵێکی زۆریدابوو هەتا ڕەوشەکە هێور بکاتەوە، هەربۆ ئەم مەبەستەیش ڕێنمایی بۆ هەموو دەزگاکانیان ناردبوو، هەربۆیە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەیش دەبوایە ڕەچاوی ڕێنماییەکانی مەسعود بارزانییان بکردایە. نەوزاد لەبارەی شەڕی نێوان یەنەکە و پەکەکەیش دەیوت دەبێت ئەم مەسەلەیە بەجدی وەربگیردرێت، پەدەکە نەیدەویست ناوبەریان لەگەڵ یەنەکە خراپ ببێت، بەپێچەوانەوە دەیویست پەیوەندییان باشتر ببێت.

زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥، لەدوای چالاکییەکەیانەوە هەلێکی وەکو ئێستایان بۆ نەڕەخسا بوو کە بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندن بۆ ڕووداو و گۆڕانکارییەکان بکەن. لە ڕۆژی شەڕەکەی نێوانیان، بەڕێوبەری زیندانەکە لە ماوەی یەک کاتژمێردا دوو لێدوانی جیاواز لەیەکتری دابوو. بەگوێرەی هەڵسەنگاندن بۆ مەسەلەکان، دەبینرا کە بەردی قسەکانی نەوزاد، خەلیل و خەیری بۆسەر یەک دەگونجێن و خەریکە دیوارێکی ڕێکیان لێدروست دەبێت. هەرچەندە نەوزاد، خەیری و خەلیل بەهۆی پیاوکوشتنیشەوە زیندانی کرابێتن، بەڵام بیروبۆچونەکانیان لەلایەن زیندانییەکانەوە بە جدی لێیدەڕوانرا. لە زیندانی پەدەکە، سەریان کردبووە سەر بەڕێوبەرایەتی پەدەکە. ئەوان سەریان بۆ فەرمان و جۆری ژیانی ئەوانیان شۆڕنەکردبوو، لە ئاستیاندا سەربڵند بوون. ئەم هەڵوێستانەیان و شێوازی بیرکردنەوەیان، هۆکاربوو زیندانییەکانی قاوشی ژمارە ٥ بە گەرمی پێشوازییان لێبکەن و هەرزوو پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوانیاندا هاتبووە ئاراوە. بەتایبەتی خەلیلیان کەسێکی زۆر بە هەڵوێست و نیاز پاک بوو، ئەویش کە هاتبووە ئەم قاوشەوە درکی بە کەشوهەوایەکی ئازادانە و جوامێرانە کردبوو. زۆر بە ڕێزەوە پێشوازییان لێکردبوو. دەیانوت (ئەمە هەلێکی زێڕینە کە ئێمە لەگەڵ ئەندامانی پەکەکە لەیەک قاوش دەمێنینەوە)، هەتا گوێیان لە زیندانە بەرخودانکەرەکان ببوایە و گوێیان بۆ سەرگوزەشتە و چاویان بە ڕەفتارەکانیان بکەوتایە، بۆیان دەردەکەوت کە لەبارەی ڕێزگرتن لە تێکۆشەرانی پەکەکەوە بە هەڵە نەچوونە. درکیان بەوە کردبوو زیندانییەکانی ئێرە چەندین ساڵە تێکۆشاون و ئامادەن لەپێناو دۆزەکەی خۆیاندا بمرن کە ئەمەیش مایەی سەرسوڕمانیان بوو.

زیندانییەکان ڕێزێکی تایبەتیان لە خەلیل و خەیری دەگرت. ئەم ڕێزە لەلایەکەوە بەهۆی هەڵوێستە خۆڕاگرییەکەیان بوو، لەگەڵ ئەوەیش کە بەتایبەتی ئێزیدی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بوون. ئێزیدییەت کۆنترین و دێرینترین دینی کوردە. ئێزیدییەکان توانیویانە لەرێی دینەکەیانەوە چەندین کولتوری کۆن و نەریتی باوباپیرانیان بپارێزن. هەمیشە ئێزیدییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەکەوە بەهۆی دینەکەیانەوە رووبەڕوی زوڵم و ناحەقی بوونەتەوە، بەردەوام وەلانراون و سەرکوتکراون و رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە. ئێزیدییەکان لەبارەی هەموو ئەوانەوە دەیانوت (٧٢فەرمان)، ئەمە واتای ئەوەیە بۆئەوەی کۆمەڵکوژ بکرێن، ٧٢جار فەرمانیان بۆدەرکراوە. ئێزیدییەکانیش لەهەمبەر ئەم هێرش و زوڵم و سەرکوتکردنەدا، تێکۆشاون و دەستبەرداری دینەکەی خۆیان نەبوونە. زیندانییەکانی قاوشی ژمارە ٥، بە پشتبەستن بەم هەڵوێست و خۆڕاگرییانەوە خاوەنداریێتیان لیدەکردن، لەلایەکی تریشەوە عەشیرەتی بارزان کەسەربە تەریقەتی نەقشبەندین، هەمیشە ئێزیدییەکانیان رەد کردۆتەوە، بارزانییەکان پێیانوابوو خۆشەویستی دەربڕین لە ئاستیاندا و تێکۆشانەکەیشیان بۆخۆیان بە مەترسی دەبینی.

خەلیلیان سەرەڕای ئەوەی هەستیاربوو، لەهەمانکاتیشدا مەراقی هەبوو. لەیەکەم رۆژی هاتنیدا لەبارەی پەکەکەوە پرسیارێکی زۆری کردبوو، دەیویست هەوڵبدات تێکۆشان و شێوازی خەباتی پەکەکە بزانێت. پێش هەمووشتێک بە زیندانییەکانی وتبوو (حیسابی کەسێکی وەک هەڤاڵی خۆتانم بۆ بکەن)، ئەوەیشی وتبوو ئەگەر لەم دۆزەخە رزگاری ببێت، دەبێت بە گەریلا. زیندانییەکان درکیان لە راستگۆیی و دڵپاکی ئەو کردبوو هەربۆیە نەیاندەویست لەخۆیان دووریبخەنەوە، بۆئەوەی درک بەم نزیک بوونەوەی نەکرێت و نەبێت بە ئامانجی پەدەکە و بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، کەمێک لەئاستیدا خۆیان بەدوور دەگرت.

کەمی مابوو ساڵێکی تر تێبپەڕێنن، کەشوهەوا ساردی کردبوو. گەنگەشە و قسەوباس لەگەڵ ئەوانەی تازە هێنرابوون، ئەوەندە گەرم بوو سەرەڕای ئەو سەرمایەیش، ناخیانی گەرم کردبووەوە. بێشک زانینی هەواڵی دەرەوەیش هۆکاربوو کە نەزانن چۆن کات بەسەر دەبەن و گەنگەشەکانیش ئەوەندە خۆش و بە تامەزرۆوە دەکران، لەیادیان دەچوو چاو بە ساڵنامە بگێڕن.

توانیان لەبارەی هێرشەکانی یەنەکە بۆسەر پەکەکە کەلە مانگی ئەیلوول دەستیان پێکردبوو، زانیاری بەدەست بخەن. سەردانکەران هەفتانە زانیاری نوێیان دەهێنا. زانیارییەکان دەیانوت پەکەکە بەرپەرچی هێرشەکانی یەنەکەیان داوەتەوە و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مایەپوچیان کردووە و تەنانەت گەریلاکانی پەکەکە ئەمجارە ئەوان هێرشیان ئەنجامداوە، تەنانەت کەناڵەکانی پەدەکە زۆر بە فراوانی باسیان لەم هێرشانەی گەریلا دەکرد، بەگوێرەی هەواڵەکان، گەریلاکانی پەکەکە لە هەرێمی قەندیل، هێرشەکانی پێشمەرگەکانی یەنەکەیان مایەپوچ کردووە و تەنانەت گوندێکی زۆریشیان خستووەتە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە و تەنانەت هێزی گەریلا پێشڕەوی دەکەن و کەمیان ماوە بگەنە قەڵادزێ و سلێمانی، هەروەها دەوترا لەم شەڕوپێکدادانەدا نزیکەی ٢٥٠ پێشمەرگەی یەنەکە کوژراون و چەندین پێشمەرگەیشیان بە دیلی گرتووە، هەربۆیە جەلال تاڵەبانی ناچاربووە داوا لە تورکیا بکات بە هانایانەوە بێن.

لە ئاستی ئەم هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەدا، تەلەفزیۆنەکانی پەدەکە زیاتر سەریاندەخستە سەر یەنەکە، لە هەواڵ و شرۆڤە سیاسییەکانیاندا، ڕەخنەی یەنەکەیان دەکرد کە پاڵپشت و هاوکاری تورکییایە، ئەو زرێپۆشانەی سوپای تورک کەلە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە دەهاتن بۆ هاوکاری یەنەکە، دەزگاکانی پەدەکە دیمەنیان گرتبوو، لە هەواڵەکان بڵاویان دەکردەوە و دەیانویست بیسەلمێنن کە چۆن جەلال تاڵەبانی و یەنەکە بۆدژایەتیکردنی کورد دەستیان لەگەڵ دەوڵەتی تورک تێکەڵکردووە. لەراستیدا دەیانویست لەسایەی ئەم ڕەخنە و تۆمەتبارکردنانەی یەنەکە و جەلال تاڵەبانییەوە، خیانەت و هەڵەکانی خۆیانیان پێپەردەپۆش بکەن. بەشێوەیەک باسیان لە مەسەلەکە دەکرد، کە هەرگیز خۆیان دژ بە کورد کاری هاوبەشیان نەکردووە و بەیەکەوە قۆڵبەقۆڵ دژ بە بزاڤی ئازادی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان لەگەڵ تورکیا ئەنجام نەداوە. ئەی باشە ئەو زرێپۆشانە لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە، نەدەچوون بۆ زاخۆ و لەوێوە نەدەچوون بۆ دهۆک و لەوێشەوە بۆ هەولێر و لەوێیشەوە بۆ دەوروبەری سلێمانی تاکو بەهانای یەنەکەوە بێن، ئەی باشە ئەو هەموو ڕێگەیە لەژێر کۆنترۆڵی پەدەکە نەبوو، کە چاوپۆشی لە هاتنی سوپای تورکی داگیرکەر دەکرد؟!. ئەی باشە ئەم کارانەی جەلال تاڵەبانی و یەنەکە خیانەت بن، ئەی ئەوەی پەدەکە دەیکرد چیبوو؟، داروبەرد ئەم پرسیارەیان دەکرد.

ئەو هەواڵانەی سەردانکەران دەیانهێنا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو. بەڕاستیش هێزی گەریلا پێشڕەویان کردبوو، توانیبوویان لە قەڵادزێ و سلێمانی نزیک ببنەوە، ئەگەر بیانویستایە لەوانەبوو بتوانن دەستیان بەسەردا بگرن. یەکێک لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەواڵەکان ئەوەبوو کە پەدەکە بە لۆری تەقەمەنی بۆ گەریلاکانی پەکەکە بردووە و پێیانیان وتووە (ئێوە بچنە شارەکانەوە، ئێمەیش پشتگیریتان دەکەین و بەیەکەوە شارەکان دەپارێزین، دەتوانین بەیەکەوە بییانبەین بەڕێوە)، بەڵام پەکەکە ئەم پێشنیارەیان قەبوڵ نەکردووە. بەرپرسیارانی پەکەکە وتبویان ئامانجی ئێمە کۆنترۆڵکردنی شارەکان نییە، بەڵکو ئامانجی ئێمە ئەوەیە رێگری لە هێرشەکانی یەنەکە بکەین. لەناو کەسانی باڵادەستی ناو یەنەکەدا، دەنگی ئەوە بەرزببووە کە گونجاو نییە بە هاوکاری دەوڵەتی تورک شەڕی پەکەکە بکەین. هەواڵەکان دەیانوت ئەگەر یەنەکە بەردەوامی بەم سیاسەتی شەڕەنگێزییەی خۆی بدات، لەوانەیە لەناو خودی خۆیان ترازان بێتەئاراوە، تەنانەت لەناو خەڵکیشدا لەم بارەیەوە دەنگی ناڕەزایی بەرز ببووەوە، دەیانوت ئەم هێرشانەی یەنەکە بۆسەر پەکەکە بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی گەلی کورددا نییە.

هەواڵە تازەکان هەتا بڵێیت بە جۆشوخرۆش بوون. ئەوانەی دەچوون بۆ دیدەنی کەسوکاریان، کە دەگەڕانەوە بە تامەزرۆ و بە جۆشوخرۆشییەوە گۆڕانکارییەکانیان بۆ زیندانییانی پەکەکە دەگێڕایەوە. سەرکەوتنی گەریلا لە شەڕەکاندا ببووە هۆکار کە زیندانییانی پەکەکە لە زیندانەکەدا مۆراڵیان بەرز ببێتەوە و دڵخۆش بن. لەحاڵەتی درێژبوونەوەی شەڕی نێوان یەنەکە و پەکەکەدا، ئەمە دەبووەوە مانای ئەوەی کە پەدەکە و پەکەکە لەیەک نزیک دەبنەوە، ئەگەر ئەمە روویبدایە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی سیاسەتێکی نوێ دەهاتەئاراوە. ئەنوەر شاکر و مام محەمەد سەعید، سەرنجی خۆیانیان خستبووە سەر بەهانا هاتنی دەوڵەتی تورک بۆ یەنەکە، ئەمەیش مانای وابوو لەنێوان پەدەکە و دەوڵەتی تورکدا کێشەیەک هەیە، بەکۆی بیروبۆچونی زیندانییەکان ئەمە گریمانەیەکی بەهێز بوو.

یەنەکە و پەدەکە بەردەوام و بەدرێژایی مێژوو دژبەری یەک بوون، هیچ کاتێک پەیوەندییەکانیان بۆنی برایەتی و دۆستایەتیان لێنەهاتووە، بەردەوام چاڵیان بۆیەک هەڵکۆڵیەوە و زیانی یەکتریان ویستووە، هێزە دەرەکییەکانیش رەچاوی ئەم مەسەلەیەیان دەکرد و بەگوێرەی ئەوە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوتیان دەکرد و ئەوانیش بەردەوام لەگەڵ نەیارانی نەیارەکانیاندا دۆستایەتییان دەکرد، بۆنمونە، ئەوکاتەی پەدەکە لەگەڵ دەوڵەتی تورکدا پەیوەندییان باشدەبوو، یەنەکەیش لە ئێران، لە عێراق و لە پەکەکە نزیک دەبووەوە، هەندێکجاریش ئەمە پێچەوانە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەبووەوە. سێ ساڵ لەمەوبەر، یەنەکە لەگەڵ پەکەکەدا دژ بە پەدەکە رێککەوتنی باشور و باکوریان پێکهێنابوو، هەروەها یەنەکە پەدەکەی بەوە تاوانبار دەکرد کە پەدەکە دەستی خستووەتە ناو دەستی دەوڵەتی تورکەوە و خیانەت دەکات. لەوانەبوو پەدەکە بیەوێت لەڕێی هێرشکردنە سەر یەنەکە لەڕێی راگەیاندن و ناوزەندکردنیان بە خیانەت کە قۆڵیان کردووەتە قۆڵی دەوڵەتی تورک، بیەوێت سیمای راستەقینەی خۆی کەمێکیش بێت سپی بکاتەوە و خیانەتەکانی خۆی لەبیر خەڵکی بەرێتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەهۆی هاوپەیمانی و هاوکاری دەوڵەتی تورک، لەناو خەڵکیدا پەدەکە رەزای گران ببوو، لەمبارەیەوە رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر ببووەوە، بەتایبەتی لەمکاتەدا، مەسعود بارزانی دوای رێککەوتنی واشنتۆن خۆی بۆ سەرۆکایەتی گەلی کورد ئامادەکردبوو، هەربۆیە پێویستی بەوەبوو کە رووی خۆی سپی بکاتەوە. ئەوە دەبینرا کە پەدەکە و مەسعود بارزانی لەمبارەیەوە پیلانێکی زۆر زۆرزانەیان ئامادەکردووە، ئەوان پێیانوابوو زەمین لەبارە کە لەرێگەی هێرشکردنە سەر پەکەکە کاریگەری خۆیان لە هەرێمەکە پێکبهێنن، تەنها کێشەیەکیان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو پەکەکە پارووەیەکی هەروا ئاسان نەبوو، گەریلا زۆربەباشی بەرگرییان دەکرد، قسەیەک هەیە دەڵێت، {ئەو حیسابەی لەماڵەوە کردمان، لەگەڵ نرخی شتومەکی بازاڕ یەکیان نەگرتەوە}، ئەمەی پەدەکە و مەسعود بارزانیش بەهەمان شێوەبوون.

ئەی ئەم زیندانییانە؟، نزیک بوونەوەی پەدەکە لە پەکەکە، ئایا دەبووەوە هۆکار ئەم زیندانییانە لەم دۆزەخە دەربهێنێت؟، ئەوانەی لە قاوشی ژمارە ٥ بوون و چاویان بە کەسوکاریان دەکەوت، ئەم مەسەلەیەیان وەکو مژدەیەک بە زیندانییانی پەکەکە دەوت. ئەگەر شتێکی لەوشێوەیە روویبدایە، بێشک یەکەم مەرجی پەکەکە ئەوەبوو زیندانییەکانیان ئازاد بکرێت، مەخابن زیندانییانی پەکەکە لە قاوشی ژمارە ٥، لەو باوەڕەدانەبوون رێککەوتنێک یان نزیک بوونەوەیەکی لەوشێوەیە لەنێوان پەکەکە و پەدەکە بێتەئاراوە، هەربۆیە نەیاندەویست ئومێد بەخۆیان بدەن و دڵی خۆیان لە خۆڕا خۆش بکەن. راستە لەو باوەڕەدابوون کە پەکەکە داوای ئازادکردنی زیندانییەکانی دەکرد، بەڵام ئایا رێککەوتن لەگەڵ پەدەکە ئەوەندە ئاسان بوو؟، بەتایبەتی لەبارەی دەستگیرکردنی سەرۆکەکەیانەوە کە پەدەکە رۆڵی بینیبوو، هەربۆیە زیندانییەکان لەوباوەڕەدا نەبوون پەکەکە بە ئاسانی لەگەڵ پەدەکە رێککەوتن بکات. بەگوێرەی ئەوەندەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

كه بزووتنه‌وه‌كه‌ی خۆیانیان ده‌ناسی، په‌كه‌كه له په‌ده‌كه نزیک نابێته‌وه، هه‌ربۆیه زیندانییه‌كان پێیانوابوو هێشتا زووه خه‌یاڵی ئه‌وه‌بكه‌ن له حاڵی حازریدا له‌وانه‌یه ئازاد بن. دوای ماوه‌یه‌كی كورت هه‌واڵی ئه‌وه‌هات، له‌نێوان په‌كه‌كه و یه‌نه‌كه ئاگربه‌سه‌ت راگه‌هێنراوه و دیله‌كانیان گۆڕیوه‌ته‌وه و هه‌تا ئاستێک گه‌یشتوونه‌ته رێككه‌وتن. ئه‌م رێككه‌وتنه به‌مانای ئه‌وه‌بوو كه په‌ده‌كه له‌ئاستی په‌كه‌كه چاو به سیاسه‌تی خۆی ده‌خشێنێته‌وه.

سه‌ری ساڵێكی نوێ له‌به‌رده‌م ده‌رگابوو، له سه‌ده‌یه‌كی نوێدا، توانیبوویان خۆیان له پیلانه قێزه‌وه‌نه‌كه‌ی ده‌لیل پۆرسپی رزگاربكه‌ن كه به‌ره‌و ته‌سلیمبوونه‌وه‌یانی ده‌برد، به ته‌سلیمنه‌بوونیان و سووربونیان له‌سه‌ر داخوازییه‌كانی خۆیان و به‌رده‌وام پێدانی تێكۆشانیان توانیان واله به‌ڕێوبه‌رایه‌تی زیندانه‌كه بكه‌ن له ئاستیاندا هه‌نگاو بۆدواوه بنێن. ئه‌گه‌رچی ئاگاداری ئه‌وه‌یش نه‌بوبێتن كه له زیندانه‌كانی تر و له زیندانه‌كانی توركیایش چالاكی ده‌ستپێكراوه، به‌ڵام ئه‌مانیش له‌هه‌مان كاتی ئه‌واندا ده‌ستیان كردبوو به ئه‌نجامدانی چالاكی. به‌هۆی هاتنی زیندانییانی تازه‌وه بۆ زیندانه‌كه، ژیانیان كه‌مێک گۆڕابوو، ده‌یانتوانی له‌ڕێگه‌ی ئه‌و هه‌واڵانه‌ی ده‌هاتن بۆناو قاوشه‌كه كه‌مێكیش بێت ئاگاداری گۆڕانكارییه‌كانی دونیای ده‌ره‌وه ببن. گه‌ریلاكانی بزووتنه‌وه‌كه‌یان، توانیبوویان له‌رێگه‌ی به‌رخۆدان و خۆڕاگری و قاره‌مانێتییانه‌وه، له‌هه‌مبه‌ر هێزه‌كانی یه‌نه‌كه، له باشور بوونی هێزی خۆیان بسه‌لمێنن. هه‌موو ئه‌م گۆڕانكارییانه، ببوونه هۆكار كه به مۆڕاڵی به‌رز و به ئومێد و به جۆشوخرۆشییه‌وه پێشوازی له ساڵی نوێ بكه‌ن، به‌ڵام هه‌موو ئه‌مانه مانای ئه‌وه‌یان نه‌ده‌به‌خشی نیگه‌رانییه‌كانیان بڕه‌وێته‌وه. هه‌روه‌كو چۆن نه‌ده‌زانرا چه‌ندێكی تر لێره ده‌مێننه‌وه، له‌هه‌مانكاتیشدا نه‌یانده‌زانی ده‌توانن چه‌ندێكی تر به‌رگه بگرن، هه‌موو ساڵێک ژماره‌یان كه‌م ده‌بووه‌وه. به‌جه‌سته لاواز و بێ حه‌وسه‌ڵه بوون، له‌به‌رئه‌وه‌ی ئامرازێكیان نه‌بوو گه‌شه به هزری سیاسی خۆیان بده‌ن، به مه‌عنه‌وی ناڕه‌حه‌تییان بۆده‌رست ببوو. ماوه‌یه‌ک له‌مه‌وبه‌ر ره‌شه‌بایه‌ک هه‌ڵیكرد كه له‌وانه‌بوو ئازادییان بكات، به‌ڵام ئێستا ئه‌و ره‌شه‌بایه ئاسه‌واری نه‌مابوو. سه‌ره‌ڕای هه‌موو شتێک، گۆڕانكارییه سیاسییه‌كان ئه‌وه‌یان نیشانده‌دا له‌وانه‌یه ببێته هۆكار له‌سایه‌یدا ئازاد بن. له‌ناویاندا هه‌بوو ده‌یوت ئه‌گه‌ر به‌مشێوه‌یه‌بێت له‌وانه‌یه له ساڵی ٢٠١٠ ئازاد ببین، هه‌رچۆنێک بێت ئێره رۆژهه‌ڵاتی ناوینه، له‌هه‌رحاڵه‌تێكوو له‌یه‌ک شه‌ودا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەموو گۆڕانکارییەکان سەروبندەبن، لەحاڵەتێکی ئاوادا بزووتنەوەکەیان ڕێگەچارەیەکی دەدۆزییەوە و دەهاتن و ئازادیانیان دەکردن، بەتایبەتی ئەم زیندانییانە دەبوایە بەیداغی شۆڕش و خۆڕاگری و تێکۆشانیان دانەواندایە.
ئەمە ئاواتی منیش بوو، هەموو دیوارێک حەزدەکات بە سێبەری تێکۆشانەوە یادیبکرێتەوە، نەک بە سێبەری زوڵم و زۆرداری، تەنها و تەنها کەسانی شۆڕشگێڕ لەمانەی ئەم قسانە تێدەگەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٢٦

# جارێکی تر چالاکی

ساڵی ٢٠٠١ ئەگەر بەراوردت بکردایە لەگەڵ ساڵەکانی تر ساڵێکی سادەتر بوو. قاوشی ژمارە ٥، بەهۆی هاتنی زیندانییانی تازەوە، لەنێوان خۆیاندا کۆڕی قسەکردن و گەنگەشەیان گەرم بوو، هەروەها یاری دۆمینە و شەترەنجیان دەکرد و هەندێکجاریش گۆرانیان دەوت و نیدامەیان بە ژیانی خۆیاندەدا. دوای شەڕوپێکدادانی نێوان یەنەکە و پەکەکە و ئەگەرچی کەمیش بوبێت نەرمبوونەوەی سیاسەتی پەدەکە لەئاستی زیندانییانی ناکرێ روویدا، لێ سەرەڕای ئەمەیش قایمەقامی ناکرێ بۆ پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆز سەردانی زیندانەکەی نەکرد و ئەمجارەیشیان جودی ئەم مەسەلەیەی وەبیر کەمال هێنایەوە. کەدەڵێم سیاسەتی پەدەکە لە ئاستی زیندانییەکان نەرم ببووەوە، بەهەڵە تێمەگەن کە مەبەستم ئەوەبێت دەستبەرداری بە تەسلیمکردنی زیندانییەکان بووبێتن. بەگوێرەی ڕێنماییەکانی بەرپرسیارانی کەمپی زاوێتە هەڵسوکەوت دەکرا، یەکێک لە ڕووداوەکان کە ئەم ساڵ هاتەئاراوە، لە مانگی هاوینی ساڵی ٢٠٠١ هاتنی گرووپێک بوو لە کەمپی زاوێتە.

ئەمجارەیان لەناو گرووپەکەی کەمپی زاوێتە عەزیز وەیسیشی تێدابوو، ئەوەی دەیانناسی دەیانزانی عەزیز وەیسی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ چووبووە ناو ریزەکانی پەکەکەوە و کوردێکی خەڵکی بادینان بوو، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەناو گەریلا دەمێنێتەوە، لەبارەی شەڕی گەریلاوە ئەزموونێکی باش بەدەست دەخات، دوای ئەوەی لەناو پەکەکە هەڵدێت، ئەم هەموو ئەزموونە دژ بە پەکەکە بەکار دەهێنێت. ئەم ئەزموون و سووربوونەی دژایەتیکردنی لەهەمبەر پەکەکە، وای لە نێچیرڤان بارزانی کردبوو هەموو دەسەڵاتێکی بداتێ و ئەوەی لەدەستی دێت بەرامبەر بە چالاکییەکانی پەکەکە بیکات و لەمبارەییشەوە دەسەڵاتی موتڵەقیان پێدابوو. پەدەکە بۆئەوەی دژ بە گەریلاکانی پەکەکە هێزی کۆنتراگەریلا درووستبکات، لە زاوێتە بە فەرماندارێتی عەزیز وەیسی ئەم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەمپەیان دروستکردبوو، بۆ مەشقپێکردنی ئەوانەی دەبنە کۆنترا گەریلا و کۆکردنەوەی ئەوانەیشی کەلەناو پەکەکە هەڵدێن، هەر ئەم عەزیز وەیسییەش لەبارەی رەوش و شێوازی تەسلیمبوونی زیندانییانی پەکەکە بەرنامەرێژی دەکرد. دوای شەڕی کەنداو و هاتنی هێزی نێودەوڵەتی و دروستکردنی هێڵی ٣٦و دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی و پێکهێنانی هێزی تایبەت و هیزی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا، پەدەکە ئەم عەزیز وەیسییەیان کرد بە ژەنراڵی ئەو هەموو هێزە.

گرووپی کەمپی زاوێتە، پێشوتر هەواڵیان پێگەیشتبوو، ٦ زیندانی تەسلیم بوونە و لە قاوشی ژمارە ٥وە براون بۆ قاوشی ژمارە٦. هەرکە گەیشتن بانگی ئەوانیان کرد، عەزیز وەیسی لەگەڵ یەک بەیەکیان قسەی کرد، دوای ئەمان بانگی زیندانییانی پەکەکەیان کرد لە قاوشی ژمارە ٥، لەم دیدارەدا عەزیز وەیسی نەیویستبوو قسە لەگەڵ زیندانییانی پەکەکە بکات، لەشوێن ئەو، ئەو گەریلایانەی لەناو پەکەکە هەڵاتبوون و ببوون بە کۆنترا گەریلا، کە پێکهاتبوون لە کاوە، دژوار و سینان، ئەوان چاویان بە زیندانییانی پەکەکە کەوتبوو. بانگی یەک بەیەکیان کرد بۆ شوێنی بەڕێوبەرایەتی و لەوێشەوە دەبران بۆ ئەو ژوورەی کە بۆئەم مەبەستە تەرخان کرابوو. هەروەکو پیشەی هەموو جارێکیان جارێکی تر بە زیندانییانی پەکەکەیان وتبوو پەکەکە کۆتایی پێهاتووە و ئەگەر دەیانەوێت خزمەت بە دۆزی کورد و کوردستان بکەن دەبێت بێنە ناو ریزەکانی پەدەکەوە و پەدەکەیش بۆ ئەم مەبەستە هەموو شتێکی بۆدەستەبەر کردوون و دەیکاتیش، دوا رستەیشیان بەم شێوەیە بووە (ئەوە ناهێنێت هەموو تەمەنی خۆتان لەم زیندانە بەسەرببەن).

نۆبە هاتبووە سەر دەنیز، کە بردیانە ژوورەکەوە چاوی بە کاوە و سینان کەوت، پێشوتر دەیانیناسی. دەنیز دەیزانی سینان لەناو ریزەکانی گەریلادا هەڵاتووە، بەڵام لەبارەی کاوە ئەمەی نەدەزانی، کە چاوی بە کاوە کەوت ئینجا بۆی دەرکەوت ئەویش لەناو ریزەکانی گەریلا هەڵاتووە، هەرسێکیان دەنیز، کاوە و سینان لەساڵی ١٩٩٦ لە شام بەشداری خوولی پەروەردەی رێبەر ئاپۆ ببوون، دوای ئەوەی دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان و دەبن بە گەریلا، دوای ٧مانگ سینان هەڵدێت و خۆی رادەستی پەدەکە دەکات و دەبێت بە کۆنترا گەریلا، سینان دوای ئەوەی دەنیز دەبینێت، دەشڵەژێت و نازانێت چیبکات و دوای ئەوەی چاکوچۆنی لەگەڵ دەنیز دەکات، ژوورەکە جێدەهێڵێت، لە ژوورەکەدا تەنها دەنیز

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و کاوه دەمێننەوە، کاوە بە دەنیزی وت (سڵاو، نەمدەزانی تۆ لێرەیت، کەی دیل گیرایت؟)، دەنیز لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، لە کاوەی دەڕوانی، لە دڵی خۆیدا دەیوت (ئەرێ تۆ کەی تووشی ئەم حاڵە هاتیت؟!)، دەنیز پێیوت (منیش نەمزانیبوو لەناو ریزەکانی گەریلا هەڵاتویت و بوویتە بە کۆنترا گەریلای یەدەکە)، کاوە پێیدەڵێت لە مانگی کانوونی یەکەم لەساڵی ١٩٩٧ تەسلیمبوومەتەوە.

دەنیز بە ووردی لە کاوەی دەڕوانی، کاوە قومێکیدا لە چایەکەی بەردەمی و پاشان پاکەتە جگەرەکەی هەڵگرت و جگەرەیەکی بۆ دەنیز درێژ کرد، دەنیزیش پێیوت کە نایکێشێت و کاوەیش جگەرەیەکی داگیرساند. کاوە تەماشای دەنیزی کرد و دەستی بە قسەکردن کردو ووتی (من ئەو فەرمانانە جێبەجێ دەکەم کە پێیانداوم)، کاوە دەیزانی ئەمجۆرە قارەمانانە دەستبەرداری تێکۆشان نابن و هەربۆیە لەمبارەیەوە پێداگری نەکرد، تەنانەت رێزی بۆ تێکۆشانیش هەبوو، کەزانی دەنیز قسەناکات، لەبارەی چیرۆکەکەی خۆیەوە قسەیکرد، کەچۆن بەدیلی کەوتووەتە دەستی یەدەکە. بەگوێرەی قسەکانی کاوەبێت، لە ساڵی ١٩٩٧ لە گۆرەپانی سەرۆکایەتییەوە دەیانەوێت بێن بۆ باشوری کوردستان کە ژمارەیان ٢٠بۆ٣٠ گەریلایەک دەبن، لە شەوێکی مانگی کانونی یەکەم، دەیانەوێت لە ئاوی دیجلە بپەڕێنەوە، بەڵام دەکەونە بۆسەوە، بۆنەوەی ئەبوبەکر رزگار بکەن کە ئەندام سەرکردایەتی یەکەکەیە شەڕ دەکەن، دوای ئەوەی ئەبوبەکر و چەند گەریلایەک رزگاریان دەبێت، ئەوانەی دەمێننەوە، چەند کەسێکیان لێ شەهید دەبێت و ئەوانی تر تەسلیمی پێشمەرگەکانی یەدەکە دەبن، کاوەیش یەکێک بووە لەو دیلانەی کەبە برینداری گیراوە، چەندین رۆژ بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت لە خەستەخانە ماوەتەوە، کە هۆشی دێتەوەسەرخۆی، داوای تەسلیمییەتی لێدەکەن، کە ئەمە قەبوڵ ناکات، دەیبەن بۆ زیندانییەک لە دهۆک، رۆژێکیان پێشمەرگەکان کاغەزی بۆدێنن کە وەک بەڵگەی کۆبوونەوەی پێشوتریان وابووە گوایە پیلانرێژیان کردووە، گوایە راپۆرتێکیان هی ئەبوبەکرە، تێیدا بۆ سەرۆک ئاپۆی نوسیوە، ئەو شەوە خۆی و چەند گەریلایەک شەڕیان کردووە و خۆیان رزگار کردووە، بەڵام ئەوانی تر خۆیان رادەست بە یەدەکە کردووە، ئەبوبەکر لە راپۆرتەکەیدا دەیەوێت بە یەکەکە بڵێت کە ئەو گروپە بەم تەسلیمبوونەیان خیانەتیان لە یەکەکە کردووە، بەگوێرەی کاوە ئەگەر ئەم مەسەلەیە نەبوایە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەرگیزا و هەرگیز خیانەتی لە سەرۆک ئاپۆ و لە پەکەکە نەدەکرد، لەبەرئەوەی دڵی شکاوە بۆیە وازی هێناوە، گوایە ئێستا بە ژیانی خۆی بەختەوەر نییە، دەنیز بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت تەنها گوێی بۆگرتبوو، دەنیز بیریکردبووە پێیبڵێت (وازلەوە بهێنە بەهانە بۆخۆت بخوڵقێنێت و رەوایی بەم خیانەتت بدەیت و خۆت هەڵمەخەڵەتێنە)، دەنیز بیری کردەوە قسەکردن لە گەڵ کەسێکی کۆنتراگەریلا هیچ سوودێکی نابێت، هەربۆیە هیچی پێنەوت.

کاوە وتی: (ئەو ئوزگورەت ناسی کە چووە دەرەوە؟)، دەنیز وتی: (بەڵێ من وەک سینان دەیناسم، لە هاوینی ساڵی ١٩٩٧ لەناومان هەڵات، کەواتە ناوە راستەقینەکەی ئوزگورە؟)، (بەڵێ، ئێستا لەبەشی هەواڵگری کاردەکات، پێشوتر لێرە کچە گەریلایەک هەبووە و تێکۆشاوە، ناوی رەیحان بوو، ئەوکاتەی برا بۆ دهۆک ئوزگور قسەی لەگەڵکرد، ئەویش دەستبەرداری تێکۆشان بوو، لە دەرەوەی پەکەکەیش یەکتریان ناسیوە، دوایش هاوسەرگەرییان کرد، منداڵیشیان هەیە)، (ئەی شوێنی کاری تۆ کوێیە؟)، (من فەرماندەی کەرتم)، (ئەگەر هیچی ترت نییە دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ قاوشەکە)، (نەخێر هیچی ترم نییە، سەرکەوتن).

جگە لە ئیسلام، چاویان بە هەموو زیندانییەکانی پەکەکە کەوت، بۆچی بانگی ئیسلامیان نەکرد، پێیانوابوو ئیسلام کێشەی دەروونی هەیە و کەسێکی شێتە. دەنیز لەهەموویان زیاتر لە ژوورەکە مابووەوە، دەنیز وتبووی لەناو گرووپی زاوێتە سینان و کاوە دەناسێت، دەنیز لەبارەی سینانەوە دەیوت خەڵکی شاری ئامەدە و پێشووتر مامۆستا بووە و لە ساڵی ١٩٩٥بووە بە گەریلا، بەڵام کاوەیان خەڵکی شاری موشە و لە ساڵی ١٩٩٢ بووە بە گەریلا و هەر بە هەرزەکاری بەشداری ناو ریزەکانی گەریلا بووە، لە هەرێمەکانی دەرسیم، ئامەد، موش و بۆتان گەریلایەتی کردووە، ماوەی ساڵێکیش لە رۆژئاوای کوردستان لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی ماوەتەوە و خوولەکانی پەروەردەی بینیوە. دەنیز لەهەمان خوولی پەروەردە لەوێ بووە، تەنانەت سینان مەشقی سەربازی بۆ بەکارهێنانی موشەکیشی بینیوە. شاهین لەبارەی قسەکەی کاوە کە وتبووی (بەحاڵی خۆم بەختەوەر نیم)، دەیوت (هەرمرۆڤێک لەئاستی خۆیدا راستگۆ نەبێت، هیچ کاتێک بەختەوەر نابێت)، بەگشتی پێیانوابوو کاوە ئەبوبەکری کردووە بە بەهانە بۆخۆی، شاهین دەیوت (لەجیاتی ئەوەی کاوە بیوتایە بۆچی ئەم راپۆرتانە نیشانەی من

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەدەن، کەچی دەڵێت دڵم شکا)، گوایە ئەم مەسەلەیە بەوشێوەیەی لێنەهاتایە بەدرێژایی تەمەنی تێدەکۆشا.

ئەو گرووپەی لە کەمپی زاوێتەوە هاتبوون، ئەوەی نیازیان بوو لە قاوشی ژمارە ٥ بەدەستیان نەهێنا بوو، دوای قاوشی ژمارە ٥، چاویانی بە زیندانییەکانی قاوشی ژمارە٦ کەوتبوو کە پێکهاتبوون لە دەلیل پۆرسپی، جەمال، سەیفی، عومەر، چەلێ، رەفعەت، چەکدار، سەبری، کامەران، پڵنگ چەلێ، سەعدون چەلێ، دەلیلە رەش و ئازاد، هەموویانیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو بۆ کەمپی زاوێتە. زۆرینەیان سەری خۆیان شۆڕکردبوو کە سواری ماشێنەکە ببوون، تەنها لەناویاندا دەلیل پۆرسپی بەختەوەر بوو، ئەگەر شەرمی نەکردایە لەوانەبوو لە خۆشیاندا سەرچۆپی بگرتایە، بێشک ئەم سەرچۆپییەیشی بۆیە دەگرت تاکو داخ بکاتە دڵی زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥وە.

لەبارەی کەمپی زاوێتە و ئەوانەی دەبران بۆ ئەو کەمپە، ئەنوەر شاکر خاوەن زانیارییەکی زۆربوو، کەسوکارەکەی بەردەوام لەبارەی گۆڕانکارییەکان و رووداوەکانەوە زانیاریان بۆدەهێنا، ئەویش ئەم زانیارییانەی دەدا بە زیندانییەکانی پەکەکە و لەبارەیەوە گەنگەشەیان دەکرد. ئەنوەر شاکر پێیوابوو بۆچی لەبارەی گۆڕانکارییەکانەوە زیندانییانی پەکەکە نەزانن و دوای هەڵسەنگاندنیان بۆ مەسەلەکان، ئینجا بیروبۆچی خۆی دەهێنایە زمان و دەیویست نیشانی بدات کە هەڵسەنگاندنەکانی ئەو لەوانەی ئەوانیتر بەجێتر و سەنگینترە. لەرێگەی زانیاریدان لەبارەی رووداوەکانەوە بە زیندانییانی پەکەکە، دەیویست بیسەلمێنێت کە چەندێک بەرامبەر بە پەدەکە داخ لەدڵە و هەستیاریشە بەرامبەر بە پەکەکە. تەنها زیندانییانی پەکەکە لە زیندانەکە گەنگەشەی سیاسییان دەکرد و ئەویش دەیویست سوود لە بیروبۆچونە جیاوازەکانیان بگرێت.

بەگوێرەی زانیاری ئەنوەر شاکر پەدەکە گۆڕانکاری بەسەر کەمپی زاوێتە دەهێنێت، بەگوێرەی ئەنوەر شاکر پەدەکە دەیەوێت ئەوێ بکات بە گۆڕەپانی مەشق و راهێنان و هێزێکی تۆکمەی پێشمەرگەی لێدابمەزرێنێت، زیاتر پێشمەرگەکانی خۆیانیانی لێجێگیر دەکرد، پەدەکە وایلێهاتبوو ئیتر سودێکی ئەوتۆی لەو گەریلایانە نەدەبینی کەلەناو پەکەکە هەڵدەهاتن، هەرچۆنێک بێت لەحاڵی حازردا لەگەڵ پەکەکەدا لەشەڕدا نەبوون. پێشوتر ئەوانەی لەناو پەکەکە هەڵدەهاتن و پەدەکە دەیگرتنەخۆی و داڵدەی دەدان، زۆرجار کاری خراپ و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناشیاویان دەکرد و ئەمەیش دەبوو بە بەڵا بۆ پەدەکە، هەربۆیە ئێستا دەیانەوێت کەسانی شیاو هەڵبژێرن، لێرە بەدواوە کەسانی سادەیان نەدەویست، ئێستا کەسانی فەرماندە و ئەوانەی دەسترەنگینن و دەتوانن شتی باشیان لەدەستبێت ئەوانە لەخۆ دەگرن و بەکاریان دەهێنن و ئەوانەیشی تایبەتمەندییان نەبوو لەخۆیانیان دوور دەخستەوە، تەنانەت خەڵکی تەسلیمبوویان لە کەمپی زاوێتەیش دەرکردبوو. ئەو تەسلیمبووانەی دواجار بردبویانن بۆ زاوێتە بەکەڵکی ئەوان نەهاتبوو، هەربۆیە ئازادیانیان کردبوو، خۆیان چیدەکەن بابیکەن، ئەوکاتەی رژێمی سوریا لێبوردنی گشتی دەرکرد، دەلیل پۆرسپی، جەمال، عومەر، سەیفی و رەفعەت گەڕابوونەوە بۆ سوریا بۆلای کەسوکاریان، عومەر و رەفعەت لەبەرئەوەی سەربازی هەڵاتوبوون، هەردوکیانیان بردبوو بۆ سەربازی. ئەوانەیشی خەڵکی تورکیا بوون نەیاندەتوانی بچن بۆ تورکیا، نە شیانتوانیبوو بچن بۆ سوریا، ئەوانەی کەسوکاریان لە ئەوروپا هەبوو، بەهەوڵ و یارمەتی کەسوکاریان خۆیانگەیاندە ئەوروپا، ئەوانەیشی نەیانتوانی بچنە ئەوروپا لە باشوری کوردستان دەستیان کرد بە کاری بیناسازی و کرێکاری رۆژانە و بژێوی ژیانی خۆیان پەیدادەکرد. پڵنگ چەلێ لە باشوری کوردستان چوبووە لای کەسوکارەکەی و تەنانەت هاوسەرگیریشی کردبوو.

زیندانییەکان زیاد لەوەی لەبارەی بەرەڵاکردنی تەسلیمبووەکانەوە لەلایەن پەدەکەوە گەنگەشە بکەن، بەڵام زیاتر گەنگەشەی خواستی دروستکردنی سوپایەکی مەرکەزی لەلایەن پەدەکەوە دەکرد. پێیانوابوو پەدەکە بۆ دروستکردنی دەوڵەت گوایە ئامادەباشی دەکات، بێشک ئەم ئامادەباشیانە بەبێ خەیاڵی بوون بە سەرۆکی گەلی کورد لەلایەن مەسعود بارزانییە نەدەهاتەدی. ئایا دەکرا ئەمە رووبدات؟، ئەم مژارەیان لەگەڵ ئەنوەر شاکر باسکرد. ئەم بیرۆکەیەیان بەراست نەدەبینی، بەڵام ئەنوەر شاکر پێیوابوو، بەهۆی ئەم خواستەوە لەوانەیە پەدەکە لە شەڕکردن لەگەڵ حزبەکانی تر خۆی دوورەپەرێز بگرێت.

هەرئەو رۆژانە، قاسم سیندیان لە قاوشی ژمارە ٥ برد و ئیتر نەگەڕایەوە کە پێشوتر باسی سەرگوزەشتەکەیم کردبوو، مەحمود پێیوابوو ئەگەر چی شێوازی کارکردنی پەدەکەیش بگۆڕدرێت، بەڵام نەریت و کەسایەتییان ناگۆڕدرێت، لەسەر ئەم قسەیەی قسەیەکی مام خدری بە نمونە هێنایەوە کە وتبوی (ماری رەش، سپی نابێتەوە).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گۆڕانکارییەکانی قاوشی ژمارە ٥ ببوو بە سەرچاوەی پارە پەیداکردنی محەمەد ئەمین سورچی، ژیانی قاوشی ژمارە ٥ لەچاو ژیانی قاوشەکانی تر کەمێک مرۆڤانە بوو، دەتوانرێت بوترێت سیستەمێکی ژیان و دسپلینی تێدابوو. بەتایبەتی موراقیبەکان ببوون بە بەڵا بۆ قاوشەکانی تر، موراقیبەکان پارەی زیندانییەکانی قاوشەکانی تریان دەخوارد و ئەوانەی دژ بەمە دەبوونەوە بیانویەکیان بۆ دەدۆزینەوە و دەیانبرد دارکارییان دەکردن و جوێنیان پێدەدان و تەعدایان لێدەکردن. هەندێک لە موراقیبەکان بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتی ببوون بە بەڵای سەر زیندانییەکان. هەندێک لە زیندانییەکان کە تەحەمولی ئەم رەوشەیان نەدەکرد، لە رێگەی کەسوکاریانەوە واسیتەیان دەکرد و بەرتیلیان دەدا بە محەمەد ئەمین سورچی تاکو بیانبەن بۆ قاوشی ژمارە ٥، بەگوێرەی رێککەوتنی نێوان زیندانییانی قاوشی٥ و محەمەد ئەمین سورچی هەر ١٥ کەسیان دەبرد بۆ قاوشی ژمارە ٥، هەربۆیە نەیاندەتوانی کەسی تر بەرن بۆ قاوشی ژمارە ٥، بەڵام محەمەد ئەمین سورچی کە چاوی بە پارە کەوتبوو، وەکو ئەوەی لێهاتبوو کە رێککەوتنەکەی لەبیرچوبێتەوە، لەناکاو ژمارەی زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ گەیشتە ٤٠کەس، هەرچەندە مەحمود و دەنیز چاویان بە محەمەد ئەمین سورچی کەوتو رێککەوتنەکەی نێوانیان وەبیرهێنایەوە و داوایانلێکرد ژمارەی زیندانییەکان کەمبکاتەوە، بەڵام محەمەد ئەمین سورچی لەناستی قسەکانیاندا خۆی لە گێلیدا. محەمەد ئەمین سورچی زۆری ژمارەی زیندانییانی قاوشەکانی تری بە بەهانە دەهێنایەوە و لەمبارەیەوە دەیوت (بنەماڵە هەیە هاتوون و تکایان لێکردووین، ئێمەیش ناتوانین دەست بنێین بە روویانەوە).لەسەر ئەم رەوشە هەر٧ زیندانییەکانی یەکەکە کۆبونەوەیەکی خێرایان بەست و بڕیارەیاندا دەست بکەن بە چالاکی مانگرتن، بەگوێرەی بڕیارەکەیان سبەی کە رۆژ دەبێتەوە و زیندانییەکان دەبەنە دەرەوە بۆ پێداویستی سەرئاو، ئەمان دەرناچن، ئەوکاتەی هەموو زیندانییەکان دەچنە دەرەوە، ئەمانیش لە ژوورەوە دەرگاکە دادەخەن و پێیاندەڵێن هەتا داخوازییەکەمان جێبەجێ نەکرێت دەرگاکە ناکەینەوە.

سبەی کە زیندانییەکان دەیانویست لە قاوشەکە بێنە دەرەوە، هەر٧ زیندانییەکەی یەکەکە لە پشتی زیندانییەکان راوەستان، خەلیل گومانی لە کۆبونەوەکەیان ببوو، لەبەرئەوەی رێزی لێدەگرتن لەمبارەیەوە هیچ پرسیارێکی لێنەکردبوون، کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەیانی جموجۆڵە نامۆکەیان دەبینیت زیاتر دەکەوێتە گومانەوە و بۆیدەردەکەوێت کە بەنیازی چالاکین، سەرەڕای ئەوەی خەلیل چوبووە دەرەوەیش، بەڵام گەڕایەوە بۆناو قاوشەکە.

خەلیل بە زمانێکی پڕ لە ڕێز پێیوتن (هەڤاڵان، لەوەدەچێت چالاکی بکەن، ئەگەر ئەمەدەکەن منیش لەگەڵتاندا چالاکی ئەنجام دەدەم، چونکە منیش هەڤاڵی ئێوەم)، جودیش زۆر بە کاوەخۆ پێیوت (هەڤاڵ خەلیل ڕاستە چالاکی ئەنجام دەدەین، بەڵام ناتوانین بەشداری بەتۆیش بکەین، چونکە بەهۆی ئەم چالاکییەوە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دەتکەنە ئامانج، لەوانەیە مەنفات بکەن، یاخود شتێکی ترت لێدەکەن، ئێمە ناتوانین بەرپرسیارێتی ئەمە بکەینە ئەستۆ)، لەوەنەدەچوو خەلیل قەناعەت بهێنێت، خەلیل وتی: (من نامەوێت ئێوە بەرپرسیارێتی من لە ئەستۆی خۆتان بگرن، پەدەکە چیملێدەکات بابیکات، من خۆم بەرپرسیارێتی خۆم لەشان دەگرم، لێشیان ناترسم، هەرچییەک دەبێت بابێت لەگەڵتانم، بەتەنها جێتان ناهێڵم)، لەئاستی ئەم بە بڕیاربوونە جودی دڵی پڕبوو، نەیتوانی وەڵامی بداتەوە، ئەمجارەیان مەحمود وتی: (هەڤاڵ خەلیل) کە ئەمەی وت دەنگی پڕبوو لە میهرەبانی و هاوسۆزی، بە کورتی پێیوت کە زۆر.. زۆر گرنگە بڕیارێکی واتداوە کە لەگەڵماندا بەشداری چالاکی بکەیت و ئەمە زۆر واتادارە و ناتەوێت بەتەنیا جێمان بهێڵیت، ئەگەر بڕیاری چالاکییەکی گەورە و جدیتر بدرێت بێشک خۆشحاڵ دەبین کە ئەویش بەشداری تێدابکات، بەڵام نایانەوێت بۆچالاکییەکی بەو شێوە بچوکە بیخەنە ناو مەترسییەوە. تەنها دوا ئومێدیان دەنیز بوو کە وەڵامێکی قسەکانی خەلیل بداتەوە، قسەکانی و سوربونەکەی خەلیل لەسەربەشداربوونی کاریگەری لە دەنیز کردبوو، لەهەمانکاتدا دەنیز بیری لەو هەڤاڵە کۆنانەی دەکردەوە کە پشتی تێکردن و بەتەنیا جێیانیان هێشتبوون، مرۆڤ بوونەوەرێکی پڕ لە سەیروسەمەرەیە، پێتوایە کەسێک کە هەرگیز پشتت تێناکات، کەچی بە چرکەیەک دەتفرۆشێت و پشتت تێدەکات، کەچی کەسێک کە ئومێدت پێنییە، بڕیاردەدات کە هەرگیز پشتت تێنەکات و نەتفرۆشێت، دەنیز دەیویست لەگەڵ کەسانی چەشنی خەلیل چالاکی ئەنجام بدات، بەڵام دەنیز بیریکردەوە لەوانەیە پەدەکە مەنفایان بکات، دەنیز و هەڤاڵەکانی شتێکی زۆریان لە مێشکدابوو کە بیدەن بە خەلیل و براکانی، هەربۆیە پێویستبوو بیانپارێزن، دەنیزیش هەروەکو مەحمود و جودی وتی: (هەڤاڵ خەلیل دەبێت لێمانتێبگەیت و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لێمان حاڵی ببیت)، دەنیز دەیزانی پەدەکە هیچ لە خۆی و هەڤاڵەکانی ناکەن، بەڵام بە خەلیلی وت کە هەمووشتێکیان لەهەمبەر دەکەن و ئەمانیش ناتوانن بیانپارێزن و بەرگرییان لێبکەن، وەکو هەڤاڵێک تکایان لێکرد کە بەشدارییان نەکات، ئەگەرچی خەلیل قەناعەتیشی نەکردبێت، بەڵام لە قاوشەکە چووە دەرەوە.

دوای ئەوەی خەلیل لە قاوشەکە چووە دەرەوە، دەرگاکەیان داخست و جلیکانەی ئاوەکانیان خستە پشت دەرگاکەوە، کەمال دەسکی گسکێکی هەڵگرت و لەپەنای پەنجەرەکە راوەستا، ٧لە زیندانییانی پەکەکە نەچوونە دەرەوە، ئەمەیش لەلایەن پێشمەرگەکانەوە درکی پێکرا، بەخێرایی چوون بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی و هەواڵەکەیان پێڕاگەیاندن، دوای ١٠خولەک مولازم ناشور هاتە بەردەم پەنجەرەی قاوشی ژمارە ٥، پێیوتن (خێرە هاوڕێیان، کێشەتان چییە؟)، (بەڵێ کێشە هەیە)، (کێشەتان چییە؟)، (بەگوێرەی رێککەوتنی نێوانمان١٥ زیندانی دەهێنن بۆ قاوشەکە، دوایش محەمەد ئەمین سورچی تکای کرد کە چەند کەسێکی تریش وەربگرین، ئێمەیش دەستمان بە روویەوە نەناو قەبوڵمانکرد، بەڵام ئێستا ژمارەمان گەیشتووەتە٣٧ زیندانی، شوێنی دانیشتنمان نییە)، (زۆرباشە، بەڵام دەبێت بزانن ژمارەی زیندانییانی قاوشەکانی تر دووقاتی ئەوەی ئێوەیە، باشترین و فراوانترین قاوش، قاوشی ئێوەیە)، (پەیوەندی بە ئێمەوە نییە قاوشەکانی تر چۆنن، ئەوە کێشەی ئەوان و ئێوەیە، دەمانەوێت ژمارەی زیندانییەکان لە قاوشەکەمان کەم بکەنەوە، بە پێچەوانەوە دەرگاکە ناکەینەوە و دەبێت لە دەرەوە بمێننەوە)، (هاوڕێیان چۆن شتیوادەبێت، دەباشە سەرەتا بیانخەنە ژوورەوە دوایی لەمبارەیەوە قسە دەکەین)، (دەبێت، دەبێ، بۆ شتیوانابێت؟، کەسیان ناکەینە ژوورەوە).

کاتێک ئەم دیالۆگە بەردەوام بوو، زیندانییەکان پێداویستییەکانی خۆیانیان تەواوکرد و هاتنە بەردەم قاوشەکە، زیندانییەکانی پەکەکە لە پەنجەرەکەوە بە زیندانییەکانی تریان وت کە ئەم چالاکییە دژ بە ئێوە نییە و باسی مەسەلەکەیان بۆکردن، زیندانییەکانیش دوای ئەم قسانە گەڕانەوە بۆ ساحەکە و کەوتنە چاوەڕوانی چارەسەری مەسەلەکە، هەرچەندە پێشمەرگەکانی ناو ساحەکە ناگایان لەم مەسەلەیە نەبوو، هاواریان بەسەر زیندانییەکان دەکرد (بچنەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قاوشەکانتان)، ئەوانیش وتیان (قاوشەکەیان داخستووە، ناتوانین بچینەوە ژوورەوە).
محەمەد ئەمین سورچی لە پەنجەرەکەی ژوورەکەیەوە لە مولازم ئاشور و زیندانییەکانی دەڕوانی، دوای ئەوەی دیالۆگی نێوان مولازم ئاشور و زیندانییەکان درێژەی خایاند، محەمەد ئەمین سورچی دانیشت، دوای ئەوەی مولازم ئاشور نەیتوانی قەناعەت بە زیندانییەکان بکات، گەڕایەوە بۆلای محەمەد ئەمین سورچی، محەمەد ئەمین سورچی بە مولازم ئاشوری وت دەنیز و مەحمودی بۆبهێنێت، مولازم ئاشور گەڕایەوە و مەسەلەکەی بۆباسکردن و دەنیز و مەحمودیش چوون بۆلای محەمەد ئەمین سورچی، محەمەد ئەمین بەشێوەیەک کەوتە قسەکردن کە بەسەر مەسەلەکەدا زاڵە، وتی: (ئێوە بۆچی جارێکی تر کێشە و سەرئێشەمان بۆدروست دەکەن، داوادەکەم زیندانییەکان بەرنەوە ناو قاوشەکە و دوایش ئەم مەسەلەیە لەنێوان خۆمان گەنگەشە دەکەین)، مەحمود بە شێوەیەکی سوربوو لەسەر چالاکییەکەی خۆیان وتی: (هەتا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت ناهێڵین کەس بێتە قاوشەکەوە)، ئەمجارەیان محەمەد ئەمین سورچی توڕەبوونی پێوەدیاربوو، وتی: (چاوەکەم تێنەگەیشتم، ئەرێ ئێوە بەرپرسی ئەم زیندانەن یان من؟، بەشێوەیەک رەفتاردەکەن وەکو ئەوەی بڵێیت ئێمە زیندانی بێتین و ئێوەیش بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، چیتان بوێت دەیسەپێنن، بڕیاری خۆتان بدەن، دەتانەوێت چەند کەس بگەڕێننەوە ناو قاوشەکە، بەمشێوەیە نابێت، بەسە ئیتر)، مەحمودیش وتی: (لەبارەی ژمارەی زیندانییانی قاوشەکە پێشوتر رێککەوتبووین، تکاتان کرد و ئەمەیشمان قەبوڵکرد و چەند کەسێکمان وەرگرت، ئێمە دەستماننەنا بەڕووتەوە بەڵام ئێوەیش ئەم نیەت باشییەی ئێمە دەقۆزنەوە)، قسەکانی ئەوەی (تکاتان کرد و قەبوڵمانکرد... نیەت باشیمان دەقۆزنەوە)، ئەم قسانە کاریگەرییان لە محەمەد ئەمین سورچیکردبوو، لەناکاو بە توڕەییەوە وتی: (ئەوە ئێوەن نیەت باشی دەقۆزنەوە، پەدەکە توانی لە هەموو شارەکان پەکەکە وەدەرنێت، کەچی ئێوە ئێستا قاوشی ژمارە٥تان کردووە بە نوێنەرایەتی و ئۆفیسی پەکەکە، ئێوە وەکو ئەوەی لە عێراق نوێنەرایەتی ئۆفیسی پەکەکە بکەن مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن و مەرج دادەنێن، وەک ئەوەی لێهاتووە ئێرەتان داگیرکردبێت، بەسە شەرمە، بەهۆی ئێوەوە خەریکە ئیعتیبارم نامێنێت، لەناو ناکرێ خەڵکی باسی ئەوە دەکات کە ئێوە ئەم زیندانەتان کۆنترۆڵ کردووە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خەڵکی دەڵێت گوایە ئێمە هیچتان لەگەڵ ناکەین و هەقمان نییە بەسەرتانەوە)، توڕەببوو، بەڵام لەهەمانکاتدا وەکو ئەوەوابوو کە قسە بۆ دەنیز و مەحمود نەکات و بۆ چواردەوری خۆی قسەبکات، دوایش وتی: (بیرلەمنیش بکەنەوە، نامەوێت لەگەڵتاندا کێشەم هەبێت، ئەمجارەیان لەبەرخاتری من کەمێک تەحەمول بکەن، لەڕاستیدا لە قاوشەکانی تر زیندانییەکان بەسەریەکدا کەڵەکە بوونە، بەم نزیکانە هەندێک کەس ئازاد دەکرێن، ئەوکاتە ژمارەی ئێوەیش کەم دەبێتەوە)، دەنیز پرسی (لەکوێ دەزانیت زیندانی ناو قاوشەکەی ئێمە ئازاد دەکرێن؟، کەی و کێ و بۆچی ئازاد دەکرێن؟)، ئەویش وتی: (مەسعود بارزانی لەمانگی رەمەزاندا لێبوردنێکی سنوردار دەردەکات، هەربۆیە دەڵێم دڵنیام کە لێرەیش کەسانێک هەن ئازاد بکرێن)، دەنیز وتی: (ئەی ئەگەر ئەم لێبوردنە شمولی قاوشی ئێمەی نەکرد و کەس ئازاد نەکرا؟)، (لەماوەی دوو رۆژدا ئەم مەسەلەیە یەکالا دەبێتەوە، ئەگەر لە قاوشەکەی ئێوە کەس ئازاد نەکرا، ئەوکاتە چەند کەسێک دەردەهێنین و دەیانبەین بۆ قاوشەکانی تر)، بۆئەوەی ئەم قسانە وەک پرۆتۆکۆڵێکی لێبێت، مەحمود وتی: (بەڵێن دەدەیت؟)، لەمبارەیەوە محەمەد ئەمین سورچی هەڵویستەی کرد، زیندانییەک لەهەمبەری ڤیتبووەتەوە و داوای بەڵێنێ لێدەکات، بەڵام دیاربوو بیری لەوەکردبووە کە رەوشەکە نەرم بکاتەوە هەربۆیە وتی: (زۆرباشە، بەڵێنێ شەرەفتان پێدەدەم، دەی بڕۆن هەمووکەس لە ئێمە دەڕوانێت، لەوە زیاتر ئیعتیبارم مەڕوشێنن، بڕۆن و زیندانییەکان بەرنەوە قاوشەکەتان).

مەحمود و دەنیز بە وەرگرتنی بەڵێنی محەمەد ئەمین سورچییەوە، لە ژوورەکە هاتنە دەرەوە و چوونە بەردەم قاوشی ژمارە٥و لەگەڵ خۆیاندا زیندانییەکانیشیان بردەوە قاوشەکە. کە چوونە قاوشەکە بۆ زیندانییەکان باسیان لە دیالۆگی خۆیان و محەمەد ئەمین سورچییانکرد، جارێکی تر چالاکییەکەیان ئەنجامی بەدەست خست، مەسەلەی لێبوردن لەناو قاوشەکە کاریگەری دروستکرد، ئەمە بووە مۆراڵێکی باش بۆ زیندانییەکان، هەموو زیندانییەکان هەرلە ئێستاوە ئەم مەسەلەیەیان لەناو خۆیاندا پیرۆز کرد.

لەبارەی لێبوردنەوە محەمەد ئەمین سورچی راستی کرد، دوای دوو رۆژ، مەسعود بارزانی بەهۆی جەژنی رەمەزانەوە لێبوردنێکی دەرکرد، لە زیندانی ناکرێ ٤٠کەس شمولی ئەم لێبوردنە کەوتن، لە قاوشی ژمارە ٥ تەنها دووکەس ئازاد کران، دوای ئەم ئازادکردنانە، محەمەد ئەمین سورچی هاتە بەردەم پەنجەرەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قاوشی ژماره ٥وه و وه‌کو ئه‌وه‌ی ئاگای لێنه‌بێت پرسی چه‌ند که‌س لێره ئازاد بووه؟، مه‌حمودیش وتی: (٢ که‌س ئازاد کراوه)، ئه‌ویش وتی: (زۆرباشه، ئه‌و به‌ڵێنه‌ی دابووم جێبه‌جێی ده‌که‌م، ٥ زیندانی ئێره ده‌به‌م بۆ قاوشی تر)، به‌مشێوه‌یه‌یش بێت هێشتا قسه‌کانی کورتیان هێنابوو، به‌ڵام بۆئه‌وه‌ی کێشه نه‌یه‌ته ئاراوه بۆ ئه‌وه‌ی مۆڕاڵیان بداتێ، محه‌مه‌د ئه‌مین سورچی وتی: (له‌وانه‌یه په‌ده‌که و په‌که‌که رێکبکه‌ون، له‌وانه‌یه به‌مزووانه ئێوه‌یش ئازاد بکه‌ین، خۆهه‌تا مردن لێره نامێننه‌وه، ماوه‌یه‌کی زۆریشه شه‌ڕوپێکدادانه‌کان راوه‌ستاون، بیستومه گوایه له نێوانیاندا دیالۆگیش هاتۆته ئاراوه)، که‌مال که‌سێکی که‌م دووبوو، به‌ڵام خۆی پێڕانه‌گیراو وتی: (هیچ مه‌راقتان نه‌بێت، ماوه‌ی ١٠ساڵی تر ئێمه لێره‌ین، هه‌روا به ئاسانی رێککه‌وتن نایه‌ته ئاراوه)، له‌دوای ئه‌م قسانه‌ی که‌مال، محه‌مه‌د ئه‌مین سورچی هیچینه‌وت و ئه‌وێی جێهێشت. دووان له زیندانییانی قاوشی ژماره ٥ ئازاد کرابوو، پێنجیشیان برد بۆ قاوشی تر، که‌وایه ژماره‌یان ئێستا بووه به ٣٠که‌س.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٢٧

# هاوار هەڵەبجەیی

چەند رۆژێک مابوو ساڵێکی تریش تێپەڕێت. ماوەیەک جودی سەرنجی خۆی خستووەتە سەر زیندانییەک، ئەم زیندانییە لە قاوشێکی تر دەمایەوە، زیندانییەکان لەبارەی زۆرینەی زیندانییەکانەوە زانیاریان هەبوو، بەڵام جودی تازە بەتازە ئەم دەبینێت و درکی پێنەکردبوو، یان لەبەرئەوەی ئەم ماوەیە جودی زۆر بەتەنیا ماوەتە هەربۆیە ئێستا درکی پێکردووە. شاهین کاتێکی زۆری خۆی لەگەڵ ئیسلامدا بەسەر دەبرد، دەنیز و مەحمود سەرقاڵی ئەوەبوون کەچۆن بتوانن نامەیەک بگەهێننە رێکخستنەکەیان لە دەرەوە، کەمالیش بەگشتی یاری شەترەنجی لەگەڵ زیندانییەکانی تر دەکرد، جودیش هەروەکو پیشەی هەمووجارێکی، خۆی گەیاندبووە بەردەم پەنجەرەکەوە و تەماشای دەرەوەی دەکرد و جگەرەی دەکێشا.

ئەو زیندانییە لە ساحەکە بوو، هەرکاتێک جودی ئەوی دەبینی لە دڵی خۆیدا دەیوت (باشە، ئێمەیان زیندانی کردووە، ئەی چۆن ئەمە زیندانی دەکەن، ئەم رەوشی زیندانە چۆن بەو کەسە رەوا دەبینن؟)، جودی بەنیازبوو ئەمرۆ ئەم زیندانییە نیشانی دەنیز و مەحمود بدات، جودی ئاوڕی دایەوە بینی دەنیز و مەحمود لە سوچێکی قاوشەکە لەگەڵ زیندانییەک بەناوی دێوالی قسە دەکەن، دێوالی خەڵکی دهۆک بوو.

دێوالی کاری قاچاخچێتی ئاسەواری دەکرد، کاتێک ویستوویەتی ئینجیلێکی زۆر کۆن بفرۆشێت دەستگیر کرابوو، ئەمجۆرە تاوانبارانە، بەبێ ئەوەی ببرێن بۆدادگا بەلای کەمەوە ماوەی٦مانگ زیندانی دەکران، ئەگەر ئەو پارەیەی لێیدەخوازرێت بیدات ئازاد دەکرێت. ئەو ئاسەوارەی پێیدەگیردرێت پاراستنی پەدەکە دەستیبەسەردا دەگرن، هەمان ئەم رەوشە بۆ ئەو کەسانەیش وابوو کە سەرقاڵی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بازرگانی مادە هۆشبەرەکان بوون، ئەو شتە بەنرخانەی دەگیردران بەتایبەتی لە تورکیا ساغیان دەکردەوە.
جودی تەخمینی ئەوەی کردبوو کە بۆچی هەڤاڵەکانی بەو شێوەیە قسە لەگەڵ دێوالی دەکەن، دێوالی ماوەیەک بوو هێنرابوو بۆ ئەم قاوشە و هەڤاڵانیشی ئەرکێکیان بە دێوالی سپاردبوو، دێوالی باسی ئەوەی کردبوو لە بادینان پەیوەندی لەگەڵ گەریلادا هەیە، هەربۆیە جودی پێیباش نەبوو کە ئێستا بچێت بۆلایان و نارەحەتیان بکات. بۆئەوەی ئاگری مەراقی خۆی دامرکێنێتەوە باشترین کەس ئەنوەر شاکر بوو کە هانای بۆبەرێت، بانگی کرد و ئیشارەتی کرد بۆ زیندانییەکەی ساحەکەو پێیوت (ئەرێ ئەو زیندانییە کە جەستەی پەکیکەوتووە کێیە؟)، (کامەیان؟)، (باڵا بەرزەکە، وادەردەکەوێت بەگێڕی رێدەکات، لەوەدەچێت بەشێکی جەستەی سەقەت بێت)، (بەڵێ.. بەڵێ، مەبەستت ئەوە؟)، لەبارەی ئەم کەسەوە کە جودی پێیوتبوو گێڕ، ئەنوەر شاکر دەیوت (ئەوەی بە گێڕی دەڕوات ناوی هاوارە، تەنانەت پێشمەرگەیش نییە، ئەگەر بشییەوێت ناتوانێت شەڕ بکات، بەڕاستی بەشێکی جەستەی ناتەواوە واتا کەمئەندامە، ئەم گێڕی و رەوشەی تێیدایە بەهۆی کیمیابارنەکەی سەدام حوسێنەوە بووە کە لە هەڵەبجە لە ١٦ی ناداری ساڵی ١٩٨٨ بەکاری هێنا، ئەوکاتەی ئەم هێرشە ئەنجامدرابوو لە هەڵەبجە نەبووە، بۆئەنجامدانی کاری خۆی لە سلێمانی بووە، ئەوکاتەی ئەم هەواڵە دەزانێت، بۆ رزگارکردنی خانەوادەکەی دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە، لەبەرئەوەی سەربازی سوپای سەدام رێگەوبانەکانیان گرتبوو، ئەویش لەڕێی ترەوە دەتوانێت خۆی بگەهێنێتە ناو شار، لەناکاو دەکەوێتە ناو کوژراوەکانی کیمیاوییەکانەوە، خەڵکێکی زۆر لەناو ماڵ و سەر جادە و ناو بازاڕ بەهۆی کیمیاییەوە گیانیان لەدەست دابوو، هاوار کە بەهۆی رزگارکردنی هاوژین و منداڵ و دایک و باوک و خوشک و براکانییەوەی گەڕابووەوە هەموویان شەهید ببوون، مردن هەموو خۆشەویستەکانی لێسەندبووەوە، هاوار گەشکە گرتبووی، خۆی خستبووە سەر تەرمی منداڵەکانییەوەی، کە هاوار دەدۆزنەوە ئەویش خەریکە لەسەرە مەرگدا دەبێت، دوای ئەوەی لە سلێمانی تەداوی دەبینێت لە مردن رزگاری دەبێت، بەڵام نیوەی جەستەی لەگۆ دەکەوێت، جەستەی بەلای چەپدا رەق دەبێت، بەمشێوەیە دەبێت هەتا مردن بەو شێوەیە ژیان بکات، بەم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حاڵەیشەوە پەدەکە بە بیانوی ئەوەی کار بۆ یەنەکە دەکات گرتوویانە و هێناویانە بۆ ئێرە).

جودی بەدەردەسەری هاوار هەڵەبجەیی ئازارەکانی خۆی لەبیرچووەوە، مرۆڤێک ماڵ، ژن، منداڵ، دایک، باوک، خزم و کەسوکاری لەدەستدابێت و نیوەی جەستەیشی فەلج بووبێت، چۆن ئەم کارەی لەگەڵ دەکەن و زیندانی دەکەن؟!، ئەمە بێویژدانییەکی گەورەیە.

جودی ماوەیەکی دەمدرێژ لەبەردەم پەنجەرەکە مایەوە خەریکی جگەرەکێشان بوو، کاتی ساحەی هاوار و زیندانییەکانی تر تەواوببوو، بردیاننەوە بۆ قاوشەکەیان. جودی ئەوەندە خەیاڵی فڕیبوو درکی بە هاتنی دەنیز نەکردبوو، دەنیز لەپەنای گوێچکەی جودی وتی: کە لەڕێی دێوالییەوە نوسراوەیەک بۆ ڕێکخستن دەنێرن، لەماوەیەکی کەمدا دێوالی ئازاد دەبوو، لە نووسراوەکە بە کورتی باس لە ژمارەیان و رەوشی گشتی خۆیانیان دەکرد، هەروەها دەشیان نوسی هەرچییەک دەبێت بابێت دەستبەرداری بەرخۆدان نابن، بێشک باسیان لە کەموکوڕییەکانی خۆشیانیان دەکرد، بە دێوالییان دەوت هەرچییەک دەبێت بابێت، دەبێت ئەم نوسراوەیە ببات بۆ دەستەی کۆنسەی سەرۆکایەتی و بەتایبەتی بیدات بە هەڤاڵ جومعە. گومان لەوەدا هەبوو کە جودی چەندێک گوێی بۆ دەنیز ڕاگرتبێت، هاوار هەڵەبجەیی هەموو مێشکی داگیر کردبوو، بەنیاز بوو سبەی هاوار هەڵەبجەیی نیشانی هەڤاڵەکانی بدات.

بۆ ڕۆژی دوایی هاوار هەڵەبجەیی و زیندانییەکانی تر، بۆپێداویستی سەر ئاو هێنرانە ساحەکەوە، بەتەنیا و بە گێڕی پیاسەی دەکرد، جودی جارێکی تر کە ئەم دیمەنەی بینییەوە، لە دڵی خۆیدا وتی: (ئەرێ ئەمانە هیچ ویژدانیان نییە؟!)، جودی بیری کردەوە کە دوێنێ ئەنوەر شاکر پێیوتبوو (ئەمانە هیچ کاتێک ناوڕیان لە ئازاری میللەت نەداوەتەوە)، دوایش جودی بانگی مەحمود، دەنیز، ئەیوب، شاهین، کەمال و ئیسلامی کرد تاکو هاوار هەڵەبجەییان نیشانبدات. دوای ئەوەی هەڤاڵەکانی هاوار هەڵەبجەییان بەو شێوەیە بینی، ئینجا وتی: (ئێمە بەکۆی گشتی لەبارەی هەڵەبجەوە دەزانین کە سەدام حوسێن بە کیمیایی لێیداوە و نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار کەس شەهیدبوونە، ئەی ئەوانەی لە کارەساتەکەدا ڕزگاریان بووە؟، لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە ناکرێت، ئەی ئەو هەڵەبجەییانەی رووح و جەستەیان سەقەت بووە؟، ئایا دەزانرێت چیدەکەن؟، ئایا دەزانرێت چۆن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەژین؟، بەگشتی هەست بە ئازاری ئەوانە ناکرێت و نایکەن کەبە بریندار رزگاریان بووە، هەڵبجە لەیاد ناکرێت، هەموو ساڵێک یادی دەکرێتەوە، بەڵام لەئاستی ئەوانەی لە ژیاندا ماون خۆیان لە گێلیدەدەن، بە گشتی کورد لەناو ناکۆکییەک دەژی، کە مردووەکان لەیاد ناکەن بەڵام زیندووەکان لەیاد دەکەن، لەبیرکردنیان خیانەتە، ئێمە دەڵێین مردنی راستەقینە لەبیرچونەوەیە، بەڵێ زۆر نەنگە ئەوانە لەبیربکرێن کە لەو کۆمەڵکوژییە رزگاریان بووە، ئەمە رەوشێکی پڕ لە نەفرەتییە، ئەگەر کەسێکی وەک هاوار هەڵەبجەیی لەم زیندانە دەهێڵدرێتەوە، ئەمە ئەو نەفرەتییەیە کەلەسایەی ئەم رەوشەدا هاتۆتە ئاراوە، دەبێت بەکۆی گشتی گەل خاوەنداریتی لەمجۆرە کەسانە بکات، ئەوەی بەکۆی گشتی بەخۆیان دەڵێن کوردپەروەر، نابێت لەئاستی ئەم رەوشەدا دووره پەرێز ببن و هەستیار نەبن، دەبێت هەموو تاکێکی کورد کە لە هاواری روانی وەکو ئەوە بێت کە لە هەمبەر ئاوێنەیەکدایە خۆی دەبینێتەوە، ناتوانم ئەم زیندانییەی هاوار قەبوڵ بکەم، دڵم لەئاستیدا دەسوتێت، هاوار تەنانەت پێشمەرگەیش نییە، ئەگەر پێشمەرگەیش بێت چۆن شەڕی پێدەکرێت؟، بەڕاستی ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە هیچ رێزێکیان بۆ ئازاری گەل نییە).

جودی هەتا قسەی بکردایە زیاتر دڵی پڕدەبوو، لەبەرئەوەی هەڤاڵەکانی هاوبیری قسەکانی بوون، هیچ قسەیان پێنەبڕی، زۆر بە شێنەیی گوێیان بۆگرت، زیندانیکردنی کەسێکی وەک هاوار هەڵەبجەیی خۆیلەخۆیدا بێڕێزییەکی گەورەبوو بەرامبەر بە گەلی کورد، شاهین چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک، شاهین وتی: (ئەم جۆرە کارانە لە پەدەکە دەوەشێتەوە، پەدەکە هەمیشە ئازار و مەینەتی گەلی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار هێناوە، تەنانەت بۆ خانەوادەی ئەنفالیش هیچیان نەکرد)، کەمال، مەحمود و دەنیزیش هەمان شێوازی قسەکانی شاهینیان هێنایەزمان، دەنیز وتی: (پەدەکەیەک بە نیوە چڵی سۆراغی ئەو پاکیزانەیان کرد لە رژێمی بەعس کە لە پرۆسەی ئەنفالدا بردنیان و بە کەنیزەیان کردن و فرۆشتیان بە شێخەکانی خەلیج، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی زۆر پاڵەوانانە کەسێکی سەقەتی وەک هاوار هەڵەبجەیی زیندانی دەکات). دوای چەند رۆژێک دێوالی ئازادکرا و نوسراوەکەی مەحمود و دەنیزی لەگەڵ خۆیدا برد، هەموو زیندانییەکانی پەکەکە ئەوەندەی خوودی دێوالی دڵخۆش ببون بە ئازاد بوونەکەی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ماوەیەک پێشمەرگەیەکی زیندانەکە کەناوی شیمال بوو سەربە عەشیرەتی زێباری بوو، دیارنەمابوو، لەناکاو هاتە بەردەم پەنجەرەی قاوشی ژمارە ٥ و سڵاوی لێکردن. گوندەکەی شیمال لە زۆزانی نەهری بوو، هەربۆیە ناشنایی لەگەڵ گەریلادا هەبوو، لەگەڵ زیندانییەکانی پەکەکەیش پەیوەندی باش بوو، شیمال لەوماوەیەی لەم زیندانە ئەرکداربوو، هەرگیز خۆی لەقەرەی زیندانییەکانی پەکەکە نەدابوو، هەروەها خراپەیشی بەرامبەریان نەکردبوو، بەگوێرەی زیندانییەکان شیمال کەسێک بوولەوانەی کە پێیدەوترا شیری پاکە. ماوەیەکی زۆر بوو دەویست دەستبەرداری کاری پێشمەرگایەتی ببێت. براگەورەکەی لە ئەمریکا دکتۆر بوو، ئەگەر بیتوانیایە بچێت بۆلای براکەی دەستبەرداری پێشمەرگایەتی دەبوو. دوای ئەوەی ماوەیەک دیارنەمابوو، زیندانییەکان پێیانوابووە لە ئەورووپایە، زیندانییەکان پێیانوابوو لە وانەیە کەسێکیان لە ئەوروپا بەرێککەوت ببینیایە، بەڵام ئێستا هەر بە جلوبەرگی پێشمەرگایەتییەوە لەهەمبەریان ڤیتبووەتەوە. سەرەتا ئەم مەسەلەیەیان لێپرسی، شیمال سنورداش کرابووەوە، بەڵام ئەو نەیدەویست سەرەتا باسی ئەمە بکات، شیمال دەیویست باسی مەسەلەیەک بکات کە کاریگەری هەبوو بەسەر زیندانییەکانی قاوشی ژمارە ٥وە، هەربۆیە وتی: (سەرەتا لێرەوە چووم بۆ ئامەد و لەوێیشەوە بە پاس چووم بۆ ئیستەنبول، هەلم بۆڕەخسا باکوری کوردستان و تورکیا ببینم، بەڕاستی کوردانی باکور خاوەن کەسایەتییەکی بەڕێز و میهرەبان و بە توانان، ئەوکاتەی دەچووم بۆ ئیستەنبول، لەناو پاسەکە ژنێک لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، کاتێک کۆرپەکەی گریا منیش کردمە باوەشی خۆم، کۆرپەیەکی زۆر شیرین بوو، منیش بە کوردی لایلایەم بۆ کۆرپەکە کرد، دایکەکەی کە بینی من بە کوردی لایلایە دەکەم، بەمە دڵی زۆر خۆشبوو هەربۆیە کەوتە قسەکردن، خەڵکی شاری ئامەد بوو، ئەوکاتەی وتم خەڵکی باشورم زیاتر دڵخۆشبوو، لە رێگەدا باسی زوڵمی سەر گەلەکەمان و بەدبەختی کوردمان کرد، ئەم رێگەیە ببووە مایەی بەختەوەری منیش، خۆم بە بێگانە نەدەزانی، کۆرپەکەی بە باوەشمەوە بوو، وامهەستدەکرد لەماڵی خۆمانم، دوای ماوەیەک لێیپرسیم کارم چییە، منیش وتم پێشمەرگەم، بەمە زۆر شڵەژا، دونیای سەروبن بوو، وەکو ئەوە وابوو سەتڵێک ئاوی ساردی بەسەریدا بکەن، دەموچاوی سوور هەڵگەڕا، بەتوڕەبوونێکەوە کۆرپەکەی لەباوەشم دەرهێنا کە نوستبوش، پێیوتم منداڵەکەم بەرێ، بەتوڕەبوونەوە وتی: دەمەوێت بچمە سەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

كورسییەكی تر، بە یاریدەدەری شۆفێرەكەی وت دەیەوێت شوێنی خۆی بگۆڕێت، یاریدەدەری شۆفێرەكەیش گەڕا بۆ شوێنێكی تر، ژنەكە وتی: كاتێك سەدام ئێوەی شاربەدەركرد ئێمە دڵ و دەرگەی ماڵی خۆمانمان بۆئێوە كردەوە، چیمان هەبوو دامان بە ئێوە، ئێوەمان وەك خاوەن ماڵ بینی و هیچ جیاوازییەكمان لەگەڵتاندا نەكرد، ئەی ئێوە چیتان كرد؟، كاتێك لەسایەی ئەمریكا دەستكەوتێكتان پەیداكرد، دەستتان خستە ناو دەستی دەوڵەتی توركەوە لەگەڵ سوپای توركدا هێرشی سەر گەنجەكانی ئێمەتان كرد، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لەگەڵ دەوڵەتی تورك دەستیان تێكەڵ كرد تاكو ئەو جگەرگۆشانەمان بكوژن كەلەپێناو ئازادیدا تێدەكۆشن. هەتا ئەو قسەی بكردایە منیش بەناخی عەرددا دەچووم، لەیادم نییە هەرگیز ئەوەندەی ئەوكاتە شەرمم لەخۆم كردبێت، خوازیاری ئەوەبووم كونفەیەكونەكە هەڵمگرێت و لەوێدا رزگارم بكات، نەمدەتوانی بە ژنەكە بڵێم تكایە بێدەنگ بە لەوە زیاتر رەزیلورسوام مەكە، لەناكاو یاریدەدەری شۆفێرەكە هات و پێیوت كە شوێنێكی تری بۆپەیداكردووە و ژنەكەیش لەلام هەڵسا و منیش رزگارم بوو).

شیمال كە ئەم قسانەی دەكرد هەستی بەهەمان كاتوسات دەكردەوە، سەری خۆی نەویكرد، لەناكاو دەستی كرد بە گریان، دوایش سەری هەڵبڕی و تەماشای كەمالی كرد، وتی: (وەك دەبینن لەناو خەڵكدا رێزمان هاتووەتەسەر سفر، پێشمەرگە قارەمانی گەل بوو، پیرۆزبوو، حەسانەیان هەبوو، ئەوكاتەی خەڵكی گوێیان لە سترانی {واهاتن پێشمەرگەمە} هەستیان بە سەرفرازی دەكرد، پێشوتر لەهەر دەرگایەكم بدایە و بموتایە پێشمەرگەم هەموو دەرگاكانیان بۆدەكردمەوە، بەڵام ئێستا بە بكوژانی ئەو گەنجانە ناوزەند دەكرێن كەبۆ ئازادی لەسەر شاخن، شەرممان لێدەكەن، خەریكە تف دەكەنە چارەمان).

چاوە تەڕەكانی سڕی، جودی بۆئەوەی هۆشی بهێنێتەوە سەرخۆی دركیكرد پێویستە چەند شتێك بڵێت، هەربۆیە وتی: (ئێوە تاوانتان نییە، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی هۆكارن كە گەل ئازارەكانیان لەبیر بچێتەوە، خەڵكی لەسایەی ئەواندا ئەو زاڵمانانەیان لەبیرچووەتەوە كە زوڵمانیان لێكردوون، دوژمنیان كرد بە دۆست و دۆستیان كرد بە دوژمن، ئەوەندەی نووكە دەرزییەك ویژدانیان نەماوە، پیاوێك هەیە لەم زیندانە كە رزگاربووی كیمیابارانی هەڵەبجەیە بەناوی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاوار هەڵەبجەیی، ئەوانەی ئەم هاوارەیان زیندانی کردبێت، ئەی چی لەم گەلە ناکەن؟!).

شیمال بەم قسانەی جودی هۆشی هاتەوەسەر خۆی، وتی: (کاتێک دوژمنمان لەیاد کرد لە بەهاکانی خۆمان نامۆکراین، ئینجا ناچارکراین بۆ تێرکردنی سکی برسیمان کاربکەین، ئەگەر موحتاجی ئەم موچەیە نەبومایە، پێشمەرگایەتیم نەدەکرد، بەڵام هەتا ئەم ساتە وەختە نە دژی پەکەکە، نە دژی یەنەکە و نە دژی هیچ هێزێکی کوردی شەڕم نەکردووە، شەڕیش ناکەم).

ئەوکاتەی کاتی ئێشکگرییەکەی تەواو دەبوو، ئەوێی جێدەهێشت، ئەم قسانەی شیمال زیندانییەکانی غەمگین کردبوو، ئەگەرچی چەندین پێشمەرگەی سەربە عەشیرەتی زێباری نەیاندەویست شەڕی پەکەکەیش بکەن، سەرەڕای ئەمەیش بەڵام بەهۆی نازناوەکەیانەوە حیسابی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیان بۆدەکرا، ئەوناوەی کە پێشوتر بە شانازی و تێکۆشەر و باوەڕ و بە فیداکار ناویان دەهێنرایە زمان، بەڵام تادەهات ناویان بە کرێگیراو و تەسلیمبووەکان ناوزەند دەکران. سەرگوزەشتەی سەفەرەکەی شیمال و چوونی بۆ ئامەد و دیالۆگەکەی لەگەڵ دایکێکی ئامەدی تاچەند رۆژێک ببووە مایەی گەنگەشە و هەڵسەنگاندنی زیندانییەکان. هەرزیندانییەک لەڕوانگەی خۆیەوە لەبارەی ئەم مەسەلایانەوە هەڵسەنگاندنیان دەکرد، هەموویان پێیانوابوو ناوی پێشمەرگە پیرۆزییەکەی خۆی لەدەستداوە و بە کەسێکی ناپاک و نەخوازیار هەژماردەکرێت.

شاهین و ئیسلام پێشنیاری ئەوەیان کرد دەستبکەن بە چالاکی مانگرتن هەتا مردن، بەمشێوەیە رۆژەڤێکی تری نوێ هاتەئاراوە، داخوازی دەستپێکردنی چالاکی هەتا مردن و هێنانی زیندانییانی نوێ بۆ قاوشەکە، هۆکاربوون کە ئیسلام خۆی گۆشەگیر بکات، لەگەڵ کەسدا قسەی نەدەکرد، زیاتر لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد و لەخۆیشییەوە پێدەکەنی. هەرچەندە دەیویست کۆنترۆڵی خۆی بکات، بەڵام نەیدەتوانی، لە قاوشەکەدا تەنها شاهین بۆزۆڤا دەیتوانی لەگەڵیدا بسازێت، هەڤاڵانیان داوایان لە شاهین کردبوو خۆی بە ئیسلامەوە سەرقاڵ بکات، هەموو رۆژێک شاهین لەگەڵ ئیسلامدا کاتی دەبردەسەر، لەلای یەکەوە دەنوستن و بەیەکیشەوە نانیان دەخوارد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١دا شاهین و ئیسلام هەڤاڵەکانیان کۆکردەوە و پێیانوتن (لەنێوان خۆماندا قسەمان کرد، بیرمان لەوە کردەوە ئەگەر دەست بکەین بە ئەنجامدانی چالاکی هەتا مردن ئەوە پەدەکە ناچاردەکەین ئازادمان بکات)، ئەمەیان وەک پێشنیار خستە بەردەم هەڤاڵەکانیانەوە، شاهین بەناوی ئیسلامیشەوە قسەی دەکرد، ئیسلام تەنها گوێی دەگرت، سەرەتا لە قسەکانی شاهین بەتەواوەتی حاڵی نەبوون، لێیان پرسی (مەبەستتان چییە؟)، شاهین وتی: (دەڵێین بۆئەوەی پەدەکە ئازادمان بکات و رادەستی هەڤاڵانمان بکاتەوە پێویستە دەست بکەین بە چالاکی مانگرتن هەتا مردن، ئەگەر ئەم چالاکییە بکەین پەدەکە ناچاردەبێت ئازادمان بکات، ماوەیەکی زۆریشە لەنێوان پەکەکە و پەدەکە شەڕوپێکدادانیش نییە، پەکەکە لە باکور پاشەکشێی کرد، هەتا هێرشیان بۆ نەهێنرێت هەڤاڵان شەڕ ناکەن، وەک دەزانن لەملاوئەولا دەبیستین کەلەناو هەڤاڵان و پەدەکە دیدار هەیە، ئەمە هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیشی هەیە، هێرشی سەر ئەمریکا لەلایەن قاعیدەوە و موداخەلەکردنی ئەفغانستان لە هەرێمەکەدا رەوشێکی نوێ دەهێنێتە ئاراوە، لەوانەیشە موداخەلەی دەسەڵاتی سەدامیش بکەن، لە رەوشێکی ئاوادا پەدەکە شەڕ لەگەڵ پەکەکە ناکات، نایشوێرێت لەم زیندانە هەتا مردن بمانهێڵێتەوە، هەرچۆنێک بێت لە خۆڕایی ئێمەیان لێرە گلداوەتەوە، ئەی ئەگەر ئازادمان نەکەن چیمان لێدەکەن، هەردەبێت ئازادمان بکەن).

جودی نەیدەزانی پێبکەنێت و نەیدەزانی چۆن باوەڕ بەمجۆرە قسانە بکات. دەنیز بە سەرسوڕمانییەوە لە شاهین و ئیسلام ی روانی، راستە شاهین کەمێک هەستیار بوو، بەڵام چاوەڕوان نەدەکرا ئەوەندە بچێتە ژێر کاریگەری ئیسلامەوە. مەحمود راستەوخۆ پێیوتن (ئەرێ هەڤاڵ ئێوە هەتا ئێستا پەدەکەتان نەناسیوە؟، ئەوە چەندین ساڵە گەنگەشەی چیدەکەین؟، ئێمە لەهەمبەر زهنییەتێکین کە بە بەرد لەبەرچاوم مێشی هەڤاڵەکانمانیان پارچە..پارچەکرد، ئەی دوێنێ باسمان لە هاوار هەڵەبجەیی نەکرد؟، هەڤاڵ شاهین هەرخۆت نەتوت ئەمانە ویژدانیان نییە؟، وێرانبوونی دوو تەلارەکەی ئەمریکا سوود بە من و تۆ ناگەیەنێت، بەڕاستی ئێوە نازانن باسی چیدەکەن، مادام دەڵێن لەنێوان هەڤاڵان و پەدەکە دیدار هەیە، کەواتە پێویستە چاوەڕێی رێککەوتن بکەین، خۆت دەزانیت هەتا هەڤاڵان لەگەڵ پەدەکە رێکنەکەون پەدەکە ئازادمان ناکات، ئەگەر لێرە بشمرین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نابێت بە خەمی ئەوان، پێشنیارەکەی ئێوە، وەکو ئەوەوایە بە دووعایەک بڵێیت ئامین کە دەزانین بەدیش نایەت).

لەوەدەچوو شاهین لەسەر پێشنیارەکەی خۆی سووربێت، هەربۆیە وتی: (ئێوە هەڵەن، ئەگەر دەستبکەین بە چالاکی هەتا مردن ئەنجام وەردەگرین)، دەنیز هێشتا لەژێر کاریگەری ئەم مەسەلەیەدا بوو، هەوڵیدەدا قەناعەت بە شاهین بکات، پێیوت (ئێمە لەهەمبەر پەدەکە شەڕمان کرد، دەبێت بزانن لەهەمبەرمان دوژمن هەیە، ئێمە ئەوانمان کوشت، ئەوانیش لە ئێمەیان شەهید کرد، ئەگەر رێککەوتنێک لە نارادانەبێت، چۆن لەخۆیانەوە تەنها لەبەرئەوەی چالاکی مانگرتن لە نارادایە ئازادمان دەکەن؟!، هەڤاڵ شاهین ئەمە ئەقڵ نایگرێت، لەحاڵەتێکی ئاوادا داوای مردنمان دەکەن، ئەم چالاکییەی پێشنیاری دەکەن، ئەم رۆژەی تێکەوتوین بە هەزارەها نارەحەتی و زەحمەتییەوە پێیگەیشتووین و ئەو هەڵوێستە بەرخودانییەی هەمانبووە هەتا ئێستا هەمووی مایەپوچ دەبێتەوە، ئێمە ناتوانین دەستبکەین بەچالاکییەک کە خواستمان وەک مەرج لەهەمبەریان ڤیتبکەینەوە، ئەمە مایەی قەبوڵکردن نییە).

ئیسلام بەتەواوەتی توڕەببوو، خۆی پێڕانەگیرا و وتی: (دەخوازن قەبوڵی بکەن یان مەیکەن، من و هەڤاڵ شاهین لەمبارەیەوە بڕیاری خۆماندواوە و سووریشین لەسەر ئەمە، ئێمە وەکو ئێوە پاوانخواز و ترسنۆک نین، مانای پەکەکە چییە، بەمانای چالاکی دێت، کەواتە ئێوە گرێدراوییەکی ئەوتۆتان بە پەکەکەوە نەماوە!).

ئەم قسانەی ئیسلام، جودی شێتوهار کرد، ئەوە یەکەمجاربوو کە جودی بە دەنگی بەرز دەست بە قسەکردن بکات، جودی وتی: (هەڤاڵ ئیسلام، ئەرێ تۆ دەزانیت ئەڵێی چی؟، خۆ ئێمە لەتۆوە پەکەکەبوون فێرنابین، ئاگات لەخۆتبێت، دەبێت بزانیت چیدەڵێیت و چی ناڵێیت)، ئیسلام بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت و بەبێ ئەوەی گوێبداتە هەر چییەک، لەوێ جیابووەوە و چووە سوچێکەوە، لەشوێنەکەی خۆیەوە بۆڵەبۆڵی دەکرد و جوێنی دەدا.

ئەوکاتەی ئیسلام لەوێ جیابووەوە، هەموویان هەوڵیان دەدا شاهین لەم بیرۆکەکەی خۆی پاشگەز بکەنەوە. کەمال سەرەتا سەرسوڕمانی خۆی هێنایە زمان و ئەوەیشی وت پێویستە شاهین بە حەبلی ئیسلام نەچێتە ناو بیرەوە. ئەگەر چالاکی ئەنجام دەدرێت دەبێت لە ئاکامی بڕیارێکی هاوبەش بڕیاری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەسەربدرێت، سووربوون لەسەر خواستی تاک پێچەوانەی پرانسیپەکانی رێکخستنە، ئەمە رێکخستن لاواز دەکات، ئەیوبیش هەمان بۆچونی هەبوو، لەسەر هەوڵی هەڤاڵانیان بۆ پاشگەزبوونەوەیان، شاهین وتی: (ئێمە بڕیاری خۆمانداوە، بیروبۆچونی خۆیشمان هێنایە زمان، بەشداری دەکەن یان نایکەن خۆتان دەزانن، لەگەڵ ئیسلامدا سبەی دەستدەکەین بە ئەنجامدانی چالاکییەکە)، لەوەدەچوو کە نەیەوێت قەناعەت بهێنێت، بۆدواجار مەحمود وتی: (بڕوانە هەڤاڵ شاهین، ئێمە وەکو ئەرکی هەڤاڵایەتی، هەوڵماندا پەشیمانتان بکەینەوە کە بڕیارێکی راستودروستتان نەداوە و زۆریشمان قسەکرد، بەڵام دەتەوێت ئەم هەوڵەی ئێمە بێکاریگەر بکەیت، دەبێت ئەوە باش بزانیت، یەکەمیان لەبەرئەوەی چالاکییەکی لەوشێوەیە دەکەین زهنییەتی پەدەکە ئازادمان ناکات، دووەمیان ئەگەر بەبێ ئێمە دەست بکەن بەم چالاکییە، ئەوەدەبێتە چالاکی کەسایەتی بەدەر لە رێکخستنی و ئەنجامیش وەرناگرن، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە چالاکییەک بە جدی وەرناگرێت ئەگەر بە رێکخستنی نەبێت، ئەگەربە جدییمان وەرناگرن، لێرە بەدواوە شتێکمان نییە بۆتانی بکەین، ئێمە بەشداری لەم چالاکییە ناکەین و بە گونجاو و بە رەوای نازانین، ئەگەر دەتانەوێت بەبێ ئێمە ئەم چالاکییە بکەن، کەیفی خۆتانە و بیکەن). شاهینیش وتی: (ئێمە دەیکەین). مەحمود وتی: (مادام کەس بە جدی وەرناگرن و تەنانەت ئێمە بەوە تۆمەتباردەکەن کە پاوانخوازین، مادام دەتانەوێت ئەم چالاکییە هەر بکەن، دەبێت تا دوا سات بەردەوامی بەم چالاکییە بدەن، ئەگەر لە نیوەی رێدا پاشگەز ببنەوە کەواتە کەس ئەوەندەی ئێوە ترسنۆک و پاوانخوازتر نییە، دەبڕۆن دەی دەست پێبکەن).

مەحمود دوا قسەی خۆی بەزمانێکی زبر و بە توڕەییەوە کردبوو، سووربونی ئیسلام و شاهین لەسەر قسەکانی خۆیان، دەنیز، مەحمود، جودی، ئەیوب و کەمالی شێتکردبوو. شاهین بەبێ ئەوەی وەڵامیان بداتەوە، بە بۆڵەبۆڵ چووە لای ئیسلامەوە، هەڤاڵەکانی تریشیان ماوەیەک لە شوێنەکانی خۆیان مانەوە، دوایش بەبێ ئەوەی هیچ بڵێن چوونە شوێنەکانی خۆیانەوە. ئەو شەوە جارێکی تر باسی ئەم مەسەلەیەیان نەکردەوە، ئاسودە نەبوون، نەیاندەتوانی رێگری لە هەڵەیەک بکەن کە دێتە ئاراوە، بیرکردنەوەی ئەوەی هەتا بەیانی لەوانەیە شاهین بیروبۆچونی خۆی بگۆڕێت گریمانەیەکی لاواز بوو، ئیسلام و شاهین بەدەستی خۆیان، خۆیاندەخستە ناو رێیەکی نوتەکەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سبەی پێش ئەوەی پرۆسەی سەرژمێری دەست پێبکات، شاهین چووە بەردەم پەنجەرەکەوە، بەبێ ئەوەی گوێبداتە تورەیی و رووگرژی هەڤاڵەکانی لە ساحەکەی دەڕوانی، کاتێک مولازم ئاشور هاتە نزیک پەنجەرەکە، شاهین بە دەنگێکی بەرز قسەی کرد هەتا هەموو کەسێک گوێی لێبێت، شاهین وتی: (مولازم ئاشور، لەمڕۆ بەدواوە دەستمان کردووە بە چالاکی مانگرتن هەتا مردن)، مولازم ئاشوریش بە سەرسوڕمانییەکەوە وتی: (بۆچی کێشە هەیە لەئارادا؟)، شاهین چاوەڕێی ئەم پرسیارەی بوو، وتی: (ئەم چالاکییەکە دەکەین بۆ ئەوەی ئازادمان بکەن)، مولازم ئاشور بەم قسەیە زیاتر سەرسوڕمانی تێدادەرکەوت، وتی: (چی، بۆئەوەی ئازادبکرێن ئەم چالاکییە دەکەن؟!)، (بەڵێ، شەڕوپێکدادانەکان کۆتاییان پێهات، لەنێوان پەدەکە و پەکەکە دیدارهەیە، گلدانەوەمان لێرە بێمانایە، داواتان لێدەکەین ئازادمان بکەن)، مولازم ئاشور چاوی بۆ مەحمود و دەنیز دەگەڕاند، هەردووکیان نوێنەر بوون و بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە ئەوانی بە موخاتب وەردەگرت، مادام شاهین سنگی خۆی دەرپەڕاندووە ئەمە بەمانای ئەوەدێت شتێکی تر لەئارادایە، مولازم ئاشور وتی: (زۆرباشە، هەمووتان دەستانکردووە بە چالاکی؟)، شاهین وتی: (تەنها من و ئیسلام، ئەوانەی تر بەشدار دەبن یاننا، ئەوە کێشەی ئەوانە)، کاتێک مولازم ئاشور گوێی لەناوی ئیسلام بوو، سەرسوڕمانییەکەی زیاتری کرد، مولازم ئاشور دەیزانی ئیسلام کێشەی دەروونی هەیە، هەربۆیە کە ناوی ئیسلامی بیست بزەیەکی کرد، مولازم ئاشور بۆئەوەی زیاتر مەسەلەکەی بۆ روونببێتەوە بانگی مەحمودی کرد، ئاشور وتی: (هەڤاڵ مەحمود، ئێوە بەشداری ئەم چالاکییە ناکەن؟، تەنها ئەم دوانە بەشدارن؟)، وەڵامی مەحمود لە دوێنێوە ئامادە بوو، وەڵامی مەحمودیش ئاوی دەکرد بە ئاگری ئاخی مولازم ئاشوردا، مەحمود وتی: (بەڵێ وایە، ئێمە بەشداری ناکەین، تەنها ئەوانن)، مولازم ئاشور بەمە بەختەوەر بوو، چونکو دەیزانی چالاکییەکی بەمجۆرە پەرتەوازییە سەرناگرێت و کێشەیان بۆ دروست ناکات، مولازم ئاشور بە خەندەیەکەوە بە شاهینی وت (زۆر باشە، ئێوە دەست بە چالاکییەکەی خۆتان بکەن، بەڵام پێتان دەڵێم نابێت دوای چەند رۆژێک وازیلێبهێنن، دەمەوێت کەمێک درێژ خایەن بێت).

مولازم ئاشور دریکاندی کە بە جدی چالاکییەکەیان وەرناگرێت، ئەم هەڵوێستەی شاهین و ئیسلام رۆنی دەدا لە کولێرەی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەمانکاتیشدا دڵی مەحمود، دەنیز، جودی، ئەیوب و کەمالی شکاندبوو. هەڵوێست دەربڕینی لەناکاوی شاهین، ببووە مایەی ناڕەزایی زیندانییەکانی تریش، هەربۆیە ئەنوەر شاکر وتی: (هەڤاڵ شاهین، وەک دەزانن ئیسلام شێتە، خۆتۆ ئاقڵێت، ئەی تۆ چۆن کارێکی بێ ئەقڵی لەو شێوەیە دەکەیت، کە هەڤاڵەکانیشت لەگەڵتدا نین؟!)، محەمەد سەعیدیش وتی: (هەڤاڵ شاهین، ئەگەر هەتا ئێستا تۆ پەدەکەت نەناسیبێت ئەمە عەیبەی تۆیە، شتی وامەکەن، ئەگەر بشمریت پەدەکە ئازادت ناکات، هەڵەیەکی گەورە دەکەیت)، خەلیل وتی: (هەڤاڵ شاهین، ئەوەی ئێوە دەتانەوێت بیکەن، زیانێکی گەورە بە رێکخستنەکەتان دەدات، ئەم تابلۆیەی ئەمڕۆ نەخشێنرا دڵی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەی پێخۆش بووە، ئەی نەتبینی ئاشور چەندێک بەختەوەر بوو؟)، مام عەزیشیش وتی: (هەڤاڵ شاهین هەتا کارلەکار نەترازاوە گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانی هەڤاڵەکانت بگرە)، نەوزاد وتی: (هەڤاڵ شاهین، بەڕاستی چاوەڕێی شتێکی وام لەتۆ نەدەکرد، بەڕای من پێویستە هەڵەکەت چاکبکەیتەوە).

بەگشتی هەموو زیندانییەکان ئامۆژگاری شاهینیان کرد، ئەگەر شاهین درکیش بکات هەڵەیە، بەڵام ئەم مەسەلەیەی کردبوو بە غرور، نەیدەویست پاشگەز ببێتەوە. پێیوابوو لە دوا ساتوکاتدا هەڤاڵەکانی پشتگیری دەکەن، وایدەزانی هەڤاڵەکانی لەم چالاکیە بەتەنیا جێیناهێڵن، بەڵام وادەرنەچوو، بەتەنیا مابووەوە، قسەی لەگەڵ هەڤاڵەکانی نەدەکرد و بە تەنیا و تەنیا خۆی و ئیسلام مابوونەوە.

لە یەکەم رۆژدا هەموو زیندانییەکان هەوڵیاندا شاهین پاشگەز بکەنەوە، گوێی بەکەس نەدا، لە دووەمین رۆژدا کەس ناوڕی لە شاهین نەدایەوە، سێیەم و چوارەمین رۆژیش هەربەو شێوەیە بوو. لە پێنجەمین رۆژدا، کاتێک مولازم ئاشور هات بۆ سەرژمێری، شاهین پێیوت دەستبەرداری چالاکیەکەیان بوونە، مولازم ئاشوریش بەبێ ئەوەی خۆی تێکبدات، خۆی لە گێلیدا و تەنها وتی: باشە.

سەرەڕای ئەوەی شاهین کۆتایی بە چالاکیەکە هێنابوو، بەڵام نەیدەویست بەدەنگی بەرز بڵێت هەڵەی کردووە و چۆن گوێی بۆ کەسێکی وەک ئیسلام گرتووە، بێشک هەڤاڵەکانی پێیاندەوت (چیبوو؟، بۆچی کۆتاییتان بە چالاکیەکە هێنا، ئەگەر پەکەکە لە کارێک سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت نایکات، ئەگەر شتێک بکەن هەتا دوا سات دەیبەنەسەر، ئێستا دەرکەوت کێ پاوانخوازە و کێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ترسنۆکه؟)، شاهین نەیدەویست گوێی لەم جۆره قسانه ببێت. سەرەڕای هەموو شتێک هەڤاڵەکانی پێیانوت (ئاکامی پراکتیکتان و نزیکبوونەوەتان لەئاستی مەسەلەکان نیشانیدان که هەڵەن، سەرەڕای ئەمەیش پێویست ناکات خۆتان غەمگین بکەن، پێویست به شەرم کردنیش ناکات، هەموو مرۆڤێک هەڵه دەکات، گرنگ ئەوەیه درک به هەڵەی خۆت بکەیت و جارێکی تر دووبارەی نەکەیتەوە)، بەمشێوەیه هەڤاڵەکانی دڵی هەردووکیانیان دایەوە. شاهین دەیویست دەرسێک لەم مەسەلەیه فێرببێت، بەڵام ئیسلام بەردەوام جوێنی دەدا، دەیوت (ئێوه هەڤاڵ نین)، ئەمەیش نیشانەی ئەوه بوو که ئیسلام رەوشی دەروونی خراپتر بووە.

پێشوتر باسی مەسەلەی هەڵاتنەکەم کردبوو، هەر ئەمکاتانه هاتبووه ئاراوە، کوشتنی جاسمیش هەروابوو، زیندانیکردنی هاوار هەڵەبجەیی و چالاکییەکەی شاهین و ئیسلام، لەگەڵ ئەم رووداوانەدا زیندانییەکان دەچوونه ناو ساڵی نوێوە، بەڵام ئەم ساڵ زیانێکی گەورەی ئەوتۆ نەهاتبووه ئاراوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٢٨

# خۆکوژی

ئەمە یەکەم ساڵ بوو لەم زیندانەدا بەبێ ئەوەی قوربانییەکی زۆر و گەورە بدرێت ساڵ تێپەڕێنن، ئەمەیش بۆ زیندانییەکان ببووە سەرچاوەی مۆراڵ. دوو مانگ بەسەر ئازادبوونی دێوالییەوە تێپەڕیبوو، بەڵام جارێکی تر لە دەرەوە قاچاخچێتی بە ئاسەوارەوە کردبوو، سەرلەنوێ گرتبوویانەوە و هێنایانەوە بۆ زیندانەکە و دوای ئەوەی بەرتیلی دابوو بە محەمەد ئەمین سورچی هێنابویان بۆ قاوشی ژمارە ٥. هاتنی دێوالی بۆ قاوشی ژمارە ٥، زیندانییەکانی پەکەکەی بەختەوەر کردبوو، بەمشێوەیە چارەنوسی نوسراوەکەیان دەزانی. دێوالی دوای ئەوەی دەیهێنن بۆ قاوشەکە، بۆئەوەی کەس درکی پێنەکات، چەند رۆژێک خۆی لە زیندانییانی پەکەکە بەدوور گرتبوو، دوای ئەم چەند رۆژە چووە لای زیندانییەکانی پەکەکە و پێیوتن:
(هەڤاڵان، دوای ئەوەی لێرە ئازادکرام، چووم بۆ ناوچەی مەتینا و چاوم کەوت بە هەڤاڵەکانتان)، بە گەریلاکانی وتبوو نوسراوەیەکی پێیە تەنها دەیدات بە هەڤاڵ جومعە، ئەوانیش پێیانوتبوو هەڤاڵ جومعە لە قەندیلە نوسراوەکە بدە بە ئێمە ئێمەیش بۆنەوی رەوانە دەکەین، دێوالیش پێیاندەڵێت ناتوانێت ئەمکارە بکات، جگە بە هەڤاڵ جومعە بەکەسی تری نادات، گەریلاکان کە دەزانن دێوالی جگە بە هەڤاڵ جومعە نوسراوەکە بەکەسی تر نادات، لەرێی بێتەلەوە پەیوەندی دەکەن بە هەڤاڵ جومعەوە، دێوالی وتی: (هەڤاڵ جومعە منی بانگکرد بۆسەر بێتەلەکە تاکو قسەی لەگەڵ بکەم)، دێوالی لەرێی بێتەلەوە بە هەڤاڵ جومعەی وتبوو ئەم نوسراوەیە هی کێیە و رەوشی ئەوانەی ئەم نوسراوەیان نوسی بوو بۆ هەڤاڵ جومعە باسکردبوو، هۆکاری ئەوەیشی پێوتبوو کە بۆچی ئەم نوسراوەیە ناداتە کەس. بە گەریلاکان و بە هەڤاڵ جومعەی وتبوو هەڤاڵانی زیندانی رێنماییان کردم جگە لە هەڤاڵ جومعە ئەم نوسراوەیە بەکەسی تری نەدەم،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڤاڵ جومعەیش یەک بەیەک هەواڵی هەڤاڵانی زیندانی ئاکرێی پرسیبوو، پێیوتبوو ئەگەر دەتوانێت بەناوی ئێمەوە سڵاوی تایبەت بنێرە بۆ هەڤاڵانی بەرخودانکار، هەروەها پێیوتبوو دەتوانێت نوسراوەکە بداتە دەست هەڤاڵێکی ئەوێ.

گەیاندنی نوسراوەکەیان بە رێکخستن دڵخۆشی کردبوون، لەلایەکی تریشەوە هەڤاڵ جومعە سڵاوی تایبەتی بۆناردبوون، لێرە بەدواوە رێکخستن دەزانێت هەڤاڵەکانیان لەم زیندانەدا خۆڕاگری دەکەن، زیندانییەکان پرسیاری رەوشی گەریلاکانیان لە دێوالی دەکرد، ئەویش دەیوت گەریلاکان زۆر شێنەبین، ئاگربەستیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکدا کردووە، پەیوەندیان لەگەڵ پەدەکە بەرەو باشچوون دەچێت، دێوالی دەیوت لە نێوان پەدەکە و پەکەکەدا دیدار و چاوپێکەوتن هەیە، گەریلاکان زۆر بە سانایی دەچنە گوندەکانەوە، ئەوکاتەی گەریلا و پێشمەرگە روبەڕووی یەک دەبنەوە هەردوولا خۆیان لە گێلی دەدەن، لەم بارەیەوە ئەوانەی دەهاتن بۆ سەردانی زیندانییەکانیان هەمانشتیان دەوت، تروووسکاییەک بەدیکرابوو، بەڵام ئەوەی زیاتر زیندانییەکانی پەکەکەی دڵخۆشکردبوو ئەوەبوو کە پەیوەندییەکیان لەگەڵ رێکخستن بەستووە و رێکخستنیش ئاگای لە رەوشی ئەمانە. دێوالی بێئاگابوو لەوەی کە زیندانییەکانی پەکەکە لەڕێی عەزیز بابالی کە خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بوو، نامەیەکی تریان بۆ رێکخستن ناردبوو، عەزیز لە خنێرەوە دەگەڕایەوە ماڵی خۆیان هەربۆیە دەیتوانی بە ئاسانی چاوی بە گەریلا بکەوێت. لەم نوسراوەیە بەتایبەتی نوسیبوویان، ئەگەر لەگەڵ پەدەکە دیدار و چاوپێکەوتن هاتەئاراوە، ئەگەر پەدەکە ئەمانیان کرد بە ئامرازی مامەڵە بەهیچ شێوەیەک قەبوڵی نەکەن و لەمبارەیەوە سازش بۆ پەدەکە نەکەن، رەوشیان هەرچییەک دەبوو ببوایە بەردەوام دەبوون لە خۆڕاگری. زیندانییەکان قەبوڵیان نەدەکرد پەدەکە سەودا و مامەڵەیان پێوەبکات، ئەگەر رێکخستن ئەمەیان بزانیایە ئەگەر بشمردنایە خەمیان نەبوو.

مۆڕاڵیان بەرزبوو، بەهیوابوون، بەڵام تەنها حەیفێکیان هەبوو ئەویش کەمبونەوە و لاواز بوونەوەی بەرخۆدان بوو، دوای ئەوەی شاهین لە چالاکییەکەی شکستی هێنابوو لەبەرنەوەی گوێی بۆکەس رانەگرتبوو، بەتەواوەتی خۆی گۆشەگیر کردبوو، ئەوەی نیشاندەدا کەلە هەڤاڵەکانی دڵشکاوە، ئەو هێشتا نەیدەویست

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

درک بەوە بکات بەبڕیارێکی کتوپڕی لاوازی بە بەرخۆدان هێناوە کەچی لە دڵی خۆیدا دەویت (هەڤاڵان پشتیان تێکردووم)، غروری ڕێگەی نەدەدا لێپرسینەوە لەگەڵ خۆیدا بکات.

هەڵویست و بەشداربوونی کەمال لە ڕووداوەکاندا هەمیشە سنورداربوو، ئەیوبیان سەرەڕای ئەوەی نیەتی باش بوو، بەڵام کاریگەری نەبوو، ڕەوشی ئیسلامیش تادەهات خراپتر دەبوو، دوای دەستبەرداربوونیان لە چالاکییەکە ئیتر ناوبەری لەگەڵ شاهین وەکوجاران نەبوو، هەمووجار ئیسلام هاواریدەکرد و دەیوت (هەموو شتێکی ئەم دونیایە بەتاڵە و بێمانایە)، جارناجارێکیش بێڕێزی دەکرد و جوێنی دەدا بە هەڤاڵەکانی، لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد و پێدەکەنی، زۆرجاریش نەدەزانرا جوێن بەکێ دەدات، لەم ڕۆژانی دواییدا قاپەکەی خۆی جیاکردبووەوە و بەتەنیا نانی دەخوارد، تادەهات لەناستی هەڤاڵەکانی خۆی گۆشەگیر دەکرد و ئەوانی لەخۆی دووردەخستنەوە، هەتا بە تەنیایش بمایایەتەوە ڕەوشەکەی خراپتر دەبوو، تەنانەت وایلێهات تف لە هەڤاڵەکانیشی بکات. ئەگەرچی هەڤاڵەکانی دانیان بەخۆیشیاندا گرتبێت، بەڵام تادەهات قاوشەکەی بێزار دەکرد، هەرلەکوتوخۆڕایی پێدەکەنی و جوێنی دەدا و تورە دەبوو. بەردەوام بوونی لە هاوارکردن و ووتنی ئەوەی (دونیا بەتاڵە و بێ مانایە) تادەهات زیندانییەکانی قاوشەکەی بێزار دەکرد.

لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا ئێوارەکەی ئیسلام بەبێ هیچ هۆکارێک هەستایە سەرپێ و پەنجەی لە زیندانییەکان ڕاوەشاند و جوێنی ناشرینی پێدان و هەڕەشەی لێکردن، مەحمود و دەنیز بۆئەوەی هێوری بکەنەوە خۆیان گەیاندە لای، ئیسلام بەنیاز نەبوو هێوربیبێتەوە، ئەیوب و جودیش چوون بە هانایەوە، بەڵام ئیسلام جوێنی بە هەڤاڵەکانی دەدا و بە تەسلیمبوان ناوزەندی دەکردن و پێیانیدەوت ترسنۆک، تەنانەت بۆکسی هاویشتە ئەو هەڤاڵانەیشی کەچوبوون بە هانایەوە، خۆشبەختانە ئەم بۆکسانەی بەرکەس نەکەوت، زیندانییەکانی تریش هاتن و ئیسلامیان هێور کردەوە. لەڕاستیدا هەموو زیندانەکانی قاوشەکە لەبارەی ئیسلامەوە بێچارەبوون، هیچیشیان لەدەست نەدەهات، بەتەواوەتی ئەقڵی خۆی لەدەستدابوو، ئیتر وایلێهاتبوو تەحەمولی نەدەکرا.

قاوشی ژمارە ٥ شەوانە ئێشکگری خۆیان هەبوو، دوای ماوەیەک، شەوێکیان کە نەوزاد ئێشکگربوو لە کاتژمێر٢و٣دا، لەناکاو گوێی لە گرمە بوو، زیندانییەکانیش

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەئاگاهاتن، نەوزاد چووەلای پەنجەرەکەو هاواری بۆ پاسەوانەکان کرد، ئەمەیش بووە هۆی شڵەژاوی پێشمەرگەکان، لەناو قاوشەکەیش شڵەژاوی هاتەئاراوە، ئیسلام گڕی لە خۆی بەردابوو، ئەوانەی لە ئیسلامەوە نزیک بوون بە خێرایی بە بەتانیی ئاگرەکەیان کوژاندەوە، راستە ئاگرەکەیان کوژاندەوە، بەڵام هێشتا ئیسلام نوزەی دەهات، پێشمەرگەکان خۆیان گەیاندە بەردەم پەنجەرەکە و لە رووداوەکەیان دەڕوانی، هەندێك شوێنی قاچی و لەلای سکییەوەی کەمێک سووتابوون، لەبەرئەوەی زوو موداخەلەیان کردبوو ئیسلام نەسوتا.

دوای ماوەیەک نەوزاد بە زیندانییەکانی وت کە ئیسلام رابوو دەستی برد بۆ فانۆسەکە و دایگرت، یەکەمجار نەمزانی نییەتی چییە، بەڵام کاتێک دەبینێت نەوتەکە دەکات بەخۆیدا نەوزاد هاواردەکات و هەموو زیندانییەکان لەخەو بەئاگادەکاتەوە، لەهەمانکاتیشدا ئیسلامیش هاواری کردبوو، هەموو ئەم مەسەلەیە لەنێوان ٤بۆ٥ چرکەیەک هاتبووە ئاراوە، ئیسلام هیچ سلۆگانێکی نەوتبووەوە، هەوڵی خۆکوژییەکەی ئیسلام بە مەبەستی سیاسی نەبوو، چەندین ساڵە ئیسلام ئەم مەیلەی هەبووە، لە ماڵ و لەسەر چیایش ئەم کارەی کردبوو، جارێکی تر هەمان شتی لە زیندانەکە دووبارە کردەوە، بەهۆی موداخەلەی کوتوپڕی زیندانییەکانەوە ئیسلام لە مردن رزگاری ببوو، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بانگی ئیسعافیان کرد و دوای ١٠ خولەک ئیسلامیان برد، لەدوای خۆی بۆنی سووتانی بۆ هەڤاڵانی بەجێهێشت کەبەهۆی بۆنەکەوە رشانەوەیان دەهات.

ئەو شەوە زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ نەخەوتنەوە، چاوەڕێی گەڕانەوەی ئیسلام بوون، رۆژ بووەوە، بەڵام هێشتا ئیسلامیان نەهێنابووەوە، هەتا نیوەڕۆ چاوەڕێی ئیسلامیان کرد، هیچ هەواڵێک نەبوو، هەوڵیاندا زانیاری لە بەڕێوبەرایەتییەوە بەدەست بخەن، لە ئاکامدا مولازم قادر هات و بە زیندانییەکانی وت (لەبەرئەوەی خەستەخانەی ئاکرێ پێداویستی تەواویان نییە، دکتۆر بڕیاری دەرکردووە ئیسلام بەرن بۆ هەولێر)، شوێن سوتاوییەکانی ئیسلام مەترسی نەبوون، ئەگەرچی رەوانەکردنی ئیسلام بۆ هەولێر مایەی گومانیش بوبێت، بەڵام جگە لە چاوەڕوانی هیچی تریان لەدەست نەدەهات. دوای ئەوەی چەند رۆژێک بەسەرچوو کەچی هێشتا ئیسلامیان نەهێنابووەوە، هەوڵیاندا لەڕێی بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەوە هەواڵی ئیسلام بزانن، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە دەیانوت (لەبەرئەوەی براوە بۆ هەولێر ناتوانین زانیاری بەدەست بخەین)،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ماوەی هەفتەیەک تێپەڕی و بەردەوامیش بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هەمان قسەیان دووبارە دەکردەوە، بەڵام ئەوانەی هاتبوون بۆ سەردانی زیندانییەکانیان دەیانوت ئیسلام لە خەستەخانەی هەولێر گیانی لەدەستداوە و لە گۆڕستانی بێکەسان ناشتویانە.

زیندانییەکان بەم مردنەی ئیسلام غەمگین بوون، لەم حاڵەتانەدا زیندانیبوون سەختە بۆ مرۆڤ، لەم دواییەدا ئیسلام قاوشەکەی لە زیندانییەکان کردبوو بە دۆزەخ، بەڵام ئێستا هیچ لە زیندانییەکان ئەمەیان لەبیر نەمابوو، لەناکامدا هاوڕێ و هەڤاڵێکیان لەدەستدابوو، لەلایەکی تریشەوە نەدەزانرا مرد یان کوشتویانە، سوتاوییەکەی ئیسلام هەرگیز نەدەبووە هۆکاری مردنی، ئەمە وەکو گومانێک بەردەوام لە دڵیاندا مایەوە.

شاهین لەچاو هەڤاڵ و زیندانییەکانی تر ئەم مردنەی ئیسلام زیاتر کاریگەری لێکردبوو، سەرەتا لەگەڵ ئیسلامدا پەیوەندییەکی تۆکمەی هەبوو، بەیەکەوە پیلانی چالاکیان داڕشتبوو، دوای دەستبەرداربوون لە چالاکییەکە و تێکچوونی باری دەروونی ئیسلام، شاهین نەیتوانیبوو وەکو پێویست هاوکاری ئیسلام بکات، هەمیشە ئیسلام بیری لەمجۆرە خۆکوژییە کردبووەوە، شاهین درکی بەم خواستەی ئیسلام کردبوو، ئەگەر بە سەرنج و بە باشتر بە ئیسلامەوە خۆی سەرقاڵ بکردایە لەوانەبوو ئەم کارەساتە روونەدایە، لەوانە بوو ویژدانی شاهین ئازاری بکێشایە، هەرچەندە دوای دەستبەرداربوونیان لە چالاکییەکە، شاهین لەگەڵ ئیسلامدا هیچ قسەی نەکردبوو، دوای مردنی ئیسلام هەستی بە تەنیایی دەکرد و خۆیشی زیاتر گۆشەگیر کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٢٩

# نهێنییەکی جودی

هەوڵی خۆکوژییەکەی ئیسلام و مردنە گوماناوییەکەیشی لە قاوشی ژمارە ٥ جێی داخ بوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا ئەم تەمومژەی ناو قاوشەکە هێواش..هێواش دەڕەوییەوە. جودی وەکو کرداری هەمووجارێکی لەبەردەم پەنجەرەکە جیا نەدە بووەوە، چاوی دەگێڕا و تەماشای دیمەنە دڵڕفێنەکانی دەکرد و دەیویست بۆنوبەرامی بەهار هەڵمژێت و بیخاتە ناو قەفەزەی سنگییەوەی. بینینی ئەودارانەی خونچەیان دەردەکرد مەحاڵ نەبوو، زۆرینەی ئەم دارانە داری باخچەی ماڵەکان بوون، چیای ئاکرێ بەگشتی رووتەڵەیە، بە ئامادەباشی بۆ ئاگرکردنەوەی نەورۆز ئەمە مژدەی بەهاربوو، هەڵبەت قایمەقامی ئاکرێ ئەم بەهارەیش سەردانی نەکردن، جارێکی تریش جودی ئەم مەسەلەیەی وەبیر کەمال هێنایەوە، کەمالیش دەیوت (ئێمە بەمحاڵەوە کەی گرنگی دەدەین بە قایمەقام و مایمەقام).

گۆڕانکارییەکانی دەرەوە قاوشەکەی گەرم کردبووەوە، دوای ئەوەی ئەمریکا هێرشی کردە سەر ئەفغانستان دەنگۆی ئەوەهەبوو ئەمریکا هێرشی سەر عێراقیش بکات، ئەمریکا هاوپەیمانی دروستکردبوو، تورکیایش لەم هاوپەیمانییە بەشداربوو، بەڵام لەمبارەیەوە دەیانوت تورکیا بەوە بەم هاوپەیمانییە رازی دەبێت کە هاوکاری بکەن بۆ لەناودانی پەکەکە، هەروەها بۆچونی ئەوەیش هەبوو ئەگەر تورکیا لەگەڵ هاوپەیمانان هێرشی عێراق بکات ئەوە هەموو کورد لە دژی دەبنەوە و هاوپەیمانییەکی کورد دەخوڵقێنرێت، چونکو بە گشتی دەستکەوتەکانی کورد هەمیشە تورکیا بە ئامانجی گرتووە، هەربۆیە زۆر کەس و لایەن پێیانوابوو تورکیا نایەوێت ئەم مەترسییە لەچاو بگرێت، ئەگەر ئەم شەڕی عێراقە روویبدایە زیاتر ئەرک دەکەوتە سەر شانی کورد، باشوری کوردستان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەبووەوە مەیدانی جەنگ، ناكرێیەک کەهەر ٤٠بۆ٥٠ کیلۆمەترێک لە موسڵەوە دوورە، دەبووەوە هەدەفی یەکەمی سەدام حوسێن.
زیندانییانی قاوشەکە، لەبارەی گۆڕانکارییەکانەوە پرسیاریان لە زیندانییانی پەکەکە دەکرد و بە دڵ و بە گیان گوێیان بۆ هەڵسەنگاندنەکانیان دەگرت. بەگوێرەی زیندانییەکان ئەندامانی پەکەکە جوامێرن و بە زانستن و بە رێکخستن. لەکاتی گەنگەشەدا بیروبۆچونەکانی ئەوانیان بە گرنگ دەزانی و بە سەرنجەوە گوێیان بۆدەگرتن. هەموویان ئەوەیان دەزانی گۆڕانکارییەکی سیاسی هەرێمی دێتە ئاراوە کە لەگەڵ خۆیدا گۆڕانکارییەکی زۆر دەهێنێت، بەڵام لەبارەی ئەوەی کێ چیدەوێت و کێ چیدەکات زانیارییەکی ئەوتۆ نەبوو. زیندانییەکان تەنهاوتەنها بەهۆی هەواڵی تیڤی پەدەکە و زانیاری سەردانکەرەکانەوە دەیانتوانی لەبارەی گۆڕانکارییەکانەوە هەڵسەنگاندن بکەن. مام سەعید ونەنوەر شاکریش لەڕوانگەی خۆیانەوە لەبارەی گۆڕانکارییەکانەوە هەڵسەنگاندنی چڕیان دەکرد.
ئەو رۆژە نەوزاد سەردانکەری هەبوو، کە گەڕایەوە هەواڵی پێبوو کە مایەی جۆشوخرۆشی بوو. نەوزاد کە گەڕایەوە بۆ قاوشەکە داوای لە مەحمود، دەنیز، جودی، شاهین و ئەیوب کرد کە دەیەوێت لەگەڵیاندا قسە بکات، زۆر بە هەیەجان بوو، پێیانیوت (هەڤاڵان، ئەمڕۆ دایک و باوکم هاتن بۆ سەردانم و سڵاویان لە هەمووتان دەکرد، پێیانوتم هەڤاڵ جودی هەولێرییە، ناوی راستەقینەشی نەجات حوسێنە، بنەماڵەکەیشی سڵاوی بۆناردووە، کاتێک ئەم هەواڵەم بیست سەرمسوڕما، ئەرێ بەڕاست هەڤاڵ جودی هەولێرییە؟).
ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو زیندانییەکان سەریان سوڕبمێنێت، چەندین ساڵە ئەم نهێنییەی شاردووەتەوە، بەڵام ئێستا ئاشکرابوو، ترسی ئەوە هەبوو ئەوەی ئەمەی دەزانی بچێت ئەم هەواڵە بە بەرپرسیارانی زیندانەکە بڵێت، بەڵام کەس ئەمەی نەکردبوو، تاوانی نەوزاد کۆمەڵایەتی بوو، بەهۆی هۆکاری کوشتنەوە زیندانی کرابوو، لە دهۆکەوە مەنفا کرابوو بۆ زیندانی ناكرێ، کەسێک بوو کە دەتوانرا باوەڕی پێبکرێت، کەسێکی ژیر بوو. ئەوکاتەی ئیسلام ویستبووی خۆی بکوژێت بەهۆی ووشیاری ئەمەوە رێگری لێکرابوو، لێرە بەدواوە ئەویش نهێنییەکی بۆ ئاشکرابوو. لە هەموویشی گرنگتر ئەوەبوو کەسوکاری نەوزاد ئەمەیان زانی بوو، هەربۆیە لێرە بەدواوە لەوانەبوو ئەم هەواڵە هەمووکەسێک بیزانیایە. مەحمود و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەنیز تەماشای یەکتریان کرد، دوایش هەردووکیان لە جودیان روانی، هەردووکیان بیریان لەوە دەکردەوە چۆن وەڵامی نەوزاد بدەنەوە، دەیانویست خودی جودی خۆی وەڵام بداتەوە، نەوزاد باوەڕییەکی زۆی بە هەموویان هەبوو، ئەگەر جودی نکۆڵی لەمە بکردایە، بێباوەڕی دەهاتە ئاراوە، جودی بە پێکەنینەوە بە نەوزادی وت (بەڵێ راستە، بەڵام نابێت بۆکەس باسیبکەیت)، (بەڵێ راستە من بەکەس ناڵێم، هەرچۆنێک بێت خۆتان باسی دەکەن)، نەوزاد بەردەوام ئەوانی سەرسوڕمان دەکرد، ئایا دەبوایە چییان بوتایە؟، بنەماڵەی جودی لەگەڵ بنەماڵەی نەوزاد لەهەمان گەڕەک بوون، دایک و باوکی جودی چوبونە ماڵی نەوزاد و پەیامی گرنگیان بۆ جودی رەوانە کردبوو، هیوایان دەخواست هەواڵی ناخۆشیان رەوانە نەکردبێت، دایک و باوکی جودی هەواڵیان ناردبوو شەڕوپێکدادانەکان راوەستاون و دەبێت لێرە بەدواوە ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکات و کەسوکاریشی بێنە دیدەنی. جودی نەیویست نەوزاد زیاتر قسەبکات، هەربۆیە وتی: (نەخێر شتیوانابێت، چەندین ساڵە بەرخودانم کرد، بەردەوامیش دەبم، ئەگەر ناسنامەی خۆم ئاشکرا بکەم، ئەگەر لەم قاوشەبم کەسوکارم سەردانیم ناکەن، بۆ ئەم مەبەستەیش دەبێت بچمە قاوشی ژمارە٦وە، ئایا شتی وا گونجاوە؟، بەهیچ شێوەیەک من ئەمە قەبوڵ ناکەم).

جودی نیگەرانی و توڕەیی و سەرسوڕمانی لەیەککاتدا هەست پێدەکرد، رووی بەتەواوەتی سوور ببووەوە، بەردەوام دەیوت (من شتێکی وەها قەبوڵ ناکەم، قەبوڵ ناکەم)، نەوزاد بە جودی وت (هەڤاڵ جودی، پەلە مەکە، مۆڵەت بدە مەسەلەکان باسبکەم، کەسوکاری تۆ چوونە بۆ قەندیل، لەگەڵ هەڤاڵاندا قسەیان کردووە)، جودی وتی: (دایک و باوکم چوونە بۆ قەندیل؟)، (بەڵێ رۆیشتوون، ئەگەر مۆڵەت بدەیت باسی دەکەم، بەڵام تۆ رێگەنادەیت، دایک و باوکت چوونە بۆ قەندیل بە هەڤاڵانیان وتووە ئێمە پیربووین، تەمەنمان بووە بە هەشتا، دەمانەوێت پێش ئەوەی بمرین جارێکی تر جودی ببینەوە، هەرچۆنێک بێت برا گەورەکەی گەریلایە و فەرماندەیە، برایەکی تریشی لە پاریسە، برایەکی تریشی لە ساڵی ١٩٩٦ کوشتویانە، جودیش لەو پەلەمارەدا بریندار بووە)، جودی وتی: (لەوەدەچێت شتێکی تر نەماوە باسی بکەن!)، نەوزاد وتی: (بێگومان، بێگومان، دایک و باوکت وتویانە ماوەی ٥ساڵە زیندانە و نەچونەتە سەردانی، گرنگترینیان ئەوەیە جودی کادێر نییە، دەتوانێت ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکات، دەمانەوێت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەردانی بکەین، کە ئازادیش بوو بێتەوە بۆ ماڵ، دەمانەوێت کە مردین ئەویش لەلامان بێت، دەمانەوێت بەردەوامی بە نەوەمان بدەین، ئەمەیان بە هەڤاڵان وتووە، بەکورتییەکەی هەڤاڵ جودی کەسوکارت داوای گەڕنەوەی تۆیان لە ڕێکخستن کردووە).

مەحمود، دەنیز، کەمال، ئەیوب و شاهین بزکەیان دەهات، بەڵام جودی خۆی لە گێلیدابوو، جودی بیری لە دایک و باوکی دەکردەوە کەچۆن چوونە بۆ قەندیل. ماوەی ٥ساڵە بەرخۆدان دەکات و نەیویستووە لەسایەیدا کەس نیگەران و توشی بەڵابێت، چەندین ساڵە بەرخۆدان دەکات و یادەوەری هەیە و نیگەرانیشی هەبووە، بەڵام ئێستا کەسێک هاتووە دەیەوێت دونیای هەموو ژیانی سەروبن بکات. ئایا لەم هەلومەرجەدا دەکرا خەمی دایک و باوکی بکێشایە؟، جودی هەموو ژیانی خۆی بۆ بەرخۆدان تەرخان کردبوو، بەردەوامیش بوو، هەرچەندە دانی بە مەسەلەکان نەهێنابوو، بەڵام لەمبارەیەوە نیگەرانی هەبوو، هەندێکجاریش بیری لەوەکردبووە ئایا دەستبەرداربێت یاننا. ئەوکاتانەی لە پەنجەرەکەوە تەماشای ئاکرێی دەکرد، هەندێکجاریش بیری لەم مەسەلەیە کردبووەوە، ئەو بەڵێنێکی دابوو بە هەڤاڵەکانی، سوێندی خواردبوو، بەڵێنێدابوو هەرچییەک دەبێت بابێت هەرگیز دەستبەرداری بەرخۆدان نابێت، جگە لە ژیانی بەرخۆدان ژیانێکی تری بۆخۆی هەڵنەبژاردبوو.

نەوزاد بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوە، کەسوکاری جودی لەهەمبەر هەر بڕیارێکی ڕێکخستن ڕێزیان نیشاندەدا، پەکەکە داخوازییەکانی دایک و باوکی جودییان قەبوڵ کردبوو، ڕێکخستن سڵاویان بۆ جودی ناردبوو، داوایان لێ دەکرد ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکات.

مەحمود و دەنیز تەماشای یەکترییان دەکرد و سەریان سوڕمابوو، ئایا دەکرا چی بڕیارێک بدەن؟!، مەحمود بەگوێرەی ئەوەی جودی دەناسی، دەردی جودی ئاشکراکردنی ناسنامەکەی نەبوو، بە گوێرەی مەحمود دەردی گەورەی جودی ئەوەبو لە هەڤاڵەکانی جیاببێتەوە و بچێتە قاوشی ژمارە٦وە، بۆئەوەی چاوی بە کەسوکاری بکەوێت ئەمە مەرجێکی بنگەیی بوو، جودی هەرلە سەرەتاوە پەرچدانەوەی ئەم چوونەی بوو بۆ قاوشی ژمارە٦، جودی وتبووی (هەرگیزاو هەرگیز ئەمە قەبوڵ ناکەم)، ڕەنگی مەسەلەکە گۆڕابوو، پەکەکە مۆڵەتی ئەمەی دابوو، بەگوێرەی ئەوەی ئەم دایک و باوکە بەتەمەنە چوونە بۆ قەندیل،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەوەدەچوو ڕەوشیان باش نەبێت، لەوانەیش بوو ڕەوشی تەندروستیان زۆر خراپ بێت، بەگوێرەی ئەوەی وتوبیان (تانەمردوین دەمانەوێت کوڕەکەمان ببینین)، کێ دەیتوانی دەست بنێت بەڕووی داخوازی ئەم دایک و باوکە بەتەمەنە؟، ویژدان ئەمەی قەبوڵ نەدەکرد، ئەی دەستبەردار بوون لە هەڤاڵەکانی؟، ویژدان ئەمەیشی قەبوڵ نەدەکرد، هەتا بڵێیت ڕەوشێکی ناخۆش بوو.

نەوزاد ئەوەی دەیزانی هێنایە زمان، هەڤاڵەکانیشی لەئاستی ئەم مەسەلەیە بێدەنگ بوون، چاوەڕێی وەڵامی جودی بوون، لەناچاریدا جودی وتی: (هەڤاڵان مێشکم جەنجاڵ بووە، هەتا ئێستا پابەندی هەموو بڕیارێک بووم کە دراوە، لێرەیش بەدواوە هەروادەبێت، بڕیاری ئێوە هەرچییەک دەبێت من پابەندی دەبم)، ئەوەی لە نزیکەوە جودی و بنەماڵەکەی دەناسی مەحمود بوو، چوبووەماڵیشیان، نانی ماڵیانی خواردبوو، هەربۆیە هەڤاڵەکانی مافی قسەیاندا بە مەحمود، مەحمود وتی: (هەڤاڵ جودی، هەروەکو چۆن تۆ هەڤاڵێکی ڕێزداری ئێمەی، بنەماڵەکەشت بەهەمان شێوەیە، دایک و باوکە بە تەمەنەکەت، بەبێ ئەوەی هیچ سنورێک بزانن هاوکاری ئەم تێکۆشانەیان کردووە، ئەوەی لەدەستیان هاتبێت بۆ هاوکاری ئێمە کردوویانە، تەنانەت لەبارەی زۆر چالاکییمانەوە ڕێنماییانکردووە و چاوساغیشیان بۆکردووین، بەهەموو شێوەیەک دەستی هاوکارییان بۆ ئەم شۆڕشە درێژ کردووە، هێشتا دوو کوڕییان گەریلان، یەکێکیان شەهید بوو، تۆیش بریندارێت، وەکو وەڵاتپارێزێک ئەوەی ئەرکی سەرشانت بوو بەجێت هێناوە، لەهەمبەر خیانەتدا هەمیشە هەڵوێستت هەبووە، لەلایەکی تریشەوە دایک و باوکت چوونە بۆ قەندیل و ڕەزامەندی ئەوانیان وەرگرتووە هەربۆیە پێویستە ئەوەی پێویست بکات بیکەیت، وەک دەزانیت زیندانییانی قاوشی ژمارە٦کە تەسلیمییەتیان قەبوڵ کردبوو بردیانن بۆ زاوێتە، لەو جۆرە کەسانە لەو قاوشە نەماون، ئەوانەی ئێستای قاوشی ژمارە٦ ئەو وەڵاتپارێزانەن کە بەهۆی هاوکاریکردنی ئێمەوە زیندانی کراون، ئەگەر ناسنامەی خۆت ئاشکرا بکەیت و بتبەن بۆئەوێ ئەمە بە تەسلیمبوون هەژمار ناکرێت، دەتوانیت لە ناو قاوشی ژمارە٦دا پشتگیریکردنی ئەو وەڵاتپارێزانە بۆخۆت قازانج بکەیت و بەردەوام بیت لە تێکۆشان، هەمیشە وەکو هەڤاڵێکی بەڕێزی ئێمە دەمێنیتەوە، ئەوەی دایک و باوکت هێناویانەتە زمان ڕاستن، ناهەق نین، هەرچۆنێک بێت پەکەکەیش ئەمەی بە گونجاو بینیوە).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەحمود بینی هەرهەمان قسە دووبارە دەکرێتەوە، قسەی هەڤاڵەکانی تریشیان لەوەی مەحمود جیاوازتر نەبوون، رۆیشتنی جودی گونجاوبوو، ئەمە بەمانای تەسلیمییەت نەدەهات، هەرچۆنێک بێت پەکەکەیش رەزامەندی نیشاندابوو، لەوێش دەیتوانی بەرخۆدان بکات، لەمبارەیەوە دەبوایە ئاسودە ببوایە.

لە ئاکامدا هەموو هەڤاڵەکانی لەسەر ئەم بیرۆکەیە هاوڕابوون، پێنج ساڵ لەمەوبەر ئەگەر ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکردایە لەوانەبوو پەدەکە بیکوشتایە، بەڵام ئێستا هیچیان لەدەست نەدەهات و بڕیاریش درابوو ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکات. لەبارەی خۆڕاگری و تێکۆشانیشییەوە دەستخۆشی لێکرابوو، ئەگەر جودی لەمبارەیەوە ناڕەحەتیشی بکێشایە، بەڵام دەبوایە پابەندی بڕیاری هەڤاڵەکانی ببوایە، لەرێگەی کەسوکاری نەوزادەوە ئەم بڕیارەیان دەگەیاندە دایک و باوکی جودی، هەروەها جودی ناسنامەی راستەقینەی خۆی بە بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەیش دەوت، لەحاڵەتی ئاشکراکردنی ناسنامەکەی ئەو سەرسوڕمانەی بە دەموچاوی محەمەد ئەمین سورچییەوە بەدیدەکرا تەنها جودی دەیبینی.

جودی بە پاسەوانەکانی وت دەیەوێت بەرپرسی یەکەم ببینێت و راستەوخۆ بردیان، ئەوان پێیانوابوو لەوانەیە جودی دەستبەرداری بەرخۆدان بوبێت هەربۆیە ئەم داخوازییەی هەیە، ماوەی پێنج ساڵە ئەوان بانگی جودی دەکەن تاکو دەستبەرداری بەرخۆدان و پەکەکە بێت، بەڵام ئەمجارە جودی داوای بینی ئەوان دەکات، دیارە دەیەوێت ئەو خۆی بچێتە بەردەم دەرگایان، محەمەد ئەمین سورچی و سێ مولازم لە چاوەڕوانی ئەودابوون، بەشێوەیەکی زۆر رێزدارانە مامەڵەیان لەگەڵیداکرد، جودی بەبێ ئەوەی هیچ ئەملاوئەولا بکات، باسی لە مەسەلەکە کرد، ناسنامەی خۆی ئاشکرا کرد و داوای کرد کە دەیەوێت چاوی بە کەسوکاری بکەوێت. لەئاستی ئەم قسانە ئەوانەی ژوورەکە گەشکە گرتبویان، تەنانەت چەند خولەکێک نە بەرپرس و نە مولازمەکان لە ئاساوی خۆیاندا هیچیان نەوتبوو، چۆن دەبێت ماوەی ٥ساڵە ئەم نهێنییەیان لێشاردرابێتەوە؟!، چۆن درکیان پێنەکردووە؟!، ئەی باشە ئەم مەسەلەیە چۆن بگەهێننە سەرووی خۆیان؟، ئەمە بۆئەوان ژێرکەوتنێکی گەورەبوو، بەتایبەتی مولازم ئاشور، بەکەسێکی زۆر ژیر و زۆرزان ناوبانگی دەرکردبوو، چۆن دەکرا مولازم ئاشور درکی بە مەسەلەیە نەکردبێت کەلە بەردەم لووتی بوو؟!.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەردەی ئەم بێدەنگییە و شڵەژاوییە مولازم ئاشور دڕی، وتی: (بۆچی هەتا ئێستا ئەم مەسەلەیەت شاردووەتەوە؟)، جودیش وتبووی لەبەرئەوەی زیندانییە و لەوانەیشە بیكوژن بۆیە ئەم مەسەلەیەی باسنەكردووە، بەرپرس و مولازمەكانی تریش بۆئەوەی جودی بناسن پرسیارێكی زۆریان لێكرد، لە ئاكامدا بەرپرس وتی: بۆئەوەی چاوی بكەوێت بە كەسوكاری بیبەن بۆ قاوشی ژمارە٦، جودیش ئەمەی قەبوڵكرد و دوای ئەوەی ئەم دانیشتنە دوو كاتژمێری خایاند، گەڕایەوە بۆ قاوشی ژمارە ٥، جودی گەڕایەوە بۆ جیابوونەوە و بەمەیش زۆر غەمگین بوو.

چوونی جودی بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی و مانەوەی بەو شێوە زۆرە، ببووە مایەی مەراقی زیندانییەكان، دەبوایە لەمبارەیەوە روونكردنەوەی بدایە، كە جودی گەڕایەوە داوایانلێكرد قسەیان بۆبكات، ئەویش بە كورتی وتی: (لەبارەی منەوە دەیانوت گوایە گومانیان هەبووە، یەكێكی تر دەیوت پێموابووە هەولێرییە، یەكێكی تر دەیوت لە هەولێری دەچویت، دەیانوت قسەكانت كەمێك لە هەولێری دەچوو، دەیانوت قسەكانت لە سۆرانییان دەكرد)، سەرسوڕمانی خۆیانیان نەشاردبووەوە، راستە گومانیان هەبووە، بەڵام كەسیان تەخمینی ئەوەیان نەكردبوو هەولێری بێت. لەم حاڵەتانەدا نیشان نەدانی كاردانەوە بۆئەوەی دڵی خۆت ئاسودە بكەیت ئەمە لە خوێنی مرۆڤدایە شتێكی خۆڕسك نییە، كەس نەیدەتوانی بڵێت وەڵڵا من دركم كردبوو، بەڵام هیچم نەوت. هەموویان لەئاستی ئەم مەسەلەیە ببوون بە كەڕەی شەربەت. بەگوێرەی ئەوەی كەسێكی ئیستیخباراتچی وەک ئەنوەر شاكر دركی نەكردبێت كەواتە كەس دركی پێنەكردووە، ئەو رۆژە و ئەو شەوە هەرباسی جودی بوو.

سبەی مولازم ئاشور هاتوو و، داوای لە جودی كرد خۆی ئامادە بكات تاكو بیبات بۆ قاوشی ژمارە٦، پێیانوابوو لە دوێنێوە جودی ئامادەباشی ئەمەی كردووە، بەڵام هیچی نەكرد بوو، دوای ئەوەی مولازم ئاشور رۆیشت چاوەكانی جودی پڕبوون لە فرمێسك، نەیدەتوانی هەزمی بكات كە دەچێت بۆ قاوشی ژمارە٦، بە درێژایی تەمەنی بیری لەوە نەكردبووەوە هەڤاڵەكانی جێبهێڵێت. هەڤاڵەكانیشی كەسوكاریان هەبوو، بنەماڵەی هەڤاڵەكانی بێئاگابوون لەوەی كوڕەكانیان لەچی رەوشێكدایە و لە چی دۆزەخێكدا دەژین، كەچی جودی دەچێت بۆ قاوشی ژمارە٦ و چاوی بە كەسوكاری دەكەوێت. ئەو ئەمەی پێقەبوڵ نەبوو، بەیەكەوە هاتبوونە ئەم زیندانییە نەفرەتییە و بەیەكەوە یان ئازاد دەبوون یان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جەستەیان بە مردوویی لێرە دەردەچوو. ئەوان بەیەکەوە ناڕەحەتییەکی زۆریان چێژابوو، ئێستا چۆن دەکرێت پشتیان تێبکات و ژیانی ئەوان زیاتر و زیاتر پەرێشان بکات، ئایا دەکرا هەڤاڵانی جێنەهێشتایە؟!.

دەنیز وتی: (هەڤاڵ جودی، هەستە سەرپێ و خۆت ئامادەبکە، هەرچۆنێک بێت بۆ شوێنێکی دوور ناچیت، دەچێتە قاوشەکەی پەنامانەوە، لەیەکەوە نزیکین، بەیەکەوە لەم زیندانە دەردەچین، خۆتۆ دەستبەرداری بەرخۆدان نابیت، لەوێش بەردەوامی بە بەرخۆدان دەدەیت، هەمیشە هەڤاڵی بەڕێز و باش بوویت، لێرە بەدواوەیش هەروا دەمێنیتەوە)، دەنیز بەشێوەیەک قسەیکرد کە ئاگاداری دوودڵییەکەی جودییە، بەنیاز بوو بە جودی بڵێت کارلەکار ترازاوە. دوای ئەم قسانە، جودی هەستا و باوەشیکرد بە دەنیزدا و دەستیکرد بە گریان. هەموویان دەیانزانی جودی کەسێکی هەستیارە، مەحمود و دەنیز دانیان بەخۆیاندا گرتبوو کە نەگرین، دەیانەویست لەرێگەی چەند قسەیەکی قۆشمەوە کەشوهەواکە بگۆڕن. دوای ئەوەی جودی باوەشی بە هەموو زیندانییانی پەکەکەدا کرد، ئینجا ماڵئاوایی لە زیندانییەکانی تریش کرد، پێیوتن ئەگەر قوسورێکم بوبێت لێم ببوورن. هەموو زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ بە جیابوونەوەی جودی دڵتەنگ بوون، بەپێچەوانەیشەوە زیندانییانی قاوشی ژمارە٦ بەهاتنی جودی بەختەوەر بوون، زۆرینەیان جودیان دەناسی و خۆشیان دەویست. جودی کە چووە قاوشی ژمارە٦وە لەوێش چووە بەردەم پەنجەرەکەوە، چاوی لەو هەڤاڵانەی بڕیبوو کە دەچوونە ساحەکەوە، لەکاتی چوونە دەرەوەی زیندانییانی قاوشی ژمارە٦ دەچوونە بەردەم پەنجەرەی قاوشی ژمارە ٥وە چاکوچۆنیان لەگەڵ زیندانییەکان دەکرد و ئەو زانیارییانەی بەدەستیان دەگەیشت بەوانیان دەوت.

ڕۆژی چوارشەممە زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ چوونە بەردەم پەنجەرەکە، مەحمود یەکەم کەس بوو کە بینی دایک و باوکی جودی هاتوونەتە ساحەکەوە، مەحمود ئەوانی دەناسی، مەحمود دایک و باوکی جودی نیشانی زیندانییەکانی تردا. مەلازم ئاشور هەردووکیانی بردە ژووری بەڕێوبەرایەتییەوە، دوایش جودیان برد بۆهەمان ژوور. دوای ماوەیەک جودی و دایک و باوکییان برد بۆ شوێنی زیارەت، دوای کاتژمێرێک جودی بە غەمگینییەوە گەڕایەوە بۆ قاوشەکەی خۆی.

ئەوکاتەی بەرامبەر قاوشی ژمارە ٥ تێپەڕی، زیندانییەکان بە جودییان وت (چاودڵت ڕۆشن هەڤاڵ جودی)، ئەویش وتی: (زۆرسوپاس هەڤاڵ، دایک و باوکم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سڵاوی گەرمیان هەبوو بۆتان، چاوتان ماچدەکەن)، (ڕەوشیان چۆنە؟)، (وەکو دەبینن باشە)، (کەهاتنەوە سڵاوی ئێمەیان پێبڵێ)، (بێگومان).
دوای ئەم قسانەی نێوانیان، جودی چوو بۆ قاوشەکەی خۆی، هەموو چوارشەممەیەک ئەم دیالۆگانە دووبارە دەبوونەوە. دوای ئەوەی دوو مانگ بەسەرچوو بەسەر چوونی جودی بۆ قاوشی ژمارە٦، کەمال ویستی قسە لەگەڵ مەحمود و دەنیز بکات، کەمال راستەوخۆ وتی: (ئەوە ماوەی ١٢ساڵە لەناو ئەم تێکۆشانەدام، هەتا ئێستا نەدابڕام و نەشم توانیی ببم بە کادیرێکی باش، کارێکیشم نەکرد پێچەوانەی پرانسیپی ڕێکخستن بێت و نە بیریشم لە کارێکی وەها کردەوە، ماوەی پێنج ساڵە لەگەڵ ئێوەدا لەهەمبەر ئەم هەلومەرجە بەرخۆدان دەکەم، هەرچەندە تەسلیمییەتم قەبوڵ نەکردووە، بەڵام نەمتوانی پرانسیپی ڕێکخستنی بەرجەستە بکەم، تەمەنم بوو بە ٥٠ساڵ، ئەگەر ئازادیش بم، دوای ئەم تەمەنەم ناتوانم خزمەتێکی ئەوتۆی ڕێکخستن بکەم، لەبارەی شۆڕشگێڕییەوە نەتوانام ماوە و نە ئیدیعایش، نایشزانم لێرە چەندێکی تر دەمێنمەوە، هەربۆیە دەچمە قاوشی ژمارە٦، دوای ماوەیەک لەمانەوەم لەم قاوشە، دەمبەن بۆ کەمپی زاوێتە و لەوێ ئازادم دەکەن، کە ئازادکرام ژیانێکی سادە بۆخۆم پێکدەهێنم، لێرە بەدواوە شۆڕشگێڕێتی ناکەم).
ماوەی چەندین کاتژمێر، مەحمود و دەنیز قسەیان بۆ کەمال کرد هەتا بتوانن لە قاوشەکە بیهێڵنەوە، باسیان لە مێژووی بەرخۆدان و شەهیدان و بەتایبەتی باسیان لە ئۆزان کرد کە کاریگەری بەسەر ئەوەوە بووە، باسیان لە جیاوازی هێڵی نێوان تەسلیمییەت و بەرخۆدان کرد، کەمال بڕیاری خۆی دابوو، هەردەچوو، ئەگەر ئەو بچوایە تەنها و تەنها دەنیز، مەحمود، شاهین و ئەیوب دەمانەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٣٠

# نەخۆشییەکەی شاهین

زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ بە دەسپێکی ساڵی ٢٠٠٢ هەرچەندە بەختەوەربوون، بەڵام خێری ئەوانی تێدانەبوو. دوای مردنی ئیسلام و ڕۆیشتنی کەمال، ئەمجارەیان شاهین نەخۆشکەوت، دوای ئەوەی شاهین ویستبووی سەربەخۆیانە چالاکی ئەنجام بدات، کە سەرنەکەوت خۆی گۆشەگیر کردبوو، ئەم سەرنەکەوتنەی بۆخۆی کردبوو بە دەرد، دڵی لە هەڤاڵەکانی ڕەنجابوو. ئەم هەموو ناخۆشی ڕەشی زیندانی و بێ خۆراکی و بێ هەوایی و کێشەی نەبوونی پاکوخاوێنی هەموو ئەمانە بیوونە هۆکار کێشەی تەندروستی بۆدروست بکەن. سەرەتا درک بەمە نەکرابوو، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، شاهین لاوازتر دەبوو، بەردەوامیش دەکۆکی، دەموچاوی بەتەواوەتی سپی هەڵگەڕابوو، هەموو ماسولکەکانی دەرچووبوون، بەردەوام دەکۆکی و بەڵغەمی فڕێدەدا، کە دەکۆکی وەکو ئەوەوابوو هەناوی بێتە دەرەوە.
نەخۆشییەکەی شاهین لەوەدەچوو سیل بێت، نەخۆشییەکەی زۆر جدی بوو، هەڤاڵێکیان لەبەرچاوی هەڤاڵەکانی تریدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەکو مۆم دەتوایەوە، لە کەناری مردندابوو. بەرپرسیارانی پەدەکە لەبارەی نەخۆشی و مردنی شاهینەوە مێش میوانیان نەبوو، شاهین ئەمەی دەزانی، لەلایەکی تریشەوە شاهین تەنازولی نەدەکرد لەبارەی چارەسەرییەوە داوای هاوکاری لە پەدەکە بکات، دەبوایە لەمبارەیەوە شتێک بکرایە. دوای ئەوەی ماوەی هەفتەیەک بەسەر ڕۆیشتنی کەمال تێپەڕی بوو، دەنیز بە مەحمودی وت:
(ماوەی پێنج ساڵە لەم زیندانەدا نارەحەتی زۆرم چێژا، بەڵام هیچیان ئەوەندە ئازاریان نەداوم کە بەچاوی خۆم ببینم شاهین گیان لەدەست بدات)، مەحمودیش وتی: (ئەمە ئاخی دڵی منیشە، دەبێت چارەسەرییەک بدۆزینەوە)، دوای ئەوەی ماوەیەک بێدەنگ بوون، مەحمود وتی: (چارەسەری ئەم مەسەلەیە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پارەیە)، محەمەد ئەمین سورچی دین و ئیمانی پارەبوو، بەڵام ئەمان نە پارەیان هەبوو، نە شتێکیشیان شک دەبرد کە وەک بەرتیل بیدەن، ئایا دەکرا زیندانییەکانی قاوشەکە لەم بارەیەوە هاوکارییان بکردایە؟، لەمبارەیەوە دەنیز بیری لە ئیسماعیل و سامی کردەوە کە برابوون، هەردووکیان لە عەشیرەتی بارزان بوون، محەمەد ئەمین سورچی ڕێزی لە ئیسماعیل دەگرت، دەکرا ئەمە تاقیبکەنەوە. ئەم بیرۆکەیە مەحمودیش بەدڵی بوو، پرسیاری ئەم بۆچونەی خۆیان لە ئەیوبیش کرد، ئەویش وتی: گونجاوە.

ئێوارەکەی لەگەڵ ئیسماعیل قسەیان کرد، ئیسماعیلیش ڕەوشی شاهینی دەزانی، پێویستی بە تەداوی هەبوو، ئەگەر ئیسماعیل قسەی لەگەڵ محەمەد ئەمین سورچی بکردایە، دەستی لەرووی نەدەنا، خەرجی تەداوییەکەی هەرچەندێک بوایە دەیاندا.

ئیسماعیل زۆر بەجوانی گوێی بۆگرتن، پاشان وتی: (بێخە مبن هەڤاڵ، لە ئێستاوە وابزانن ئەمکارە بووە)، ئیسماعیل درکی بەوە کردبوو پێویستیان بە پارەیە، شاهین هەڤاڵی ئیسماعیلیش بوو، خۆشیدەویست. لەناو قاوشەکەدا زیندانی دەوڵەمەندیش هەبوون، بەدڵخۆشییەوە ئامادەبوون هاوکاری مادی بکەن، بە گشتی ئەوانەی زیندانەکە ئامادەبوون مەسەلەی پارە چارەسەر بکەن.

هەڵویستە جوامێرییەکەی ئیسماعیل هەموویانی هەژاندبوو، لەوەدەچوو ئەم کێشەیە بە ئاسانی چارەسەر ببێت. ئیسماعیل بە پاسەوانەکانی وت دەیەوێت چاوی بە بەرپرس بکەوێت، بەڵام ئەم داخوازییەی کەمێک درەنگ وەڵام درایەوە. دوای ئەوەی بانگکرا، دوای ١٥بۆ٢٠ خولەکێک گەڕایەوە، کە گەڕایەوە دەم بە خەندەبوو. بەڕێوەبەر وتبووی بۆ چارەسەری ئەوەی لە دەستی بێت دەیکات، هەروەها وتبووی پارەی داودەرمان دەبێت خۆیان بیدەن، پارەی دەرمان لەچاو دەرەوە بە دوو قات و سێ قات دەیانفرۆشت، کە ببووە دەرگای خێروبەرەکەت بۆ بەرپرسیارانی زیندانەکە. ئیسماعیل پێیانیوتبوو بەهاکەی هەرچەندە بە زیادەوە دەیدەین، ئەم وەڵامەی ئیسماعیل هێنایەوە زیندانییەکانی بەختەوەر کرد، مەسەلەی تەداویکردنی شاهینیان چارەسەرکردبوو.

دوای رۆژێک بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە شاهینیان برد بۆ نەخۆشخانە، دوای چەند کاتژمێرێک گەڕایەوە، زیندانییەکان تەخمینی ڕەوشی خراپی نەخۆشییەکەی شاهینیان کردبوو، شاهین توشی نەخۆشی سیل ببوو. مولازم ئاشور هاتە بەردەم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەنجەرەکە و وتی: (هەڤاڵان، شاهین تووشی نەخۆشی سیل بووە، ئەمەیش لەیەکێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ یەکێکی تر، هەربۆیە هەتا چاک دەبێتەوە لە حوجرەی تاکەکەسی دایدەنێین، نەکە بیربکەنەوە کە ئێمە بەنیازین لە ئێوەی دوور بخەینەوە، ئەمە شێوازی تەداوییە، کە دێنە ساحەکەوە دەتوانن قسەی لەگەڵدا بکەن)، دەنیز وتی: (ئەو حوجرەیەی باسیدەکەی زۆر پیسوپۆخڵە، ئەگەر کەسێکی بە تەندروست بخەنە ئەوێ لەناو ئەو پیساییەدا نەخۆش دەکەوێت، پێویستە سەرەتا حوجرەکە پاکبکرێتەوە، دوای ئەوە هەڤاڵەکەمان بۆئەوێ بەرن).
مولازم ئاشور لەمبارەیەوە هیچ کێشەی نەبوو، بۆچونێکی گونجاوبوو، دەنیز و ئەیوب، فلچە و تایت و پێداویستی پاکوخاوێنییان هەڵگرت و چوون بۆ پاککردنەوەی ئەو حوجرەیەی کە شاهینی لێدەمایەوە، دوای هەوڵێکی زۆر حوجرەکەیان زۆربەباشی پاککردەوە، دوایش شاهینیان دەبرد بۆ ئەوێ. بەلای کەمەوە رۆژی دووجار سەردانی شاهینیان دەکرد و وورەیان پێدەدا و دڵیان دەدایەوە، لەبارەی دەرمانیشەوە زیندانییەکانی تر هاوکارییان دەکرد، لەمکارەدا بەڕێوەبەر و دکتۆری زیندانەکە سوودمەند دەبوون، ئەو دەرمانانەی بە خۆڕایی وەریاندەگرت، ئێستا بە سێقات دەیانفرۆشتەوە، لەبەرئەوەی مەسەلەی مانونەمان بوو زیندانییەکان ناچاربوون ئەو پارەیە بدەن.
مەسەلەی حانوتیش لەئارادابوو، لەبەرئەوەی شاهین زۆر ناساغ بوو دەبوایە خواردنی باشی بخواردایە، هەربۆیە لە حانووت میوە و سەوزە و خواردەمەنی سارد و دۆندرمەیان بۆ شاهین دەهێنا. لەبەرئەوەی کەشوهەوا گەرم بوو دەبوایە شاهین خواردەمەنی ساردی بخواردایە، سەرەتا ئەوەی دەیانبرد بۆشاهین نەیدەخوارد، ئەو نەیدەویست ئەوەی دەیخوارد هەڤاڵانی نەیخۆن، هەربۆیە دەنیز پێیوت (لەبەرئەوەی دەمانزانی بەو شێوەیە بیردەکەیتەوە، هەربۆیە ئێمەیش بۆخۆمان هەمان شتمان کڕیوە)، بەمشێوەیە شاهین قەناعەتی هێنا، بەڵام ئەمە راست نەبوو، هیچیان بۆخۆیان نەکڕیبوو، هەموو توانایان لەپێناو چاکبونەوەی هەڤاڵەکەیان خەرج دەکرد.
تەداوییەکە و هاوکاریکردنی هەڤاڵان شاهینی چاک کردبووەوە، رۆژ لەدوای رۆژ چاکتر دەبووەوە، لەماوەی مانگێک هاتبووە سەرخۆی و لە نەخۆشییەکە رزگاری بوو، کە گەڕایەوە بۆ قاوشەکە کێشیشی زیادی کردبوو، بەمشێوەیە ئەو دڵشکاوییەی هەیبوو لە ئاستی هەڤاڵەکانیدا لەیادی کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چاك بوونەوەی شاهین بووە هۆكار كە مۆراڵی هەموویان بەرز ببێتەوە. گۆڕانكارییە سیاسییەكانیش هۆكارێكی تربوون كە دڵخۆشیان بكات. گەنگەشەی ئەوەیان دەكرد كە لە تیڤی پەدەكەوە دەوترا، دوای ئەوەی ئەمریكا هێرشی سەر ئەفغانستانی كردووە، ئەمجارەیان لەگەڵ هاوپەیمانەكانیدا هێرش بۆسەر رژێمەكەی سەدام حوسێن دەكەن، ئەوەی مایەی مەراق بوو ئەوەبوو ئایا هەڵوێستی دەوڵەتی تورك چیدەبێت. باسیان لەوە دەكرد، لەحاڵەتی هاوپەیمانی توركیا، سەرۆك وەزیران بولاند ئەجەڤیت لەوانەیە ئەم بەشداربوونەیان بكەن بە مامەڵە دژ بە دەستكەوتەكانی كورد، ئەجەڤیت دەیوت دوای نەمانی سەدام كۆنترۆڵكردنی باشوری كوردستان بدەنە دەستی ئێمە، بۆ ئەم مەبەستەیش دەوڵەتی تورك پەیوەندی بە پەدەكەوە دەكرد، دەوڵەتی تورك سڵی لە هەڕەشە نەدەكردەوە لە ئاستی حیزبەكانی باشوری كوردستان. تیڤی پەدەكە لەزاری سەرۆك وەزیرانی توركیا بڵاویكردەوە كە وتویەتی (ئێمە لە باكوری عێراق بەهیچ شێوەیەك دەوڵەتی كوردی یان هەر ستاتویەك بێت قەبوڵ ناكەین، ئەگەر لە ئەرجەنتینیش دەوڵەتی كوردی دابمەزرێنرێت موداخەلەی دەكەین)، لەهەمبەر ئەم قسانە، مەسعود بارزانی وتویەتی (ئەگەر دەوڵەتی تورك هێرشمان بۆ بهێنێت، بیانەوێت فەتحمان بكەن، هەتا دوا هەناسە بەرگری لە خۆمان دەكەین)، بەگوێرەی ئەم لێدوانەبێت، حاڵی حازر نێوان پەدەكە و دەوڵەتی تورك باش نییە. بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی سەردانكەران دەیانهێنا، گوایە پەدەكە و یەنەكە و گەلیش لەبارەی داگیركاری دەوڵەتی توركەوە نیگەرانن، لەهەمانكاتدا ئەمریكا بەم سیاسەتەی حكومەتی توركیا ناڕەحەت بووە، هەربۆیە زەختی لە توركیا كرد و دەیویست بەرەو هەڵبژاردنیان بەرێت، لە ئاكامدا توركیا بەرەو هەڵبژاردن چوو.

تێكچونی پەیوەندییەكانی نێوان پەدەكە و توركیا بووە هۆكار كە هێزە كوردییەكان لەیەك نزیك ببنەوە، براگەورەی هەریەك لە ئەكرەم و عیماد لە مانگی ئابدا هاتن بۆ سەردانیان، براگەورەكەیان باسی لەوەكردبوو عوسمان ئۆجەلان لە مەسیف سەلاحەددین چاوی بە مەسعود بارزانی كەوتووە، بنەماڵەی ئەكرەم و عیماد دوایی چوونەتە ناو پارتییەوە، براگەورەی ئەكرەم و عیماد پاسەوانی تایبەتی مەسعود بارزانی بوون، ئەكرەم و عیماد باسیان لە خۆڕاگری زیندانییانی پەكەكەیان بۆ برا گەورەكەیان كردبوو، وایانكردبوو كە ئەویش هەستیاربێت لەهەمبەر خەباتی زیندانییانی پەكەكە، ئەویش ئەم زانیارییانە دەگەیەنێتە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرپرسیارانی پەدەکە، ئەمەیش نیشانەی ئەوەبوو کە ناوبەری پەدەکە و پەکەکە هەتا دەهات باشتر دەبوو. ئەکرەمیان ئەم هەواڵەی بە جۆشوخرۆشییەوە هێنایە زمان، زیندانییەکانیش بە جۆشبوون، ئومێدیان بەم قسانە هەبوو، بەڵام نەیاندەویست دەرییبڕن، لەم رەوشانەدا دەیانوت (ئێرە رۆژهەڵاتی ناوینە، کەی گۆڕانکاری دەکرێت و چی دێتە ئاراوە کەس نایزانێت)، بێشک ناحەقیشیان نەبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٣١

# رزگاربوون لە زیندانی ئاکرێ

لە پایزی ساڵی ٢٠٠٢دا، باسیان لەوەدەکرد کەی و چۆن هێرشی سەر عێراق دەکرێت، بەکۆی گشتی پێیانوابوو ئەمریکا بۆردۆمانی بەغداد دەکات، بەگوێرەی ئەنوەر شاکر بەنیازن کۆتایی بە دەسەڵاتی سەدام حوسێن بهێنن، بەمزووانە دەستپێدەکەن، هەروەها پێیوابوو بەمزووانە زیندانییانی پەکەکەیش ئازاد دەکرێن. مام سەعیدیش هەمان بیروبۆچونی هەبوو، بەگوێرەی دوا هەواڵ کە ئەکرەم هێنابووی هەمانشتی دەوت، لە مانگی تشرینی یەکەم، بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە بانگی دەنیز، شاهین، مەحمود و ئەیوبیانکرد، ئەمەیش نیشانەی مژدەیەکی خۆشبوو، هەتا ئێستا بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە، یەک .. یەک بانگی زیندانییان دەکرد، بەڵام ئێستا هەرچواریان بەیەکەوە بانگکرابوون، ئەمەیش نیشانەی گۆڕانکاری تازەبوو.

ئەوکاتەی زیندانییەکان چوونە ژووری بەڕێوبەرایەتی زیندانەکەوە، کەسانێک پێشوازییان لێکردن کە لە کەمپی زاوێتەوە هاتبوون، ئەمە یەکمجاربوو هەر چواریان بەیەکەوەبن. ئەوانەی هاتبوون ئەوانەبوون کە لە ئامەد و بۆتان گەریلایەتییان کردبوو، مەحمودیان دەناسی، مەحمودیش ئەوانی ناسییەوە. کە مەحمودیان بینی، ویستییان بەهانەی خۆیان بهێننە زمان کە بۆچی وازیان لە پەکەکە هێناوە و لە کەمپی زاوێتەن، بە مەحمودیان وت:

(هەڤاڵ مەحمود. تۆ ئێمە دەناسیت، ئێمە ئەو کەسانە نین پشت لە پەکەکە و گەلەکەمان بکەین، چەندین ساڵ بەیەکەوە خەباتمانکرد، دژ بە دوژمن جەنگاوین، بریندار بووین و لە مردن گەڕاینەوە)، مەحمودیش بەتوڕەییەکەوە وتی: (هەرلەبەر ئەم قسانە هاتوون؟)، (نەخێر، سەرۆکایەتی دیلی دەوڵەتی تورکە، پێویستە بزانن دوای ئەوەی هێزی گەریلا پاشەکشێی کرد بۆ باشوری کوردستان زۆر گۆڕانکاری هاتنە ئاراوە، هیچ شتێک وەکو جاران نییە، ئێمە زۆر هەوڵماندا هەتا لە بەرخۆدان دانەبڕیین، بەڵام عوسمان ئۆجەلان و بۆتان کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆنسەی سەرۆکایەتین سیاسەتێکی زۆر خراپیان کرد، بەتایبەتی ویستیان ئەوانەی فیداکارن و شۆڕشگێڕن و گرێدراوی سەرۆکایەتین تەسفییە بکەن، بەکەسانی وەکو ئێمەیان دەوت ئێوە ئەندازیاری شەڕن و بەگوێرەی شەڕ شێواز وەردەگرن، لێرە بەدواوە بەکەڵک نایەن، ئێوە بوونەتە بەڵای ئەم شۆڕشە).

مەحمودیش وتی: (ئێوە لەبارەی کۆنسەی سەرۆکایەتییەوە درۆدەکەن، پروپاگەندەی خراپ دەکەن، وادەزانن ئێمە باوەڕ بەم قسانە دەکەین؟)، مەحمود بەتەواوەتی توڕەببوو، مەحمود بەنیازنەبوو خۆی رادەستی گرووپی زاوێتە بکات کەدەیزانی چیدەکەن و چیناکەن.

پێیانوت (هەڤاڵ مەحمود، ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەمانزانی کە هەڵویستێکی لەم جۆرەت دەبێت، ئێمە لەناو پەکەکەدا ببووین بە فەرماندەی مەفرەزە و کەرتیش، کێ دەیەوێت دژایەتی رەنجی خۆی بکات؟، هەڤاڵانمان تێدابوو لە پەنامانەوە شەهید بوون و لە پێناو ئێمەدا گیانی خۆیان بەختکرد، ئایا کەسێک هەیە بیەوێت پشت بکاتە رێبازەکەی ئەوان؟، بێشک لە تۆیش حاڵی دەبین، چەندین ساڵە زیندانیت، لەبارەی رێکخستن و گۆڕانکاری و هەلومەرجەکانی دەرەوە بێئاگان، رۆژێک دێت لێرە دەربچن، ئەوکاتە حاڵی دەبن قسەکانمان راستن، بەداخەوە ئەوکاتە زۆر درەنگ دەکەویت، بەڕاشکاوی دەڵێم، ئێمە بەهۆی عوسمان ئۆجەلان و بۆتانەوە لە پەکەکە دابڕاین، تەنها ئێمەیش نین، هەڤاڵێکی زۆریتریش هەن دابڕاون کەتۆ دەیانناسیت). (ئێوە هاتوون بۆ ئێرە تاکو مژدەی دابڕانی خۆتانمان پێبڵێن؟)، دەنیزیش لەهەمبەر ئەم قسانە بەزۆر دانی بەخۆیدا گرتبوو، هەڵوێستەکانی ئەوانەی لە زاوێتەوە هاتبوون ببووە مایەی توڕەبوونیان، دەیانویست هەرچییەک هەیە بە زووترین کات بیڵێن و ئەوێ جێبهێڵن، یەکێکیان وتی: (نێچیرڤان بارزانی ئێمەی ناردووە بۆ ئێرە)، دوای ئەم قسەیە کەس قسەی نەکرد و ئەوانەی لە زاوێتەوە هاتبوون دەیانویست لێرە بەدواوە کاردانەوەی زیندانییەکان بزانن، لەوانەبوو بیانویستایە هەڵوێستی ئەوە وەربگرن کە بڵێن (چی؟!، نێچیرڤان بارزانی؟)، بەڵام نە مەحمود و نە دەنیزیش کاردانەوەیان نەبوو، تەنها گوێیان دەگرت و دەیانویست بزانن ناکامەکەی ئەم دیدارە بەرەو کوێ دەچێت.

یەکێکیان وتی: (نێچیرڤان بارزانی پەیامێکی بۆئێوە هەیە، ئێمەیش هاتین پێتانی رابگەهێنین، نێچیرڤان بارزانی پێیوتین، پێیانبڵێن ئەگەر دەڵێن وازمان لە پەکەکە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێناوە و ئیتر خۆراگری ناکەین، ڕاستەوخۆ لە زیندانی ئاکرێ ئازاد دەکرێن و بۆکوێشیان بوێت دەیانێرین، ئەگەر حەزیش دەکەن باخۆیان دوایی بچنەوە ناو پەکەکە، بەڵام دەبێت دەستبەرداری بەرخۆدان بن، ئەگەر ئەم داخوازییەمان قەبوڵ نەکەن، ئەوا هیچ کاتێک لە زیندانی ئاکرێ دەرناچن و هەرگیزیش جارێکی تر پەکەکە نابیننەوە، ئێستا پێمانبڵێن لەمبارەیەوە دەڵێن چی؟).
مەحمود بە توڕەبونێکەوە لە شوێنەکەی خۆی هەڵسا و پێیوتن (ئێوەیش بە نێچیرڤان بارزانی بڵێن، ماوەی پێنج ساڵە کارمەندەکانی ئێرە هەمان تەکلیفمان لێدەکەن، با ئەو تەکلیفە بنێت بە نێوچەوانی خۆیەوە، ئێمە هەتا دوا هەناسەمان بەرخۆدان دەکەین)، دەنیز و شاهین و ئەیوبیش هەستابونە سەرپێ، هەموویان ببوون بە یەک دەنگ و وتیان (باتەکلیفەکە لە نێوچەوانی خۆی بدات، ئێمە وەک پەکەکە هاتین بۆ ئەم زیندانە و بەمردن بێت یان بە زیندوویی وەکو پەکەکەیش لێرە جیادەبینەوە، ئێمە دەستبەرداری پەکەکە نابین، سەری خۆمان نەوی ناکەین)، ئەم هەڵویستە و بە بڕیاربوونەی زیندانییانی پەکەکە سەرودڵی ئەوانەی گرت کە لە زاوێتەوە هاتبوون، یەکێکیان وتی: (بەم مێشکەتانەوە مردن دەبینن، بەڵام پەکەکە نابیننەوە)، ئەوکاتەی زیندانییەکان ویستییان ژوورەکە جێبهێڵن، یەکێک لەوانەی لە زاوێتەوە هاتبوو وتی: (هەڤاڵ مەحمود، ئەگەر ڕۆژێک لێرە دەرچویت و چویتەوە ناو پەکەکە، دەبینیت کە چەنێک گۆڕانکاری هاتۆتە ئاراوە و چی ڕوویداوە، ئەوکاتە خۆت لەدەستیان هەڵدێیت و دێیتەلامان)، مەحمودیش وتی: (وازبێنە لەم قسانە، بابە چیاکان شادبینەوە، ئەوکاتە هەمووشتێک ئاشکرا دەبێت)، مەحمود ئەم وەڵامەی دایەوە و ئەوییان جێهێشت. دوای ئەوەی ڕۆیشتن ئەوانەی لە زاوێتەوە هاتبوون بانگی کەمالیان کرد کە لە قاوشی ژمارە٦دا بوو.
لە قۆناغێکی ئاوادا بۆچی نێچیرڤان بارزانی تەکلیفێکی لەو شێوەیەی لێدەکردن؟، بە زمانی هەڕەشەوە، قسەکانی نێچیرڤان بارزانی چەندین ساڵ بوو لەلایەن بەرپرسیارانی زیندانەکەوە دووبارە ببووەوە، ئایا چی ڕوویداوە کە ئەم تەکلیفە لەرێگەی ئەم گرووپەوە ڕەوانە کراوە؟، ئایا دەکرا ناوبەری خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی تورک چاککردبێتەوە و ئەمان ڕادەستی تورکیا بکەنەوە؟، چاوەڕوانی هەموو جۆرێکی گەمە و فێڵ و حیلە و کۆمپلۆ لە پەدەکە دەکرا. ئەم هاتنە و ئەم داخوازییانە هەروا لە خۆڕایی نەبوو، ئەی باشە مەسەلە ڕاستەقینەکە چیبوو؟، ئەم {ئایا}نە سەریانی سوڕاندبوو، نەیاندەتوانی وەڵامی پرسیارەکانی ناو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مێشکیان بدۆزنەوە، سەرودڵیانی گرتبوو، سەرەڕای ئەوەی وەڵامی {ئایا}یەیان نەدۆزیبووەوە، بەڵام بەردەوام بوون لە ژیانکردن.
دوای ئەوەی گروپی زاوێتە ئەوێیان جێهێش ٣ زیندانی تریان هێنا بۆ قاوشی ژمارە ٥، ئەوانەی هێنرابوون هەرچەندە خەڵکی شێخانی سەربە دهۆک بوون، بەڵام ئێزیدی نەبوون بەڵکو موسڵمانبوون، بەکۆی گشتی خەڵکی شێخان ئێزیدیبوون نەک موسڵمان، بەهۆی دوژمنایەتییەوە گیرابوون، ئەوانەی هاتبوون ناویان بارزان و عیماد بوون برابوون، ئەویتریشیان ناوی فارس بوو کە مامی ئەوان بوو. بارزان و عیماد هەرچەندە برا بوون، بەڵام هاوتەمەن بوون لەوانەبوو تەمەنیان هەر ٢٠ساڵێک بوبێت، باوکیان دوو ژنی هێنابوو، دایکیان جیاوازبوو، بارزانیان قەڵە و ئەسمەربوو، لەکەسێکی چاونەترس دەچوو، فارسی مامیان قاچێکی شەل بوو، هەتا پەدەکە سوڵحی عەشایرییانی بۆدەکردن ئەمان لێرە دەمانەوە.
هەرسێکیان کە هاتنە قاوشی ژمارە ٥وە بۆیەکەمین جارییان بوو بە پەکەکە ئاشنا ببن، بارزانیان کەسێکی بەمەراق بوو دەیویست شت فێرببێت، کەسێک بوو پرسیاری زیادی دەکرد و بە ئاسانی قەناعەتی نەدەهێنا. زیندانییەکانیش بە روویەکی خۆشەوە وەڵامی پرسیارەکانیان دەدایەوە، هەربۆیە نزیکایەتییەک لە نێوانیان هاتبووە ئاراوە. لە ماوەیەکی کەمدا بارزان وەکو کەسێکی سەر بە پەکەکەی لێهات، لە زیندانییەکانی پەکەکە جیا نەدەبووەوە، ئەو خواردن و جلوبەرگ و هەرچییەک بوایە کەلەرێگەی کەسوکارییەوە بۆیدەهات دەیخستە بەردەم زیندانییانی پەکەکە و لەگەڵیاندا دابەشی دەکرد، زیندانییەکانی پەکەکەیش چییان بزانیایە لەبارەی مێژووی کوردستان و پەکەکە و سەرۆک ئاپۆ و گەریلا و سۆسیالیزم و ئازادی ژنان و بەرخۆدانەوە بۆیان باسدەکرد، بەڵام بە پێچەوانەی بارزان، عیمادیان لەبارەی هیچ شتێکەوە مەراقی نەبوو، بەتەواوەتی پێچەوانەی بارزان بوو. ئەو بێخەم بوو، خۆی لە زیندانییانی پەکەکە بەدوور دەگرت، بارزانیان هەتا لە زیندانییانی پەکەکە خۆی نزیک بکردایەتەوە شتی تازە فێردەبوو، هەتا شتی تازە فێرببوایە مەراقی زیادی دەکرد، تەنانەت دەیوت ئەگەر ئازاد بووم دەبم بە گەریلا.
لە دەستپێکی مانگی تشرینی دووەمدا، رۆژی مانگی رەمەزانیان گرت، هەموو زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ رۆژوویان دەگرت، زیندانییانی پەکەکەیش وەکو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێزگرتن لە خەڵکی کە هەڵدەستان بۆ پاشێو شتێکیان دەخوارد و هەرچەندە ڕۆژویشیان نەدەگرت، بەڵام بۆ ڕێزگرتن لە زیندانییەکان هەتا کاتی ئیفتار هیچیان نەدەخوارد، تەنانەت بۆ ڕێزگرتنی زیاتریش مەحمود و شاهین لە ڕەمەزاندا لەگەڵ زیندانییەکان نوێژیان دەکرد. دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پەدەکە بۆ ڕەشکردنی پەکەکە لەچاوی خەڵکیدا، ئەوانەی لەناو پەکەکە هەڵاتبوون دەیانهێنایە سەر مایکرفۆن و دەیانوت پەکەکە بێدینە و کافرن و خوا ناناسن، بەڵام ئەم ڕۆژوگرتنە و نوێژکردنانەیان درۆکانی پەدەکەیان ڤاڵا دەردەخست، تەنانەت خەلیل و خەیری کە دوو کەسی ئێزیدیبوون ئەوانیش هەڵدەساتن پاشێو نانیان دەخوارد و هەتا ئیفتار هیچیان نەدەخوارد.

٢٧ی مانگی تشرینی دووەم ٢٣یەمین ڕۆژی ڕەمەزان بوو، لەهەمانکاتیشدا چوارشەممە بوو، ڕۆژی دیدەنی کەسوکاربوو، ٢٧ی تشرینی دووەم ڕۆژی دامەزراندنی پەکەکە بوو، دەنیز، مەحمود، ئەیوب و شاهین بڕیاریاندا لە بارەی گرنگی و تایبەتمەندی ئەم ڕۆژە چەند ڕوونکردنەوەیەک بۆ زیندانییەکان بکەن. دوای سەرژمێری زیندانییەکان لە پەنجەرەکەوە تەماشای ئەو خەڵکانەیان دەکرد کە هاتبوون بۆ سەردانی زیندانییەکانیان. بارزان و عیسمەت و مامەیان فارس سەردانییان هاتبوو، دوای کاتژمێرێک تێپەڕبوون بەسەر ئەم دیدەنییە، بارزان بە بەتانییەک و مەنجەڵێک یاپراخەوە گەڕایەوە، کە هێنای خستییە بەردەم دەنیز و پێیوت (هەڤاڵ دەنیز، لەبەرخاتری تۆ داوای بەتانییەکم لە کەسوکارم کرد، هێنایان، لەلایەکی تریشەوە دایکم ئەم یاپراخەی بۆئێوە دروستکردووە، سڵاوی بۆ هەمووتان هەبوو)، لە ئاستی ئەم هەڵویستە دەنیز دڵی پڕبوو، کاتێک دەنیز سوپاسی بارزانی دەکرد و هەواڵی ڕەوشی کەسوکاری لێدەپرسی، لەناکاو مولازم ئاشور هاتە بەردەم پەنجەرەکە و وتی: (زیندانییانی پەکەکە خۆتان ئامادە بکەن، دەڕۆن).

ئەم قسەیە لەکاتێکدایە کە زیندانییەکان لە دیدەنی کەسوکاریان گەڕاونەتەوە و بەجۆش و بەختەوەرن و ئەو زانیارییانەی پێیانگەیشتووە دەیانەوێت بە زیندانییانی پەکەکە بڵێن، کەچی ئێستا دەوترێت دەبێت زیندانییانی پەکەکە لێرە جیاببنەوە، ئەمە مایەی سەرسوڕمان و شۆک بوو. هەروەکو چۆن بە چەقۆ شتێک دەبڕیت بەهەمانشێوە قسەی نێوانیان بڕا، کەشوهەوایەکی نامۆ و بێدەنگانە لە قاوشەکە هاتەئاراوە، زیندانییانی پەکەکەیش سەریان سوڕمابوو، ئایا مولازم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئاشور مەبەستی چیبوو؟، بۆکوێ دەچوون؟، ئایا ئەمە پەیوەندی بە هەڕەشەکانی نێچیرڤان بارزانییەوە هەبوو؟، بەگریمانەیەکی زۆرەوە رادەستی تورکیایان دەکردنەوە.

دوای ئەوەی مەحمود هۆشی هاتەوە سەرخۆی، وتی: (بۆچی خۆمان ئامادە بکەین، بۆکوێمان دەبەن؟)، مولازم ئاشور وتی: (منیش نازانم بۆکوێتان دەبەن، هاتوون بە شوێنتاندا، دەبێت لێرە بڕۆن)، ئەو قسەیەی کرا (هاتوون بە شوێنتاندا)، ئەم قسەیە لەناو زیندانییانی قاوشەکەدا بووە هۆکاری ئەوەی بپرسن (ئایا بۆکوێ)، ئایا کێ هاتبوو بەشوێنیاندا؟، ئەی ئایا کێ ئەمانەی ناردووە؟!، بۆچی رۆژی ٢٧ی تشرینی دووەمیان هەڵبژاردووە؟!، ئایا دەکرێت ئەم رۆژە بە تەسادوف هەڵبژێردرابێت؟، بۆچی مولازم ئاشور هیچ نادرکێنێت؟، ئایا شتێک هەبوو کە شاردبییەتییەوە؟!.

زیندانییانی قاوشەکە بۆنەوەی دڵی زیندانییانی پەکەکە بدەنەوە، لە نییەت باشی خۆیان دەیانوت (هەڤاڵان هاتوون هەتا ئێوە بدەنەوە بە پەکەکە، ئیتر ئازاد دەبن)، ئەمە نیشانەی خێر نەبوو، ئەگەر ئازاد دەکرێن بۆچی بە نهێنی ئیشەکان دەکەن؟، ئەی مانگێک لەمەوبەر نێچیرڤان بارزانی کەسانی هەڵاتووی نەناردبوو کە هەڕەشەیان لێبکات؟، ئەی یەکێکیان نەیوتبوو (مردن دەبینن، بەڵام پەکەکە نابیننەوە)، لە رۆژی دامەزراندنی پەکەکەدا بەڵایەک دەهێنن بەسەریاندا؟!. مەنفاکردنیان بۆ زیندانییەکی تر گریمانەیەکی لاواز بوو، کەواتە هیچ نەماوەتەوە تەنها ئەوە نەبێت رادەستیان دەکەنەوە بە تورکیا، لە تورکیا حکومەتێکی نوێ دامەزرابوو، پەدەکەیش بۆنەوەی ناوبەری خۆیان لەگەڵ تورکیا چاکبکەنەوە نییەت پاکی خۆیانیانی بۆ دەسەلماند، لەهەمانکاتدا بەگوێرەی ئەوەی ئەنوەر شاکر و مام سەعید دەیانوت ئازاد دەکرێن، کەواتە لەژێر بەڕەی ئەم کارە خائینییەک و فێڵێک هەیە.

یەکەم کاریان ئەوەبوو دەنیز چەند خولەکێک لەمەوبەر ئەو بەتانییەی لە بەرزانی وەرگرتبوو دایەوە و پێیوت ئیتر بە کەڵکی ئەو نایەت، بارزانیش نییەتی ئەوەی نەبوو بەتانییەکە وەربگرێتەوە، پێیوت (هەڤاڵ ئێستا سەرچیاکان زۆر ساردن، هەرچۆنێک بێت لێتی وەرناگرمەوە لەوێ پێویستیت پێدەبێت)، دەنیز لەهەمبەر ئەم میهرەبانی و نییەت پاکییەدا دڵی پڕبوو، پێیوت (هەڤاڵ بارزان چیای چی، سەرمای چی، ئێمە نازانین ئەم قوڕمساغانە بۆکوێمان دەبەن،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەوانەیە رادەستی تورکیامان بکەنەوە)، بارزانیش وتی: (هەڤاڵ دەنیز، پێویست ناکات بەوشێوەیە بیربکەیتەوە، باوەڕم وایە ئێوە دەدەنەوە بە پەکەکە، لەهەرکوێیەک بیت پێویست بە بەتانی دەبێت، ئەم بەتانییەم بەتایبەتی بۆتۆ هێناوە، دەبێت لەگەڵ خۆتدا بیبەیت)، بارزانیش خەریک بوو بگریەت، دەنیزیش چاوەکانی فرمێسک لەناویاندا قەتیس مابوو، بارزان هەرچییەکی کرد نەیتوانی قەناعەت بە دەنیز بکات کە بەتانییەکە لەگەڵ خۆیدا بەرێت.

زیندانییەکانی پەکەکە، شتومەکەکانیان کۆکردەوە و ئەو رۆژەی هاتبوون بۆئێرە، جلوبەرگی گەریلایەتی خۆیان خستبووە ناو لایلۆنێکەوە و هەڵیانواسیبوو، دەریانهێنا و لەبەریان کرد، جگە لە خۆگۆڕین شتێکی تریان نەبوو بیکەن. هەرچەندە جلوبەرگی گەریلایەتییان کۆن بوو، دڕاوبوو، هەرچەندە بەبەریشیان گەورە بوو، بەڵام کەلەبەریان کرد هێزێکی پێبەخشین، دەبوایە وەک گەریلا قیت ببونایەتەوە، دەبوایە چەند قسەیەکی ماڵئاواییان بۆ زیندانییەکان بکردایە کە لە چواردەوریان گردببونەوە. مەحمود هەنگاوێک هاتە پێشەوە و بەخەندەیەکی غەمگینەوە چاوی بەناویاندا گێڕا کە وەک هەڤاڵێک مامەڵەیان لەگەڵیاندا کردبوو. ئەنوەر شاکر، مام سەعید، مام عەزیز، خەلیل، خەیری، ئیسماعیل، عیماد، بارزان و نەوزاد هەموویان چاویان لەسەر ئەوان بوو، ئەوانیش غەمگین دیاربوون. لە پشتی مەحمودەوە دەنیز، شاهین و ئەیوب راوەستابوون، ئیشاراتیان بۆ مەحمود کرد قسە بکات، مەحمود وتی: (ناسینی کەسانی بەڕێزی وەک ئێوە لە رۆژانی تەنگانەدا و پشتگیریکردنی ئێمە، بۆئێمە مانایەکی گەورە و واتاداری هەیە، ئێمە درک بە ئەو بەهایە و رێزەیش دەکەین کە لەناستماندا نوواندووتانە، دەمانەوێت ببین بە شایستەی ئێوە، هەرگیز رەنجەکانتان لەیاد ناکەین).

مەحمود کە ئەم قسانەی دەکرد، دەنگی لەرزینی پێوەدیاربوو، قوڕگی گیرابوو، نەیدەتوانی لەوە زیاتر قسە بکات، زۆری لەخۆی دەکرد کە نەگریت، بۆنەوەی قسەی زیاتر بکات زۆری لەخۆی کرد، وتی: (ئێمە نازانین بۆکوێمان دەبەن، بەڵام بۆهەرشوێنێکمان دەبەن ئێمە هەر بە پەکەکەیی دەمێنینەوە، ئەگەر هەتا ئێستا لە ئاستی ئێوەدا قسورێکمان هەبووبێت، داوای لێبوردن دەکەین و بمانبەخشن و گەردەنمان ئازادکەن).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەنها توانی ئەوەندە قسە بکات، هەر چوار زیندانییەکانی پەکەکە یەک بەیەک باوەشیان بە زیندانییەکاندا کرد، کاتێک ماڵئاواییان لێکردن، لەناویاندا هەبوو دەیانوت (سوپاس، حەقێ خوە حەلال بکە، سەرکەڤتن)، ئەم هەستیارییە هەموو قاوشەکەی گرتبووەوە، هەموویان چاوەکانیان پڕبوو لە فرمێسک، لەناو هەموویاندا خەلیل بەم رەوشە غەمگین ببوو، ئەو خۆی وەک کەسێک لەوان هەژماردەکرد، حەزی نەدەکرد بەبێ ئەوان بمێنێتەوە، دەیویست پێیانبڵێت (هەڤاڵان چۆن من بە تەنیا جێدەهێڵن)، بەڵام دەیزانی ئەم کارە لەدەستی ئەواندا نییە، دەنیز و شاهین هەوڵیاندا ووزە بدەن بە خەلیل، ئیسماعیلیش پێیانیوت بە نیازی دیدار لە دەرەوە، بەهەرشێوەیەک بێت زانیاری لەبارەی خۆیەوە بەدەستی ئەوانی دەگەیاند.

کاتێک پرۆسەی ماڵئاوایی تەواوبوو، کە چوونە بەردەم دەرگاکە ، هەموو زیندانییەکان چەپڵەیان لێدا، بەشێوەیەکی حزوری و بە مۆڕاڵێکی بەرزەوە لە قاوشی ژمارە ٥ هاتنە دەرەوە، کاتێک چوونە دەرەوە شیمال ئەوانی برد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی، پرسیاری ئەوەیان لە شیمال کرد ئایا بۆکوێیان دەبەن، شیمالیش ئەمەی نەدەزانی، ئەوەی شیمال دەیزانی ئەوەبوو جارێکیتر ناگەڕێنەوە بۆ ئێرە، لەهەمانکاتدا لە قاوشی ژمارە٦وە چەپڵەلێدان بەرز بووەوە. دەرگای قاوشی ژمارە٦ کرایەوە و جودی هاتە دەرەوە، ئەویش لەناو ئەو لیستەدابوو کە زیندانی ئاکرێی جێدەهێشت، ئایا بۆچی جودییان رادەستی تورکیا دەکردەوە؟، ئەمە ببووە مایەی سەرسوڕمانیان.

زیندانییەکانیان برد بۆ ژووری بەڕێوبەرایەتی، لە ژوورەکەدا محەمەد ئەمین سورچی و ٣ مولازم لەچاوەڕوانیاندابوون، لەسەر مێزەکە چەند پارچە کاغەزێک هەبوو، داوایاندەکرد زیندانییەکان کاغزەکە واژۆ بکەن، زیندانییەکانیش پرسییان لەسەر ئەو کاغەزە چی نوسراوە و بۆچی دەبێت واژۆی بکەن، مولازم ئاشور وتی: (ئەمە ئەو بەڵگانەیە کە ئێمە بە سەلامەتی ئێوەمان رادەستی ئەوانە کردووە کە هاتوون بەشوێنتاندا، هەربۆیە پێویستە واژۆی بکەن)، دەنیز وتی: (ئەوانەی هاتوون ئێمە بۆکوێ دەبەن؟)، ئەویش وتی: (ئێمە ئەمە نازانین، دوو کەس لە مەسیف سڵاحەدینەوە هاتوون تاکو ئێوە بەرن، واتا لێرە دەردەچن و جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆئێرە، ئیتر لەمەودوا ئێوە ئازاد دەبن).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قسەکانی مولازم ئاشور هێشتا ژێراوژێربوو، بۆنی گومان و شکیان لێدەهات، سەرەڕای ئەمەیش کاغەزەکانیان واژۆکرد، محەمەد ئەمین سورچی و هەموو مولازمەکان یەک بەیەک تەوقەیان لەگەڵ زیندانییەکاندا کرد، بۆئەوەی نەریتی خۆیان بپارێزن گەردن ئازادیشیان کرد.

ئەوکاتەی لە ژووری بەڕێوەبەرایەتی دەرچوون، هەموو زیندانییانی قاوشی ژمارە٧ هاتبوونە بەردەم پەنجەرەکە، نیشارەتی سەرکەوتنیان کرد و ماڵئاواییان لە ٥زیندانی پەکەکە دەکرد، ئەوانیش لەهەمبەر ئەم کاردانەوەیە و هەڵوێستانە سوپاسی خۆیانیان پێرادەگەیاندن. لەسایەی بەرخۆدانی ئەم زیندانییانەی پەکەکەوە توانیبویان ئەگەر کەمیش بوبێت لە چوارچێوەی ئەم دیوارانەدا رەوشی ژیانێکی مرۆڤانە بۆخۆیان دەستەبەر بکەن، بەهۆی ئەو زیندانییانەوە ئەشکەنجەی گران و جوێندان و بێڕێزی و سوکایەتی نەمابوو، هەموو زیندانییانی ئەم زیندانە درکیان بەمە کردبوو، زیندانییەکانی پەکەکە بۆ هەموو زیندانییانی زیندانی ئاکرێ نمونەی قارەمانێتی بوون، لەحاڵەتی پێویستیدا توانیبوویان بەڕێوبەرایەتی زیندانەکە هەراسان بکەن، هەر هەموو زیندانییەکان بۆئەوەی ماڵئاوایی لەوان بکەن هاتبوونە بەردەم پەنجەرەکانەوە.

جودی کەلەپەنای مولازم ئاشورەوە بوو، داوایکرد ماڵئاوایی لە هەموو زیندانییەکان بکات، نەزانرا بۆچی بوو مولازم ئاشور ئەم داخوازییەی قەبوڵ کرد. هەر پێنج زیندانییەکە چوونە بەردەم پەنجەرەکانەوە و ماڵئاواییان لە زیندانییەکان کرد و گەردن ئازادییان لێکردن، زیندانییەک کە ناوی نەزانرا وتی: (لەدوای ئێوە ئێمە بە هەتیوی دەمێنینەوە، ئێوە هەرگیز لەیاد ناکەین)، ئەم قسەیە زۆر هەستیاربوو، هەموو زیندانییەکان قوڕگیان پڕبوو لە گریان. ئەم خاوەندارێتییە کاریگەری بەسەر هەموویاندا دروستکردبوو، هەموو زیندانییەکان سەرەڕای ئەوەی غەمباربوون بەوەی کە جێیان دەهێڵن لەهەمانکاتدا بەختەوەربوون بەوەی کە ئازاد دەکرێن، بێشک گومانیشیان هەبوو چونکە نەیاندەزانی بۆکوێیان دەبەن. دوای رۆیشتنی زیندانییانی پەکەکە لەوانەبوو جارێکی تر جاسم و حاتەم و حامید و سەیفۆ دەستیان بکردایەتەوە بە کارە قێزەوەنەکانی خۆیان، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەنەبوو قسە لەمبارەیەوە بکرێت.

دوای ئەوەی هەموو قاوشەکانیان بەسەرکردەوە، ئینجا لەدوای خۆیان چەپڵەلێدان دەستی پێکرد، لەکاتی ئەم چەپڵەلێدانەدا هەر پێنج زیندانییەکە بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەست سڵاویان لێکردن و ماڵئاواییانکرد و بەرەو ئەو ماشێنە چوون کەلە چاوەڕوانی ئەواندا بوو.

لاندکرۆزەرێک هاتبوو بە شوێنیاندا، ئەو دووکەسی هاتبوون جامانەی سووریان بەستبوو، هەربۆیە دیاربوو لە عەشیرەتی بارزان بوون، یەکێکیان شۆفێری دەکرد ئەویتریشیان یاوەربوو، هەردووکیان لە پێشەوە دانیشتن، زیندانییەکانیش لە دواوە سواربوون، ئەوکاتەیشی کە ماشێنەکە لە دەرگاکە دەردەچوو هێشتا چەپڵەلێدان بەردەوام بوو. مەحمود و جودی پێنج ساڵ و نیو زیندانی بوون، دەنیز و ئەیوب پێنج ساڵ زیندانی بوون، شاهین چوار ساڵ نیو زیندانی بوو، ئێستایش بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک هەموویان لە زیندان دێنە دەرەوە، لەوەنەدەچوو ئاوڕ لە زیندانەکە بدەنەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# ٣٢

# نامە

لە جەژنی ساڵی ٢٠٠٣دا کە رۆژی چوارشەممە بوو، لەکاتی دیدەنیدا ئیسماعیل پاکەتێکی بۆ خەلیل هێنا کەلە کەسوکارەکەیەوە وەریگرتبوو. لەناو پاکەتەکەدا نامەیەکی تێدابوو، خەلیل وەریگرت، کە چاوی پێداخشاند زانی ئەم نوسراوەیە لە دەنیزەوە هاتووە، بە دڵخۆشیی و بە غەمگینییەکەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی نامەکە، لەناکاو خەلیل بە زیندانییەکانی وت (هەڤاڵان هەڤاڵ دەنیز نامەی ناردووە، سڵاوی بۆ هەمووتان هەیە، ئەگەر رێگەم پێدەدەن دەیخوێنمەوە)، هەموو زیندانییەکان دەستیانکرد بە چەپڵەلێدان و بە خەلیلیان ووت نامەکە بخوێنێتەوە، دوای ئەوەی چەپڵێدان کۆتایی هات، دەستیکرد بە خوێندنەوە، ئەوانیش وەکو خەلیل هەم بەختەوەر بوون و هەم غەمگین، لە هەندێک شوێنی نامەکەدا چەپڵەلێدان دەستی پێدەکرد، هەندێکیشیان خۆیان پێڕانەگیرا و گریان، کە خوێندنەوەی نامەکە تەواوبوو بەلای کەمەوە ١٠خولەک زیندانییەکان چەپڵەیانلێدا، دەنیز نوسیبووی:

(هەڤاڵی هێژا کاک خەلیل، بەناوی تۆوە سڵاو و رێز و ئیحتیرامم هەیە لەگەڵ خۆشەویستیدا بۆ ئەو زیندانییانەی کەلە چوارچێوەی چواردیواردا بەیەکەوە خۆڕاگریمانکرد، هیوای تەندروستی باش و سەرکەوتنیان بۆدەخوازم، ئەم نامەیە لە سەر چیا سەرکەشەکانەوە واتا لە قەندیلەوە بۆت دەنوسم، هەستەکانم زۆر گەرمن، نازانم چی بنوسم و چی بهێنمە زمان، زۆر بە جۆشوخرۆشم، یەکەمجارمە نامە بۆ کەسێکی زیندانی بنوسم کە منیش یەکێکم کە لەوێ بووەمە، ئەوکاتەی کەسێک لە زیندان دەردەچێت کۆمەڵێک ئەندێشەو هەستی جیاوازی بەسەردادێت، پێش هەموو شتێک بەهۆی بەجێهێشتنی هاوڕێ و هەڤاڵەکانتەوە هەست بە ئەندێشە و نیگەرانی دەکەیت، هەستدەکەیت هێشتا بەتەواوەتی ئازاد نەبویتە، واهەست دەکەیت هێشتا نیوەی جەستەت لە زینداندایە، درک بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەشوهەوای ئازادی زیاتر دەکەیت، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کە توانیبێتم لەهەمبەر هەڤاڵانم سەربەرزانە ڤیتببمەوە، ئەوەی گرنگە بتوانم رووم لە ئاستیاندا سپی بێت، پێموابێت لەمەدا سەرکەوتنم بەدەست خستووە، ئێستا لەو شوێنەی منی لێم، ئەوەی منی بەپێوە راگرتووە هەر ئەو هەڵوێستانەمن، باوەڕییەکی زۆرم بەخۆم هێناوە، بەدڵێکی فراوانەوە دەڵێم، مرۆڤ دەتوانێت لەهەمبەر هەموو ناڕەحەتییەکانی ئەو زیندانە خۆڕاگری بکات و زاڵ بێت بەسەر نەهامەتەکانیدا، بێشک دڵپڕیشم، پێنج ساڵیان لەتەمەنم برد، لەهەمانکاتدا لە تەمەنێکیان برد کە دەتوانرا زیاتر و زیاتر خزمەتی گەل و نیشتیمان بکات. هەڤاڵی خۆشەویست، لەم نوسینەدا ئەگەر باسی ئەندێشەکانی جیابوونەوەمان لە زیندانەکە نەکەم نابێت، پێویست بەوە ناکات ئەوکاتەی لە زیندانی ئاکرێ جیابوینەوە باسیبکەم چەندێک بە ئەندێشە بووین، ئێمە پێمانوابوو رادەستی دەوڵەتی تورکمان دەکەنەوە، ئەوەی ئەم گریمانەیەی لەلای ئێمە لاواز دەکرد بێشک هاتنە دەرەوەی جودی بوو، ئەو خەڵکی باشوری کوردستانە، بۆچی رادەستی دەوڵەتی تورکیان دەکردەوە؟، لەلایەکی تریشەوە پاراستنێکی ئەوتۆیان نەگرتبووەبەر، شۆفێرەکە بێ چەک بوو، ئەوەی یاوەریشی بوو تەنها دەمانچەی پێبوو، ئەگەر بمانویستایە دەمانتوانی پەلاماریان بدەین و دەمانچەکەیان لێبستێنین، کاتێک پرسیاری رەوشی ئەوانمان کرد، پێیانوتین سەربە پاراستنی پەدەکەن، ئەوانەی ئەوانیان رەوانە کردبوو نێچیرڤان بارزانی بووە، ئەرکیان ئەوەبووە ئێمە بەرن بۆ ئوتێلی کارۆخ لە مەسیف سەلاحەددین، دەیانوت رادەستی دەوڵەتی تورکمان ناکەن، ئەوانیش نەیاندەزانی چی روودەدات، ئەوانەی ئێمەیان برد زۆر بە کاوەخۆ بوون، بێ ئەندێشەبوون، پێیانوتین رادەستی دەوڵەتی تورکتان ناکەین، سەرەڕای هەموو ئەمانەیش کە بیرمان لە کارەکانی پەدەکە و نێچیرڤان بارزانی دەکردەوە دڵمان ئاسودە نەدەبوو. لە نێوان خۆماندا بە چرپە باسمان لەم مەسەلانە دەکرد، هەڤاڵ ئەیوب دەمی دەهێنایە بەرگوێمان و ئەوەندە بە چرپە قسەی دەکرد لێیحاڵی نەدەبووین، بەڵێ دوای ماوەیەک هەستمان بە باوەڕییەک کرد، لە ئاکامدا ئێمەیان برد بۆ ئوتێلی کارۆخ. ئەو دوو کەسەی ئێمەیان هێنا بۆ ئوتێلەکە، پێش ئەوەی جیاببنەوە سەرکەوتنیان بۆخواستین، ئێمەیان لە ئوتێلەکە بەجێهێشت، لەوێ بەدواوە چاومان بەو دوو کەسە نەکەوتەوە، ناوی ئێمەیان لەناو لیستی مشتەرییەکاندا تۆمار کرد، بێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەختبووین لێرەیش کێشەیەک هاتە ئاراوە، کابرایەکی هەڵاتووی ناو پەکەکە بەناوی محمەد خۆی پێناساندین، گوایە خەڵکی شاری عەنتابە، ساڵێک لەمەوبەر بووە بە گەریلا، پێش دوو هەفتە لەناو گەریلا هەڵاتووە، پێیوابوو ئێمەیش لەوانین، هەربۆیە خۆی لە ئێمە نزیک کردبووەوە، لەوەوە زانیمان ١٥ کەسی تر لەناو ریزەکانی گەریلادا هەڵاتوون و لەم ئوتێلە دەمێننەوە، هەروەها دوو ئەفسەری باڵا بەرزی ناو سوپای عێراق بە خۆیان و خانەوادەکەیانەوە هەڵاتوون و لەم ئوتێلە دەماننەوە، پەدەکە ئەم هەڵاتوانەی هەتا مانگێک لەم ئوتێلە دەهێشتەوە، جگە لە خواردن رۆژانە یەک پاکەت جگەرەیشیان دەداینێ. دوای مانگێک پێیانیان دەوت شوێنێک بۆخۆتان پەیدا بکەن، محەمەد جوابی بۆ کەسوکاری ناردبوو، بەتەلەفون پەیوەندی کردبوو، کەسوکارەکەیشی پێیانوتبوو ئەولادی وەکو تۆمان نییە و تەلەفونەکەیان بە دەموچاویدا داخستبوو، ئەوانەی هەڵاتبوون بێ خاوەن مابونەوە و بێ رێیوشوێن بوون. تۆ دەزانیت بەمە چەندێک نیگەران و غەمبار بوومە، ئەوان بێ نیشتیمان مابوونەوە، خۆت دەزانیت ئەمە چەندێک گرانە. کارمەندێکی ئوتێلەکە بەناوی سەرکەوت پێیوابوو ئێمەیش لە هەڵاتوانین، لەبەرئەوەی لە ئوتێلەکە ژووری بەتاڵ نەمابوو، ئێمەیان برد بۆ ژووری دەپۆکە کە بەتانی تێدابوو، ئەوکاتەی زانی ئێمە لە زیندانی ناکرێوە هاتووین پێیسەیر بوو، دوای ئەمە زیاتر رێزی لێگرتین، لەماوەی دوو رۆژمان لە ئوتێلەکە خواردنی پاشێو و نیفتاری لە ماڵی خۆیانەوە بۆدەهێنایین، تەلەفزیۆنیشی بۆهێنایین، پێمانوابوو حەزی بە پەدەکە نەبێت، شۆربا و یاپراخ و زەڵاتە و ماستاوی بۆدەهێنایین، هەتا نیوەی شەو لەگەڵماندا قسەی دەکرد، لەبەرئەوەی پاراستنی پەدەکە رێنماییان کردبوو دەرگامان لێدابخات، هەموو سەر کاتژمێرێک دەهات ئەحواڵمانی دەپرسی، ئێمەیش پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ خۆی لەگەڵ ئەوانەشدا بەست کە لەگەڵ ئەو کاریان دەکرد، ئێمەی خۆشدەویست و لەبارەی هەڵاتووەکانەوە زانیاری پێدەداین.

لێرەوە دەتوانین هەولێر ببینین، هەرچۆنێک بێت ئوتێلەکەمان لە شوێنێکی بەرزی مەسیف سڵاحەدینە و لە نهۆمی سێیەمین. کە شەو دادەهات گڵۆپەکانی شاری هەولێر وەک ئەستێرە دەدرەوشانەوە، هەرلەم ئوتێلە ئەو کۆشکەیش دەبینین کە مەسعود بارزانی بۆ خۆی دروستی دەکرد، ئێمە لەجیاتی ئەوەی بەم دیمەن و شوێنە دڵخۆشبین، کەچی بەپێچەوانەوە خەمی ئەوەمان هەیە ئایا چیمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لێدەکەن، لەهەرحاڵەتێکدا ئامادەباشی ئەوەمان کردبوو کەبە پشتوێنەکانمان لە ژوورەکەی خۆمانەوە خۆمان بگەهێنینە دەرەوە و هەڵبێین.

لێرەیش هەڵاتوان یەخەمانیان بەرنەدا، لە سێیەمین شەوماندا، پیاوێک قسەی لەگەڵ یەک بەیەکمان کرد، بە جودی وت براکەی کەناوی جەنگاوەرە تەسلیم بووەتەوە و وازی لە پەکەکە هێناوە{کە ئەمە راست نەبوو} بە ئێمەیشی وت ئێوە سەربەستن هەر بڕیارێک بدەن و دەرگامان لە ئاستاندا کراوەیە، هەڵبەت رێز لە بەرخودانمان دەگرن، جەنگاوەر بەم پیاوانەی وتبوو خۆیان پەیامەکە بگەهێنن بە جودی، ئێمەیش پێمانوت شوێن و رێی ئێمە ئاشکرایە پێویستیمان بە شوێنی تر نییە، دوای ئەم چاوپێکەوتنە زانیمان جودیان رادەستی بنەماڵەکەیان کردۆتەوە، رەوشی ئێمە نەزانراوبوو، هەرلەوێ {کادەکە}مان بیست، هەتا گەیشتینە قەندیل واتای ئەم ناوەمان نەزانی، لە قەندیل زانیمان ناوی پەکەکەیان گۆڕیوە، ئەمە مەسەلەیەکی دوروردێژە نامەوێت باسی بکەم.

بۆ سبەینییەکەی، چەند کارمەندێکی پاراستنی پەدەکە هاتن کە شێوەیان لە پۆلیسەکانی هۆلیهوود دەچوو، بە نهێنی ئێمەیان لە ئوتێلەکە دەرکرد و سواری ماشێنێکی مارسیدیسیان کردین، جودیمان لە هۆتێلەکە جێهێشتبوو، هەواڵیان بە بنەماڵەکەیدابوو، دەهاتن و دەیانبرد، ماڵئاوایمان لەیەک کرد، مارسیدسەکە کەوتە رێی و پاشان لە پشت جێبێکەوە راوەستا، پێیانوتین دەبێت بەخێرایی سواری ئەو جێبە ببین، لەم حاڵەتەدا لەوە دەترساین رادەستی تورکیامان بکەنەوە.

لەناو جێبەکەدا شۆفێرێک و سێ کەسی تری تێدابوو، شۆفێرەکە پێیوتوین سڵاو هەڤالان، چۆنن چاکن؟، پێیوتین بەرپرسی پاراستنە لە دیانە و ناوی حەسەنە، گەنجێکیش بە کڵاشینکۆفەوە لە پشتی دانیشتبوو، بەگوێرەی ئەوەی جامانەی سوریان لەسەربوو پێمانوابوو ئەمانە بارزانین، رووی چەکەکەی لێکردبووین.

حەسەن وتی: (ئەگەر خوا یاربێت ئەم ئێوارەیە دەگەنە هەڤاڵ جەمال)، بەرپرسێکی پەدەکە و پاراستن بە هەڤالانی ئێمە دەڵێن هەڤاڵ، مەحمود پێیوتم ئەمانە شۆخیمان لەگەڵ دەکەن، بەمشێوەیە چرای هیوامان زیاتر گەشبووەوە. حەسەن تەنها وشەی هەڤاڵی بەکارنەهێنا، لەبارەی جەمالەوە دەیوت کەسێکی بەڕێزەو چاونەترس و جوامێرە، دەیوت رێزی تایبەتیم بۆی هەیە، دەیویست بڵێت گەردەنمان ئازادکەن، دەیوت گوایە نەیازانیوە لە زیندانی ئاکرێ زیندانی بووینە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەتا دەیتوانی باسی خراپەی تورکیا و پەنەکەی دەکرد، هەروەها دەیوت داخێکی زۆری خواردووە بۆ دەستبەسەرکردنی سەرۆک ئاپۆ، دەیوت پێویستە گەلی کورد یەکبگرێت، بەشێوەیەک نیەت پاکی خۆی دەهێنایە زمان و دەیوت لەمبارەیەوە هەڤاڵ جەمال شاهیدێتی و دەوڵەتی تورک زمانی ئاشتی نازانێت و لە بەهاری ٢٠٠٣ شەڕ دێتە ئاراوە.

بەدرێژایی رێگە حەسەن قسەی کرد، ئێمەیش تەنها گوێمان گرتبوو، بە قسەکانی دیاربوو ئەوکاتەی ئێمە لە زیندان بووینە دونیا زۆر گۆڕاوە، ئەمانەی بیستمان هێشتا سەرەتای مەسەلەکان بوون، شتی تریشی بەدوادا دەهات، ئەوکاتەی حەسەن قسەی دەکرد، ئێمەیش لە نێوان خۆمان بە چرپە بەیەکمان وت ئەگەر ماشێنەکە رێی دیانەی نەگرت و بەرەو زاخۆ چوو، ئەوکاتە پەلاماری کلاشینکۆفەکەیان دەدەین، بۆئەوەی حاڵی نەبن لەنێوان خۆمان بە ئەسپایی بە زمانی تورکی قسەمان دەکرد، بەڵام خۆشبەختانە شۆفێرەکە رووی جێبەکەی لە دیانەکرد، بۆئەوەی زیاتر لە نیەتی حەسەن تێبگەین، داوامان لێکرد لە دیانە لەبەردەم دوکانێک رابوەستێت بۆئەوەی جگەرە بکڕین، حەسەنیش بەبیانوی ئەوەی لەوانەیە کەسێک بمانبینێت و ئەم هەواڵە بە تورکیا بڵێن کارێکی باش نیە هەربۆیە داخوازییەکەمانی قەبوڵ نەکرد، هەرچۆنێک بێت دوای١٠بۆ ١٥خولەکێکی تر دەگەیشتینە ماڵەکەی، ئەوکاتە چیمان بویستایە بەدەستمان دەهێنا.

دەبێت راستگۆبین حەسەن بەڕاستی وەکو میوان مامەڵەی لەگەڵ دەکردین، بۆئەوەی ئێمە ئاسودەبین ئەوەی لەدەستی بهاتایە دەیکرد، پرسیاری ئەوەی کرد پێویستیمان بەچییە، دەمانویست پشتوێن و جگەرە بکڕین، دەستم برد بۆگیرفانم پارەی بدەمێ، حەسەن وتی: شەرمە ئێوە میوانی منن و پارەکەی قەبوڵ نەکرد، بۆئەوەی پێداویستییەکانمان بۆ بکڕن بە براکەی وت کەناوی حوسێن بوو بڕوات ئەو شتانەمان بۆبکڕێت، پرسیاری ئەوەی کرد ئایا بەڕۆژووین یاننا، منیش پێموت بەڕۆژوو نیم، ئەویش وتی: تۆ نەک بەڕووژوونیت بەڵکو کوردیش نیت، ئەمەی بە شۆخییەوە هێنایە زمان، پێموت تورکمانم، دوای ماوەیەک خواردنێکی خۆشیان هێنا.

حەسەن کارێکی هاتەپێش، ئێمەی رادەستی براکەی کرد کە ناوی حوسێن بوو، پێیوت چاوت لێیان بێت، بە رووحێکی دۆستانەوە ماڵئاوایی لێکردین، دواجار کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕۆیشت چەندینجار وتی: سڵاوی گەرمم بگەهێننە هەڤاڵ جەمال، هەروەها بە حوسێنی وت دەبێت باش بیانپارێزیت و چاوت کراوەبێت.

دەمەو عەسر لەگەڵ پێشمەرگەکاندا ڕێی قەندیلمان گرتەبەر، ئیتر کاتی ئەوەهاتبوو لە خەوەکەمان بەئاگا بێینەوە، ئەمە خەون نەبوو بەڵکو ڕاستی بوو، دەچووین بۆسەر چیا و بە هەڤاڵەکانمان شاد دەبووینەوە، ناتوانم بیهێنمە زمان کە چەندێک بە جۆشوخرۆشبووین، گەیشتینە شوێنێک کە پۆستەرێکی گەورەی سەرۆک ئاپۆیان لێدانابوو، لە خۆشیاندا خەریک بوو دڵمان بوەستێت، لەژێر پۆستەرەکە نوسرابوو {هەرێمی پاراستنی میدیا}، ئەمە خۆشترین کاتوساتی ئێمە بوو.

نازانم هۆکارەکەی چیبوو، کاتێک ئێمە دڵمان لە خۆشیاندا لێیدەدا، بەڵام ئەو هەڤاڵانەی پێشوازییان لێکردین لە شوێنی پرسگەکە زۆر خەم ساردبوون، ئایا دەکرێت کەسێک هەڤاڵەکەی ٤بۆ٥ساڵێک زیندانی بوبێت بەوشێوەیە پێشوازی لێبکرێت؟!، بێشک ئەوان نەیاندەزانی ئێمە کێین و لەکوێوە هاتووین و چیمان بەسەرهاتووە، مرۆڤ زۆرجار پێیوایە هەموو کەس هەموو شتێک دەزانێت، بەڵام وانییە، ئێمە ئەوەندە بە توندی و بە حەسرەتەوە باوەشمان پێداکردن کە ئەوان نەیاندەزانی مەسەلە چییە، واقیان سوڕمابوو، ئەوەی بووە مایەی سەرسوڕمان هەڤاڵ هۆگر بوو، هۆگر مەحمودی دەناسی، هۆگر بە خەندەیەکەوە وتی: (ئێ هەڤاڵ مەحمود، لەکوێوە پەیدابوویت؟، پێموابوو شەهید بویتە)، باوەشیکرد بە مەحموددا، مەحمود زۆر بەکورتی هەندێک مەسەلەی بۆ هۆگر باسکرد، بەرپرسی ئەو پرسگەیە هەڤاڵ سەیدخان بوو، لەرێی بێتەلەوە هاتنی ئێمەیان بە هەڤاڵانی سەرەوە ڕاگەیاند، لەماوەیەکی کورتدا جێبێکی سپی هات بەشوێنماندا، ئەوەی هات ناوی سیپان بوو، هەتا بڵێیت بە گەرمی پێشوازی لێکردین، کاتێک بە حوسێنی برای حەسەنی وت هاتووە بۆ بردنەوەی ئێمە، حوسێن ئەمەی قەبوڵ نەکرد، حەسەن بە حوسێنی وتبوو ئێمە ڕادەستی هەڤاڵ جەمال بکات، هەربۆیە دەیویست هەتا هەڤاڵ جەمال نەیەت ئێمە ناداتە دەستی کەسێکی تر، سیپان وتی: هەڤاڵ جەمال کاری هەیە و لێرەوە دوورە، سیپان نەیتوانی قەناعەت بە حوسێن بکات، سیپان کەزانی ئەم کارە بەمشێوەیە چارەسەر نابێت دەستی برد بۆ بێتەلەکەی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاتێک ئەوان لەنێوان خۆیاندا گەنگەشەیان بوو، ئێمەیش هەوڵماندەدا مەراقمان خامۆش بکەینەوە، بۆ نمونە دەمانویست بزانین مانای {هەرێمی پاراستنی میدیا} چییە؟، شاهین ئەم پرسیارەی لە هەڤاڵ سەیدخان کرد، ئەویش وتی: (ئەمە چی پرسیارێکە؟، تەنانەت منداڵێکیش لەمانای ئەمە دەزانێت)، مەحمود پرسیاری ئەوەی دەکرد گەریلا بەو جلوبەرگەی بەریانەوە بۆچی ئەوەندە بە شێنەیی و بێ ئەندێشە رەفتار دەکەن، سەیدخانیش هەوڵی دەدا شیکاربکات و دەیوت شێوازی مەفرەزەی جاران ئاسەواری نەما، ئێستا شوێنی خۆمان بە بیتۆن قایم دەکەین ئەم شوێنە دوورە و فڕۆکەیش نایەت، پێویست بە حەشارگە و خۆشاردنەوە ناکات. ئەم قسانە دووربوون لە لۆژیکەوە، منیش بینیم گەریلاکان زۆر بە شێنەیی رەفتاردەکەن و بێ چەکن و چەکەکانیان لەو هەردە داناوە، جگە لە ئێشکگر گەریلاکانی تر نەک چەک بەڵکو مەخزەنەکانیشیان نەبەستبوو، پرسیارەکانی منیش وەکو پرسیارەکەی مەحمود وەڵامی نەدرایەوە، پێموابێت لەهەمبەر پرسیارەکانمان لەوانەیە سەیدخان لە دڵی خۆیدا وتبێتی (ئەمانە چین توشمانبوونە، ئەرێ ئەمانە لە ئاسمانەوە هاتوونەتە خوارێ)، لەوەدەچوو لە نێوان ئێمە و ئەو هەڤاڵانە سەدەیەک جیاوازی هەبووبێت، ئێستا تێگەیشتم کە ٥ساڵ ماوەیەکی چەنێک دورو درێژە، خێرایی گۆڕانکاری لە نێوان ئێمە و سەیدخاندا ناوبەرێکی زۆری دروست کردبوو.

سیپان بۆئەوەی قەناعەت بە حوسێن بکات، توانی لەرێی بێتەلەوە قسە لەگەڵ جەمال بکات، هەڤاڵ جەمالیش وتی: کەخوودی خۆی سیپانی بۆئەوێ ناردووە، حوسێنێش سڵاوی حەسەنی برای بە جەمال وت، جەمالیش وتی: (سڵاوم هەیە بۆ حەسەنی برات، رێگاوبانەکە سەختە، پێشئەوەی دونیا تاریک دابێت بگەرێوە، پێیبڵێ هیچ کێشەیەک لە ئارادا نییە)، دوای ئەم قسانە حوسێن سواری ماشێنەکەی بووەوە بەرەو دیانە ملینا، ئێمەیش دوای ئەوەی ماڵئاواییمان لە هەڤاڵەکانی ئەوێ کرد، سواری ماشێنەکەی سیپان بووین و بۆلای هەڤاڵ جەمال بەرێکەوتین، لێرە بەدواوە لەگەڵ هەڤاڵەکانماندا بووین، ئیتر پێشمەرگە لە ژیانماندا نەمان.

سیپان کەسێک بوو لە حاڵی مرۆڤ تێدەگەیشت، ئەوکاتەی ئێمە لە زیندانی ئاکرێ بووینە، ئەو خۆی بەم مەسەلەیەوە سەرقاڵ کردووە، دوای ماوەیەک وتی: ئەم گوندانە پێشوتر لەژێر دەسەڵاتی یەنەکەدا بوونە، بەڵام ئێستا لەژێر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەسەڵاتی ئێمەدان، لە گوندێک ماڵێکی چادر بەسەری شینی نیشاندایین و وتی: (ئەوە ماڵی مەلا ئیدریسە کە لە ئاکرێ لەگەڵ ئێوە زیندانی بووە، لەڕێی خانەوادەکەیەوە جلوبەرگ و پارەمان بۆناردن)، کە ئەمەی وت سەرمانسوڕما، ئەوەی نێردرابوو بە ئێمە نەگەیشتبوو، گوایە کابرا مەلایشە، بە خانەوادەکەی وتبوو جلوبەرگ و پارەکانم داوەبە هەڤالان، سیپان وتی: (سوێند بێت ناهێڵم ئەمەی بەسەرەوە بچێت، جارێ بابگەینە لای هەڤاڵ جەمال)، من بەختەوەربووم بەوەی کە ئەوەی ناردبوویان بەدەستمان نەگەیشتبوو، کەواتە هەڤالانمان بەئێمەوە خۆیان سەرقاڵ کردووە، بێشک هەرچۆنێک بێت لێپرسینەوە لە مەلا ئیدریس دەکرا.

پێشئەوەی دونیا تاریک بێت لە گوندێک وەستاین تاکو پشوو بدەین، لەبارەی ئەم ماڵەوە سیپان وتی: (ئەمە شوێنی ئێمەیە، بۆ کاروباری لۆجیستیک بەکاری دەهێنین)، لەبەردەم ماڵەکە چەند کەسێک نانیان دەخوارد، سیپان لەو هەڤاڵەی پرسی کە کاری موبەقەکەی دەکرد خواردن ماوە یاننا، ئەویش وتی: خواردن نەماوە، چووینە ژوورەوە، لە ژوورەکە چوار گەریلا دانیشتبوون تەماشای تەلەفزیۆنیان دەکرد، ئێمە زۆر بەگەرمی سڵاومان کرد، بەڵام ئەوان زۆر بە ساردی وەڵامیان داینەوە، پێشوتر باسی ئەو گەریلایانەم کرد کە بێ مەخزەن بوون، ئەمانیش لەوجۆرە گەریلایانە بوون، سەرنجمدا ئەم گەریلایانە نە ئێلەگیان لەبەربوو، نە مەخزەن و نە چەکیشیان پێبوو، ئەمەم بەدڵ نەبوو، پێچەوانەی ژیانی گەریلایەتی بوو.

ئەوانەی دانیشتبوون سیپان پێیانیوت بچن خواردن ئامادە بکەن، ئەوانیش هەستانە سەرپێ، دوای ماوەیەک خواردنی قوتوو، ماست و پەنیر و مرەبایان هێنا، کۆکاکۆلا و فانتایشیان هەبوو، ئەم خواردنانە بۆ ئێمەمانان زۆر دەوڵەمەند بوو، بەڵام هەڤاڵ سیپان بە شەرمەوە زوو..زوو دەیوت (هەڤالینە لە قوسورمان ببەخشن، خواردن نەماوە، ئەم خواردنانە شایستەی ئێوە نییە، بەڵام ئەمجارەیان باوابێت)، مەحمودیش وتی: (قسوری چی هەڤاڵ، لەماوەی شەش ساڵدا ئەمە جوانترین سفرەیە کە بینیبێتمان)، بە تامەزرۆوە خواردنەکەمان خوارد.

دوای نان خواردن پێیانوتین ئەمشەو لێرە دەمێنینەوە، سیپان کاری هەبوو دەبوایە بڕۆیشتایە، بەڵام سبەی دەگەڕایەوە، لەگەڵ ئەو چوار گەریلایەماینەوە کە لە ئاستماندا خۆیان لەگێلیدەدا، ئەم چوار گەریلایە، لەبەرئەوەی لەناو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خەڵکی لادێکاندا ژیانیان دەکرد، پێیانوابوو ئێمەیش لادێین، مەراقی ئەوەیان نەبوو کە بزانن ئەم چوار کەسە لاوازە و تەنها ماسولکەکانیان ماوە کێن، تەماشای کەناڵی مەگازینی تورکیایان دەکرد، ئەمەیش مایەی سەرسوڕمانبوو، ئێمە میوان بووین نەماندەتوانی هیچ بڵێین، دەبوایە کەمێک خۆیان پێمانەوە سەرقاڵ بکردایە، ئەوکاتەی ئەوانەی تەسلیم ببونەوە و داوایان لێدەکرین ئێمەیش تەسلیمبین، کە دەیانوت پەکەکە وەکو جاران نەماوە دیارە مەبەستی ئەمە بووە، لەسەردەمی ئێمەدا کێ بهاتایە بۆشوێنەکانمان خۆمانمان پێوەی سەرقاڵ دەکرد.

تەلەفزیۆن تەنها لە بارەگاکاندا هەبوو، ئەویش تەنها تەماشای مێد تیڤی دەکرا، ئەگەر لە کەناڵەکانی تورکیاوە بەرنامەی سیاسی و شرۆڤە یان هەواڵ هەبوایە تەماشا دەکرا، بەهیچ شێوەیەک تەماشای بەرنامەی مەگازین و درامای تورکی نەدەکرا، هەڤاڵانمان بەتەواوەتی گۆڕابوون، ئێمە تامەزرۆی بینینی کەناڵی خۆمانبووین، هەربۆیە شاهین داوای کرد بیخەنە سەر مێد تیڤی، ئەوهەڤاڵەی ریمۆنتەکەی بەدەستەوەبوو وتی: (ئێستا هیچی تێدا نییە، لەکاتی هەواڵ دەیکەینەوە)، ئەمە مایەی نیگەرانی من بوو، چۆن دەبێت گەریلا دەستبنێت بە تکای میوانەوە؟!، دوای چەند خولەکێک مەحمود هەمان تکای کرد، ئەویش هەمان وەڵامی وەرگرتەوە، مەحمودیش توڕەبوو، وتی: (ئەگەر هیچیش نەبێت دەمانەوێت گوێ بۆ مێد تیڤی بگرین، هەڤاڵان ماوەی شەش ساڵە حەسرەتی ئەم تەلەفزیۆنەین، بیکەنەوە باگوێمان لە مێد تیڤی بێت، خۆ دونیا وێران نابێت).

دوای ئەم قسانە هۆشیان هاتەوە سەرخۆیان، داوای لێبوردنیان کرد و مێد تیڤیان کردەوە، کلیپێک بوو کە باسی لە جوانی دیمەنەکانی کوردستانی دەکرد، کلیپەکە دیمەنی چیا سەرکەشەکان و جوتیاران و شوان و ژنێکی چارۆگە لە پشت و شەلالەی نیشاندەدا.

ئەو شەوە لەو خانووە ماینەوە، لەیادم نییە چۆن خەومان لێکەوت، بۆ سبەی کە چاوم کردەوە نەمدەزانی لەکوێم، ئەمەیش کاریگەری زیندان بوو، ماوەیەک بوو هەموو بەیانییەک هەمان شتم لێ دووبارە دەبووەوە، وام هەست دەکرد لە زیندان چاوم کردۆتەوە، بەڵام دیمەنەکان جیاواز بوون، کە چاوم کردەوە بەخۆمم وت ئەرێ من لەکوێم، چووینە باخچەکەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بدەینە سەرما ئەو هەوا پاکژەمان هەتا ناخمان هەڵمژی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سپان گەڕایەوە، دوای ئەوەی نانی بەیانیمان خوارد بەڕێکەوتین، جێبە سپییەکە بەناو گوندەکاندا دەڕۆیشت، سپان هەموو ئەو شوێنانەی دەزانی کەتێیدا تێدەپەڕین، لە ئاکامدا لە گوندێک وەستاین، پێیوتین لێرە بەدواوە بە پێ دەڕۆین، من بەمە زۆر بەختەوەر بووم، چی شتێک خۆشترە لەوەی کەبەسەر چیاکاندا رێبکەیت؟!، بە بەرزاییەکدا هەڵگژاین، لە سەرووی گوندەکەوە چەمێک هەبوو، سپان نیشاندا ین هەڤاڵانمان لێرە بەنداوێکی بچوکیان درووستکردووە، بەهۆی ئەم بەنداوەوە کارەبا بۆ خەڵکی گوندەکە و بۆ هەڤاڵانیش دابین دەکرێت، هەمووشتێک سەرنجی ئێمەی رادەکێشا، ئێمە کاتی خۆی بە هێستر ئازوقەمان دەگوازتەوە، بەڵام ئێستا هەڤاڵان سواری جێب دەبن، کاتێک ئێمە پاتریمان لە پشت دەکرد، بەڵام ئێستا هەڤاڵان بەنداویان هەیە، هەموو ئەمانە نیشانەی شتی باش بوون، کۆمەڵە کارێک بوون کە جێی شانازیبوون، بەهەموو ئەمانە هێز و مۆراڵمان وەردەگرت. پێموابێت ماوەی کاتژمێرێک رێمانکرد، هیلاک بووین، راستە ئارەحەتیمان بۆ دروستبوو، بەڵام نەماندرکاند، لە ئاکامدا گەیشتینە بارەگا کۆنەکەمان لە کانی جەنگێ، گەریلاکانی ئێرە دسپلینی سەربازییان هەبوو، کە گەریلاکانمان بینی مەخزەنیان بەستووە و ئێلەگیان لەبەردایە و چەکەکانیشیان لەسەر شانە ئیتر نیگەرانیمان نەما.

دەبوایە کەمێک چاوەڕێی هەڤاڵ جەمالمان بکردایە، ئەو چووبوو بۆ پەروەردەی ئەو گەریلایانەی لە ئاکادیمیای سەربازی بوون، کەمێکی تر دەهاتەوە، ئەوەی ئەوان ناویان نابوو کەمێکی تر ماوەی نیوکاتژمێری خایاند، لەوانەیش بوو زیاتر، ماوەی دوو کاتژمێر چاوەڕوانیمان کرد، هەتا چاوەڕوانیمان بکردایە هەیەجانمان زیادی دەکرد، ئەی باشە دەبێت چیمان بوتایە؟.

نیوەڕۆ هەڤاڵ جەمال گەڕایەوە، لەو شوێنەی ئێمەی لێبووین چاوەڕوانمان بوو، بەرەو شوێنەکەی ئەو ملمان نا، هەڤاڵ جەمال بەسەر پێوە پێشوازی لێکردین، یەکبەیەکمانی لە ئامێز گرتو ماچمانی کرد، ئەویش قورگی پڕبوو لە گریان، ئەوەی بزانم ئەوەی سەرنجی ئەوی راکێشابێت ماندوویی و لاوازبونەکەمان بوو، پێش ئێمە رێنمایی دابوو بە هەڤاڵانی چێشتخانە شتێک حازر بکەن، پێیانی وتبوو خواردنێکی خۆش ئامادەبکەن، دوایش چووینە ژوورەوە، لەسەرخواستی ئەو دانیشتین، پرسیاری رەوشی تەندروستی یەکبەیەکمانی کرد، جگەرەی دەرهێناو پێشکەشی کردین، بێشک وەرمان نەگرت، زۆری لێمانکرد جگەرەکان وەرگرین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

(پێیوتین دەزانم جگەرە دەکێشن)، هەرچوارمان وتمان جگەرە ناکێشین، وەک دەزانیت تەنها ئەوەی من راستبوو، ئەوانیتر دەیانکێشا.

سەرەتا هەڤاڵ جەمال وتی: ئاگادارن لە زیندانی ناکرێ زیندانین، بۆ ئازادبوونیشمان ماوەیەکی زۆر هەوڵیانداوە، پەدەکەیش وتویەتی هیچ هەڤاڵێکتان نەماوە بەرخۆدان بکات، بەڵام هەڤاڵان باوەڕیان بەم قسەیە نەکردووە، هەڤاڵان پێیانیان وتووە ئەگەر یەک تاکێکی پەکەکەیش مابێت دەستبەرداری بەرخۆدان نابێت و بەیداخی تێکۆشان نەوی ناکات، هەڤاڵان ناوی هەمووومانیان بە بەرپرسیارانی پەدەکە دابوو، پەدەکە بۆنەوەی ئازادمان نەکات کەللەڕەقییان کردبوو، ئەی باشە بۆچی ئێوەیان ئازاد کرد؟، هەڤاڵ جەمال لەمبارەیەوە پرسیاری بۆچونی ئێمەیشی کرد، ئێمەیش پێمانووت بە پێشەوایەتی ئەمریکا هێرشی سەر عێراق دەکرێت، تورکیایش لەهەمبەر ئەم هاوکاری کردنە داوایان کردووە مۆڵەتیان بدرێتی باشوری کوردستان داگیربکات، پەدەکە لە سوپای تورک دەترسێت، دەزانن ئەگەر پەکەکە نەبێت ناتوانن بەرەنگاری لە سوپای تورک بکەن، هەڤاڵ جەمال هاوبیری ئەم هەڵسەنگاندنەی ئێمە بوو، ئێمەیش بەمە بەختەوەربووین، کەواتە بەتەواوەتی لە دونیا دانەبڕاوین، ماوەیەک لەمەوبەر مەسعود بارزانی کوڕێکی خۆی ناردووە بۆلای هەڤاڵان، پێیوتبوون (پێویستە کای کۆن بەبا نەکەین و مەسەلە کۆنەکان لەیادی بکەین و لەئاستی یەکتر بێ پێچوپەنابین)، هەڤاڵ جەمالیش وتوویەتی (هەڤاڵانی ئێمە لە زیندانی ناکرێن، ئەوان ئازاد بکەن، دوای ئەوە باس لە بێ پێچوپەنایی دەکەین)، قۆناغی ئازادبونمان بەوشێوەیە دەستی پێکردووە.

هەڤاڵ خەلیل، بێتەوە یادت پێش ئەوەی جیاببینەوە وتم بەشی هەرە ناڕەحەتی ئەوەیە کە حیساب بە هەڤاڵان بدەین، ئێمە لێرە ناوی ئەوکەسانەمان کردە لیستەوە کەلە زاوێتەوە هاتبوون بۆ بردنی هەڤاڵان، ژمارەیان کەم نییە، ئەگەر چەند کەسێکیان لێدەربکەین، زۆرینەیان بەهۆی لاوازییانەوە توشی ئەو کارەساتە هاتوون، ئەگەر رەوشێکی باشتری رێکخستنمان برەخساندایە، لەوانەبوو ئەو هەڤاڵانە نەکەوتنایەتە ئەو رەوشەوە و تەسلیم نەبوونایە، بەوشێوەیە ژمارەی تەسلیم بووەکان نەدەگەیشتە ئەو رێژەیە، هەربۆیە رەخنە لە خۆمان دەگرین.

لەمبارەیەوە لیستەی ناوەکانمان ئامادەکرد و دامانبە هەڤاڵ جەمال، سەرەتا هەڤاڵ جەمال بەمە پێکەنی، پێیوتین ئەوە گرنگ نییە چەند کەس بەرخۆدانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کردووە، ئەوە گرنگە چەند کەس بەرخۆدانی لەخۆیدا بەرجەستە کردووە، بە درێژایی پێنج ساڵ و نیو، ئەوانەی پەکەکەن نەیانهێشتووە بەیداخی بەرخۆدان نەوی بکرێت، ئەو وتی: (شەپۆلی بەرخۆدانی زیندانییانی پەکەکە لە ئامەد، ئێوە لە باشوری کوردستان نەتانهێشت ئەو بەیداخە نەوی ببێت، ئێوە بەرامبەر بە پەدەکە سەری ئێمەتان بڵند کرد)، ئەم قسانەی هەڤاڵ جەمال هەموو ناڕەحەتییەک و ناخۆشییەکی لە ئەستۆمان نەهێشت، دەتوانم بڵێم راستە لە زیندانی ئاکرێ ئازادبووینە و بەختەوەرین، بەڵام ئەم قسانەی هەڤاڵ جەمال زیاتر بەختەوەری کردین، بێشک ئەمە مانای ئەوە نییە بەرخودانەکەمان بێ کەموکوڕی بووە، بەردەوام لەمبارەیەوە لێپرسینەوە لە خۆمان دەکەین.

لێرە بیستمان کە رووس خەیری گەڕاوەتەوە، بەهەڤاڵانی وتووە (منیان هێنا بۆ سنوری ئێران و ئازادییان کردووم)، لە هەڤاڵانی شاردووەتەوە تەسلیم بووە و چووە بۆ کەمپی زاوێتە، دوای ئەوەی ئێمە راستییەکانمان درکاند، هەڤاڵ جەمال فەرمانی دەستگیرکردنی بۆدەرکرد.

ماوەی چەند کاتژمێرێک لەگەڵ هەڤاڵ جەمال قسەمان کرد، بەیەکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد، دوای نان خواردن هەڤاڵ مەحمود داوایکرد کە دەیەوێت بەتەنیا قسە لەگەڵ هەڤاڵ جەمال بکات، من و شاهین و ئەیوب ئەمەمان بەدڵ نەبوو، هەرچۆنێک بێت مەسەلەیەکی ئەوتۆیش نەبوو، لەدوایدا هەموو قسەکانمان لەگەڵ هەڤاڵ جەمال لەبارەی گۆڕانکاری سیاسییەوە بوو، هەڤاڵ جەمال دەیویست لەبارەی رەوشی سەرۆک ئاپۆ و قۆناغە نوێیەکانەوە زانیارمان پێبدات، بەردەوام باسی لە {کادەکە} و گەریلا دەکرد، هەرچەندە مانای کادەکەمان نەزانی، بەڵام پرسیارمان نەکرد، دوای ماوەیەک ئەم پرسیارەمان لە هەڤاڵ نوعمان کرد و ئیتر ماناکەیمان زانی، پەکەکە و ئارگەکە هەڵوەشابووەوە، هەزمکردنی ئەم مەسەلەیە بۆمن ئاسان نەبوو، چونکو پەکەکە رووح بوو، ناوەکەی هەرچییەک دەبێت بابێت، من بەردەوام ناوی پەکەکە لە رووحمایە و ئەو رووحەیش دەژێنم.

هەڤاڵ خەلیلی خۆشەویست، دەزانم زۆر درێژەم پێدا، هەرچەندە دەزانم پڕبەدڵ دەتەوێت هەموو شتێک باس بکەم ، بەڵام ئەمە مەحاڵە، ئەمەوێت راستییەکت پێبڵێم، دیلکردنی سەرۆک ئاپۆ و قۆناغی پاشەکشێی هێزی گەریلا، ناڕەحەتییەکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، دەتوانرێت بە چەند کاتژمێرێک لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چاودێریکردن درک بەمە بکرێت، ئەو شتانەی لەبارەی عوسمان ئۆجەلان و بۆتانەوە بیستراوە هەمووی درۆ نییە، ئەوان ویستویانە بە هێزی گەریلا و بە پەکەکە بڵێن (ماوەیەک شۆڕشمانکرد و ماندوبوین، دەبا لێرە بەدواوە بۆخۆمان بژین)، ئەوانەی دژ بەم چەمکە دەبن هەموویان تەسفییە دەکرێن، ئەمەوێت پێتبڵێم، هەڤاڵی هێژا، بەرخۆدان شوێن و کاتی نییە، بەگوێرەی ئەوەی شۆڕشگێڕێتی چەمکێکی ژیانە، لە هەرشوێنێک و لەهەر کاتێکدا دەتوانرێت نوێنەرایەتی بکرێت، ئەمەوێت بڵێم لەسەر ئەم چیا سەرکەشانە هەتا لە توانامان هەبێت و جەستەمان رێگەبدات تێدەکۆشین، ئێمە ژیانمان بەوشێوەیە رەخساندووە، هەروایش دەکەین و وەکو شاعیر دەڵێت (دوا ووتە ئێمە دەیڵێین).

هەڤاڵ خەلیل، پێموابێت گەیشتمە دوا قسەی خۆم، ئەگەر بوارم بۆبڕەخسێت دێم بۆ دیدەنیت، نازانم ئەمەم پێدەکرێت یاننا، خۆت دەزانیت رەوشەکە چۆنە.

هەڤاڵی هێژا، ئەوکاتەی لە زیندانی ئاکرێ جیابوینەوە بەهیچ شێوەیەک ئاوڕمان لە پشتی خۆمان نەدایەوە، بەڵام نیوەی رووحمان لەوێ ماوەتەوە، چاوێکمان هەر لەوێیە، ئەو دۆستایەتییە و برایەتییەی لەوێ پێکمانهێناوە هەرگیز لەیادی ناکەین، سەرۆکایەتییمان لە ئیمرالییە، هەتا ئێوەیش لەو دۆزەخەی ئاکرێ بمێننەوە، لایەکمان زیندانە و لایەکەی تریشمان بە زیندانی دەمێنێتەوە.

زۆرداوای لێبوردن دەکەم کە نەمتوانی ناوی یەک بەیەکی زیندانییانی قاوشی ژمارە ٥ بنوسم، دەبێت بزانن هەریەکەیان لە ناخماندا شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە، سڵاوی بەرد و خاک و باڵندە و ئاو و رەشەبای ئێرەتان بۆدەنێرم، باوەشی گەرم بە هەر تاکێکی ئێوە دەکەم، سڵاوی هەموو هەڤاڵانی ئێرەیشتان پێڕادەگەهێنم.

هیوای سەرکەوتن و تەندروستی باشتان بۆدەخوازم

بەهیوای گەیشتنەوە بەیەک لە کەشوهەوای ئازاددا

*سڵاوی شۆڕشگێڕی و لەگەڵ رێزمدا*

*هەڤاڵ دەنیز*

٢٠٠٣/٠١/٢٠

*قەندیل*

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM